# بژاری دەروون

# بژاری دەروون

## نووسینی: السید نوح

## وەرگێڕانی: نجم الدین فرج أحمد

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر
چاپی یەکەم ٢٠٢١ز-١٤٤٢ك

نوسینگەی تەفسیر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر
أحمد ، نجم الدین فرج
بژاری دەروون ، السید نوح (نووسەر)، نجم الدین فرج أحمد (وەرگێڕ)
٤٣١ لاپەڕە،
١٧* ٢٤ سم
بابەت، ئاینیی، تەزکییە
ISBN: 978-9922-632-13-1

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (١٤٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

خەتی بەرگ: نەوزاد کۆیی
دیزاین :نوسینگەی تەفسیر

# بژاری دەروون

نووسینی

السيّد نوح

وەرگێڕانی

نجم الدين فرج أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

**هەندیک تێبینیم لە سەر وەرگێڕانەکە:**

١- بێگومان نوسەری ڕەحمەتیی، تەفسیری ئایەت و واتای فەرموودەو، پەندی پێشینان و شیعرەکانی نەکردووە، بۆیە ئەرکی من بووە ، بیانکەمە کوردی.

جار هەبووە ناچاربووم ،زیاتر لە سەر واتای ئایەت و فەموودە بڕۆم، چونکە دەزانم ،کە خوێنەری کورد پێویستێتی، زیاتر بۆی ڕوون ببێتەوە.

٢- جار هەبووە نوسەر، ئایەتێکی بەماناکەی هێناوە ،یان ناوەڕۆکەکەی وەرگرتووە، من پێم ڕاستتربوو خودی ئایەتەکەش بهێنمەوە ،چونکە هیچ ناگاتە کاریگەریی ئایەتەکان.

٣- جار هەبووە نوسەر، فەرموودەیەکی پێش ئایەت خستووە، یان ئایەتی لەسەر هەمان باس نەهێناوەتەوە، من پێم ڕاستتربوو، ئایەت پێش فەرموودە بێت، یان ئایەتێک لەسەر هەمان خاڵی باس بهێنمەوە.

٤-نوسەر (رحمەاللە) لە پەراوێزدا، بۆ ناساندنی سەنەدی فەرموودەکان بەتەفسیل، باسی(کتاب وباب) سەرچاوەکانی کردووە.

بۆ نمونە : نوسیویێتی: (أخرجە البخاري في الصحیح/ کتاب ....: باب .... ٢/٧، مسلم في الصحیح/ کتاب .... ٥٨٤/١)، بەڵام من - بۆ ئاسانکاریی چوونەوە سەرچاوەکە- هەر ژمارەی فەرموودەکەم هێناوەو، نووسیومە: (بوخاری.....) یان موسلیم (....)،چونکە ئێستا هەموو فەرموودەیەک ژمارەی خۆی دراوەتێ و، لە چاپی جیاوازیشدابن، ژمارەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە.

٥ـ نوسەری ڕەحمەتیی، زۆر بە دوای سەنەدی فەرموودەکاندا نەچووە، هەر

سەرچاوەکەی نوسیوون، کە لە فەرموودەوانییدا پێی دەووترێت: (عەزو).

بۆ نموونە : ئەو هەر نوسیویێتی: (طەبەرانی)، یان ئەحمەد..

مـن بە دوای سـەنەدەکەدا چـوومەتەوە، ئەگەر لای (بوخـاری) و (موسـلیم) دەسـتم کەوتـبن، نەچـوومەتە سـەر سـەرچاوەی تـر، چـونکە ئـوممەتی ئیسـلام بەدرێژایی مێژووی فەرمـوودەوانی، ئەم دوو سـەرچاوەیەی بە ڕاسـت زانیـووەو ڕیوایەتەکانیان وەرگرتوون.

منـیش هەر وامکـردووە، بەڵام ئەگەر لای ئەمـان نەبووبێـت، چـوومەتەوە بەدوای ڕێگاکانی ڕیوایەتەکانداو، لای زۆرینەی فەرمووودەوانانی بەناوبانگ .

سەرەتا لای خاوەن سونەنەکان: (ئەبوداود، ترمذی، نەسائی، ئیبنوماجە، ئینجا ئەحمەد)، ئینجا هیتری وەکو: (داریمی )یان (بەیهیقی)یان (حاکم) و (طەبەرانی)، یان (هەیثەمی) و (عبدالرزاق) و (ئیبنوئەبی شەیبە)و (ئیبنوئەبوعاصم) و هیتر.

٦- دوای تـــوێژینەوەی ســـەنەدی هەر فەرمـــوودەیەک، حـــوکمی شـــێخ (محمدناصروددینی ئەلبانی)م هێناوە (رحمەالله).

ئەگەر حوکمی ئەوم دەستنەکەوتبێت، حوکمی( ئیمام ئیبنوحەجەر)م هێنـاوە، ئەگەر نا، حوکمی قوتابیەکانی شێخی ئەلبـانی وەکـو: (شـوعەیبی ئەرنـائوط) و ئەوانی تر.

٥- جاری وا هەیە نوسەر، یەک وشەی گشتگیریی هێنـاوە، یـان چەنـد وشـە هاومانا (مترادفات)، بۆیە منیش ناچاربووم شەرحی وشەکە زیاتر بـکەم، منـیش بەچەند دێڕی هاومانا دەریاندەبڕمەوە،ئەمەش زۆرە.

ـ بە حوکمی بەرفراوانی زمانی عەرەبیی و، دەوڵەمەندیی ئەدەبـی عەرەبـی و

شێوازی پەروەردەکارانەی نوسەری ڕەحمەتیی، زۆرجار ڕستەی ئاڕاستەی وێژەیی و ڕەوانبێژیی بەکارهێناوە، کەمنی ناچارکردووە لە زمانی کوردییدا بگەڕێم ،هاوشێوەی ئەو بدۆزمەوەو بە واتایەکی کوردیی ڕەوانبێژانە دایڕێژمەوە.

٦-کە بەپێویستم زانیووە ڕایەکی خۆم، یان ڕوونکردنەوەیەکی کورت، یان جەختکردنەوەیەک ئیزافە بکەم، ئیزافەم کردووەو خستوومەتە نێوان دوو کەوانەوە، تا بزانرێت هی منە.

نەشم ویست بیخەمەوە پەراوێزی خوارێی، تا زنجیرەی هۆشی خوێنەر نەپسێت... کەوا هەرچی وا لە نێوان دوو کەوانەدا - جگە لە دەقەکان (قورئان و فەرموودەو شیعرو ئەوانە)- هی منن.

٧- ناونیشانە فەرعیەکانی باسەکان، زۆر دوورو درێژبوون، هەیانبوو دوو دێڕ، یان دێڕونیوێک بوون، من ناچاربووم، یان کورتەیەکیان لێ دانێمەوە ،یان بیانگۆڕم بە وشە تری کورت، بەڵام هەمان واتا..

بژاری دەروون: نەخۆشی یەکەم (١)

# ڕیابازیی

# (الرياء أو السمعة)

پێناسەی ڕیابازیی و السمعة.

هۆی ڕیابازیی و حەزی وەسف و سەنا.

سیماو نیشانەی ڕیابازیی.

ئاسەواری ڕیابازیی.

چارەسەری ڕیابازیی.

## ڕیابازیی (الرياء أو السمعة):

ڕیابازیی -کە کارکردنە بۆخۆپیشاندان بەچاکی- لە هەرە گوناحە گەورەکانە لە دژوارترینیانە، میکرۆبێکە، تێکەڵ بە هەستی هەر موسوڵمانێك ببێت و زوو چارەسەری نەکات ،هەموو نییەت و دیدو گوفتارو کردارو بڕیارێکی تووشی دەردی کوشندەدەکات ،(چونکە ڕیابازیی وەکو میکرۆبی ئایدزە،کە هێزی بەرگریی جەستە دەفەوتێنێت)، هەر موسوڵمانێك -بە تایبەتی داعی و نوسەرو دەرکەوتوان- کە تووشی دەبن، پێویستە خێرا خۆیان چارەسەر بکەن.

پێویستە دژی نەفسی خۆیان جیهاد بەرپا بکەن و پشوو درێژانە بەرەنگاری ئەم دەردە کوشندە ببنەوە، تا ریشەکێشی بکەن، دەنا ئەو دینداریی ئەمان دادەڕزێنێت و لە ناوەوە گەندەڵی دەکات....

لە رواڵەتیدا درەختی بە سێبەرو بە بەرە، بەڵام لە ناخیدا گەندەڵەو رەگ و ریشاڵی رزیووە..کە ڕیابازیی ئەوەندە دژوار وکوشندە بێت پێویستە هەموو موسوڵمانێك شارەزای ببێت، تا خۆی لێ لابدات، بۆیە پێویستدەکات کەمێك بە تەفسیل پێناسەی باسی بکەین و، سیما و سیفات و ئاسەوارەکانی بخەینە بەرچاو.

### یەکەم: واتای ڕیابازیی :

ریا کە لە عەرەبییەکەیدا (ریاء)ـە (رؤیة: بینین)ـەوە هاتووە دەوترێت: (راءانی الرجل) واتە: کابرا کردەوەیەکی کرد تا نیشانم بدات.

ئەمەش بۆ نیشاندان و نواندنی کردەوەی چاکەیە، تا پێیبووترێت: پیاوچاك و چاکساز!

بەم مانایەیە کە خوای گەورە لە باسی کافرو دووڕووە ریابازەکاندا دەفەرمووێ:

﴿يُرَآءُونَ﴾ الماعون: ٦ واتە: خۆنیشان دەدەن و دەخوازن وا ببینرێن، کە پیاوچاکن دەنا لەڕاستیاندا ﴿وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾ الماعون: ٧.

واتە: هەموو جۆرە یارمەتیدان و کۆمەك کردنێك قەدەغە دەکەن و رێی لێ دەگرن.

هەروەها دەربارەی هاتنە دەرەوەی قورەیش بۆ غەزای (بەدر )،کە بۆ خۆ نواندنیانبوو، چونکە ئەوان سەرەتا بۆ بەرگریی لە کاروانەکەی( شام)یان هاتنە دەرەوەی مەکە، دواتر بیستیان، کە کاروانەکە سەلامەتبووە و نەکەوتۆتە دەست موسوڵمانان، بەڵام نەگەڕانەوەو بۆ خۆنواندن و خۆ گیڤ کردنەوە ،هەر هاتن، تا سەرەنجام لە کانیاوەکانی (بەدر)دا تێکشکان و حەفتا کەسیان لێکوژراو حەفتاشیان دیل کەوتن..

خوای گەورە دەفەرمووی: ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ الأنفال: ٤٧.

لە عەرەبیدا دەووترێت :(الرياء السمعة) .واتە: نیشاندان و باسکردنەوەی تا خەڵکی ببیستن، کە چ کارێکی چاکەی کردووە.

**السُّمْعَة:**[١] لە (سَمَّعَ: وایکرد ببیستێت)ـەوە هاتووە ،کە باسی ڕیابازییش، رەفتاری و گوفتار، یان کردارێك باسدەکاتەوە، کە پێشتر ئەو بیسەرانە نەیانزانیوە یان نەیاندیووە، بەڵام مەبەستەکە لێی هەر خۆ نیشاندانە بە وەی پیاو چاکەو چاکسازیی وایکردووە.[٢]

ریاو سومعە: لە زاراوەی زانایانی دەروونناسی ئیسلامیی و شارەزایانی

---

(١) سومعە لە کوردیشدا بە کاردێت بەڵام دوورە لەم مانایەوە لە کوردییدا یەعنی کەسایەتی وەکو دەڵێن سومعە.

(٢) ئیبنومەنظوور: (لسان العرب ١٦٥/٨، ٢٩٦/١٤) لەگەڵ کورتکردنەوەی.

پاڵفتەی دەروون و رەفتارناسیدا برییتییە لەوەی:کە موسوڵمانێك رەفتاری چاك نیشان خەڵکی دەدات بەو ئومێدەی پلەو پایەی لە لایان دەستکەوێت، یان بەرژەوەندییەکی دنیایی بۆ بهێننەدیی..

جا ئەگەر خەڵکەکە ئامادەی بینینی کارەکەیبوون، ئەوە ریایە، ئەگەر ئامادە نەبوون و ئەم بۆی باسکردنەوە، کە وای کردووە ئەوە سومعەیە(١).

عەللامە عیززەددینی کوڕی عبدالسلام (رحمه الله) ) دەڵـێ: (ریـا و سـومعە لێك جیاوازن دە ڵێ:

- ریا: ئەوەیە: کە کارەکەی هەر لە سەرەتاوە لەبەر خاتری غەیری خوای گەورە کردووە.

- سومعە: ئەوەیە کە کارەکەی لە بەر خاتری خوا بە پەنهانی کردووە، پاشان لای خەڵکی باسیدەکاتەوە ).

دیارە مەبەستی ئەوەیە: کە ریا بە هەموو شێوەیەکی زەمکراوەو ناشێت، بەڵام سومعە لەوانەیە زەمکراو بێت، وەکو ئەوەی لە باسکردنی چاکەکارییەکەیدا، مەبەستی سەرنج راکیشانی خەڵکی و سوودێك بێت، کە لایان دەستی دەکەوێت، لەوانەشە زەمکراو نەبێت بەوەی کە لەبەر خاتری خوا باسیدەکاتەوە، تا خەڵکی تر هاندات وا بکەن..

ئەمەش ،کە (شێخی عززی کوڕی عبد السلام) وتویەتی: لە گەڵ دەقەکاندا یەك دەگرێتەوە:

- خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾ البقرة: ٢٦٤ .

(١) ئیبنوحەجەری عەسقەلانی: (فتح الباري ٢٢٦/١١) لەگەڵ کورتکردنەوەی.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! خێروخێراتەکانی خۆتان بە منەتکردن و ئازار دانی خەڵکی بەتاڵ مەکەنەوە، تا وەکو ئەو کەسەتان لێ نەیەت، کە بۆ ڕیابازیی و خۆنیشاندانی لای خەڵکی سامان دەبەخشن.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ: (مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللَّهُ بِهِ وَمَنْ يُرَائِي يُرَائِي اللَّهُ بِهِ).(١)

واتە: هەر کەسێك لەبەر خاتری وەسف و سەنای خەڵکی، باسی چاکەکانی بکاتەوە، خوای گەورە ئامانجەکەی پووچەڵدەکاتەوە و ناهێڵێت بگاتە ئاواتی، هەر کەسێکیش بۆ ریابازانە رەفتار بنوێنێت، رەنج بە خەساریدەکات و لای خەڵکی سووکی دەکات.

- هەروەها دەفەرمووێ: (إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكَ الأَصْغَرَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّه، وَمَا الشِّرْكُ الأَصْغَرُ؟ قَالَ: الرِّيَاءُ، يَقُولُ اللَّهُ لَهُمْ يَوْمَ يُجَازِي الْعِبَادَ بِأَعْمَالِهِمْ: اذْهَبُوا عَلَى الَّذِينَ كُنْتُم تُرَاءُونَ فِي الدُّنْيَا، فَانْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً).(٢)

واتە: ئەوەی زیاتر لێی دەترسم بکەونە ناوی شیرکی گچکە وە.

عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! شیرکی گچکەچییە؟

فەرمووی: ریایە، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا کە پاداشتی عەبدەکانی دەداتەوە بە ریابازان دەفەرمووێ: بڕۆن بۆ لای ئەو کەسەی ریاکەتان لە دنیادا لەبەر خاتری ئەو دەکرد، بروانن داخۆ هیچ پاداشتێکتان لایان دەستدەکەوێت؟!

---

(١) بوخاری ٦١٣٤/)، موسلیم (٢٩٨٦).

(٢) نوسەری رەحمەتیی هەر ئەوەندەی نوسیووە: ئیمامی ئەحمەد (٤٢٨/٥-٤٢٩). راستە وایە. هەروەها ئیمامی بەغەویی لە (شرح السنة/ ٢٠١/٤). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٦٧١/٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

- پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گوێی لێبوو یەکێك بە دەنگی بەرز زیکری خوای گەورەی دەکرد، فەرمووی: (انَّهُ أَوَّابٌ) واتە: ئەوە کەسێکە زۆر بەرەو خوای گەورە گەڕاوەتەوە.

کە سەیریان کرد دیتیان (میقدادی کوڕی ئەسوەد)ە -خوا لێی رازی بێت- ..[1] مەبەست ئەوەیە: کە میقداد -کە لە یاوەرە چاکەکانە- بە دەنگی بەرز زیکری کردووە مەبەستی ڕیابازیی نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرڕاست و خواویستبووە، دەنگ بەرزکردنەوەکەی بۆ ئەوە نەبووە خەڵکی بزانن ،کە یادی خوا زۆردەکات.

**دووەم: هۆی ڕیابازیی و حەزی وە سف و سەنا:**

**١- ئاڕاستەکانی سەرەتای پەروەردەکردنی:** دەشێت ریابازەکە لە ماڵێکدا پەروەردەبووبێت، ڕیابازیی و خۆ نواندن و شانازیی کردنیان بە لاوە ئاسایی بێت و، راهاتبن خۆ بادەن و باس لە گرنگی خۆیان بکەن!

بێگومان ئەم کەسەش هەر لە منداڵییەوە ئەوە بە پەسەند دەزانێت، کە ئەگەر چاکەیەکی کرد خێرا باسی بکاتەوە ،یان خۆ وا دەرخات کە چاکەکارە.. ئەوەی لا سروشتی دەبێت، چونکە ئەندامانی ماڵەکەیان کە لەو گەورەتربوون هەمویان وان.

ئەم کەسە ئەوەندە خۆی نواندووەو لە فشەو ریادا خۆی نیشانداوە ،تا ڕیابازیی لا بۆتە رەوشتی جێگیر! بۆتە بەشێك لە کەسایەتیەکەی! ئەمەش هەتا چاو برِبکات و هۆش بۆی بچێت خەتەرە!..

یەکێك لە حیکمەتەکانی هاوسەرگیریی دینداریانە ئەوەیە: کە موسوڵمان هەر

---

(١) (فتح الباري ٣٣٧/١١ لە ئەنەسەوە خوالێی رازی بێت بە (مەرفووع)یی).

له سەرەتاوە بیر لەوە بکاتەوە، کە هاوسەرێکی دیندار پەیدا بکات تا تەلاری خێزانییەکەیان ،باوەشی سۆز و ئاراستەی پارسەنگانەی دینەکەی بێت.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە یاوەرەکەی فەرموو، کە دەیویست ژن بهێنێت: (فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ).[١]

واته: ئافرەتێکی خاوەن دین پەیدا بکه ،تا بکەویە بەرەکەتەوە، تا پشتێنی لێ بکەیتەوەو بێ خەم بێت لێی.

- هەروەها دەفەرمووێ: (اِذا أَتَاكُمْ مَنْ تَرْضَونَ خُلْقَهُ وَدِينَهُ فَزَوِّجُوهُ).[٢]

واتە: ئەگەر کەسێك هاتە داخوازی ئافرەتتان، کە لە لە رەوشت و دینداریێتییەکەی رازیبوون، بیدەنێ.

**٢- هاوڕێی خراپ:** ئالییەتی کاریگەر لەسەر کەسایەتی دوای خێزان دۆست و هاوڕێکانن،دەشێت ریابازبووبێتە هاوڕێی کەسانێك، کە ڕیابازییان قبوڵ بێت و بەردەوام مومارەسەی بکەن..

ئەمیش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان و پێی ئاسان و سادە دەبێت وەکو ئەوان بێت، بە تایبەتی ئەگەر کەسایەتی خۆی لاوازبوو.

ئەگەر زۆر متمانەی بەخۆی نەبوو، ئەوە زووترو زۆرتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرامبەرانییەوەو، ریاکردنەکەی لا قورس نامێنێت! ئەوەندە مومارەسەی دەکات، تا ریا کردنی لا دەبێتە رەفتاری ڕۆژانەو پیشە و سیمای کەسایەتی خۆی..

---

(١) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ابو داوود ٢١٩/٢ ژ٢٠٤٧، ترمذی ٣٩٦/٣ ژ١٠٨٦، ابن ماجه٥٩٧/١ ژ٨٥٨، داریمی ١٣٣/٢). راسته. بەڵام ئەمە بڕگەی فەرمودەیەکی ترە کە بوخاری (٤٨٠٢) و موسلیم (١٤٦٦) گێڕاویانەتەوە، دیارە نوسەری بەڕێز ئەوەی لە ریوایەتی ترەوە وەرگرتووە.

(٢) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ترمذی٣٩٥/٣ژ١٠٨٥). راسته، هەروەها ئیبنوماجه (١٩٦٧) بەڵام بە لەفزی (إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ ، وَفَسَادٌ عَرِيضٌ) کە ئەلبانی (رحمەالله) لە (صحيح سنن الترمذی )دا دەفەرموێ: حەسەنە.

بۆیە زۆر زۆر گرنگ و کاریگەرە، موسوڵمان هاوڕێ و دۆست و هاودەنگی خواویست و دینداری ڕەسەن بگرێت، کە ڕێزی شەرع دەگرن و لە خوا دەترسن و هەمیشە هۆشیان لە پارسەنگی نییەت و مەبەست و ئامانجیانە.. هەر کەسێك هاوڕێیەکی وای دەستکەوت هەق نییە بهێڵێت لە دەستی بچێت.

**٣- نەناسینی تەواوی خوای تاك و پاك:** ریاباز، خۆ باوەڕی بە خوای گەورەو قیامەت و لێپرسینەوە هەیە، دڵنیاشە کە خوا گەورە بینەرو بیسەرو چاودێرە،بەڵام دەشکەوێتە ریاوە! بۆچی؟!

چونکە گەورەیی و مەزنێتی خوای گەورەی بە تەواویی لە دڵدا نییە، ماوێتی بۆ خوا بسوڵحێت، دەزانێت خوای گەورە چاودێرێتی بەڵام ترسی لێی کەمەو لە نەزانینی خۆیدا چاوقایمە!

ئەم نەزانینە وای لێدەکات سڵ لەوە نەکاتەوە، کە ریادەکات! ئاخر کەسێك خوای تاك و پاك بە خوای پەرستراو و سەییدو چاودێرو ئاودێرو دەسەڵاتدارو عەزیزی خۆی بزانێت، چۆن پێچەوانەی ویستی ئەو ڕوو لەشتی تردەکات؟!

کەسێك یەقینی لە دڵدا بێت کە هەموو سوودو زیان و خێرو شەڕو چاکەو خراپەیەك بە قەدەری خوای تاك و پاکە، (واتە: هەموو بزاوت و سرەوتێك لە زانست و ویست و توانای خواوە دێت)، چۆن وادەکات لەبەر خاتری ئەوەی خەڵکی مەدحی بکەن کارێك -کە دەبێت بۆ خوا بیکات- بۆ مەدح و سەنای خەڵکی دەیکات؟!

چۆن موسوڵمانێك خوای خاوەنی بە حەق ناسیبێت و، لەبەر خاتری ئەو خێرێکی کردبێت، دوایی بۆ خەڵکی باسدەکاتەوە؟! تا بزانن خێرەو مەندە! یان لەبەر چاوی ئەوان چاکەکارە، کەچی، کە تەنها دەکەوێت لا بە لای چاکەدا ناکاتەوە!

کەسێك لەوە دڵنیا بێت ،کە (عززەت) و (زەلیلی) بە فەرمانی خوای

دەسەڵاتدارن، چۆن خۆی لەبەر چاوی مرۆڤی وەکو خۆی، لاوازو بێ توانا دەنوێنێت تا نەهێڵن زەلیل بێت! یان گەورەیی و ناوداریی پێ ببەخشن؟!

لە کاتێکدا دەشزانێت، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦﴾ آل عمران: ٢٦.

واتە: بڵێ: یا الله ، خوای پەروەردگاری من، تۆ خاوەن هەرچی موڵك و سامانێکی بوونەوەریت. تۆ دەسەڵات و حوکم و ناوداریی بە هەر کەسێك بتەوێت دەبەخشیت، تۆ دەسەڵات و حوکم و ناوداریی لە هەموو ئەو کەسانە دەستێنیتەوە کە ناتەوێن.

خوایە گیان! تۆ مەزنیی و ڕێزو کەسایەتی (عززەت) بەو کەسانە دەبەخشیت، کە خۆت دەتەوێن، هەرتۆش زەلیلی و چاوشۆڕیی و سووکایەتی بەسەر ئەو کەسانەدا دەدەیت کە ناتەوێن..

خوایە! هەموو جۆرو ڕادە و بڕو چۆنییەتیەکی خێر وا لە دەست تۆداو تۆش بەسەر هەموو شتێکدا زاڵیت!

کەسێك ئاوا خوا بناسێت ئیتر تەماعی چۆن لەوەدا دەبێت، کە لەبەر دەستی عەبددایە، کە هەر خوای خاوەن بەویشی بەخشیووە؟

ئاخر بۆیە هەنگاوی یەکەمی دەستپێکی موسوڵمانێتی: خواناسینە، شایەتمان هێنانە.. خوا ناسین و زانینی سیفاتی خوای گەورە ،یەکەمین مەرجی باوەڕ (شروط الایمان) ن ، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ محمد: ١٩.

واتە: بزانە کە هیچ خوایەك نییە کە هیچ سیفەتێکی خوایەتی بە هیچ ڕادەو بڕو چۆنییەتیەك هەبێت، جگە لە خوای کردگار.. خوای حەقیقی (اللە) یەو بەس...

هەر لەبەر ئەم ڕۆڵە کاریگەرەی خواناسینەکەیە، کە هەموو سورەت و ئایەتە مەککیەکان و سییرە و سوننەتی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) جەخت لە خواناسییەکە دەکەنەوە..

قۆناغی مەککە، کە سێزدە ساڵی رەبـەق بـوو، نـە نـوێژی تێـدا فـەرزبوو نـە ڕۆژوو نە زەکات ونە حەج و نەجیهاد، هەموو تەرکیزکردنەکە لەسەر بنەماکانی عەقیدەکەبوو، لەسەر زانین و مومارەسە کردنی عەقائیدیی دینەکەبوو.

٤- **حەز لە پلەو پایەکردن:** حەز کردنی کەسێك لە دەرکەوتن و بەدەستهێنانی پلەو پایە و ئاستی کۆمەڵایەتی ناو خەڵکی (یـان پلـە و پایـەی حـزب و دائیـرەو دەوڵەت) پاڵنەرێکی سەرەکی ڕیابازییـە، چونکـە ریابـاز لـەم حاڵەتانەیـدا خـۆ دەنوێنێت، تا سەرنجی ئەو کەسانە بۆ لای خۆی رابکێشێت کە کاربەدەسـتن،کە نـاوداریی و پلـە و ئاسـت و بەرپرسـێتیەکانیان بەدەسـتە، تـا ئەوەنـدە متمانـەی پێبکەن کە بیخەنە پێش، یان پلە و پایەی پێ بدەن..

لەوانەیە ئەمە یەکێك لەو حیکمەتانەی ئیسلام بێت، کە ناخوازێت پلەو پایە بە کەس ببەخشرێت، تا تاقی نەکرێتەوە و نـەزانرێت جـێ متمانەیـەو شـیاوە،بـە تایبەتی کە دیدو رەفتارو حاڵەتی کەسەکەش بخوازێت ئاوا دەرکەوێت!
- خوای گەورە لە باسی هەتیوو و تەسلیمکردنەوەی سەروەتوسامانەکەیدا ،کە لە میرات بۆی ماوەتەوە دەفەرمووێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ﴾ النساء: ٦.

واتـە: هـەتیووەکان، کـە دەگەنـە قۆنـاغی بـاڵغبوون و پـەی پێـبردن تاقیـان بکەنەوە، تا دڵنیا بن لەوەی چاك دەتوانن رەفتار بە ماڵ و سامانەوە بکەن، ئەگەر هەستیان بە ژیرێتی و ئەقڵ پێشکانی سامان کرد ماڵ و سـامانەکانیان بخەنـەوە بەردەست، کە پێشتر لەبەر نەشیاوێتی ئەوان بۆتان هەڵگرتبوون.
- هەروەها دەربارەی ئافرەتە کۆچکەرەکان دەفەرمووێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمۡتَحِنُوهُنَّۖ﴾ الممتحنة: ١٠

واتە: ئەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە! ئەگـەر ئافرەتـە موسـوڵمانەکان هیجرەتیان کرد بۆ لاتان، تاقییان بکەنەوە، تا بزانن ئایا ڕاستە لەبەر خاتری خوای گەورە هیجرەتەکەیان کردووە؟ یان لەبەر ماڵ و مێردە؟ یان حـەزو بەرژەوەنـدیی خۆیانیان مەبەستبووە!

**٥- چاو بڕین و تەماع لەوەی کە خەڵکی تر هەیانە:** سـوربوونی لەسـەر دنیـا ویستی و هەڵپەکردنی بۆ بە دەسـت هێنـانی چێـژە دنیاییـەکان، وای لـێ دەکـەن تەماع بکاتە ئەوەی لە دەستی خەڵکییدا هەن.

ئەوەش لە ناخییدا دەبێتە پاڵنەرێکی شاراوە بۆ خۆ نزیککردنەوە لـەو خـاوەن (شت)انە و خزمەتکردن و خۆ چاك نیشاندانیان بەو ئومێدەی سـەرنجیان بـۆ لای خۆی رابکێشێت، تا متمانەی پێ بکەن، ئەمە ڕیابازییە.

چونکە دەیەوێت لەم ڕێگا چەواشەکارییەوە بگاتە ئەوەی ئەوانـە هەیانـە! چ تـەماعی لـە موڵـك و ماڵیانـدا هـەبێت، چ لـە ئافرەتیانـدا،یان لـە دەرکـەوتن بـە هۆیانەوە، یان گەیشتنە کارو پلەو پایەو ئاست و ناوداریی..

ئەمەش مەبەستە شاراوەکەی کابرای دەشتەکیی، کە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد ،کـە (**الـرَّجُـلُ يُقَاتِلُ لِلمَغنَمِ**)[(١)].

واتە: کـابرا دەچێتـە جیهـاد بەڵام مەبەسـتی بـە دەسـت هێنـانی دەسـتکەوت (غەنیمەت) ی جەنگەکەیە. یان کە لەو فەرموودەیەی تردا هاتووە: (**مَنْ غَـزَا فِي سَبِيلِ اللهِ وَهُوَ لَا يَنْوِي فِي غَزَاتِهِ إِلَّا عِقَالًا فَلَهُ مَا نَوَىٰ**).[(٢)]

واتە: هەر کەسێك بە ئومێدی دەستکەوتنی پەتکێك (لەتە گوریسـێك) کـە

---

(١) بوخاری (٢٦٥٥)، موسلیم (١٩٠٤).

(٢) نەسائی لە (السنن الصغری/ ٣١٠٥)، ئەحمەد (٢٢١١٩)، داریمـی (٢٣٤١)، ئیبنوحیببـان (٤٧٣٩)، حاکم (٢٤٥٢). ئەلبانی رحمەالله بەو لەفزە دەفەرموێ: زەعیفە، بەڵام بە لەفزی (مَنْ غَزَا وَهُوَ لَا يُرِيـدُ إِلَّا عِقَالًا فَلَهُ مَا نَوَى) لە (صحیح ابن ماجە/ ٣٠٤٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

سامانی دنیایین، بچێتە جیهادەوە، نییەتەکەی وا بۆ حسێب دەکرێت کە جەنگ و کوشتارەکەی بە مەبەستی جیهاد نەبووە.

ئەمانە هەموی ئاڕاستەی پێغەمبەری خوان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا موسوڵمان نییەت و مەبەستی خوا ویستی بێت، نەك حەزی سامان و ناوداریی و دەرکەوتن و سەرکەوتن، کە لەوانەیە لێی ببنە پاڵنەرو سەرەنجام ، -چونکە حەتمەن دەکەوێتە ڕیابازییەوە- ڕەنج بە خەسار دەکەوێت.

٦- **حەز لە وەسف و سەنای خەڵکی:** کابرا کە لە ناخییدا حەزی لەوەیە ، خەڵکی مەدحی بکەن وناوی بە چاکە بهێنن، ئەم حەزەشی بۆتە هەستێکی برسێتی کەسایەتی!

بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات باسی بکرێت و ناوی چاکسازو پیاوچاکی لێبنرێت. لەبەر ئەوەی ئەوەندەش خواویست وچاك نییە، تا بێ مەبەست ئەوەی بێتە ڕێ، ئینجا هەوڵ دەدات خۆی وا نیشاندات، کە:( چاکە، زیرەکە، ئازایە، سەخییە، شایان وشیاو شایستەیە..).

ئەوەش دەیخاتە ڕیابازییەکی بەردەوامەوە ،چونکە دەیەوێت شەوو ڕۆژو لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا هەرباسی ئەو بکرێت!

بۆیە هەوڵدەدات، کە باسی هەر سیفەتێکی جوان، یان هەر کەسێك بەچاك بکرێت، ئەم - بەحەق وبە ناحەق - خێراباسێکی خۆی وسیماو سیفەت وهەڵوێستی خۆی دەکات، تا ئەمیش بخرێتە ریزی مەدحکراوەنەوە! خوا لاماندا..

ئەوە پاڵنەرو هۆکارێکی بەردەوام وبەهێزی ڕیابازییە.. ریاباز کەسێکە کە زۆری خۆی فش کردۆتەوە و بای زۆر کردۆتە خۆی! تەکمیلەی فەرموودەکەی باسی دەشتەکییەکە ئەوە نیشان دەدات، کە دەفەرمووێ: (الرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِلْمَغْنَمِ

**وَالرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِيُذْكَرَ وَيُقَاتِلُ لِيُرَىٰ مَكَانُهُ مَنْ فِي سَبِيلِ اللهِ فَقَالَ مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللهِ)**[١] .

واتە : كابرايەك كە بۆ ئەوە دەچێتە جیهاد تا مەدحی بكەن، تاباسـی ئازایـەتی بكەن، یەكێكی تر بۆیە دەچێت تا وەكو فەرماندەو سەركردەو خـاوەن پلـەو پایـە دەركەوێت و وەكو بەرپرس ببینرێت.. كێ لە مانە لە پێناوی خوادایە؟

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـووی: هـەر كەسـێك بـۆ ئـەوە بجەنگێت" كە دینی خوا سەربكەوێت، ئەوە لە پێناوی خوادا جیهادی كردووە.

٧- **هەبوونی لێپرسینەوەی توندوتیژ لە سەریی:** كەسـێك كـە هەسـت بكـات زۆرتونــدو تیژانــە موحاســەبە دەكرێــت و"لەســەر هەنــدێك دیدوهەڵوێســت لێپرسینەوەی سەختگیرانەی لە گەڵـدا دەكرێـت، حەتمـەن هـەوڵ دەدات وا خـۆ نیشانبدات، كە كەمتەرخـەم نـەبووەو كـارو ئـەركی خـۆیی بـە باشـترین شـێوە ئەنجامداوە..

بێگومان ئەمەش كەسـانێك كـە پـەروەردەی ئیمانیانـەیان تـەواو نـەبووبێت دەخاتە ڕیابازیی و بە تەئكید درۆ كردنیشـەوە! بـە تایبـەتی كەسـانێك ئـەوەیان بەسەر دێت كە هیمەت نزمن و لە ڕووی ئیدارییەوە شلوشێواون.

چونكە هەوڵدەدات لاوازیی كەسایەتی خۆی بەخۆنوانـدن پڕبكاتـەوە. حـەق نییە كە كەمتەرخەمیی لێدەركەوێت توند سەرزەنشـت بكرێـت. خۆشـی دەبێـت ئەوە بزانێت سەرزەنشت كردنێكی دنیایی ئەمیرەكەی لە روو ڕەشـی لای خـوای گەورەی چاكترە.

ئەم شكاندنەوەیە ئەهوەنترە لەوەی بـە ریابـازو درۆزن بنوسرێـت.. هـەزاران دروودو سڵاو و ڕێزی خوایی لە پێغەمبەری پێشـەواو ڕاسـتگۆمان (صَـلَّى اللَّـهُ

(١) بوخاری (٢٦٥٥)، موسلیم (١٩٠٤).

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كه بەخاتوو عايشه( خوالێی رازی بێت) فەرموو (إِنَّ الرِّفْقَ لاَ يَكُونُ فِي شَيء إِلاَّ زَانَهُ وَلاَ يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ شَانَهُ)[1].

واتـە: نـەرمونيانی لـە هـەر شـتێكدابێت، دەبێتـە مايـەی جوانكـارێتی، لـە هەرشتێكيش دوورخرايەوە دەبێته مايەی نوقسانی وعەيب و عاريی.

**٨- سەرسامبوونی خەڵكی پێی و وەسفكردنی:** ئەمەش خـاڵێكی كاريگـەرە لـە چەكەرە پێكردنی تۆوی بەدی ڕيابازيی لەناخييدا، كە دەبيستێتەوە وا خەڵكی بە سيماو سيفاتی، بەديدو تێروانينی، بە گوفتارو كرداريـی، بـەچالاكی وهيمـەت و كاريگەرێتيەكەی سەرسامن و مەدحی دەكـەن، لای دەبێتـە بەرهـەمێكی ديـدو ڕەنجی..

سـەرەتا لەوانەيـە هـەر حـەز بكـات ببيسـتێتەوە، بەڵام وردە وردە شـەيتان ڕێگاكەی لێدەگۆڕێت،نييەتەكەی بەرەو ڕيابازيی دەبات، بەوەی لـەوەو دوا كـە چالاكيـەك دەنوێنێـت سـۆراغی ئـەوەدەكات بزانێـت چەنـد كەسـی تـر پێـی سەرسامبوون! (ئەوە لـەم سـەردەمەدا هـەر زۆر زۆربـووە: سەرسـام بـە وتـارو شيعرو ئاوازو دەنگی، سەرسام بە نوسين و بەرهەمی، سەرسام بـە دەركـەوتن و چالاكيەكانی، سەرسام بە سيما وسـيفاتی! بـە تايبـەتی لـە دەزگاكـانی خـوێنراو وبينداوو بيستراوی ڕاگەياندنەوە، بە تايبەتيتر لە تەلـەفزيۆن وپەيوەنديـيـەكانی ئينتەرنێتەوە).

جــا ئيســلام بــۆ ئــەوەی شــوێنكەوتووەكانی لــە هــەموو هۆكــارێكی بەخۆسەرسامبوون بپارێزێت، ڕێی لە موسوڵمانان گرتووە سەرسـاميی خۆيـان و مەدحكردنيان بەرامبەر كەسە كاريگەرەكان دەربڕن!

ئەگەر لە كاتی لەوێ نەبوونيشيدا مەدحيان كردن، دەبێ بڵێين: (أَحْسِبُ فُلاَنًا وَاللَّهُ حَسِيبُهُ، وَلاَ أُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا).[2]

---

(١) موسليم (٤٧٠٤)، ئەبوداوود (٢١٢٣)، ئيبنوماجە (٣٦٩٦)، ئەحمەد (٢٤٢٤٧)، ئيبنوحيببان (٥٥٥).

(٢) بوخاری (٢٥١٩)، موسليم (٣٠٠٠) ئەمەش هەموو فەرموودەكەيە: (عَنْ أَبِي بَكْرَةَ رَضِيَ اللـه عَنْـهُ ←

واتــە: وا دەزانــم فــڵان کــەس وایــە، خــواش چــاکتر دەیناســێت وچــاودێرو ئاگادارێتی، من تەزکیەی کەس بەسەر خوای گەورەدا ناکەم.

**٩- ترس لەرەخنەی دۆستان:** دەشێت لە ترسی ئەوەی گلەیی لێ نەکـەن، یـان رەخنەی لێنەگرن، یان بەسەریدا نەبۆڵێنن و لۆمەی نەکەن، خـۆی وا نیشـانبدات کـە خـەریکی فـڵان کـاری چاکـەیە، یـان ئـەمیش وەکـو ئەوانـەو بـەو کـارو چالاکیانەوە مەشغووڵە، کە ئەوانیش پێوەی مەشغوڵن. یـان بـەو جۆرەکارانـەوە مەشغووڵە کە لەلای ئەوان پەسەندن!

دەیەوێت گلەیی و بوڵەو رەخنەیان ببڕێت، بەڵام بەرووپامایی، بە ریاو خۆهەڵکێشان، بە فشەو درۆکردن! چونکە ڕاست ناکات کە لە ناو ئەوانەدایە، هەر ئەوەندەیە، کە خۆی بە چاك وچالاك نیشان دەدات، بەڵام کە دەکەوێتە تەنهایی وپەنهانییەوە، چاکە کاریی دەخاتە لاوەو دەکەوێتە گوناح کردن!

خوای گەورە لە باسی حاڵەت و رەفتاری ئەم ریابازانەدا دەفەرمووێ:

﴿يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ١٠٨﴾ النساء: ١٠٨.

واتە: خۆ لە خەڵکی دەشارنەوەو بە نهێنـی ئەوانـەوە رەفتـاری گوناحکـاریی دەکەن، هۆشناخەنە سەر ئەوەی کـە بـە دزیـی خـوای گـەورەوە هـیچ مەبەسـت وگوفتارو کردارێکیان بۆ ناچێتە سەر، چونکە خوای گەورە دیارو نادیاری لایەو ئاگای لە ئاشکراو نهێنییەکانە کە شـەوان دەکەونـە کـۆڕو کۆبوونـەوەی پـلان وپیلان و ڕاوبۆچوون ئاڵوگۆڕ کردن لەوەی کە خـوای گـەورە پێـی رازی نییـە، بەڵام خۆ خوای گەورە پەی بەهەر هەمووشتێك دەبات و هیچی لاشارەوە نییە.

---

قَالَ: مَدَحَ رَجُلٌ رَجُلًا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: فَقَالَ: "وَيْحَكَ قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ مِرَارًا، إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ مَادِحًا صَاحِبَهُ لَا مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ: أَحْسِبُ فُلَانًا وَاللَّهُ حَسِيبُهُ وَلَا أُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا أَحْسِبُهُ إِنْ كَانَ يَعْلَمُ ذَاكَ كَذَا وَكَذَا).

**١٠- بێئاگابوون لە چارەنووسی ڕیابازیی و سزاکەی:** ئەم خاڵـە، کـە لێـرەدا کۆتـا خاڵە، بەڵام سەرەتایی و سەرەکیترینە، چونکە ریاباز لە چارەنووسی رەفتارەکەی بێئاگایە، لە نەفامی ونەزانینی خۆیدا، لە سزای ڕیابازیی ناترسێت!

لە غافڵێتی خۆیدا، لا ناکات بە لای ئەم گوناحـە گـەورەوە، کـە پێغەمبـەری خوا( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناوی ناوە :(شیرکی گچکە).

ئەم نەزانیی ونەفامیی وغافڵبوونەیە ،وایکـردووە ریابـاز لـە گومڕاییەکـەی خۆی بەردەوام بێت و رانەچەنێت، سروشتی مرۆڤیش وایە، کە ئەگەر سـزایەکی لە یـاد نـەما، یـان بـەردەوام هۆشـی لێـی نـەمێنێت، زۆر گـوێی نـاداتێ و لێـی ناترسێت، بەڵام ئەمە بەرامبەر خوای خاوەن وچاودێرو بە دەسـەڵات زۆر دژوارە، خەتەرە.

موسوڵمانی دیندارو سەرڕاست ئەوەندە لە خوا نابڕێت ،کە ڕیابازیی بۆ ببێتە سیماو سیفەتی بەردەوام.

دەشێت بکەوێتە ریـاوە، بەڵام دەبـێ زوو تۆبـە بکـات، ئـەمما وای لـێ بێـت ڕیابازیی بکاتە پیشەی، ئەوە بەڕاستی زەرەرمەندی دنیا وقیامەتە!..

خوا بە لوتفی خۆی چاودێرو ئاودێرمان بێت.

### سێیەم: سیما و نیشانەی ڕیابازیی:

وا لە خوارەوە ئاماژە بە چەند سیماو نیشانەیەکی ڕیابازیی دەکەین، تا هەموو لەبەرچاومان بێت وئاگاداربین:

١- کاتی مەدحکردن، چوست و چالاکتر دەبێت و دوو بەرابەرو زیاتریش کاری باش ئەنجام دەدات، کە گلەیی لێ بکرێت ،یان باس نەکرێت، سستیی دەنوێنێت و کارە ئاساییەکانیشی ئەنجام نادات.

٢- کاتێك لە ناو خەڵکیدایەو دەرکەوتووە، چوست و چالاکتر دەبێت، کە تەنها دەکەوێت تەمبەڵ و سست دەبێت و لە ئەرکی ئاسایی خۆشیدا کەمتەرخەم دەبێت.. سەیدنا عەلی( (خوالێی ڕازی بێت) )ئاماژە بەم دوو سیفەتە دەڵێ: (لِلْمُرَائِيْ ثَلاَثُ عَلاَمَات: يَكْسَلُ إِذَا كَانَ وَحْدَهُ، وَيَنْشَطُ إِذَا كَانَ فِي النَّاسِ، وَيَزِيْدُ فِي الْعَمَلِ إِذَا أُثْنِيَ عَلَيْهِ وَيَنْقُصُ إِذَا ذُمَّ)[١].

واتە :کەسی ریاباز چەند نیشانەیەکی هەیە: کاتێك تەنها دەکەوێت، سست و تەمبەڵ دەبێت، کە لە ناو خەڵکیدا دەبێت، چوست وچالاك دەبێت، کاتێك مەدح دەکرێت، کاری زۆرتر ئەنجام دەدات، کە گلەیی لێدەکرێت، کەمتەرخەم دەبێت و کار کەم ئەنجام دەدات.

٣- کاتێك لە ناوخەڵکیدا دەبێت و دەوروبەری قەرەباڵغ دەبێت، پابەندە بە شەرعەوە و سنوری حەڵاڵ دەپارێزێت، کە تەنها کەوت و چاوی خەڵکی لێ

(١) ئیمامی غەززالی لە (إحياء علوم الدين ٢٩٨/٣) و ئیمامی ذەهەبی بە بێ ئاماژە بە سەنەدەکەی لە (الكبائر لاپەڕە/ ١٤٥) هێناوێتیەوە، کە فەرمایشتی سەیدنا عەلی بێت (خوا لێی رازی بێت). بەڵام پێناچێت سەنەدەکەی راست بێت. ئەبوحەییانی ئەندەلوسی لە (البحر المحيط ٤١/٢)دا هێناوێتەیەوە کە قەولی ئەبوسولەیمانی دارانییە.

دووربوو ،پابەندبوونی نامێنێت و سنوری شەرع دەبەزێنێت و، دەکەوێتە گوناح و سەرپێچییەوە.

پێغەمبەری خوا( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاماژە بەم پێچەوانەکارییە دەفەرمووێ: (**لَأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا، فَيَجْعَلُهَا اللهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا. قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللهِ صِفْهُمْ لَنَا جَلِّهِمْ لَنَا، أَنْ لَا نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَا نَعْلَمُ. قَالَ: أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ، وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللهِ انْتَهَكُوهَا**).(١)

واتە: بە تەئکید کۆمەڵە کەسانێك لە ئوممەتەکەم دەناسم - کە ڕۆژی قیامەت دادێت - بەقەدەر چیاکانی توهامە (لەناوچەی نەجدە)، کارو کردەوەی چاك و پاك و سپی وساف دەهێنن کە کردویانە، بەڵام خوای گەورە هەر هەموی وەکو تۆز بە بادا دەدات و بە هەدەری دەدات!..

بکەری ئەو کردەوانە ،هەر لە ئێوەن براتانن، لە قەومی خۆتانن، ئەوانیش وەکو ئێوە ماوەی شەوانیان بە شەونوێژ دەبەنە سەر، بەڵام ئەوان کە حەرامیان دەکەوێتە بەردەست، سنور دەبەزێنن، دەکەونە ناو قەدەغەکراوانی خوای گەورەوە.

(١) ئیبنوماجە (٤٢٤٥)، بوصەیری لە (مصباح الزجاجة /٢٤٦/٤)، مونذری لە (الترغيب والترهيب/ ١٧٠/٣) شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (صحيح ابن ماجە/ ٣٤٤٢) داهێناوێتییەوەو دەفەرمویێ: سەحیحە.

**چوارەم: ئاسەواری ڕیابازیی:**

گومانی تێدا نییە، کە ڕیابازیی کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ریاباز هەیە - نەك هەر لە قیامەتدا کە کارو کردەوەکانی لێ پووچەڵ دەبێتەوە - بەڵکو لە دنیاشدا ئابڕوی نامێنێت و کەسایەتی لەکەدار دەبێت و کەس باوەڕ بە رەفتاری ناکات!

ئەوە ئەگەر بۆ موسوڵمانی ئاسایی ئاوا بێت، بێگومان بۆ داعی موسوڵمان و کۆمەڵکارانی موسوڵمان، دژوارترەو کەسایەتیانی پێ دەفەوتێت. لەو ئاسەوارە دژوارانە:

أ- لەسەر داعیان و کەسایەتییە ئیسلامییەکان:

١- مەحروم بوون لە ڕێنمایی خوایی: خوای پەروەردگار کە هەموو شتێکی ڕێنمایی و هیدایەتدانی خەڵکی لە دەست و ویستدایە، بە لوتفی خۆی بەو کەسانەی دەبەخشێت کە شایان و شایستەو شیاوی ئەم ڕێنماییەن.

لەو کەسانەشی دەگرێتەوە کە شایان و شایستەی ئەو ڕێنیشاندەرێتییە نین، کە هەموو شتێکی دنیاو قیامەتی لەسەر دەوەستێت و هەر کەسێکیش خوای میهرەبان هیدایەتی بدات، هیچ هێزێك نییە گومڕای بکات و هیچ کەسێك بۆی نییە بڵێ: چۆن و بۆچی؟..

ڕێسای هیدایەتدانی خوایی لەبەردەستی خەڵکیشدایە، کە خۆشیان دەتوانن پاك و سەرڕاستانە بەرەو دینەکەی بێن و قبوولکردنی دینەکەی رابگەیێنن و دڵ و زمان و جەستەیان تەسلیم بە خوای خاوەنیان بکەن.
ئاوا،کە سەرڕاستانە ڕێگایان گرتەبەر، شایانی لوتفی خوایی دەبن، تا هیدایەتیان بدات. وەك دەفەرمووێ﴿وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ۝٢٧﴾ الرعد: ٢٧.

واتە: خوای گەورە هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات، کە بەرەو ئەو دەگەڕێنەوە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ١٣﴾ الشورى: ١٣.

کەسی ریاباز خۆی بە ویستی سەربەستی خۆی، لەم هیدایەتە خواییە دوور کەوتۆتەوە، چونکە خۆی نەیویستووە بەرەو خواناسین پێ هەڵبگرێت، ئیتر چون خوای گەورە رێنماییدەکات؟!

چۆن رێی نیشاندەدات و سەرکەوتوی دەکات؟! کە ئەو ڕووی لە خوای خاوەنی وەرگێڕاوە؟!

حەتمەن خوای گەورە هیدایەتی نادات، وەك دەفەرمووێ: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥﴾ الصف: ٥.

واتە: کاتێك دووڕووەکان سوربوون لەسەر دیدو هەڵویستی کوفرانەی خۆیان وحەقیان قبوڵ نەکردو ئومێدیان بەپاداشتی خوا نەبوو، خوای گەورەش رێی هیدایەتی لێگرتن و حەتمەن شایانی پاداشتیشی نابن.

٢- پشێویی و ئاڵۆزیی دەروون: ئەمەش بەرهەمێکی زرکە تاڵی ڕیابازییەکەیە، چونکە کابرای ریاباز لەبەر خاتری وەسف و سەنای خەڵکی و خۆ بە چاك نواندن، ئاوا خۆی دەرخستووە، تەماعی لەوەی لای ئەوانبووە، نەك رەزامەندیی خوایی..

خوای گەورەش لە هیدایەتەکەی خۆی مەحرومی کردووەو، نەشیهێشتووە رەزامەندی خەڵکەکەشی وا دەستبکەوێت، کە دڵی ئاوبخواتەوە!

خۆ هەموو شتێکیش لە گەردوون و ژیاندا بە رادەو بڕو چۆنییەتیەك دەروات، کە قەدەری خوای گەورە دیاری کردووە وەك دەفەرمووێ: ﴿وَكُلُّ شَيۡءٍ عِندَهُۥ بِمِقۡدَارٍ ٨﴾ الرعد: ٨.

واتە: هەمووشتێك لای خوای گەورە ئەندازەگیریی کراوە رادەبڕی دیارکراوە.

کەوابوو : ریاباز دەکەوێتە حاڵەتێکـەوە کەنەرەزامەنـدیی خـوای میهرەبـانی دەسـتکەوتووە کـە هیدایـەت وسـەرکەوتنی پێوەیـە، لەولاشـەوە رەزامەنـدی خەڵکەکەشی وادەست نەکەوتووە، تا ئاواتی هێنابێتە دی.

بۆیە تادەمرێت، هەرخەریکی ڕیابازییەکەیە، تاتێر بێت و تێریش نابێت.

ئەم ریابازە،کەبە ئازادیی خۆی ڕوی لە دینی خوا وەرگێراوە ،شتێکی سروشتییەکە پشێویی وئاڵۆزیی بێتە چارەنووسی، چونکە خوای گەورە وەکو رێسای نەگۆڕی وجود وحەقیقەتی ژیان وهیدایەت، دەفەرمووێ ﴿وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا﴾ طه: ١٢٤.

واتە: هەرکەسێك ڕوولەدینەکەم وەربگێڕێت، بــە تەئکید ژیانێکی تـەنگ و حاڵەتێکی دەروونی تەسکی بەسەردا دێت.

هەربەهەمان مانا وقورستر دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُعۡرِضۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِۦ يَسۡلُكۡهُ عَذَابٗا صَعَدٗا ١٧﴾ الجن: ١٧.

واتە: هەرکەسێك ڕوولە یادو ناوو پەیامی خوای پەروەردگاری وەربگێڕێـت، رێگایەکی سەختی بەرەوژورچوونی دەخەینەبەر.

٣- نـەمانی ویقـارو قورسـایی کەسـایەتیەکەی لـە دڵـی خەڵکییـدا: ئـەوە سزایەکی سەرەتایی و پێشخراوی ریابازە..

خـوای گـەورە کـە بکـەری حـەقیقی هـەموو بـزاوت و سرەوتێکـە، بکـەرو کاریگەرو بەخشەری سام و هەیبەت و ویقاری کەسـایەتی خەڵکیشـە... وەکـو هەموو نیعمەتەکانی تر، ئەمانیش بەو کەسانە دەبەخشـێت کـە ڕوو لـەون. لـەو کەسانەشی دەگرێتەوە کە ڕوویان لەو وەرگێڕاوە..

ئەو کەسانەی خواویستن و عەبدایەتیان پاك و سەرڕاستانە، تەنها بۆ خـوای

گەورە ئەنجامداوە، لەبەر چاوی هەموو کەسێك دیارن، کە سام و هەیبەتێکی مەعنەویان بۆ درووستبووە..[١]

ئەو کەسانەش ،کە لە رواڵەتیاندا خواناس و چاکسازن، بەڵام ریابازن، لەو سام و هەیبەت و کەسایەتیە سەنگینە مەحرڕوومن.

خەڵکیش یان ریابازانە رەفتاریان بەرامبەردەکاتەوە، -چونکە لە ناخدا خۆشیان ناوێن- یان هەر نایانەوێت بچنە لایان! تا لەبەرچاوی خەڵکی دەکەون.

لە ڕاستییدا ئەمە رێسایەکی تری گەردوونیی و، حەقیقەتێکی دیدو پێناسەی عەقائیدیان بە سەردا چەسپاوە، ئەویش ئەوەیە: کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍ﴾ الحج: ١٨.

واتە: هەرکەسێك خوای گەورە سووکی کردبێت، کەسێکی دەستناکەوێت ببێتە رێزگری.

سەلەفی ئەم ئوممەتە -لە یاوەران وتابعین و شوێنکەوتوانیان- ئەم رێسایەیان لا جێگیربوو، لایان حەقیقەتێکی دین و دینداریبوو، بۆیە ئەوەندە بۆ خواسوڵحابوون و، ئەوەندە بۆ دین و بانگەوازو شەریعەتەکەی لێبڕابوون.

بۆیە هەر یەکێك لەو یاوەرو تابعینە و ئەوانەش، کە لەسەر سییرەی ئەوان رۆیشتن، خاوەن سام و هەیبەتێکی زۆر سەیرو کاریگەربوون.

باسی دیدو هەڵوێست و ڕووداوو بەسەرهاتی هەزارانیان تۆمارەو، سەرچاوەکانی سییرەو ژیاننامەکانیان تۆمارە، هەموو سەلمێنراوو چەسپێنراون.

سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت )لە ڕاسپاردەکەیدا بۆ (ئەبوموسای

(١) وەکو زانا خواوویستەکان کە چوونەتە لای دەسەڵاتدارانی کافرو زاڵم، وەکو حەسەنی بەسریی و حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی یان ئیمامی ئیبنوتەیمەو قازانی فەرماندەی تەتار..

ئەشعەریی) -خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: (مَنْ خَلُصَتْ نِيَّتُهُ كَفَاهُ اللهُ تَعَالَى مَابَيْنَهُ وَبَينَ النَّاسِ).[١]

واتە: هەر کەسێك نیازی پاك راگرت و نییەتی خوابوو و بەس، ئیتر خوای گەورە پەیوەندی ئەو کەسەو خەڵکەکەی دەگرێتە دەست خۆی و، بۆی مسۆگەردەکات.

واتە :لە لایەکەوە لایان خۆشەویستی دەکات، وەکو دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ٩٦﴾ مريم: ٩٦.

لەلایەکی ترەوە سام و هەیبەتەکەی دەخاتە رواڵەتی کەسایەتیەکەیەوە.

تا خواویستی و بۆخوا سوڵحانەکە پاکتر بێت، تا شاراوەتر بێت، کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت.

لە ژیاننامەی (شێخ حەسەنی بەسریی)دا (رحمه الله)، زۆر جار ئاماژە بەنهێنێتی خواپەرستیی و تەقواکارییەکەی دەکرێت، لە کاتێکدا کە سام و هەیبەتێکی ئەوەندە تایبەتی هەبووە، کە هیچ یەکێك لە بەرپرسانی دەوڵەتی ئەمەویی، نەیاندەوێرا هەڕەشەی لێبکەن،چ جای کوشتنی![٢]

جارێکیان (حەججاج)ی تاغوت لە دیدو هەڵوێستی (شێخ حەسەنی بەسریی) هێندە تووڕەبوو، بڕیاریدا بە دەستی خۆی بیکوژێت.

بۆیە کۆمەڵێك جەللادی دڵڕەقی خۆی نارد بیهێنن،هێنایان.. هەموو ئامادەبوان

---

(١) غەززالی: (احياء علوم الدين ٣٧٨/٤).

* دەڵێن کەسەیدنا عیسا عَلَيهِ السَّلَام فەرموویەتی: هەر کەسێك تەنها لە خوا بترسێت، خوای گەورە وادەکات هەموو خەڵکی لێی بترسن.

(٢) لە کاتێکدا، کە ئەو (حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفیی) بە کافر دەزانی! حەججاجیش پێشتر قوتابی ئەو بوو. دوای بوونی بە قەسابی بەشەرکوژ، یەکجار چووە لای شێخی بەسریی، بەڵام ئەو جارەش نەیوێرا ،هیچ بێ ئەدەبیەکی بەرامبەر بکات.

دەستیان لەسەر دڵیانبوو، هۆشیان بۆ چۆنییەتی سەربڕینی دەچوو!

شێخی خواناس و بەسام و هەیبەت، کە هاتە ژورەوە، (حەججاج) خێرا لەبەری هەستاو، فەرمووی سەرەوەی لێکردو زۆر بە ئەدەبەوە وتی: ئەبوسەعید! فەرموو وەرە ئێرە.. بۆ سەرووتر.

خەڵکەکە ئەبڵەقبوون!! سەیری هەردووکیان دەکرد، وایاندەزانی لەوێدا دەیکوژێت، بەڵام هەر فەرمووی سەرووتری لێکرد، تا لە شوێنی خۆی داینیشاند!

شێخی بە هەیبەت دانیشت و هیچی نەفەرموو، تا بزانێت (حەججاج) دەیەوێت چۆن خۆی بنوێنێت؟!

بەڵام (حەججاج ) ڕووی تێکردو کەوتە ئاڕاستەکردنی پرسیاری شەرعی!!

شێخی خواناسیش بەو پەڕیی دامەزراویی و سەنگینییەوە وەڵامەکانی دەدایەوە، کە قووڵی زانین و رەوانبێژیی و پارسەنگییان نیشان دەدا.. لە کۆتاییدا حەجاج عەرزی شێخی کرد: بە ڕاستی ئەبوسەعید ! تۆ سەروەری تابعینیت.. ئینجا بە ڕێزەوە بەڕێی کرد،ئاواش بە ڕێزەوە هێنایانەوە ماڵەوە.(١)

٤- لە دەستدانی ڕێزی ناو خەڵکی: دڵی مرۆڤی موسوڵمان کارتێکردنی لە مرۆڤی تر هەیە،دڵی ئیماندار کاتێك دەبێتە نوێنەری دیدو تێروانین و بۆچوونە عەقائیدیەکانی، کە هزرو هۆشی دەبنە مایەی سەلماندن و چەسپاندی خواویستی و دیندارێتی پاك وچاکیی، یەکسەریش دە بنە هۆکاری کاریگەرێتیشی..

دڵ بەم مانا کۆیەیەتی، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (إِنَّ قُلُوبَ بَنِي آدَمَ كُلَّهَا بَيْنَ إِصْبَعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ الرَّحْمَنِ كَقَلْبٍ وَاحِدٍ يُصَرِّفُهُ حَيْثُ يَشَاءُ).(٢)

---

(١) عبد الرحمن رأفت الباشا: (صور من حياة التابعين لاپەڕە/١٧-٢٢ لەگەڵ کورتکردنەوەیدا).
(٢) موسلیم (٤٨٠٤)، ترمذی (٢٠٨٢)، ئەحمەد (٦٤٠١)،

واتە: دڵی هەموو ئەولادەکانی ئادەم وا لە نێوان دووپەنجەی خوای گـەورەدا، وەکو یەک دڵ وان، چۆنی بوێت وا دەیگۆڕێت..

ڕیابازییش ئەم دڵەی - کە سەرچاوەی دیدو هۆش و ویست و رەفتارێتی- بۆ خوای گەورەی تەرخان ناکات! بە پێچەوانەشەوە پەیوەندی نێـوان دڵ و خـوای گەورە دەپسێنێت.

ئیتر خوای گەورە والێدەکات و پەیوەندی نێوان ئـەو دڵـەو - کـە دەبـوو بـۆ خوای خـاوەنی بێـت - و خـەڵکی دەپسـێت و خاوەنەکـەی کاریگـەریی لەسـەر خەڵکی نامێنیت.

بۆیــە دەبینیــت ریابــاز زۆر قســەدەکــات، بەڵام کــەم کــەس گــوێی لــێ دەگرێت،زۆر نیشان دەدات، بەڵام کەم کەس متمانەی پێدەکات، کە ئامۆژگاریی دەکات کەم کەس لادەکات بە لایەوە، سەرنجدەرە ئەم بەسەرهاتەو کاریگـەریی بۆ خواسوڵحان ببینە.

- عومەری کوڕی هوبەیرەی فیزاریی-لە سەردەمی یەزیدی کـوڕی عبـدالملك دا- والی هەر دوو عێراقەکەبوو،[1] (یەزید )نامە لەسەر نامە بۆ عومەری کـوڕی هوبەیرەی دەنووسی، کە چیم لەم نامەدا نووسـیووە جێبـەجێی بکـە، ئەگـەر لـە حەقیش لایدا بێت!

ڕۆژێك ئیبنوهوبەیرە ،شیخ حەسەنی بەسریی و عامری کـوڕی شـوراحبیلی[2] بانگ کرد، کـە هـاتن عـامری کـوڕی هوبـەیرە داوای لێکـردن رێگـا چارەیـەکی شەرعییانەی بۆ بدۆزنەوە، تا بتوانێت ناوەڕۆکی نامەکان جێبەجێبکات.

---

(١) بە کوفەو بەسرە دەوترا (العراقان: واتە هەردوو عێراقەکە) بڕوانـە:( لسـان العـرب ٢٤٨/١٠ مـادة: عرق).

(٢) عامر کە بەشەعبی ناسراوە و زانایەکی ئێجگار شارەزابوو زیاتر لە(٥٠٠) یاوەری دیبوو لـە شـێخ حەسەنی بەسریش شارەزاتربوو.

(شەعبی) وەڵامێکی دایەوە کە لایەنگرییەکی خەلیفەی پێوە دیاربوو،لە هەمان کاتیشدا موجامەلەی والی بوو...

(شێخی بەسری)ش (رحمه الله) لەولاوە بێدەنگ گوێی گرتبوو.

(عومەری کوڕی هوبەیرە) ڕووی تێکردو وتی: ئەبوسەعید! ئەدی جەنابت چی دەڵێیت؟

وتی: هۆ ئیبنوهوبەیرە! لە مەسەلەی (یەزید)دا لە خوا بترسە، لە مەسەلەی خوای گەورەدا لە (یەزید) مەترسە.

لەوە دڵنیا بە، کە خوای گەورە ناهێڵێت (یەزید) هیچت لێبکات،بەڵام (یەزید) ناتوانێت رێ لە خوای گەورە بگرێت، تا هیچت لێ نەکات.

هۆ ئیبنوهوبەیرە! هاکا خوای گەورە فریشتەیەکی توندو تیژی بۆ ناردیت، لەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی خوادا ناکەن و، فەرمانەکانی دەستبەجێ رادەپەڕێنن...

هاکا گەیشتە سەرت و لەسەر عەرشی خۆت و، لە ناو کۆشك و تەلارەکەتەوە بۆ گۆڕی ،تەنگ وتاری راپێچ کردیت، کە لەوێ، نە(یەزید) هەیە بەرگریت لێ بکات و نە کەسی تر..

هەرچی هەیە، هەر کردەوەکانی خۆتە، کە گوێڕایەڵی (یەزید)ت لە سەرپێچی خوای گەورە تێدا کردوون!

هۆ ئیبنوهوبەیرە! تۆ ئەگەر گۆیڕایەڵ و ملکەچی خوای گەورە بیت و، وەلید بیت، لە دنیاو قیامەت لە دەستی (یەزیدی کوڕی عبدالملك) قوتارت دەکات و دەتپارێزێت.

ئەمما ئەگەر لە گوناح و تاوان و سەرپێچی فەومانی خوادا لەگەڵ (یەزید)دا بیت، بە تەئکید خوای گەورە وەلت دەکات و، دەتداتە دەست (یەزید)!

هۆ ئیبنوهوبەیرە! ئەوە بزانە ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ هیچ کەسێك - هەر کەسێك بێت - لە گوناحکارییدا دەرنابڕێت.

ناشێت موسوڵمان لە پێچەوانەکاریی فەرمانی خوای گەورەدا، بڕیاری کەس - هەر کەسێك بێت - جێبەجێ بکات..

ئیتر (عومەری کوڕی هوبەیرە)خۆی پێنەگیرا، زۆر گریا، تا ریشی بەفرمێسك تەڕ کرد! ڕووی لە (شەعبی) وەرگێڕاو ڕوویکردە (شێخ حەسەنی بەسریی) و زۆری ڕێز لێگرت.. کە هەستان و ئەوان تەشریفیان برد، پێکەوە چوونە مزگەوت.

خەڵکی لێیان کۆبوونەوەو دەیانپرسیی، کە ئەمیری هەر دوو عێراقەکە، چی لێ دەویستن و، ئەمان چۆنیان وەڵامداوەتەوە؟

(شەعبی) -رحمە اللە- ڕووی کردە خەڵکەکەو وتی: هۆ خەڵکینە !هەر کەسێکتان توانی، لە هەموو کات و شوێنێکدا پاداشتی لای خوای گەورە بخاتەپێش هەموو شتێك، ئەوە قازانجەو کردوییتی.

بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، (شێخ حەسەنی بەسریی) شتێکی بە (ئیبنوهوبەیرە) نە وتووە من نەمزانیبێت، بەڵام من کە قسەم کرد، ویستم (ئیبنوهوبەیرە) رازی بکەم،بەڵام (ئەبو سەعید )هەرچی فەرموو، بۆ ئەوەی بوو،کە خوای گەورە رازی بکات.

لەبەر خاتری ئەو، لەگەڵ (ئیبنوهوبەیرە)دا دوا.. (ئیبنوهوبەیرە)ش منی ئیهمالکردو ڕوویکردە ئەو.. منی دوورخستەوەو ئەوی نزیك کردەوە.. ئەویشی لا خۆشەویستتربوو.(١)

٥- کاری ریاباز، نیوە ناچڵ و نوقسانە: لەبەر ئەوەی ریاباز هۆشی لای

(١) المزی: (تهذیب الکمال ١١٣/٦ـ١١٤) و (صور من حیاة التابعین/ ل٢٣ـ٢٧) بە کورت کردنەوەوە.

ئەوەیە کە کارێك بکات و نیشانی خەڵکی بداتەوە، زۆر بایەخ بە ناوەرۆك و تەواوکاریتی نادات.

هەر رواڵەت ودیکۆرەکەی پەسەند بێت، بەسێتی! چونکە ئەو دەیەوێت خەڵکی ببینن و بڵێن: چاکە، جوانە، باشە..

خەڵکیش هەر چەند وردەکارانە بە دواداچوون بکەن، هەر ناتوانن پەی بە هەموو رەهەندو لایەن و مەبەستێکی کارەکەی ببەن، چ جای تێگەیشتنی کاریگەریی کات و شوێن و پاڵنەرو هۆکارو شێوازو چۆنییەتی کارەکان..

ریاباز ئەمە دەزانێت، لە ناخی خۆشییدا وەڵام بۆ پرسیاری هەر نوقسانییەکی کارەکەی دادەنێ، تا ئەگەر لێیان پرسی ،وەڵامی حازر بێت! ریاباز کارەکانی بەنوقسانی ونیوەناچڵ جێدەهێڵێت.

ئەگەر لە سەرەتای کارەکەیەوە مەدح و سەنای خەڵکی دەست بکەوێت، لەوانەیە ئیتر هەر لەوێوە واز لەو کارەی بهێنیت و، بچێتە سەر کارێکی تری نوێوە!!

بەڵام وردە، وردە کەخەڵکی شارەزای رەفتاری دەبن و دەزانن هەر بۆ وەسف و سەنای خەڵکی کردوێتی، متمانەیان پێی نامێنێت و ئیهمالی دەکەن..
بۆیە ریاباز دۆستی کۆنی نییە! هەموو ئەوانەی وەسف و سەنای دەکەن یان وەکو خۆین یان هێشتا شارەزای نەبوون!
خوای گەورە بۆمان روون دەکاتەوە: کە ئەمە پیشەی دووڕووە، ئەمە سیماو سیفەتی کەسانی خواویست و دیندار نییە،کە دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾﴾ النساء: ١٤٢.

واتە: دووڕووەکان، کە دەیانەوێت بە دەنگ بانگەوە -بۆ نوێژی جەماعەت- بچن، سست و تەمبەڵانە بە رێ دەکەون و خۆ وا نیشان دەدەن، کە خواپەرست و چاکەکارن،بەڵام لە ڕاستیدا زۆر کەم یادی خوا دەکەن.

ئەوان کە زۆر بە کەمیی یادی خوا دەکەن، ئیدی خواویستی ناخ چۆن

دەکەن؟! ئەم سیماو سیفەتە ناقۆڵاو دزێوە لایەقی موسوڵمان نییە.. هەق نییە موسوڵمان بهێڵێت نییەت و نیازی ئاوا کرمێ و گەندەڵ و گەنیو ببێت..

ئەمە لایەقی کافرو دووڕووە، وەکو خوای میهرەبان و کاربەجێ دەفەرمووێ:

﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ﴾ فاطر: ٤٣.

واتە: فاك و فيك و فریودان و چەواشەکاریی، هەر لە بکەرەکانیان دەوەشێتەوە، بۆیە پڕاوپڕ موستەحەقی سزاکەشن.

٦- سووکبوونی کەسایەتی ریاباز لە دنیاداو فەزح بوونی لە قیامەتدا: ئەمە چارەنووسی ریابازە، چونکە ئەو کارە چاکانەی کە خۆی پێیانەوە باداوە، بەمەبەستی چەواشەکاریی کردوونی، تا ئەو کەسانەی ئەم لەبەر خاتری ئەوان کردویّتی، لێی رازی بن.

ئەمە خۆی لە خۆیدا تەسلیمبوونێتی بەو کەسانە، رازیبوونە بەوەی ئەوان ئاڕاستەی ڕاستەوخۆ یان لاوەکی بکەن و رێ و شوێنی بۆ دیاری بکەن. ئەمە لاسەنگ کردنی خەڵك و بڵاو کردنەوەی ناڕەوایی و دووڕوییە،کە ئەگەر زۆرینەی هەر کۆمەڵگەیەك وای لێهات، ئیتر حەتمەن فەسادو خراپەکاریی دەبێتە سیماو سیفاتیان و کەس متمانەی بە کەس نامێنێت..

خوای گەورە ئاماژە بەم هۆکارو ئەنجامەیە کە دەفەرمووێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُۥ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِى قَلْبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾﴾ البقرة: ٢٠٤ – ٢٠٥.

واتە: کەسانێك لە ناو خەڵکیدا هەن ،کە دەدوێن، بە قسەکانیان سەرسام دەبیت،رەفتاری دنیاییانەیان - ئەوەندە جوان و شیرینن- سەرنجت ڕا دەکێشێت! بەڵام خوای گەورە شاهیدە، دەبینێت و ئامادەیەو دەزانێت و بڕیار دەدات، کە

دڵیان وا نییەو دوژمنی سەرسەختن. کە دەسەڵاتی ناوچەیەکی سەر زەمینیان دەکەوێتە دەست، یەکسەر دەکەونە بڵاوکردنەوەی فەسادو خراپەکاریی،تا وەچەی زۆربوونی گیانلەبەران و رووەك و مرۆڤایەتیی هەموو بفەوتێنن! خوای گەورەش فەسادکاریی ناوێت و رازی نییە پێی.

خوای گەورە بە بڕیارێکی شیاوو بەسی کاریگەر، هەر لە دنیادا ریاباز سوك دەکات، تەریقی دەکاتەوەو چاوشۆڕو عەیبداری ناو خەڵکیدەکات، تا لەبەر چاوی خەڵکی دەکەوێت و متمانەی پێناکەن و، یەکتریی لێ ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام سزای سەختی خوای باڵادەست وا لە قیامەت.. سزایەکی وا بە ژان و ناسۆری دەبێت، کەپڕاوپڕ بە قەدەر هەموو رادەو بڕو چۆنییەتی ریاکارییەکەی دەبێت.

پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە (عبداللە ی کوڕی عەمر)ی فەرموو( خوا لێیان رازی بێت ): (إِنْ قَاتَلْتَ صَابِرًا مُحْتَسِبًا بَعَثَكَ اللَّهُ صَابِرًا مُحْتَسِبًا، وَإِنْ قَاتَلْتَ مُرَائِيًا مُكَاثِرًا بَعَثَكَ اللَّهُ مُرَائِيًا مُكَاثِرًا، يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو، عَلَى أَيِّ حَالٍ قَاتَلْتَ أَوْ قُتِلْتَ بَعَثَكَ اللَّهُ عَلَى ذَلِكَ الْحَالِ).(١)

واتە: هۆ عبداللەی کوڕی عەمر! ئەگەر لەبەر خاتری خوای گەورەو خۆڕاگرانە بجەنگیت، خوای گەورەش، هەر وا زیندووت دەکاتەوە، خواویست و خۆگر.

ئەگەر ریابازانەو بۆ زۆربوونی ماڵ و سامان، یان بۆ زۆر کردنی قەرەباڵغی (بەرە)کەت بجەنگیت، خوای گەورەش هەر وا زیندووت دەکاتەوە، ریابازو خۆهەڵکێش. بە زۆریی سامان و کەسوکارو دەوروبەرەوە.

هۆ عبداللە ی کوڕی عەمر! لەسەر هەر نییەتێك و بۆ هەر مەبەستێك

---

(١) ئەبوداوود (٢٥١٩)، ترمذی (١٦٤٤)، ئەحمەد (١٤١، ١٥٧)، بەیهیقی (١٧٩٨٢). ئەلبانی رحمەاللە لە (ضعيف أبي داود/ ٥٤١)و لە ( ضعيف الجامع الصغير/ ٦٣٩٧)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

بکوژیت و بکوژرێیت، هەر لەسەر ئەو نییەت و مەبەستە زیندوو دەکرێیتەوە..

کەوابوو: کاتێك - لە کاتی جەنگ وجیهادتدا- خاوەن پاداشتی خوای گەورە دەبیت، کە لەبەر خاتری رەزامەندیی خوای گەورە کردبێتت.

ئەگەر بە مەبەستی دنیاییش جەنگ و جهادەکەت کردووە، بە دڵنیاییەوە شایان و شایستەی سزای خوای گەورە دەبیت.

٧- بەرەو بەخۆ سەرسامبوون و هەڕاڵیی و لووتبەرزیی چوون: نەخۆشیە دەروونییە (ئیمانی و رەفتاریی)ـەکان سروشتیان وایە: کە هەر یەکەیان بۆ خۆیت رادەکێشێت. کە کەوتیتە یەکێکیانەوە، تووشبوونی ئەوانی تریشت دێتە رێ.

ریابـاز، تا ئەو ماوەیەی خەڵکی باشتر دەیناسن و لە مەبەست و فریوکارییەکانی تێدەگەن، پێی چەواشە دەبن و وایدادەنێن ،کە خوانـاس و چاکەکارو خێرەومەندو زاناو.... هتدە...

لەو ماوەیەدا خەڵکانێکی زۆر وەسف و سەنای دەکەن و، خۆیشی دەبیستێتەوە و سۆراغیان دەکات.

ئەمە کە ختووکەی دەروونیی دەدات و، وای لێدەکات هەست بکات ،کە کەسایەتییەکی مەعقول و کاریگەرو بەڕێزە،بە سوودەو شتی لە دەست دێت.. ئەوە بەرەو سەرسامبوون بە خۆی دەبات!

سەرسامبوون بە خۆیش دەردێکی ترە،کە بەرەو هەواو فیزو لوتبەرزیی دەبات، چونکە کە ئامۆژگاری دەکرێت وەریناگرێت و، خۆی پێ گەورەترو کاریگەرترە لەو کەسەی ئامۆژگارییەکەی کردووە!

ئینجا ئەوەندە لەم کەشە بەدەدا دەمێنێتەوەو رەفتاردەکات، تا هەر سێ سیفەتەکەی ڕیابازیی و بە خۆ سەرسامبوون و لوتبەرزییەکەی، لێ دەبێتە سیفەتی جێگیرو رەفتاری بەردەوام!

ئینجا هەڕاڵ و نەفامانە خۆ بە گەورە دەگرێت و، ئەو تواناو دەسەڵاتەی لەبەر دەستیدایە، بۆ تێرکردنی حەزی (فیرعەونێتی)ی ناخی بەکاری دەهێنێت: (باوکە، برا گەورەیە، مامۆستایە، مەلایە، بەرپرسی حزبە، بەڕێوەبەری دائیرەیە... تا دەگاتە سەرۆکی دەوڵەت) ،ئەوەشە کە بەرەو فەسادو ناڕەوایی و دەستدرێژیی دەبات.

بڕوانە لەم سەردەمەی خۆماندا ،چەند هەزار کەسی ریابازو بەخۆ سەرسام و لووتبەرزو (دیکتاتۆر) دەبینیت، کە بەسەر ئوممەتەکەماندا سەپێنراون و کاری رۆژانەیان ستەم و دەستدرێژیی و فەسادە! چۆن ریابازانە لە دەزگاکانی راگەیاندا خۆ دەنوێنن؟!

چەند درۆ دەکەن و، مەدح و سەنای خۆیان بە درۆ دەکەن؟!

چەند حاشیەی (هامان و قارونی)یانەیان لێ کۆ دەبێتەوەو، بە هەمویان چۆن جەماوەرەکە چەواشە دەکەن؟!

ئینجا سەیری دەست وپێوەندو راوێژکارو خواروتریان، کە (هەر یەکەیان بۆتە فیرعەونێکی گچکە) هەمویان چەند ریابازن؟

چەند بەخۆ سەرسامن؟

چەند درۆزن و لوتبەرزن؟

ببینە چۆن ویست و خواستیان دەکەنە بڕیارو یاساو تەعلیمات و، بە زۆر بەسەر خەڵکییدا دەچەسپێنن؟

هەمویان حاکمێتی دینی خواو، سەروەرێتی شەرع دەخەنە لاوەو دژی پیاوچاکان دەوەستنەوە، تا سەرەنجام نە دادپەروەریی دەچەسپێنن، نە گەشەو نەشونمای ئابوریی و نەپاراستنی شیرازەی خێزان ونەخزمایەتیی! ئاوا وڵات دەبێتە بیابانی بێروون و دارستانی بێ یاسا..

خوای گەورە دەربارەی ئەو پێشەکی و ئەنجامەیە ،کە دەفەرمووێ: ﴿ ۞ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ ﴿٢٨﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا ۖ وَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴿٢٩﴾ ﴾ إبراهيم: ٢٨ – ٢٩.

واتە: مەگەر ئەوانە نابینیت، کە نیعمەتی خوای گەورەیان - کە دین و ئیمانە - بە کوفرو گومڕایی گۆڕییەوەو خۆیان و قەومەکەیان دوچاری دۆزەخ کرد؟! ئەو چارەنووسە دژوارو سەختەیان بەسەر خۆیان و قەومەکەیاندا هێنا ؟!

٨- پووچەڵبوونەوەی کارو کردەوە: خوای پەروەردگار ڕێسای نەگۆڕی خۆی خستۆتە پێشچاوی مرۆڤ بە گشتیی و موسوڵمانان بە تایبەتی، کە هیچ مەبەست و نیازو گوفتارو قسەیەك، یان کردارو ئاماژەیەك لە کەس قبووڵ ناکات، ئەگەر خواویستانەو بە تایبەت لەبەر خاتری ڕەزامەندیی خوای گەورە ئەنجامی نەدا بێت.

ئەمە ڕێسای نەگۆڕە: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾ الكهف: ١١٠.

واتە : ئەو کەسەی کە بە ئومێدی دیداری خوای پەروەردگارێتی و، دەیەوێت سەرفرازو ڕووسورانە پێی بگات، با کردەوەی چاك وپاك ئەنجام بدات و، لە هیچ شتێکدا هاوبەش بۆ خوای پەروەردگاری دانەنێت.

ریاباز ئەگەر هەموو کارو کردەوەکانی بۆ غەیری خوای گەورە نەکرد بێت، حەتمەن پشکێکی بۆ غەیری خوای گەورە کردووە.

بە مانایەکی تر، غەیری خوای کردووە بە هاوبەشی خوای تاك وپاك،ئەوەش مەحاڵە خوای گەورە قبووڵی بکات و پێی رازی بێت، ئەستەمە پاداشتی کەس لەسەر رەفتاری شیرکانەی وا بداتەوە.. وەك دەفەرمووێ: ﴿ ۞ وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ لِلْحَىِّ ٱلْقَيُّومِ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا ﴿١١١﴾ ﴾ طه: ١١١.

واتە: هەموو ڕوویەك (هەموو كەسێك) زەلیل و ملكەچی بەردەستی خوای زیندوو هەڵسوڕێنەری ژیان و گەردوون و بزاوت و سرەوتبوو، داماوو ڕەنجەڕۆ ئەو كەسەیە :كە هاوبەشی بۆ خوا داناوە..

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ٢٣﴾ الفرقان: ٢٣.

واتە: هەر هەموو ئەو كارو كردەوانەی، كە بە چاكیان دەزانی و دەیانكرد، لە ڕۆژی قیامەتدا هەمویان بۆ دەكەینە تەپوتۆزی پەرشوبڵاو، چونكە دوو مەرجەكەی قبووڵبوونی كارو كردەوەیان تێدا نەبوو: خواویستی وشەرعێتی.. یان یەكێكیانی تێدابوو.. خوای گەورەش هیچ كارێك قبووڵ ناكات، ئەگەر بەتایبەت و خاڵیس و موخلیسانە لەبەر خاتری ئەو نەكرا بێت و، بەپێی دینەكەی خۆی نەبووبێت.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) دەیفەرموو (إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكَ الأَصْغَرَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّه، وَمَا الشِّرْكُ الأَصْغَرُ؟ قَالَ: الرِّيَاءُ، يَقُولُ اللَّهُ لَهُمْ يَوْمَ يُجَازِي الْعِبَادَ بِأَعْمَالِهِمُ: اذْهَبُوا عَلَى الَّذِينَ كُنْتُم تُرَاءُونَ فِي الدُّنْيَا، فَانْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً).[١]

واتە: ئەوەی زیاتر لێی دەترسم بكەونە ناوییەوە، شیركی گچكەیە.

عەرزیان كرد: ئەی پێغەمبەری خوا! شیركی گچكە چییە؟ !

فەرمووی: ریایە، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا كەپاداشتی عەبدەكانی دەداتەوە، بە ریابازان دەفەرمووێ: بڕۆن بۆ لای ئەو كەسەی ریاكەتان لە دنیادا لەبەرخاتری ئەو دەكرد!

---

(١) ئەحمەد (٢٣١١٩)، بەیهیقی (٦٨٣١). ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح الجامع الصغیر/١٥٥٥)دا دەفەرمویێ: سەحیحە.

بروانن داخۆ هیچ پاداشتێکتان لایان دەستدەکەوێت؟!

ئاوادەبینت، کە سەرەنجامی ڕیابازیی هەموی زیان لێکەوتنە.

سامانێکی لە رواڵەتدا کردووە بە خێر، سامانەکەشی لە دەست بۆتەوەو خێریشی نەگەیشتووەو گوناحێکی سەختیشی پێ هاتۆتە ئەستۆی، کە شیرکی گچکەیە!!

ئەوە جگە لەوەی تووشی دەردی تری ئیمانیی و، بێ متمانەیی دنیاو سەرشۆڕیی قیامەتیش بووە.... خوا لاماندا و بمانپارێزێت.

٩- سزای سەختی قیامەت: هەموو گوناحێك، ئەگەر لێخۆشبوونی خوای میهرەبان نەیگرێتەوە، بکەرەکەی سزای لەسەر وەردەگرێت.

بێگومان گوناحی ریاکارییش وایە... بەڵام لە ریاکارییەکەدا، ئەوە دژوارو ترسناکە ،کە شیرکەو کارو کردەوە پووچەڵدەکاتەوەو کۆڵە گوناحیشی دێتەجێ،سزای ڕیابازیی زۆر سەختە!

بیر لەوە بکەرەوە کە دۆزەخ بە ریاباز خۆشتر دەکرێت، پەنامان بە خوای گەورە، ریابازان دەبنە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخ و لەگەڵ بەرددا داخ دەبن..

خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴾ التحريم: ٦.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! خۆتان و ماڵ و منداڵ و کەسوکارتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، کە سووتەمەنییەکەی جەستەی خەڵکی و تاوێرەبەردە!

پێغەمبەری خواش( (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) )باسی ئەو سێ کەسەدەکات،، کە لە ڕۆژی دواییدا لە سەرەتای لێپرسینەوەوە ئەوان دادگایی دەکرێن، کە شەهیدو قورئانخوێن و خێرەومەندن.

جا لەبەرئەوەی بە ڕیابازیی جیهادو فێرکاریی و خێروخێراتیان کردووە، خوای گەورە فەرمان دەدات لەسەر ڕوو بۆ دۆزەخ ڕادەکێشرێن و فڕێ دەدرێنە ناو ئاگرەوە،دەفەرمووێ: (إِنْ أَوَّلَ النَّاس يُقْضَى عَلَيْه يَوْمَ الْقيَامَة رَجُلٌ اسْتُشْهدَ فَأُتيَ به فَعَرَّفَهُ نعمَهُ فَعَرفَهَا قَالَ فَمَا عَملْتَ فيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فيكَ حَتَّى اسْتُشْهدْتُ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكنْ قَاتَلْتَ لأَنْ يُقَالَ جَريءٌ فَقَدْ قيلَ، ثُمَّ أُمرَ به فَسُحبَ عَلَى وَجْهه حَتَّى أُلْقيَ في النَّار. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتيَ به فَعَرَّفَهُ نعَمَهُ فَعَرفَهَا قَالَ: فَمَا عَملْتَ فيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فيكَ الْقُرْآنَ قَالَ :كَذَبْتَ وَلَكنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعلْمَ ليُقَالَ عَالمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ ليُقَالَ هُوَ قَارئٌ فَقَدْ قيلَ، ثُمَّ أُمرَ به فَسُحبَ عَلَى وَجْهه حَتَّى أُلْقيَ في النَّار. وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْه وَأَعْطَاهُ منْ أَيَنَاف الْمَال كُلّه فَأُتيَ به فَعَرَّفَهُ نعَمَهُ فَعَرفَهَا قَالَ: فَمَا عَملْتَ فيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ منْ سَبيل تُحبُّ أَنْ يُنْفَقَ فيهَا إلاَّ أَنْفَقْتُ فيهَا لَكَ قَالَ:كَذَبْتَ وَلَكنَّكَ فَعَلْتَ ليُقَالَ هُوَ جَوَادٌ فَقَدْ قيلَ: ثُمَّ أُمرَ به فَسُحبَ عَلَى وَجْهه ثُمَّ أُلْقيَ في النَّار. وَقَالَ التِّرْمذيُّ في هَذَا الْحَديث:ثُمَّ ضَرَبَ رَسُولُ اللَّه(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) عَلَى رُكْبَتي فَقَالَ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أُولَئكَ الثَّلاَثَةُ أَوَّلُ خَلْق اللَّه تُسَعَّرُ بهمُ النَّارُ يَوْمَ الْقيَامَة).(١)

واتە: یەکەمین کەسێك، کە لە ڕۆژی دواییدا داوەریی دەکرێت، کابرایەکە شەهیدبووەو دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار.

خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی.

ئەمیش هەمویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێدەکات، ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت: چیت بەم نیعمەتانە کرد؟

دەڵێت: خوایە، لە پێناوی تۆدا جیهادم کرد، تا شەهیدبووم.

خوای گەورە دەفەرمووێ: درۆت کرد !

---

(١) موسلیم (١٩٠٥)، نەسائی (٣١٣٧)، ئەحمەد (٣٢٢/٢).

بۆیە دەجەنگایت، تا پێت بڵێن: ئازاو قارەمانە! ئەوا وترا..

پاشان فەرمان دەدرێت بە ڕڕاکێشان لەسەر ڕوو، ڕایدەکێشن ،تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە.. هەروەها کابرایەکە، کە خاوەن زانستێکی شەرعناسیی و قورئان خوێنبووە.

ئەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەمویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێدەکات.

ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت: چیت بەم نیعمەتانە کرد؟

دەڵێت: خوایە، لە پێناوی تۆدا زانستی شەرعیی فێربووم و، خەڵکم فێری شەرع دەکرد و، قورئانم پێدەووتن.

خوای گەورە دەفەرمووێ: درۆت کرد! بۆیە پێت دەووتنەوە، تا بڵێن : زانایت، بۆیە قورئانت دەخوێندو فێرتدەکردن، تا بڵێن: قورئان خوێنە! ئەوا وترا.. پاشان فەرمان دەدرێت بە ڕاکێشان لەسەر ڕوو، ڕایدەکێشن، تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە..

ئینجا کابرایەکە ،کە خوای گەورە بڕێکی زۆری لە هەموو جۆرە سەروەت و سامانێکی پێ بەخشیووە، ئەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار.

خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەمویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێدەکات.

ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت: چیت بەم نیعمەتانە کرد؟

دەڵێت: خوایە، هیچ بوارێك نەبوو، تۆ حەزت بە بەخشینی ماڵ بوو بێت تێیدا، ئیللا گرتمە بەرو سامانم تێدا بەخشی.

خوای گەورە دەفەرمووێ: درۆت کرد! بۆیە دەتبەخشی، تا بڵێن: سەخیی و خێرەومەندە.. ئەوا وترا..

پاشان فەرمان دەدرێت بە ڕاکێشان لەسەر ڕوو، ڕایدەکێشن ،تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە ..

ئیمامی ترمزی دەڵێ: ئەبو هورەیرە (خوا لێی رازی بێت) وتی: پاشان پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) )دەستێکی بە ڕانم داداو فەرمووی: ئەی ئەبا هورەیرە! ئا ئەوانە یەکەمین کەسێك دەبن، کە لە ڕۆژی دواییدا ئاگری دۆزەخیان پێ خۆش دەکرێت!..

- هەروەها دەفەرمووێ: (يُؤْتَى بِالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ فَتَنْدَلِقُ أَقْتَابُ بَطْنِه، فَيَدوور كَمَا يَدوور الْحِمَارُ فِي الرَّحَى، فَيَجْتَمِعُ إِلَيْهِ أَهْلُ النَّارِ فَيَقُولُونَ: فُلَانُ مَا لَكَ؟ أَلَمْ تَكُ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ؟ فَيَقُولُ: بَلَى كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلا آتِيهِ، وَأَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ وَآتِيهِ).(١)

واتە: لە ڕۆژی دواییدا کابرایەک دەهێنن و، فڕێی دەدەنە دۆزەخەوە، ورگی لێك واڵا دەبێتەوەو ریخۆڵەکانی دێنە دەرەوە، ئیتر وەکو گوێدرێژی سەر ئاوی ئاش، هەر بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە!

دۆزەخییەکان، کە دەیبینن، لێی کۆدەبنەوە، دەیناسنەوە پێی دەڵێن: ئەوە تۆ فڵان کەس نیت؟!

ئەدی تۆ نەبویت فەرمانت بە چاکە پێ دەکردین و، لە خراپە بە دوورت دەگرتین؟!

ئەوە بۆچی لێرەیت؟ !

چیت لێ قەوماوە؟!

ئەویش دەڵێ: بەڵێ منم.. بەڵام من فەرمانی چاکەم بەئێوە دەکردو، خۆم نەمدەکرد، رێی خراپەم لە ئێوە دەگرت، بەڵام خۆم دەمکرد!

(١) بوخاری (٣٠٢٧)، موسلیم (٥٣٠٥).

ب- ئاسەواری ڕیابازیی لەسەر کۆمەڵکاریی ئیسلامی:

ڕیابازیی، کە ئەو هەموو دژوارێتیی وکاریگەرێتییە خەتەرە ی، لەسەر کارو کردەوەی موسوڵمان درووستدەکات، بێگومان دژوارێتیی و کاریگەریی سلبیشی لەسەر کاری ئیسلامیی و کۆمەڵکاریی و بانگەوازو جهادیش زۆر دەبێت،لەوانە: دوور کەوتنەوەی ئامانج و زۆربوونی ڕەنجی بە هەدەرچوو و، قورسبوونی کارو ئەرك لەسەر خواویستە سەرڕاستەکان،چونکە لەگەڵ ئاسانترین کێشەی ڕێگادا، ئەو ریابازە قسەزلانە لاڕێ دەکەون، پاشەکشە دەکەن و دەبنە هۆی ساردبوونەوەو بەزینی کەسانی نوێی کۆمەڵکارییەکە..

ئەوە - لە هەمان کاتیشدا- سروشتیەو تاقیکردنەوەی خوای گەورەیەوپێداویستیەکی بزاوت و هەڵوێستی ئیماندارانەیە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ﴾ آل عمران: ١٧٩.

واتە: نەدەکرا خوای گەورە هەر ئاوا موسوڵمانان واز لێ بهێنێت لەسەر ئەو دیدو هەڵوێستەی دەینوێنن، حەتمەن هەر دەبوو بیانخاتە تاقیکردنەوەکانی خۆیەوە، تا پیس و پۆخڵەکان لەپاك وچاك و خواویستەکان جودا بکاتەوە، تا ریابازان لە خواویستان هەڵاوێرێت.

- هەروەها دەفەرمووێ: ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ۝٣﴾ العنكبوت: ٢ – ٣.

واتە: چما خەڵکی وا دەزانن هەر بەوەندەی بڵێن :موسوڵمانین، ئیتر لێیان قبووڵ دەکرێت و لێ دەگەڕێنرێن؟

چما وا دەزانن نابێت تاقیکردنەوەیان بەسەردا بێت؟ تا موسوڵمانی سەرڕاست و سەرزارەکیی، لێك جودا بکرێنەوەو بناسرێنرێن..

خۆ ئێمە ئیماندارانی پێش ئەمانیشمان تاقیکردۆتەوە، خوای گەورە ،کە دەزانێت کێ دینداری سەرڕاستەو ،کێ دینداری سەرزارەکیە... ناساندنیان زەڕوریە، بۆ بەهانە بڕینی قیامەتیان پێویستە.. تا بزانرێت کێ ڕاستگۆیەو کێ درۆزنەو ،خۆی بە دینەکەدا هەڵواسیووە!

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تُتۡرَكُواْ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ وَلَمۡ يَتَّخِذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَلِيجَةٗۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٦﴾ التوبة: ١٦.

واتە: چما وا دەزانن بەوەی راتانگەیاندووە ،کە موسوڵمانن ئیتر وەل دەکرێن و ئەوەندەتان بەسە؟

چما وا دەزانن خوای گەورە، ناخوازێت دیدو هەڵوێستی ئەو ئیماندارانەتان دەربخات، کە لە پێناوی خوای گەورەدا جیهادیان کردو، هیچ کافرو موسوڵمانێکیان نەکردە دۆست و یاوەری خۆیان!

هەر لەسەر ئەوە سوربوون، کە لایەنگیری خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی دەبن و، پشتیوانیی لە موسوڵمانان دەکەن و، هیچ کافرو دووڕوویەك لە خۆ نزیك ناکەنەوە، تا بیانکەنە دەمڕاستی خۆیان، خوای گەورەش ئاگای لە وردەکارییەکانی کارو کردەوەکانتان هەیە.

**پێنجەم: چارەسەری ڕیابازیی:**

١- بیرکردنەوەو هۆشخستنە سەر چاوەنووسی دنیایی و قیامەتیانەی ڕیابازیی و، دژواریی داهاتوی ریاباز: هەر وەکو پێشتر روونمان کردەوە: هەر موسوڵمانێك بەردەوام هۆشی لەم داهاتووە سەختەی ریابازان هەبێت، هەستدەکات ،کە لە ژێر چاودێریی خوای زاناو بە دەسەڵاتدایە..

ئـــەوەش کاریگـــەریی خـــۆی لەســـەر خواویســـتیی و سەرڕاســـتێتیی دینداریيەکەی دەبێت. إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

ئەم هەستی چاودێریی و ئاگا لە خۆبوونە، وا لـە موسـوڵمانی دینـداری سـاغ دەکـات، کـە نەکەوێتـە ریاوە،ئەگـەر کـەوتیش، زۆر نـەبێت و خێـرا بـە خـۆدا بچێتـەوەو، تۆبـە بکـات و سـور بێـت لەسـەر پارسـەنگی خـۆی ، پاراسـتنی خواویستیەکەی.

٢- دوورکەوتنەوە لە ریابازو موسوڵمانی سـەتحی و سـەرزارەکی (ئـەعرابی) و، هاوڕێیەتی کردنی دینداری سەرڕاست و تەقواکارو پیاوچاك.

ئەمـەش (إِنْ شَـاءَ اللَّـهُ) کاریگـەریی ئیجـابی لەسـەری دەبێت،چونکـە هـەم سەرڕاستێی ئەوان دەبینێت، هەم ئامۆژگاریی و ئاڕاستەوانی پێ چاك دەبێت.

٣- ڕاست ناسینی خوای گەورە: بە تەئکید هەموو موسوڵمانێك خوای گـەورە دەناسێت، باوەڕی پێهناوەو دینەکەیی قبووڵ کـردووە، بەڵام لێـرەدا مەبەسـت لـە یەقین و دڵنیایی و قەناعەتکردنی تـەواو و، رەفتارکردنـە لەگـەڵ نـاوو سـیفاتی خوای تاك وپاك.

ئەمەش کاریگەریی لەسەر هۆشداریێتیی موسوڵمانەکە دەبێت، کە بـەردەوام خۆ لە ڕیابازیی دوور بگرێت و، خواویستانە رەفتار بکات.

٤- پاڵفتەکردنی دەروونـی خـۆی و خۆ(کـۆنترۆڵ)کـردن: تـا بتوانێـت حـەزو ئارەزووەکـانی خـۆی بـە شـەرعەوە ببەسـتێتەوەو، نـەهێڵێت نەفســی، بـەرەو ڕیابازیی و خۆ نواندن و پلەوپایەو دەمڕاستیی و ئـەمیرێتیی خـۆ بکوتێـت، یـان دین و دینداریێتیەکەی، بۆ هێنانەدیی بەرژەوەنـدی و وەسـف و سـەنای خـەڵکی بەکار بهێنێت.

٥- ئـەو کەسـەی بۆتـە ئاڕاسـتەوان :(بـاوك و براگـەورە و مـەلاو داعـی و ئەمیرو...هتـد) زەرورییـە، کـە پلـەی بەرپرسـێتیەکەیان بـە خۆشەویسـتی و ڕێزگرتنـەوە ببەسـتنەوە، نـەك تونـدوتیژیی و سـەختی موحاسـەبەکردن، چونکـە نەرمونیانیی وەك لە توندوتیژیی کاریگەرترە،کە لەوانەیە بەردەستەکان تووشـی درۆو ریاکاریی بکات.

٦- رەفتارکردنی بـەپێی ئادابـە ئیسـلامیەکان و پێوەپابەنـدبوونیان: هـەروەها ڕێـزو تەقـدیر کـردن و چوسـت وچـالاکی رەچـاو بکـات و، چاوپۆشـیی لـە کەمتەرخەمیی و نوقسانی و ئیهمالی ئەرکیش نەکات.

بـا لـەو ناوەنـدەدا خـۆی پارسـەنگ رابگرێـت، باشـترین کاروبـاریش: میانڕەوێتییەکەیەتی، کە وا لە نێوان کەمتەرخەمیی و توندوتیژییدا.

٧- لێکۆڵینەوەو سەرنجدان لە بەسەرهاتی ریابازان و زانینـی چارەنووسـیان: ئەمەش ئەوە دەخاتە بەردەم نەفس ،کە نەکەیت خۆ بخەیتە سەر ئەو مەبەسـت و دیدو هەڵوێستەو، خۆ بخەیتە بەر سەرلێشێوانی ئەو چارەنووسە.

٨- دیراسەکردنی ئـەو دەقانـەی هـانی خواویسـتی دەدەن: کـە بـەردەوام بیـر دەخەنەوەو هۆشداریی دەدەنـە موسـوڵمان، کـە ئاگـات لـە خـۆ بێـت، نەکەویتـە ڕیاکاریی ..

ئـەو بەرچاوڕوونییـەی ،کـە ئـەم دەقـە پیرۆزانـە درووسـتی دەکـەن - بـە پشتیوانی خوای گەورە- دەبنە پاڵنەری خواویستیی،چونکە نـەزانین هۆکـارێکی سەرەکی گوناحکارییە..

کەسێك ،کە شتێك نەناسێت، دژی دەوەستێتەوە،کەسێك گوناح نەزانێت چیە

حەتمەن دەکەوێتە ناویەوە.. خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ٣٩﴾ يونس: ٣٩.

واتە: ئەوەیان بە درۆ خستەوە، کەپەییان پێنەبردو زانیارییان نەبوو لەسەریی، پێناسەو شیکارییشیان پێنەگەیشتبوو.

٩- لە خۆپرسینەوەو هەڵوێستەکردن بۆ موحاسەبەی نەفس: تا نوقسانییەکانی خۆی ببینێت و، هەوڵی پڕکردنەوەیان بدات، تا خڵتەوپڵتەی نییەتی لادات و ڕادات و مەبەستی پاك و پوختیی خواویستی بۆ بمێنێتەوە.

١٠- خۆتەسلیم کردن بە خوای گەورە و هانا بۆ بردنی: تا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت،تا داوای یارمەتی لێ بکات،تا لە بەزاندنی نەفس و، ڕێکخستنی حەزو ئارەزوەکانیدا پشتیوانی بێت..

ئەمەخاڵێکی زۆر گرنگە.

هەر کەسێك ڕاستگۆیانە ڕووی لە خوای میهرەبان کرد، کە هاوکاریی بێت خوای گەورە بە هانایەوە دێت و یارمەتی دەدات..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) جارێك لەسەر مینبەر فەرمووی: (أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا هَذَا الشِّرْكَ فَإِنَّهُ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ. فَقَالَ لَهُ مَنْ شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُولَ وَكَيْفَ نَتَّقِيهِ وَهُوَ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: قُولُوا: اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ نُشْرِكَ بِكَ شَيْئًا نَعْلَمُهُ وَنَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ نَعْلَمُه).[1]

واتە : هۆ خەڵکینە! خۆ لەم شیرکە (لە ڕیابازیی) بپارێزن، کە لە جێ پێی مێرووڵە شاراوەترە.

---

(١) ئەحمەد(٤٠٣/٤)، مونذری لە (الترغيب والترهيب ٧٦/١) شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (صحيح الترغيب والترهيب/٣٣) دا بە حەسەنی داناوە.

یەکێك، کە خوای گەورە دەیویست بپرسێت، عەرزی کرد: جا چۆن خۆی لـێ بپارێزین ،کە لە جێ پێی مێرووولە شاراوەترە؟!

فەرمووی: بڵێن: خوایە پەنا دەگرین بە تۆ لەوەی، کە بزانین و هاوبەشێکت لە شتێکدا بۆ بڕیار بدەین،داوای لێبوردنیشت لێدەکەین لە هاوبـەش بـۆ دانانێکـدا بۆت، کە نەزانین وپەی پێ نەبەین.

١١- هۆشبوون لەوەی، کە هەموو شتێك و هەموو بزاوت و سرەوتێك بەپێی قەدەری خوای گەورەیە: هەر وەکو خوای گەورە دەربارەی ئەوە دەفەرمووێ:

﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٢٢﴾ الحديد: ٢٢.

واتە: هەرچی بەڵاو موسیبەت و دیاردەیەکی سـەخت بەسـەر زەمینـدا دێـت، (وەکو: بوومەلەرزەو لافـاوو گرانـی و هیـتر)، هـەروەها هـەرچی بەڵاو کێشـەو نوقسانییەك دێتە ڕێتان (وەکو: نەخۆشی و وەجـاخ کـوێریی و هیـتر) ،هـەمووی هەر لە خوای گەورەوەیە، هەموی پێشـتر نـوسراوە، هـەمویان پـێش خـەلقبوونی ژیان و گەردوون ومرۆڤ وپێش ڕوودانی ئەو بەڵاو موسـیبەتانە، تۆمـارکراوون و لە کتێبدان، ئەمەش بە لای خوای گەورەوە ئاسانە.

مەخلوقات ،هەر چەندە بەهێزو زاناو لێهاتوو بن، هەر لەوە بـێ دەسـەڵاتترن، کە سودێك - بە بێ مۆڵـەتی خـوایی- بـە خۆیـان، یـان بـە یـەکتریی بگـەیێـنن، ناشتوانن زیانێك - کە خـوای گـەورە لـە چارەی نووسـیون- لـە خۆیـانی دوور بخەنەوە، نە خاوەنی خۆیانن و نە خاوەنی کاریگەریی رەها..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٩٤﴾ الأعراف: ١٩٤.

واتە: ئا ئەوانەی ئێوە لە جیاتی خوای گەورە هاناو هاواریـان بـۆ دەبـەن، خـۆ هەر مەخلوق و پەرسـتیاری وەکـو خۆتـانن! هـەر وەکـو خۆتـان بێدەسـەڵات و

دەستەوستانن، دە ئەگەر ڕاست دەکەن، داوای شتێکیان لێ بکەن: داخۆ دەتوانن بۆتان بهێننە دیی؟!

ئەگەر ڕاستدەکەن و ئەوانە خوان و، سیفاتیان وەکو سیفەتی خوای کردگارە.. دەی سا با داوایەکتان گیرا بکەن و،پێداویستیەکتان دەبرکەن!

- هەروەها دەفەرمووێ: : ﴿إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ الجاثية: ١٩.

واتە: ئەگەر شوێن دیدو ڕێبازو شەرع و بەرنامەی ئەوان (جولەکەو دیان وەکو لە ئایەتەکانی پێشویدا هاتووە) بکەویت، ئەوان ناتوانن ڕێی هیچ شتێکت لێبگرن کە خوای گەورە بەسەرت دەهێنێت.

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

*** ** ***

بژاری دەروون: نەخۆشی دووەم (٢)

# گیانی کوێخایەتیی

# (التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ وطَلَبُ الرِّيادَة)

پێناسەی (التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ وطَلَبُ الرِّيادَة) گیانی کوێخایەتیی.

گیانی کوێخایەتیی لەتەرازوی ئیسلامدا.

هۆکارو پاڵنەرەکانی گیانی کوێخایەتیی.

ئاسەواری گیانی کوێخایەتیی.

چارەسەریی گیانی کوێخایەتیی و میرخوازێتیی.

## گیانی کوێخایەتیی[١] یان (میرخوازیی)

(التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ وطَلَبُ الرِّيادَة)

**یەکەم: واتای (التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ وطَلَبُ الرِّيادَة) گیانی کوێخایەتیی:**

(التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ وطَلَبُ الرِّيادَة) ناتوانین ئەم دوو ڕستەیە، یەکسەر وەکو زاراوەیەك بۆ ئەم نەخۆشیەی دینداریی دیاریی بکەین، تا وشەکانی (الصَّدَارة) و (الرِّيادَة) بەجیا لێك نەدەینەوە:

**__الصَّدَارة__**: واتە پێشەنگی وپێشڕەویی و سەرۆکایەتیی،لە ئەسڵدا لە (الصَّدر)ەوە هاتووە، واتە: سنگ، هەروەها هەر شتێك، کە لەپێش شتی تری هاوڕێیەوە بێت..

کەوابوو: (الصدارة ) بەوە دەوترێت: کە سەرەتا دەردەکەوێت و باڵاو دیارەو دەبێتە پێشەنگ، بۆیە وتراوە: (الصَّدرُ الفَرَسُ) واتە: ئەسپەکەپێش هەموو ئەسپ و ئێسترەکان کەوت وبوو بە پێشەنگ، چونکە سنگی زیاتر بردەپێش.[٢]

**__الرِّيادَة__**: بەپێشکەوتن و پێشبردنی ئامادەسازیی دەوترێت :(التَّرْوويد) واتە: (رائِد) کردن.. هەروەها بە مانای داواکردن و هەڵبژاردنی چاکترین.[٣]

کەوابوو: (التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ و الرِّيادَة: گیانی کوێخایەتیی) بریتییە لە: حەزی خۆبردنەپێش ودەرکەوتن و داواکردنی سەرۆکایەتیی.

---

(١) کوێخا: کوێخوا: کەیخودا: گەورە و قسەڕۆیشتووی گوندبوو. یەکەمین پیاوماقوڵبوو کە کێشەی چارەسەردەکرد. حوکمی دەکرد. ئاشتەوایی نێوان ناکۆکیەکانیدەکرد.. گیانی کوێخایەتی یەعنی خۆبردنە پێش و حەزلەدەرکەوتن و حەز لەپێشەنگێتی کاروان و قسە ڕۆیشتوویی کۆڕو دیوەخان!
(٢) لسان العرب (٤/٤٤٥ـ٤٤٧) بە کورتکردنەوەوە، (الصحاح في اللغة و العلوم/ل٥٩٣).
(٣) لسان العرب (٣/١٨٧)، (الصحاح في اللغة و العلوم/ل ٤١٦).

- **لـەڕووی زاراوەییـەوە:** گیـانی کوێخـایەتیی، بریتیـە لـە: حـەزکردن لەپێشەوایەتیی و دەرکـەوتن، هـەروەها هەوڵـدان وداواکردنـی پێشـەوایەتیی و دەرکەوتن.

**دووەم: گیانی کوێخایەتیی لەتەرازوی ئیسلامدا:**

گیانی کوێخایەتیی و هەوڵدان و داواکردنی بەرپرسـێتیی لـە ئیسـلامدا، ڕێ لێگیراوەو رەفتارێکی ناپەسندە،نەك هـەر ئەوەنـدە، بـەڵکو هەڕەشـەی سـەختـی لەسەرە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (إنَّا واللهِ لانُـوَلِّيَ عَـلَى هذا العَمَلِ أَحَداً سَأَلَهُ، وَلا أَحَدَاً حَرَصَ عَلَيهِ).[1]

واتـە: بـەخوا قەسـەم، ئێمـە ئـەم کاروبـارە نـادەین بـە کەسـێك، داوای کاربەدەستێیەکەی بکات، ناشیدەین بە کەسێك، سـور بێـت لەسـەریی.. وا کـە مکوڕ بێت، مەگەر ئەوەی ،کە هەر دەبێت خۆی بەرپرسی بێت.

- پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ) بـە (عەبـدوورەحمانی کـوڕی سەمورە)ی (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: (يَا عَبْدَ الـرَّحْمَن بْـنَ سَـمُرَةَ،لا تَسْـأَلِ الإمَارَةَ، فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إِلَيْهَا، وَإِنْ أُعْطِيتَهَـا عَـنْ غَـيْرِ مَسْـأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا).[2]

واتە: هۆ عەبدوورحمان!داوای ئەمیرێتیی مەکە، ئەگەر ئـەمیرێتیت بـدرێتی، بێئەوەی خۆت داوات کردبێـت، یارمـەتیت دەدرێ تێیـدا، بەڵام ئەگـەر لەسـەر داخوازیی خۆت بتدەنێ، یارمەتیت نادرێ تێیدا.

-(ئەبو زەڕی غیفاریی) -خوالێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە: (قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّـهِ

(١) بوخاری (٦٦٤٥) ، موسلیم (٣٤٠٨).

(٢) بوخاری (٦٢٢٧)، موسلیم(١٦٥٢).

أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي قَالَ فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِي ثُمَّ قَالَ: يَا أَبَا ذَرٍّ إِنَّكَ ضَعِيفٌ وَإِنَّهَا أَمَانَةُ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا).[١]

واته: عەرزی پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)کرد ،کە ئەرێ منیش بە والی (یان کۆکاری زەکات ،یان کاربەدەستی شوێنی تر) تەعین ناکەیت؟!

( ئەبوزەڕ) دە لێ: پێغەمبەری خوا( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی دا بە ناو شانمداو فەرمووی: ئەبوزەڕ! تۆ لاوازیت و بۆ ئەم بەرپرسێتیە ناشێیت، ئەم کارە ڕاسپاردەیە، لە ڕۆژی دواییشدا دەبێتە مایەی پەشیمانبوونەوەو سەرشۆڕیی، مەگەر کەسێك حەقیانەت بیگرێتە دەست و، وا کاری تێدا بکات، کەحەقی خۆی بداتێ و،چی لەسەر بێت ئەدای بکات.

- (میقدامی کوڕی مەعدی یەکریب) -خوالێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ضَرَبَ عَلَى مَنْكِبَيْهِ، ثُمَّ قَالَ أَفْلَحْتَ يَا قُدَيْمُ إِنْ مُتَّ وَلَمْ تَكُنْ أَمِيرًا وَلَا كَاتِبًا وَلَا عَرِيفًا).[٢]

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەستی خستە سەرشانی (شانی میقدام)پاشان پێی فەرموو هۆ قودەیم! ئەگەر بمریت و جارێك ئەمیرێتیی، یان نوسەرێتیی (ڕەسمی حکومی)، یان والێتیی وکاربە دەستێتیت نەکردبێت، سەرفراز دەبیت.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) وەکو هەڕەشەلە بەرپرسان دەفەرمووێ: (وَيْلٌ لِلْأُمَرَاءِ، وَيْلٌ لِلْعُرَفَاءِ، وَيْلٌ لِلْأُمَنَاءِ، لَيَتَمَنَّيَنَّ أَقْوَامٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ

---

(١) موسلیم (١٨٢٥)، ئەحمەد (١٧٣/٥).

(٢) ئەبوداوود (٢٩٣٣)، ئەحمەد (٧٥٤/١٦). ئەلبانی رحمەالله لە (ضعيف الجامع الصغير ١٠٥٥)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

أَنَّ نَوَاصِيَهُمْ مُعَلَّقَةٌ بِالثُّرَيَّا، يَتَجَلْجَلُونَ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، وَأَنَّهُمْ لَمْ يَلُوا عَمَلاً).[1]

واتە: وەیل (ئەشکەنجەو ئازاری دۆڵێکی دۆزەخە) بۆ ئەمیرەکان، وەیل بۆ بەرپرسان و نوێنەری تیرەو هۆزەکانیان، وەیل بۆ ئەمیندارانی ڕاسپاردە.. ڕۆژی دوایی خەڵکانێك خۆزگە دەخوازن، کە خۆزگە بە قژ لە نێوان ئاسمان وزەوییدا هەڵواسرانایە، بەڵام بەرپرسێتیی هیچ کاروبارێکیان لە دنیادا لە ئەستۆدا نەبوایە.

ئەم زەمکردن ورێگرتنە لەبەرپرسێتیی وئەمیرێتییە، پێچەوانەی ئەو داواکارییەی سەیدنا یوسف (عَلَيهِ السَّلَام) نییە، کە بەپاشای میسری فەرموو ﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ۝٥٥﴾ يوسف: ٥٥.

واتە: بمکەرە بەرپرسی خەزێنەی وڵات، چونکە من هەم پارێزەریی دەبم ،هەم شارەزای کاروباریشیم..

یان ئەو دوعایەی، کە موسوڵمانانی (عبادالرحمن) لەخوای گەورە داوا دەکەن: ﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ۝٧٤﴾ الفرقان: ٧٤.

واتە: ئەو ئیماندارانەی، کە دەڵێن: خوایە! وەچەی ساڵحمان لە هاوسەرانمان پێ ببەخشە، کە ببنە مایەی چاورۆشنیمان، خوایە! پیاوچاکمان بکەو بمانکە بەپێشەوای تەقواکاران.

جیاوازیی و دژایەتیی لە نێوان ئەم دوو دیدوهەڵوێستەدا نییە:

- سەیدنا یوسف (عَلَيهِ السَّلَام)،داوای ئەو پلەیەی بەرپرسێتی کردو خۆشی

(١) ئەحمەد (٥١١/١٠)، ئیبنوحیببان (٤٥٧٥)، حاکم (٧٠٨٣)، بەیهیقی (١٨٦١٥)، بەغەویی لە (شرح السنة/٢٤٦٨). ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الترغیب والترهیب: ٧٨٨) و (صحیح الجامع الصغیر/ ٥٣٦٠)و (سلسلة الأحادیث الصحیحة/٢٦٢٠) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

بەشیاویی زانی، چونکە بینی ئەو شوێنە خاڵییەو کەسێك بەرپرسی نییە، کە داوەرانە حەق لە شوێنی خۆیدا دابنێت و، پارێزگاریی ماڵ وسامانی گشتیی بکات و شارەزای چۆنییەتی پەیداکردن و پاراستن و دابەشکردنەوەی بێت.

خۆیشی (عَلَيهِ السَّلَام )(کە پێغەمبەرێکی مەعسووم وچاك وپاکەو بە وەحی خوای گەورەش رەفتاردەکات) دیتی خۆی شیاوترینی ئەو شوێنەیە.. دووسیفەتی شیاوێتییەکەشی باس فەرموو کە هەم لە دزیی وبێ خاوەنیی و بە هەدەردان سامانەکە دەپارێزێت، هەم شارەزای چۆنییەتی پاراستن و دابەشکردنەوەیەتی بەسەر موستەحەققانیدا..

جەنابیشی( عَلَيهِ السَّلَام )بەم دووسیفەتەوە، وەکو شیاویی ئەو شوێنە نەناسرابوو، بۆیە دەبوو ئاواخۆی بۆ بپاڵێوێت،چونکە رێگرتن لەخراپەو فەساد لەسەریی فەرزبوو ، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٥١﴾﴾ البقرة: ٢٥١.

واتە: ئەگەر خوای گەورە یاسای (تەدافوع) بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دانەنایە، کە حەق وباتڵ لە ململانێدا بن و یەکتریی ببەزێنن، سەرزەمین هەموی دەبوو بەخراپەکاریی و فەساد، هەموو شوێنێکی دەگرتەوە.

بۆیە زەروری بوو حەق بکەوێتە وێزەی ناهەقیی و بەرەنگاریی ببێتەوە.

- داواکاریی ئیماندارانیش لەخوای گەورە، کە بیانکات بەپێشەوای تەقواکاران، داوایەکەو لەخوای گەورە کراوە، نەك لە بەرپرسان بۆ تەعین کردنیان بە ئەمیرو سەرۆك و فەرماندە..

ئەمەش جیاوازیی زۆرە.. چونکە موسوڵمان، کە لە خوای گەورە داوادەکات بیکاتە پێشەوا، یەعنی ئەوەندە چاکی بسوڵحێنێت و وا پارسەنگ رایگرێت، کە شیاوو شایستەی ئەو جێگایە بێت..

خۆ ناڵێ من شیاوی ئەمیرێتیی وسەرۆکایەتیم ،تا ببێتە (تەزکیەکردنی نەفسی خۆی).. یەکەمیان، داواکاریی دوای خۆساڵحکردنەو، دووەمیان، خۆزگەی تەمبەڵ و تەوەزەلی بەر سێبەرە.. شیاوی هیچ بەرپرسێتیەك نییەو دەڵێ: بمکەنە وەزیر!

دوعای پێشەوایەتیەکە لە کاتێکدایە، کە هەوڵی خۆ شیاوو شایستەکردنەکەی بەردەوامە. بەڵام کەسانی دووەم خۆیان شیاو نەکردووەوداوای ئەمیرێتیەکە دەکەن! خاوەن دوعاکان خۆیان ناچن بۆ بەرپرسێتی، بەرپرسێتیەکە ئەوان دەخوازێت.. کەسانی دووەم بە نەشیاویی و ناشایستەیی لەهەوڵی کاربەدەستێتیدان و بۆی عەوداڵن.

**سێیەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی گیانی کوێخایەتیی:**

١- بۆ خۆڕاپسکان لە دەسەڵاتی بەرپرسانی سەڕووی: دەیەوێت وا خۆی نیشانبدات کە پێگەیشتووەو خاوەن ویست و ئیرادەو تواناو لێوەشاوەییە..

لەوانەیە ئەمە هۆیەکی سەرەکی درووستبوونی گیانی کوێخایەتیی وحەزی سەرکردەیی لای موسوڵمان - بە تایبەتی کۆمەڵکارانی چالاك- درووست کردبێت، کە حەز ناکات دەسەڵاتی کەسی بەسەرەوە بێت!

وا دەزانێت قبوڵکردنی ئەمیرێتیی کەسێکی تر، زەلیلی و لە دەستدانی سەربەستیەتی! کەسی وا هەیە لە سەرەتای فام کردنییەوە نەیویستووە گوێڕایەڵی کەسوکار، تەنانەت دایکوباوکیشی ببێت.

هەر حەزی کردووە لێیان یاخی ببێت! کەسانی ئاوا بخرێنە هەر کەش و بارودۆخێکەوە هەر نایانەوێت کەس بەرپرس و گەوەریان بێت..

پەروەدەکردن و ئاڕاستەکردنی کەسانی وا زۆر زەحمەتە، چونکە ئەو خۆی لە کوێخا بە بچوکتر نازانێت. پێی شەرمە، لە (ژێردەست)ی کەسێکدا بێت..

هەرچەند کەسەکە زاناو پێشەواو گەورە بێت.. ئەم جۆرە کەسانە نموونەی زەقی ئەم نەخۆشیەن، کە نەشەرم دەکەن ونە دەترسن ونە خەمی بەرپرسێتی قیامەتی خۆیانە!

ئەم جۆرە کەسانە بەردەوام هەوڵ بۆ ئەمیرێتی دەدەن.. ڕاستەوخۆو لاوەکی داوای دەکەن، چونکە لە هزرو دیدو قەناعەتی چەسپیوە کە نابێت لەژێر دەستی کەسدا بێت.

٢- ئومێدی هێنانەدیی بەرژەوەندییەکی دنیایی: دەشێت گیانی کوێخایەتییەکەی، لەڕاستیدا پاڵنەرێکی بەهێزی ناخی بێت. بەو ئومێدەی بگاتە ئەو پلەوپایەی کە بەرژەوەندییەکانی دنیای تێدا دەهێنێتەدیی.

ئەم جۆرە کەسە لە رەنجی گەیشتنە مەبەستی خۆیدایە، بۆیە لە ڕاستیدا دینداریێتییەکەشی، دەشێت هەر ڕووکەش بێت، بۆیە زۆر بایەخ بەحەڵاڵ و حەڕام، یان شیاوو نەشیاو نادات!

دەشێت بەرژەوەندییەکەی ناو دەرکردن بێت، کە وا دەزانێت: ئەگەر گەیشتە ئاستی سەرکردایەتی، ئیتر بە ناوبانگ دەبێت.. دەشێت مەبەستی وا بێت: کەبوو بە ئەمیر ،هەموو ئەوانی تر لە خزمەتیدا دەبن.. یان وا دادەنێت، کە ئەگەر ببێتە بەرپرس، پارەی زیاتری دەستدەکەوێت، خزم و کەسوکار لێی کۆدەبنەوەو خەڵکی وەکو (مەسئوولی بەرز) تەماشای دەکەن..

دەشێت خاوەن گیانی کوێخایەتیی، هەموو ئەم مەبەستانە پاڵنەری رەنج و داواکردنی بەرپرسێتیەکەی بن، هەروەکو کە دەشێت یەکێکیانی لاوە سەرەکی بێت. هەر وەکو کە دەشێت مەبەستی هێنانەدیی بەرژەوەندیەکی تر بێت کە بەلای خۆیەوە گرنگ وکاریگەرە.

٣- بێئاگابوونی لە ئەرك و مەسئولیەتی ئەمیرێتیی: ئەم گیان کوێخایە رەنگە زۆر لەوە بێئاگا بێت، کەبوون بە ئەمیر ئەرکی قورسترو بەرپرسێتی دژوارتردەکات، چونکە دەبێت دابینکردنی ئەمانی شوێنکەوتووەکانی بخاتە پێش دابینکردنی ئەمانی خۆیەوەو ،دەبێت شوێنکە وتووەکانی پێش خۆی تێر بن، خۆی برسی بمێنێت.

ئەم ماندوو ، شوێنکەوتوانی حەساوە.. ئەم دەبێت زیاتر بەخەمی ئەوانەوە بێت وبەرگرییان لێبکات، زیاتر لەوەی ئەوان بە خەمی ئەمەوە بن و بەرگریی لێ بکەن..

ئەم، دەبێ مشوری ژیان وئەمانی خۆیان ومال ومنداڵیان بخوات،لە کاتی نارەحەتی و مەترسییدا، دەبێت ئەم لەپێشی ئەوانەوە بێت.

دەبێ لە جەنگ وجیهاددا ئەم ببێتە قەڵای ئەوان.. هەر وەکو، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) وای دەکرد..

(بەرائی کوڕی مالیك) -خوالێی رازی بێت- ئاوا وەسفی خۆیان و پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ) دەکات لەو کاتەدا ،کە لە ناوجەرگەی جەنگدابوون، دەفەرمووێ: (كُنَّا وَاللَّه إِذَا احْمَرَّ الْبَأْسُ نَتَّقِي بِهِ، وَإِنَّ الشُّجَاعَ مِنَّا لَلَّذِي يُحَاذِي بِهِ. يَعْنِي النَّبِيَّ( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).[1]

واتە: بەخوا قەسەم کاتێك جەنگ و پێکدادان گەرم دەبوو، ئێمە بۆ خۆپاراستن خۆمان دەدایە بەر پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ، ئازامان ئەو کەسەبوو، کە هاوشانی جەنابی(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بوەستایە!

- سەیدنا عەلی (خوالێ رازی بێت) دەفەرمووێ: (كُنَّا إِذَا احْمَرَّ الْبَأْسُ وَلَقِيَ الْقَوْمُ، اتَّقَيْنَا بِرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم، فَمَا يَكُونُ أَحَدٌ أَقْرَبَ إِلَى الْعَدُوِّ مِنْهُ).[2]

واتە: کاتێك جەنگ بەرپا دەبوو، بەرەی ئێمەو بەرەی کوفر ڕووبەڕووی یەکتریی دەبوینەوە، خۆمان دەدایە پاڵ پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

جەنابی لە هەموومان نزیکتربوو لە دوژمنەوە، واتە: کەس بەقەدەر جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لێیان نزیك نەدەبوو!

- جارێکیان خەڵکی مەدینە لە نیوەشەودا، گوێیان لە غەڵبەغەڵبێك بوو،کەلە کەناری شارەوە دەهات، هاواریان لێ هەستا (لە مەترسی ئەوەی دوژمن هێرشی

---

(١) موسلیم (٣٣٢٦). فەرموودەیەکی دووروو درێژە، یەکێك لە ریوایەتەکانی دەفەرمویێ: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى الْبَرَاءِ، فَقَالَ: أَكُنْتُمْ وَلَّيْتُمْ يَوْمَ حُنَيْنٍ يَا أَبَا عُمَارَةَ؟ فَقَالَ: " أَشْهَدُ عَلَى نَبِيِّ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ مَا وَلَّى، وَلَكِنَّهُ انْطَلَقَ أَخفَّاءُ منَ النَّاس وَحُسَّرٌ إِلَى هَذَا الْحَيِّ منْ هَوَازنَ وَهُمْ قَوْمٌ رُمَاةٌ، فَرَمَوْهُمْ برشْق منْ نَبْل كَأَنَّهَا رجْلٌ منْ جَرَاد، فَانْكَشَفُوا فَأَقْبَلَ الْقَوْمُ إِلَى رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ، وَأَبُو سُفْيَانَ بْنُ الْحَارث يَقُودُ به بَغْلَتَهُ، فَنَزَلَ وَدَعَا وَاسْتَنْصَرَ وَهُوَ يَقُولُ: أَنَا النَّبِيُّ لَا كَذبْ أَنَا ابْنُ عَبْد الْمُطَّلبْ، اللَّهُمَّ نَزِّلْ نَصْرَكَ ". قَالَ الْبَرَاءُ: كُنَّا وَاللَّه إِذَا احْمَرَّ الْبَأْسُ نَتَّقِي بِهِ، وَإِنَّ الشُّجَاعَ مِنَّا لَلَّذِي يُحَاذِي بِهِ يَعْنِي النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئەحمەد (١٨١١٣).

(٢) نەسائی (٨٥٨٥)، ئەحمەد (١٣٤٦)، بەغەویی لە (شرح السنة/٣٨٩٩) شێخ ئەرنائوط بە سەحیحی ناساندووە.

هێنابێتیە سەریان)، هەموو ڕاپەرین و خۆیان گورج کردەوەو ،بەرەو دەنگەکە چوون.

دیتیان وا پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێش هەموان تەشریفی بردۆتە ئەو شوێنەو، وادەگەڕێتەوە، دەبینن شمشێرەکەی لە گەردن کردۆتەوەو، ئەسپێکی ئەبوتەڵحەی -بێ زین- لە ژێردایەو دەفەرمووێ: (لَمْ تُراعُوا، لَمْ تُراعُوا).[1]

واتە : مەشڵەژێن مەشڵەژێن، هیچ نییە!

- ئەبوهورەیرە (خوالێی ڕازی بێت) بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە و

دە ڵێ: (بەوخوایەی هیچ شایانی خوایەتی نییە ،جگە لەو، لە حاڵێکدابووم، لەبەر برسێتی دەکەوتم، لە تاواندا بەردم بە سکمەوە دەبەست.

ڕۆژێك چوومە سەر رێی یاوەرانی نزیك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ).. ئەبوبەکر (خوالێی رازی بێت) تەشریفی هێنا، پرسیاری ئایەتێکم لێکرد، هەر بۆیەش پرسیارم لێکرد، تا خوڵقم بکات (بمباتەوە ماڵەوەو تێرم بکات)، وەڵامی دامەوە وتەشریفی برد.

دواتر عومەر هات (خوالێی رازی بێت)، پرسیاری ئایەتێکم لەویش کرد، مەبەستیشم لەپرسیارەکەم، هەر ئەوەبوو،کە تێرم بکات. بەڵام تەشریفی بردو خوڵقی نەکردم.

پاشان ئەبولقاسم (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) تەشریفی هێنا، کە بینیمی

---

(١) بوخاری (٤٧٠)، موسلیم (٢٣٠٧). ریوایەتێکی تری دەفەرمویّ: (كَانَ رَسُولُ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ أَحْسَنَ النَّاس وَأَجْوَدَ النَّاس وَأَشْجَعَ النَّاس، وَلَقَدْ فزعَ أَهْلُ الْمَدينَة ذَاتَ لَيْلَة فَانْطَلَقَ النَّاسُ قبَلَ الصَّوْت فَاسْتَقْبَلَهُمْ النَّبيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ قَدْ سَبَقَ النَّاسَ إلَى الصَّوْت وَهُوَ يَقُولُ لَمْ تُرَاعُوا لَمْ تُرَاعُوا وَهُوَ عَلَى فَرَسٍ لِأَبِي طَلْحَةَ عُرْيٍ مَا عَلَيْهِ سَرْجٌ وَفي عُنُقه سَيْفٌ فَقَالَ لَقَدْ وَجَدْتُهُ بَحْرًا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

زەردەخەنەیەکی هاتێ و زانی چیم لە دڵدایە.

لە ڕەنگ وڕوومدا دیاربوو، فەرمووی: (يَا أَبَاهِرٍّ، قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: الْحَقْ، وَمَضَى فَتَبِعْتُهُ فَدَخَلَ فَاسْتَأْذَنَ، فَأَذِنَ لِي فَدَخَلَ فَوَجَدَ لَبَنًا فِي قَدَحٍ، فَقَالَ: مِنْ أَيْنَ هَذَا اللَّبَنُ؟ قَالُوا: أَهْدَاهُ لَكَ فُلَانٌ أَوْ فُلَانَةُ، قَالَ: أَبَا هِرٍّ: قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: الْحَقْ إِلَى أَهْلِ الصُّفَّةِ، فَادْعُهُمْ لِي قَالَ: وَأَهْلُ الصُّفَّةِ أَضْيَافُ الْإِسْلَامِ لَا يَأْوُونَ إِلَى أَهْلٍ وَلَا مَالٍ، وَلَا عَلَى أَحَدٍ، إِذَا أَتَتْهُ صَدَقَةٌ بَعَثَ بِهَا إِلَيْهِمْ وَلَمْ يَتَنَاوَلْ مِنْهَا شَيْئًا، وَإِذَا أَتَتْهُ هَدِيَّةٌ أَرْسَلَ إِلَيْهِمْ وَأَصَابَ مِنْهَا وَأَشْرَكَهُمْ فِيهَا، فَسَاءَنِي ذَلِكَ، فَقُلْتُ: وَمَا هَذَا اللَّبَنُ فِي أَهْلِ الصُّفَّةِ، كُنْتُ أَحَقُّ أَنَا أَنْ أُصِيبَ مِنْ هَذَا اللَّبَنِ شَرْبَةً أَتَقَوَّى بِهَا، فَإِذَا جَاءَ أَمَرَنِي فَكُنْتُ أَنَا أُعْطِيهِمْ وَمَا عَسَى أَنْ يَبْلُغَنِي مِنْ هَذَا اللَّبَنِ، وَلَمْ يَكُنْ مِنْ طَاعَةِ اللَّهِ وَطَاعَةِ رَسُولِهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) بُدٌّ، فَأَتَيْتُهُمْ فَدَعَوْتُهُمْ، فَأَقْبَلُوا فَاسْتَأْذَنُوا، فَأَذِنَ لَهُمْ وَأَخَذُوا مَجَالِسَهُمْ مِنَ الْبَيْتِ، قَالَ: يَا أَبَا هِرٍّ، قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: خُذْ فَأَعْطِهِمْ، قَالَ: فَأَخَذْتُ الْقَدَحَ فَجَعَلْتُ أُعْطِيهِ الرَّجُلَ، فَيَشْرَبُ حَتَّى يَرْوَى، ثُمَّ يَرُدُّ عَلَيَّ الْقَدَحَ فَأُعْطِيهِ الرَّجُلَ، فَيَشْرَبُ حَتَّى يَرْوَى، ثُمَّ يَرُدُّ عَلَيَّ الْقَدَحَ، فَيَشْرَبُ حَتَّى يَرْوَى، ثُمَّ يَرُدُّ عَلَيَّ الْقَدَحَ حَتَّى انْتَهَيْتُ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَقَدْ رَوِيَ الْقَوْمُ كُلُّهُمْ فَأَخَذَ الْقَدَحَ فَوَضَعَهُ عَلَى يَدِهِ فَنَظَرَ إِلَيَّ فَتَبَسَّمَ، فَقَالَ: أَبَا هِرٍّ، قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: بَقِيتُ أَنَا وَأَنْتَ، قُلْتُ: صَدَقْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: اقْعُدْ فَاشْرَبْ، فَقَعَدْتُ فَشَرِبْتُ، فَقَالَ: اشْرَبْ، فَشَرِبْتُ فَمَا زَالَ يَقُولُ اشْرَبْ حَتَّى قُلْتُ: لَا، وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا أَجِدُ لَهُ مَسْلَكًا، قَالَ: فَأَرِنِي، فَأَعْطَيْتُهُ الْقَدَحَ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَسَمَّى وَشَرِبَ الْفَضْلَةَ).(١)

واتە: ئەرێ ئەبوهورەیرە!

عەرزم کرد: لەبەیکە (واتە بەڵێ بەڵێ) ئەی پێغەمبەری خوا.

فەرمووی: شوێنمکەوە.

(١) بوخاری (٦٢٤٦)، ترمذی (٢٤٧٧)، ئەحمەد(١٠٣٠١).

منیش شوێنی کەوتم و تا گەیشتەماڵەوە، داوای مۆڵەتی چوونە ژورەوی (بۆ خۆی ئەبوهورەیرە) کرد، مۆڵەتیاندا ومنیش چوومە ژورێ.

دیتی دۆلکەیەك شیر لەوێیە، فەرمووی: ئەم شیرەمان لە کوێبوو؟!

عەرزیان کرد: فڵان کەس پێیداین، یان ژنێك ناردوێتی.

فەرمووی: ئەبوهورەیرە!

عەرزم کرد لەبیەیکە ئەی پێغەمبەری خوا!

فەرمووی: بگەرە ئەهلی (سوففە) وبانگیان بکە بۆم![1]

ئەبوهورەیرە دەڵێ: ئەهلی (سوففە) میوانانی ئیسلامبوون، بێ جێ و ڕێ بوون، نە کەسوکاریان هەبوو، نە ماڵ وسامان، بێکەسبوون.

پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە خێرو خێراتێکیان بۆ دەنارد، جەنابیشی دەینارد بۆ ئەهلی سوففە، ئەگەر دیاریی بوایەو بۆی بهاتایا ،هەر بۆیانی دەنارد، کەمێکی بۆ خۆی لێ هەڵدەگرت و، ئەوی تری دەنارد بۆ ئەهلی سوففە، تا تێیدا بەشداربن (علیه الصلاه والسلام )،منیش لە دڵم گران کەوت (کە ئەو شیرە کەمەو ئەو خەڵکە زۆرە).

وتم: جا ئەم شیرە دادی کێی ئەهلی سوففە دەدات؟

من شایانتری بووم، دەمخواردەوە و هێزو گوڕێکم پێ پەیدا دەکردەوە، من چاوەروانیبووم، کەچی، کە هات وای لێهات.

فەرمانی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ) گوێڕایەڵی وملکەچی دەخوازێت وجێبەجێکردنی حەتمیە، بۆیە چوومە لای ئەهلی سوففەو دەعوەتم

(١) ئەهلی سوففە (اهل الصفة) هەژارو نەدارانی یاوەران بوون ،کە ماڵ و منداڵیان نەبوو لە مزگەوت دەمانەوە.

کردن، هەمویان! هەر یەکەیان جێی خۆی گرت ودانیشت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: ئەرێ ئەبو هورەیرە!

عەرزم کرد : لەبیەیکە ئەی پێغەمبەری خوا.

فەرمووی: بگرە، شیرەکەیان بدەرێ.

ئـەبوهورەیرە دەڵـێ: لـێم وەرگـرت، یـەك یـەك دەمـدانێ، هـەر کەسـێکیان دەیخواردەوەو لێی تێر دەبوو، دۆلکەکەی دەدامەوە دەست و، منـیش دەمدایـەوە بە یەکێکی تریان، تا ئـەوان تـەواوبوون ونۆرەکـە گەیشـتەوە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم).

ئیتر هەمویان تێر شیربووبوون!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) زەردەخەنەیەکی هـاتێ و فەرمـووی: ئەرێ ئەبوهورەیرە!

عەرزم کرد: لەبەیکە ئەی پێغەمبەری خوا.

فەرمووی: هەر من و تۆ ماوین (لێی بخۆینەوە) .

عەرزم کرد: ڕاست دەفەرموویت ئەی پێغەمبەری خوا.

فەرمووی: دەی سا تۆش دانیشە وبخۆرەوە.

منیش دانیشتم و لێم خواردەوە.

فەرمووی: هیتر بخۆرەوە.

منیش خواردمەوە،

فەرمووی: بخۆرەوە.. هەر وای دەفەرموو، تاعەرزم کرد: بەو خوایەی جەنابتی کردووە بەپێغەمبەر، جێ وڕێی خواردنەوەی تر نەما..

فەرمووی: دە بیدە بـەمنیش، دۆلکەکـەم خسـتە خزمـەتی، سوپاسـی خـوای

گەورەی کرد لەسەریی و،ئینجا (بِسْمِ اللّهِ)ی کردو لەو بەرماوەیەی نۆش کرد.

٤- بێ ئاگابوون لە چارەنووسی سزای گیانی کوێخایەتیی: دەشێت ئەم بێ ئاگاییەش هۆکارێکی کاریگەر بێت لە درووستبوونی گیانی کوێخایەتیی وحەزی ئەمیرێتی..

ئەم کەسە، ئەگەر هەستی بە دژوارییی داهاتوی خۆی و، کاریگەریی سلبی دیدو هەست و هەڵوێست و رەنجە ناشەرعیەکەی بزانیایە، دەبوو خۆ بگرێتەوە، نزیکترین دژوارێتی ئەنجامی ئەمە زۆربوونی بەرپرسی نەشیاوە لەپلەو ئاستی گرنگی کاریگەردا، کە رێ لە گەشەی کۆمەڵکاریی و زوو گەیشتنە ئامانجەکان دەگرێت.

ئاوا ئێمە لە هێنانە دیی ئامانجەکانمان دوادەکەوین و،زەرەر دەکەین، لەبەرامبەردا باتڵ پێش دەکەوێت وئەهلی کوفر سەردەکەون، بواری فەسادو خراپەکاریی زیاتر دەکرێتەو ناشەرعی تەشەنەدەکات..

لە ڕۆژی دوایشدا، هەر خوای گەورە خۆی دەزانێت ژان وئازاری سزاکان چەند دەبێت، لە مەحرومبوون لە رەحمەتی خوای گەورەو زەلیلبوون و دەست و پێ زنجیرکردن و دواتریش، ئەگەر رەحمەتی خوای گەورە نەیگرێتەخۆ، حەتمەن فرێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە..

پێغەمبەی خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: (مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً، يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ إِلا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ).[1]

واتە: هەرعەبدێك، کە خوای گەورە رەعییەتێك (کۆمەڵێك شوێنکەوتوی گوێڕایەڵ)ی دەخاتە بەردەست، بەڵام ئەو غەشیان لێدەکات، فێڵ ودرۆیان لەگەڵدادەکات، سەرڕاستانە سەرپەرشتییان ناکات وئاوا دەمرێت، بە تەئکید

(١) بوخاری ( ٧١٥١) موسلیم (١٤٤)

خوای گەورە بەهەشتی لێ حەڕام دەکات.. چونکە بەهەشت جێی دەغەڵ و خیانەتکاران نییە.

-هەروەها دەفەمووێ (مَا منْ أَميرِ عَشَرَةٍ إلا يُؤْتَىَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَغْلُولا حَتَّى يَفُكَّ عَنْهُ الْعَدْلُ أَوْ يُوبِقَهُ الْجَوْرُ).(١)

واتە: هەرکەسێك، کە ئەمیرێتی دەکەس دەگرێتە دەست، لە ڕۆژی قیامەتدا بە کۆت وزنجیرکراوی دەهێنرێتە پێش، سا یان دادپەروەرێتیەکەی کۆت و زنجیرەکەی لێدەکاتەوە، یان ئەو زوڵم و ستەمەی، کە کردوییێتی توندتری دەبەستێتەوە.

- هەورەها دەفەرمووێ: (مَنْ طَلَبَ قَضَاءَ الْمُسْلمينَ حَتَّى يَنَالَهُ ثُمَّ غَلَبَ عَدْلُهُ جَوْرَهُ فَلَهُ الْجَنَّةُ، وَمَنْ غَلَبَ جَوْرُهُ عَدْلَهُ فَلَهُ النَّارُ).(٢)

واتە: هەرکەسێك هەوڵ بدات بگاتە ئاستی داوەرییکردنی نێوان موسوڵمانان و، پاشان دادپەروەرێتیەکەی بەسەر زوڵم و ستەمکردنییدا زاڵ ببێت، ئەوە پاداشتی بەهەشتە، هەر کەسێکیش زوڵم و ستەمکردنەکەی بەسەر دادپەروەرێتیەکەیدا زاڵ ببێت، ئەوە سزای دۆزەخە.

موسوڵمانی دیندارو سەرڕاست، بە هەستی قیامەتخوازیی، کە سەرنج لەم دەقانە دەدات و دڵنیا دەبێت لەوەی، کە هەڕەشەی سەختن و کەسانی وەکو خۆی دەگرنەوە، حەتمەن دڵی دادەخورپێت و بە هۆش خۆی دێتەوەو ڕێ لە نەفسی خۆی دەگرێت، تا ئەوەندە خۆی لەشت هەڵنەقورتێنێت وسنگ نەباتە پێش و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەمیرێتی نەدات،یان داوای نەکات یان سور نەبێت لەسەریی.

---

(١) داریمی (٢٥١٥)، ئەحمەد (٩٢٩٠)، بەیهیقی (١٨٦٠٧)طەبەرانی (المعجم الأوسط/٦٢٢٥)، شێخی ئەلبانی رحمه الله لە(سلسلة الاحاديث الصحيحة/٦٢٣٧) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

(٢) نوسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیوە(ئەبوداوود هێناوێتیەوە ٢٢٩/٣) راستە لای ئەبوداوود ژمارە (٣٥٧٥)ە، بەیهیقیش لە السنن (١٨٥٥٥)دا هێناوێتیەوە، بەڵام شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة/١١٨٩/٣)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

٥- حەزی دەسەڵاتداریی و خەڵك ژێردەستکردن: ئەمە جگـە لـەوەی هۆکـارو پاڵنـەرێکی گیـانی کوێخـایەتیی حـەزی ئەمیرێتیـە، لادان ولاسـەنگبونێکی دەروونی خەتەریشە، کە دەشێت لە کەشی ماڵ و کۆڵانەوە هێنابێتی، کە لـەوێ زەلیلبووەو ئەوە لە ناخییدا بۆتە گرێ و، ئێستا حەزدەکات ببێتە دەسـەڵاتدار، تـا ئەوە مومارەسە بکاتەوە کە بەرامبەریان کردووە!!

لە کاتێکدا دەبوایە دین وئیمان وای لێ بکات، کە ئەگەر دەسەڵاتیشی کەوتە بەردەست، نەك هەر خۆی وا نەکاتەوە، بەڵکو نەشهێڵێت هـیچ کەسـێکی تـریش کەسـی تـر زەلیـل بکـات.. ئـەو کەسـانەی لـە کەشـی پەروەردەبوونیانـدا زۆر بەرەڵابوون وا دەردەچن.

هەروەها ئەو کەسانەی زۆر لەژێر تین و فشارو توندوتیژیی مـاڵ وکـۆڵان و قوتابخانـەدا گـەورەبوون.. ئـەم جـۆرە کەسـانە حـەزی دەسـەڵاتداریی و فەرماندەرکردن لە ناخیاندایە، چونکە بۆ هەلی تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێن!

ئەگەر ئەمانە لە کۆمەڵکاریی ئیسلامیدا پەروەردە نەکرێن، شەقاوانە رەفتار دەکـەن و لاریـان لـەوە نابێـت،کە بکەونـە شـەڕەپاڵ و هـەر خـۆ بـۆ ئـەمیرێتی بکوتن!.. ئەوەش دەبێت جێی سەرنج بێت، کە کۆڵیش نادەن.

**چوارەم: ئاسەواری گیانی کوێخایەتیی**

أ- لەسەر کۆمەڵکاران:

١- مەحرۆم بوون لە مەدەدی خوایی: یەکـەمین زیانێـك، کـە خـاوەن گیـانی کوێخایەتیی ومیرخوازیی دەیکات مەحرۆم بوونێتی لە یارمەتی خوای گەورە، لە مەدەدو سەرپەرشتیاریی و چاودێریی ئەو، چونکە خوای گەورە دەیداتەوە دەست توانای خۆی..

ئەو کەپشتی بەخوا نەبەست و دینداریێتی سەرڕاستانەی بـۆ ئـەو نـەکرد، لـە بەرامبەردا ئیعتیمادی کـردە سـەر توانـاو وزەو زیرەکـی خـۆی و وایـدەزانی: بـە

زرنگی خۆی دەبێتە ئـەمیرو ئاڕاسـتەوان، خـوای گـەورە وەلـی دەکـات، خـوای گەورە یارمەتیدەری کەسـانی وا نابێـت، کـە پشـتیان بـە هێـزو توانـای خۆیـان بەستووە، چما کەسێك خۆی لە خـوای گـەورە بـەدوور گرتبێـت و دینەکـەی بـۆ حەزو ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆی ئیستیغلال کردبێت، خوای گـەورە یارمـەتی دەدات؟! نەخێر.

پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ) سـەرنجی (عبـدالرحمان کـوڕی سەمورە)ی (خوالێی ڕازی بێت) بۆ ئەم خاڵە ڕاکێشا، کەپێی فەرمـوو (يَـا عَبْـدَ الرَّحْمَنِ بْنَ سَمُرَةَ،لا تَسْأَلِ الإمَارَةَ، فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْـتَ إِلَيْهَـا، وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا).(١)

واتە: هۆ عەبدوڕەحمان! داوای ئەمیرێتی مەکە، ئەگـەر ئـەمیرێتیت بـدرێتێ، بێئەوەی خۆت داوات کردبێـت، یارمـەتیت دەدرێ تێیـدا، بەڵام ئەگـەر لەسـەر داخوازیی خۆت بتدەنێ، یارمەتیت نادرێ تێیدا.

٢- خۆ خستنە ناو فیتنەو کەوتنە بەر غەزەبی خوای گەورە:

ئەو کەسـەی هـەر خولیـای ئەوەیـەتی، زوو بگاتـە دەسـەڵات وئـەمیرێتیی، حەتمەن خۆیشی دەخاتە، دەیان حاڵەتی کزیی ئیمان و پێچەوانەکاریی شەرعەوە، لە گۆنگەڵی خۆدەرخستن و خۆسەرخستنیدا، هۆشـی لـەوە دەبڕێـت، کـە خـوای گەورە ئاگای لێیەتی و موراقەبەی دەکات.

دواییش بە دڵنیاییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدادەکات، کە چۆن و بۆچی ئەوەندە لە دوی سەرۆکایەتیی بوو؟

بۆچی ئەو هەموو ناشەرعییەی لە ڕێی بەدەستهێنانی ئەمیرێتیدا کرد؟

بۆچی بۆ ئەو مەبەسـتە هەوەسـبازییە خوانـەویسـتیە، مـافی کەسـانی تـری پێشلکرد؟

(١) بوخاری (٦٧٢٧)، موسلیم(١٦٥٢).

حەتمەن ئەم نییەتەپیسەو، ئەم رەنجە خوانەویستیەو، ئەم پێشێلکارییە هەر دەیگەیێنێتە بەر غەزەبی سزای سەختی خوایی و، چارەنووسێکی تاڵ و بەد لە رێی دا دەبێت.

بڕوانە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، چەند لێزانانە باسی ئەمەی فەرمووەو ،چەند دانایانە چارەسەری کردووە، کە دەفەرمووێ: (إِنَّكُمْ سَتَحْرِصُونَ عَلَى الْإِمَارَةِ وَسَتَكُونُ نَدَامَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَنِعْمَ الْمُرْضِعَةُ وَبِئْسَتْ الْفَاطِمَةُ).[١]

واتە: ئێوە لەسەر ئەمیرێتیی سور دەبن، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا پەشیمانی بەدوادا دێت. ئەمیرێتی باشترین دایەنی شیردەرەو خراپترین شیرلێبڕەرەوەیە.[٢]

٣- قورسبوونی کۆڵی گوناح: ئەو کەسەی ئاوا بە پاڵنەری گیانی کوێخایەتیی وحەزی ئەمیرێتیی و شەیدابوونی دەسەڵات گەیشتوێتێ، حساب بۆ ئەوە ناکات، کە بۆتە نموونەیەکی ناشەرعیانەی پێشەوایەتی بۆ کەسانی تر، کە هێشتا بە تەواوی پەروەردە نەبوون، کە چاو لەو بکەن وشوێن پێی ئەو هەڵگرن و، ئاوا ئەو کەسە داماوانەش تووشی فیتنەی ئەمیرێتیی و دەسەڵاتدارێتی نەشیاوانەدەکات و، گوناحی ئەوانیشیی دێتەکۆڵ!

ئەمەش ئەو هۆشداریی و هەڕەشەیەیە، کەخوای گەورە دەربارەی دەفەرمووێ: ﴿لِيَحْمِلُوٓا۟ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ النحل: ٢٥.

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا گوناحەکانی خۆیانیان هەر هەموو بە کۆڵەوە دەبێت،

(١) بوخاری (٦٧٢٩)، نەسائی (٥٣٨٥)، ئەحمەد (٩٨٠٦)، بەیهیقی (١٩٥٨٤).

(٢) ئیبنوحەجەری عەسقەلانی رحمە اللە لە شەرحییدا لە (فتح الباری١٢٨/١٣)دا دەفەرموێ: (ئیبنوداوودیی دەفەرموێ: ئەمیرێتیەکە وەکو دایەنی شیردەر چێژی دەداتێ لە سەروەت و سامان و پلەو پایەو ناوداریی، بەڵام لە قیامەتدا لێی دەبێتە خراپترین دایەن، کە شیر لە منداڵی دەگرێتەوە، چونکە ئیتر هچ لەزەتێك لەوێ ناچێژێت..

هەروەها لە کۆڵە گوناحی ئەو کەسانەشیان دەخرێتە سەر، کە ئەمان گومڕایان دەکردن و نەزانینی ئەوانیان ئیستغلال دەکرد.

ئەمەش ئەو ڕێسایەیە کەپێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ڕوونیکردۆتەوە، کە فەرموویەتی: مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ كُتِبَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ. وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ كُتِبَ عَلَيْهِ مِثْلُ وِزْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ).(١)

واتە: هەرکەسێك لە ئیسلامەتیدا ڕێگایەکی باش بهێنێتەکایەوە، چاکەی خۆشی بۆ دەنوسرێت و پاداشتی چاکەی ئەو کەسانەش، کە کاریان بە دیدو ڕێگاکەی ئەو کردووە، بێئەوەی لە چاکەی ئەوانیش هیچ کەم بێیتەوە.

هەر کەسێکیش لە ئیسلامەتیدا ڕێگایەکی خراپ بهێنێتەکایەوە، گوناحەکەی خۆشی لەسەر دەکەوێت و گوناحی ئەو کەسانەشی دێتە کۆڵ، کە کاریان بە دیدو ڕێگاکەی ئەو کردووە، بێئەوەی لە گوناحی ئەوانیش هیچ کەم بێیتەوە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنْ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا، وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلَالَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنْ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا).(٢)

واتە: هەرکەسێك بانگهێشت بۆ دیدو ڕێ وبزاوت وهەڵوێستی خواویستی بکات، پاداشتی چاکەی بەقەدەر پاداشتی چاکەی هەموو ئەو کەسانە بۆ دەنوسرێت، کە دەبنە شوێنکەوتوی، بێئەوەی هیچ لە پاداشتی چاکەکانی ئەوان کەم بێتەوە.

هەروەها هەر کەسێك بانگهێشت بۆ دیدو ڕێ وبزاوت و،هەڵوێستی

(١) موسلیم (١٠١٧)، ترمذی (٢٦١٨)، نەسائي (٢٥١٩)، ئیبنوماجە (٢٠٣)، ئەحمەد (١٨٧٢٣).
(٢) موسلیم (٤٩٦٠)، ئەبوداوود (٤٦٠٩) ترمذی (٢٦٧٤)، ئەحمەد (٣٩٧/٢).

گومڕایی بکات، گوناحی بە قەدەر هەموو ئەو کەسانە دەگاتێ کە دەبنە شوێنکەوتوی، بێئەوەی هیچ لە گوناحی ئەوان کەم بێتەوە.

٤- شەڕو شۆڕو ئاژاوە نانەوە: مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی هەر لە سەردەمی (هابیل وقابیل)ەوە، تا ئێستا شاهیدی ئەوەیە، کە هەر کەسێك ئەم گیانی کوێخایەتیی و سەرۆکایەتیەی لێبوو بە سیما وسیفەت، وبە ئاوات و مەبەست، لاریی لەوە نابێت ،کە لە پێناوی دەستکەوتنی دەسەڵاتدا ، سەدان ئاژاوەی دین و دنیا بنێتەوەو خوێن بڕێژێت و ستەم بکات، یان یەك کۆمەڵی چاکساز بکات بە دوو، دوو بکات بەسێ.

لەوانەیە سەرەنجامی ئەمە تیاچوونی خۆشی بێت! یان راوەدوونان و خۆشاردنەوەو هەڵاتنی خۆی و هاوبیرانی بێت، یان زەلیل بوون و ژێردەستەبوونی ئەو کەسانە ببێت، کە کێبڕکێی دەسەڵاتی لەگەڵدا کردوون!!

ئەم ئاسەوارە ترسناکە، وە نەبێت لە موسوڵمان دوور بێت، نەخێر، موسوڵمان هەر مرۆڤە، ئەگەر دینداریێتیەکەی پارسەنگی نەکات، حەتمەن ئەویش وەکو هەموو کەسێکی تر هەواو هەوەسەکانی لاسەنگی دەکەن و، حەتمەن دەکەوێتە بەر گیانی کوێخایەتی ناخی و، سەر کەڵکەڵەی میرێتی و بە دڵنیاییەوە لە پێناوی ئیمارەتدا، خۆیشی سووکدەکات و دەستدرێژیشدەکاتە سەر براکانی.

ب- کاریگەریی گیانی کوێخایەتیی لەسەر خودی کۆمەڵکارییەکە:

ئاسەوارە خراپەکانی گیانی کوێخایەتیی کە لە هەندێك لە کۆمەڵکاراندا پەیدا دەبێت زۆرن، لەوانە: لێڵبوونی دیدو زۆربوونی ئەرك و دوورکەوتنەوەی رێگاو ئامانج.. چونکە ریزێکی کۆمەڵکاریی کە کەسانی ئاوای تێدا بێت، ئەستەمە بە ڕێبازی ڕاستدا بڕوات..

ئەمە ئەگەر لە ریزەکانیدا بوون، ئەمما ئەگەر بەرپرسی رێکخستنبوون، بە دڵنیاییەوە ئینحیراف بە بەرنامەو رێبازەکە دەکەن و کۆمەڵکارییەکەش

دەپووکێننەوە. نامومکینە کەسانی دنیاویست وهەلپەرست ومیرخواز بنبە پێشەوای کاری خواویستی وسەروەریی شەرعیان پێ بهێنرێتەوە سەردەسەڵات.

ریزی هەر کۆمەڵکارییەك ئاوا لارو وێر ببێت و گەندەڵی تێبکەوێت، بە دڵنیایەوە سەرکەوتنی خوایی لێ دوور دەکەوێتەوە.. کەسی وا دینی خوا سەر ناخات تا خوای گەورە سەری بخات..

بۆیە زەحمەتە کۆمەڵکارییەکەش سەربکەوێت.. پاشان دەبێئەوەشمان لە یاد بێت، کە دەشێت ئەوە (ئیستیدراج)ی خوای گەورە بێت بۆیان و، بیەوێت سەرەنجامی بۆخوا ساغنەبوونەوەیان گومڕابین و هەنجەت لەسەر خۆیان کەڵەکە بکەن، کە لە ڕۆژی دواییدا توانای بەرگریی کردنیان لە دیدو هەڵوێستیان نابێت، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ﴾ الحج: ٤٠.

واتە: بەتەئکید خوای گەورە ئەو کەسانە سەر دەخات، کە دینەکەی سەردەخەن.

- هەروەها ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ۝٧﴾ محمد: ٧.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر ئێوە دینەکەی خوای گەورە سەربخەن، خوای گەورەش ئێوە سەر دەخات و راگیرتان دەکات و لەسەر رێی خواویستی جێگیرتاندەکات.

پیاوچاکانی سەلەفی ئەم ئوممەتە لە: یاوەران وتابعین وشوێنکەوتوانیان خوا لێیان رازی بێت، زۆر چاك زانیبویان، کە گیانی کوێخایەتیی وحەزی ئەمیرێتیی، نەخۆشیەکی کوشندەی دینداریێتیەکەیانە، کە لە جەنگێکدا زووسەرکەوتنیان بۆ نەدەهات یەکسەر دەیانفەرموو ئەوەی بەهۆی دنیاویستیمانە، بۆیە خێرا تۆبەیان لە هەموو شتێکی خراپە دەکردو سەرڕاستانە دەگەڕانەوە لای خوای تاکو پاك کە سەرکەوتنەکەی پێدەبەخشین.

ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە وێنایەکی واقیعی ئەو تێگەیشتنەیان دەسەلمێنێت:

کاتێك سەرکەوتنی خوایی بۆ (عەمری کوڕی عاس) -خوای لێی رازی بێت- دواکەوت و، لەشکری ئیسلام نەیتوانی زوو میسر- فەتح بکات، نامەی بۆ خەلیفە نووسی: کە سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت)، کە سەربازم بۆ بنێرە.

ئەویش چوار هەزار موجاهیدی بۆ نارد، لەگەڵ چوار یاوەری بەڕێزی بەناوبانگ، کە هەر یەکەیان فەرماندەی هەزار موجاهیدبوو..

نامەشی بۆ نووسی، کە تێیدا فەرمووی: (إني أمددتك بأربعة آلاف رجل على كل ألف رجل رجل منهم مقام الألف: الزبير بن العوام والمقداد بن عمرو وعبادة بن الصامت ومسلمة بن مخلد واعلم أن معك اثني عشر ألفا ولا تغلب اثنا عشر ألفا من قلة. ولما وصل هذا المدد وتأخر الفتح على عمر كتب إلى عمرو: أما بعد فقد عجبت لإبطائكم عن فتح مصر تقاتلونهم منذ سنين وما ذاك إلا لما أحدثتم وأحببتم من الدنيا ما أحب عدوكم وإن الله تبارك وتعالى لا ينصر قوما إلا بصدق نياتهم وقد كنت وجهت إليك الأربعة نفر وأعلمتك أن الرجل منهم مقام ألف رجل على ما أعرف إلا أن يكون غيَّرهم ما غيَّر غيرهم، فإذا أتاك كتابي فاخِبَّ الناس وحضَّهُم على قتال عدوهم ورغبهم في الصبر والنية وقدِّمْ أولئك الأربعة في صدوور الناس ومُرْ الناس جميعا أن يكون لهم صدمة كصدمة رجل واحد وليكن ذلك عند الزوال يوم الجمعة فإنها ساعة تنزل الرحمة ووقت الإجابة وليعج الناس إلى الله ويسألوا النصر على عدوهم).[1]

واتە: وا چوار هەزار سەربازم بۆ ناردویت و فەرماندەشیان چوار کەسە، هەر یەکەیان لەجێی هەزار سەربازە، ئەمە هەشت هەزار، ئەو چوارەش:( زوبەیری

---

(١) علاء الدين المتقي الهندي: كنز العمال(٧٠٥/٥، ٧٠٦) کە فەرمووویەتی: ئیبنوعەبدولحەکەم لە ( فتوح مصر) دا هێناوێتیەوە کە زەیدي کوڕی ئەسلەم گێڕاوێتیەوە. راستە: أبو القاسم عبد الرحمن بن عبد الله عبد الحكم بن أعين القرشي المصِري: فتوح مصر- وأخبارها ٧٠/١ چاپی دارالفكر ١٩٩٦)، هەروەها: (ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة ٢/١ ) چەندین سەرجاوەی تری مێژوو ئاماژەیان پێکردووە بەڵام لە سەرچاوەکانی فەرمووقدەوانییدا نەمدۆزییەوە.

کوڕی عەوام ومیقدادی کـوڕی عـەمر وعبـادەی کـوڕی سـامیت ومەسـلەمەی کوڕی موخلەد)، دەشزانم کەخۆشت چوار هەزارت لەگەڵدایە ئەمە دوازە هـەزار سەرباز.. لەشکری دوازدە هەزاریش لەبەر کەمیی ژمارە ناشکێت.

ئەم مەدەدە گەیشتە میسرو چەندین جار هێرش کـرا، بەڵام سـەرکەوتن هـەر نەهات!

سەیدنا عومەر بۆ (عەمری کوڕی عاس)ی نووسی:

پاشان: فەتح نەکردنی میسر لە لایەن لەشکرەکەتانەوە سەرسامی کردم! ئەوە ئێوە چەند ساڵێکە لە جەنگدان و هێشتا میسرتان نەگرتووە، هۆی ئەمە ئەوەیە کە خۆتانی تێکەوتوون، ئێوەش وەکو دوژمنەکانتانن. ئەو شتانەی دنیاتان لاجوانەو دەتانـەوێت، کـە ئـەوان ویسـتویانە ودەیانـەوێت، خـوای گـەورە کەسـانێك سەردەخات کە نییەتیان بۆ ئەو پاك کردبێتەوەو بۆ خوا سوڵحابن..

من چوار پیاوم بۆ ناردیت و بۆم نووسیت: کە هەر یەکـەیان -ئەوەنـدەی مـن شارەزایانم- لەبری چوار هەزار سەربازن، خـەمی ئەوەمـە ئـەوانیش گوێڕایـەڵی حەزیان چووبێتە سەر ئەو شتانەی غەیری ئەوان حەزیان چۆتە سەریی..

کە ئەم نامەیەمت پێدەگات یەکسەر خەڵکەکە کۆبکەرەوەو وتارێکیـان بـۆ بدە، هانیاندە لەسەر کوشتاری دوژمن، لەسەر خۆڕاگرتن هانیاندە.. بـا نییـەتیان بەڕاستی بۆ خوای گەورە تەرخان بکەن، پاشان ئەو چـوار پیـاوەی نـاردمن بکـە بەپێش لەشکرو بـا لـەپێش سـەربازەکانتەوە بـن، کـاتی دوای نـوێژی هـەینیتان هێرش بکەن، چونکە کاتی هاتنەخوارەوەی ڕەحمەت وبەزەیی خوای گەورەیـە و کاتی دوعاگیرابوونە.

بـا خـەڵکی هـەموو ڕوو بکەنـە خـوای گـەورەو لێـی بپاڕێنـەوەو داوای سەرکەوتنی لێبکەن، تا بە لوتفی خۆی بەسەر دوژمناندا زاڵتان بکات.

**پێنجەم: چارەسەریی گیانی کوێخایەتیی ومیرخوازێتی:**

١- پابەندبوون بە سییرەو سوونتەتەوە: موسوڵمانی دیندار سەرڕاست پێی خۆشە شارەزای ژیانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) و مێژووی ژیانی یاوەرانی بێت، نەك بۆ زێدەزانین و رۆشنبیریی، بەڵکو بۆ پێوە پابەندبوون، بۆ راپەراندنی فەرمان، بۆ خۆلادان لەو بەرهەڵستی لێکراوانەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دیاریکردوون..

لەوانەش: هەوڵدان و داواکردنی ئەمیرێتیی و بەرپرسێتیی،کە ناشێت دڵ و هەست و یژدانی موسوڵمانیان پێوە پەیوەست ببێت، چ جای کومەڵکاری ئیسلامیی.. شارەزابوون لە سیرەو سوونەت دەتباتە سەر ئەو هەموو فەرموودانەی هۆشداریی دەدەنە موسوڵمان، کە ئاگات لەخۆت بێت، رەنجدانت بۆ سەرۆکایەتی و ئەمیرێتی و دەسەڵاتداریی و دەرکەوتن نەبێت، چونکە چارەنووسی خاوەن نییەتی وا پیس کە (فاسق)ـە زۆر ڕەشە.

٢- بەردەوام بیرخستنەوەی ئاسەوارو چارەنووسی گیانی کوێخایەتیی: بیرخستنەوەی یەکتریی یارمەتیدانە لە خۆپاراستن و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە دژوارەی دینداریی، چونکە مرۆڤ بەپێی سروشتی پێکهاتەی خۆی شتی زۆرو زوو بیردەچێتەوە، هێنانەوە یادیی زەرورییە، چونکە چارەسەری بیرچوونەوە بیرهێنانەوەیە..

بۆیە خوای گەورە جەختی لێدەکاتەوە،تا بەردەوام موسوڵمانان یەکتریی بیربخەنەوە، دەفەرمووێ: ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ ٱلذِّكْرَىٰ تَنفَعُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾﴾ الذاريات: ٥٥.

واتە: بیربخەرەوە، چونکە بیرخستنەوەو یادکەوتنەوە بۆ موسوڵمانان بەسوودە.

٣- گۆشکردن لەسەر جڵەوگرتنی نەفس و راهێنان لەسەر گویرایەڵی: ئەرکی باوکودایکانە هەر لە سەرەتاوە ئەولادیان فێری ئەوە بکەن، کە گوێڕایەڵێتی

ئامۆژگارانی دڵسوز، ملکەچی دەربڕینە بۆ خواو بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) .

ئـەوەش پابەنـدیی دینـداریی و پارسـەنگێتی کەسـایەتی لـە منداڵەکانـدا درووستدەکات و فێریاندەکات کە دەبێت نییەتیان پاك و ڕەفتاریـان بەئـەدەب و ڕەوشتیان بە شەرع پارسەنگانە بێت، ئەوە قەناعـەتیان پێدەکات کـەخۆیان بـە توانان بەڵام کەسـانی بـەتواناتریش هەیـە، خۆیـان پارسـەنگن، پارسـەنگتریش هەیە..

تا وا نەبینن، کە خۆیان چـاکترو پەسـەندترو شـیاوترن. ئـا ئەمەیـە زەمینـەی دینداریی و پارسەنگیی دەروونـی کـە ڕێنـادات تـۆوی گیـانی کوێخـایەتیی و میرخوازێتی بڕوێت.. بڕوانە پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ ) چـۆن وەسفی ئەو کەسەی کردووە، کە ئاوا پەروەردەبووە، کە ئامادەی ڕەفتاری شـیاوە لە کات وشوێن وحاڵەتی داواکراودا، دەفەرمووێ: (طُوبَى لِعَبْدٍ آخذ بعنَـان فَرَسـه فِي سَبِيلِ اللَّه أَشْعَثَ رَأْسُهُ مُغْبَرَّةٍ قَدَمَاهُ إِنْ كَانَ فِي الْحِرَاسَةِ كَانَ فِي الْحِرَاسَةِ وَإِنْ كَانَ فِي السَّاقَةِ كَانَ فِي السَّاقَةِ).[١]

واتە: ئافەرین بۆ ئەوکەسـەی جڵـەوی ئەسـپەکەی بەدەسـتەوەیەو ،ئامـادەی جیهـادە ،کـە لـەپێناوی خـوادا بیکـات (واتـە: لـە حاڵـەتی هەمیشـەیی ئامادەباشییدایەو چاوەڕوانـی فەرمانـە) قژبـژو پـێ خـۆڵاویی، پاسـەوانێتی پـێ بسـپێرن ئامادەیـەو بـە جیـددیی ئـەنجامی دەدات، کـە دەشـیخەنە نـاو ڕەشـۆك وعەوامەوە، خێرا خۆییان دەگەێنێتێ و داواکارییەکە جێبەجێدەکات.

٤- نەرمونیانی لە ڕەفتارکردندا: نەرمونیانی لە هەر ڕەفتارێکـدا بێـت مایـەی جـوانکردنێتی لـە هـەر ڕەفتارێکیشـدا نـەما نیشـانەی دزێـویی و ناقۆڵاییـەتی. ڕەفتاری نەرمونیان کە کەسـێك دەیگرێتـە بـەرو خـوی پێـوە دەگرێـت، دەبێتـە

(١) بوخاری (٢٧٣٠).

بەربەستێکی باش لە ڕێی تووشنەبوونی گیانی کوێخایەتیی یان لە چارەسەرکردنییدا، چونکە ئەو کەسەی نەرمونیان و پشوودرێژو سینەفراوانە، لەسەر ئەوە را نایات کە هەر دەبێت رای خۆی سەرخات و خەڵکی بخاتە ژێردەستی خۆی (کورت و موختەسەر کەسی نەرمونیان نە دیکتاتۆر دەردەچێت و نە میرخواز).

٥- دیراسەکردن و سەرنجدانی دیدو هەست و هەڵوێستی سەلەف لەم بارەیەوە: هەتا دنیا دنیا بێت و موسوڵمان لەسەر زەمیندا بژین، نەوەکانی سەلەف (یاوەران وتابعین وتابیعی تابعین) بە پێشڕەوو نموونەی موسوڵمانێتی دەمێنن.

چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) وەسفی کردوون، کە چاکترین نەوەی ئوممەتەکەن.

واقیعی مێژووش سەلماندوییەتی: کە لە دوای ئەوان لە هیچ کات و شوێنێکدا نەوەیەکی موسوڵمانی ئاوا زۆرو چاك و پێکەوە درووست نەبۆتەوە. بێگومان لێرەو لەوێی مێژووودا کەسایەتی موسوڵمانی چاك زۆرن کە لەنموونەی سەلەفن بەڵام بەو زۆرییە لە نەوەیەکدا پەیدانەبۆتەوە.

مێژووی ژیانی سەلەف پڕە لە نموونەو چۆنییەتی ئاڕستەکردن و پەروەردەکاریی.. بە گوفتارو بە کردار، بە ڕووداوو بە بەسەرهات، بە بزاوت و بە هەڵوێستی دەستەجەمعیی. ئاڕاستەو هەڵوێستیان لەم مەسەلەیەشدا تۆمارەو رۆشنە کەچەند خۆیان لەبەرپرسێتی لادەداو لەبەری هەڵدەهاتن.. کاتێك سەیدنا ئەبوبەکر خوالێی رازی بێتبوو بە خەلیفە، وتاری بۆ خەڵکەکەداو فەرمووی: (إِنَّ كُنْتُمْ ظَنَنْتُمْ أَنِّي أَخَذْتُ خِلافَتَكُمْ رَغْبَةً فِيهَا أَوْ إِرَادَةَ اسْتِئْثَارٍ عَلَيْكُمْ وَعَلَى الْمُسْلِمِينَ ، فَلا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا أَخَذْتُهَا رَغْبَةً فِيهَا وَلا اسْتِئْثَارًا عَلَيْكُمْ وَلا أَحَدٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ، وَلا حَرَصْتُ عَلَيْهَا لَيْلَةً وَلا يومًا قَطُّ وَلا سَأَلْتُ اللَّهَ سِرًّا وَلا

عَلانِيَةً ، وَلَقَدْ تَقَلَّدْتُ أَمْرًا عَظِيمًا لا طَاقَةَ لِي بِهِ إِلا أَنْ يُعِينَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ ، وَلَوَدِدْتُ أَنَّهَا إِلَى أَيِّ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) عَلَى أَنْ يَعْدِلَ فِيهَا فَهِيَ إِلَيْكُمْ رَدًّا وَلا بَيْعَةَ لَكُمْ عِنْدِي وَلا بَيْعَةَ لِي عِنْدَكُمْ ، فَادْفَعُوا مَنْ أَحْبَبْتُمْ فَأَنَا رَجُلٌ مِنْكُمْ ، فَقَالُوا : هِيَ إِلَيْكَ فَبَايَعُوهُ وَبَايَعَهُ عَلِيٌّ ، وَطَلْحَةُ ، وَالزُّبَيْرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ).[١]

واتە: هۆ خەڵکینە، ئەگەر گومانتان وایە من ئەم خیلافەتەم بە ڕەزامەندیی و حەزی خۆم وەرگرتووەو ویستوومە بۆ من بێت، نەك بۆ موسوڵمانێکی تر، نا بەخوا قەسەم وا نییە، بەوەی گیانی منی بەدەستە، کە وەرمگرتووە حەزم لێی نەبووە، خۆشم لە ئێوە لەپێشتر نەبینیوە تێیدا، خۆیشم بۆ نەبردۆتە پێش یەك موسوڵمانەوە بۆی.

بە خوای گەورە قەسەم، نە ڕۆژێك بە خەیاڵمدا هاتووەو ،نە شەوێك بیرم لێکردۆتەوە، نە بە نهێنی دوعام کردووە خوای گەورە پێم ببەخشێت، نە بە ئاشکراش ویستوومە، ئەرکێکی مەزنەو خراوەتە ئەستۆم، تواناشم بەسەریدا ناشکێت، مەگەر خوای گەورە یارمەتیدەرم بێت، حەزم دەکرد هەر یەکێك لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) بیگرتایەتە دەست و دادپەروەرانە کارگێریی بکردایا.. بۆیە وا گێڕامەوە بۆ خۆتان و بەیعەتم لە گەردنی کەستاندا نەما، خۆتان بیدەنە کەسێکی تر، منیش یەکێکم لە ئێوە.

کاتێك سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت) کەوتە گیانەڵای مردنەوە، شەش کەسی لە یاوەران هەڵبژارد، تا ببنە شوراو لەناو خۆیاندا خەلیفەیەك هەڵبژێرن:

---

(١) علاء الدين المتقي الهندي: كنز العمال (٦١٥/٥) کە فەرموویەتی ئەبو نوعەیم لە (فضائل الصحابة) دا هێناویێتیەوە، هەروەها: طەبەرانی لە (مجمع الزوائد ١٨٤/٥ )و الأصبهاني لە کتێبی: (فضائل الخلفاء الراشدين/٣١٩/١ ).

موغیرەی کوڕی شوعبە خوالێی رازی بێت، ئاماژەی پێدا کە عبداللـە ی کـوڕی خۆی بکاتە خەلیفە (کە لە هەموو یاوەراندا بەوە ناسرابوو کـە هـەموو بـزاوت و هەڵوێست و رەفتارێکی بە پێی سووننەتی پێغەمبـەری خوایـە صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـه وَسَلَّمَ)،بەڵام سەیدنا عومەر زۆر لێی تووڕەبوو، ئاوا وەڵامی دایەوە: (قَاتَلَكَ اللهُ، وَالله مَا أَرَدْتَ اللهَ بهَذَا، لاَ أَرَبَ لَنَا في أُمُوركُمْ، مَا حَمدْتُهَا فَأَرْغَبُ فيهَا لأَحَـد مـنْ أَهْل بَيْتي، إنْ كَانَ خَيْرًا فَقَدْ أَصَبْنَا منْهُ، وَإنْ كَانَ شَرًّا فَبحَسْب آل عُمَـرَ أَنْ يُحَاسَـبَ منْهُمْ رَجُلٌ وَاحدٌ وَيُسْأَلَ عَنْ أَمْر أُمَّة مُحَمَّـد (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـه وَسَـلَّمَ ) أَمَـا لَقَـدْ جَهَدْتُ نَفْسي وَحَرَمْتُ أَهْلي، وَإنْ نَجَوْتُ كَفَافًا لاَ وزْرَ وَلاَ أَجْرَ إنِّي لَسَعيدٌ).(١)

واتە: هەی خوا بتکوژێت، بەخوا قەسەم لەم رایەتدا نییەتت رەزامەندی خـوا نەبوو.. ئێمە نامانەوێ چیـدی پشـکمان تێیـدا هـەبێت، زۆرم پـێ خـۆش نـەبووە (خیلافەت) تا بۆ یەکێکی تریشی لە کەسوکارم داوا بکـەم، ئەگـەر (خیلافـەت) خێرو بەرەکەت بێت، ئەوا ئێمە بەرمان کەوت.

ئەگـەر خراپـەو سـەختییش بێـت، ئـالی عومـەر بەسـیانە، کـە یـەکێکیان تووشیبوو، و لەسەریی موحاسەبە دەکرێـت، بـا کەسـی ترمـان تێـوە نـەگلێت و دەربارەی ئوممەتەکەی محمد (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ) لـە یـەکێکی تریشـمان نەپرسرێتەوە..

من زۆرم رەنج تێداداو ماڵ و منداڵی خۆم (لەبەر خـاتری خیلافەتەکـە) زۆر مەحرووم کـرد، خوادەکـات بـێ گونـاح و بـێ پاداشـت لێـی دەردەچـم، بەسـمە، خۆشحاڵم. بە ئەنجامی وا!!

- کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعـەزیز(رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) (سـاڵی

(١) نوسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیوە: (الطنطاوي: أخبار عمر ل٤٥٢، هەروەها الطبري: تاريخ الأمم والملوك و البلاذري: أنساب الأشراف). لە تاریخی طەبەری وا لە (٦٧١/٢_٦٧٢)، لای ابن سعد لە الطبقات الكبرى وا لە (١٨٣/٢).

٩٩ك)بوو بە خەلیفە، یەکەم ڕۆژی خیلافەتی ویستی بچێت بۆ مزگەوت کە جێتەختی حوکم کردنبوو، سەرپەرشتیاری پاسەوانان (مدیری پۆلیس) وەکو عادەتی خەلیفەکان پێشوو بەپۆشاکی تایبەت و رمێکی درێژەوە هات لەپێشیەوە (وەکو مەوکیبی رێز) بروات.

عومەر پێی فەرموو (کوڕە لا کەوە، چ پەیوەندیمان پێکەوەیە؟ منیش یەکێکم لەو موسوڵمانانە). پاشان هەموو بە کۆمەڵ لە خزمەتیدا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە مزگەوت، لەوێ سەرکەوتە سەر مینبەرەکەو خەڵکی کۆبوونەوە لێی، فەرمووی: (هۆ خەڵکینە، من ئەم کارەم خرایە ئەستۆ، بێئەوەی حەزم لێی بێت، بێئەوەی دیدو رای خۆمی تێدا وەرگیرابێتن، بێئەوەی داوام کردبێت، بێ پرس و راو راوێژی موسوڵمانان دراوە بە من.

بۆیە وا من ئەو بەیعەتەم، کە لە گەردنتاندایە بەرامبەر من (بەیعەتی خەلیفایەتی) وا گەردنتانم ئازادکرد لێی.. خۆتان کەسێکی تر بە خەلیفە هەڵبژێرن، خۆتان کێتان دەوێت داینێن).

ئینجا موسوڵمانانی مزگەوتەکە هاواریان کرد: نا هەر تۆمان قبوڵەو رازین خەلیفەمان بیت)[١]چونکە پێشتر ناسییویان کەچەند پیاوی چاکە رەزاو رەحمەتی خوای لێبێت.[٢]

٦- بیر هێنانەوەی نرخ و ئاستی دنیا لە چاو قیامەتدا: ئەگەر بەڕاستی وەکو، کە قورئان وسوونەت باسی ژیانی دنیاو نرخ و ئاستیانی کردووە لەچاو نازو نیعمەت و ژیانی نەبڕاوەی قیامەت بخرێتە بەرچاوی ئەو کەسانەی نییەتیان فاسید کردووەو، لەجیاتی هەوڵدانیان بۆ سەرخستنی دینەکە لە دنیاداو

---

(١) ئیبنوکەثیر: البداية والنهاية (٩/٢١٢_٢١٣).

(٢) عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رحمەالله قوتابی شیخ حەسەنی بەسریی بوو، یەکێکیشە لە شەرعناسان کە راوبۆ چوون و ئیجتیهادی شەرعیانەی هەیە پێش بە خەلیفەبوون و دوای بەخەلیفەبوونیشی هەر وا بە موجتەهیدیی مایەوە.

ڕووسوریی و سەرفرازیی قیامەتیان ڕەنجیان بۆ حەزی ئەمیرێتی و دەسەڵاتداریی خستۆتەگەڕ، حەتمەن هۆشیان دێتەوە، کەخەریکی خۆ چەواشەکردن و گەمەیەکی هەرزەکارانەن!!

چۆن موسوڵمان لا ناکات بە لای ئا ئەم حەقیقەتە ڕەهایانەوە، کە خوای تاکوپاك و خاوەن و کارزان دەفەرمووێ:

﴿قُلْ مَتَـٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ﴾ النساء: ٧٧.

واتە/ بفەرموو چێژی دنیا کەمە، ڕۆژیی دوایی چاکترە بۆ ئەو کەسەی کە دینداری سەرڕاست وتەقواکارە.

- هەروەها دەفەرمووێ ﴿فَمَا مَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾﴾ التوبة: ٣٨.

واتە: چێژی دنیا لەچاو ڕۆژی دواییدا کەمە.. ژیانی کەم و کورتی دنیا لەکوێ و ژیانی نەبڕاوەو پڕ چێژی قیامەت لەکوێ؟!

- ﴿إِنَّمَا هَـٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَـٰعٌ وَإِنَّ ٱلْـَٔاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾﴾ غافر: ٣٩.

واتە: ئەرێ هۆ گەلۆ، ئەم ژیانی دنیایە هەر چێژێکە، کەموکورت و کاتییە، گرنگ ڕۆژی دواییە کە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییە.

- ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَـٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَـٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾﴾ آل عمران: ١٤.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ (مَا الدُّنْيَا في الآخِرَةِ إلّا مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحدُكُمْ أُصْبُعَهُ في الْيَمِّ فَلْيَنْظُرْ بِمَ يَرْجِعُ!).[1]

---

(١) موسليم (٢٨٥٨)، ترمذی (٢٣٢٣)، ئەحمەد (٢٢٩/٤).

واتە: دنیا لەچاو ڕۆژی دواییدا هەر ئەوەندەیە وەکو یەکێکتان پەنجەیەکی بکات بە دەریادا وبروانێت چەند بەپەنجەیەوە هاتووە! واتە هەموو موڵك وسامانی دنیا ئەوەندە کەمە هەر بەقەدەر ئەو برە تەڕاییە دەبێت کە پەنجەی یەکێکتان دوای نقومکردنی لە دەریادا لەگەڵ خۆی دەهێنێتە دەرێ!! (ئەمە هەرپێوەری نییە.. بشووترێت لە هەزاردا یەك/ لە ملێون و ملیاردا یەك هەر ناشێت، چونکە ئەو دڵۆپە ئاوەی پەنجەیەك لە دەریایەکەوە دەریدەهێنیت بە تریلێونیش -کە یەکەو دوازدە سفری لە بەردەمدایە- حساب ناکرێت).

-هەروەها دەفەرمووێ (لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ).[١]

واتە: ئەگەر هەر هەموو دنیا نرخی باڵە مێشوولەیەکی لای خوای گەورە هەبوایە، یەك قوومە ئاوی لێنەدەدا بە کافرێك.

هەرکەسێکی ژیر بیر لەم وێناکردنە بکاتەوەو بزانێت ئا ئەوە ژیانی دنیایەو ڕۆژی قیامەت هەر دێت، چۆن نییەت و ڕەفتارو بڕیارو دیدو هەست و هەڵوێستی بۆ کوێخایەتیی و ئەمیرێتییەك تەرخاندەکات، کە تێشیدا نابێتە سەرۆك وڵات!! بینیشمان خواناسانی سەرڕاست دەکرانە خەلیفەی ئوممەتی موسوڵمان و نەیاندەویست! چونکە دەیانزانی ژیانی دنیا چیەو ڕۆژی دوایی و ڕەزامەندیی خوای تاك و پاك چیە.. خوای گەورە بمانخاتە سەر دیدووریی سەلەف.. ئامین

---

(١) ترمذی (٢٣٢٠) ئیبنوماجە (٤١١٠) ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٦٨٦) دا بە سەحیحی داناوە.

بڕاری دەروون: نەخۆشی سێیەم (٣)

# سستیی و لێچوونەوە
# (الفتور)

پێناسەی سستیی و لێچوونەوە.

هۆکانی سستبوون.

کاریگەریی سلبیی و دژواری سستیی و لێچوونەوە.

کاریگەریی سلبی سستیی و لێچوونەوە لەسەر کۆمەڵکاریی ئیسلامی.

چارەسەری سستیی و لێچوونەوە.

## سستیی و لێچوونەوە (الفتور)

### یەکەم: واتای سستیی و لێچوونەوە

**سستبوون**: لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لە تەمبەڵی دوای چوست و چالاکیی.

بە عەرەبی (فتور)ـە، وەکو لە فەرهەنگی( لسان العرب)دا هاتووە: (فَتَرَ الشيءُ، والْحَرُّ، وفُلانٌ يَفْتُرُ، ويَفْتُرُ فُتُوراً وفُتاراً: سَكَنَ بعدَ حِدَّةٍ ولانَ بَعدَ شِدَّةٍ).

واتە: کە دەووترێت: شتێك فتوری بەسەردا هات، وەکو: (فتر الحر) یەعنی گەرما هێدی بۆوە ،دوای ئەوەی زۆر توندبوو، یان نەرمبوو دوای ئەوەی زۆر سەخت و ڕەقبوو.(١)

لێچوونەوە: لە ئەسڵدا تەواوبوونی ماوەی هێلکەکردنی باڵندەیە، واتە: کۆتاییهێنان بەبەرهەم.. بەڵام کورد بۆ ئەو مرۆڤەشی بەکار دەهێنێت، کە کارێکی چاکەی بەردەوامی هەبووەو لەپڕێکدا کۆتایی پێهێناوە..

**لە ڕووی زارەوەییەوە**: مەبەستمان لە خەمساردی و سستبوون و وازهێنانی کاروانچیانی ڕێی بانگەوازی خواویستیە، لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی بانگەوازەکەیاندا.. ئەمەش لانی کەمی ساردبوونەوەو تەمبەڵی و سستبوونە، ئەوسەریشی لێچوونەوەو وازهێنان و کەوتنە..

بەم مانایەیە، کە خوای گەورە لە باسی فریشتەکان و خواپەرستیاندا دەفەرمووێ: ﴿وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَنۡ عِندَهُۥ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ ١٩ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفۡتُرُونَ ٢٠﴾ الأنبياء: ١٩ – ٢٠.

---

(١) ئیبنومەنظوور: لسان العرب ٤٣/٥ مادة: فتر.

واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی خوای گەورەن، ئەوانـەی وان لـە خزمەت خوای گەورەو لای ئەون، نە خۆبەگەورە دەزانن لەوەی بیپەرسـتن و نـە مەلەل دەیانگرێت و نەبێزاردەبن،شەووڕۆژ ستایشی خوا دەکەن و سست نابن..

یەعنی شەووڕۆژ لە پەرستنیدان، بێئەوەی ماندووبن، کـە مانـدووش نـەبن سست نابن و، تەمبەڵـی نایانگرێـت و بـە چوسـت و چالاکیـەوە ئـەرکی خۆیـان ئەنجامدەدەن.

## دووەم: هۆیەکانی سستبوون:

دەشێت یەکێکیان زیاتر لەم هۆیانەی خوارەوە- یـان هـۆیتر- بووبنـە هـۆی سستبوونی موسوڵمانێك لە دینداریتیی و کاری ئیسلامی، کە پێشتر چالاکبووە:

١-دینداریی سەختی یەکەمجاری و توندڕەویە سەرەتاییەکەی: هەندێ کـەس کە یەکەمین جار ئەم دینەی بۆ روون دەبێتەوەو، هەستدەکات چەنـد دووربـووە لێی، هەستدەکات کەموکورت و بێخەمبووە بەرامبەری، ئەمە وایلێـدەکات زۆر بە توندی بکەوێتە دینداریی.(١)

نوێژو ڕۆژووە سوننەتەکانیش وەکو فەرزەکان بە تونـدی دەگرێـت، بـەدەنی خۆی لە هەموو حەوانەوەو چێژێك مەحروومدەکات.

ڕەنگە هەبن، کە وا لە خۆیان دەکەن تووشـی لاوازی بـەدەنی بـێن.. ئەمـەش رەفتارێك نییە لاشەو دەروون ئارامی لەسەر بگرن.

بۆیە حەتمەن پاش ماوەیەك ئەو گوڕەیان پێنامێنێت و بـەرەو سـاردبوونەوەو

---

(١) کورد بەمە دەڵێ: گەرمە تەریقە.. ئەمەی لـە سـەرەتای تۆبـەکردنی دەروێشـەوە هێـنراوە کـە لـە سەرەتاوە ئەوەندە سەخت دەیگرن و دواییش وا سارددەبنەوە، تۆبەکە دەشکێنن واز لە نوێژو رۆژوەکـە دێنن و دەکەونەوە گوناحکارییەوە!

سستبوون دەچن.. ئەگەر زووخۆنەگرنەوە رەنگـە _خـوا لامانـدات_ ئیـتر بـەرەو وازهێنان بچن و بگەنە ئاستی بێزاربوون!

ئەمـەش هـەنگاوی یەکـەمی لارێبوونـە! ئێـرە دوورێیانـە. یـان گـورێکیتر دەداتەوە خۆی و پابەند دەبێتەوە، یان دەکەوێتە سەر رێیەکی ترو بە یـەکجاریی پابەندیی ئیسلامەکە وازلێدەهێنێت!

ئەمەش بەڵگەنەویستە، چونکە هەموو کەسێك تواناو وزەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە دەبێت بە پێـی ئـەو رەفتاربکـات، ئەگـەر زیـاد لـە وزەی خـۆی خەرجکرد وزەی نامێنێت و حەتمەن سستدەبێت و دەکەوێت.

ئاخر لـەم روانگـەوەیـە ،کـە پێغەمبـەری نـازدار (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) هۆشداریی دەدایە موسوڵمانان ،کە ئاگاتان لە خۆتان بێت و نەکەونە توندڕەویی و سەختگیرییەوە، وەکو کە دەفەرمووێ: (إِيَّاكُمْ والْغُلُوَّ في الدِّينِ فَإِنَّمَا هَلَكَ مَـنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِالْغُلُوِّ فِي الدِّينِ).[١]

واتە: نەکەن توخنی سەختگیریی لە دینەکەدا ببنەوە، چونکـە ئەوانـەی پـێش ئێوە بەوە فەوتان، کە توندڕەوییان لە دینەکەدا کرد. هەروەها دەفەرمووێ: (هَلَـكَ الْمُتَنَطِّعُونَ).[٢]موسلیم.

واتە: ئەوانـەی تونـدڕەوبوون خۆیـان بـە فەتارەتـدا.. ئەوانـەی لـە گوفتـارو کرداریانـدا سـەختگیربوون..[٣] هـەروەها لـە بوخـاری و موسـلیمدا هـاتووە کـە فەرموویەتی: (إِنَّ الدِّينَ يُسْرٌ ولا يُشَـادُّ الـدِّينَ أَحَـدٌ إِلَّا غَلَبَـهُ، فَسَـدِّدُوا وَقَـارِبُوا وأَبْشِرُوا).[٤]

---

(١) نوسەر رحمه الله هەر ئەوەندەی نوسیوە کە ئیمامی ئەحمەد گێڕاویێتیەوە. بەڵام لـە لای نەسـائیش هەیە لە (الکبرى ٤٠٦٣)، شێخی ئەلبانی رەحمەتیش لە (السلسلة الصحیحة ١٢٨٣)بە سەحیحی داناوە.

(٢) سێ جار لەسەر یەك وای فەرموو.

(٣) فەرموودەی تر لەو بارەوە زۆرە، لەوانە: (إِنَّ اللهَ تَعَالَى رَضِيَ لهذه الأُمَّةَ اليُسْرَ، وَكَـرِهَ لَهَـا الْعُسْرَـ) طەبەراني (صحیح الجامع ١٧٦٩) یان (أُدْعُوا النَّاسَ، وَبَشِّرُوا وَلَا تُنَفِّرُوَا، وَيَسِّرُوا ولا تُعَسِّرُوا)موسلیم.

(٤) بوخاری(٣٩)، موسلیم (٢٨١٦).

واتە: دینەکە سوك وئاسانە، هەر کەس بـە سـەختی بیگرێـت شکسـتدێنێت، دەی سا بەدیققەتبن و نەرمبن، ئاوا مژدە بدەن.

بڕوانە ئەم رەفتارو رەوشتە پارسەنگەی پێغەمبەری پێشـەوامان (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) لەم فەرموودەیەدا، کە (ئەنەس) -خوالێی ڕازی بێت- دەیگێڕێتەوە: (جَاءَ ثَلاَثَةُ رَهْط إِلَى بُيُوت أَزْوَاج النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ،يَسْأَلُونَ عَـنْ عبَـادَة النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ،فَلَمَّا أُخْبِروا كَأَنَّهُمْ تَقَالُّوهَا فقَـالُوا: وَأَيْـنَ نَحْـنُ منَـالنَّبيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ؟ قَدْ غُفرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَمنْ ذَنْبه وَمَا تَـأَخَّرَ! قَـالَ أَحَـدُهُمْ: أَمَّـا أَنَـا فَإِنِي أُصَلِّياللَّيْلَ أَبَدًا وَقَالَ آخَرُ: أَنَا أَصُومُ الدَّهْرَ وَلَا أُفْطِرُ، وَقَالآخَرُ: أَنَا أَعْتَزِلُ النِّسَاءَ فَلَا أَتَزَوَّجُ أَبَدًا. فَجَاءَ رَسُولُاللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ ) إِلَيْهِمْ فَقَالَ: أَنْتُمُ الَّذينَقُلْتُمْ كَذَا وَكَذَا؟ أَمَا وَاللَّه إِنِّي لَأَخْشَـاكُمْ للَّهوَأَتْقَـاكُمْ لَـهُ لَكنِّـي أَصُـومُ وَأُفْطِـرُ وَأُصَـلِّي وَأَرْقُدُوَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي).[(١)]

واتە: سێ پیاو هاتنە ماڵی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) )و لە چـۆنێتی و چەندێتی خواپەرستی پێغەمبەری خوایان (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) لـە خێزانـە بەڕێزەکانی پرسی،کە بۆیان باسکرا، بە شتێکی کەمیان زانی (پێیـان وابـوو کـە دەبێت ئەمان زیاتربکەن، بۆیە وتیان:) جا ئێمە لە کوێ و پێغەمبەری خوا( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لە کوێ؟

ئەو، خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی بەرودوای خۆشبووە، ئێمە چی؟!

بۆیەیەکێکیان وتی:من لەمەودوا تا مـاوم هـەموو شـەوێك شـەونوێژدەکەم، یەکێکی تریان وتی:منیش تا ماوم هەر بەڕۆژوودەبم، ئـەوی تریـان وتـی:منیش ژن ناهێنم و توخنی ناکەوم!

کە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی هێنایەوە فەرمووی: ئێـوەبـوون واتانووت و واتانووت؟!

(١) بوخاری (٥٠٦٣) موسلیم (١٤٠١).

بەخوا سامن لە ئێوەش لە خواترسترم، بەڵام بەڕۆژووشدەبم و بەڕۆژووشنابم، نوێژیشدەکەم و دەشخەوم، ژنیش دێنم، هەر کەس وازلەڕەفتارو ڕێبازی من بهێنێت ئەوە لە من نییە..

عائیشە (خوالێی ڕازی بێت) فەرموودەیەکی تر دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) )تەشریفی هێنایەوە ماڵەوە ئەم ئافرەتێکی لە خزمەتدابوو، پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) )فەرمووی: ئەوە کێیە؟!

عائیشە فەرمووی: ئافرەتێکە بەزۆرنوێژیی بەناوبانگە!

پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَهْ عَلَيْكُمْ بِمَا تُطِيقُونَ، فَوَاللَّهِ لَا يَمَلُّ اللَّهُ حَتَّى تَمَلُّوا، وَكَانَ أَحَبَّ الدِّينِ إِلَيْهِ مَا دَامَ عَلَيْهِ صَاحِبُهُ).[(١)]

واتە: بەکاوخۆبن لەگەڵ خۆتان ئەوەندە بکەن، کە دەتوانن، بە خوا قەسەم تا خۆتان مەلەل نەتانگرێت خوای گەورە مەلەل نایگرێت.

ئینجا عائیشەخان دەفەرمووێ: ئەو کارەی کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زۆر لای پەسەندبوو ئەوەبوو، کە خاوەنەکەی بەردەوام دەبوو لەسەری، با کەمیش بوایە..

(ئیبنوعەبباس) -خوا لێیان رازی بێت- دەفەرمووێ: ماڵی پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەنیزەکێکیان هەبوو، بە ڕۆژ بەڕۆژوودەبوو، بە شەویش شەونوێژیدەکرد، کە عەرزی پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد (کە پێیانووت) وا بەڕۆژ بەڕۆژووەو بە شەویش شەونوێژدەکات.

فەرمووی: (لِكُلِّ عَمَلٍ شِرَّةٌ، وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةٌ، فَمَنْ كَانَتْ فَتْرَتُهُ إِلَى سُنَّتِي فَقَدْ اهْتَدَى، وَمَنْ كَانَتْ فَتْرَتُهُ إِلَى غَيْرِ ذَلِكَ فَقَدْ هَلَكَ).[(٢)]

---

(١) بوخاری (٤٣)، موسلیم (٧٨٢).

(٢) نوسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیوە: (البزار).. ترمذی (٢٤٥٣)، ئیبنوحیببان لە سەحیحەکەی (١٨٧/١)دا هێناویەتیەوەو شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحیح الجامع/٢١٥٢) دا فەرموویەتی سەحیحە.

واتـە: هـەموو کارێـك لوتکـەی چوسـت وچـالاکیی خـۆی هـەیـە، هـەموو چالاکییەکیش سستیی خۆی هەیە، جا هەر کەس سسـتیییەکەی بـە پێـی ڕێ و ڕێبازی من بێت، ئەوە ڕێی ڕاستی نیشاندراوەو سەرکەوتووە، هـەر کەسـێکیش سستیییەکەی بە پێی ڕێ و ڕێبازی من نەبوو ئەوە گومڕابووە..

**٢-ئیسراف و گەدەبەلی:** هۆیەکی تری سستبوون گەدەبەلی و ئیسرافکردن و زۆر بەکارهێنانی ڕێپێدراوانە بە شـێوەیەك کـە خاوەنەکـەی دەسـت لـە شـتێك هەڵناگرێت! تا بۆی بکرێت دەخوات و دەخواتەوە، یان دەپۆشێت و گوێ بە نرخ و پارەی نادات.

ئاشـکرایە کـە سـەرەنجامی ئەمـەش: قـەڵـەوبوون و زیـادبوونی حـەزو ئارەزووەکانە، تا ئەم حاڵەتەش بەردەوام بێـت سسـتیی زیاتردەکـات، تەمبـەڵـی زیاتر ڕوو لە خاوەنەکەی دەکات، تـا وایلێـدێت تاقـەتی زۆر چـالاکی نامێنێـت لەوانەی کە دەیکردن، بە کەسانی تریان دەسپێرێت!
ئیتر زۆری حەز لە جموجووڵ نامێنێت و هەر لە پاڵەوە دەفەلسەفێنێت! ئاخر لەبەر ئا ئەم ئەنجامە خراپەیە کە خوای پەروەردگارو کارزان و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرهەڵستیان لە ئیسراف کردووە، بەردەوام هۆشدارییان داوەتە موسوڵمان، کە نەکەن ئەوەندە گەدەبەلی بکەن و جڵەوی حەزو کەیفی خۆتان ئاوا شلکەن.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١﴾ الأعراف: ٣١.

واتـە: ئـەی ئادەمیزادینـە، لـە هـەموو مزگەوتێکـدا ،جـوان و ئـاڵواڵا خۆتـان بڕازێننەوەو بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام گەدەبەلی و زێدە مەسرەف مەکەن، چونکـە خوای گەورە دەسـتبڵاوو زێـدەڕۆیـانی خۆشـناوێت، ئەوانـەی سـنوری ئاسـایی دەبەزێنن.

پێغەمبەری سەروەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (مَا مَلأَ ابْنُ آدَمَ وِعَاءً شَرًّ مِنْ بَطْنِه..).[1]

واتە: مرۆڤ هیچ دەفر (قاپ)ێکی پڕ نەکردووە ،خراپتر بێت لە گەدەی!!

لە هەموو سیرەی سەلەفدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە: کە ئەم ئوممەتە لەو کاتانەیدا ،کە بە پێی ئاڕاستەی ئەم دینە ڕەفتاریدەکرد، چەند لەم داب و نەریتانەشدا وردەکارو پابەندی فەرمایشتی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبوو.

هەر کەسێك لە یاوەران و تابعینیان دەگریت، دەبینیت ئامۆژگاری ئوممەتەکە دەکات و بەرەو ئەو ئاڕاستەی دەبات ،کە خێرو ئاسودەیی تێدایە.

خاتووعائیشە (خوالێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: (أَوَّلُ بَلاءٍ حَدَثَ فِي هَذِهِ الأُمَّةِ بَعْدَ نَبِيِّهَا الشَّبَعُ، فَإِنَّ القومَ لَمَّا شَبِعَتْ بُطُونِهِم سَمِنَتْ أَبْدَانُهُم، فَضَعُفَتْ قُلُوبُهُم وجَمَحَتْ شَهَوَاتُهُمْ).[2]

واتە: یەکەمین کێشەیەك لەم ئوممەتەدا لە دوای نەمانی پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەدەرکەوت، تێربوون بوو، ئەو خەڵکە کە تێریان خوارد گەدەیان پڕبوو، قەڵەوبوون، بەمەش دڵیان لاوازو حەزو ئارەزویان بەرەڵابوو.

سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب (خوالێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: (أَيُّهَا النَّاسُ ، إِيَّاكُمْ وَالْبِطْنَةَ مِنَ الطَّعَامِ ، فَإِنَّهَا مَكْسَلَةٌ عَنِ الصَّلاةِ ، مُفْسِدَةٌ لِلْجَسَدِ ،

(١) ترمذی ژمارە (٢٣٨٠) و ئیبنوماجە (٣٣٤٩) و شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صحيح سنن الترمذي ١٩٣٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە. هەموو فەرموودەکەش ئاوایە: (مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنِه، بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ لُقَيْمَات يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فَإِنْ كَانَ لا مَحَالَةَ، فَثُلُثٌ لِطَعَامِه، وَثُلُثٌ لِشَرَابِه، وَثُلُثٌ لِنَفَسِه).

(٢) نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیووە: (مونذیری لە کتێبی (الترغيب و الترهيب). بەڵام بۆ زانین: ئەم فەرموودەیە زەعیفە. ئیمامی بوخاری لە (الضعفاء)دا هێناوێتیەوەو ئیمامی ذەهەبی لە (ميزان الاعتدال ٣٣٥/٣)دا بە زەعیفیان داناوە، شێخی ئەلبانی لە (ضعيف الترغيب والترهيب ١٢٣٩)دا دەفەرموێ: (منكر موقوف)..

مُوَرِّثَةٌ للسَّقَم ، وَأَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يُبْغِضُ الْحَبْرَ السَّمِينَ ، وَلَكِنْ عَلَيْكُمْ بِالْقَصْدِ فِي قُوتِكُمْ ، فَإِنَّهُ أَدْنَى مِنَ الإِصْلاحِ ، وَأَبْعَدُ مِنَ السَّرَفِ ، وَأَقْوَى عَلَى عِبَادَةِ اللَّهِ ، وَإِنَّهُ لَنْ يَهْلِكَ عَبْدٌ حَتَّى يُؤْثِرَ شَهْوَتَهُ عَلَى دِينِهِ).(١)

واته: خەڵکینە! نەکەن زۆر خۆ تێر بکەن، تێریی خراپە بۆ لەش، نەخۆشی بەسەردا دەهێنێت، لە نوێژان تەمبەڵیدەکات لە سنوری خۆیدا بخۆن و بخۆنەوە، ئەمیان بۆ لەش چاکترەو دوورە لە ئیسراف و زێدەڕۆیی، خوای گەورەش زەلامی زل و قەڵەو دەبوغزێنێت، بە ڕاستی کاتێك کابرا دەفەوتێت، کە فەزڵی حەزو ئارەزووکانی بەسەر دینەکەیدا بدات.

ئیمامی غەززالی لە کتێبی (احیاء علوم الدین)ـە کەیدا لە (ئەبوسولەیمانی دارانی)یەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: هەر کەس تێربوو بە شەش بەڵاوە موبتەلا دەبێت: شیرینی موناجاتی خوای پەروەردگاری لەدەستدەچێت (مەبەستی ئەوەیە کە شەونوێژەکانی پێناکرێت)، لە بەزەیی هاتنەوەی خەڵکی مەحرووم دەبێت، (چونکە وا دەزانێت خەڵکیش وەکو خۆی تێرن)! لە خواپەرستیدا سستدەبێت، حەزو ئارەزووەکانی زیاتر سەردەکەنەوە سەری، خۆی لەو خێرەی موسوڵمانان مەحروومدەکات کە لە مزگەوتدا دەستیان دەکەوێت، کە موسوڵمانان خەریکی گەنجکردنی زێدەخێری قیامەتدەبن ئەو لە سەرەنگوێلکەکاندا خەریکی تێرکردنی چڵێسیەکەیەتی..

٣- گۆشەگیریی و خۆدوورەپەرێزگرتن لە موسوڵمانان: ڕێی قیامەت دوورەو پشوی درێژی دەوێت، قۆناغی زۆری لەسەرن، کەندو کۆسپ و هەڵدێریشی

(١) نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە: عەلائوددین لە کتێبی (کنز العمال)ـە کەیدا هێناویێتیەوە. بەڵێ لەو سەرچاوەیەدا وا لە (٤٣٣/١٥ ژ٤١٧١٣)دا. ئەم قەولە لە کتێبی (الجوع)ی ئیبنوئەبی دونیا/ ل٧٢)دا هاتووە بەڵام سەنەدەکەی لە نێوان سەیدنا عومەرو سەیدنا ئیبنوعومەردا خوا لێیان رازی بێت تێکەڵبووە.. هەندێك بە قەولی یەکەمی دەزانن و هەندێکی دیکە بە قەولی خەلیفەی بەڕێز..

زۆرن، ویست و هیممەتی بەردەوامیش پێویستی بەشەحنکردنەوەو نوێکردنـەوە هەیە.

جا ئەگەر بابای موسوڵمان لەگەڵ کۆمەڵێکدا ڕێی دەبڕی، حەتمەن هەمیشـە هەست بە نوێبوونەوەی ویسـت و وزەی نـوێی چـالاکیی دەکـات، هەسـتدەکات خـاوەن ئیـرادەیـەکی بـەهێزە، ورەی بـەرزە، وزەی بـۆ خێـر لەکاردایـە، چەنـد ماندوودەبێت بەختیارە پێی.

هەستدەکات بەسوودە، بەڵام ئەگەر خۆی دوورەپەرێز گرت و تـەنها کـەوت ئیرادەی شلدەبێت، ویستی خێرەومەندی نامێنێت، سستدەبێت و حەز بـە بینینـی ئەو کەسانەش ناکات کە دەیخەنـەوە گـەڕ! ئەوانـەی ویسـتی بەهێزدەکەنـەوەو پشتیدەگرن، ئەوانەی ئامۆژگاریدەکەن و دەستدەدەنە باڵی.

ئیتر ئاوا سست دەبێت، تەمبەڵیی ڕووی تێدەکات، حەز بە کارناکـات، وردە وردە مەلەل دەیگرێت و بێزار دەبێت.. تا وایلێدێت خۆ لە داعیـە پیاوچاکـەکان و هاوڕێ پاکەکانی دەشارێتەوە..

ئەمەش نیشانەی کەوتن و دۆڕاندن و فەوتانە. -خـوا لامانـدا- ئـاخر لەبـەر ئائەمەیە، کە ئیسلام هەمیشە شوێنکەوتوانی خۆی بـۆ کۆمـەڵکـاریی هـەڵنـاوە، داوای لێکردوون بە کۆمەڵ بـژین و تەحـەممـوولی یـەکتریی بکـەن، برایـەتیی یەکتری بپارێزن و سەبر لەسەر یەکتری بگرن.

لەبەر ئەم فەوتانە حەتمیـەیـە ،کـە ئیسـلام ناهێڵێـت شـوێنکەوتوانی، تـەنها بکەون، هۆشدارییان دەداتێ، کە وەکو مەڕی پەڕەوازەیان لێ نەیات!

داوا لە هەر هەمویان دەکات، کە پێکەوە دینەکە بگرن.. وەك دەفەرمووێ:

- ﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا﴾ آل عمران: ١٠٣.

واتە: هەموو پێکەوە دەست بە دینی خواوە بگرن..

- ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾ المائدة: ٢.

واتە: یارمەتیی یەکتری لەسەر کردەوەی چاك و تـەقواکاریی بـدەن، لەسـەر تاوان و دەستدرێژی هاوکاریی یەکتری مەکەن..

- ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ الأنفال: ٤٦،

واتە: گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەن و لە ناو خۆتاندا ناکۆکمەبن، ئەگینا شکستدەخۆن و وزەو هێزتان لە دەستدەدەن..

- ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخْتَلَفُواْ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ آل عمران: ١٠٥.

واتە: وەکو ئەوانەتان لێ نەیەت کە دوای ئەوەی هیدایەتی خواییان بۆ هـات تەفرەقەیان تێکەوت و راجوێبوون..

پێغەمبـەری سـەروەریش (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرمـووێ: (عَلَـيْكُمْ بالْجَمَاعَة، وَإيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ، وَهُوَ مِنَ الاثْنَـيْنِ أَبْعَـدُ، وَمَـنْ أَرَادَ بُحْبُحَةَ الْجَنَّة فَعَلَيْه بِالْجَمَاعَة)[(١)].

واتـە: پێویسـتە دەسـت بـە کۆمـەڵـەوە بگـرن، چونکـە شـەیتـان لەگـەڵ تاکەکەسدایە، کە دوو کەس کەوتنە یەك شەیتان لێیان دوورترە، ئەوی دەیەوێت کەژاوەی بەهەشتی بە نسیب ببێت با لە ریزی کۆمەڵدا بێت..

هەروەها دەفەرمووێ: (مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْرًا، فَقَـدْ خَلَـعَ رِبْقَـةَ الإسـلامِ مِـنْ عُنُقِه).[(٢)]

---

(١) ترمـذی (٢١٦٥) شـێخی ئەلبـانیش رحمەالـلە لە (صـحیح سـنن الترمـذی ١٧٥٨) دا دەفەرمـوێ: سەحیحە.

(٢) نوسەری بەرێز نوسیوێتی بوخاری بەڵام بەو لەفزە لە بوخاریدا نیە، لە موسلیمدا دەفەرموێ: (مَنْ رَأى مِنْ أميرِه شَيْئاً يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ فَإِنَّهُ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْراً فَمَاتَ فَمِيتَتُهُ جَاهِلِيَّة)، ریـوایەتێکی تـری: (فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإسلامِ مِنْ عُنُقِه).

واتە: هەر کەسێك بستێك لـە کۆمـەڵ بترازێـت، بـەیعـەتی ئیسـلامەتی لـە ئەستۆی خۆی داماڵیووە..

- هەروەها: (وآمُرُكُمْ بالسَّمْع و الطَّاعَة، وَ الهجْرَة والجهَاد، وَالجَمَاعَةِ، فَـإنَّ مَـنْ فَارَقَ الجَمَاعَةَ شِبرْاً فَمَاتَ إلا كَانَتْ مِيتَتُهُ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً).احمد[١]

واتە: منیش فەرمانی گوێڕایەڵی و ملکەچی و هیجرەت و جیهادتان پێدەکەم، هەروەها پابەندبوونتان بە کۆمەڵەوە.. هەر کەسێك بستێك لە کۆمەڵ بترازێت و بمرێت، ئەوە مردنەکەی مردنی جاهیلییەتانەیە.

- هەروەها: (الَّذي يُخَالِطُ النَّاسَ وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُـمْ، أعْظَـمُ أجْـرَاً مِـنْ الَّـذي لاَ يُخَالِطُ النَّاسَ وَلاَ يَصْبِرُ علىَ أذَاهُمْ).[٢].

واتە: ئەو کەسەی تێکەڵاوی خەڵکیدەکات و سەبر لەسەر ئـازارو نارەحـەت کردنیان دەگرێت پاداشتی زۆرترە لەو کەسەی تێکەڵاوی خەڵکی ناکات و سەبر لەسەر ئازارو نارەحەتییان ناگرێت..

سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتە، ئەم مانایانەیان لا فەرزێکی بەڵگەنەویستبوو، بۆیـە زۆر پابەنـدبوون بـە هـاوڕیزی ئوممەتەکـەوەو جـەختیان لـێ دەکـردەوەو بەردەوام خەڵکیان لەسەر یەکڕیزیی هان دەدا..

---

(١) حەدیسەکە ئیمامی ترمذیش گێڕاوێتیەوە، دووروودرێژە سەرەتاکەی بـەم شـێوەیەیە: (عَـنْ الْحَـارِثَ الأَشْعَرِيِّ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:إنَّ اللَّهَ أَمَرَ يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّـا بخَمْـس كَلِـمَات أَنْ يَعْمَـلَ بهَـا وَيَأْمُرَ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنْ يَعْمَلُوا بهَا) تا دەگاتە (قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ: وَأَنَـا آمُـرُكُمْ بخَمْـس اَللَّـهُ أَمَرَنِي بهِنَّ: السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ وَالْجِهَادُ وَالْهِجْرَةُ وَالْجَمَاعَةُ فَإِنَّهُ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ قِيـدَ شِـبرْ فَقَـدْ خَلَـعَ رِبْقَـةَ الْإِسْلَامِ مِنْ عُنُقِه إِلَّا أَنْ يَرْجِعَ)، پاشان (فَادْعُوا بِدَعْوَى اللَّهِ الَّذِي سَمَّاكُمْ الْموسلِيمينَ الْمُؤْمِنِينَ عِبَادَ اللَّه). فەرموودەوانان جگە لە ئیمامی بوخاری وموسـلیم ئـەم فـەرموودەیان گێڕاوەتـەوە، ئەحمـەد (١٧٢٠٩)، ترمذی (٢٨٦٣) ریوایەتیان کردووە، ئەلبانی رەحمەتی لە (صحیح الجامع الصغیر/١٧٢٤) دا دەفەرموێ (اسنادە صحیح).

(٢) نوسەری بەڕێز نووسیوێتی: (موسلیم)، بەڵام لەوێدا نـەمبینی، لای ترمـذی (ژمـارە ٢٥٠٧) و لای ئیبنوماجـە ( ٤٩٣٢)ــە. شـێخی ئـەلبانیش لـە (سلسـلة الاحادیـث الصـحیحة٦٥٢/٢)دا دەفـەرموێ: سەحیحە..

سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خوالێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: (لێڵی و پشێوی ناو کۆمەڵ، لە ساف و ڕوونی تەنهایی باشترە..).

(عبداللەی کوڕی موبارەك) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرمووێ:

لَوْلاَ الْجَماعَةُ مَا كَانَتْ لَنَا سُبُلٌ وَكَانَ أَضْعَفُنَا نَهْبًا لأَقْوَانَا

واتە : ئەگەر کۆمەڵ نەدەبوو ڕێمان نەدەبوو بیگرینە بەر.. دەشتبینی ئەوی بەهێزمانە بێهزمانی دادەڕنی.

٤-کەم یادی مەرگ و قیامەت: یادنەکردنی مردن هۆیەکی سەرەکیە بۆ سستبوونی ویست وخواز، بۆ خاوبوونەوەی ئیرادە وبزاوت، بۆ خپبوونی چوست و چالاکی، گەر زوو چارەسەر نەکرێت سەردەکێشێت بۆ وەستان و دابڕان..

لەبەر ئەمەیە کە دەبینی یەکێك لە حیکمەتەکانی چوونە سەر گۆڕستان و یادکردنەوەی مەرگ و بەرزەخ ،بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیەیە، کە پێغەمبەری پێشەوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی بە موسوڵمانان داوە بچنە سەر گۆڕستان و یادێکی مردن و قیامەت لەوێ بکەنەوە! کە دەفەرمووێ: (إنِيِّ نَهيْتُكُمْ عَنْ زِيارَةِ القُبُورِ، فَزُورُوهَا فَإِنَّ فِيهَا عِبْرَةً). ترمزی گێڕاوێتیەوە،

واتە: بەرهەڵستی چوونە سەر گۆڕم لێتان کردبوو، لەمەودوا بۆتان هەیە بچن، چونکە پەندو ئامۆژگاری تێدایە.

لە ریوایەتێکی تردا دەفەرمووێ: (كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، فَزُورُوهَا؛ فَإِنَّهَا تُزَهِّدُ فِي الدُّنْيَا، وَتُذَكِّرُ الْآخِرَةَ).

واتە: ڕێی چوونە گۆڕستانم لێتان گرتبوو، لەمەودوا قەیدی نییە بچنە سەر گۆڕ، چونکە وادەکات دڵتان زۆر بە دنیاوە نەبێت و ،ڕۆژی دوایشتان بیر دێنێتەوە..

ئەمەش هەر حیکمەتی ئەو یاد خستنەوەی دیکەیەتی، کە دەربارەییادی

ئەجەل و مەرگ لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرمووێ: (أَيُّهَا النَّاسُ اسْتَحْيُوا مِنْ اللهِ حَقَّ الحْيَاءِ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ الله إِنَّا نَسْتَحِي مِنْ الله تعالى؟ فَقَالَ: مَنْ كَانَ مِنْكُمْ مُسْتَحْيِيًّاً فَلاَ يَبِيْتَنَّ لَيلَةً إِلاَّ وأَجَلُهُ بَينَ عَينَيهِ، وَلْيَحْفظْ الْبَطْنَ وَمَا حَوَى وَالرَّأسَ ومَا وَعَى وَلْيُذَكِّرَ الموتَ وَالْبُلَى، وِلْيَترْكَ زِينَةَ الدُّنيا)[١].

واتە: خەڵکینە شەرمی حەقیقی لە خوا کەن، پیاوێك وتی:چما ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە دەبێ شەرم لە خوای گەورە بکەین؟!

فەرمووی: ئەو کەسەتان کە شەرمی لە خوا هەیە، با شەوی لێ نەیەت ،کە ئەجەلەکەی خۆی لە دورچاوی خۆی دانابێت! با گەدەی و ئەوی تێیدایە بیپارێزێت (لە حەرام) با سەری و ئەو هۆشەی تێیدایە بپارێزێت ، با یادی مەرگ و ئێسکپوانی لەبیربێت، با وازلەرازاوەیی دنیا بهێنێت..

واتە: با ئاراستەی خۆی بزانێت و چاودێریی خۆی بکات، با کە رەفتارێك دەنوێنێت، بزانێت چەند لەگەڵ شەرعی خوادایە.

٥- کەمتەرخەمی زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران: وەکو نوستن بەسەر نوێژە فەرزەکاندا، بە هۆی شەوارەکێشان و دانیشتنی دوای نوێژی عیشا بۆ قسەوباسی بێسوود، یان بایەخنەدان بە نوێژە سوننەتەکان و نەوافیلەکان و شەونوێژنەکردن و گوێنەدان بە نوێژی زوحا.

هەروەها قورئان نەخوێندن و نەپارانەوە، یان نەچوونە مزگەوت و دوا کەوتنی بێعوزر لە نوێژی جەماعەت و جۆرەکانی دیکەی تەمبەڵیی و سستیی، کە زۆرینەیان سزایان لەسەرە، هەر نەبێ نەبێت سزای خوایی ئەوەی لەسەرە ،کە زیاتر لە دینداریەکەی سارددەبێتەوەو زیاتر لە حهڕام نزیکدەبێتەوە.

---

(١) نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (ئیبنوماجە گێڕاوێتیەوە). بەڵام لای ئیبنوماجە نەمبینی. وا لای: ترمذی (٢٤٥٨)، ئەحمەد (١٨٧/٦)، ئیبنوئەبی شەیبە لە (المصنف/١٣٢٢٣)، حاکم(٣٥٩/٤)، ئەبویەعلا (٤٦١/٨)، بەززار (٣١٩/١) لە سێ ڕێگاوە لە ئیبنومەسعوودەوە هاتووە. شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (سلسلة الصحيحة ٩٣٥)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

ئەمــەش خــۆی لــە خۆیــدا ســزایە! خــوا لامانــدا، دژواریــی ئەمانــە لــە بەردەوامیدایە، چونکە حەتمەن پاش ماوەیـەکی دوور یـان نزیـك خاوەنـەکانیان دەگەیێنێتە لێچوونەوەو وازلەدینهێنان!

پێغەمبــەری نــازدار (صَــلَّى اللَّــهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) ئامــاژە بەمــەدەکــات، کــە دەفەرمووێ: (يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَـدِكُمْ ثَـلاَثَ عُقَـدٍ إِذَا نَـامَ يَضْـرِبُ عَلَى كُلِّعُقْدَةٍ: عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ، فَإِذَا اسْـتَيْقَظَ فَذَكَرَاللَّـهَ انْحَلَّـتْ عُقْـدَةٌ، فَـإِذَا تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَتَانِ فَإِذَاصَلَّى انْحَلَّتْ الْعُقَدُ فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ وَإِلاَّأَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلاَنَ).[1]

واتە: شەیتان لە پشتسەری هەر یەکێکتان سێ گرێ لـە مویـەك دەدات، کـە کابرا نوست، شەیتان بۆ دڵنیابوون دەست لە یەکیـەکی ئـەم گرێیانـە دەداتـەوەو دەڵێ: شەوێکی تووڵانیت بەسەردا بێت، ڕاکشــێ! ئەگـەر خەبـەری بـۆوە ئـەوە گرێیەکیان دەکرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژیگرت دووەمین گرێ دەکرێتەوە، ئەگـەر شەونوێژی کرد هەرسێ گرێکە دەکرێنەوەو، بۆ سبەینێ گورج و دەروون گوشـاد دەبێت، ئەگەر نا تەمبەڵ و سست و دەروون ئاڵۆز دەبێت..

٦- بەگــەرووداچوونی پــارووی حەڕام و گومانــاوی: ئەمــەش بــە هــۆی ئیهماڵکردنــی گرێبەســتی کارەکــەیــان گوێبــەحەڕامنــەدان یــان لاوازی بــاوەڕو تەقوای، کە وایلێدەکات بە چاوی بێـزو نارەزاییـەوە نـەروانێتـە پـارەو سـامانی گوماناویی، بـە پێچەوانـەوە وەرگرتنـی بێپـەروای حەڕام و ڕەفتـارپێوەکردنـی، بێسڵکردنەوە لای دەبێتە رەفتارێکی ئاسایی!

کەســانی ئــاوا حەتمــەن لــە لایــەن گەورەکــەیانــەوە سـزا دەدرێــن، ســزای کاریگەری ئەمانـە -کـە کەسـانی بێتـەقوا هەسـتی پێناکـەن یـان گوێینـادەنێ- سستبوون و لێچوونەوەیانە لە دینداریی و خواناسیی!

(١) بوخاری (١١٤٢)، موسلیم (٧٧٦).

ئیدی سزادراوان ناکەونە گەشەی ڕۆحەوە، دەروونیان ئاسوودەنابێت، دڵیان غافڵدەبێت و هەست بە چێژی خواپەرستی ناکەن.. ئا ئەمە نهێنی ئەو داواو جەختکردنەوەی ئیسلامە لە موسوڵمانان، کە دەبێ هەوڵبدەن هەر نانی حەڵاڵ بخۆن و قەرەی حەڕام نەکەون..

ئەو فەرمانەی بە پێغەمبەرانی پاك و سەرڕاستی خۆی داوە، هەر هەمان فەرمانی بە موسوڵمانانیش داوە، کە بە هەردووکیان دەفەرمووێ: ﴿يَاأَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (٥١)﴾ المؤمنون: ٥١.

واتە: ئەی نێرراوانی خوا! خۆراکی پاك و حەڵاڵ بخۆن و کردەوەی چاك بکەن، من بە هەر کارێك، کە دەیکەن ئاگادارم..

بۆ موسوڵمانانیش دەفەرمووێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (٨٧) وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنْتُمْ بِهِ مُؤْمِنُونَ (٨٨)﴾ المائدة: ٨٧ – ٨٨.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەو حەڵاڵ و پاکەی خوای گەورە بۆی دیاریکردوون، لە خۆتانی حەڕام مەکەن، دەستدرێژیی مەکەن و سنور مەبەزێنن، خوای گەورە دەستدرێژکارانی خۆشناوێت، بە ڕێگایەکی پاك و حەڵاڵ پەیداکەن تا لەو پاك وحەڵاڵە بخۆن، کە پێیداون، لەو خوایە بترسن، کە باوەڕتان پێی هەیەو پێی موسوڵمانن..

لەبەر گرنگی و کاریگەریی خۆراکی حەڵاڵ بۆ ئاڕاستەی گشت مرۆڤایەتی دەفەرمووێ: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ (١٦٨)﴾ البقرة: ١٦٨.

واتە: هۆ خەڵکینە! لەوەی لە سەر زەویە بە شێوازێکی پاك وحەڵاڵ بخۆن،

شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە ئەو دوژمنی سەرەکی و ئاشکرای ئێوەیە.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (كُلُّ جَسَدٍ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ فَالنَّارُ أَوْلَى بِهِ).(١)

واتە: هەر پارچەیەکی لەش بە پارەی حەڕام درووستبووبێت، ئاگری دۆزەخ شایەنێتی.

هەروەها دەفەرمووێ: (إِنَّ الْحَلالَ بَيِّنٌ، وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مُشْتَبِهَاتٌ لا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ)(٢).

واتە: حەڵاڵ دیارو ئاشکرایەو حەڕامیش دیارو ئاشکرایە، لە نێوانیشیاندا گوماناوییەکان هەن، کە زۆرینەی خەڵکی نایانزانن، هەر کەس خۆی لە گوماناوییەکان بگرێتەوە، ئەوە دین و کەسایەتی خۆی پاراستووە، هەر کەسێکیش بکەوێتە ناویانەوە ئەوە هەر دەکەوێتە حەڕامەوە، هەر وەکو شوانێك چۆن هەر لە دەوروبەری لەوەڕگایەك ماڵیاتەکەی دەلەوەڕێنێت، حەتمەن ماڵیاتەکەی هەر دەکەونە ناو ئەو لەوەڕگایەوە..

یان دەفەرمووێ: (دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لاَ يَرِيبُكَ).(٣)

واتە: ئەوی گومانت لێیەتی بۆ ئەوەی لێگەڕێ ،کە گومانت لێی نییە..

(١) ترمذی (٦١٤) و ئیمامی ئەحمەد (٣٢١/٣ و ٣٩٩) شێخی ئەلبانیش لە (صحیح الجامع الصغیر ٨٣١/٢)دا فەرموویەتی: سەحیحە.

بوخاری (٥٢)، موسلیم (١٠٧).( ٢)

(٣) نوسەری بەڕێز هەر نوسیوێتی (ترمذی) و هیچی تر.. راستە. ترمذی (٢٥١٨)، نەسائی لە (المجتبی/٥٧١١)و لە: (الکبری/٥٢٢٠)، ئەحمەد (١٧٢٣)، داریمی (٢٥٣٢)، ئیبنوحیببان (٧٢٢)، ئیبنوخوزەیمە (٢٣٤٨). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع ٣٣٧٨) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

ئەوجا پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بـۆ ئـەوەی بـە کـردەوەش هەموو موسوڵمانان فێربکات ، (ئەنەسی کوڕی مالیك) - خوای لێی رازی بێت - دەفەرمووێ: (أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَجَدَ تَمْرَةً. فَقَالَ: لَوْلاَ أَنْ تَكُوْنَ مِنَ الصَّدَقَةِ لأَكَلْتُهَا)[١].

واتە: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە رێی ماڵەوەیدا ،دەنکە خورمایەکی دۆزیەوەو فەرمووی: لەوانەیە هی خێر بێت، دەنا دەمخوارد.

سەلەفی پیاوچاکی ئەم ئوممەتە لە: یاوەران وتابعین وشوێنکەوتوانی ئەوان لەسەر ئەم شێوازە رەسەنە پەروەردەبووبوون، زۆر وردەکاربوون، چاودێری خۆراکی خۆیان بە دیقەتەوە دەکرد، وریابوون، نەیاندەهێشت هیچ شتێکی گوماناویان پێ هەڵپرژێت، نە خواردن و خواردنەوە، نە پۆشاك و سەروەت و سامان، نە زەوی زارو خانووبەرەو ئاژەڵ.

گومانیان لە هەر شتێکیان بۆ دروست ببوایە، دەستبەجێ لەخۆیان و ماڵ و منداڵیان دوور دەخستەوە، دەترسان مامەڵەی شتی گوماناویی بکەن ،نەبادا بەرەو حەرامیان ڕابکێشێت، دەترسان لەوەی دڵیان بە شتێکەوە پەیوەست ببێت، کە جێی گومان بێت، ئەگەر یەکێکیان وای لێ بهاتایە، خێرا گوماناویەکەی دەکردە خێرو، سەد جاری تۆبە دەکرد!

لەوە دەترسان دڵیان، کە بە خۆشەویستی خوا پاك کردبۆوە، خاڵێکی بۆری تێکەوێت!

سەرنج بدە سددیقی ئەم ئوممەتە: عائیشە (خوالێی ڕازی بێت) دەڵێ: (كَانَ لأَبِي بَكْرٍ غُلاَمٌ يُخْرِجُ لَهُ الْخَرَاجَ وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ يَأْكُلُ مِنْ خَرَاجِه , فَجَاءَ يَوْمًا بِشَيْءٍ فَأَكَلَ مِنْهُ أَبُو بَكْرٍ ، فَقَالَ : لَهُ الْغُلاَمُ أَتَدْرِي مَا هَذَا ؟ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ : وَمَا هُوَ ؟ قَالَ :

---

١) بوخاری (٢٢٩٩)، موسلیم (١٧٨١).

كُنْتُ تَكَهَّنْتُ لإِنْسَانٍ فِي الْجَاهِلِيَّةِ وَمَا أُحْسِنُ الْكِهَانَةَ إِلَّا أَنِّي خَدَعْتُهُ , فَلَقِيَنِي فَأَعْطَانِي بِذَلِكَ فَهَذَا الَّذِي أَكَلْتَ مِنْهُ , فَأَدْخَلَ أَبُو بَكْرٍ يَدَهُ فَقَاءَ كُلَّ شَيْءٍ فِي بَطْنِهِ).[1]

واته: ڕۆژێك مێرمنداڵێكی ئاشنا هاته لای ئەبوبەكری سددیق (خوالێی ڕازی بێت) (كە باوكی عائیشەخانە) شتێكی خواردنی دایێ، ئەبوبەكریش خواردی، دواتر مێرمنداڵەكە وتی:دەزانی ئەوەی كە خواردت براوەی گرەوێك بوو لەگەڵ هاوڕێیەكم كردبووم و بە فێڵ لێم بردبۆوە!

ئیتر، كە ئێستا بینیم ئەوەی دامێ، ئەوەی خواردت لەوەبوو.

ئیدی ئەبوبەكر (خوالێی ڕازی بێت) خێرا پەنجەی كرد بە گەروویداو هەرچی خواردبوی هێنایەوە!..

٧- گرتنی لایەنێكی دینەكە: وەكو ئەوەی، كە هەموو بایەخدانەكەی بخاتە سەر عەقیدەو لایەنەكانی تری ئیسلامەتی فەرامۆش بكات، یان بایەخی تەواویان پێنەدات، یان كەسێكی تر، كە هەموو بایەخیداوە بەپەرستنەكان لەسەر حسابی لایەنەكانی تری ئیسلامەتی.

یان كەسێك، كە هەموو بایەخ و هۆشێكی خستۆتەسەر خێروخێرات كردن، بەڵام لە عەقیدە، یان لە پەرستندا سستە! ئەم جۆرە كەسانە كاتی وایان بەسەردادێت لەو لایەنەی دینداریتیەكەیان ساردەبنەوە، چونكە دینداریتی بە هەموو لایەنەكانی ئیسلام دەكرێت.

خوای گەورە ئەم دینەی وا داڕشتووە، كە ببێتە بەرنامەی هەموو گۆشەو كەنارێكی ژیانی مرۆڤایەتیی، مرۆڤی هەموو شوێن و كاتێك، دینداریتیەكەشی بەوە تەواو دەبێت و گەشەونەشونمادەكات، كە هەموو لایەنەكانی ئیسلامەتیەكە بگرێت.

---

(١) بوخاری (٣٦٢٩)، موسلیم (٤١٩٥).

ئەمما ئەگەر ،تەنها بایەخی بە لایەنێکدا ئـەوە وەکـو ئـەوە وایـە، کـە تـەنها لایەنێکی ژیانی دەوێت و، هەر ئەو لایەنەش جێبایەخێتی! ئەگەر لەو لایەنەیـدا گەیشتە لوتکە، دوایی هەر خۆی دەپرسێت: ئێ دوای ئەمە چی دێت؟!

بەڵگەنەویستە، کە وەڵامی دەستناکەوێت، ئیتر بەرەوخواردەبێتەوە، پێیوایـە: زەخیرەی قیامەتی خۆی پڕکردووە! بۆیە لەو لایەنەی دینداریێتیەکەیدا سستدەبێت و، لەوانەیە تاقەتی بەردەوامبوونی نەمێنێت!

ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو پەندو ئامۆژگاریانەی ئایەتەکانی قورئان، کە دەخوازێت ئێمە بایەخ بە هەموو ئیسلامەتیەکە بدەین.

نابینیت خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱدْخُلُوا۟ فِى ٱلسِّلْمِ كَآفَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَـٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٠٨﴾﴾ البقرة: ٢٠٨.

واتـە: ئـەی ئـەو کەسـانەی بـاوەڕتـان هێنـاوە ! وەرنـە هـەموو لایـەنەکانی ئیسلامەتیەوەو هەموو تەوەرەکانی وەربگرن، کار بـە هـەموو لقـەکانی بـاوەڕو بوارەکـانی شـەریعەتی ئیسـلامەکە بکـەن، دوی شـەیتـان مەکـەون و لەگـەڵ هەواوهەوەسـی خۆتانـدا ڕێ مـەبڕن! شـوێن ئـەو مەکـەون، ئـەو دوژمنتانـەو خێروخۆشی ئێوەی ناوێت.

ئەو حەزدەکات دوژمنداریێتیی و قـین و بـوغز بکەوێتـە نێوانتانـەوە، تـا لـە بەرنامەی خوا دوورتانبخاتەوە، ئەگەر توانی لە هەموو بەرنامەکـەو پابەنـدبوون پێیەوە، ئەگەر نا، لە هەندێك لایەنی ساردتاندەکاتەوە. دە بە قسەی مەکەن، دەی خۆ ئەوە دوژمنتانە بۆچی وا دەکەونە شوێنی؟!

بـۆچی شـوێن بانگەوازەکـەی خـوا ناکـەون کـە بـۆ بەختـەوەریی دنیـاو قیامەتتانە؟!

کەچی شوێن ئەو دەکەون، کە بەرەو دۆزەختان دەبات؟!

٨- حاڵیی نەبوون لە ڕێساویاسای گەردوون و ژیان: پۆلێك داعی و کەسایەتی ئیسلامی دەبینین،کە هیممەت بەرزن و هەوڵدەدەن کۆمەڵگەکەیان بەرەو ئیسلامەتی و دینداریی ببەن.

دەیانەوێت فیکری پەڕیدەو نەریتی خراپ و ڕەوشتی لاسەنگی کۆمەڵگە بگۆڕن، دەیانەوێت دەسەڵاتی سیاسیی و سیستمی ئابوریی حکومەت و وڵات بگۆڕن،بەڵام زۆر بە خێرایی!!

وا دەزانن ئەمانە دەبێت لە ماوەیەکی کەمدا بێنەدیی! دەیەوێت بە هۆکارو شێوازێکیش بێنەدیی، کە ئەو تەسەوریان دەکات! کە لە خەیاڵپڵاو دەچن، وەك لە گرتنەبەریی هۆکاری واقیعیی..

دەبینیت کابرا بە غیرەتە، ئازایە، جوامێرە، پەرۆشی ئەم دینەیە، ڕێگایەکی خزمەت نامێنێت بێپەروا نەیگرێتەبەر، مەیدانێك نییە _هەرچەند دژوار بێت_ خۆی تێفڕێنەدات، بۆ بردنەپێشەوەی بانگەوازی خوایی سڵ لە مەرگ ناکاتەوە! بەڵام خۆ ئەوەندە بەس نین بۆ هێنانەوەی حوکمی شەرع و سەروەری دینەکە..

کێشەی ئەم جۆرە موسوڵمانانە لەوەدایە، کە لە یاساو ڕێسای گەردوون و ژیان تێنەگەیشتوون، حسابێکی وردەکارانەیان بۆ قۆناغکاریی کارکردن نەکردووە..

بەڵێ، سەرکەوتن بۆ ئەهلی دینداریی و تەقوایە، بەڵام خۆ تەقوا هەر شەونوێژو ڕۆژوی سوننەت نییە.. تێگەیشتنی ڕێسای ژیان و ململانێی زیندەواران بە گشتی و خاوەن وەحیەخواییەکان پێویستە، ئەگەر تەقوا لە مەیداندا نەما ئیدی سەرکەوتن بۆ بەهێزەکانە، ئەوانەی هۆکاری سەرکەوتنیان باشگرتووە.

هەموو شتێکیش کات و ئاکامی هەیە، کە کاتی کۆتاییهات ئاکامی دواناکەوێت.. جا ئەم کەسانە کە دەیانخەیتە ناو گۆنگەڵی واقیعەکەوە، چونکە

زۆر شتیان خەیاڵیی بووە،کە واقیعەکەیان پێ هەزمناکرێت.

ئیتر مەلەل دەیانگرێت و حەز بە گۆشەگیریی دەکەن، ئیتر ڕوو لە سستیی دەکەن و لەوانەیە لەو چالاکیە ئیسلامیە بچنەوە ،کە پێشتر ئەوەندە لەسەری گەرمبوون..

٩- کەمتەرخەمیی دەرهەق جەستەی خۆی لەبەر زۆری ئەرکەکانی: زۆرجار دەبینین داعیەکی ئیسلامیی، کەسایەتیەکی گورجوگۆڵی بواری بانگەوازو کۆمەڵکاری ئیسلامی، هیچ کاتێکی بۆ خۆی و کەسانی دەوروبەری نەهێشتۆتەوە، ڕاستە لەبەر دڵسۆزێتی بۆ دینەکەی، شەووڕۆژ لە کاردایە، بەڵام جەستەشی پێویستی بە حەوانەوە هەیە..

ئەم جۆرە کەسانە هەرچەندە دیارە، کە چوست و چالاکن و ئەرکی زۆریان بەسەرەوەیە، بەڵام حەتمەن کاتی وایان بەسەردا دێت، کە خاودەبنەوە، ماندوودەبن، سستدەبن..

لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لەو نەخۆشیانەی، کە تووشی ویست و ئیرادە دەبێت، بۆیە پێغەمبەری پێشەوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) موسوڵمانانی لەوە وەبیردەهێنایەوە، کە هەرچەند پۆزش بهێننەوەو بەهانە درووستبکەن، یان بەڵگەو هەنجەتیان هەبێ، هەر دەبێت هۆشیان لەوە بێت، کە بەدەنی خۆیان مافی لەسەریانەو دەبێت کاتێك بڕەخسێنن، تا بەدەنیانی تێدا بحەوێتەوە..

بۆیە وەکو لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە دەیفەرموو: (إِنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا وَلِنَفْسِكَ عَلَيْكَ حَقًّا وَلأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا فَأَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ).[١]

---

(١) ئەسڵی ئەم فەرموودەیە لە عەونی کوڕی ئەبو جوحەیفەوە خوا لێی ڕازی بێت ریوایەت کراوە کە ئەو لە باوکیەوە گێڕاوێتیەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەلمانی فارسی و ئەبودەردائی کردە برا، جارێك سەلمان چووە ماڵی ئەبودەرداء و بینی ئوممودەردائی خێزانی پۆشاکی شڕۆڵ و خراپی لەبەردایەو، هیچ بایەخی بە جوانیی و خۆ ڕازاندنەوەی نەداوە!
سەلمان لێی پرسی: چیتە، بۆچی وایت؟!

←

واتە: خوای پەروەردگارت مافی لەسەرتە، نەفسی خۆت مافی لەسەرتە، ماڵ و منداڵەکەت مافیان لەسەرتە، دەی هەر یەکەیان مافی خۆیان بدەرێ..

لە ریوایەتێکی تردا هەر لە (بوخاری)دا بە یاوەرێکی دەفەرمووێ: (صُمّ وأفْطِرْ، وَقُمْ وَنُمْ، فَإنَّ لِجَسَدكَ عَلَيكَ حَقَاً، وإنَّ لِعَينِكَ عَليكَ حَقَاً، وإنَّ لِزَوجِكَ عَليكَ حَقَاً، وإنَّ لِزُوَرِكَ عَليكَ حَقَاً)[1].

واتە: بە تەئکید جەستەت مافی لەسەرتە، چاوەکانت مافیان لەسەرتە، هاوسەرت مافی لەسەرتە، میوانەکانت مافیان لەسەرتە..

١٠- خۆ ئامادەنەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستی ڕێ: جاری وا هەیە دەبینین هەندێك داعی و کەسایەتی چالاکی ئیسلامی، بێئەوەی زۆر بایەخ بدەن بەو کۆسپ و لەمپەرانەی دێنە ڕێی خۆیان و بانگەوازەکەیان، دەکەونەڕێ.

هەڵوێستەیەك لەبەر دەم زۆریی کەندەڵانەکانی ڕێیاندا ناکەن، تا وردتر سەرنجدەن، داخۆ هۆکاری ئەم بەربەستانە چین؟

ئایا دەکرێت خۆیان لێ بپارێزین؟!

---

ئافرەتەکە وتی: غێر ئەبودەردائی براتە! ئیحتیاجی بە دنیا نەماوە.. کە ئەبودەرداء هاتەوە سەلمان خواردنی بۆ ئامادەکردو خستیە بەردەستی فەرمووی: فەرموو بخۆ.
ئەبودەرداء فەرمووی: بە ڕۆژووم.
سەلمان فەرمووی: منیش دەمی لێنادەم، تا تۆ نەیخۆیت.
فەرمووی: ئیتر خواردی.
شەو ئەبودەرداء هەستا ،تا شەونوێژ بکات.
سەلمان پێی فەرموو: بخەوەرەوە، خەوتەوە، پاشان هەستایەوە ،تا شەونوێژەکەی بکات.
سەلمان فەرموویەوە: بڕۆ بخەوەرەوە، دیسان چووەوە خەوتەوە.
ئەمجارە ،کە بۆ شەونوێژ هەستایەوە، کاتەکە گەیشتبووە کۆتایی شەو، سەلمان فەرمووی: ئێستا بیکە.. ئیتر شەونوێژەکەیان پێکەوە کرد ، پاشان سەلمان بە ئەبودەردائی فەرموو: (إِنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا وَلِنَفْسِكَ عَلَيْكَ حَقًّا وَ لأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا فَأَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ). بوخاری (١٩٦٨).
(١) بوخاری (١٨٤٨).

لەوانەیە لادانی بەربەستەکانیش ئاسان بن، نزیکبن، بەڵام ئەو خۆی بۆ تەرخان نەکردوون، بۆ نموونە: هاوسەرەکەی، یان منداڵەکانی بوونەتە بەربەست! یان سەرکردنە سەر دنیاو دەوڵەمەندبوونی،یان تاقیکردنەوەی خوێندن و تاقیکردنەوەکانی ژیانی،یان بەڵاو موسیبەتی قورسی ژیانی،بەڵام ئەم ئەوەندە بە گرنگیان نابینێت!

کات و پلانێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان دانانێت! بەڵام کاتێك دەزانێت وا کێشەکە ئەوەندە گەورەبووە، چارەسەری لەبەر دەستی ئەمدا نەماوە!! یان کێشەکان زۆرن و کەڵەکەبوون، ئیتر ئەمیش، کە تەنهایە توانای بەرەنگاربوونەوەیانی نەماوە!

سەرەنجام دەرەقەتی واقیعە نایات و کۆڵی بانگەوازو کۆمەڵکاریەکەشی قورسە، ئیتر وردە وردە ساردەبێتەوەو سست دەبێت، ئەگەر زووتر فریای خۆی نەکەوێت و نەخشەیەکی ئاقڵانە بۆ تەشخیسکردنی بەربەستەکانی ڕێی و چارەسەریان دانەنێت، دوورنییە لەبەریاندا هەڵبێت و لە کارکردن و دینداریەکەشی ساردبێتەوە!!

نهێنی ئاراستەی خوایی لێرەدایە ،کە چارەسەری ئەو حاڵەتە دەروونیانەدەکات و ناهێڵێت خراپتر ببێت، وەك دەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤ إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٥ ﴾ التغابن: ١٤ — ١٥.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە !لە هاوسەرو منداڵەکانتاندا هی وایان تێدایە دوژمنتانن، هۆشداربن لێیان، بە حەزەر بن، بەڵام ئەگەر سەرفی نەزەرتان هەبێت و سینەفراوانە رەفتارکەن و لێبوردنتان هەبێت، خوای گەورەش لێبووردەو بەبەزەییە.. سەروەت و سامانتان، ماڵ و منداڵتان مایەی

تاقیکردنەوەتانن، پاداشتی هەرە گەورە وا لە لای خوای گەورە..

هەروەها: ﴿مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ﴾ آل عمران: ١٧٩.

واتە : مومکین نەبوو خوای گەورە ریزی موسوڵمانان هـەر وا لێگـەڕێـت! نـا دەبوو بیانخاتە ناو تاقیکردنەوەی خۆیەوە، تا پیس لە پاك هەڵاوێرێت..

لە شوێنێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾﴾ الأنفال: ٢٨.

واتە: ئەوە بزانن، کە سامان ومنداڵتان مایەی تاقیکردنەوەن.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾﴾ العنكبوت: ١ – ٣.

واتە : چما خەڵکی وا گومان دەبەن هەر بەوەندەی کە وتیان باوەڕمـان هێنـاوە ئیدی تاقیناکرێنەوە؟! ئێمە کەسانی پێش ئەوانیشمان هەر تاقیکردۆتـەوە، خـوای گەورە دەزانێت کێ ڕاستگۆیەو بەتەئکید دەشزانێت کێ درۆزنە!

لە سورەتی محـمدیشدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴿٣١﴾﴾ محمد: ٣١.

واتە: تاقیتاندەکەینەوە تا موجاهیدی سەرڕاست و ئارامگران دەرکەون، ئێمـە هەواڵەکانیشتان تاقیدەکەینەوە!

١١- هاوڕێیـەتی دیـن کـزو ورەبەزیـوان: لەوانـەیـە هۆکـارێکی سـەرەکی سستبوون و لێچوونەوە ئەوە بێت کە کابرای داعیی ،یان کەسە دیندارەکـە بۆتـە هاوڕێ و هاودەنگی کەسانێکی ورە ڕووخـاوی دیـن کـز، بـە تایبـەتی لەوانـەی

ناوبانگێکیان هەیە، هەر کەسێك زۆر تێکەڵاوی ئەم جۆرە کەسانە بکات و نەتوانێت بیانخاتە ژێر کاریگەری ئیجابی خۆیەوە، حەتمەن ئەو جۆرە کەسانەو دەوروبەرەکەیان ئەم دەخەنە ژێر کاریگەریی سلبی خۆیانەوە.

ئەم ورە ڕوخاوە بەناوبانگانە وەکو دەهۆڵن! دیارو بێ ناوەرۆکن.. وەکو ئاژەڵی گروێن، هەر ساغێکیان لێنزیکبێتەوە گروێدەبێت، زۆر هاتوچۆو هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا داعیە موسوڵمانەکەش فێری تەمبەڵی و سستیی دەکات و دوورنییە سەرەنجام واز لە بانگەوازەکە بهێنێت![1]

بۆ کەشفکردنی بواری نالەباری ئەمەیە کە پێغەمبەری پێشەوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جەخت لەسەر هاوڕێیەتی پیاوی باش دەکاتەوەو داوادەکات بە دوی هاوڕێی باشدا بگەڕێین و هەڵیانبژێرین، کە دەستمان کەوتن لە دەستیان نەدەین.. چونکە هاورێی باش پشتە_هەڵبەتە دیندارەکان ڕێژەی باشترییان تێدایە_ .دەفەرمووێ: (الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ). ئەبوداود[2] .

واتە: هەموو کەس لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی، جا با بزانێت کێ دەکاتە هاوڕێی خۆی.

هاوڕێی باش بە عەترفرۆش دەچونێت.. کە هەر بەلایدا تێپەڕیت بۆنی خۆشی لێوە دەکەیت.. ئەمە لە کوێ و سەرسەرییەك لە کوێ، کە لە دووریشی بیت ئازارت پێدەگەێنێت.. دەفەرمووێ: (مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السَّوْءِ

---

(١) بە داخەوە جاری وا هەیە دەبینیت کابرای داعی سەرەنجامی ئەم تێکەڵاویەی لەگەڵ دین لاوازو ورەڕووخاواندا لێچۆتەوە کەچی _لە جیاتی ئیعتیرافکردنی بە پاشەکشەو شکست و بەزیوێتی خۆی_ بە ناوی دانایی و حیکمەت و ئاقڵێتیەوە لێچوونەوەکەی دەفەلسەفێنێت!

(٢) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ئەبوداود). راستە. ئەبوداوود (٤٨٣٣)، ترمذی (٢٣٧٨)، ئەحمەد (٨٣٩٨)، بەیهیقی (٩٤٣٦)، حاکم لە (المستدرك ١٧١/٤)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح سنن الترمذی١٩٣٧)دا بە حەسەن ی داناوە.

كَمَثَلِ صَاحِبِ الْمِسْكِ وَكِيرِ الْحَدَّادِ لاَ يَعْدَمُكَ مِنْ صَاحِبِ الْمِسْكِ إِمَّا تَشْتَرِيهِ أَوْ تَجِدُ رِيحَهُ وَكِيرُ الْحَدَّادِ يُحْرِقُ بَدَنَكَ أَوْ ثَوْبَكَ أَوْ تَجِدُ مِنْهُ رِيحًا خَبِيثَةً). متفق عليه[١] .

واتە: نموونەی هاوڕێی چاك و هاوڕێی خراپ وەكو عەترفرۆش و موشەدەمەوانی[٢]ئاسنگەرن، حەتمەن شتێكت پێدەگەیێنن، كابرای عەترفرۆش یان لێی دەكڕیت، یان بۆنی خۆشی بەسەرتدا دێت، بەڵام موشەدەمەی كابرای ئاسنگەر یان لەشت یان پۆشاكەكانت دەسوتێنێت، یان بۆگەنی ناخۆشت لێیەوە بۆ دێت.

١٢- كاری بێ ئاڕاستەو خودسەریی تاك یان كۆمەڵ: لەبەر ئەوەی زۆر كەس هەیە لە بانگەوازو كاركردنیدا حەزدەكات خۆ بەسەر كاربكات، جاری وا هەیە گوێ بە تەعلیماتی سەرووتر لە خۆی نادات، یان بە سیستم و نەزمەوە پابەندنابێت، دەشێت كارێك ،كە لاوەكییە ئەو بیكاتە كاری ڕاستەوخۆی یەكەم، كارێكیتر كە سەرەكیەو پێویستە، ئەو بیخاتە ئەخیر!

یان هەڵوێستێك ئەو بەلایەوە گرنگ نییەو گوێینەداتێ، لە كاتێكدا ئەوە هەڵوێستی هەموو هاوكارانێتی، یان كارێك لە بەرنامەدا نییەو ئەو لامسەرلایی بە میزاجی خۆی ئەنجامی دەدات.

ئەم جۆرە كەسانەو كارەكانیان لە كۆمەڵكاریدا حەتمەن لە جیاتی ئەوەی ببنە پاڵپشت، دەبنە كۆسپ و كۆڵ! بۆیە ئەگەر تاكی ڕێكخراوێك یان حیزبێك بن سزا وەردەگرن، ئیدی لەوانەیە دەروونیان تەحەمولی ئەو سزایە نەكات و ببێتە مایەی ساردبوونەوەیان و پاشان سستیی و لێچوونەوەیان لە كۆمەڵكاریی و

---

(١) بوخاری (١٩٩٥)، موسلیم (٤٧٦٢)..

(٢) موشەدەمە: مەشكەیە، زەمانی كۆن ئاسنگەرەكان بۆ گەشانەوەی پشكۆی كورە بەكاریان دەهێنا..

بانگـەواز! یـان کـە بـەردەوام پێیـان دەوترێتـەوە کـە دەبێـت پابەنـدبن، مەلـەل بیانگرێت و بێزاردەبن، بۆیە سستدەبن و حەز بە دوورکەوتنەوە دەکەن!

ئێمە لە فەرمایشت و ئاراسـتەی پێغەمبـەری ڕێزدارماندا(صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) هەست بە هەبوونی چارەسەر دەکەین، چونکە دیارە هەبوونی کەسانی وا پـۆلێکی جـۆری دەروونـی مرۆڤـەو لـە هـەموو نـەوەیـەکی مرۆڤایـەتی و کۆمەڵگەیەکیدا هەر دەبینرێن..

بۆیـە پێغەمبـەری پێشەوا(صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، کـە (موعـازی کـوڕی جەبەل)ی بۆ یەمەن نارد پێی فەرموو:

(إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَاب فَادْعُهُمْ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـهُ وَأَنِّي رَسُـولُ اللَّه فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَـيْهِمْ خَمْـسَ صَـلَوَات فِي كُـلِّ يَوْم وَلَيْلَة فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَـدَقَةً فِي أَمْـوَالِهِمْ تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ فِي فُقَرَائِهِمْ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِـذَلِكَ فَإِيَّـاكَ وَكَـرَائِمَ أَمْـوَالِهِمْ وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهَا لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ)[1].

واتە: دەچیتە ناو قەومێکەوە، کـە پـەیـامی ئاسـمانییان بـۆ هـاتووە، سـەرەتا بانگهێشتیان بکە بۆ شایەتمان، بۆ ئەوەی ،کە هیچ خوایەك نییە شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوا، هەروەها کە من نێرراوی خوام، ئەگەر گوێڕایەڵییان کردیت و ملکەچبوون، ئینجا فێریان بکە خوای گەورە زەکاتی لەسەر فـەرز کـردوون، کـە دەبێت بڕێك لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگیرێت و بدرێتەوە بـە هـەژارانی خۆیـان، ئەگەر گوێڕایەڵییان کردو ملکەچبوون، ئەوە چاکـە، نەکـەی تـوخنی سـامانە بـە نرخەکانیان بکەویت، هۆشت لە دوعاو نزولەی ستەملێکراو بێت، چونکـە نێـوان ئەوو خوای گەورە هیچ پەردەیەکی نییە..

(١) بوخاری (٦٩٣٧)، موسلیم (١٩).

دیــارە فەرموودەكــە ئامــاژە بــە ڕێســای چــۆنییەتی خســتنە پێشــچاوی بانگەوازەكە دەكات.. داواكاریە سەرەكیەكان ریزدەكات، كە دینەكە داواكاریی وای هەیە سەرەكییەو هەیە سەرەكیترەو هەیە سەرەكیترینە..

١٣- كەوتنەناو گوناحی بچووك و بەردەوامبوون لەسەریی: شتێكی حەتمیە ،كە ئەنجامدانی گوناحی بچووك بێگوێدانە كۆبوونەوەو زیادبوونیی، كابرای داعی و دیندار دەگەیێنێتە ساردبوونەوەو سستیی، چونكە كە گوناحە بچووكەكانی پێئاساییبووە، زۆری مومارەسە كردوون! تا لەبەرچاوی بونەتە شتێكی ئاسایی! خوای پەروەردگار ئاڕاستەكەی ڕەسەنە، كە دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ۝٣٠﴾ الشورى: ٣٠.

واتە: هەر بەڵاو موسیبەتێكتان بەسەردا بێت، هەر سەرەنجامی رەفتاری خۆتانە، خوای گەورەش لە زۆركەس و تاوانیان خۆش دەبێت..

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوب فَإِنَّمَا مَثَلُ مُحَقَّرَات الذُّنُوب كَمَثَلِ قَوْمٍ نَزَلُوا بَطْنَ وَاد فَجَاءَ ذَا بِعُود وَجَاءَ ذَا بِعُود حَتَّى جَمَعُوا مَا أَنْضَجُوا بِهِ خُبْزَهُمْ وَإِنَّ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ مَتَى يُؤْخَذُ بِهَا صَاحِبُهَا تُهْلِكُهُ)(١) .

واتە: خۆ بپارێزن لە گوناحی بچووك! چونكە نموونەی ئەو گوناحە بچووكانە وەكو ئەوەیە: كە كۆمەڵێك كەس لە دەشتێكدا بیانەوێت ئاگرێك بكەنەوە، ئیدی هەر یەكەیان بچێت و چیلكە بهێنێت، تا لیژنەیەك هەڵدەچنن و بەشی خۆشكردنی ئاگرەكە كۆدەكەنەوەو چێشتەكەی دەخەنە سەر..

لە فەرموودەیەكی تریشدا دەفەرمووێ: (إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خَطِيئَةً نُكِتَتْ فِي

(١) نوسەری بەڕێز نوسیویێتی: (ئیمامی ئەحمەد). راستە. لای ئیمامی ئەحمەد (٤٤٦/١)ە كە حافز ئیبنوحەجەر رحمەالله لە (فتح الباری/ ٦١٢٧)دا بە حەسەنی داناوە، ئەلبانیش رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/ ٢٦٨٦)دا بە سەحیحی داناوە.

قَلْبِه نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ، فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ اللَّهَ وَتَابَ صُقِلَ قَلْبُهُ، فَإِنَّ عَادَ زِيدَ فِيهَا حَتَّى تَعْلُوَ عَلَى قَلْبِهِ، وَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذَكَرَ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ (كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ)المطففين/ ١٤[(١)].

واتە: ئەگەر عەبدێکی خوا گوناحێکی کرد خاڵێکی رەش لەسەر دڵی دەکوترێت، ئەگەر وازی لە گوناحەکە هێناو داوای لێبوردنی کردو تۆبەی کرد سەر لە نوێ دڵی پاك دەکرێتەوە، ئەگەر گەڕایەوە سەر گوناحەکە، ئەوا حاڵە ڕەشەکەی سەر دڵی بۆ زیاتر دەکرێت، ئیتر هەر ئاوا زیاتر دەبێت ،تا ڕەشێتی هەر هەموو دڵی دادەگرێت!!

ئەمە ئەو خاڵە ڕەشەیە ،کە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی: نەخێر، سەرەنجامی ئەو کردەوە بەدانەی کردویانە، خاڵی ڕەش ئاوا دڵی داگرتوون..

ئەمە هەندێك لە هۆکاری سستیی ولێچوونەوەن موسوڵمان دەبێت هۆشی لێیان بێت.

**سێیەم: کاریگەریی سلبیی و دژواریی سستیی و لێچوونەوە:**

لێچوونەوە پوکێنەرەوەی دین ودینداریییە، کوشندەیە، چ لەسەر کەسەکە خۆی چ لەسەر ئەندامانی کۆمەڵ و بانگەوازو خودی کۆمەڵکارییەکەی:

- لە لایەنی دنیاییەوە زەقترین کاریگەریی سلبی لێچوونەوە،کە لەسەر کەسایەتی کابرای سستبوو خۆیەتی، چونکە جگە لەوەی لە ناخی خۆیدا شکستی دەروونی خواردووە، لەبەرچاوی خەڵکەکەی خۆشی دەکەوێت و ڕەصیدی کەسایەتی نامێنێت..

- لە لایەکی ترەوە لای خوای گەورە ڕێزی بەقەدەر سستیی و لێچوونەوەکەی

---

(١) نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: ئەحمەدو خاوەن سونەنەکان. ڕاستە. ترمذی (٣٣٣٤) دەفەرموێ: (هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ) ئیبن ماجە (٤٢٣٤)، شێخی ئەلبانیش لە (صحیح ابن ماجە ٣٤٢٢)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

کەمبۆتەوەو مەترسی ئەوەی هەیە کە لەو کاتی سستیی و لێچوونەوەیدا کۆچی دوایی بکات و سەرشۆڕی لای خوای گەورە ببێت!!

لەبەر ئەم چارەنووسە رەشەیە، کە پێغەمبەری خۆشەویست (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) بەردەوام لە دوعاکانیدا دەیفەرموو

* (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَأَعُـوذُ بِكَ مِنْ الْجُبْنِ وَالْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ، وَقَهْرِ الرِّجَالِ)(١) .

واتە: خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە سستیی و تەمبەڵـی، پـەنا دەگـرم بـە تـۆ لـە ترسنۆکی و پیسکەیی (بەخیلی)، پەنا دەگرم بە تۆ لە قورسبوونی کۆڵی قـەرزو ژێردەستەیی پیاوان..

*(...اللَّهُمَّ اجْعَلْ خَيرَ عُمْرِي آخِرَهُ وخَيرَ عَمَلِي خَوَاتِيمَهُ وَخَيرَ أَيَّامِي يَـومَ أَلْقَـاكَ فِيهِ).(٢)

واتە: خوایە باشترین ڕۆژانی عومرم ئەو ڕۆژانە بـن ،کـە کۆتـایی تەمـەنمن باشترین کارو کردەوەشم ئەوانەم بن کە کەوتوونەتـە کۆتـا کارمـەوە، باشـترین ڕۆژیشم ئەو ڕۆژە بێت کە بە دیدارت دەگەم..

وەکو مژدەش بە ئوممەتەکەی دەیفەرموو

---

(١) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ئەبوداوود). راستە ئەبوداوود هێنـاوێتیەوە (١٥٥٥) بەڵام ئەلبـانی رحمەالله لە ضعيف سنن أبیداود)دا دەفەرموێ: زەعیفە. ریوایەتی سەحیحی وا لە سەحیحی بوخـاریی (٦٣٦٣)دا بە لەفزی: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْبُخْـلِ وَالْجُـبْنِ ، وَضَـلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ)، لە سەحیحی موسلیمیشدا (٢٧٠٦)دا دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْعَجْـزِ وَالْكَسَلِ وَالْجُبْنِ وَالْهَرَمِ وَالْبُخْلِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ).

(٢) نوسەری بەڕێز بۆ سەنەدەکەی نوسیوێتی: (أورده الهيثمي في (مجمع الزوائد ١٠/١٥٧) من حديث أنس و عقب عليه بقوله: رواه الطبراني في الاوسط و رجاله رجال الصحيح غير عبدالله بن محمـد ابـو عبدالرحمن الاذرمي وهو ثقة) راسـتە لای هەیسـەمیی (مجمـع الزوائـد ١٠/١١٠)یـەو طەبـەرانیش لـە (الاوسط ٩٤٤٨) ریوایەتی کردووە. هەموو ئەمە نابێتە بەڵگەی سەحیح بوونی. هەر ئەو ئەزرەمییـەی لە سەنەدەکەدایە جێ مشتومڕی فەرموودەوانانەو هەموو ئەوانی تر بە زەعیفیان ناساندووە، بۆیـە ئـەم فەرموودەیە لای شێخی ئەلبانیش زەعیفە بڕوانە (سلسلة الأحاديث الضعيفة ٤٦١٣).

*(إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدٍ خَيْرًا اسْتَعْمَلَهُ، قَيلَ كَيْفَ يَسْتَعْمِلُهُ؟ قَالَ يوفقه لِعَمَلٍ صالِحٍ ثُمَّ يَقْبِضُهُ عَلَيهِ).ترمذي[١] .

واته: ئەگەر خوای گەورە خێری عەبدێکی ویست بەکاریدەهێنێت، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن بەکاریدەهێنێت؟ فەرمووی: دەیخاتەسەر کاری چاکەو لەو کاتەیدا رۆحی دەکێشێت.. وەسێتیشی بۆ ئوممەتەکەی ئاوا دەکرد:

* (إِنَّ الْعَبْدَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ النَّارِ وَإِنَّهُ منْ أَهْلِ الْجَنَّة، وَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَإِنَّهُ مِنْ أَهْلِ النَّارِ، وَإِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالخَوَاتِيمِ)[٢]. بوخاری.

واته: بەندە لە ئەهلی بەهەشتەو کاربەرەفتاری ئەهلی دۆزەخ دەکات، یەکێکی تر دۆزەخییەو کاربەرەفتاری ئەهلی بەهەشت دەکات، کارو رەفتارە کۆتاییەکانیان حسێبە، گرنگ ئەوەیە، کە ئاخری خێربێت، چونکە ئەویانی بۆ حسێبدەکرێت.

* (لَا تَعْجَبُو لِعَمَلِ عَامِلٍ حَتَّى تَنْظُروا بِمَ يُخْتَمُ لَهُ) ئەحمەد[٣].

واته: بە کارو رەفتاری کەسێك سەرسام مەبن، تا کۆتا کارو رەفتاری دەبینن.

یاوەرانی بەردەستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاوا پەروەردەبووبوون، بۆیە کەسێکی وەکو سەیدنا (عبداللەی کوڕی مەسعود) -خوالێی ڕازی بێت- کە گەیشتە نەخۆشی مەرگی، بینرا دەگریا، فەرمووی: (... وإنما أبكي أنه أصابَني على حال فترة، ولم يُصِبْني في حال اجتهاد).[٤]

---

(١) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ترمذی). راستە. ترمذی (٢١٤٢)، لای ئیمامی ئەحمەد (١٦٧٦٦) بەم لەفزەیە: (إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدٍ خَيْرًا اسْتَعْمَلَهُ قَبْلَ مَوْته فَسَأَلَهُ رَجُلٌ منْ الْقَوْمِ مَا اسْتَعْمَلَهُ قَالَ يَهْديه اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى الْعَمَلِ الصَّالِحِ قَبْلَ مَوْتِهِ ثُمَّ يَقْبِضُهُ عَلَى ذَلِكَ) ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٣٣٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

(٢) بوخاری(٦٤٩١) موسلیم (١٣٤).

(٣) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (احمد) راستە (١١٨٠٤)، ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٣٣٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە..

(٤) نوسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (النهاية في غريب الحديث لابن الأثير) بێ ئەوەی ئاماژە بە بەرگ ←

واتە: لەبەر ئەوە دەگریم کە لـە کاتێکـدا ئاکـامی مـەرگم گـەیشـتۆتێ ،کـە سستبووم و توانام نەماوە، لەو کاتانەدا نەبوو، کە چوست و چالاکبووم..

مەبەستی ئەوەبوو :کە لەو پیرێتیەیدا نەخۆشکەوت، کە وەکـو سـەردەمانی گەنجێتیەکەی بە گوڕ نەمابوو  تا خواپەرستیی زیاتر ئەنجامبدات..

**چــوارەم: کاریگــەریــی ســلبیی ســســتیی و لێچوونــەوە لــەســەر کۆمەڵکاریی ئیسلامی:**

گەورەترین کاریگەریی سلبی لێچوونـەوەی ئەنـدامانی کۆمـەڵکارییـەکی ئیســلامی ئــەوەیــە، کــە ســەرکەوتن و ســەرفرازیی خــوایی لــەو کۆمــەڵە دووردەکەوێتەوە، چونکە شایانی ئەو پلەو ڕێـزە نـامێنن، خـوای کاربـەجێ ئـەو ڕێزەیان لێنێت!

بەمەش ماندووبوونی ڕێ و کەندو کۆسـپەکانی زیـاتردەبن، قوربانیـانی ڕێ زۆرتر دەبن، خەڵك لاڕێ دەبێت و کاروانەکـە سسـتتردەڕوات، چونکـە ڕێسـای خواویستی وایە، کە سسـت و تەمبـەڵ و تەوەزەلـەکان نەخرێنـە کـەنارەوە، یـان ئــەرکی بیناســازیی شارســتانێتی و ئاڕاســتەی کۆمــەڵکارییــان پــێ بــدرێت، کۆمەڵکاریی دەپوکێتەوە..

ئەوی ئەو کارە سەرەکی و گرنگەی پێدەکرێت، خواناس و هیممـەت بـەرزو داعیانی موجاهیدی ئەم دینەن، کە لە بـە دیـدی پێغەمبـەران دەبیـنن و سـەلامی خوایان لێ بێت و، ئیقتیدایان بە سیرەی پاکی ئەوانەو، دەزانن جوهدو جیهادەکـە چۆن دەخەنە گەڕ.

---

و لاپەڕە یان ژمارەی بدات. ڕاستە ئیبنولئەثیریش فەرموویەتی وا لە (جامع الأصول)دا. ئەمیش راسـتە لەوێ دۆزیمەوە (١٥٨٣)، هەروەها لە (مشكاة المصابيح ٥٧/٤)، و لە (جمع الفوائد من  جـامع الأصـول ومجمع الزوائد ٢٣١٢/١٣)

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجۡرَ مَنۡ أَحۡسَنَ عَمَلًا ٣٠ ﴾ الكهف: ٣٠.

واتە: ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوەو کارو رەفتاری چاکە دەکەن، ئێمە پاداشتی ئەوانە بزر ناکەین، کە خێرخوازو چاکەکاربوون[١]..

(١) کورد دەڵێ: تا خوا کێو نەبینێت بەفری تێناکات، واتە: تا هۆکارەکانی و پێشەکییەکان ناهاتبنەدیی، ئەنجام نایاتەدیی. لەم روانگەوەیە کە پیرەمێردی رەحمەتی دەفەرموێ:

کاکە خوا کاری نابەجێ ناکا    تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

**پێنجەم: چارەسەری سستیی و لێچوونەوە:**

لەبەر ئەوەی سستیی و لێچوونەوە ئەوەندە کاریگەریی سلبیی و دژواری هەیە، دەبێت موسوڵمانان لێی بە حەزەربن و هەمیشە هۆشیان لای بێت، نەبادا تووشیانببێت، بە تایبەتی ئەو کەسانەی داعین و کار بۆ بانگەوازی ئیسلام دەکەن. چارەسەرو خۆپاراستن لەم نەخۆشیە دەروونییە کۆمەڵایەتیە والله اعلم بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت:

١- دوورکەوتنەوە لە گوناحی گەورەو بچووك: چونکە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە دڵ و دەروون دەکاتە خەڵوز، دەبێتە مایەی رقهەستانی خوای گەورە خوا لاماندا .. واوەیلا بە حاڵی ئەو کەسەش کە خوا لێی تووڕە دەبێت، چونکە زەرەرمەندی دنیاو قیامەت دەبێت.. خوای گەورە لە باسی غەزەبی خۆیدا دەفەرمووێ:

﴿ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَلَا تَطْغَوْا۟ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِى ۖ وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِى فَقَدْ هَوَىٰ ﴿٨١﴾ ﴾ طه: ٨١.

واتە: لەو حەڵاڵ و پاکەی پێمان بەخشیوون بخۆن و سنور مەبەزێنن تا بەر غەزەبی خوا نەکەون! هەر کەسێك بەر غەزەبی من بکەوێت سەرنگووم دەبێت!

٢- بەردەوامبوون لەسەر زیکرەکانی شەووڕۆژ: وەکو دوعاو نزاو پارانەوەو ئیستیغفار، یان قورئان خوێندن و نوێژە سوونەتەکانی (زوحا)، یان شەوونوێژو پارانەوەی سپێدەی فەجر، کە سەبای ساڵحان ناسراوە..

ئەمانە هەموی مایەی گەشەو نەشونمای رۆحی پاکن، مایەی شەحنکردنەوەی باوەڕن، مایەی قایمکردنەوەی دینداریین، مایەی چوست و چالاکی خواپەرستین،

هۆکاری بەهێزکردنەوەی ئیرادەو هیممەت بەرزیین.. خوای گەورە دەفەرمووێ:
﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾ ﴾ الفرقان: ٦٢.

واتە: ئەوە خوای گەورەیە، کە شەوورۆژی یەك بەدوی یەکدا درووستکردووە، ئەمە دەلیلی رێیە بۆ ئەو کەسەی بیەوێت یادی خوا بکات، یان سوپاسگوزاریی ئەو بکات.. هەروەها دەفەرمووێ:
﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ﴿١﴾ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٢﴾ نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا ﴿٣﴾ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴿٤﴾ إِنَّا سَنُلْقِى عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا ﴿٥﴾ ﴾ المزمل: ١ – ٥.

واتە: ئەی ئەو کەسەی خۆت لە ناوجێ ناوەو خۆت داپۆشیووە، هەستە هەموو شەوگار جگە لە کەمێکی شەونوێژکە، بە خواپەرستی بیبە سەر، نیوەی شەوەکان، کەمێك کەمتر یان زیاتری بە قیامولـلەیلەوە خەریك بە، قورئان هێدیانەو لەسەرخۆ بخوێنە.. بزانە کە ئێمە کۆڵێکی قورست دەخەینە سەرشان.. (کۆڵی بەرپرسێتی بانگەوازی خوایی)..

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (مَنْ نَامَ عَنْ حِزْبِهِ أَوْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ فَقَرَأَهُ مَا بَيْنَ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَصَلَاةِ الظُّهْرِ كُتِبَ لَهُ كَأَنَّمَا قَرَأَهُ مِنَ اللَّيْلِ).[١]

واتە: هەر کەسێك شەو بەشە ویردی زیکرەکانی خۆی خوێندو نووست، هەموی ،یان بەشێکی، بۆ سبەی لە نێوان نوێژی بەیانی و نیوەڕۆدا ئەو بەشەی تریشی خوێند، کە شەو نەیخوێندبوو، بۆێ دەنووسرێت و بۆی دەخرێتە پاڵ ئەوەی کە بەشەو خوێندوێتی..

---

(١) موسلیم (٧٤٧)، موبارەکفوری لە ( تحفة الاحوذي/ ابواب السفر/٥٨١) دا لەسەری نوسیوە: ( رواه الجماعة الا البخاري). جگە لە بوخاریی و ئیبنوماجە. ئەبوداوود (١٣١٣)، ترمذی (٥٨١)، نەسائی (١٧٩٠)، ئەحمەد(٥٣/١). شێخی ئەلبانیش رحمەالله لە (صحیح سنن ابن ماجە/١٢٢٨)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٣-بەکارهێنانی کاتە زیادەکان بۆ خواپەرستی: هەموو کەس کاتی زیادەی دەبێت، بە تایبەتی گەنج، بەکارهێنانی ئەم کاتانەش بە نوێژو زیکرو قورئان خوێندن و خواپەرستی ترەوە فرسەتی تەمەن و هەلی زەخیرەکردنی پاداشتە، ئەمیش ویست و ئیرادە بەهێزدەکات..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (...فَسَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا وَاسْتَعِينُوا بِالْغَدْوَةِوَالرَّوْحَةِ وَشَيْءٍ مِنَ الدُّلْجَةِ)[١].

واتە: میانڕەوانە کار بە تەواوی ئەنجام بدەن، گەر نەتانتوانی نزیکی ئەو، بەردەوامیش مژدەی کاری تەواوو بەردەوام بدەنە خەڵکی (تا هانیان بدەن بۆ ئەنجامدانی کاریان بە تەواویی و بەردەوامبوون لەسەریی) سوودیش لەو کاتانە وەربگرن: سەرەتای بەیانیان، دوای عەسرو پێش شێوان، هەروەها بەشێك لە شەوگاری درەنگ..[٢]

٤- خۆگرتنەوە لە توندوتیژیی و توندڕەوی: توندوتیژیی سەرەتایی بەردەوام نابێت و سەر دەکێشێت بۆ توندڕەویی لە دینداریێتیەکەدا، ئەمەش چونکە قورسە یارمەتی بەردەوامبوون نادات، بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەمیشە ئامۆژگاری نەرمونیانبوونی لە یاوەرانی بەڕێزی دەکرد.

عائیشەخانمی خێزانی خوالێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: (كَانَ لِرَسُولِ اللَّـهِ

---

(١) بوخاری (٢٩) موسلیم (٢٨١٦). هەموو فەرموودەکە: (إِنَّ الدِّينَ يُسْرٌ، وَلَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أَحَدٌ إِلاَّ غَلَبَهُ،فَسَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا، وَاسْتَعِينُوا بِالْغَدْوَةِ وَالرَّوْحَةِ وَشَيْءٍ مِنَ الدُّلْجَةِ)..

(٢) ئەو کاتانەی کە پێشەوای خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیاری کردوون هەموویان کاتی گونجاوی سەفەریشن، بە مانایەکی تر کە لەو کاتانەدا کە لەشتان سووکە بۆ سەفەر کە کارێکی قورسە، ئێوە ئەگەر ئیرادەتان لاواز نەبێت دەتوانن بیکەنە کاتی گونجاوی خواپەرستی و زەخیرەدانان، چونکە لەو کاتانەدا هەمووتان چوست و چالاکن: سەرەتای بەیانیان (کە دوای حەوانەوەی شەوە) دوای عەسرو پێش شێوان (کە دوای حەوانەوەی نیوەڕۆیە) هەروەها بەشێك لە شەوگاری درەنگ (کە دوای حەوانەوەو خەوە)..

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) حَصِيرٌ وَكَانَ يُحَجِّرُهُ مِنَ اللَّيْلِ فَيُصَلِّي فِيهِ فَجَعَلَ النَّاسُ يُصَلُّونَ بِصَلاَتِهِ وَيَبْسُطُهُ بِالنَّهَارِ فَثَابُوا ذَاتَ لَيْلَةٍ فَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عَلَيْكُمْ مِنَ الْأَعْمَالِ مَا تُطِيقُونَ فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يَمَلُّ حَتَّى تَمَلُّوا وَإِنَّ أَحَبَّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ مَا دُووِمَ عَلَيْهِ وَإِنْ قَلَّ. وَكَانَ آلُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) إِذَا عَمِلُوا عَمَلاً أَثْبَتُوهُ )[١] .

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حەسیرێکی هەبوو، بەڕۆژ ڕایدەخست ولەسەری دادەنیشت، شەوانەش دەیکردە دیوارو شەونوێژی لەودیویەوە دەکرد.

جارێك هەندێ کەس هاتن و ئیقتیدایان بە نوێژەکەی ئەو کرد، ئینجا خەڵکی تر هات تا شەوێك بوونە جەماعەتێکی زۆر، ئیتر پێی فەرموون: خەڵکینە، ئەوەندەی بۆتان دەکرێت خواپەرستی بکەن، خۆ خوای گەورە مەلەل نایگرێت، تا ئێوە تووشی مەلەل نەبن، خۆشەویستترین کار لای خوای گەورە ئەوەیانە، کە بەردەوامبوونی تێدایە، با کەمیش بێت.

خانەوادەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر کارێکیان دەست بدایاتێ بە جیددی دەیانگرت و وازیان لێ نەدەهێنا تا دەیانگەیاندە ئەنجام..

لێرەدا پێویستە یاداوەریەك بدەین، کە هۆشداریی دان لە نەکەوتنە ناو توندوتیژیی و توندڕەوییەوە، مانای ئەوە نییە لە بەرامبەر شیرك و کوفریشدا هەر نەرمونیانی بنوێنرێت، مانای ئیهمال کردنی فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە نییە، بەڵکومیانڕەوێتی موسوڵمانانەیە، کە لەگەڵ ئاڕاستەی بانگەوازە خواییەکەدا دەگونجێت، دیندارانە بە قورئان و سوننەتەوە پابەند بێت، بێتبەڵام لە رەفتارو بانگهێشتی ئیسلامەتیەکەیدا نەرمونیان بێت.. عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاس (خوالێی ڕازی بێت) گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

(١) بوخاری (٦٠٩٩)، موسلیم(٧٨٢).

وَسَلَّمَ) پێی فەرموو (يَا عَبْدَ اللَّهِ لاَ تَكُنْ مِثْلَ فُلاَنٍ كَانَ يَقُومُ اللَّيْلَ فَتَرَكَ قِيَامَ اللَّيْلِ)[(١)] .

واتە: هۆ عبدالله، وەکو فلان کەس مەبە کە شەونوێژی دەکردو ئێستا وازی لێهێناوە..

هەروەها لە ئەبوهورەیرەوە (خوالێی ڕازی بێت) هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: (فَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَىْءٍ فَاجْتَنِبُوهُ وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ)[(٢)].

واتە: ئەگەر بەرهەڵستی شتێکم لێکردن توخنی مەکەون، کە فەرمانی شتێکیشتان پێ دەکەم ئەوەندەی دەتوانن ئەنجامی بدەن..

٥-هۆگربوونی جەماعەت: بە خۆ لە قاڵبدان لە هەستی کۆمەڵکاریی و خۆبەستنەوە بە برایەتی موسوڵمانەکانی دەوروبەرەوە، بە گۆشەگیرنەبوون و دوورە پەرێزنەبوون لێیان.. پێغەمبەری رابەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الجَمَاعَةُ رَحْمَةٌ والْفُرْقَةُ عَذَابٌ)[(٣)] .

واتە: ژینگەی کۆمەڵ ڕەحمەتەو جودایی ئازارو ژانە.. هەروەها دەفەرمووێ: (يَدُ اللَّهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ)[(٤)].

---

(١) بوخاری (١١٠١)، موسلیم (١١٥٩).

(٢) بوخاری (٧٢٨٨)، موسلیم (١٣٣٧).

(٣) نوسەری ڕەحمەتی نوسیویێتی: (احمد). ڕاستە (٢٧٦٨٤)، عبداللەی کوریشی لە (الزوائد ٣٧٥/٤)، ئیبنوئەبی عاصم لە (السنة/ ٩٣و٨٩٥)، هەموو فەرموودەکە (مَنْ لَمْ يَشْكُرِ الْقَلِيلَ لَمْ يَشْكُرِ الْكَثِيرَ وَمَنْ لَمْ يَشْكُرِالنَّاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَالتَّحَدُّثُ بِنِعْمَةِ اللَّهِ شُكْرٌ وَتَرْكُهَا كُفْرٌ وَالْجَمَاعَةُ رَحْمَةٌ وَالْفُرْقَةُ عَذَابٌ). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٦٦٧)دا دەڵێ: سەحیحە.

(٤) نوسەری ڕەحمەتی نوسیویێتی: (ترمذی). ڕاستە (٢١٦٧) دەشفەرموێ: (غريب من هذا الوجه)، شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع الصغير /١٨٤٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە. لە ڕیوایەتێکی تری ئیبنوعومەردا خوا لێیان ڕازی بێت _هەر لە ترمذی (٢١٦٦)_ دەفەرموێ: (يَدُ اللَّهِ عَلَى الْجَمَاعَةِ).
←

واتە: دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵدایە..

سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خوالێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: (كَدَرُ الجماعةِ خيرٌ مِن صَفْوِ الفردِ).[1]

واتە: لێڵیەتیی ناو کۆمەڵ لە ساف و بێگەردی تاکیی باشترە..

٦- ئاگاداربوون لە ڕێسای خوایی لە مرۆڤ وگەردووندا: چونکە ئەوە ڕێسایەکە نەگۆڕەو بۆ هەموان وەکو یەکە.. خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا﴾ فاطر: ٤٣.

واتە: هەتاهەتایە ڕێسای خوایی گۆڕانی بەسەردا نایات و هەتاهەتایە ڕێسای خوایی لە ڕێك و پێکی خۆی ناکەوێت..

**لەو ڕێسایانە:** ئەنجامی هەموو شتێك پەیوەستە بە پێشەکیەکانییەوە: موسوڵمانیش دەبێت وەکو خەڵکانی تر ڕەنجبدات، هەموو وزەی خۆی لە کارێکی نەخشەبۆدانراودا بخاتەگەڕ، توانای مرۆڤانەی خۆی سەرفبکات، تا لە تاقیکردنەوەی خواییدا دەرچێت و شایانی یارمەتیدان و پشتیوانیلێکردنی بێت.. خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ذَٰلِكَۖ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖ﴾ محمد: ٤.

---

محـمدی موبارەکفووری ڕاڤەکاری فەرموودەکانی ترمذی دەفەرمویێ (رواته كلهم ثقات) واتە هـەموو گێڕەوەرەکانی سەنەدی فەرموودەکە جێمتمانەن.. شاهیدیتر لەسەر ئەم فەرمـودە هەیە: لای: ئەبـوداوود (٤٥٢/٤)، ئەحمەد (١٤٥/٥)، داریمی (٢٩/١)، حاکم (١١٥/١)، ئیبنوئەبی عاصم لە (السنة/ ٨٥).

[1] نوسەری ڕەحمەتی هەر ئاوا بە بێسەنەد هێنـاوێتییەوە. منـیش زۆر بـۆی گەڕام هـیچ سـەنەدێکم نەدی دڵ پێی سوکنا بێت. سـەیربوو کە هەنـدێک بە بـێ بەڵـگە نوسـیویانە قەولـی معـاویەی کـوڕی ئەبوسـوفیانە خـوا لێیـان ڕازی بێـت!! ئـێ دیـارە ئەمە هەر لە دژایەتـی شـیعەیە، چـونکە گێـڕانەوەی قەولەکە وەکو فەرمایشتی سەیدنا علی خوا لێی ڕازی بێت بەناوبانگە.

واتــە: ئــەوەش وایــە، ئەگــەر خــوای گــەورە بیویســتیایە خــۆی تۆڵــەی لێدەســتاننەوەو بەسەریشــیاندا ســەردەکەوت، بەڵام دەیــەوێت هەنــدێکیان بــە هەندێکی تریان تاقیبکاتەوە.. تاقیکردنەوەی موســوڵمانان بــۆ هەنجەتبڕینیــانە کە داخۆ بەرگریی لەم بانگەوازو نێرراوەی خوا دەکەن؟!

کافرانیش داخۆ هەر لەســەر ئــەو هــەڵوێســتە دوژمنکارانــەیــان دەمێننــەوەو بەهانەی موحاسەبەی ڕۆژی دوایی دەدەن بە دەستەوە..

**هەروەها لەو ڕێسایانە:** قۆناغ بە قۆناغی ڕێبڕین و پەروەردەکاریی و گەشــەو نەشونما: هەر وەکو دایکی موسوڵمانان عائیشە خاتوونی بەڕێــز (خــوالێی ڕازی بێت) فەرمووی: (إِنَّمَا نَزَلَ أَوَّلَ مَا نَزَلَ مِنْهُ سُـورَةٌ مِـنْ الْمُفَصَّـلِ فِيهَـا ذِكْـرُ الْجَنَّـةِ وَالنَّارِ، حَتَّى إِذَا ثَابَ النَّاسُ إِلَى الإِسْلامِ نَزَلَ الْحَلالُ وَالْحَرَامُ، وَلَوْ نَـزَلَ أَوَّلَ شَيْءٍ: لا تَشْرَبُوا الْخَمْرَ. لَقَالُوا: لا نَدَعُ الْخَمْرَ أَبَدًا! وَلَوْ نَزَلَ: لا تَزْنُوا. لَقَالُوا: لا نَـدَعُ الزِّنَـا أَبَدًا).(١)

واتە: ئەوەی کە یەکەمینجار کە یەکێك لە سورەتە درێژەکان دابــەزی، باســی بەهەشت و دۆزەخی تێداهاتبوو، تا دینداریێتی خــەڵکەکــە (گیــانی پابەنــدبوون و تەقوایان) زیاتربوو، باســەکانی حەڵاڵ و حەڕام دابــەزین، ئەگــەر لــە ســەرەتاوە بیفەرموایــە شــەراب مەخۆنــەوە، دەیــانووت: هەرگیزاوهــەرگیز واز لــە شــەراب ناهێنین.. ئەگەر بیفەرموایە زینا مەکەن، دەیــانووت: هــەرگیزاو هــەرگیز واز لــە زینا ناهێنین..

ئەمەش بوو وای کرد، کە پێنجــەمین خەلیفــەی ڕاشــیدین (عومــەری کــوڕی عەبدولعــەزیز) -ڕەحمــەتی خــوای لــێ بێــت- ئــەو ڕەفتــارە پشــوودرێژەی خــۆی بگرێتەبەر.

---

(١) بوخاری (٤٩٩٣)، موسلیم (١٠٩٣).

کەبوو بەخەلیفـە، ویسـتی ئاڕاسـتەی دەوڵـەت و کۆمـەڵگـە موسـوڵمانەکە بگێڕێتـەوە سـەر سـییرەی خولـەفای راشـیدین و سـەردەمی ئـەوان، بەڵام دوای ئەوەی هەموو سەرەپەتە کاریگەرەکانی هێزودەسەڵات لە دەستی خۆیدا دەبن..

ئەم پیاوچاکە کوڕێکی هەبوو ناوی (عەبدولمەلیك) بوو، چوارشانەو بـەخۆو خاوەن هێزو ویستبوو، گەنجێکی خواناس و بە هیممەتبوو، جارێـك رەخنـەی لـە بـاوکی گـرت لـەوەی ،کـە زۆر زوو سـامانە زەوتکراوەکـانی نەگێڕایـەوە بـۆ خاوەنەکانیان وو زوو ئاسەواری ئەو زوڵم و ستەمەی لا نەبرد، کە خەلیفـەکانی پێش ئەو جێیان هێشتبوو..

ڕۆژێك عەرزی باوکی کرد (بە باوکی وت): (یا أَبَتِ ، مَالَكَ لا تُنَفِّذُ في الأمورِ ، فَوَ الله لا أُبالي في الحقِّ لَو غلَّتْ بي وبكَ القُدوور . قالَ لهُ عمـر : لا تَعْجَـلْ يـا بُنَيَّ ، فإِنَّ اللهَ تَعالَى ذَمَّ الْخَمْرَ في القُرآن مَرَّتَين وحَرّمَها في الثَّالِثَةِ ، وأَنَا أَخافُ أنْ أَحْمِلَ النَّاسَ عَلَى الحَقِّ جُمْلَةً فَيدْفَعوهُ وتَكونَ فِتنةً)[1] .

واتە: بابەگیان بۆچی ئەو کارانە زووتر جێبەجێ ناکەیت؟!

بەخوا خەمی ئەوەمە ،کە منیش و تۆش لە مەنجەڵـی سـەر ئاگرەکـەدا بـین.. بـاوکی خوانـاس و شەرعناسـیی فەرمـووی: پەلـەمەکـە کـوڕی خـۆم، خـوای پەروەردگار سەرەتا زەمی شە ڕاب و شەڕاب خواردنەوەی کرد، تا دووجار، ئینجا لە سێیەمین جاردا حەڕامیکرد..

دەترسم ئەگەر بە جارێك ئەم ئیشانە بۆ ئەو خەڵکەئەنجامبدەم، ئەوانیش بـە یەکجاریی شووڵی لێهەڵکێشن.. ئەوسا فیتنەیەکی گەورەترم بۆ دەخوڵقێت..

٧- سەرنجدانە بەربەستی ڕێ هەر لە یەکەمین ڕۆژی کـارەوە: تـا بـە چـاوی

---

(١) نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (کتێبی الموافقات ی شاطبی)! راستە لەوێ وا لە (١٤٨/٢)دا، هـەروەها لای (ئیبنوعەبدی رەببیهی: العقد الفريد ٣٩/١) و ئەبو نوعەیم لە (حلية الأولياء ٢٨١/٥)دا هەیە.

کــراوەو وریاییـــەوە ببینێـــت و چـــاودێریی بکـــات، تـــا ئامـــادەی پێشـــتری رووبەڕووبوونەوەی لەمپەرو بەربەستی هـەبێت کـە دێنـەڕێـی.. تـا خـۆی بـۆ زاڵبوون بەسەریاندا ئامادەکردبێت، نـەك کـە تووشـی کێشـەیـەك بـوو سـەری لێبشێوێت و بکەوێتە سکاڵای بێجێ و بۆڵەبۆڵ.. ئەمەش وادەکات کـە هـەر لـە سەرەتاوە چوست چالاکانە کاربکات نەك سست و بێباك..

٨- کارکردن بە بەرنامەو وردەکارانە: ئەوەش بە رەچاوکردنی ئەوە دەبێـت کـە کام ئیشەیان دەبێ بکرێتە یەکەمین و کامیان دوای ئەو، یـان بـۆ دوایـین کـار.. ئەوە بەوە دەبێت بزانێت کام هەڵوێست گرنگەو کامیان گرنگترە..

هەروەها بەوە دەبێت بزانێت، کە یەکەمینجار دژی کام هەڵوێستی بەرامبـەر دەوەستێتەوەو دەیکاتە شەڕی سەرەکی و کامیان دەکاتە شەڕی لاوەکیی؟!

نەبادا خۆی لە گۆنگەڵێکەوە بئاڵێنێت کە ئێستا کاتی ئـەو نییـە،یان ئەوەنـدە ناهێنێت ئەم وزەی خۆی و هاوبیرانی بۆ بخاتەگەڕ.. دەبێـت وردەکارانـە بزانێـت کام ئیشەیانی سەرەکییەو کامیان پەڕاوێزە؟!

٩- هاوڕێیەتیکردنی پیاوچاکانی موجاهیدی رێی خوا: ئەمانە پۆلە کەسانێکن بۆ خوا ساغبوونەتەوە، دڵیان پاك و رەفتاریان چاك پاراستووە.. ئەمانە ئەوەندە بە گەشەی رۆحدا هاتوون و چوون، وەکو فریشتەیان لێهاتووە، ئەمانـە کـەم دوون، بەڵام کە دوان زۆر کاریگـەر دەبـن، رەفتـاری ئەمانـە زۆر ئاڕاسـتەوانییە، کـە بزاوتن ئاڕاستەی پەروەردەیی دەنوێنن..

تێکەڵبوونی ئەمانە ویست و ئیرادە بەهێزدەکات. نابینیـت چـۆن پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی ئەم پۆلە دەگمەنەی کۆمـەڵگـە دەکـات؟! کـە دەرهەقیان دەفەرمووێ:

(أَلا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ جُلَسَائِكُمْ! مَنْ ذَكَّرَكُمْ اللهَ رُؤْيَتُهُ، وَزَادَكُمْ فِي عِلْمِكُمْ مَنْطِقُهُ، وَذَكَّرَكُمْ بِالآخِرَةِ عَمَلُهُ) ئیبنوماجة[1] .

واتە: ئەرێ چاکترینی هاودەنگەکانی خۆتان پێ نەناسێنم؟! فەرموویان: بەدی ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: چاکترین کەسی کۆڕتان ئەو کەسەیە کە بە بینینی خوای پەروەردگارت بکەویتەوەیاد.. بە قسەکردنی زانستیت زیادکات.. بە کردەوەکانیشی ڕۆژی دواییت وەبیربهێنێتەوە..

١٠-مافی حەوانەوەی تەواو بداتە جەستەی خۆی: حەوانەوە، تێر خواردن و تێراوبوون، بێکەمخۆریی و بێگەدەبەلیی، هەموو ئەمانە لەش بەچالاکییەوە دەهێڵنەوە، وزەی نوێ و توانای باش دەبەخشنەوە. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئامۆژگاریی هەموان دەکات و دەفەرمووێ:

(دَخَلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَإِذَا حَبْلٌ مَمْدُودٌ بَيْنَ السَّارِيَتَيْنِ فَقَالَ مَا هَذَا الْحَبْلُ قَالُوا هَذَا حَبْلٌ لِزَيْنَبَ فَإِذَا فَتَرَتْ تَعَلَّقَتْ فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَا حُلُّوهُ لِيُصَلِّ أَحَدُكُمْ نَشَاطَهُ فَإِذَا فَتَرَ فَلْيَقْعُدْ).[2]

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی بردە مزگەوت بینی وا گوریسێك بە دوو کۆڵەکەی ناو مزگەوتەکەوە رایەڵکراوە، فەرمووی: ئەمە چییە؟! عەرزیان کرد (وتیان): ئەوە هی زەینەبە، بەوێوەی قایمکردووە، کە لە نوێژکردنییدا بە پێوە زۆر ماندوودەبێت، خۆی بەسەردا دەدات.. فەرمووی: نابێت، بیکەنەوە.. هەر یەکەتان با ئەوەندە نوێژبکات کە تێیدا چوست و چالاك

(١) فەرموودەکە هەمووی ئاوایە: (قِيلَ: يَا رَسُولَ الله؛ أَيُّ جُلَسَائِنَا خَيْرٌ؟، قَالَ: مَنْ ذَكَّرَكُمْ باللهِ رُؤْيَتُهُ، وَزَادَ فِي عِلْمِكُمْ مَنْطِقُهُ، وَذَكَّرَكُمْ بِالآخِرَةِ عَمَلُه) ئەمەش جگە لە ئیبنوماجە، ئیبنوئەبی دونیا لە (الاولیاء ٢٥) و ئەبو یەعلا لە (المسند ٣٤٣٧) و بەیهیقی لە (شعب الایمان٧/٥٧-٩٤٤٦) هێناویانەتەوەو بە گشتی فەرمویانە: حەسەنە.. بەڵام ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة ٦/٣٥٧/ ژ ٢٨٧٤)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

(٢) بوخاری (١١٥٠)، موسلیم (٧٨٤).

دەمێنێـت، کـە سسـتبوو بـا دانیشـێت.. لـە ریوایـەتێکی تـردا دەفەرمـووێ: بـا بخەوێت.. لە فەرموودەیەکی تـردا دەفەرمـووێ: (إِذَا نَعَـسَ أَحَـدُكُمْ وَهُـوَ يُصَـلِّي، فَلْيَرْقُدْ حَتَّى يَذْهَبَ عَنْهُ النَّوْمُ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا صَلَّى وَهُوَ يَنْعَسُ لَعَلَّهُ يَسْتَغْفِرُ فَيَسُبُّ نَفْسَهُ).[١]

واتە: ئەگەر یەکێکتان لە کاتی نوێژکردنییدا باوێشـکی هـاتێ بـا راکشـێت (بخەوێت)، تا خەوەکەی دەروات.. لەوانەیە کەسی واتان هەبێت _کە نوێژەکەی بە خەواڵوییەوە دەکات_ نازانێت داوای لێبوردن لـە خـوای گـەورە دەکـات یـان جنێو بە خۆی دەدات..

١١-خۆدڵخۆشکردن بە حەڵاڵ: بـە یـاری و گەمـە لەگـەڵ مـاڵ و منـداڵ، بـە چوونەسەیرانـی دەشـت و بنارێـك، چیـاو کـەژێك، کـەنار دەریایـەك، مانـەوەی شەوان، یارییەکانی بەر شەوقی مانگەشەو، دانیشتنێکی سەر لوتکە شـاخێك و روانین و بیرکردنەوە لە کردگارێتی خوای کارزان و کارجوان..

دامەزرانـدنی خێوەتگایـەکی پـەروەردەیـی کـە بـە کۆمـەڵ چـالاکیی تێـدا دەنوێنرێت.. ئەمانە هەموی بێزاریی و ماندوێتی لە لەش دەردەکەن، ئەمانـە دڵ و دەروون و جەسـتە دێننـەوە سـەر وزەو توانـاو چالاکیـەکانی جـارانی.. نابینیـت _دوای سەیران و گەمەو خۆشحاڵبوونە خێزانییەکەت_ چۆن دەڵێی سەر لە نـوێ شەحنکراویتەوەو چوست و چالاکتربویت؟!

(ئەبورەبعی حەنزەلەی کوڕی رەبیعی ئوسەیدی) نوسـەر، کـە یـەکێکبوو لـە نوسەرەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ:

(عَنْ حَنْظَلَةَ الأُسَيْدِيِّ، وَكَانَ مِنْ كِتَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ: أَنَّـهُ مَـرَّ بِأَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَهُوَ يَبْكِي، فَقَالَ: مَالَكَ يَا حَنْظَلَةُ؟ قَالَ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ يَا أَبَا

١) بوخاری (٢١٢)، موسلیم (٧٨٦).

بَكْر، فَنَكُونُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) يُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ كَانَا رَأْيَ عَيْنٍ، فَإِذَا رَجَعْنَا عَافَسْنَا الأَزْوَاجَ وَالضَّيْعَةَ وَنَسِينَا كَثِيرًا! قَالَ: فَوَاللَّهِ إِنَّا كَذَلِكَ، انْطَلَقْ بِنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَانْطَلَقَا، فَلَمَّا رَآهُ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) قَالَ: مَالَكَ يَا حَنْظَلَةُ؟ قَالَ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، نَكُونُ عِنْدَكَ تُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ كَأَنَّا رَأْيَ عَيْنٍ، فَإِذَا رَجَعْنَا عَافَسْنَا الأَزْوَاجَ وَالضَّيْعَةَ، وَنَسِينَا كَثِيرًا، قَالَ: فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لَوْ تَدُومُونَ عَلَى الْحَالِ الَّتِي تَقُومُونَ بِهَا مِنْ عِنْدِي، لَصَافَحَتْكُمُ الْمَلائِكَةُ فِي مَجَالِسِكُمْ، وَفِي طُرُقِكُمْ، وَعَلَى فُرُشِكُمْ، وَلَكِنْ يَا حَنْظَلَةُ سَاعَةً وَسَاعَةً). (١)

واتە: چاوبەگریانەوە تووشی ئەبوبەکری سددیق بووم، هەواڵپرسیم، فەرمووی: حەنزەلە چۆنیت، ئەوە چییتە؟!

منیش وتم: بە خوا کەوتوومەتە دووڕوییەوە..

فەرمووی: سوبحانەالله کوڕە چ دەڵێیت؟!

•وتم: ئەدی کاتێك لە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داین، کە باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکات، دەڵێی بە چاوان دەیانبینین، کەچی هەر بەوەندەی لە کۆڕی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتینە دەرێ و ماڵ و منداڵ و باخ و بێستان سەرقاڵیی کردین، زۆرمان لەوە بیر دەچێتەوە..

ئەبوبەکر (خوالێی ڕازی بێت) فەرمووی: وەڵا ڕاست دەفەرموویت، ئێمەش ئەوەمان بەسەردا دێت!..

ئیتر من و ئەبوبەکر پێکەوە چوینە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، عەرزمکرد: ئەی پێغەمبەری خوا! (حەنزەلە )دووڕویی کردووە..

(١) موسلیم (٢٧٥٠)، ترمذی (٢٥١٤)، ئیبنوماجە (٤٢٣٩)، ئیمامی ئەحمەد (١٧٨/٤).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: چییە؟!

چۆنە؟!

عەرزمکرد: کاتێك لە خزمەت جەنابتدا دەبین و باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەفەرموویت، دەڵێی بە چاوان دەیانبینین، کەچی هەر بەوەندەی لە کۆڕی جەنابت دەچینە دەرێ و، ماڵ و منداڵ و باخ و بێستان سەرقاڵماندەکاتەوە، زۆرمان لەوە بیردەچێتەوە..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتەی یادی خوا بەردەوام بوونایە، کە لە لای من تێیدان، فریشتەی خوا لەسەر پێخەفی خۆتان، لە ڕێگاوبان تەوقەی لەگەڵ دەکردن، بەڵام ئیتر ئەمە وایە (حەنزەلە)، ساتێك ئەمەو ساتێك ئەویانە.. سێ جاری وا فەرموو..

١٢- خوێندنەوەی کتێبی سییرەو مێژووی ژیانی کەسایەتییەکان: خوێندنەوەی مێژووو، جگە لەوەی ڕۆشنبیرییەك دەدات،

نموونەی پێشڕەوێتیش دێنێتەوە، پێشەوای ڕاستەقینەو خەڵکانی ورەبەرزت پێدەناسێنێت، جا چ جای سییرەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و مێژووی ژیانی یاوەران و نەوەی پیاوچاکی تابعینان!

دیوانی پڕ سەروەریی مێژووی ئیسلام، پڕە لە نموونەی پێشەوایەتیی، جوامێریی، ئازایەتیی، سەخاوەت و لێبوردەیی.. پڕە لە نموونەی لوتکەی پابەندیی ڕەفتارو ڕەوشتبەرزیی موجاهیدان و پیاوچاکان و ویست و ئیرادە بەرزەکان..

گێڕانەوەی باسی ئەمانە،سەلوا بەخشی دڵ و ورەو ئیرادەیە.. هەستی لووتبەرزیی ناهێڵێت و، لە جێیدا بە خۆکەمزانینەوە،ویستی بەرەو لوتکە پێهەڵگرتن لە دڵ و هۆش و ئیرادەدا دەڕوێنێت..

باسی ئەو هەڵوێست و سییرانە ئاوا کاریگەرە، بۆیە خوای پەروەردگار دەربارەی سییرەی پێغەمبەرانی خۆی (سەلامی خوایان لێ بێت) دەربارەی و پیاوچاکان و هەواڵی نەتەوەو میللەتانی تر دەفەرمووێ: ﴿لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ﴾ يوسف: ١١١.

واتە: بە ڕاستی لە داستانیاندا، پەندو ئامۆژگاریی هەیە بۆ خاوەن هۆش و هزرەکان..

بۆ نموونە: یەکێك سییرەی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) دەخوێنێتەوە-ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەبینێت ئەم پیاوچاکەی، کە خەلیفەی زەمانبوو، کە لە نێوان نوێژی بەیانی و هەڵهاتنی خۆردا هەستی بکردایە سستبووە، بەرە حەوشەکەدا دەهات و دەچوو، هەر ئەمەی دەووتەوە:

وَكَيفَ تَنامُ العَينُ و هِيَ قَرِيْرَةٌ        وَلَمْ تَـدْرِ أيَّ المَحَلَّين تَنْزِلُ؟![1]

موسوڵمان کە ئەمە لە سییرەی ئەم پیاوە گەورەیەدا دەخوێنێتەوە، هەستی دەخرۆشێت، هۆشێکی تری پێدادێتەوە، هەست بە گەورەیی ئەو بچووکی خۆی دەکات، حەز بە ئیقتیداپێکردنی دەکات و، هەوڵدەدات ئەوەندەی لە بیرێتی، خۆی وەکو ئەو چاودێرو ئاودێر رابگرێت.. تا لە کاروانی موجاهیدانی خواناس دوا نەکەوێت..

١٣- یادی مەرگ و پرسیاری گۆڕو هەڵوێستەکانی دواتر: یادی گیان کێشان و بێکەسی دوای بەخاك سپاردن و، وەحشەتی گۆڕو تەنهایی و باری خەمی قیامەت و، ترس و بیمی بێخێریی و کۆڵی قورسی گوناح.. خەمی حەشرو واوەیلای کڕوزانەوەی بێکەسیی.

---

(١) واتە: ئەم چاوە چۆن وا بەو سرەوتەوە خەوی لێ دەکەوێت، کە نازانێت باری لە کام مەنزڵگایاندا دەخات. (لە بەهەشت دەبێت یان لە دۆزەخ)؟!

سەلەف لەم یادە غافڵ نەدەبوون، بۆچی ئێمە پێمان ناکرێت یادێکی ڕۆژانە بکەین، یادێکی هەفتانە؟!

خاك بەسەری وامان هەیە، ساڵانەش یادێکی سەرڕاستانەی کاریگەریی قەبرو قیامەتی خۆی ناکاتەوە! بۆیە دڵمان ڕەقە، دەروونمان لەم یادە دوورە، بێئاگایە.. هۆشمان ئەم باسانە نابیستێت، وا لە غەفڵەتدا جیڕبوینەتەوە ،هیچ کاریگەرییەك بە هۆش خۆمان ناهێنێتەوە.. ئەم هەستە زۆر خراپە، ئەم ڕەفتارە زۆر دژوارە..

پێویستیمان بە زیارەتی گۆڕستان و ئامۆژگاریی پیاوچاکانی سەلەفە.. ئەوی شیرکی ناسیووەو لە خەمی خەمڵیووە، با بچێتە زیارەتی گۆڕستان.. وەکو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە تەوحیدەکەی چەسپاند ڕێیدا بچنە سەر گۆڕستان و پەندو ئامۆژگاریی وەرگرن، وەك دەفەرمووێ: (كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، أَلَا فَزُورُوهَا فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الآخِرَةَ).(١)

واتە: پێشتر ڕێی زیارەتی گۆڕستانم لێتانگرت، بەڵام ئێستا قەیدی نییە بچن، چونکە ڕۆژی دواییتان بیردەخاتەوە..

(ئیبنوسسەماکی واعیز) لە ماڵەکەی خۆیدا چاڵێکی وەکو گۆڕ هەڵکەندبوو، هەر کە هەستی بە سستیی دەکرد، دەچووە ناو ئەو گۆڕەوەو لەسەر پشت لێی ڕادەکشاو وای خەیاڵ دەکرد ،کە مردووەو تازە بواری هاتنەوەی دنیای نەماوە، تا واز لەو سستیییەی بهێنێت، تازە هەر خۆیەتی و کردەوەکانی..

ئینجا دوای ماوەیەك دەکەوتە گریان و هاوارو، ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە، کە

(١) نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی لە تەنیشتەوە نوسیوە (احمد)، بەڵێ ئیمامی ئەحمەدیش یەکێکە لەو فەرموودەوانە بەڕێزانەی ئەم فەرموودەیان هێناوەتەوە.. ڕستەی یەکەمی (كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، أَلَا فَزُورُوهَا) ریوایەتی موسلیمە (١٩٧٧)، ڕستەی دوایی تری (فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الآخِرَةَ) ریوایەتی ئەوانی ترە: ترمذی (١٠٥٤)، نەسائی (٢٠٢٣)، ئەبوداوود (٣٦٩٨)، ئەحمەد (٣٥٩/٥).. ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذی)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

خوای گەورە دەربارەی حاڵی ئەو تاوانبارانەی قیامەت دەفەرمووێ: ﴿قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ۝٩٩ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا﴾ المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠.

واتە: خوای گەورە بمگەڕێنەوە بۆ دنیا، با کردەوەی چاك بکەم..

ئینجا هەر خۆی بە خۆی دەووت: وا ئەمجارە ڕێهاندایت و گەڕاندمانیتەوە بۆ دنیا، بزانین ڕاستدەکەیت و کردەوەی چاکە دەکەیت؟!

کە دەهاتە دەرەوە بە خۆی دەووت: هۆ ئیبنوسسەمماك! ئەوا هەلێکی تریشت پێدرایەوە.. ئەوجا بە چوست و چالاکییەوە دەکەوتەوە خواپەرستیی و کردەوەی چاك..

١٤- لە هۆشی بەهەشت و دۆزەخدا بێت: یادی هەردووکیان، هۆشت لە نازو نیعمەتی بەهەشت و سزاو ئازاری دۆزەخ بێت.. ئەگەر هۆشێکی زیندوانەت لێیان هەبوو لە خۆئامادەکردنت بۆ هەڵوێست لێیان غافڵ نابیت.. چوست چالاکبەو بزانە، کە لە حەشرەوە کەس بە هاناتەوە نایات و، تەنها کردەوەکانی خۆت فریاتدەکەوێت..

کردەوەی چاکت، هەرچەند زۆر بێت هەر کەمە، زیاتریشت پێدەکرێت،بەڵام جاری وا هەیە ویست و ئیرادەت شلبووەو خۆت تەسلیمی سستیی کردووەو، پێتوایە: تاقەتی زیاترت نییە! بەڵام وا نییە ،کە هەستایت و کەوتیتە چالاکی زیاتر، ئینجا دەزانی ،کە تۆ زۆر لەوەت زیاتر پێدەکرێت..

(هەرەمی کوڕی حەییان) -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- جاری وا هەبوو بە شەو دەهاتە دەرەوەی ماڵی خۆی و هاواری دەکرد: بەڕاستی سەیرە، کە کەسانێك باسی بەهەشتیان بیستووەو بۆ خەو وازیان لێهێناوە، سەیرە کە کەسانێك باسی

دۆزەخیان بیستووەو بەحساب لێیهەڵدێن، کەچی ئەوەندە بێخەمن لێی خەوتوون..

پاشان ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە،کە دەفەرمووێ: ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَٰتًا وَهُمْ نَآئِمُونَ ۝٩٧﴾ الأعراف: ٩٧.

واتە: چما خەڵكی ئەو ناوچەیە (کە دژایەتی نێرراوەکەی خواش دەکەن) ئەوەندە لە تۆڵەی ئێمە هێمن و دڵنیاو بێ خەمبوون تا ئاوا لێی خەوتوون؟!

١٥- چوونە کۆڕی زانست و زانایان: زانست خۆراکی دڵ و ڕۆحە، لەوانەیە یەك ئایەت،یەك فەرموودە، ڕاچەنینی ئامۆژگارییەك کە لە کۆڕی پیاوچاك و خواناسانەوە دەیبیستیت، بۆت ببێتە ڕێبازێکی نوێی ژیان..

لەوانەی قسەیەکی هاکەزایی خواویستێکی سەرڕاست ببێتە مەنهەجی کاری ساڵێکت، لەوانەیە ببێتە بناغەی زۆر کاری ژیانت.. خۆ لە کۆڕو هاوڕێیەتی زانایان و پیاوچاکان و داعیە چالاکەکان مەحرووم مەکە..

ئەگەر دەستت لە زانایەك گیربوو ئاسان وەلینەکەیت، زیان لە خۆت نەدەیت..

خوای گەورە ئاوا باسی زانایانی خواناسی کردووە: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾ فاطر: ٢٨.

واتە: بە تەئکیید ئەو عەبدانەی، کە زۆر ترسی خوایان لە دڵدایەو لێی دەترسن، زاناکانن.. بۆیەش فێرماندەکات داوای زیادبوونی زانستی و فێربوونی زیاتری لێبکەین، وەك دەفەرمووێ: ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ۝١١٤﴾ طه: ١١٤.

واتە: خوایە زانستیم زیادبکە..

١٦- وەرگرتنی دینەکە بەو گشتگیرییەیەوە، کە هەیـەتی: وەرگرتنـی ئیسـلام بەو گشتیی و گشتگیرییەوە ،کە لە خۆی گرتووە، پەروەردەبوون لە هەموو ئـەو مەیدانانەی ئیسلام ،شوێنکەوتوانی خۆی تێـدا ئاڕاسـتە کـردووە، لـە: عەقیـدەو خواپەرستیی و زانینی شەرع و خوێندنی زانستیە شەرعیەکان و چاوکردنەوە لە هەموو بوارەکانی دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی دین و دینداریی‌دا..

ئەمەش بەردەوامیت پێدەبەخشێت،ئەمە بە دینەکەتـەوە خـەریکت دەکـات و وات لێدەکات بۆ ئەوەی دوا نەکەویت، هەمیشە چوست و چالاك بیت..

١٧- لـە خۆپرسـینەوەو موحاسـەبەی نـەفس: ناکرێـت سـاتە وەختێکـت نەمێنێتەوە بۆ پێداچوونەوەو ئاوڕدانەوەو هەڵسەنگاندنەوە، ناشێت بـە دیقەتـەوە سەرنج لە هەڵوێسـتەکانت نـەدەیتـەوە، تـا بزانیـت کامیـان پێویسـتی بـە تۆبـە لێکردنە، کامیان پێویستی بە گۆڕینـە، کامیـان ژەنگـی گرتـووەو پێویسـتی بـە پاککردنەوەیە، کامیان لەوە ناچێت لێت قبووڵبکرێت؟!
ئەم موحاسەبەیە فێربە ،پێش ئەوەی هەموومان بکەوینە بەر موحاسەبەی سەخت و وردەکاریی قیامەت، کە خوای کارزان و دادپەروەر دەربارەی دەفەرمووێ:
﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٨ ﴾ الحشر: ١٨.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتـان هێنـاوە لـە خـوا بترسـن و هـەر یەکـەتان موراجەعەی نەفسی خۆی بکاتەوەو، بزانێت چی بۆ سـبەینێـی دانـاوە؟! لـە خـوا بترسـن و دینداریێتییـەکی ڕاسـتبگرن.. خـوای گـەورە شـارەزای ئـەو کـارو

کردەوانەتانە کە ئەنجامیدەدەن..

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

*** ** ***

بژاری دەروون: نەخۆشی چوارەم (٤)

# بەدگومانیی
# (سوء الظن)

پێناسەی بەدگومانیی

دیاردەو نیشانەکانی بەدگومانییی و حوکمی ئیسلا م بەرامبەریان

هۆکارو پاڵنەرەکانی بەدگومانییی

ئاسەواری بەدگومانییی

چارەسەری بەدگومانییی

## بەدگومانیی (سوء الظن):

واتە: بردنی گومانی خراپ بە موسوڵمان، کە هەموو رەفتارێکی هەر بەخراپە بۆ پێناسەدەکات.

ئەمەش نەخۆشییەکی تری دینداریيە، کە هەندێك لە داعیان و کۆمەڵکارانی ئیسلامی تووشی دەبن و کاریگەریی خراپی هەر لەسەر دینداریی و کەسایەتیی خۆیـان نابێـت، بـەڵکو لەسـەر کۆمـەڵکاران و ئاڕاسـتەوانەکانیش دەبێـت و، سـەرەنجام کاریگـەریی خـراپ لەسـەر خـودی کۆمەڵکارییـە ئیسـلامیەکە درووستدەکات.

لەبـەر دژواریـی و کاریگـەریی خراپـی ئـەم دەردەی دینـداریی ،پێویسـتە هەموومان شارەزاییمان لێی هەبێت، تا خۆمانی لێبپارێزین و ئەگەر خوانەخواستە تووشیبووین، بزانین چارەسەرەکەی چۆنە:

**یەکەم : واتای بەدگومانیی:**

1 - گومان کردن: لە عەرەبیدا کە (سوء الظن)ـە لە (بئر ظنون)ــەوە هـاتووە ،واتە: بیرێك ،کە گوماندەکەیت وشکە ،یان ئاوی تێدایە.

2 - بەم مانای هەبوونی گومانەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ ۝١٥﴾ الحج: ١٥.

واتە: هەر کەسێك وا دەزانێت، کە خوای گەورە پێغەمبەرەکـەی (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەر ناخات و دەتوانێت سەرکەوتنی خوایی بگرێتەوە لێی، دەی بـا گوریسێك هەڵواسێت و پێیدا سەربکەوێت، داخۆ دەتوانێت رێ لەو سەرکەوتنە

بگرێت (یان با هۆکارێـك بگرێتـه بـەر کـە ڕێ لـه سـەرکەوتنەکە بگرێـت) کـە نـەیتوانی، دەبـا ڕێ لـەوە بگرێـت، کـە ناشـتوانێت هۆکـاری خـەم و خەفـەت خواردنەکەی لا دات، کە پەیام و سەرکەوتنی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

واتە: ئەگەر گومانی لەوە هەیە، کە خوای گـەورە پێغەمبـەری (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەر دەخات، یان نا با ئاوا بکات، با کام ڕێگایە یارمەتیدەری دەبێت بیگرێتە بەر، با هەر بتوانێت هۆکاری ڕق وقینەکەی لە خۆ دووربخاتەوە.

٢- تۆمەتبارکردن: دەوترێت: أَظَنَّ بِهِ النَّاسَ: واتە خستیە حاڵەتێکەوە، کە خەڵکی تۆمەتباری بکەن.

بەم مانایەشە، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ ﴾ الحجرات: ١٢.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! زۆر خۆتان لە گومانی بـەد پێـبردن دووربخەنەوە، چونکە هەندێك پێبردنی گومانی بـەد ،تۆمەتبارکردنـەو تۆمـەتبار کردنیش گوناحە.

٣- زانینی بێبەڵگەیان تەرجیح پێدان: وەکو کە گومان زاڵتر دەبێت دەڵێیت: وا دەزانم خۆرکەوتووە(ڕۆژ هەڵهاتووە)بەڵگەت نییە، دڵنیا نیت، بەڵام بە تەقدیرکردن و هەندێك حساباتی خۆت پێتوایەخۆرکەوتووە.

لەوەوەیە کە خوای گەورە دەربارەی سەیدنا یونس (عَلَيهِ السَّلَام )دەفەرمووێ: ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧ ﴾ الأنبياء: ٨٧.

واتە: یونس کە لە دانیشتوانی (نەینەوا )تووڕەبوو جێی هێشتنن، وایـدەزانی موحاسەبەی ناکەین و داهاتوی لەبەردەمدا تەسك ناکەینەوە، بەڵام کە کەوتە ناو

دەریاو ناو سکی حووتەکەوە لەو تاریکاییەدا هاواری کرد: خوایە !هەر تۆ خوای بەحەق و هەر تۆ شایانی خوایەتیت، من خۆم خستۆتە ریزی ستەمکارانەوەو لێم ببورەو بەهانامەوە وەرە.

دەربارەی جولەکەکانیش، کە خۆیان لە قەڵاو قوڵـلەکانیاندا قایمکردبوو، وایاندەزانی هێرشی کەسیان بەسەردا نایات تەسلیم بە کەس نابن، وا دەرنەچوو دەفەرمووێ: ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ﴾ الحشر: ٢.

واتە: جولەکەکانی (بەنونەزیر) وایاندەزانی، کە قەڵاو قوڵـلەکانیان ڕێی خوای گەورەیان لێدەگرێت، کە نەیاتە سەریان! هەروەها دەربارەی کافرەکان، کە هیچ بەڵگەیەکیان نییەو وا دەزانن زیندوو ناکرێنەوە! دەفەرمووێ: ﴿وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـًٔا ٢٨﴾ النجم: ٢٨.

واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایـی و زیندووکردنـەوە نـەبوو نـاوی کچانەیان لە فریشتە دەنا، هیچ زانیارییەکیشـان نـەبووە، هـەر شـوێن گومـان و زانیارییە چەوتەکانیان کەوتبوون، بەڵام خۆ گومان جێگای زانست ناگرێتەوە.

٤- دڵنیابوون: الیقین: هەندێك جار(ظن)بە مانای دڵنیابوون بەکار دێت،[1] چونکە کە لە تەئکیددا دەڵێیت :ظننتُ: واتە دڵنیام، یەقینم هەیە، کە ئاوایە.

بەم مانایەیە، کە خوای گەورە وەسفی موسوڵمانە خواویست و بەئارام و ملکەچەکانی ئاوادەکات ﴿وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلۡخَٰشِعِينَ ٤٥ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَأَنَّهُمۡ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ٤٦﴾ البقرة: ٤٥ – ٤٦.

واتە: خۆڕابگرن و پەنابەرنە بەر ئارامگرتن ونوێژەکانتـان، ئـەوەش خـۆی لـە

(١) بەو وشانە دەووترێت: (الاضداد) واتە: ماناو دژەکەشی دەدات وەکو: (المولی) کە بەمانای کۆیلـەو مانای (سەید)ە، لێرەشدا (ظن) مانای (یقین) ـەو لەیەکەمیشدا مانای (گومان)ـە.

خۆیدا سەختە، مەگەر لە شانی ئەو کەسانەی ملکەچی خوای گەورەن و یەقینیان هەیە کە بە دیداری خوای پەروەردگاریان شاد دەبن، دڵنیان ڕۆژێك دێت دەچنەوە حزوری خوای گەورە.

هەروەها بە هەمان مانای دڵنیایی باسی بەهەشتییەکان دەکات، کە نامەی ئەعمالیان سەرفرازانە بە دەستی ڕاست وەردەگرن: ﴿فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ١٩ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهۡ ٢٠﴾ الحاقة: ١٩ – ٢٠.

واتە: ئەمما ئەو کەسەی، کە نامەی ئەعمال (تیانووسی کارو کردەوەکانی دنیای)ی بە دەستی ڕاستی وەردەگرێت -کە نیشانەی سەرفرازییە- لە خۆشیاندا بەم و بەو دەڵێت: ها بڕواننە نامەی ئەعمالم، من دڵنیابووم ڕۆژی لێپرسینەوەمان هەیەو دەیگەینێ.

دەربارەی کاسبکارانی سەرخواریش، کە سووك بۆ خەڵکی دەکێشن و مافی خۆیان نادەنێ، دەفەرمووێ: ﴿وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ١ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ ٢ وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ٣ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبۡعُوثُونَ ٤ لِيَوۡمٍ عَظِيمٖ ٥﴾ المطففين: ١ – ٥.

واتە: سزای وەیل _کە دۆڵێکە لە دۆزەخ_ بۆ ئەو کەسانەی سووك کێشن، کە شتێك لە خەڵکی وەردەگرن و پڕاوپڕی تای تەرازووەکە بۆ خۆیانی دەکێشن، کەچی، کە بۆ خەڵکی دەکێشن _تا بیاندەنێ_ سووك دەیکێشن و پڕاوپڕی تای تەرازووەکە نابێت، ئاوا زیان لەوان دەدەن!

چما ئەوانە ئەوەیان پێ ڕاستترە ،کە زیندوو ناکرێنەوە؟ بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژێکی سەخت و ترسناکدا بۆ موحاسەبە کردنیان دەهێنرێنەوە پێش؟![1]

(١) بڕوانە کتێبەکەی الفيروزآبادي : بصائر ذوي التمييز في لطائف الكتاب العزيز (٤٥٤/٣) و المعجم الوسيط (٥٩٩/٢) لەگەڵ کورتکردنەوەیدا.

ئەم کۆمەڵە مانایەی (ظـن) پێچەوانـەی یـەکتریی نـین، چونکـە ڕیزبەنـدیی ئاستەکانی پەیپێبردن، کە لە سەرەتاوە دوودڵی و ڕاڕایی و گومان درووستبوو، دواییینیشی دەبێتە دڵنیابوون ویەقین..

سەرەتای گومان: لێکدانەوەو بۆچوونکاریی وحساباتە کە لەزەیندا درووست دەبن، کە هەندێك زانیاری دێتەپاڵ، بەهێزتر دەبێت ودەچێتـە ڕیـزی تەرجیحـدان (لە نیوە بەرەو سەرەوە بە ڕاست دەزانێـت) دواتـر، کـە بەڵگـە لەسـەر ڕاسـت و درووستی زانیاریەکان پەیدا دەبن، دەیگەێننە لێ دڵنیابوون، ئەگەر بەڵگەشـیان بـۆ پەیـدا نـەبوو، دەچنـەوە ڕیـزی گومـان و خـەیاڵبردن، ئـەو کاتـەش ناشـێت بخرێنەجێ زانست و حساباتیان لەسەربکرێت.

**خراپ و بەد (السوء)، کە دەچنەپاڵ گومان: ئەمیش بە دوو مانایە:**

١- السوء (خراپ: بەد): هەموو شتێکە، کە پێچەوانەی چاك وجوان و پەسەندە..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ١٦٠﴾ الأنعام: ١٦٠.

واتە: هەر کەسێك رەفتاری چاکە ئەنجامبدات، (دە) قات بە چاکە پاداشت دەدرێتەوە، هەر کەسێکیش رەفتاری خراپە ئەنجام بدات، هەر بە قەدەر ئەوەو وەکو ئەو سزا دەدرێتەوە پێی، ستەم لە کەسیان ناکرێت.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿ثُمَّ بَدَّلۡنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلۡحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدۡ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٩٥﴾ الأعراف: ٩٥.

واتە: دوای ئەوەی کە تاغووتە دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانمان گرت و خەڵکـە چاکەکەی مایەوە، ئیتر لە جێی هەر نارەحەتیی و ناخۆشـیی و خـراپەیەك، نـازو نیعمەت و خۆشیی و چاکییان پێبەخشین، تا زۆرو زیـادبوون و نـەوە لـە دوای نەوە هاتن و چوون، نەوەکانی دواییان دەیانووت: بابوباپیرانمان -وەکـو ئێسـتای ئێمە- کەوتنەخۆشیی و ناخۆشییەوە، چاك و خراپیان بینی، چونکە ئەمـە ڕێسـای ژیانەو ناگۆڕێت..

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبۡلَ ٱلۡحَسَنَةِ﴾ الرعد: ٦ .

لەبەر زێدە کوفریی و کەلـلەڕەقی خۆیان، پەلەیانەو دەڵێن: باشە خێرا سزامان با بێتەسەرو تووشی ناڕەحەتیی و گرانیی و سەختیی ببین، باشترە لەوەی پاداشت و خۆشی و ئاسوودەییان بۆ بێت!

٢- السوء: هەر شتێکە، کە دەبێتە مایەی خەم و خەفـەتی کەسـێك لـە دنیـاو ڕۆژی دواییدا، جا لە خۆیدا بێت یان لە دەرەوەی خۆیدا بێت.(١)

دژایەتیی لە نێوان دوومانای (سوء)دا نییە، چونکە هەموو خراپیی و ناڕەحەتیی و بەدییەك، هەر دەبێتەوە بە مایەی خەم و خەفەت، هەروەها مایەی پشێویی و ئاڵۆزیی دەروون.

بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا﴾ طه: ١٢٤.

واتە: هەر کەسێك پشت لەدینەکەی من بکات و،دیدو ڕێیتر بگرێتەبەر، حەتمەن ژیانێکی تەنگ وتاریکی دەبێت، هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُعۡرِضۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِۦ يَسۡلُكۡهُ عَذَابٗا صَعَدٗا ١٧﴾ الجن: ١٧.

واتە: هەرکەسێك پشتکاتە پەیامەکەی خوای گەورە، خوای گەورە ژیـانێکی وای بەنسـیب دەکـات، کـە هـەر وەکـو لەگـەڵ ژان و ناسـۆردا بـە هـەوراز هەڵبگەڕێت، کە تەنگەنەفەس دەبێـت و مانـدووترو لـەش داهێزراوتـر دەبێـت.. تووشی ژانی جەستەیی و دەروونی دەبێت.

کاتێك ئـاوا مانـای هـەر دوو وشـەکە (گومـان) و (بـەد) دەزانـین، دەڵێـین: بەدگومانیی بریتییە لە: حسابات کردنێکی هەڵەو نابـەجێ، کـە دەبێتـە مایـەی

(١) بصائر ذوي التمييز (٢٨٨/٣_٢٨٩)، المعجم الوسيط (٥٩٩/٢) بە کورتکردنەوەی.

باسکردنی کەسێك بە وەسفێك، کە تێیدا نییە، کە دەیبەستێتەوەو پێی ناخۆشدەبێت و، دەبێتە مایەی خەم وپەژارەو ئازاری دەروونیی، چونکە دەزانێت گومان پێبردنی لە جێی خۆیدا نەبووە وپێشێلکردنی مافی بووە.

**دووەم: دیاردەو نیشانەکانی بەدگومانیی و حوکمی ئیسلام بەرامبەریان:**

١- لاوازبوونی دینداریی وبێ غیرەتبوون: کاتێك کەسێك بەدگومانیی لا دەبێتە رەفتاروورەوشت _خوا لاماندا_ ئیتر گومانی خراپ بە خوای گەورەش دەبات!!

نایەوێت دینی خوا سەرخات، پشت لە لایەنگریی موسوڵمانان دەکاتەوەو گومانی (باش) بە خۆی دەبات، کە گوایە: ئەولیای خوای گەورەیەو لەگەڵ هاوشانانییدا زۆر تووشی بەڵاو موسیبەت و تاقیکردنەوەبووەو ئیتر ماندووبووە، با خەڵکی تریش ئەوەندەی ئێمەمانان ماندوو بین.

بە سکاڵاوە دەڵێ: چیمان دەستکەوتووە؟

ساڵەهایە لە رەنج و جیهادو بەرگرییداین لە موسوڵمانان، کەچی ئەوان لا ناکەن بە لامانەوە! خۆ ئەم دینە هەر هی ئێمە نییە!

ئێمە لە جیهادیشدابووین، کەچی خوای گەورە سەرکەوتنی هەر بە نسیب نەکردین!!

ئیتر لەم بۆڵەبۆڵ و خوتەخوتانە، دەکاتە بیانووی دانیشتن و ساردبوونەوە و هەڵاتن لە بەرپرسێتیی دینەکە.

خوای گەورە باسی هەندێك لەم جۆرە کەسایەتیانەمان بۆ دەکات، کە هێشتا (دین وئیمان)ـەکەیان ئەوەندە بەهێز نەبووە، تا بە تەواویی بۆخوا لێببڕێن و لەوە دڵنیابن ،کە هەموو بزاوت و سرەوتێك بەپێی قەدەری خوای گەورە دێت و دەڕوات.

سەرکەوتنیش هەر وایە ،کە دەفەرمووێ:

﴿وَطَآئِفَةٞ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٞ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَا﴾ آل عمران: ١٥٤.

واتە: خوای گەورە -لەم ئایەتەدا- باسی دوو کۆمەڵ لـە موجاهیـدان دەکـات: کۆمەڵێکیان، کە بـۆ خـوا سـاغبووبوونەوە و خواویسـتانە بـۆ غـەزای (ئوحـود) لێبڕابوون.

کۆمەڵەکەی تر (کە موعتەبی کوڕی قوشەیرو هاوڕایانی بوو) بـە ئومێـدی دەسـتکەوتی جـەنگ چووبوونـە غـەزا (وایـان دانـابوو: کـە وەکـو (بـەدر) سەرکەوتنی ئاشکرا دێت و دەستکەوتی باشیان دەبێت!).

بۆیە لە باسـیاندا دەفەرمـووێ: ئـەو کۆمەڵـەیـان هـەر بەرژەوەنـدی خۆیـان پێمەبەستبوو، وەکو ئەهلی جاهیلییەت گومانی غەیری حـەقیان بـە پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بردو وتیان: تۆ بڵێـی ڕاسـت بێـت، کـە پێغەمبـەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟!

ئایا ڕاستە، کە سەرکەوتنی خوایی بۆ دێت؟!

ئەدی بۆچی لە غەزادابن و شکستمان هێناوە؟!

گومانیان دەبرد، کە بەخوا ئەم دینە بواری سەرکەوتنی لەبەردەمـدا نـەماوە!! (وەکو، کە زۆر لە ئەعراب و بەزیوانی سەردەمی ئێمەش وا گوماندەبەن)! ئینجا ئەم دنیاویستانە _ بەپرسیاری نکوڵیی و (ئیحراجکردن)_ لە پێغەمبەری خوایـان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەپرسی: ئەرێ هـیچ سـەرکەوتنێك مـاوە، تـا بەنسـیبی ئێمەش ببێت؟!

خوای گەورە لـە بەرپەرچدانـەوەی دیـدو بزاوتیانـدا فەرمـووی: پێیـان بڵـێ:

هەموو شتێك بـە دەسـت خـوای گەورەیـەو بـەس.. ئەمانـە زۆرشـتیان لـەدڵ و دەروونیاندا شاردۆتەوەو نایانەوێت بۆت دەرببڕن!

دەڵێن: ئەگەر کاروبار لە دەست ئێمەدا بوایە، ئێمـە فـەرمانمان دەربکردایـە، ئێمـە پـلان و جێبـەجێکردنیمان دیـاریی بکردایـە، ئەمانـەمـان ئـاوا لێـرەدا لـێ نەدەکوژرا، ئاوا بە فەتارەت نەدەچوین؟!!.[1]

٢- کەوتنە گوناح و گوێنەدان بە چاودێریی خوایی: وەکو ئەوەی هـەر گونـاح دەکات و دەڵێ :(خوا غەفورو رەحیمە).

بەڵێ، خوای گەورە لێخۆشبوو و بەبەزەییە، بەڵام ئەدی ئەو هەموو هەڕەشەو سزایانەی بۆچی بۆ یاخیان و تاوانکاران داناوە؟

دیارە لەبەر ئەوەیە، کە موسوڵمان دەبێ لە نێوان پاداشتی چاکەکانی و، سزای خراپەکانیدا خۆی پارسەنگ رابگرێت.. هەزاران هەن هەر گوناح دەکەن و گوێ بەسزانادەن، هەر سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە دەکەن و، لە چاودێریی و بەئاگایی خوای گەورە داناچڵەکێن.

بەپێچەوانەشەوە،ئەوەندە چاوقایمە دەڵێ: بە خوا لەو دنیاش لەپێش هەمووتانەوە پاداشت وەردەگرم!! ئەمە حاڵەتی ئەو کەسە کافرەیە، کە خوای گەورە لە سورەتی (کەهف)دا باسی دەفەرمووێ: ﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا ﴿٣٥﴾ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّى لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾﴾ الكهف: ٣٥ – ٣٦.

---

(١) بروانە ئەم گومانە دژوارە.. دژوار لەسەر ئیمان، لەسەر پابەندیی ودینـداریی، لەسـەر چارەنووسـی موسوڵمانێتی خۆیان، لەسەر ریزو بەرەی موجاهیدان، لەسەر سەرکردایەتیی و بارودۆخـە ناسـکەکەی، لەسەر ورەی جەنگاوەران، کە شکستیان بەسەردا هاتووەو چاوەڕوانی هاندانەوەن، ئەمانە لـەو کاتـەدا ئا ئەم قسانەیان دەکردا.

واتــە: چــووە نــاو بــاخ و بێســتانەکەیەوەو هــەڕاڵ و مەغرورانــەو ســتەم لەخۆکارانە دەیووت: گومانم لەوەدا نییە، کە ئەم ماڵ و موڵکەم هەتاهەتایە، هەر دەمێنێت و نافەوتێت، واشنازانم قیامەت هەبێت! ئەگەر هەشبێت و بگەڕێمەوە لای خوای پەروەردگارم، لەمە چاکترم دەست دەکەوێت و چارەنووسم لێرە باشتر دەبێت!

خۆ دیارە ئەوە گومانێك نییە لەجێی خۆیدابێت و قبووڵبێت، موسوڵمان چۆن دەبێت بگاتە ئەم حاڵەتە دژوارە؟

٣-گومانبردن بەوەی موسوڵمانان دەفەوتێن و خۆلەبەردوژمندا ناگرن: ئەمە دیدو تێڕوانینی دووڕووەکانە، بەڵام موسوڵمانی ئەعرابی و دین کزو ئیمان لاوازیشی تێدەکەوێت.

لەم سەردەمەشدا هەزاران موسوڵمان هەن، کە باسی جیهاد دێتەگۆڕێ، هەر باسی هێزی دوژمن و زۆریی ژمارەی سەربازو، بەهێزیی و تواناو ئامێرو تەکنۆلۆژیاو نەخشەی جەنگکردنی ئەوان دەکەن و، لە بەرامبەردا باسی لاوازیی موسوڵمانان و کەمیی ژمارەو تفاقی جەنگ و ئەو شتانە دەکەن، ئەمانەش وەکو دووڕووەکانی زەمانی (حودەیبیە)، وا گومان دەبەن، کە موسوڵمانان تەفرو توونا دەبن! ﴿بَلۡ ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِلَىٰٓ أَهۡلِيهِمۡ أَبَدٗا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِي قُلُوبِكُمۡ وَظَنَنتُمۡ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِ وَكُنتُمۡ قَوۡمَۢا بُورٗا ١٢﴾ الفتح: ١٢.

واتە: هەروا گومانتان دەبرد کە جارێکی تر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانی یاوەریی چاویان بە (مەدینە )ناکەوێتەوەو ناگەڕێنەوە ناو ماڵ ومنداڵیان، حەتمەن دەکوژرێن!..

ئا ئەمە لە دیدو هەست وهۆشتان چەسپیبوو، بێئاگایانە ئەمانەتان لا ببووە حەقیقەت! گومانی خراپتان دەبرد و خۆتان بە فەتارەتدا. چونکە چارەنووسی ئێوە تەفرو توونابوونە.

٤- لاوازبـوونی پشتبەخوابەسـتن وگومـانی چـاك بـە عەبـد بـردن: ئەمـە گومڕاییەکی گەورەیە موسوڵمان بیگاتێ و بڵێ: هەر داوام کردو خوای گەورە بە منی نەبەخشی، کەچی دۆست و خزمانی خۆم نەیانهێشت موحتاج ببم!

ئاوا بەدگومان دەبێت وا دەزانێت بەخشین و ڕێگرتن لێی و سوودو زیان بـە دەست خەڵکییە! ئەمە دژوارە چونکە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە بـاوەڕەوە هەیـە، بە ناوو سیفاتەکانی خوای گەورەو بە تەوحیدەوە هەیە.

٥- کەمتەرخەمیی لە ئەنجامدانی کارە چاکەکاندا: وەکو سەردانی نەخۆش و شوێن جەنازە کـەوتن و سڵاوسـەندنەوەو، قبـوڵکردنی دەعـوەت و ئامۆژگـاریی قبـووڵکردن و، یارمەتیـدانی هـەژاران و نـەداران و لادانـی بەربەسـت لـە ڕێـی خەڵکیداو، هاتووچۆو دیدەنیی لەبەر خواو دیاریی بۆ بردن و.. هتد.

ئەمانە ناکات و عوزریشی نییـە، نایکـات ،چونکـە دڵـی رەقبـووە، نایـەوێت بەرەو پارسەنگی و رەوشتبەرزیی دینداریی بروات،نەك لەبەر ئەوەی ناتوانێـت، یان لە سەفەرە یان نەخۆشە، یان نازانێت!

ئـاوا بەدگومـانیی لا چەکـەرەدەکـات، تـا دەیگەیێنێتـە خۆپەسـەندیی و لووتبەرزیی و چاوچنۆکیی و ئەنانێتیی، ئیتر وەك کە بایەخ بە موسوڵمانان نادات قسەی خراپشیان پێدەڵێت!.

٦- بەدگومانیی بەرامبەر کاری چاکەی موسوڵمانان: کابرای بەدگومان، هـەر کە دەبینێت موسوڵمان خێرەومەندەو دەبەخشـێت، یـان جـوامێرەو فەرمانـدەکات بەچاکە، یان ئەهلی غیرەتەو بەرهەڵستیدەکات لە خراپە، یان دڵسوزی دینەکەیەو جوامێرانە جیهاددەکات، یـان هانـدەری ئـەهلی جیهـادە، یـان داعیـەو خـەریکی بانگەوازە، فێرکارەو ڕێنیشاندەرە، یان ئاشـتەوانی نێـوان ناکۆکانـە، کـەچی ئـەم ،گومانی خراپی پێدەبات و هەر لە خۆوە دەڵێ: بۆ ڕیابازیی وادەکات.

دەیـەوێت خـۆی دەربخـات، دەیـــەوێت خـەڵکـــی بڵـێن :پیاوچاکـە، یـان بەرژەوەندیی لەوەدایە بۆیە دەیکات! بیر لەوە ناکاتـەوە، کـە کـابرا موسـوڵمانەو

خۆشەویستی دینەکەو، ئومێدی پاداشتی لای خوای گەورە بۆتە پاڵنەری رەفتاری و ئەم کارە خێرانە، بە ئومێدی دەستکەوتنی رەزامەندیی خوای گەورە دەکات، کە ئامانجی هەموو موسوڵمانێکە.

ناڵێت: ئەو هەستی بەرپرسێتیی دنیاو قیامەت لەدڵ و هزرو ویژدانیدایە، بۆیە هەر خەریکی کارو کردەوەی چاکەیە.. ئەم جۆرە بەدگومانییە، رەفتارو رەوشتی دووڕووەکانە، ئەوان لە زەمانی یاوەراندا وایان بە موسوڵمانان دەووت، تانەو تەشەریان لێدەدان.

هەر وەکو، کە خوای گەورە لە باسیاندا دەفەرمووێ:
﴿ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهۡدَهُمۡ فَيَسۡخَرُونَ مِنۡهُمۡ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنۡهُمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٩﴾ التوبة: ٧٩.

واتە: ئەو دووڕوانە، کە تانەو تەشەر لەو موسوڵمانانە دەدەن، کە خۆیان بۆ جیهاد تەرخان کردووەو ئەوەی هەیانە -زۆرو کەمیان- لەپێناوی خوادا بەخشیووە، کە هەیانە هیچی نییە، بەڵام رەنج و وزەو توانای خۆی هێناوەو خستوێتیە بەردەست، کەچی ئەم دووڕوانە گاڵتەیان پێدەکەن! بەڵام خوای گەورە سزای ئەو گاڵتەجاڕییەیان دەداتەوەو، سزای زۆربەژانیان دەدات.
٧- بەدگومان لە رەنجی کەسایەتی موسوڵمانان ناڕازییە: موسوڵمانان خەریکی کاسبی و بژێویی و کارو پیشەی خۆیانن، لە چاندن و پیشەسازیی و بازرگانیی و هاوشێوەیان، چونکە لە لایەکەوە دەزانن، کە ئەوە فەرمانی خوای گەورەیەو، لە لایەکی تریشەوە پێداویستی ژیانی خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەکەیانە.

بۆیە وا خەریکن، هەر وەکو خوای گەورە فەرمانی پێداون ﴿هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦۖ وَإِلَيۡهِ ٱلنُّشُورُ ١٥﴾ الملك: ١٥.

واتە: ئەوە خوای گەورەیە، کە ئەو زەویەی بۆ ئێوە دەستەبەر کردووە، دەی

سا بە هەموو لایەکییدا بڵاوبنەوەو رزق و رۆزیی خۆتانی لێ پەیداکەن و لێیبخۆن و بشزانن، کە حەتمەن بەرەو خوای تاکو پاك دەگەڕێنەوە.. کەچی بەدگومان، کە ئاوا موسوڵمانان و حاڵیان دەبینێت پێی وایە: ئەوە دنیاویستیی و تەماعکاریی دنیایە..

پێی وایە: ئەمە فەرامۆشکردنی ڕۆژی دواییە، چونکە بە لایەوە وایە: کە موسوڵمان دەبێت "زاهیدانە" تەماشای دنیا بکات و، بە چێژەکانییەوە خەریك نەبێت..

ئەمە گومان و دیدو هەڵوێستێکی هەڵەیە،چونکە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نموونەی قیامەتیی بوونن، بەڵام هیچ حەزێکی پاکی دنیاییان لە خۆیان حەڕام نەکردبوو.

٨- بەدگومان بۆ خوالێبڕان و زۆر خواپەرستی پێ ڕاهبێتیە: دەشێت ئەمجارە بەدگومان، خواپەرستیی و زۆریی نوێژو ڕۆژوو و حەج و قورئان خوێندن و تەسبیحات و زیکری بەلاوە: خەڵوەتکێشانی راهیبانە بێت و _لە دیدێکی هەڵەو لێڵەوە_ پێی وا بێت: ئەوانە گۆشەگیریین و دوورکەوتنەوەن لە بانگەوازو کۆمەڵکاریی و جیهاد، لە گۆڕینی کۆمەڵگەو رەنجدان..

بەڵام لە ڕاستییدا ئەمە، هەر گومانێکی خراپەو بۆی درووستبووە، دەنا ئەوانە خواپەرستین و هیچیشیان رێ لە تێکەڵبوون و بانگەوازو کۆمەڵکاریی و جیهاد ناگرێت، بە پێچەوانەشەوە، هەمویان زەرورەتی داڕشتنی کەسایەتیی موسوڵمانن.

٩- هەڵە حاڵیبوون لە سووربوون لەسەر ژیان ومردن: بەدگومان، کە کەسێك دەبینێت خۆ لە مردن دەپارێزیت و ،هۆکاری ئەمان وسەلامەتی دەگرێتەبەر، بە کەسێکی ترسنۆك و دنیاخوازیی دەزانێت، یەکسەر گومانی خراپی پێدەبات.

کە کەسێکیش دەبینێت، موجاهیدەو ئازایەو بەرگریی لە ئیسلام و

موسـولْمانان دەكـات، چاونەترسـانە هەڵمـەت دەبـات، گومـانی هەڵەشـەیی و حەماسـێتیی و تەهـەورێتـی پێـدەبات، كـە گوایـە: هەرزەیـەو خـۆی دەخاتـە مەترسییەوە!..

بەرامبەری هەر دوو حاڵەتەكە، هەر بەدگومانییەكەی خۆی پێ پەسـەندترە، وەك لە وەسفی زاتی حاڵەتەكان.

ئەمە لە كاتێكدایە، كە موسولْمانەو دەزانێت، كە خـوای گـەورە فـەرمانی بـە موسـولْمانان داوە، كـە گومانیـان لەپشـتیوانێتی خـوای خۆیـان نـەبێت بۆیـان، گومانیان لە پێغەمبـەرێتیی و پێشـەوایەتیی و نمـوونەیێتیی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نـەبێت، گومـانی خـراپ بـە پیاوچـاك و مـوجـاهید و زانایان و كەسایەتییە موسولْمانە هەڵكەوتەكان نەبەن.

تەنانەت، ئەگەر شتێكیشیان لێوە دەركەوت، كـە كەمتەرخـەمێتیی دەنوانـد بەرامبەر چاكەكارییەك، یان سنوورترازاندنی ناهەقیـەكیان لـە موسـولْمانێكەوە دەركەوت، پێویستە هەر گومانی باشی پێببات، چونكە ئەسڵ ئەوەیە: موسولْمانان بە ئاستی جیاواز بۆ خوا سوڵحاون و بۆ خزمەتی دینەكەی لێبڕاون.

دەشێت بیربخرێنەوە، نەك بخرێنە بەر لێشاوی بەدگومانیی، كە هـەر خـوای گەورە دەزانێت، چ شتێكی خراپتر لەم بەدگومانییەوە پەیدادەبێت.

شەرع داوای گومان باشیی و داپۆشین و چاوپۆشینی هەڵەی موسولْمانی لە موسولْمان كردووە ،كە مادام قابیلی وازلێهێنان و تۆبەكردن بێت.

گومانی نابەجێ، حەق ناپێكێت و چاك و چاكسازیی لێناكەوێتەوە، هەر وەكو، كە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾ يونس: ٣٦.

واتە: زۆرینەیان، هەر شوێنی گومانی نابەجێ كەوتوون، گومانی نابەجێش لە هیچ شتێكدا شوێنی حەق ناگرێتەوەو، نابێتە بەدیلی هیچ لایەنێكی حەق..

هەروەها دەفەرمووێ:﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ ﴾ الحجرات: ١٢.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! زۆر خۆتان لە بەدگومانیی بەدوور بگرن، توخنی مەکەون، چونکە هەندێك بەدگومانیی گوناحە.

هەروەها لە باسی حسابات و تەقدیرکردنی کافرەکان، کە لەسەر گومان دا دەمەزرێت، دەفەرمووێ:﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾ الأنعام: ١١٦.

واتە: هەر شوێن گومان و تەخميناتی خۆیان دەکەون.. هیچ نین، هەر لە وەهم و خەیاڵپڵاودا دێن و دەچن..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەدگومانیی ناوناوە: قسە، قسەکەشی بە درۆترین قسە ناوزەد کردووە، کە دەفەرمووێ: (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ).[١]

واتە: ئامان هۆشتان لەخۆ بێت، نەکەونە بەدگومانییەوە، چونکە بەدگومانیی درۆترین قسەیە. لە فەرموودەی قودسیشدا لە خوای پەروەردگاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: (أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي).[٢]

واتە: من لەو ئاستی شیاوێتیەدام، کە عەبدەکەم گومانی باشم پێ دەبات. هەروەها دەفەرمووێ: (لَا يَمُوتَنَّ أَحَدُكُمْ إِلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّنَّ بِاللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ).[٣]

واتە: هەر هەمووتان لەحاڵەتێکدا بمرن، کە گومانی باشتان بە خوای گەورە هەبێت، ئەمەش ئەوە دەخوازێت، کە هەمیشە گومانی باشمان بە خوای پەروەردگارمان هەبێت.

- هەروەها دەفەرمووێ:

---

(١) بوخاری (٦٠٦٤)، موسلیم (٢٥٦٣).

(٢) بوخاری (٧٤٠٥)، موسلم (٢٦٧٥).

(٣) موسلیم (٢٨٧٧)، ئەبوداوود (٣١١٣)، ئیبنوماجە (٤١٦٧)، ئەحمەد (٢٩٣/٣).

(..وَرَأَيْتُ رَجُلا مِنْ أُمَّتِي قَائِمًا عَلَى الصِّرَاطِ يَرْعَدُ كَمَا يَرْعَدُ السَّعْفَةُ فِي رِيحٍ عَاصِفٍ، فَجَاءَهُ حُسْنُ ظَنِّهِ بِاللَّهِ فَسَكَنَ رَعْدَتُهُ وَمَضَى).[1]

واتە: هەروەها پیاوێکی ئوممەتەکەی خۆمم بینی، کە لەسەر لێـواری دۆزەخ راوەسـتابوو، دەلـەرزیی، هـەر وەکـو کـە لاسـکە گەڵای دارخورمـا ،لـە ڕۆژی ڕەشەبادا دەلەرزێت، گومـان باشـییەکەی بـە خـوای گـەورە هاتـەلای و، داوای قوتاربوونی بۆ کرد.. ئاوا ڕزگارییبوو، ڕۆیشت.

قورئان وسوونئەت لەو کاتەی، کـە موسـوڵمانیان هانـداوە گومـانی بـاش بـە موسوڵمانان ببات، فەرمانیشیان پێـداوە: کـە گومـانی خـراپ بـە کـافران ببـات، ئەگەرچی هەندێك کردەوەی موسوڵمانانەو ڕەفتاری چاکیشیان لێدەربکەوێت.

چونکە کافر شایانی گومانی باش نییە پێی ببرێت، کافرێك نکوڵی لـەبـوونی خوای گەورەو ، ئەو هەموو نازو نیعمەتانـەی هیدایـەت و ڕێنیشـاندانی بکـات، نکوڵی لەو هەموو نیعمەتانە بکات، کە لە تەوقەسەریەوە داپۆشـیووە ،تـا بنـی پێی و بە هەر چوار دەورییدا هەن و، بۆ ئاسوودەیی ئەو خەلقبوون..

نکوڵی لەم هەمووە بکات و سپڵەو بێ وەفاو دوژمنکارانە ڕەفتاربکات، لەولاوە دینارێك بکات بەخێر، ئیتر بڵێین: خێرەومەندەو گومانی پیاوچاکی پێببەین؟! ئەو کە خیانەتی لە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردووەو خەرمانی سووتاوە، ئێستا بە گوڵە گەنمێکی خێر ببێتە پیاوچاك و

(١) نوسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی (فەرموودەیەکی دوورودرێژە حافز ئیبنولقەییم لە (الوابل الصيب من الكلم الطيب)دا هێناوێتیەوە. هەروەها حافز بەدروودینی عەینی لە (عمدة القـاری/ شـەرحی سـەحیحی بوخـاری .٩٢/٢٢) دا هێناوێتیـەوە. ئەبوموسـای مـەدینی فەرمووبـەتی: (حـديث حسـن جـدا) منـیش (کرێکار) لـە طەبـەرانی (الاحاديـث الطـوال/٣٩)و ئیبنوعەسـاکیری دیمەشـقی (الـبر والصـله/ ٧٣) دا دۆزیمەوە. هەروەها لە چەندین سەرچاوەی تردا بەڵام بینیم شێخی ئەلبانی رحمه اللـه زۆر بـە تەفسـیل توێژینەوەی لەسەر حـەوت سـەرچاوەی کـردووەو دوایـی لـە ( سلسـلة الاحاديـث الضـعيفة/ ٧١٢٩)دا دەفەرموێ : زەعیفە.

جێگومانباشیی موسوڵمانان؟ لە کاتێکدا ناخی رەش و دڵی رەق و دەروونی دارزیووە.. خوای گەورە دەربارەی ئەمانە دەفەرمووێ: ﴿يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ﴾ التوبة: ٨.

واتە: بەقسەی لووس رازیتان دەکەن بەڵام دڵ و دەروونیان بەلەسەیەو لێتان هەڵدێت،چونکە نایانەوێت وەکو ئێوە موسوڵمان ببن.

هەروەها دەفەرمووێ:

﴿يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ ۗ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴿١٦٧﴾﴾ آل عمران: ١٦٧.

واتە: ئەوەی بە قسە دەیڵێن و سەرزارەکیی دەریدەبڕن، ئەوە نییە، کە لە ناخیاندایە، کە لە دڵ و دەروونیاندا حەشاریانداوە، خوای گەورەش ئاگادارترە بەوەی شاردویانەوە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا عَضُّوا عَلَيْكُمُ الْأَنَامِلَ مِنَ الْغَيْظِ﴾ آل عمران: ١١٩.

واتە: کە تووشتاندەبن دەڵێن: ئێمەش باوەڕمانهێناوەو لە خۆتانین، کەچی کە تەنها دەکەون، لە بوغزو کینەیاندا بەرامبەرتان پەنجەیان دەگەزن، کە هەی داخ نەك هەر ناتوانین هیچیان لێبکەین، ناچاریشین پێیان بڵێین موسوڵمانین!!

ئەم بەدگومانییەمان بەرامبەر کافر، کە رەفتارێکی چاکمانە، بەرامبەر بە موسوڵمانی فاجرو فاسق (لادەرو مونحەریف) یش هەر وایە، کە گوناح بە ئاشکرادەکات و بەرهەڵستیی بانگەوازو کۆمەڵکاریی ئیسلامیی و خێرخوازیی دەکات،کە لە جیاتی دینداریی و پابەندبوون بە شەرع و هاریکاریی موسوڵمانان، دەبێتە بەشێك لە پیلانگێڕیی دوژمنان و راپەڕێنەرێکی پلان و پیلانیان، دەبێتە تاوێرەبەردی سەر ڕێی کۆمەڵکاریی موسوڵمانان.

لەولاشەوە دەبێتە چالاکوانێکی بەردەستی کوفر و شیرك!! بەدگومانیی

بەرامبەر ئەم جۆرە کەسانە چاکەیە نەك خراپە.. چونکە لە لایەکەوە لێیان بەحەزەر دەبین و ناکەوینە فاکوفیکیانەوە.

لە لایەکی تریشەوە موسوڵمانان لێیان دەتەکنەوەو ناکەونە داویانەوە، ئەمانەش لەم سەردەمەدا کەم نین.. هەزارانن کە لە ناو موسوڵماناندا دێن و دەچن..

ڕووخۆشانە ڕوویان تێدەکەین، ڕەفتاری نەرمونیانیان بەرامبەر دەنوێنین، بەڵام بەدگومانییش دەبین لێیان.. چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە کەسێکی غەریبە دەهاتە ناو کۆمەڵگەکەیانەوە، لێی بەحەزەر دەبوو، جاری وا هەبوو یاوەرێکی ڕادەسپارد موراقەبەی بکات.

هەموو ئەمە ڕێی لە ڕەفتارو ڕەوشت بەرزییەکەی نەدەگرت، کە هەر وا بە جوانیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بە قسەی شیرین بیدوێنێت، چونکە نابێت ئومیدی گێڕانەوەو هیدایەتدانیان لا نەمێنێت.

ئاوا دەبێت موسوڵمان بە تایبەتی، داعی و کۆمەڵکارو کەسایەتیە ئیسلامییەکان، لە گومان بگەن و پارسەنگانە لە نێوان بەدگومانیی و باشگومانییدا ڕەفتاربکەن. ئەمە داواکراوەکەیە.

گومانی باش بە موسوڵمانی باش و، گومانی خراپ بە موسوڵمانی فاسق و فاجرو، بە دووڕوو و بە کافر و موشریکان.

ئەمما ئەو ریوایەتانەی،کە هەندێ کەس لەسەردەمانی جیاوازدا، ڕەواجیان پێداوە، کە دەبێت هەر لە سەرەتاوە بە بەدگومانییەوە بڕوانین، زەعیفن و هەرچیەکیشیان لە ئاستی (زەعیف)ی سەربکەوێت، دەبێت لەگەڵ فەرموودە (سەحیح)ـە کاندا بسازێندرێن، کە فەرمان بەگومانباشیی دەکەن.

بۆ نموونە: هەندێك ریوایەت هەیە، کە بەدگومانیی هاندەدات، زەعیفیشن وەکو:

- (مَنْ حَسُنَ ظَنُّهُ بِالنَّاسِ كَثُرَتْ نَدَامَتُهُ).

واتە: هەر کەسێك گومانی باشی بەخەڵکی هـەبێت، پەشـیمانبوونەوەی زۆر دەبێت.

- (الحَزْمُ سُوْءُ الظَنِّ).

واتە: جیددێتی ئەوەیە :گومانی خراپت بەرامبەر خەڵکی هەبێت.

- (اِحترِسُوا مِنَ النَّاسِ بِسُوءِ الظَّنِّ).[١]

واتە: بە بەد گومانیی خۆتان لە خەڵکی بپارێزن.

**سێیەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی بەدگومانیی:**

١- دڵڕەشـیی و ئـەنانێتی خـۆی: کەسـێك هـەر لەسـەرەتای گۆشـبوون و پەروەردەبوونییەوە ،لە ماڵێکدا گەورە بووبێت، کە هەموویان چاولـەدەربن و بـە خەڵکییدا هەڵشاخێن و ،بە کەسی غەیری خۆیان نەڵێن چاك.

بێگومان ئەمیش دەکەوێتە ژێرکاریگەریی ئەوانەوەو، لەسەر بەدگومـانییی ڕادێت،تـا لێـی دەبێتـە پیشـەو ڕەوشـت! کەسـێك لـەخێزانێکی گوناحکـارو حەڕامخۆرو لاسەنگدا گەورەبوو بێت.

بێگومان ئەویش هەر وا دەردەچێـت،.دڵی رەش دەبێـت، هـەر کەسـایەتیەکی ئەنانی لێ پەیدادەبێت. کافرو دووڕووەکانی سەردەمی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاوابوون.

بۆیـە بەدگومانییـان لێبـووە پیشـە، لێیـانبووە رەوشـتی چەسـپاو، بۆیـە بەدگومانییەکەیان بۆ ببوو بەسیفەتی کەسایەتیی!

---

(١) هەرسێ ریوایەتەکە و حوکمی زەعیفیان وا لای شێخی ئـەلبانی رحمەاللە لـە (سلسـلة الاحادیـث الضعیفة ١٨٦/١_١٨٧، ٢٩١/٣_٢٩٣) ریوایەتی سێیەمیان دەفەرموێ قـەولی شـێخ حەسـەنی بەسریـە رحمەالله.. بەڵام رێسـاکە ئەوەیـە (گومـانی بـاش بـە موسـوڵمانی بـاش دەبـەین و گومـانی خـراپ بـە موسوڵمانی خراپ و دووڕوو کافر دەبەین).

ئەوەتا خوای گەورە دەرهەقیان دەفەرمووێ: (يَظُنُّونَ)، کە کردارەو ڕوودواوە، بەڵکو دەفەرمووێ: (ٱلظَّآنِّينَ باللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوءِ) واتە : بەدگومانییان بەرامبەر خوای تاکو پاك سیفەتەو هەمیشە پێیانەوە دیارە!! دەفەرمووێ: ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَلَعَنَهُمۡ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرٗا ٦﴾ الفتح: ٦.

واتە: خوای گەورە دەخوازێت ئافرەت و پیاوە دووڕووەکان و ئافرەت و پیاوە موشریکەکان سزابدات، کە بەرامبەر خوای گەورە بەدگومانن، خراپەکارییەکانیان دێتەوە ڕێی خۆیان و، خوای گەورەش غەزەبیان لێدەگرێت و لەعنەتیان لێدەکات (دووریان دەخاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی) و، دۆزەخیان بۆ ئامادەدەکات، تا بنە نیشتەجێی .. ئەوانە چارەنووسێکی زۆر خراپیان دەبێت.

- هەروەها دەفەرمووێ: ﴿بَلۡ ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِلَىٰٓ أَهۡلِيهِمۡ أَبَدٗا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِي قُلُوبِكُمۡ وَظَنَنتُمۡ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِ وَكُنتُمۡ قَوۡمَۢا بُورٗا ١٢﴾ الفتح: ١٢.

واتە: هەر وا گومانتان دەبرد، کە جارێکی تر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانی یاوەری، چاویان بە (مەدینە) ناکەوێتەوەو ناگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵیان، حەتمەن دەکوژرێن.

ئا ئەمە لە دیدو هەست و هۆشتان چەسپیبوو، بێئاگایانە ئەمانەتان لا ببووە حەقیقەت! گومانی خراپتان دەبردو خۆتان بە فەتارەتدا، چونکە چارەنووسی ئێوە تەفرو توونابوونە.

- هەروەها ﴿وَطَآئِفَةٞ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِ﴾ آل عمران: ١٥٤.

واتە: ئەو کۆمەڵەیان هەر بەرژەوەندی خۆیان پێ مەبەستبوو، وەکو ئەهلی جاهیلییەت گومانی غەیری حەقیان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)

بردو وتیان: تۆ بڵێی ڕاستبێت، کە پێغەمبەری خوایە( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟!

ئایا ڕاستە، کە سەرکەوتنی خوایی بۆ دێت؟!

ئەدی بۆچی لە غەزادایین و شکستمان هێناوە؟!

گومانیان دەبرد: کە بەخوا ئەم دینە بواری سەرکەوتنی لەبەردەمدا نەماوە!! ئینجا ئەم دنیاویستانە بەپرسیاری نکووڵی و (ئیحراج کردن)، لە پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەپرسی: ئەرێ هیچ سەرکەوتنێك ماوە تا بەنسیبی ئێمەش ببێت؟! خوای گەورە لە بەرپەرچدانەوەی دیدو بزاوتیاندا فەرمووی: پێیان بڵێ هەموو شتێك بە دەست خوای گەورەیەو بەس..

- هەروەها ﴿وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا ۚ إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾ يونس: ٣٦.

واتە: زۆرینەیان هەر شوێنی گومانی نابەجێ کەوتوون، گومانی نابەجێش لە هیچ شتێکدا شوێنی حەق ناگرێتەوەو نابێتە بەدیلی هیچ لایەنێکی حەق..

- هەروەها: ﴿إِذْ جَاءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا ﴿١٠﴾﴾ الأحزاب: ١٠.

واتە: (باسی غەزای (خەندەق)ە، کە بە غەزای( ئەحزاب) بەناوبانگە) دوژمنەکانتان لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە لە سەرووی دۆڵەکەوە هاتن (هۆزی (غەطەفان) بوون بە سەرۆکایەتیی عویەینەی کوڕی حیصن)) هەروەها (هۆزی هەوازن بە سەرۆکایەتی عەوفی کوڕی مالیك)، ئینجا (ئەهلی نەجد بە سەرۆکایەتیی تولەیحەی ئەسەدی)، کە لە بەری خوارەوەی دۆڵەکەوە هاتن و (بەنونەزیر)ی جولەکەش هاوکاریانبوون.. لە سێ لاوە گەمارۆی موسوڵمانانیاندا، کە ئەوەندەتان ترس و بیم لێنیشت کەس گلێنەی چاوی نەدەسرەوت! هەر دەبزووت و لە ترساندا بۆ ئەملاولای دەڕوانی، دڵتان وا داکەوت و تۆقین، ڕۆح گەیشتە گەرووتان! وەك ئەوەی ئا ئێستا هەمووتان بە کۆمەڵ دەمرن!

ئیتر جۆرەها گومانتان بەرامبەر خوای گەورە لا درووستبوو، یەکێك دەیووت تێکدەشکێن، یەکێك دەیووت حەتمەن سەردەکەوین، بەڵام بە مەدەدی خوایی، دووڕووکان دەیانووت ئیتر تەفروتوونا دەبین! ئیماندارەکانیش دەیانووت: لە بەڵێنی سەرکەوتنی خوای گەورە دڵنیابن.

٢- نەبوونی زانستی و نەزانینی ڕێسای حوکمدانی شت: ڕێسای ڕاست ودرووستی حوکمدان برییتە لە:

أ- ناسین وناساندنی رواڵەتی دەرێی کەس و ڕووداوو شت، نەك حوکمدان لەسەر ماهییەتیان:

کەسێك رەفتارێك دەنوێنێت (گوفتار بێت یان کردار) دەشێت حوکمی لەسەر بدرێت، کە ئایا ڕاستە یان هەڵەیە، (بەپێی پێوەری شەرع، ئەگەر نەبوو بەپێی ژیریی و عورف و هیتر) ، بەڵام ناشێت حوکمی مەبەستی بکەرەکە بدرێت، کە لە ناخی خۆیدایەو دەرناکەوێت، ناشێت بووترێت: ئەمەی بۆ خوا نییە، یان لەبەر خاتری فلان کەس کردی، یان بۆ پلەو پارەبوو.. ئەمە خوای گەورە ئاگادارێتی،ئەو زانستی پێی هەیە، نەك ئێمە.

- خاتوو ئوم سەلەمە (خوالێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی:

(إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، وَإِنَّكُمْ تَخْتَصِمُونَ إِلَيَّ، فَلَعَلَّ بَعْضَكُمْ أَنْ يَكُونَ أَلْحَنَ بِحُجَّتِهِ مِنْ بَعْضٍ فَأَقْضِي لَهُ عَلَى نَحْوِ مَا أَسْمَعُ مِنْهُ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِشَيْءٍ مِنْ حَقِّ أَخِيهِ فَلَا يَأْخُذْ مِنْهُ شَيْئًا، فَإِنَّمَا أَقْطَعُ لَهُ قِطْعَةً مِنَ النَّارِ).[١]

واتە: منیش هەر مرۆڤێکم، ئێوە داوەریی دێننە لام، لەوانەیە یەکێکتان زمان پاراوتر بێت (قسەلووستر بێت) لەوی ترو، بەڵگەی زیاتر بهێنێتەوە، منیش وا

(١) فتح الباري (٦٥٦٦).

داوەرییەکە دەکەم ،کە دەیبیستم، هەر شتێکم بۆ هەر کەسێك وەرگرت، ئەگەر دەزانێت مافی خۆی نییە،با وەرینەگرێت، ئەوە پارچە ئاگرێکەو بۆم لێکردۆتەوە.

- (ئوسامەی کوڕی زەید) - خوا لێیان رازی بێت- دەگێڕێتەوە:

(بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) إِلَى الْحُرَقَةِ فَصَبَّحْنَا الْقَوْمَ فَهَزَمْنَاهُمْ وَلَحِقْتُ أَنَا وَرَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ رَجُلًا مِنْهُمْ فَلَمَّا غَشِينَاهُ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَكَفَّ الْأَنْصَارِيُّ فَطَعَنْتُهُ بِرُمْحِي حَتَّى قَتَلْتُهُ فَلَمَّا قَدِمْنَا بَلَغَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فَقَالَ يَا أُسَامَةُ أَقَتَلْتَهُ بَعْدَ مَا قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ قُلْتُ كَانَ مُتَعَوِّذًا فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَّى تَمَنَّيْتُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ أَسْلَمْتُ قَبْلَ ذَلِكَ الْيَوْمِ).

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناردینی بۆ سەر (حورەقە)،[1] ئێمەش لە سپێدەی بەیانییدا هێرشمان کردە سەریان و بەزاندمانن، من و پیاوێکی ئەنساریی کەوتینە سەر کابرایەکیان، کە گرتمان هاواری کرد: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) ئەنسارییەکە دەستی لێ کێشایەوە، بەڵام من کۆڵم لێنەداو ڕمەکەمم لە ورگی گیرکرد، تا کوشتم!

کە گەڕاینەوە ،هەواڵەکە گەیشتە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێمی فەرموو: ئەرێ ئوسامە، کابرا وتی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) و کوشتت؟!

عەرزم کرد :ئەی پێغەمبەری خوا! لە ترسی کوشتن وای وت، تا خۆی قوتاربکات.

بەڵام جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر ئەوەی دەفەرموو.. ئیتر هەر دووپاتی دەکردەوە، تا خۆزگەی ئەوەم خواست، کە تا ئەو ڕۆژە موسوڵمان نەبوومایە!

(١) حورەقە، یان حورەقات ناوی تیرەیەك بوو، سەرۆکەکەیان کە ناوی: (جوهەیشنی کوڕی عامری کوڕی ثەعلەبە) بوو خەڵکانێکی دوژمنی خۆیی بە شێوەیەکی زۆر دڵڕقانە دەسووتاند.
ئیتر ئەم ناوەی لێبووە لەقەبی ناسینەوە! بڕوانە (فتح الباری شەرحی سەحیحی بوخاریی/ شەرحی فەرموودەی (٤٠٢١).

ب- هەبوونی بەڵگەو ئیعیتمادکردنە سەرسەلماندن: هەر وەکو خوای گەورە فێری ئەم ڕێسایەمان دەکات، کە دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴾ البقرة: ١١١.

واتە: بفەرموو: ئەگەر ڕاستگۆن و دەخوازن حەق دەرکەوێت، بەڵگەتان بهێنن، کە دەیسەلمێنێت دیدو هەڵویستتان درووستە.

هەروەها دەفەرمووی: ( ﴿ لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ﴾ ... دەی سا با چوار شاهیدی لەسەر بهێنن..) النور/١٣

ج- دڵنیابوون لەڕاست و درووستی بەڵگە سەلماندنە: هەروەکو، کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓا۟ أَن تُصِيبُوا۟ قَوْمًۢا بِجَهَـٰلَةٍ فَتُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَـٰدِمِينَ ﴾ الحجرات: ٦.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر موسوڵمانێکی لادەر (گوناحکاری ئاشکرا) هەواڵێکی بۆ هێنان بەدواداچوونی بۆ بکەنەوە، نەبادا کۆمەڵە کەسێك بە نەزانین بکەونە کێشەیەکەوە.. ئاخر دوایی پەشیمان دەبنەوە.

- هەروەها ﴿وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدْخِلْهُ نَارًا خَـٰلِدًا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾ النساء: ١٤.

واتە: هەر کەسێك سەرپێچی لە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خوا بکات، خوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو، هەتا هەتایی لەوێدا دەمێنێتەوەو سزاو ئازاری زۆر ریسواکارانەی پێ دەچێژرێت.

د- ناشێت بەڵگەکان دژەواتای یەکتریی بن: بەڵکو هەمویان روو لە یەك ئاڕاستە بن و ڕاستی بسەلمێنن،ئەگەر وا نەبوون مانای وایە دژ بە یەك و پێچەوانەو فرە ئاڕاستە دەبن.

هەر کامێکیان بگیرێتە بەر دەشێت بەرەو هەڵەو چەوتی ببات. ئەمە جگە لەوەی زۆربوونی بەڵگەی دژبەیەك بواری كراوەی گومانكاریی و بەهەڵەدا چوونە. چونكە دەشێت بەدگومان بۆ سەرخستنی دیدو ڕێی خۆی یەكێك لەو گومانلێكراوانە بكاتە بەڵگەو حەق نەپێكێت..

ئاوا دیدو هەڵوێستیكی لێ دەبێتە حەق، كە لە ڕاستیدا لەسەر گومان و هەڵەو چەوتیی دامەزراوە! دیدو بزاوت و هەڵوێستی موشریكەكان لەوەوە هاتبوو كە شیرككارییەكەی خۆیان و باب و باپیرانی خۆیانیان پێ ڕاستتربوو لە وەحی خوایی و ئاڕاستەی تەوحید، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگێشتی دەكردن بۆی. ئەوان دەیانووت: ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖ﴾ الأنعام: ١٤٨.

واتە: ئەگەر خوای گەورە نەیویستایەو بە دیدو هەڵوێستمان ڕازی نەبوایە، ڕێی نەدەداین شیرك بكەین، نە خۆمان و نە باب و باپیرانمان، هیچیشمان حەڕامنەدەكرد!!

ئەمە دیدێكی زۆر لارووێرە.. خۆی بە حەزو هەواو هەوەسی خۆی شتی حەڕامكردووە، كەچی لەو باوەڕەدایە ئەوە ویست و خواستی خوای گەورەیە. بۆیە خوای گەورە بەرپەرچی دانەوەو فەرمووی:

﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ١٤٨﴾ الأنعام: ١٤٨.

واتە: ئاخر ئەوانەی پێش ئەمانیش ئاوا پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە! بەهەمان (بەڵگە)ی چەوت و هەڵە، بەردەوامیشبوون ،تا سزامانیان چێشت.

جەنابیشت بەمان بفەرموو: ئایا بەڵگەیەكی وەحیتان لەسەر ئەو دیدو هەڵوێستەتان هەیە، تا نیشانمانی بدەن؟

بەڵام نا، ئەوانە هەر شوێن گومان کەوتوون، هەموو حساباتێکیان پێکدادانی گومانەکانیانە و تەقدیراتکردنی خەیاڵپڵاوانەیە.

٣- کەش و دەوروبەر: دەشێت بەدگومان لە خێزان یان لە کەش و بارودۆخێکدا گەورەبوو بێت، کە لاسەنگانە رەفتاری لەگەڵ حەقیقەتدا تێدا کرابێت.

بەدگومانانە هەر بەو چاوەوە دەڕوانێتە هەموو شتێك و هەموو کەسێك.. مەرج نییە دەوروبەرەکە،هەر ئەندامانی خێزانی بن، دەشێت هاوڕێیانی کۆڵان و قوتابخانەی بوو بن، یان کەوتبێتە ژێر کاریگەریی دیاردەیەکی ناپەسەندی بکات و شوێنێکەوە، بە تایبەتی لە کاتی منداڵیی و هەرزەکارێتییدا، یان لە خێزانێکی ئاسایی بووە، بەڵام ئەوەندە ڕاست و ڕەوا پەروەردە نەبووە نەکەوێتە ژێرکاریگەریی هاوڕێی خراپ وکەش و بارودۆخی واوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاماژەی بە هەر دوو کەشەخێزانیی و دەرەکییەکە داوە:

- دەربارەی کاریگەریی دایك وباوکی دەفەرمووێ:

(مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ) ئینجا (ئەبوهورەیرە)ی ڕاوی فەرموودەکە(خوالێی ڕازی بێت) ئەم ئایەتەی بەدوای فەرموودەکەدا خوێندەوە:﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًاۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَاۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ ﴾ الروم: ٣٠[١]

واتە: هەموو کۆرپەلەیەك لەسەر خواناسی سروشتیی لە دایك دەبێت (وەکو هەر مەخلوقێکی تر خواناسانە دێتە وجودەوە) بەڵام دایك و باوکی دەیکەنە

(١) بوخاریی (١٢٩٢)، موسلیم (٢٦٥٨).

جولەکە، یان دیان، یان ئاگرپەرست (مەجوسیی). هەر وەکو کە ئاژەڵ ئاژەڵی تری لێدەبێت و سیماو سیفەتی پێشینەی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

(ئایەتەکە بە کوردی): ئەوە هەر ئەو تەبیعەت و سروشتەیە، کە خوای گەورە خەڵکی لەسەر خەلقکردووە (ئەو دین و ئوممەتە خواناسەیە کە خەڵکی بۆ هیدایەتدەدات) بە هیچ کلۆجێك ڕێسای خوایی ناگۆڕێت. ئا ئەوەیە دینی ڕاست ورەوا.

- دەربارەی کاریگەریی هاوڕێش دەفەرمووێ:

(إنَّمَا مَثَلُ الجَلِيس الصَّالح والجَلِيس السّوءِ كَحَامِلِ الْمِسْك وَنَافِخ الْكِير، فَحَامِلُ الْمِسْك إمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ منْهُ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً، وَنَافِخُ الكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً).[١]

واتە: نموونەی هاودەنگ(هاوڕێ)ی چاك و هاودەنگی خراپ ، وەکو هەڵگری عەترو هەڵسوڕێنەری موشەدەمە (هەمبانەبا)یە.[٢] خاوەن عەترەکە دەتداتێ، یان لێی دەکڕیت، یان بۆنی خۆشیی بەسەرتدا دێت، بەڵام موشەدەمەوانەکە پۆشاکەکانت دەسووتێنێت (کەپریشکی ئاگر، یان پشکۆ هەڵدەدات) یان بۆنی ناخۆشت بەسەردا دەهێنێت.

٤- شوێنکەوتنی هەواو هەوەس: ئەو کەسەی ئەوەندە گوێڕایەڵ و ملکەچی هەواو هەوەسی بووە، کە بۆتە عەبدی و ئەوی، لەجێی خوای گەورە داناوەو دەیپەرستێت و داخوازیەکانی ئەو دەهێنێتە دیی!

---

(١) بوخاریی (٤٦١٦)، موسلیم (٢٦٢٨).

(٢) موشدەمە: مەشکەیەکە (پێستی ئاژەل بە ساغی) دارێك بە دوو دەست و بەدوو قاچەکەیەوە پەیوەست دەکرێت و، بە شێوەی تاك و کۆ زەغتی لێ دەکرێ، تا لە ملەکەیەوە هەوا (فوو) بکاتە ئاگری کورەی ئاسنگەرەوە بۆ ئەوەی خەڵوزی کورەکەی بۆ بگەشێنێتەوە، تا ئامێرە ئاسنینەکانی تێدا سووربکاتەوە.

ئەوە هەموو نەخۆشیەکانی دینداریی تێدا کۆبۆتەوە.. کەسی وا بێگومان بەدگومان و رقن و حەسوودە، چاوی بەرایی نایات کەسێك لەخۆی چاکتر، زیرەکتر، دەوڵەمەندتر، جوانتر.. ببینێت!

بە چاوی گومانەوە دەڕوانێتە رەفتاری هەموو خەڵکی.. ئەوە هەواو هەوەسەکەی لێ بۆتە خوا -پەنامان بەخوا- وەکو خوای گەورە دەربارەی دەفەرمووێ:

﴿أَفَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمۡعِهِۦ وَقَلۡبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ٢٣﴾ الجاثية: ٢٣.

واتە: دەبینیت ئەو کەسەی کە هەواوهەوەسی خۆی کردووە بە خوای خۆی، حاڵی چۆنە؟! چۆن خوای گەورە دوای زانین و پەیپێبردن و ئەقڵ پێشکان، گومڕایکردووەو مۆری قەپاتبوون (داخستن)ی لە بیستن و دڵ و هزری داوەو پەردەی تاریکیی بەسەر دیتنییدا هێناوە؟! ئا ئەوە کێ هەیە، جگە لە خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات و ڕێی ڕاستی نیشانبدات؟!

دەبینیت چۆن خوای گەورە باسی حاڵەتی ئەم بەد گومانە دەکات؟

چۆن ڕێگاکانی هیدایەتی خوایی لێگیراوە! گومان لەوەدا نییە کە کەسی ئاوا کە حەتمەن بەدگومانە، بێ هەبوونی بەڵگەی حەق یەکسەر گومانی خراپ بەخەڵکی دەبات، بێئەوەی حەقێك بسەلمێنێت. هەر لە دیدو روانگەو پێناسەی بەدگومانیی خۆیەوە حوکمدەدات..

هەرچی شتێك لە بەرژەوەندیی خۆی و بە دڵی خۆی بێت، بە چاك و ڕاست و تەواو دەیبینێت و دەیناسێنێت! چونکە هەر وەکو وتویانە: چاوی خۆشەویستی نوقسانی نابینێت.

بە پێچەوانەشەوە ،کە شتێکی لا پەسەندنەبێت، یان لەگەڵ دیدو هەڵوێستییدا

پێچەوانە بێت، ئەوەندە بەدگومانانە تێی دەڕوانێت، کە چاکیی وپاکییەکی پێوە نابینێت!

بۆیە بەشیعر ئەمەیان ئاوا دەربڕیووە:

وَعَينُ الرِّضا عَنْ كُلِّ عَيبٍ كَلِيلَةٌ ..... وَلكِنَّ عَينَ السُّخْطِ تُبْدِي الْمَسَاوِيَا[١]

ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆشویست، هەڵەکانی بۆ دادەپۆشێت، گومانی باشی پێدەبات، هەموو رەفتارێکی چەوتیشی بە چاك بۆ لێکدەداتەوە، بەڵام ئەگەر دەیبوغزاند، چاکەیەکی نابینێت! هەمیشە بەدگومانانە باسیدەکات، کردەوە چاکەکانیشی بە خراپ و ڕیابازیی بۆ لێکدەداتەوە!

خوای گەورە سەرنجی موسوڵمانانی بۆ ئەم دیدو هەڵوێستە لاسەنگە راکێشاوە، کە سیماو سیفەتی کافرانە دەفەرمووێ: ﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾ النجم: ٢٣.

واتە: هەر بە دوی گومانی خۆیانەوەن و، هەواو هەوەسی خۆیانیان گرتۆتەبەر،لە کاتێکدا کە بە تەئکیید رێنماییان لە خوای پەروەردگاری خۆیانەوە بۆ هاتووە! هەروەها دەفەرمووێ:

﴿ فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيۡرِ هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾ القصص: ٥٠.

واتە: ئەگەر بەدەم بانگەوازەکەتەوە نەهاتن، ئەوە بزانە، کە شوێن هەواو هەوەسیان کەوتوون.. دڵیان رەشبووەو بوارێکی بۆ نوری خوایی تێدا نەماوە..

(١) واتە: چاوێك کە لە خۆشەویستەکەی رازییە، هیچ نوقسانیەکی تێدا نابینێت، لەحەنای عەیب وعارییدا کوێرە، نە خۆشە.... بەڵام چاوێك کە بە نارەزایی و رقەوە دەڕوانێت ، هەر خراپە و کەلێنەکانی بەرامبەری دەبینێت.

جا کێ لەو کەسە گومڕاترە، کە لە جیاتی ئەوەی دینی خوا بکاتە بەرنامەو ڕێبازیی، هەواوهەوەسی خۆیی گرتۆتەبەر.. خوای گەورە ڕێنمایی خەڵکانی ستەمکارناکات.

٥- شلبوونی پابەندیی بە شەرعەوە: دەزانین کە لە نێوانی حەڵاڵی ئاشکراو حەڕامی ئاشکراو زانراودا، هەندێك لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەری هەر دوو حوکمەکەیان هەیە.

موسوڵمانی دیندار ئەمانە واز لێدەهێنێت، لە ترسی ئەوەی نەبادا بکەوێتە حەڕامێکەوە، بەڵام کەسی بەدگومان گوێناداتێ و وەکو حەڵاڵ ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات.

ئینجا بۆ بەرگریی لە دیدو هەڵویستی خۆی پەنادەباتە بەر "بەڵگە" و بەهانە کە هەمویان لە گومانەوە دێن.. ئەم بەرگریی لێکردنەشی دەبێت بە مایەی هاندانی کەسانی تریش. ئاوا خۆی و کەسەکانی تر کە کەوتوونەتە ئەو (شوبوهات)انەوە بۆ یەکتریی دەبنە پاڵپشت!

ئەمە یەکێکە لە حیکمەتی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تێیدا دەفەرمووێ:

(الْحَلالُ بَيِّنٌ وَالْحَرَامُ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مَشْتَبِهَاتٌ لا يَعْلَمُهَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاس، فَمَن اتَّقَى الْمُشْتَبِهَات اسْتَبْرَأَ لعرْضه وَدينه، وَمَنْ وَقَعَ في الْمُشَبَّهَات كَرَاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى، يُوشِكَ أَنْ يُوَاقِعَهُ، أَلا وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلا إِنَّ حِمَى اللَّهِ مَحَارِمُهُ).[١]

واتە: حەڵاڵ دیارو زانراوەو ،حەڕام دیارو زانراوە، لە نێوانیشیاندا گومانلێکراوان هەن، کە نازانرێن لە کامیانن، زۆر کەس هەن،کە نایانزانن.

---

(١) بوخاری (٧٢٣/٢ژ١٩٤٦)، موسلیم (٢١٩/٣ژ١٠٧)، ئەبوداوود (٣/ ٦٢٥ژ٣٣٢٩)، ئیبنوماجەو ئەوانی تریش.

جا هەر کەسێك خۆی لەم گومانلێکراوانە گرتەوە، ئەوە دین و ناوو کەسایەتیی خۆیی لە قسەو قسەلۆك و تۆمەتبارکردن دوورگرتووە.

هەر کەسێکیش بکەوێتە ناو ئەم گومانلێکراوانەوە، وەکو شوانێکە، کە مەڕو ماڵاتەکەی بردبێتە لای پاوەنێکەوە (زەوی و زاری تایبەتی کەسێك)ــەوە ،کە دەشێت سنووری ببەزێنن و بچنەناوی. ئەوە بزانن کە هەموو دەسەڵاتدارێکیش سنووری موڵکی خۆی دیاریکردووە، سنوری موڵکی خوای گەورەش لەوێوەیە، کە حەڕامی کردووە، خوای گەورە سنوری حەڕام و حەڵاڵی لە دنیادا دیاریکردووە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ، فَإِنَّ الصِّدْقَ طُمَأْنِينَةٌ، وَإِنَّ الْكَذِبَ رِيبَةٌ).[١]

واتە: ئەوەی گومانت لێی هەیە وەلیکەو ئەوە بگرەبەر ،کە گومانت لێی نییە، کە حەڵاڵە. ڕاستگۆیی هێمنی و ئاسوودەییەو، درۆکردن مایەی گومانپێبردنە.

- لە ڕۆشنترین نموونەی رەفتاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو ریوایەتەیە، کە خاتوو (صەفییەی کچی حویە)ی (خوالێی ڕازی بێت) ـ کە دایکی موسوڵمانانە (خێزانی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە:

(انَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) مُعْتَكِفًا، فَأَتَيْتُهُ أَزُورُهُ لَيْلًا. فَحَدَّثْتُهُ، ثُمَّ قُمْتُ لأَنْقَلِبَ، فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي وَكَانَ مَسْكَنُهَا فِي دَارِ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ فَمَرَّ رَجُلَانِ مِنَ الْأَنْصَارِ فَلَمَّا رَأَيَا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) أَسْرَعَا. فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: عَلَى رِسْلِكُمَا. إِنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ فَقَالَا: سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ

(١) ترمذی (٢٥١٨/٤ژ٢٤٤٢) ئەحمەد (١٦٣٠)، ئیبنوحیببان (٧٢٢٢) ، نەسائی (٣/٤ژ٦٠٤٠) ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الجامع ژ٣٣٧٨) دا فەرموویەتی سەحیحە.

اللَّهِ. فَقَالَ: إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ. وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَرًّا).[1]

واتە : پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ئیعتیکافدابوو (لەمزگەوت)، منیش شەو هاتمە خزمەتی، لەگەڵیدا دوام، پاشان هەستام بڕۆمەوە بۆ ماڵ، جەنابیشی هەستا, تا بەڕێم بکات - ماڵی خاتوو (سەفییە) ئەو کاتە لە خانووەکەی (ئوسامەی کوڕی زەید)دابوو (خوا لێیان رازی بێت)، کە کەمێك لە مزگەوتەوە دووربوو- دوو پیاوی ئەنساریی لەو کاتەدا لەوێوە تێپەڕبوون، کە پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بینی, خێراتر ڕۆیشتن!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگی لێکردن و فەرمووی: لەسەرخۆبن!.. ئەمە (سەفییەی کچی حویەی)یە لەگەڵمدایە، هەردووکیان فەرموویان: (سبحان‌الله! )ئەی پێغەمبەری خوا (واتە: چما گومانی خراپ بە جەنابت دەبەین؟!) .

فەرمووی: شەیتان وەکو خوێن بە دەمارەکانی مرۆڤدا دێت و دەچێت، منیش لەوە ترسام شەیتان گومانێکی بەد, یان شتێك بخاتە دڵتانەوە (بەرامبەرم).

٦- ڕەچاونەکردنی ئادابی ئیسلامی لەچرپەچرپدا: لە ئادابی ئیسلامیە، کە قسەکردن ڕۆشن و ئاشکراو راشکاوبێت، بەڵام ئەگەر پێویستبوو بەچرپەو بەئەسپایی بەگوێی کەسێکدا بدرێت، دەبێت لەوەشدا ئادابی ئیسلامی لەچرپەکردندا رەچاوبکرێت، لەئادابی ئەم چرپەکارییە:

أ- حەڕامێتیی چرپەکردنی دووکەس یان زیاتر و، وەلکردنی سێیەم کەسیان، یان یەکێکی ئامادەبوان بە تەنها وەکو ئەوەی، کەنەیانەوێت ئەو گوێی لێ بێت و بەباسەکە بزانێت..

---

(١) بوخاری (٢١٧٥)..

موسوڵمان نابێت وا بکات، ئەگەرچی زەروریش بێت، تا ئەو کاتەی کەسە تەنها کەش کەسێکی تری پێدەگات، تا پێکەوە بدوێن، یا هەمویان تێکەڵ بەکەسانی تردەبن.

ئەوی وەکو ئەم حاڵەتەشە قسەکردنی دوو کەسەکە، یان زیاتر بەزمانێك کە کەسە تاکەکە تێناگات لێی، چونکە ئەم حاڵەتەش وەکو حاڵەتی چرپەکردنە نهێنییەکەیە.

لەهەردوو حاڵەتەکەدا ،کەسە تەنهاکە خەم دەخوات وگومانی ئەوەی لادرووست دەبێت، کە دەربارەی ئەو قسەدەکەن.

ب- دەبێت ناوەرۆکی چرپەکردنەکە حەڵاڵ بێت، چاکەکاریی و لهسنووری شەرعدابێت، نەك غەیبەت و دووزمانی و گوناحیتر خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٩ إِنَّمَا ٱلنَّجۡوَىٰ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ لِيَحۡزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيۡسَ بِضَآرِّهِمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٠ ﴾ المجادلة: ٩ – ١٠.

ج- دەبێ چرپەکردنەکە زەروریی بێت وئاسایی نەبێت: بەئاشکراو دەنگی بەرزو لەناو کەسانی تریشدابووتریت، دەبێت لەو جۆرەقسانە بێت، کە ناهێڵرێت بکەوێتە بەرگوێی دوژمنانی کافرو موشریك، یان دووڕوو و ناحەز، یان موسوڵمانی ئەعرابی و گێل و بەزیو.. کە زیانی لێبکەوێتەوە.

ئەوە هەندێك لە ئادابەکانی چرپەکردنە، ئەوکەسەی لەچرپەچرپیدا ئەمانە ڕەچاوناکات، دەبێ بزانێت، کە خۆی دەخاتە بواری گومان پێبردنەوە، خۆی دەکاتە نیشانی تیرو توانج و تۆمەتی ئەم و ئەو.

٧- چاوقایمی وجورئەتی گوناحکردنی بەئاشکرا: موسوڵمان وەکو هەموو کەسێکی تر دەکەوێتە گوناحەوە، بەڵام گوناح بەنهێنیی دەکات وخێرا لێی پەشیماندەبێتەوەو تۆبەدەکات، بەڵام کەسی فاسق و دین کزو باوەڕلاواز، کە لە

گوناحکردن رادێت ئیتر جۆرئەتی لەخواپاخیبوونی لا درووستدەبێت..

خوا لاماندا، چاوقائیم دەبێت و بێترس و خەم، بێباکانە دەکەوێتە گوناحکردن بەئاشکرا.. ئەوە ئاستێکی زۆر خەتەرە موسوڵمان بیگاتێ، چونکە خەڵکیتریش هاندەدات و دین کزەکانی تریش وایان لێدێت، سڵ لەگوناحکردن بە ئاشکرا نەکەنەوە.

ئێ کەسانی ئاوا ، حەتمەن بەدگومانییی لەلایەن دەبێتە رەفتاری سروشتی رۆژانە، ئەسڵەن ئەوە بەگوناح نازانن، کە گومانی خراپ بەموسوڵمانی چاك ببەن.

ئەوانە گوناحە گەورەکان دەکەن ، ئەگەر کەس لەو کاتی تاوانکارییەدا نەیابینین، خۆیان بۆ (شانازیی) باسی دەکەن و چۆنییەتیەکەی دەگێڕنەوە!!

بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ:

(كُلُّ أُمَّتِى مُعَافًى إِلاَّ الْمُجَاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ الْمَجَانَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلاً، ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ، فَيَقُولَ يَا فُلاَنُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللهِ عَنْهُ).[1]

واتە: هەموو ئوممەتەکەم شایانی لێبووردن دەبن، جگە لە ئاشکراکارانی گوناح.. ئەوە ئاشکراکردنی گوناحە،کە کابرا گوناحێکی بەشەو کردووە پاشان بۆ بەیانی باسیدەکاتەوەو ئەو پەردەیە لادەدات، کە خوای گەورە پێی داپۆشیبوو، دەڵێ: ئەرێ فڵان !دوێنێ ئاوامکردو ئاوامکرد..

خوای پەروەردگار لە شەودا بۆی پۆشیووە، کەچی بۆسبەینێ سیتری خوای (پەردەپۆشی) دادەماڵێت و باس لەگوناحەکە دەکات!..

ئەمە خیانەتیکردووە.. خوای گەورە سیتری دەکات و بە لوتفی خۆی دایدەپوشێت، بەڵام ئەوی یاخی وسەرکەش نایەوێت و زیاتر یاخیدەبێت..

---

(١) بوخاری(٥٧٢١)، موسلم (٥٢).

کەسی ئاوا، کە گوناح بەئاشکرادەکات و گوێناداتێ، گومانپێبردنی گوناح نییە، باسکردنی گوناحەکانیشی بەمەبەستی دوورخستنەوەی خەڵکی لێی، غەیبەت نییە.

٨- لەبەر چاونەگرتنی ئێستای تۆبەکارو پێوانی بە ڕابوردوی: هەزاران هەزار موسوڵمان هەن پێشتر کەوتوونەتە گوناح و تاوانەوە، بەڵام ئێستا تۆبەیان کردووەو دینداری پاك و سەرڕاستن، گوناحیان ئاشکرا دەکرد، بەڵام ئێستا بەئاشکرا وازیان لەهەموو خراپەیەك هێناوەو، ڕێگای پیاوچاکانیان گرتۆتەبەر..

ئەوانەی بەدو بەدگۆن، چاویان بەمەدا هەڵنایات و پێیان ناخۆشە خەڵکی بەچاکیی باسی ئەمانە بکەن، بۆیە بەردەوام بەچاوی گومانەوە دەڕواننە ئەم تۆبەکارانە.

کە باسیان دێتەپێشێ، بەدگومان یەکسەر دەڵێ: ئای، کە گوناحی وای کردو ئاوادەیکرد! ئێستای ناخوێنێتەوە، ناڵێ: بەڵام تۆبەی کردووەو ئێستا وا نەماوەو چاکە! حساب بۆ ئەوە ناکات، کە دڵی عەبد وا لە نێوان دوو پەنجەی خوای پەروەردگارداو هیدایەت بەدەستی ئەوە، ئەو تۆبەکارەی بەرەو دینداریتیی و سەرڕاستیی هێناوەتەوە.

ئەو ئێستا کەسایەتییەکی ترە، ناشێت هەر بەو ناوو سیفات و رەوشتانەی پێشویەوە باسبکرێت و ناوبهێندرێت.. ئەوە شەیتانە وا لە کەسە لاسەنگەکان دەکات،کە بەدگومانبن لێی و بە زمانی تۆمەتبارکردن و سووکایەتییەوە، ناوی بهێنن..

خوای گەورە ئەوەی قبووڵ نییە.. چونکە یاوەرانیش وابوون، لەشیرکدا نقوم بوبوون، لەزیناو کوشتن و شەڕاب و دزیی و حەڕامخۆرییدا نقوم بوبوون.. بەڵام کە موسوڵمانبوون و لەو هەموو گوناح و تاوانانەیان داشۆران، خوای گەورە مەدحیکردن و رێزدارییکردن، وەسفی کۆتایی بەموسوڵمانێتیەکەیان کرد، نەك بە سیماو سیفاتی جاهیلییەتیان..

نابینیت چۆن ئەوەی کردە ڕێسای ژیانی موسوڵمانێتیی، کە فەرمووی:

﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾﴾ الفرقان: ٦٨ - ٧٠.

واتە: عەبدەکانی خواو پەرستیارانی (عبادالرحمن) ئەوانەن: کە هاناو هاوار بۆ غەیری خوای گەورە نابەن و،کەس بەناحەق ناکوژن، چونکە دەزانن خوای گەورە حەڕامی کردووە، زیناناکەن ..

هەر کەسێك هەر یەکێك لەم گوناحە گەورانە بکات، خۆ دەخاتە بەر سزای قیامەت و سزاکەی بۆ چەندین بەرامبەر دەکرێت و، لە دۆزەخدا بە نەمریی دەمێنێتەوەو، بەسووک و سەرشۆڕیی هەتاهەتایە، تێیدا دەمێنێتەوە، مەگەر کەسێك پەشیمانبووبێتەوەو بەرەو دین گەڕابێتەوەو، باوەڕی هێنابێت و کردەوە چاکەکانی ئەنجامدابێت، ئەوانە خوای گەورە خراپەکانیشیان بەچاکە بۆ تۆمار دەکات، خوای گەورە لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

- کە عەمری کوڕی عاص (خوالێی ڕازی بێت) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا موسوڵمان ببێت و بەیعەت بدات، ویستی ئەوە بکات بە مەرج ،کە خوای گەورە لە گوناحەکانی پێشوی خۆش ببێت!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوەی بۆ روونکردەوە :کە موسوڵمانبوونەکەت هەموو گوناحەکانی پێشوتی سڕیووەتەوە، فەرمووی: (أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الإِسْلاَمَ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ وَأَنَّ الْهِجْرَةَ تَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهَاوَأَنَّ الْحَجَّ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ).[١]

---

(١) موسلم (١٢١).

واتــە: مەگــەر نەتزانیــووە، کــە موســوڵمانبوون هــەموو گونــاحی پێشــتر دەسڕێتەوەو، هیجرەتکردن، هـەمـوو تـاوانێکی پێشـتر دەسـڕێتەوەو ،حـەجکردن هەموو گوناحێك دەسڕێتەوە؟!

_ (أَنَّ نَاسًا مِنْ أَهْلِ الشِّرْكِ كَانُوا قَدْ قَتَلُوا وَأَكْثَرُوا وَزَنَوْا وَأَكْثَرُوا فَأَتَوْا مُحَمَّدًا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فَقَالُوا إِنَّ الَّذِي تَقُولُ وَتَدْعُو إِلَيْهِ لَحَسَنٌ لَوْ تُخْبِرُنَا أَنَّ لِمَا عَمِلْنَا كَفَّارَةً فَنَزَلَ: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾﴾ الفرقان: ٦٨ ونزل: ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِ﴾ الزمر: ٥٣[1]

ئیبنوعەباس (خوا لێیان رازی بێت )دەگێڕێتــەوە :کـە خـەڵکانیك لـە ئـەهلی کوفرو شیرك ،کە زۆریان کـوفرو شـیرك کردبـوو، زۆریـان زینـا کردبـوو، هاتنـە خزمــەت پێغەمبــەری خــوا (صَــلَّى اللَّــهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) و عــەرزیانکرد: ئــەوەی دەیفەرموویــت و خــەڵکی بــۆ بانگهێشــت دەکــەیت جوانــە، بەڵام پــێمان بڵــێ: کەفارەتی ئەو گوناحانەمان چییە، کە کردوومانن؟

ئەو کاتە ئەو ئایەتە هاتــە خــوارەوە: هــەروەها ئــەو ئایەتــە (واتــە: ئــەی ئــەو عەبدانەی من، کە گوناحتان زۆرکردووە لە لێخۆشبوون و رەحمەتی من هیوابڕاو مەبن.

٩- بێئاگابوون لەئاسـەوارو ئـەنجامی بەدگومـانیی: هـەروەها بیرچوونـەوەی سزاو ئەو بەرپرسێتییەی دەکەوێتە ئەسـتۆی بـەدگومان.. بیرچوونـەوەی سـزای تاوان، یان بێئاگالێبوونی، یان گوێپێنەدانی، هەموو وا دەکەن بەدگومان بەردەوام بێت لەسەر بەدگومانیی خـۆی و زیـاتر پێیـداڕۆچێت (هەموکەسـێك ئەگـەر سەرنج لە رەفتاری خۆی بدات ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە وایە..

(١) بوخاری (٤٨١٠)، موسلیم (١٢٢).

ئەو کاتانەی هەستی مەسئوولیەتی ڕۆژی دواییت نزمەو، ترسی سزای خوایت لەدڵدا لاوازبووەو گوێ نادەیتێ، خۆهەڵدەخەڵەتێنیت و دەڵێی: دوایی تۆبە دەکەم.

خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی سزای خواییان بیرچۆوەو، کەوتنەتاوان و سەرپێچیی، دەفەرمووێ:

﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمۡ أَضۡلَلۡتُمۡ عِبَادِي هَٰٓؤُلَآءِ أَمۡ هُمۡ ضَلُّواْ ٱلسَّبِيلَ ١٧ قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِي لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعۡتَهُمۡ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ نَسُواْ ٱلذِّكۡرَ وَكَانُواْ قَوۡمَۢا بُورٗا ١٨﴾ الفرقان: ١٧ – ١٨.

واتە: خوای گەورە بەهەموو پەرستراوانی موشریکان (فریشتەو جنۆکەو پێغەمبەران و بتی داروبەردو هیتر) دەفەرمووێ: ئایا ئێوە ئەم خەڵکەتان گومڕاکرد، تا کافربن، یان خۆیان هۆشیان نەکردەوەو بیریان لە هیچ نەکردەوەو، کەوتنە کوفرو شیرکەوە؟!

هەموو لە وەڵامدا دەڵێن: خوایە، بەڵام تۆ تەمەنی باب وباپیرانیانت درێژکرد، نازو نیعمەتی ژیانت پێبەخشین، ئەوەندەت ئازادکردن و بە غەزەبی خۆت نەتگرتن، ئیتر گومڕاتربوون و دین و خواناسییان بیرچووەو، سەرەنجام سەریان بەفەتارە چوو!.

**چوارەم: ئاسەواری بەدگومانیی:**

أ- لەسەر تاك تاكی موسوڵمان:

١- كەوتنەگوناح و تاوانەوە: بەدگومانیی، ئەگەر یەكسەر نەوەستێنرا، خاوەنەكەی بەرەو گوناحی تر رادەكێشێت، گوناحی تر ،كە وەكو زنجیر، ئاڵقەی یەك لەدوای یەكی دەبێت.

بۆنموونە: بەدگومانییەكەی وای لێدەكات :جاسووسیی لەسەر خەڵكی بكات، یان كەسانی تر بنێرێتە بندەستی خەڵكانیتر ،تا نهێنییەكانیان بزانن و بۆی بهێننەوە، هەر زانیاریەكی دەستكەوت وای لێدەكات باسیبكاتەوە.

ئەوەش دەیخاتە غەیبەتەوە، كە هەر بەوەندەوە ناوەستێت كە تەنها ئەوانەی باسبكات كە دەیزانێت، بەڵكو شتی زیادەی پێوەدەنێت و دەكەوێتە درۆو بوختان هەڵبەستنەوە.

ئینجا دووزمانیی و قسەكردن لەپاشەملەو، لێك توورەبوون و عاجزبوون و دەنگ لێكدابڕان و هاتووچۆنەكردن! كە سەرەنجام جۆرەها ئاستی ناكۆكیی و جودایی لێ دەكەوێتەوە..

بۆیە دەبێت موسوڵمان هەوڵبدات نەكەوێتە بەدگومانییەوە، كە كەوتە ناوی لەوێدا بوەستێت و هیچ نەدركێنێت، كە دركاندی سەر نەكێشێت بۆ غەیبەت و درۆو بوختان و گوناحیتر.. لە هەر ئاست و قۆناغێكدا ترسی سزای خوای گەورە ڕایچڵەكاند، با بوەستێت و تۆبەبكات.

قورئانی پیرۆزو سوونەتی پاك ،سەرنجی موسوڵمانیان بۆ ئاسەواری گوناح - لەوانەش بەدگومانیی- راكێشاوە، كە زنجیرە گوناحێك دەشێت بە یەكێكیان دەستپێبكات..

وەك دەفەرمووێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ١٢﴾ الحجرات: ١٢.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە !زۆر خۆتان لە گومانی بەد پێبردن بگرنەوە، چونکە گومانی بەد پێبردن تۆمەتبارکردنەو، هەندێك تۆمەتبارکردنیش گوناح و تاوانە، جاسووسی بەسەر یەکترییەوە مەکەن و، کەستان غەیبەتی کەستان نەکات.

چما کەستان هەیە حەز بکات، گۆشتی بەدەنی براکەی بە مردویی بخوات؟! کە بێزی لێ دەکەنەوە.. لەخوابترسن و دینداریتیی سەرڕاستانە بگرنەبەر، بشزانن، کە خوای گەورە تۆبە قبوولدەکات و بە بەزەییە.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ وَلَا تَحَسَّسُوا وَلَا تَجَسَّسُوا).(١)

واتە: ئامان هۆشتان لە خۆ بێت و نەکەونە بەدگومانییەوە، چونکە بەدگومانیی درۆترین قسەیە.

جاسووسیی لەسەر یەکتریی مەکەن (کەسێك بنێریت) جاسووسیش مەکەن (کەخۆت بچیت بە دوایدا).

٢- وازهێنان لە کاری خێرو چاکەو کەوتنە ئالۆزیی دەروونەوە: ئەمە دوو دیاردەن. بەلام ئەوەندە پێکەوەن وەکو (لازم و مەلزوم) ی یەکیان لێهاتووە! بەدگومان سەرەنجامی خراپبردنی گومان بەم و بەو، خۆی لە کاری خێرو چاکە ساردەبێتەوە. تا زۆرینەی وەلدەکات..

---

(١) بوخاری(٦٠٦٤)، موسلیم (٢٥٦٣).

بەڵام لـەملاوە دەکەوێتـە پشـێویی دەروونـەوە.. چونکـە هـەموو چاکـەو پارسەنگییەکی خەڵکی، حەسرەتێك لای ئەم درووستدەکات! کـە بـۆچی ئـەوان وان و منیش وا؟

کێهان ڕاستین؟

حەتمەن دەشڵێت: من!! لە کاتێکدا دەشزانێت کە وا نییە..

جا تا لە گوناحدا ڕەشبێتەوە، تروسکەی گومان باشی نابینێت.. دڵی پاك نامێنێت، دڵی قفڵ دەبێت..

بڕوانە ئەو رەفتارو ئەنجامە، کە خوای گەورە باسیدەکات: ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَنَسُوا حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا بِهِ﴾ المائدة: ١٣.

واتـە: سـەرەنجامی هەڵوەشـاندنەوەی بەڵێنەکـەیان و پەشـیمانبوونەوەیان لەپـەیمان، لەعنـەتمان لێکـردن (دوورمـان خسـتنەوە لـە ڕەحمـەت و بـەزەیی) و دڵیانمان رەقکرد.

ئەمـە سـزایەکی پڕاوپـڕی دادپەروەرانەیـە، چونکـە ئەوانـەی پـەیمان و بەیعەتیانداوە، کە دینی خـوا بگرنـەبـەرو بـۆ خواویسـتی لێبـڕێن، بەڵام پێـوەی پابەندنـەبوون، تاوانیـان گـەورەتربوو، چونکـە دوای زانـین لـە خـوای گـەورە یاخیبوون!.

خوای گەورە دەڕوانێتە نییەت و گوفتارو رەفتاری دڵەکان، ڕاشکاوانە دیدو هەڵویستیان لەسەر تۆماردەکات، مەبەست و ویستیان ماڵە لەسەریان،وەك دەفەرمووێ: ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٢٥﴾﴾ البقرة: ٢٢٥.

واتە: خوای گەورە ئەو سوێندە سەر زارەکیانەتان لەسەر حساب ناکات، کە هەر بە سەر دەمتاندا دێت، بەڵام بەوە دەتانگرێت کە دڵتان کردوێتی و ویست و ئیرادەتان لەسەریبووە.

بەدگومان هەمیشە هۆشی لەوەیە، کە بەهانەو هەنجەت و بیانوو بدۆزێتەوە، تا بەرگریی لە دیدو هەڵوێستی لاسەنگی خۆی بکات و، ناڕەواییەکانی خۆی بکات بە حەق!

هەمیشە هۆشی لە کەسایەتیی خۆیەتی (و دەڵێی قیبلەیەتی و دەبێت ڕووی هەر لەو بێت و بە دەوری ئەودا هەڵبسوڕێ، خوا لاماندا) بەدگومان لە دەوری تەوەری خۆی دەخولێتەوە: خۆی وەکو کەس، وەکو خزمانی، وەکو عەشیرەت و تیرەو هۆزیی، وەکو بەرژەوەندییەکانیانی..

ئیتر هەمیشە لە گومانی خراپدا دەبێت بەرامبەر خەڵکی، وا گومان دەبات، کە حەسوودیی پێدەبەن، دژی دەوەستن، ماڵی دەخۆن، دەیانەوێت بیکوژن!! یان رقی لێیانە، چونکە وا دەزانێت: رێزی ناگرن، باسی بە چاکە ناکەن!

ئاوا لە مەراقدا دێت و دەچێت،ناسرەوێت،نازانێت ئۆقرەگرتنی دەروون چییە!

ئەوە سزا سروشتیەکەی خوای گەورەیە، کە دەفەرمووێ: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا ﴾ طه: ١٢٤.

واتە: هەرکەسێك پشت لە دینەکەی من بکات و دیدو رێی تر بگرێتەبەر، حەتمەن ژیانێکی تەنگ و تاریکی دەبێت.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُعۡرِضۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِۦ يَسۡلُكۡهُ عَذَابٗا صَعَدٗا ١٧﴾ الجن: ١٧.

واتە: هەرکەسێك پشتبکاتە پەیامەکەی خوای گەورە، خوای گەورە ژیانێکی وای بە نسیب دەکات، کە هەر وەکو لەگەڵ ژان و ناسۆردا بە هەورازدا هەڵبگەڕێت،کە تەنگەنەفەس دەبێت و ماندووترو لەش داهێزراوتر دەبێت.. تووشی ژانی جەستەیی ودەروونی دەبێت.

٣- پەشیمانبوونەوەو حەسرەتکێشان: بەدگومان دوای تەمەنێك ،کە دەیباتە

سەر، بۆی دەردەکەوێت: کە زۆر هەڵەبووە. دوای ئەزموون و سەرنجدان و لێکۆڵینەوە، بۆی دەردەکەوێت:ئەوەی کە بە چاکەی زانیووە، خراپەبووە!

لە جێی خەلەو خەرمان پووش و پەڵاشی مەڵۆ کردووە! جا ئەگەر رەگی دینداریێتیی لە ناخییدا نەڕزیبێت، بە هۆش خۆ دێتەوەو دینداریێتییەکەی چەکەرەدەکاتەوە. دەنا دەکەوێتە بەر شەپۆلی حەسرەت و پەشیمانیی..

ئەو یاوەرانەی گومانی خراپیان بە (خاتوو عائیشە) برد. (خوا لێی رازی بێت)، کە بوختانەکەیان وتەوەو لێرەو لەوێ باسیانکردەوە، دوایی پاکێتی (خاتوعائیشە ) بە وەحی خوایی سەلمێنرا، زۆر پەشیمانبوونەوە..

(حەسانی کوڕی ثابت) و( میسطەحی کوڕی ئەثاثە)و (حەمنەی کچی جەحش)، دەگەیشتنە هەر کەسێك، پەشیمانیان لە کردەوەکەی خۆیان دەردەبڕیی!.. دەیانووت: خۆزگە هەر لەدایك نەبوینایە.. تا کۆچی دوایشیان کرد( خوا لێیان رازی بێت )هەر پەشیمانیان دەردەبڕیی.

٤- بێزاربوونی خەڵکیی لە بەدگومان و دووركەوتنەوەیان لێی: خەڵکیی، کە کەسێك دەناسن و دەزانن بەدگومانە، دەزانن بە بێ بەڵگەو سەلماندن ئەم بەخراپ و ئەو بەریاباز دادەنێت، قسە لەسەر ئەم و ئەو دەکات و سووکیان دەکات، لێی بێزاردەبن ومتمانەیان پێی نامێنێت.

دەزانن، کە گومانکارییەکەی کۆتایی نایات و بێبەڵگەو بێئەنجامیشە! ئیدی لێی دووردەکەونەوە، بە تایبەتی کەسانی دیندارو سەرڕاست و پارسەنگ.

موسوڵمانیش بە گشتیی، حەزیان لە سەرڕاستییە، شارستانیانە رەفتاردەکەن، هەر یەکەیان هەستدەکات، خۆی بە تەنها هەموو شتێکی پێناکرێت و بە برا دینییەکانییەوە جوان و بەهێزە.

بۆیە حەزناکات گومانی خراپ بە موسوڵمان ببات و، پێشی پەسەندنییە بەدگومانێك باسی موسوڵمانان لە لای بکات.. بۆیە هەموو -بێئەوەی رێکەوتبن- بەدگومان گۆشەگیردەکەن و خۆی لێ بەدووردەگرن.

٥- بەفیڕۆدانی تەمەن: بەدگومان ،چونکە بەردەوام لە هەوڵدایە بەڵگەو بەهانەو بیانوو بدۆزێتەوە، تا بڵێ: گومانەکەم لەجێی خۆیدایە، واش نییە.

کاتێکی ئێجگار زۆری شەووڕۆژی، بەو هەوڵە بێهودەوە بەسەر دەبات.. چونکە گومانەکە لەجێی خۆیدا نییەو ناگاتە هیچ ئەنجامێك، کە خەڵکی باوەڕی پێبکەن، ئەگەر گومانەکەشی لەجێی خۆیدابووبێت، کەسە گومانلێکراوەکەی خاوەن هەڵەو پەڵەبوو بێت.

لە کۆتاییدا ئەم، هەر پەشیمانەدەبێتەوەو دەزانێت، کە کاتێکی زۆری لە ڕەفتارێکدا بە فیڕۆدا، کە زەروریی نەبوو.. خۆ ئەو بەرپرسی توێژینەوەی تاوانی خەڵکی نییە،ئیتر بۆچی حەزی لەم کارە تاوانەیە؟!

٦- کەوتنەبەر غەزەب و سزای خوایی (خوا لامانەدات): مادام بەدگومانیی گوناحیتر رادەکێشێت و، بەدگومان سوورە لەسەر کارو پیشە نالەبارە گوناحکارییەکەی.

حەتمەن خوای گەورەش لێی قبووڵ ناکات و لێی تووڕە دەبێت. واوەیلا بە حاڵی ئەو کەسە، کە دەکەوێتە بەر غەزەبی خوای بەتوانا، کە دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ ۝٨١﴾ طه: ٨١.

واتە: هەر کەسێك بکەوێتە بەر غەزەبی من، بە تەئکید سەر بەفەتارەتچووەو فەوتاوە.

## ب- لەسەر کۆمەڵکاریی ئیسلامی:

١-شیرازەپسانی ڕێکخستن و درووستبوونی تەفرەقە: چونکە، کە بەدگومان زۆر دەبن، بەدگومانییشیان زۆر لە ناودا درووست دەبێت، بەرامبەر یەکتریی دڕدۆنگ دەبن.

ئەمەش وایان لێدەکات: باوەڕیان بە سەرڕاستی و ڕاستگۆیی یەکتریی

نامێنێت و، بەگشتیی متمانە بە کەسایەتیی و ڕەفتار و هەڵوێستی یەکتریی ناکەن.

بە پێچەوانەشەوە، هەموو بزاوت و سرەوتێکی یەکتریی بەگومان و پێناسەی خراپ لێکدەدەنەوە، ئەمەش وایان لێدەکات خەت خەت و پێڕپێڕو دەستەدەستە، بە پێی شیکارو لێکدانەوە پڕ گومانەکانیان، هەڵوێست لە یەکتریی وەربگرن..

ئەمەش ساردبوونەوەو لێکدابڕانی لێ پەیدادەبێت، ئینجا لەدەستدانی هێزی ڕیزو لاوازبوون و سەرکەوتنی دوژمن و پیلانەکانی..

ڕێسای خوایی لە حاڵەتی وادا: سزادانی گشتییە، کە زەلیل بوونی دنیایی و ئیفلاسبوونی قیامەتە، ئەنجامی ئەمەش ئاشکرایە، کە دۆزەخە.

خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ آل عمران: ١٠٥ – ١٠٦.

واتە: وەکو ئەوانەتان لێنەیات ،کە لەناو خۆیاندا تەفرەقەیان تێکەوت، دوای ئەوەی نیشانەو بەڵگەی دین و دیدو هەڵوێستی ڕاست و ڕەوایان بۆ هات، ناکۆکبوون و کۆمەڵ کۆمەڵ لێکدابڕان، بەڕاستی ئەوانە سزایەکی زۆر گەورەیان لە قیامەتدا دەبێت.

لەو ڕۆژەدا، کە هەندێك ڕووسورو سەرفرازدەبن و، هەندێکی تریش ڕووڕەش و ریسواو زەلیل، جا ئەوانەی ،کە ڕوویان ڕەشدەبێت و ریسوادەبن پێیاندەووترێت: بۆچی دوای موسوڵمانبوون و زانینی دیدو بزاوتی ڕاست و ڕەوا کافربوونەوە؟ دەی سا سەرەنجامی کوفرکاریتان بچێژن ،کە سزای سەختی دۆزەخە.

٢- دوورکەوتنــەوەی ئامــانج و زۆربــوونی کۆســپی ڕێ: زۆربــوونی بەدگومانێتی زۆربوونی ڕاوبۆچوونی ناهەق و زۆربوونی خەت و کوتلەکارییە.. ئەمەش مایەی شیرازەپسـان و لاوازیـی کۆمەڵکارییەکەیـە، مایـەی دزەکردنـی دوژمنان وپیلان و شەڕی واتەواتیانە.

کۆمـەڵکاران، نـاتوانن هـەموو وزەکانیـان وەکـو جـاران بـەرەو ئامانجـە مەرکەزییەکەیان بخەنەگەڕ، چونکە زۆر لە وزەکانیان دژبەخۆدەبێت و، توانایان پێکـدەکێشرـێت، بـە خۆیانــەوە مەشـغوڵ دەبــن و ،گـوڕو تینیـان دژبـەیـەك دەوەستێتەوە.

ئەمەش وا دەکات،کە کۆمەڵکارییەکە، هەر بە چارەسەری ناوخۆوە خـەریك بێت و نەخشەسازییەکەی، کە بۆ داهـاتوی داڕشـتووە بکەوێتـەکـەنارەوە، یـان بایەخی تەواویی پێنەدرێت..

ڕێگای کۆمەڵکارانی وا دوورو پڕ لە کەنـدو کۆسـپە،پڕە لـە کـەلێن و درز، کۆمــەڵی وا دوژمنــان ئاســان دەتــوانن خۆیــان، یــان بەرنامــەیان، یــان قســەو قسەلۆکیان بخزێننە ناو..[1]

کۆمەڵکارێتیی وا ،کە پڕ دەبێت لە خەلەل و خاڵی لاوازیی، دڵسۆزانی زیاتر مانـدوودەکات، چونکـە دەبـێ کەسـە بەرپرسـە خـەمخۆرەکان ڕەنجـی زیـاتر بخەنەگەڕ، تا کۆمەڵکارییەکە پارسـەنگراگرن و نـەهێڵن لاسـەنگ ببێـت، یـان بوەستێت و بکەوێت، یان ئاڕاستەکەی بگۆڕێت..

ئەم دڵسۆزانە وەکو پاسەوانی شەوانی هێرشی دژو کەشتیەوانانی  ناوەندی دەریـای پـڕ زریـان و تۆفانیـان لێدێت،کـە بـواری حەوانەوەیـەکی کاتییشـیان نامێنێـت.. ئەمانـەش مـرۆڤن، لەگـەڵ بـەردەوامی کێشــەو ڕۆیشــتنی زەمەنـدا دەسوێن، کولدەبن، کۆڵدەبن و کۆڵدەدەن و دەکەون..

(١) بە تایبـەتی لـەم سـەردەمی ئینتـەرنێت و پەیوەنـدی تەلـەفۆن و چـات و سـکایب و فەیسـبووك و هاوشێوەیان.

ئەگەر بەدگومانان خێرا چاك نەكرێنەوە، یان لە ڕیزی كۆمەڵكارییەكە دوورنەخرێنەوە، بە تەئكید بەرەكە دادەڕمێت و كەشتییەكە نقوم دەبێت.

ئەو كاتە خۆ ناكرێت گلەیی لەو دوژمنە شەڕانیانە بكرێت، كە بە دەوری بەرەكەمانەوە بوون و چاوەڕێی ساتی شیاویی هێرشكردنیان بوو بۆ سەرمان.. ئەوان ساتی شیاویان بۆ لواو هەلی زاڵبوونیان بۆ رەخساوەو قۆستویانەتەوە. بێگومان ئەوە ئەنجامدەدەن كە خۆیان نەخشەیان بۆ دانابوو: ﴿ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاءً وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ ﴾ الممتحنة: ٢.

واتە: ئەگەر ئەو دوژمنە رقنانە بە سەرتاندا زاڵبن، دوژمنایەتیەكی سەختتان بەرامبەر رادەگەێنن و دەست و دەمیان دەخەنە شەڕی دەستەویەخە لەگەڵتانداو، هەرچی خراپەكارییەكیان لەدەستبێت بەرامبەرتان دەیكەن، چونكە ئاواتیان ئەوەیە: ئێوە لە دینەكە پاشگەزبكەنەوەو بگەڕێنەوە ڕیزی كوفرو شیرك و جاهیلییەت!!

بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز، زۆر قایم و توندوتۆڵ ئەم كێشەیەی لەلا بچەسپێت، چەند نموونەیەك دەخەمە بەرچاو:

١- (سەهمی نوری سەهدی ساعیدیی) -خوالێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە:

(مَرَّ رَجُلٌ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ لِرَجُلٍ عِنْدَهُ جَالِسٍ: ( مَا رَأْيُكَ فِي هَذَا)، فَقَالَ: رَجُلٌ مِنْ أَشْرَافِ النَّاسِ، هَذَا وَاللَّهِ حَرِيٌّ إِنْ خَطَبَ أَنْ يُنْكَحَ، وَإِنْ شَفَعَ أَنْ يُشَفَّعَ، قَالَ: فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثُمَّ مَرَّ رَجُلٌ آخَرُ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (مَا رَأْيُكَ فِي هَذَا)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا رَجُلٌ مِنْ فُقَرَاءِ المُسْلِمِينَ، هَذَا حَرِيٌّ إِنْ خَطَبَ أَنْ لاَ يُنْكَحَ، وَإِنْ شَفَعَ أَنْ لاَ يُشَفَّعَ، وَإِنْ قَالَ أَنْ لاَ يُسْمَعَ لِقَوْلِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: هَذَا خَيْرٌ مِنْ مِلْءِ الأَرْضِ مِثْلَ هَذَا).[١]

---

(١) بوخاری(٦٤٤٧).

واتە: کابرایەك نزیك کۆڕی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تێپەڕی، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەپیاوێك، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو پێی فەرموو: ڕات بەرامبەر ئەو کابرایە چییە ؟

عەرزی کرد: وەڵڵاهی کابرایەکی باشە،هەقە ئەگەر داوای ئافرەتی کرد بیدەنێ، کە تکای بۆ کەسێك کرد، لێی قبووڵ بکەن.

جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێدەنگ بوو، پاشان یەکێکی تر لەوێوە تێپەڕی.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەر لە هەمان پیاوی تەنیشتی پرسی: ڕات بەرامبەری چییە؟

عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەم پیاوە یەکێکە لە هەژارو نەداری موسوڵمانان، هەقە ئەگەر داوای ئافرەتێکی کرد، نەیدەنێ، ئەگەر تکای بۆ کەسێك کرد، تکاکەی وەرنەگرن، ئەگەر دوا گوێی لێنەگرن! پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەمیان چاکترە لەپڕ بە زەمین پیاویتر لەویان.

٢- (عوبەیدی کوڕی عومەیر) -خوالێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە: سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت) بە قەراغ شاری (مەدینە)دا دەگەڕا، پیاوو ئافرەتێکی بینی لەسەر ڕێگا وەستاون، پێکەوە قسەدەکەن، زۆریان پێچوو،یەکسەر بۆیان چوو!بە (دووڕە)[(١)] کەی خۆی لە کابرایدا.

کابرا عەرزیکرد: قوربان هاوسەری خۆمە.

فەرمووی: بۆچی لە ناو چەقی ڕێگاکەدا لەگەڵییدا وەستاویت و، موسوڵمانان تووشی بەدگومانییی دەکەیت بەرامبەرتان؟!

---

(١) دووررە (الدرە) وەکو دار حەیزەرانێکی بچووك بوو، لە ڕەگی درەخت (بە تەڕیی) هۆنرا بۆوە و هەمیشە پێی بوو.

عەرزیکرد: ئەی ئەمیری موسوڵمانان! ئێمە خەڵکی ئێرە نین و، ئێستا گەیشتوینەتە شار، وتوێژی ئەوەمانە، کە بچینە کوێ!

سەیدنا عومەر دووڕەکەی دایەو فەرمووی: لێمدەرەوە پێی.

عەرزیکرد: گەردنت ئازاد بێت، ئەی ئەمیری موسوڵمانان! وا بە خۆتم بەخشییەوە.

وتی: بیگرەو هەقی خۆت وەرگرەوە.

عەرزیکرد: گەردنت ئازادبێت، من لەبەر خاتری خوا بەخشیمیت.

دیسان وتی: (بۆجاری سێیەم) لێمدەرەوە.

عەرزیکرد: بە خوا قەسەم لەبەر خاتری خوا لێتبوردووم..

سەیدنا عومەر وتی: خوا پاداشتی چاکەت بداتەوە.(١)

٣- فەرمانبەرێك لە یەكێك لە دەزگا تایبەتیە (غەیرە حکومییە)كاندابوو، داوای لە بەڕێوەبەرەکەی کرد،کە قەرزێکی بداتێ، تا بتوانێت ماڵەکەی فەرش ڕێژبكات و، کەلوپەلی پێویستی بۆ بکڕێت.

بڕی پارەکەشی دیاریکردبوو، بەڵام بەڕێوەبەرەکە( ٨/٣ )ی بڕە پارەکەی دایێ! سووریشبوو لەسەر ئەوەی: کە لەوەندە زیاتری نەداتێ و بڕایەوە! لە کاتێکدا، کە فەرمانبەری لەو پلەکەمترو خزمەت کەمتر یەکسەر ئەو بڕە پارەیان وەردەگرت، کە خۆیان لە عەریزەکانیاندا دیاریان دەکرد..

ئێمە هەموو لەم ڕەفتارەی بەڕێوەبەر سەرمان سوڕما! وامان گومانبرد، کە حەزی لە چارەی فەرمانبەرەکە نییەو خۆشی ناوێت.

دەمان وت: دیارە دەیەوێت بیخاتە ژێر تین و فشار تا دەزگاکە جێبهێڵێت..

---

(١) علي الطنطاوي: أخبار عمر.. كە لە (المحب الطبري) یەوە وەریگرتووە.

دواتر چوینە لای بەڕێوەبەرو لێیان پرسی: کە فلان کەس پیاوی چاکەو بە خزمەتەو شایانی ئەو بڕە پارەیەیە، بە تایبەتی، کە قەرزەو دەیداتەوە، پاشان تەمەنی زۆرەو ژنی نەماوەو لەگەڵ کوڕەکەشیدا دەژی -کە ژن ومنداڵی هەیە- بەڕێوەبەر لە وەڵامدا وتی:ڕاستە وایە.

دەشزانم ،کە ئەو پارەیە چۆن سەرفدەکات، بەڵام بەڕێزان، ئێمە لەبەر خاتری ئەم، ئەو خانووە گەورەماندا بە کوڕەکەی، کە پێکەوە دەژین.

ئێستا کە ئەو بڕە پارە کەمترەم داوەتێ بۆ ئەوەمە ،کە ژورەکەی خۆی پێ (تەجهیز) بکات و ئەوی پێویستی پێیەتی بۆی بهێنێت، ئەگەر هەموو بڕە داواکراوەکەی بدەمێ خانویەکی تر دەگرێت و لە کوڕەکەی جیادەبێتەوە.

ئەمیش پیرەو ژنی نییەو، فەرمانبەریش کەسی نابێت خزمەتێکی بکات و بێت بە لایەوە.. کە لەگەڵ کوڕەکەیدا بژی -کە دەیناسین پیاوی چاکە- هەزاران قات بۆی باشترە وەك لەوەی تەنیا بژی.

بڕوانە ئێمە چۆن گومانی خراپمان بەبەڕێوەبەر بردو ئەو چۆن دەرچوو؟!

کە بە دوای گومانەکەماندا چوین و ویستمان هەڵویستەکەمان بۆ ڕوونبێتەوە، زانیمان کە بەڕێوەبەر پیاوی چاکەو بەرامبەر ئەو فەرمانبەرەشمان هەر چاکبووەو دڵسۆزانەش رەفتارەکەی کردووە.

٤- دکتۆر نەجیب الکیلانی (رحمه الله) لە کتێبەکەیدا (المجتمع المریض ل٨٣-٨٥) باسی زیندانییەك دەگێڕێتەوە :کە بە هۆی گومانی خراپییەوە ژنەکەی خۆی کوشتووەو، پاشان زۆر پەشیمانبۆتەوە. بەڵام دوای ئەوەی کار لە کار ترازابوو.. نووسیوێتی: کە کابرا ئاوا بۆی گێڕاوەتەوە.

(ماڵ وحاڵی خۆم هەبوو، دڵخۆشبووم، ژیانم بەلاوە گوڵێکی کراوەی جوانبوو، خۆشم کابرایەکی بە قەناعەتم و بە کەم رازیم، هەر وامدادەنا کە ئەو نانەی ئەو ڕۆژە پەیدایدەکەم گەنجینەیەو دۆزیوومەتەوە، پێویستە سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکەم. بە ڕاستی بەختیارو شادمانبووم..

ڕۆژانی تەمەن خۆشدەهاتن و دەچوون، تا ئـەو ڕۆژە هـات کـە ژیـانم تێیـدا شێواو بەختیاریم نەماو ژیانم لەبەرچاو رەشبوو، خەونەکانم بەباداچوون.

ئەو ڕۆژە کەسێك هەواڵی دامێ، کە ژنەکەم خیانەتی لێکردووم و پەیوەنـدی لەگەڵ پیاوێکدا هەیـە.. منـیش خـەڵکی (ئەسـیوت)م خـۆت دەزانـی نـاموس و شەڕەف لای ئێمە شتێکی زۆر پیرۆزو باڵایە، کە ناشـێت هـیچ لەکەیـەکی بـەر بکەوێت..

هەموو گیانم بوو بە گڕکانی ئاگر.. کارەکەم واز لێهێناو بە هەڵـەداوان خـۆم گەیاندەوە ماڵ. دەبینم ژنەکەم لەماڵـەو دانیشـتووەو کابرایەکیشـی لایـە.. لێـك نزیکنەبوون، تا گومانم لا درووستبکات، گومانیشـم لـەوە نـەبوو ،کـە ژنەکـەم خیانەتی لێنەکردووم.

بەڵام خـۆ مـن کـابرام نەدەناسـی، کـە ئـاوا هاتۆتـە مـاڵم و لەگـەڵ ژنەکـەم دانیشتووەو پێشتریش نەمدیبوو.

منیش پێش ئـەوەی بچمـە ژورەوە، بووبـووم بەگڕکـانی ڕق،کـە لـە ژورەوە دیمن، هەموو گیانم بوو بە رق و قین.. ئەوەی لە سەرمدا دەهات و دەچوو، هـەر ئەوەبوو، کە بە خۆمم دەووت: هەی گێلەپیاو! ڕاستە گێلەپیاوم.

چەقۆیـــەکی گـــەورەم لەســـەرمێزەکە دی، ژنەکـــەم لەوپـــەڕی حاڵـــەتی تۆقیوییدابوو، من دەمنەڕاندو هاوارم دەکرد هەڕەشەمدەکردو دەجوڵام، ئەویش لە تاواندا نوطقی بەسترابوو، پەلامارمداو دەستیمباداو هێنامەوە بۆ پشتی و، دام بە زەویداو وەکو بەرخ سەرمبڕیی، بێئەوەی وشەیەك دەربېڕێت..

کابرای (دڵدار)یشـی لـەو لاوە نیوەمردوانـە دەپارایـەوە، دەکوڕوزایـەوە، تـا نەیکوژم و هەندێك وشەی لەبەر خۆیـەوە دەردەبـڕی، هیچـی لـێ تێنەگەیشـتم، بەڵام پەلاماری ئەویشمداو ئەویشم هەر وا سەربڕیی..

چارەنووسی هەردووکیانم کرد بەیەك..

دواتر زانیم :کە کابرا مەلایەو ئیمامی مزگەوتی دێیەکی دراوسێی گوندەکەی خۆمانەو، خەڵکی دەچوونە لای بۆ دوعاو نوشتەکردن..

ژنەکەی منیش چەند جارێك داوای لێکردبوو، کە بێتە ماڵـەوەو دوعـای بـۆ بکات، چونکە ژنەکەم نەدەڕۆیشـتە دەرەوە.. بانگهیشـتی کردبـوو ،تـا نوشـتەی منداڵبوونی بۆبکات.. چونکە نەزۆك بوو..

ئەوەش هەر خەتای من بوو، چونکە من پێمـدەووت: تـۆ ناتوانیـت کـوڕێکم لێت ببێت، کە ببێتە میراتگریی ناوو هێزو موڵکەکەم!..

ئاوا دواتر زانیم، کە ئەویش بێتاوانەو گوناحی نییەو دوورە لە هەموو جـۆرە خیانەتێك.. مەلایەکەش ناوی (شێخ محمود)بوو، پیـاوێکی خوانـاس و لـە خـوا ترس بوو، بەناوبانگبوو، خەڵکی خۆشیاندەویست..

بەڕاستی براکەم من زۆر لە ئازارو ژاندام.. دەزانم چەنـد تاوانبـارم، مەگـەر خوای گەورە بەبەزەیی خۆی بمبەخشێت.

**پێنجەم:چارەسەری بەدگومانیی:**

١- دارِشتنی عەقیدەیەکی پاکی خواویستی: کە عەبدایەتیی موسوڵمان و خوایەتیی خوای پەروەردگار بنوێنێت، کە خۆشەویستی خوای گەورەی تێدا بدرەوشێتەوەو، گومان باشیی بەرامبەر زانایی و دانایی و میهرەبانی خوای گەورە پاڵنەری بێت.

لەم ڕوانگەیەی خواویستیەوە، شوێنکەوتەیەکی سەرڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێت.

پیاوچاکانی لەبەر خاتری خوای گەورە خۆشبوێت و، هەوڵ بدات لێیانەوە فێربێت.. دامەزراندنی عەقیدە -بەو شێوە ڕاستە- کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرڕاستی دینداریی دەبێت و، گومانباشییان بە موسوڵمانان زیاتر لا دەچەسپێنێت، چونکە ناهێڵێت بێبەڵگەو بە بێسەلماندن، گومانی خراپ بە موسوڵمانان ببەین.

ئەم ناسین و پەرستنەی خوای گەورەیە، کە دەبێتە پاڵنەری تۆبەکردن و ڕاستبوونەوەمان، چونکە خۆشەویستی خوای گەورەو شەرم لێکردن و لێترسانی هەموو بەرەو خواویستمان رادەکێشن.

٢- چاودێریی و ئاودێریی عەقیدە خواویستیەکە بەپاڵفتەی دەروون: دارِشتنی عەقیدە لە ئیسلامدا هەر وەرگرتن و چەسپان ،کۆمەڵێك ڕاستی وجودو ڕێسای باوەڕ نییە.. شتێکی تێوریی وشك نییە..

عەقیدە لە ئیسلامدا، دەبێت کاریگەریی لەسەر پاڵفتەی دەروون و پارسەنگی رەوشت هەبێت.. دەبێت پاڵنەری دوورکەوتنەوە بێت لە گوناح و تاوان.

دەبێت هاندەری خواپەرستیی و خێرەومەندیی و چاکسازیی بێت.. ئەم

هەنگاوە عەقائیدییە کە (ئیمان و عمل صالح)ـە دەبێتە مایەی پەروەردەبوونی موسولمانانە.. ئەو کەسەی کە پەروەردەیەکی رەسەنی موسولمانانەی وا وەردەگرێت.

بێگومان خۆی زۆر لە گوناح دەپارێزێت، لەوانەش: بەدگومانیی.. ئەگەر کەوتیشەناویەوە. نایکات بەپیشەو رەفتاری رۆژانەو سیماو سیفاتیی! چونکە کە کردیی خێرا تۆبەی لێدەکات.

٣- گەشەو راهاتن لەسەر ئادابی ئیسلام لە توێژینەوەدا: بەخۆپابەندکردنییەوە بە ڕێساکانی شەرع،تا حوکمی ڕاست و درووست لەسەر شت بدات.

لەسەر رواڵەت و دیاردەی شت و کەس و ڕووداو. نەك رۆبچێتە ناو ماهییەتی ناخ و پاڵنەری نیازو مەبەستی خەڵکی، چونکە ئەمیان خوای گەورە دەیزانێت و پەی پێدەبات، نەك زانیاری ئێمەی مرۆڤ..

ئەگەر گومانی بردووەو بەڵگەی ڕاستی هەبوو، با تەنها باس لە زاهیریی بکات و بڵێ مەبەستەکەشی خوا دەیزانێت.. من ئەوەم بۆ دەرکەوتووەو شاراوەکانی نازانم.. با خۆ لەسەر ئەوە رابهێنێت، کە بە دوای بەڵگەدا بگەڕێت، کە بەڵگەی دەستکەوت یەکسەر حوکم نەدات، تا لە ڕاست و درووستی بەڵگەکان و پێچەوانەنەبوونیان دڵنیادەبێت،کە ڕای خۆی دەربڕی با وا نەزانێت بە تەواوی پێکاوێتی.. بڵێ : من وای دەبینم. یان پێم وایە.

٤- خۆڕاهێنان لەسەر چرپەنەکردن: ئەگەر بەپێویستی دەزانی ئەو باسە بە چرپە لای کەسێك بدرکێنێت، با ئادابی چرپەکاریی ئیسلامیی رەچاو بکات.

نەکات لەگەڵ دووەم کەسدا بدوێت و سێیەم لەو لاوە بە تەنها وەل بکات،

نەکات چرپەکەی لە باسی حەڕام و نا شەرعییدابێت، با دەربارەی مەسەلەیەك بێت، کە خزمەتی ئیسلام و موسولمانان بکات، یان بەرژەوەندییەکی باڵای تێدابێت..

با ڕەچاوی بکات و شوێن و حاڵەتەکە بکات، مادام دەیەوێت دوور لـە چـاوو سۆراغی کافران و ،جاسووسێتی موشریکان و حەسادەتی ناحەزو دەغەڵان بێت.

٥- ڕەچـاوکردنی کـات و شـوێن و حاڵـەت و ڕواڵـەتی خـۆی: (کات)ـێك هەڵنەبژێرێت، یـان شـوێنیك بێـت، کـە گومـانی بـەدیی پـێ ببڕێت،پۆشـاکێکی نەپۆشیبێت بە بینینی، خەڵکی بکەونە بەدگومانییەوە بەرامبەریی.

واتـە : رەچـاوی هـەموو ئـەو شـتانە بکـات ،کـە بەدگومـانیی بەرامبـەر دروستبکات.. ئەگەر کەوتە حاڵەتێکی واوەو زانی گومانی بەدیان پێبردووە، با خێرا حەقیقەتەکە ڕوون بکاتەوە.

هەر وەکو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) خـاتوو سـەفییەی خێزانی (خوالێی ڕازی بێـت) بـە ڕێ دەکـردو دوو پیـاوی ئەنسـاریی دیتیـان و خێراتر تێپەڕین، بەڵام پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) پێـی فەرمـوون: (عَلَى رِسْلِكُمَا إِنَّمَا هِيَ صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ).[١]

واتە: لەسەر خۆ بن و مەشڵەژێن! ئەوە (سەفیەی کچی حویەی)یە لەگەڵمـدا کە خێزانمە.. شەرعناسان لەم حاڵـەت و بەڵگـەوە زۆرشـتی تریـان وەرگرتـووە، لەوانە:

أ- ئەگـەر لەگـەڵ ئـافرەتی مـەحرەمی خۆتـدابویت و بینیانیـت، خـۆت خێـرا ڕاستیەکەیان بۆ ڕوونبکەرەوە.

ب- ئەگەر نوێژی فەرزێکت لـە ماڵـەوە کردبـوو، هاتیتـە مزگـەوت و دیتـت ئەوان وا تازە هەمان نوێژ دەکەن، کە تۆ کردووتە، لەگەڵیاندا خێرا بە جەماعـەت بیکە، بۆ تۆ بە نوێژی سووننەت هەژمار دەکرێت،تا گومـانی خراپـت پێنەبـەن و تۆش نەکەن بە نموونەی پێشەوایەتیی و بڵێن: قەیدی چییە ئێمـەش جەماعـەت

(١) بوخاری (٢١٧٥).

ناکەین، ئەوە نییە فڵان کەسیش نەیکرد.. چونکە ئەوان نازانن تۆ نوێژەکەت لە ماڵەوە کردووە.

- (جابری کوڕی یەزیدی کوڕی ئەسوەدی عـامریی)-خوا لێیان رازی بێت - لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە:

(شَهِدْتُ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) حَجَّتَهُ فَصَلَّيْتُ مَعَهُ صَلاَةَ الصُّبْحِ فِي مَسْجِدِ الْخَيْفِ قَالَ فَلَمَّا قَضَى صَلاَتَهُ وَانْحَرَفَ إِذَا هُوَ بِرَجُلَيْنِ فِي أُخْرَى الْقَوْمِ لَمْ يُصَلِّيَا مَعَهُ فَقَالَ عَلَيَّ بِهِمَا فَجِيءَ بِهِمَا تُرْعَدُ فَرَائِصُهُمَا فَقَالَ مَا مَنَعَكُمَا أَنْ تُصَلِّيَا مَعَنَا فَقَالاَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا قَدْ صَلَّيْنَا فِي رِحَالِنَا قَالَ فَلاَ تَفْعَلاَ إِذَا صَلَّيْتُمَا فِي رِحَالِكُمَا ثُمَّ أَتَيْتُمَا مَسْجِدَ جَمَاعَةٍ فَصَلِّيَا مَعَهُمْ فَإِنَّهَا لَكُمَا نَافِلَةٌ).[(١)]

واتە: کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حەجمان کرد، نوێژی بەیانییم لە مزگەوتی( خەیف)[(٢)] بە جەماعەت لە خزمەتییدا کرد، کە تەواوبوین، دوو پیاوی لەسەری مزگەوتەکەوە بینی، کە نوێژی جەماعەتەکەیان لەخزمەتییدا نەکرد.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگیکردن، لە ترسان دەلەرزین!

پێیفەرموون: چی رێی لێگرتبوون، تا نوێژەکەمان لەگەڵدا نەکەن؟

عەرزیانکرد: ئێمە نوێژەکانمان لای بارو وڵاخەکانمان کرد، ئینجا هاتین.

فەرمووی: وا مەکەن، ئەگەر لای بارەکانتان (کە لە شوێنێك لایانداوەو بارەکانیان لە سوارییەکانیان کردۆتەوە) نوێژتان کردو، پاشان گەیشتنە نوێژی

---

(١) ئەبو داوود (٥٧٥)، ترمذی(٢١٩)، نەسائي (٨٥٨). ئەحمەد(١٦٠/٤). شێخ شوحەیبی ئەرنائووط رحمەالله دوای توێژینەوەی لە مەسنەدی ئیمامی ئەحمەددا دەفەرموێ: سەحیحە. بە شێوازی تریش ریوایەت کراوەو سەحیحن.

(٢) مزگەوتێکە لە نزیک کێوی مینا لە مەککەی پیرۆز، کۆتا نۆژەنکردنەوەی لە ١٩٨٧دا بوو، زۆر گەورەیە ٣٠٠٠ بەلوعەی بۆ دەستنوێژگرتن تیدایە.

جەماعەتی مزگەوت، نوێژەکە لەگەڵ ئیمام دا بکەنەوە، ئەوە بە نوێژی سوونەت بۆتان حسێب دەکرێت.

ج- نموونە لەسەر ئامۆژگاریی دوورکەوتنەوە لە جێگومان زۆرە.. بە تایبەتی کە زیاتر تەئکیدی بۆ زانایان و ناودارانی ئیسلامی لێکراوەتەوە، چونکە زاناو داعی و ناودارانی ئیسلام، پێشەوای خەڵکی ترن و هەموو ڕەفتارێکیان حساباتی بۆ دەکرێت،کە چاکەیەك نەکەن، خەڵکی یەکسەر وا دەزانن کردنی چاکە نییە!.

ئیبنودەقیقولعید (رحمه الله) (کە زانایەکی گەورەی شافیعیەکانە) دەڵێ: ئەوە (واتە :دوورکەوتنەوە لە کات و شوێنی بەدگومانیی) بۆ زانایان و پێشەوایان و ئەوانەی ئیقتیدایان پێدەکرێت، زۆرتر جەختی لێدەکرێتەوە، کە نابێت بکەونە کات و شوێن و حاڵەتی واوە، ناشێت ڕەفتارێك بنوێنن، کە ببێتە مایەی گومانی خراپ پێبردنیان.

ئەگەر چی خۆشیان دڵنیابن، کە ڕەفتارو کات و شوێنەکەیان ناشەرعی نییە.. چونکە لەوانەیە وایان لێبێت سوودمەندنەبن بۆ کەسانیترو بەرچاوبکەون!

بۆیە وتوویانە: داوەر (موفتی و زاناش)، ئەگەر حوکمێکی شەرعی بۆ کەسێکداو زانی گومانی لا درووستدەکات، دەبێت بەڵگەو چۆنییەتی حوکمدەرکردنەکەی بۆ ڕوونبکاتەوە.. ئەوە بۆ ڕێگرتنە لە بەدگومانییی، تا کەس وا نەزانێت، کە ستەمێك لەحوکمکردنەکەدا هەبووە.(١)

٦- سوربوون لەسەر کەش و بارودۆخی برایانە: بە تایبەتی لەگەڵ ئەوانەی لێکنزیکن و کۆڕو دیدارو سەفەری هاوبەشیان پێکەوە هەیە، یان کۆمەڵکارن و پێکەوە کاردەکەن.. پاراستنی کەشی برایەتی دینیی و خواویستانەیان بۆ هەموو

(١) الآمدی: إحكام الاحكام (٥٢/٢) کە ئیهامی ئیبنوحەجەر لە (فتح الباری/ ٢٨٠/٤) لەوەوە نەقڵیکردووە.

لایەکیان پێویستەو لەسەر هەمووشیان پێویستە. ئـەم کەشـی ئیماندارییـە هـەر خۆی لەخۆیدا رێگرو چارەسەری بەدگومانییە، بۆ هەمویان -تاکو کـۆ- دەبێتـە پەرژین (إِنْ شَاءَ اللَّهُ).

٧- گرتنی جڵەوی هەواو هەوەسی خۆی وخۆزەبتکردنی: کەسێك دیندارانە خۆی کۆنترۆڵکردووەو، ناهێڵێت حەزی مونحەریف و هەواو هەوەس رایکێشنە ناو گوناحەوەو، نەفسی خۆی تەمبێکردووە، وایلێکردووە بزانێت، کە غەیری گومانی باش بە موسوڵمانان نابات.

حەتمەن ئەو نەفسەش هەستدەکات ،کە جڵەوی بۆ شل نەکراوە، تا -بە کەیفی خۆی بێبەڵگەو سەلماندن- بکەوێتە گومانی بەدبردن بە موسوڵمانان.. نەفسی کەسانی وا دیندارو پارسەنگ دەزانێت، کە هەر دەبێت شوێنکەوتەی پەیامەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێت وبەس، چونکە ئەوە فەرمانی خوای گەورەیە، کە دەفەرمووێ: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ﴾ آل عمران: ٣١.

واتە: ئەگەر خواتان خۆشدەوێت. دەی سا شوێن من بکەون تا خوای گەورەش خۆشی بوێن.

٨- رەفتـارکردن لەگـەڵ خـەڵکی تۆبـەکاردا بە سـیفەتی ئێسـتایان، نـەك بە رەفتاری رابوردویان: کەسانێك تۆبەیان کـردووەو وازیـان لـە خراپەکارییـەکان هێنـاوەو، ڕوویـان لـە خـوای گـەورە کـردووەو خـوای گـەورەش رابوردویـانی سڕیوەتەوە.

ئێمـە لەپێشـترین هـەقمان بەسـەر رابوردویانـەوە نـەبێت و بـە ئێسـتایانەوە بیانناسین و بیانناسێنین، خوای گەورە عەفویکردوون.

ئێمە بۆچی و بە چ مافێك و دەسەڵاتێك لە رابوردویانەوە بروانینە ئێسـتایان؟

خۆ ئێمەش هەر گوناحکاربوین و دەشێت ئەگەر لەوانیش خراپەکارتر نەبووبین هەر وەکو ئەوانبوین!!.

٩-سەرنجدان لە دیدو بزاوت وهەڵوێستی سەلەف: دوای خوێندنی سییرەو مێژووی ژیانی یاوەران و تابعین و تابیعی تابیعین و، ئەو کەڵەپیاوە خواویستانەی لەسەر ڕێبازی ئەوان ڕۆیشتوون.

خوێندنی مێژووی کۆمەڵگەی موسوڵمانان، زۆر گرنگ و کاریگەرە،چونکە پڕە لەنموونەی پێشەوایەتیی.. سەدان نموونەی بەدگومانییی و گومان باشیی تێدا تۆمارە، کە ئێمە لەپەروەردەو ئاڕاستەبوونماندا پێویستمانن.

١٠- بێهۆش نەبوون لە ئەنجام و چارەنووس وسزای بەدگومانییی: ئەو کەسەی چارەنووسی بەدگومانانی لە دنیاو قیامەتدا لەبەرچاوبێت و بزانێت، چ دژوارییەکی لەسەر تاکو کۆی موسوڵمانان درووستکردووە، حەتمەن هەڵوێستەدەکات و بەدەم مۆنجی گومانی خراپەوە ناروات..

ئەمە پێویستەو لەبیرنەچوونیشی زەرورەتە، چونکە مرۆڤ لەبەر خەریکبوونی بە دنیاوە زۆر جار ئەم چارەنووسانەی لەبیردەچێتەوە..

خوای گەورەش دەفەرمووێ کەبیرخستنەوە بەسوودە. دەفەرمووێ ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ ٱلذِّكْرَىٰ تَنفَعُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾﴾ الذاريات: ٥٥، ﴿فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٩﴾﴾ الأعلى: ٩.

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

***   **   ***

بژاری دەروون: نەخۆشی پێنجەم (٥)

# كورتبينيی

# (قصر النظر)

پێناسەی كورتبينيی (قصر النظر).

هۆكارو پاڵنەرەكانی كورتبينيی.

نيشانەكانی كورتبينيی.

ئاسەوارەكانی كورتبينيی.

چارەسەری كورتبينيی.

## کورتبینیی[1] (قصر النظر):

### یەکەم: واتای کورتبینیی (قصر النظر):

أ- لە ڕووی زمانەوانییەوە:

لەزمانی عەرەبیدا (ضِيقُ الأُفُق) و (قَصْرُ النَّظَر)ە.

- **الأُفُـق**: تاکی (آفاق)ـە، واتە: لایەنـەکانی دەوروبـەر، یـان ڕوو[2](لەهـەموو لایەکەوە، لەهەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەتی ئاسۆ)..

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ فصلت: ٥٣.

واتە: لە هەموو لایەکەوە نیشانەکانی خۆمانیان نیشاندەدەین، تا ببینن.

- **النَّظَر**: ڕوانین و سەرنجدان[3] کە دیتنە بەچاو، لەگـەڵ هـەوڵی ناسـینەوەی شت و بیرلێکردنەوەی.

خوای گەورە دەفەمووێ:﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ۝١٧﴾ الغاشية: ١٧.

واتە: ئـەرێ بـۆچی تەماشـای حوشـتر ناکـەن و سـەرنج نـادەنـە چۆنییەتی خەڵقکردنی.

---

(١) کورتبینیی: لەزمانەوانی کوردییدا واتە: بینینـی شـتێک لەمـەودا (مەسـافە)یەکی کورتـەوە، کە نازانێت چییە؟ لەزاراوەییشدا: واتە کـاری سـەرپێیی و خێـرا ،کـە بکەرەکـەی زۆر بیـر لـە ئـەنجام و داهاتووی کارەکەی نەکاتەوە.

(٢) الصـــحاح في اللغـــة والعلـــوم (ل ٢٧) الطـــبري : جـــامع البيـــان في تفســـير القـــران (٤/٢٥)بەکورتکردنەوەوە.

(٣) بصائر ذوي التميز (٨٢/٥) الصحاح في اللغة (ل١١٧٩).

هەروەها بیرلێکردنەوەیە لەگەڵ تەماشکردنەکەدا[1]خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ﴾ الأعراف: ١٨٥.

واتە: ئەرێ بۆچی بەسەرنجدانەوە ناڕوانن بۆ ئەو هەموو شتەی،کە لە ئاسمانەکان و زەویدان و هەرچییەك، کە خوای گەورە خەلقیکردووە؟!

- کەوابوو: (ضِيقُ الأُفُق) تەماشاکردنی مەودای کورت و کەم سەرنجدانە.

- (قَصْرُ النَّظَر)یش: واتە: لاوازیی ،یان خەلەل هەبوون لە بینین (بەچاو) و سەرنجدان (بە زەین)، یان لە هەردووکیاندا.. وەکو تەماشاکردنی نزیك و بیرکردنەوەی سەرپێی لە شت.

<u>ب- لەڕووی زاراوەییەوە:</u> کەمبیرکردنەوە و ڕوانینی کورت و کەم، کە لە کات و جێیەکی بچووکدا دەبێت،مەبەستیش لێی: هەبوونی لاوازیی و خەلەلە لە تێفکریندا، کە وادەکات (بەر پێی خۆی زیاتر نەبینێت)! دووربینانە هۆشی ناخاتە ئەنجامی کارەکەو سەر داهاتوو و کاردانەوەی، بیر لە ئاسەوارو پاداشت و سزای ناکاتەوە.

خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ٤٦﴾ الحج: ٤٦.

واتە: ئەرێ مەگەر بەسەرزەوییدا نەهاتوون و نەچوون، کە هزروهۆشیانی تێدا بخەنەکارو بەژێرییان بیربکەنەوە( یەکێك لەماناکانی دڵ لە قورئاندا هزروژیرە)، یان بە گوێچکەیان ئەو پەیامە ببیستن، کە خوای گەورە ناردوییّتیە خوارەوە؟

---

(١) بصائر ذوي التمیز (٨٢/٥).

بەڵام ئەوەیە، کە زەینیان کوێرەو سەرنج نادەن.

خوای گەورە چاویانی کوێرنەکردووە، بەڵام ئەو دڵەی لە سینەیاندایە، کوێرەو حەقی پێ ناناسنەوە.[١]

**دووەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی کورتبینیی:**

١- پەروەردەی سەرەتایی خێزانی و کۆڵان: دەشێت کورتبینەکە لە ماڵێکدا گەورە بووبێت، یان لە کۆڵان و گەڕەکێکدا گەورە بووبێت، گەورەکانی هیچ بایەخێکیان بە زیرەکیی سروشتیی و زرنگیی و چاوکراوەیی نەدابێت و، (مەوهیبە)یان لا ئەوەندە بەڕێز نەبووبێت، تا بایەخی پێبدرێت.

ئەنجامی ئەمانەش گچکەکردنەوەی بازنەی بیرکردنەوەو تێفکرینە، هەروەها سەرنجنەدان و زۆر حسابنەکردن بۆ کاردانەوەو داهاتوو، ئەمانەش هۆکاری کورتبینیین.

٢- هاوڕێبوونی کورتبینان: دەشێت لەسەرەتاوە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی کورتبیندا کردبێت و کەوتبێتە ژێر کاریگەرییانەوە، بە تایبەتی، ئەگەر هاوڕێکانی خزمی نزیکیان گەورەتربووبن لە خۆی و، ئەمیش کەسایەتییەکی سادە بووبێت.

ئەم کەسە هەڵوێستی لە هەموو دیدو کەس و ڕووداوێك، هەر ئەوە دەبێت، کە (گەورەکانی) بەرامبەریان هەیانبووەو، ناخوازێت هەڵوێستێکی نوێ بگرێتەبەر، چونکە دەترسێ شیاونەبێت.

گومانی تێدانییە، کە باوك و براگەورەو خاڵ و مام و ئامۆزاو پورزا، یان هاوڕێی گەورەتر لەخۆی، کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی وا زۆرە.

٣-کەنارکەوتن و گۆشەگیربوون: ئەمەش پاڵنەرێکی کورتبینیین، چونکە لە

---

(١) ئێمە لەمەودوا (ان شاء الله )زاراوە کوردیەکە بەکار دەهێنین کە (کورتبینیی)یە،

ترسان یان لە ئەنانێتیدا نەیوێراوە، یان نەیویستووە تێکەڵ بە خەڵك ببێت، نەبادا زیانی لێبدەن، یان شتی لێبسەنن، یان لێیبدەن.

لە لایەکی تریشەوە نەیتوانیووە تاکڕەوێتی خۆیی و، کۆمەڵکاریی کەسانی دەوروبەری لە خۆیدا پارسەنگ ڕابگرێت، بەتایبەتی کە هەستیکردووە، کە کەنارکەوتنی قازانجترە، ئەم کەسە ئەزموونی نییە، کەسایەتی لاوازو کورتبینە.

هەر کە یەك کێشەی ژیانی تووش دەبێت، زیانێکی گەورەی لێدەکەوێت! توانای داهێنانی نییەو، هەر لاسایی دیدو هەڵوێستی کەسانیتر دەکاتەوە.

حەتمەن ئەمەش نایپاڵێوێت بۆ ناو کۆڕو کۆمەڵ و بەشدارییکردن، چونکە لەوانەیە ئەوەی پێشنیاری دەکات، جێی پێکەنین بێت،یان زۆر کەمتربێت لە هاوتەمەن و هاوشانانی.

بۆیە، کە یەك دووجار لە کۆڕو کۆمەڵدا شکێنرایەوەو تەریق بۆوە، ئیتر حەزی لە تێکەڵاوێتیی و ڕادەربڕین و داهێنان نامێنێت و، ناچار حەزی لە گۆشەگیریی دەبێت.

٤- حاڵی نەبوون لە ڕۆڵی مرۆڤ لەسەرزەمین بە گشتیی و ئەرکی بانگەواز لەسەر موسوڵمان بە تایبەتی: ئەو کەسەی بێدینە لەو باوەڕەدا نییە ،کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر زەمیندا خەلقکردووە، بەڵام موسوڵمان باوەڕی وایە: کە خوای گەورە ئەم مرۆڤەی خەلقکردو ناردییە سەرزەمین ،تا بیکاتە بریکار (خەلیفە)ی خۆی و دوو ئەرکی سەرەکی پێبدات:

یەکەم: (عبودییەت) کە ناسین و پەرستنی خوای گەورەو، گەیاندنی بانگەوازی خواویستییە بە مرۆڤایەتیی و،حوکمکردنیانە بەدینی خوا..

دووەمیان: ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمین: بەدەرهێنانی خێروخێرات و سوودوەرگرتن لە ڕێساکانی گەردوون و ژیان ،لەپێناو پێشخستنی ژیان و بەختیارکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا..

کەسێك، کە لەم پەیامە پیرۆزە بێئاگا دەبێت و نازانێت ڕۆڵی لەسەرزەمیندا چییە، دیدو گیان و هەستی ماددەپەرستی بەسەریدا زاڵدەبێت و وەکو گیاندارانیتر، هەر لە خەمی چێژی جەستەو ئاسوودەیی خۆیدا دەبێت و بەس..

زۆریشیان وەکو کرم و قالۆنچە دێن و دەژین و دەمرن! ئەو موسوڵمانەش، کە لەم ڕۆڵەی (بریکاریی خوای گەورە) غافڵ دەبێت، بێهیممەت دەژی، حەزی لە ئەرك نابێت، بخرێتەسەری.

بۆیە کورتبین دەردەچیت، ئەمما ئەو کەسەی هەست بەم ڕۆڵە دەکات و، بریکاریی خوای گەورە بە فەرزی سەرشانی دەزانێت، هەمیشەچالاك و وریایەو گیانی داهێنانی هەیەو، دووربینانە دەڕوانێتە ئەنجامی بانگەوازوکۆمەڵکاریی و گۆڕانکارییەکەی..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ البقرة: ٣٠.

واتە: خوای پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من دەمەوێت بریکارێک لەسەر زەمیندا درووستبکەم.
ئەم ڕۆڵە کارکردنە بۆ سەروەرێتی دین و کاربەدەستیی و حوکمرانیی دیندارانی سەرڕاست و پاکە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ هود: ٦١.

واتە: خوای گەورەیەکە لە زەمین خەلقیکردوون و داوای لێکردوون سەرزەمین ئاوەدان بکەنەوە.
- ئەرکی سەرەکی ئیماندارانیش بانگهێشتکردنی خەڵکییە بۆ پەرستنی خوای تاکوپاك، چونکە بۆ ئەوە خەلقکراون: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ الذاريات: ٥٦.

واتە: پەری و مرۆڤم بۆ پەرستنی خۆم خەلقکردووە.

- بینینی ئەم ڕۆڵە گرنگەی (بریکاریی خوای گەورە لەسەرزەوی) دووربینیی وزرنگیی و لێهاتویی دەوێت. بۆیە خوای گەورە داوای دیدو سەرنجی مەلەکوتی: لە موسوڵمانان کردووە، تا بگەنە (یەقین) دەفەرمووێ: ﴿وَفِي ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٞ لِّلۡمُوقِنِينَ ٢٠ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١﴾ الذاريات: ٢٠ - ٢١

واتە: نیشانەو بەڵگەی خوایەتی خوای گەورە لەسەرزەمین و لەخۆشتاندا زۆرە، بۆ کەسانێك بیانەوێت بگەنە دڵنیایی تەواو.. پاشان دەفەرمووێ: مەگەر ئەم ڕاستیە نابینن و پەیپێنابەن؟!.

- بینینی ئەم ڕۆڵە کاریگەرە لەسەرزەمیندا کۆمەڵکاریی بێوچانی دەوێت، لەژێر ڕۆشنایی قورئان وسوونەتدا، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ﴾ التوبة: ١٠٥.

واتە: بڵێ: کاربکەن، خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و بەرپرسانی موسوڵمانان و خەڵکی موسوڵمانان بەگشتی کاروکردەوەکانتان دەبینن و هەڵسەگاندنیان بۆ دەکەن.

کەسێك کە لەم هەموو ئاڕاستەو ڕۆڵ و کارکردنە بێئاگا بێت، حەتمەن هەر خەریکی خواردن و خواردنەوەو خەو وجنس دەبێت،هەر هەڵپەی تێربوونێتی و چاویشی هەر تێرنابێت! کەسی ئاوا کە بەرچاو تەنگ و نادیدەیە، بیر ناکاتەوەو سەرنج نادات، حساباتێك بۆ سبەی ناکات، ئیتر چۆن هەر لە خۆوە دووربین دەردەچێت؟.. حەتمەن کورتبین دەبێت!

٥- تێنەگەیشتن لە ڕاستیی و ناوەڕۆکی ئیسلام: تێنەگەیشتنی کەسێك لە گشتگیریی ئیسلام، لەو ڕاستییەی، کە بەرنامەی ژیانەو ئاڕاستەی هەموو لایەنێکی چالاکی تاك وکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەت دەکات.

ئەمەش، تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت،کەسێك لەم حەقیقەتە بێئاگابێت، حەتمەن زۆر کورتبینانە لە دینەکە دەڕوانێت و سەرەنجام لە زۆر ڕاستی تێناگات و ڕەفتاری هەڵە دەکات..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ المائدة: ٣.

واتە: وا ئەمڕۆ دینەکەم بۆ کامڵکردن و نیعمەتی خۆمم بە تەواویی بەسەردا ڕشتن و ڕازییووم، کە ئیسلام بەرنامەی ژیانتان بێت.

کە مادام ئیسلام دینەو بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە، مادام گشتگیرەو هەموو لایەنێکی ژیان دەگرێتەوە، مادام بۆتە بەرنامەی بریکارێتی مرۆڤ بۆ خوای کردگار، تا ئیدارەی سەرزەمینی پێبباتبەڕێوە، مادام ئاڕاستەوانی کۆمەڵگەو دەوڵەتە، کەوا بوو حەتمەن دەبێ بگاتە سەر حوکم و سەروەرێتی یاساو دەسەڵاتی باڵای لەدەستدابێت.. هەموو ئەمانەش ئەوە لە موسوڵمان دەخوازن کە بیرتیژ بێت و ئاسۆی تێفکرینی بەرفراوان بێت و دووربین و لێهاتووبێت. خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي﴾ یوسف: ١٠٨.

واتە: بفەرموو: ئا ئەمە ڕێبازەکەی خۆم و ئەو کەسانەیە کە شوێنمکەوتوون، هەموومان چاورۆشنانە لەسەرییین.. هەروەها دەفەرمووێ: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ﴾ النحل: ١٢٥.

واتە: بەشێوازێکی دانایی (واقیعناسی) و ئامۆژگاری جوانی خەڵکی بکەو، بۆ ڕێبازی خوای پەروەردگارت بانگێهشت بکە.

لەوانەیە کەسێك دیندارو نییەت پاك بێت، غیرەتی بۆ دینەکە بجوڵێت و هەوڵی بۆ بدات، بەڵام نەدانایانە کاردەکات نە نەرمونیانانەش ئامۆژگاریی

دەکات.. چونکە خۆی کورتبینەو لە تێگەیشتنی دەق و واقیع و خەڵکەکەدا، قاڵ و قـووڵ نەبۆتـەوە.. دڵسـۆزی دینەکـەیـە، بەڵام ئـەم لایەنـەی نوقسـانە.. ئەمـە کێشەی کورتبینیی هەیە.

٦- نەناسینی واقیعی دوژمنان و نەزانینی پیلان و شێوازی کارکردنیان: ئەمـە هۆکارێکی زۆر سەرەکی و دژواری کورتبینییە، موسوڵمان کە دوژمن نەناسێت، کە نەزانێت مەڵبەنـدی هێزەکـانی چـین و سـتراتیژیی کـارکردنی چییـەو، چـۆن نەخشەو پلان دادەڕێژێت، پاشان دەزگاو کەسانی ڕاپەڕێنەریان بۆ پێکدەهێنێت.

کەسـێك شـارەزایی لەمانـە هـیچ نـەبێت، دەبێتـە کـۆڵی قـورس بەسـەر ئیسلامەوە! لە جیاتی ئەوەی ئەو موسوڵمانان بـەئاگا بهێنێتـەوە، موسـوڵمان ئـەو بەئاگا دەهێننەوە، کەچی بە قسەیان ناکات و کورتبینییەکەی خۆیی پێ ڕاستترە!

موسوڵمانێك نەزانێت هێزی دوژمن چەندەو فـاکوفیکو فێڵکارییـان چۆنـەو، چۆن شەڕی واتەوات (شەڕی دەروونـی) دادەمـەزرێنن، چـۆن فیکـری کـوفری خۆیـان دەنەخشـێنن و دەخەنـەڕوو، کـە هـیچ لەمانـە تێنەگـات، حەتمـەن کـەم ڕۆشنبیرو گێل و کورتبین دەردەچێت.

ئـێ کەسـێك ڕۆشـنبیریی زیـادو چـاوکراوەیـی و بـەدواداچوونی نەخشـەی دوژمنـانی نـەبێت و، نـەزانێت ئـەو واقیعـە قورسـەی لەسـەر موسـوڵمانان درووستبووە، چۆن هاتووەو بۆچی هەر وا بەردەوامە، بە تەئکید دووربین نابێت، سادەو ساویلکەو کورتبین دەمێنێتەوە.

٧- بەخۆسەرسـامبوون و لووتبـەرزیی: ئەمـە کـە خـۆی نەخۆشـییەکی کوشندەیـە، چەنـدین نەخۆشـی تریشـی لێـوە دەتەنێتـەوە، وەکـو: کـورتبینیی و ساویلکەیی وشلگیریی و..هیتر.

چونکـە ئـەو کەسـەی خۆپەسـەندو لوتبـەرزە، خـۆی لە هـەموان بـەباڵاترو لێزانترو چاکتر دەزانێت! خەڵکانی تری دەوروبەریشی بەکەمترو نەزان!

ئەمەش دەیخاتە حاڵەتکی دەروونی واوە، کە بێزی نایەت ئەزموونی هەندێك کەس، یان ئامۆژگارییان وەربگرێت! خۆشی ئەوەنـدە لێهـاتوو نیـیە، تـا توانـای داهێنان (ئیبداع)ی هەبێت، بۆیە حەتمەن کـورتبین دەردەچێـت ، ئەگـەر خۆشـی چارەسەر نەکات، تا ماوە هەر لەو کورتبینییەیدا دەمێنتەوە.

٨- بێئاگابوون و گوێنەدان بە ئاسەواری کورتبینیی: دەشێت کابرای کورتبین بزانێت سادەو کورتبینە، بەڵام گوێنەدات بە چارەسەرکردنی خۆی، چونکە نازانێت ئەو ئاسەوارانەی کورتبینیی درووستیکردوون، دژوارو مەترسیدارترە.

ئەمەشە وای لێدەکات بایەخیان پێنەدات.. ئەمەش وای لێدەکات، هـەروا لـە کورتبینییدا بمێنیتەوەو زۆر سادە لەشت بڕوانێت.. بە تایبەتی، کە کورتبینیی بە نەخۆشی دینداریی نازانێت.

هەروا دەزانێت سـیفەتێکی ئاسـاییە (خـوا وایکـردووە)! هـەموو شـتێك بـە ویست و توانای خوای تاك و پاکە، بەڵام وەکو سەیدنا عومـەریش (خـوای لێـی رازی بێت) وتی: (لَسْتُ بِالْخِبِّ وَلَا يَخْدَعُنِي الْخِبُّ).(١)

واتە فێڵباز نیم و فێڵبازیش نامخەڵەتێنێت.

٩- نەزانینی دیدو هەڵوێسـتی پێشـینان لـەکورتبینییـدا: دەشـێت موسـوڵمانە کورتبینەکـە بێئاگابێـت لـە مێـژووی ژیـانی سـەلەف و، خـەڵکـانی پێشـوو و هەڵوێستیان دەربارەی کورتبینیی و، چۆنییەتی هەڵسوکەوتی زیرەکانەیـان لـەو حاڵەتە ناکاوانەی لەپڕێکدا تووشیدەبوون..

کەسێك دەربارەی ئەمانە نەیخوێندبێتەوەو، خۆشی ئـەزموونی نـەبێت و لـە

---

(١) ئیمامی غەززالی رحمەالله لە (إحياء علوم الدين ٨٠/٢) و ئیمامی ذەهەبی لە (تاريخ الاسلام ٤٢/٨) و ئیبنومەنظور لە (لسان العرب/ لە ماددەی خبب)دا هێناویانەتەوە، کە قەولی ئیبنوسیرینە، بەڵام ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە (مجموع الفتاوى ٢٦٥/٥)و ئیبنولقەییم لە (الروح/ ل٢٤٤)دا هێناویـانەتەوە ،کە قەولـی سەیدنا عومەرە (خوالێی رازی بێت).

کۆمەڵکاریشـدا فێرنەبووبێـت، حەتمـەن هـەر کـورتبین دەبێـت و گۆشـەنیگای بەرفراوان نابێت..

خوای گەورە ئەو هەموو جارە باسی ئوممەت و گەلانی رابوردوی کردووە، تا دووربینانە بیریان لێبکەینەوەو ساویلکانە سەیری ڕێساکانی گەردوون و ژیان و بزاوتی مێژووو نەکەین.

-خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ يوسف: ١١١.

واتە: لەداستان و بەسەرهاتەکانیاندا پەندو ئامۆژگاریی هەیە بۆ ئەوکەسانەی خاوەن هزروژیرین.

-هەروەها دەفەرمووێ: ﴿فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ١٧٦﴾ الأعراف: ١٧٦.

واتە: چیرۆك و بەسەرهاتی رابوودویان بۆ باسبکە تاتێبفکرن و بیربکەنەوە.

١٠- لاوازیی پەیوەندیی بەخوای گەورەوە: دەشێت کورتبین گوناح و تـاوانی زۆر ئەنجامبـدات و پـەیوەنـدیی بـە خـوای گـەورەوە شلوشـێواوبێت. گوناحـە بچووکەکانی لا گوناح نەمابێت، یان زۆر سروشتیانە مومارەسەیان بکات! یان لەخواپەرستیەکانییدا سستبووبێت. ئەمانە هەموو رێ لە تەقواکاریی دەگرن، کە تەقواکارییش هۆکاری لێك هەڵاوێردنی حەق و باتڵە..

نابینیت خوای گەورە چۆن دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا﴾ الأنفال: ٢٩.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگـەر بـە ڕاسـتی تـەقوای خواتـان هەبێت، خوای گەورە توانای جوداکردنەوەی حەق و باتڵتان پێدەبەخشێت..

یەعنی ئەو کارو رەفتارانەی خەڵکی بـە ئـاڵۆز دەیـانبینن، تـەقواکار رۆشـن دەیانبینێت و حەقی لە باتڵ پێ جۆیدەکرێتەوە.. جا دەشێت لەدەسـتدانی تـەقواو خواوەسیتی هۆیەك بێت بۆتووشبوونی کورتبینیی.

- لە فەرموودەی قودسییداهاتووە:

(إِنَّ اللَّهَ قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ).[1]

واتە: خوای گەورە فەرموویەتی: هەر کەسێک یەکێک لە ئەولیاکانی من ئازار بدات، جەنگ لە دژیی ڕادەگەیێنم.

عەبد بە هیچ شتێک لێم نزیک نابێتەوە وەک بەوە لێم نزیکدەبێتەوە، کە لەسەریم فەرزکردووەو پێمخۆشە.

ئیتر ئاوا ئەم عەبدە جاربۆجار بە سوونەتەکەن لێم نزیکدەبێتەوە، تا وایلێدێت خۆشم بوێت، کە خۆشم ویست دەبمە ئەو گوێیەی پێیدەبیستێت، دەبمە ئەو چاوەی پێیدەبینێت، دەبمە ئەو دەستەی کە دەیوەشێنێت، دەبمە ئەو قاچەی پێیدەڕوات، هەر کاتێک داوای شتێکم لێبکات بە تەئکیید دەیدەمێ،هەر کاتێک هانام بۆ بهێنێت داڵدەی دەدەم و لەخۆی دەگرم.[2]

## سێیەم: نیشانەکانی کورتبینیی:

١- بۆڵەبۆڵکردن و ڕەخنەگرتن لەبەرنامەو دیدی ڕێی کۆمەڵکارییەکەی خۆیان: ئەم جۆرە کەسە کورتبینە، هەمیشە گلەیی و گازاندەیەتی و، ڕەخنە لە دیدو تێروانین و بەرنامەو ڕێبازو بزاوت و هەڵوێستی کۆمەڵکارییەکەیان

---

(١) بوخاری (٦٥٠٢)، موسلیم (١٦٦٩).

(٢) واتە ئاراستەی بیستن و دیتن و ڕەفتارەکانی دەست و قاچی دەکەم، کە هەر لە خێردا بەکاریان بهێنێت. بڕوانە: ئیبنوعەبدولبەڕ: جامع العلوم والحكم (٣٤٧/٢) و وەڵامەکانی شێخ بن باز (رحمه الله) لە بەرنامەی (نور على الدرب) کە(١٠) دەرسن، هەروەها ئیبنوعوثێمین: (العقد الثمين في فتاوى بن عثيمين/ (٩١٤٥/١).

دەگرێت، کە گوایە دواکەوتوانەیەو لەگەڵ کێشەی سەردەمدا ناروات و سەرکردایەتی و پیاوانی ئاراستەوانی هەر خەریکی دنیان و نایانەوێت هیچ هەڵوێستێکی توند بنوێنن، نەبادا تووشی گیروگرفت و زیندان ببن.. ئەگەر توندوتیژیشیان نواند، گلەیی دەکات کە بۆچی زۆر توندبووە!

٢- بەگەڕخستنی هەموو وزەی لەکاری ناسەرەکییدا: کاتێکی زۆرو رەنجێکی زۆرو پارەیەکی زۆر لە ئەنجامدانی کارێکدا سەرفدەکات کە نە سەرەکییەو نە زۆر کاریگەرە..

بۆ نموونە: درووستکردنی مزگەوتێك لە کاتێکدا، کە لەو شوێنە مزگەوتیتر هەیە! ئەم رەنج و کات و پارەیە لە کۆمەڵکارییەکەدا سەرف بکرایە کاریگەرتر دەبوو..

یان چاپکردنەوەی کتێبێکی ئیسلامی لە کاتێکدا، کە کتێبە مەنهەجیەکانی خوێندنی شەرعیی و مەنهەجی کۆمەڵکاریی چاپ نەکراون! یان کۆڕگرتنێك لەسەر ژینگە،یان قۆپییەکردنی قوتابیان لە تاقیکردنەوە.

لەکاتێکدا تواناو بواری هەیە (دە ) کۆڕ بۆ فیکری ئیسلامیی و ناساندنی کۆمەڵکارییەکەی بگرێت، یان سەردانی نەخۆشی کردووە بە ئەرکی ڕۆژانە/ هەفتانەی خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدان.

کەچی ئامادەنین سەردانی کۆمەڵکارە دابڕاوەکانیان بکەن! یان کۆڕو سیمینارگرتن و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لەسەر باسەلقەکانی شەرع، کە سەدان ساڵە ئوممەت تێیدا راجوێبوون..

٣- خۆتووڕەکردن و سەرزەنشتکردن لەبەر نەکردنی سوونەتێك: یان دیتنی ڕواڵەتێکی نائاسایی لە کەسێك، لە کاتێکدا دەیان کوفرو بێدینی رادەگەیەنرێت غیرەتی ناجوڵێت و موی گرژنابێت، فەرز دەفەوتێنرێت ئەم ڕووی گرژنابێت!!

لە کاتێکدا بەرانبەر پۆشاکی براکەی، کە درێژە ئامادەیە عاجزی بکات و خۆی لێدابڕێت.

شۆڕشێکی بەرامبەر یەکێك بەرپاکردووە لەسەر سیواك بەکارنەهێنان،یان سەعاتکردنە دەستی چەپی، کەچی ئامادەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی خۆی و مافی خۆی، بچێتە دادگای یاسای عەلەمانی!

لەگەڕەکی خۆیاندا دژی ڕیش و حیجاب و بانگ و مزگەوت وەستاونەتەوە، کەچی ئەوەندە ئازانییە بەرەوڕوویان بووەستێت و ڕێیان لێبگرێت.

سورهەڵگەڕاوەو ڕقی هەستاوە لەبەرگریکردنی لە وتاری مەلایەك، کەشتێکی وتووە، کە لەگەڵ حەزی ئەمدا یەکیگرتۆتەوە، کەچی جارێك غیرەت نایگرێت، بۆ برایانی زیندانیان و موجاهیدان و خێزانە ئاوارە بێنازەکانیان!

٤- بەرهەڵستی لە (مونکەر)ی گچکەو وەلکردنی شیرکی گەورە: دەبینێت، کە کۆمەڵکارییەکەی عەقائیدیانەو فیکریی و سیاسیانە، هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی باڵاو هێزی گۆڕین دەدات، ئەم لەوەدا بەشدار نابێت، چونکە بەشتێکی دووری دەزانێت.

کەچی کۆمەڵێك گەنج کۆدەکاتەوە، تابچنەسەر دوکانێکی شەڕابفرۆش! ئامادەیە ئاگر لەدوکانێکی ڤیدیۆ بەردات، بەڵام ئامادەنییە زەمینەی شەرعی گۆڕانکاریی سەرەکی دامەزرێت.

ئاگر لەشوێنێك بەردەدات و شوێنێکیتر دەڕمێنێت! (هەڕەشە لە دزێك دەکات و داوێنپیسێك دەکوژێت) بەڵام ئامادەنییە کۆمەڵکارییەکە، توندوتۆڵ و بەهێزترکات، تا بگاتە دەسەڵات و تەمکین و، لەوێوە هۆکارەکانی خراپەکارییەکان و ڕیشەی فەسادەکە ببڕێت.

ئەمیانی پێ قسەی نەزەریی و دوورەو، ئەوەی خۆی پێ جیهادە! هۆشی لەوە نامێنێت، کە پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سێزدە ساڵی ڕەبەق هەر لە مەککە مایەوەو، (کەعبە)ش زیاتر لە(سێسەد)بتی تێدابوو..

بەڵام ،کە ئارامگرانەو قۆناغ بە قۆناغ بانگەوازەکەی گەیاندە دەوڵەت و

هێزی مەرکەزیی، هاتەوە سەر مەککەو بە ئاشکرا هەر هەموو بتـەکانی ڕمانـدو شکاند(لەسەرەتای بانگەوازەکەوە (إقرأ)، تا ئەوساتی ڕماندنی بتانە( ٢١) سـاڵی نێوان بوو!).

٥- پەلەکردن لەئەنجامی کۆمەڵکاریی: سەیرە کە ئەم جۆرەکەسانە زۆرقورس دەبزوون! زۆر بەزەحمەت دەخرێنەکار،ئارام ناگرن و ئەو ئەرکانـە جێبەجێناکـەن کە لەسەرشانیانە. قۆناغی سەرەتایی کۆمەڵکارییان نەبڕیووەو داوای ئـەنجامی کۆمەڵکارییەکە دەکەن..

ئەنجامەکەش لای ئەوان یەك شتە: سەرکەوتن و گـەیشـتنە دەسـەڵات، یـان ڕاگەیاندنی بەرهەڵستیکاریی و جیهاد! لە کاتێکدا خۆشیان لەوانەیە بـزانن، کـە هێشــتا زەمینــەی فیکریــی و بیروهۆشــی شــەرعیی و بزاوتــی ئوممــەتیی و شاهێدیدان نەهاتۆتەدیی..

لەوە بێئاگان، کە ئەگەر جوتیار پەلە لەلێکردنەوەی بەرهـەم بکـات، پوشـکە دروێنەدەکات و زرکەتاڵ هەڵدەگرێتەوە.. بەرسیلەشـی بـۆ نابێـت بـەترێ! بۆیـە پەندی پێشینانی عەرەب دەڵێ: (مَنِ اسْتَعْجَلَ شَيْئًا قَبْلَ أَوَانِهِ عُوْقِبَ بِحِرْمَانِهِ) .

واتە کەسێك پەلە لەشتێك بکات، کە کاتی نەهاتووە، سـزای لێمـەحرومبونی وەردەگرێت!

**چوارەم:ئاسەوارەکانی کورتبینیی:**

أ-لەسەر کۆمەڵکاران:

١- رەنج بەفیڕۆدان و وزە بەهەدەردان: کەسی کورتبین ،رەنجی زۆر لە کاری لاوەکــی و وزەی زۆر لــە کــاری لامســەرلاییدا بــەفیرۆدەدات، چونکــە هیمەتبەرزنییە، تا ڕووبکاتە کارە گرنگە کاریگەرەکان.

بۆیە دەیەوێت لەو لایەنە ئاسانانەدا کەسایەتی دەربکەوێت، یان رەنجی خۆی بدات.

لە ڕاستییدا ئەمە زیانەو لێیدەکەوێت (وەکو ئەوەیە مامۆستای زانکۆ بێت و ببێتە مامۆستای سەرەتایی).

قورئانی پیرۆز، هەر لەسەرەتای وەحییەوە، تا کۆتـایی جـەختی لـە هـەبوونی تەقوا لە ناخی موسوڵمانان‌دا دەکردەوە،تەقواکاریی نیشانەو ئەنجامی پێگەیشتنی کەسایەتی و شیاوبوونێتی.

ئـەوی دینـدارێتییەکی ڕاسـتە و نموونـەی قورئانییـە، تەقواکـار لەهـەموو لایەنێکـەوە کەسـایەتییەکی دامـەزراوو لێوەشـاوەی هـەیـە، (نابینیـت لـەهیچ کاتێکـدا لـەناو یاوەرانـدا گیروگرفتـی هـەبوونی ئـەمیری شـیاویان نـەبوو، نەلەزانست و نە لە جیهاددا، نە لە سیاسەت و نـە لـە ئاڕاسـتەوانییدا.. سـەیدنا (عومـەر) زوو زوو والییـەکانی دەگـۆڕی، چونکـە کەسـی شـیاویی زۆر لەبەردەستدابوو.. ئەمە ئەنجامی تەقواکاریی قورئانەکەیە).

قورئان هەر لەسەرەتای وەحییەوە داوای لەموسوڵمان دەکرد ،کە ئیسلامەکە لەناخییدا پیادەبکات.

- ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ الشمس: ٩ – ١٠.

واتە: بەڕاستی ئـەو کەسـە سـەرفرازە، کە نەفسـی خـۆی پاڵفتـەکردووە (لـە نەخۆشیەکانی دینداریی بژاریکردووە)، ئەوکەسەش زەرەرمەنـدە نەفسـی خـۆی ئیهمالکردووە ڕێی خواپەرستی پێنەگرتۆتەبەر.

- ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ۝١٤ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ۝١٥﴾ الأعلى: ١٤ – ١٥.

واتە: بەڕاستی ئەو کەسە سـەرفرازە،کە نەفسـی خـۆی پاڵفتـە کـردووە ،کـە بەردەوام ناوی خوای لەسەرزمانەو نوێژوخواپەرستیدەکات.

- ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمۡ كُفُّوٓاْ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ النساء: ٧٧.

واتە: مەگەر ئەوانە نابینیت، کە پێیاندەوترا: دەست مەکەنەوەو بـەرگریی لـە

خۆشتان مەکەن! نوێژی خۆتان بکەن و زەکاتەکە بدەن..

بۆ ئەوەی لەکاتی بیناسازیی کەسایەتی خۆیاندا _کە هێشتا تەواو نەبووە_ نەکەونە مەیدانی جەنگ و جیهادەکەیان لێ نەبێتە شەڕەکانی زویان، کە لە زەمانی جاهیلییدا دەیانکردو هیچی لەبەر خاتری خوا نەبوو..

لە قۆناغی مەککەو لە زەمانی چەوسانەوەدا پێی فەرموون: سەبر لەسەر ئازارو مەحرومبوونتان بگرن و پەلاماری دوژمن مەدەنەوە، بە پەروەردەکردنی خۆتانەوە خەریکبن.

- ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ ﴿٩٩﴾﴾ الحجر: ٩٧ – ٩٩.

واتە: ئێمە خۆمان دەزانین چۆن دڵت دەگوشرێت و سەغڵەت دەبیت، بەوەی پێت دەڵێن، بەڵام سوپاس و ستایش و زیکری خوای پەروەردگارت بکەو، بچۆرە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە، خوای خۆت بپەرستە، تا ساتەوەختی مردنت دێت.

ئەم هەموو ئاڕاستە تایبەتە بۆ دینداریی سەرڕاستانەو تەقواکارییانە، تا کەسایەتیان بە خواناسیی گەشەو نەشونما بکات و، پارسەنگانە پەروەردە ببن.

هەموو وزەو تواناکانیان لەم قۆناغەدا، لە هەڵوێستی خۆساغکردنەوەو بۆخوالێبڕان ببەنەسەر،ئەوکات و شوێن و قۆناغە دیدو بزاوت و هەڵوێستێکی دەوێت ،کە لەگەڵ گەشەی کەسایەتی ئەوان و قۆناغی کۆمەڵکاریی ئوممەتەکەیاندا بسازێت..

ئەو ئاڕاستە خواییانە -بێگومان- پڕاوپڕی پێداویستی ئەو قۆناغەی پێکهاتنی تاك وکۆیانبوو.. هەر ئەو ئاڕاستەش پڕاوپڕ شیاوی قۆناغی پێکهاتنەوەی کۆمەڵکاریی ئیسلامیە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

ئەو یاوەرە بەرێزانە، بە خواناسیی گۆشدەبوون و بەبرایەتی دینیی

پتەودەبوون، لەبەر ژان و ناسۆری دوژمندا خۆیاندەگرت و گورزی دوژمن وەکو سنگ زیاتر دەیچەقاندن!

ئەمە ساڵ و دووساڵ نەبوو! سێزدەساڵی تولانی مەککەو دووساڵی یەکەمینی قۆناغی مەدینەش هەر وابوو!!

ئاوا سەرکەوتوو دەرچوون، پێشئەوەی یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کوفری دوژمندا ببێت و، لە غەزای (بەدر)دا سەرکەوتنێکی بەناوبانگی مێژوو بەدەستبهێنن..

لەغەزای (بەدر)دا دوو بەرەی جەنگ، لەهیچ لایەنێکەوە یەکسان نەبوون، نە لە ژمارەدا (١٠٠٠کافر بەرامبەر٣١٤ موسوڵمان) و نە لە چەك تفاقی جەنگدا، (هەندێك موسوڵمان بێچەکبوون)، قورەیش بۆ جەنگ هاتبوو، موسوڵمانان بۆ سەر کاروانەکەی شام چووبوون،قورەیش سواربوون و حوشتر و ئێستری زیادەیان پێبوو، خۆراك و چەکی ئیزافییان لێنابوون!

موسوڵمانەکان بەسێ کەس، سواریەکیان پێبوو،قورەیش خۆراکی زۆری پێبوو، موسوڵمانەکان برسیبوون.. بەڵام بەقەدەر ئەوەندەی قورەیش لە رق و بوغزدابوو، موسوڵمانان لە تەقواو خواناسییدابوون.. قورەیش دەیوت: هێزی چەکدارمان زۆرەو سەردەکەوین، یاوەران دەیانووت: ئێمە ئەداتی قەدەری خوایین وو سەرکەوتن هەر لەلایەن خوای گەورەوەیە.

سەرنجدەرە ئەم دیمەنەی (ئومەییەی کوڕی خەلەف )،کە سەردارو فەرماندەیەکی ڕقنی قورەیش بوو، زۆری موسوڵمان ئەشکەنجەدابوو، یەکێك لەوانە: (بیلالی حەبەشی) بوو( خوالێی رازی بێت).

ئەوا جەنگەو پێکدادانەو ئەم دیمەنە لەوێوە درووستدەبێت، کە سەیدنا (عبدالرحمانی کوڕی عەوف) -خوالێی ڕازی بێت- دەیگێڕێتەوە: (كَاتَبْتُ أُمَيَّةَ بْنَ خَلَفٍ كِتَابًا بِأَنْ يَحْفَظَنِي فِي صَاغِيَتِي بِمَكَّةَ وَأَحْفَظَهُ فِي صَاغِيَتِهِ بِالْمَدِينَةِ، فَلَمَّا

ذَكَرْتُ "الرَّحْمَنَ" قَالَ: لاَ أَعْرِفُ الرَّحْمَنَ، كَاتِبْنِي بِاسْمِكَ الَّذِي كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَكَاتَبْتُهُ "عَبْدُ عَمْرٍو". فَلَمَّا كَانَ فِي يَوْمِ بَدْرٍ خَرَجْتُ إِلَى جَبَلٍ لأُحْرِزَهُ حِينَ نَامَ النَّاسُ، فَأَبْصَرَهُ بِلاَلٌ، فَخَرَجَ حَتَّى وَقَفَ عَلَى مَجْلِسٍ مِنَ الأَنْصَارِ فَقَالَ: أُمَيَّةُ بْنُ خَلَفٍ، لاَ نَجَوْتُ إِنْ نَجَا أُمَيَّةُ. فَخَرَجَ مَعَهُ فَرِيقٌ مِنَ الأَنْصَارِ فِي آثَارِنَا، فَلَمَّا خَشِيتُ أَنْ يَلْحَقُونَا خَلَّفْتُ لَهُمُ ابْنَهُ لأَشْغَلَهُمْ فَقَتَلُوهُ، ثُمَّ أَبَوْا حَتَّى يَتْبَعُونَا -وَكَانَ رَجُلاً ثَقِيلاً- فَلَمَّا أَدْرَكُونَا قُلْتُ لَهُ: ابْرُكْ. فَبَرَكَ، فَأَلْقَيْتُ عَلَيْهِ نَفْسِي لأَمْنَعَهُ، فَتَخَلَّلُوهُ بِالسُّيُوفِ مِنْ تَحْتِي حَتَّى قَتَلُوهُ، وَأَصَابَ أَحَدُهُمْ رِجْلِي بِسَيْفِهِ. وَكَانَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ يُرِينَا ذَلِكَ الأَثَرَ فِي ظَهْرِ قَدَمِهِ)[١]

واتە: نامەیەکم بۆ (ئومەییەی کوڕی خەلەف) نارد، کە سەروەت و ماڵ و کەسوکارم لە مەککە بگرێتەخۆ، منیش لەمەدینە ماڵ و سامانەکەی بۆ دەپارێزم.

لە نامەکەدا کە ناوەکەمی (عبدالرحمان) بینی، ناردیەوەو وتی: من (رەحمان) ناناسم، ناوەکۆنەکەی خۆت بنووسە.

منیش بۆم نووسیەوە: (لەعەبدی عەمرەوە)، ئاوا ڕێکەوتین، کە ڕۆژی( بەدر) هاتەپێش و شەو بەسەرداهات، چوومە سەر بەرزاییەك ،تا لێم دەربکەوێت و ببینم، کە هاتەلام، (بیلال) ئەوی بینی.

( بیلال) دەرپەڕیی و خۆی گەیاندە کۆمەڵێك یاوەری ئەنساریی و، هاواریلێکردن: ئەوە (ئومەییەی کوڕی خەلەف)ە.. ئەوم لەدەستدەرچێ دەبێ گیانمدەرچێ..

هەموو کەوتنە دوامان، کە زانیم دەمانگەنێ، کوڕەکەی (ئومەییە)م ڕاسپارد مەشغوڵیان بکات، بەڵام زوو کوشتیان و هەر گەیشتنە سەرمان.

(ئومەییە)ش قەڵەوبوو، نەیدەتوانی ڕابکات،کە گەیشتن، بە ئومەییەم وت:

(١) بوخاری (٢٣٠١).

لەسەرئەژنۆ دابنیشە، ئەویش دانیشت و خۆمدا بەسەریدا، تا نەیکوژن، بەڵام لەهەموو لایەکەوە شمشێرو ڕمیان گەیاندێ، تا کوشتیان و شمشێری یەکێکیشیان قاچی منی بڕی!).

لە ریوایەتێکی تردا دەڵێ: (کە (عبد الرحمن) گێڕایەوە، شوێنی شمشێرەکەشی نیشاندایین، کە لەقاچی درابوو).

**٢- بێئومێدیی و ڕەشبینیی:** کەسی کورتبین، حەتمەن گیروگرفت و کێشەی زۆر دێنە ڕێ، لەبەر کورتبینیی و بێئەزموونیی و شل وشێواویی ویست و ئیرادەشی، ناتوانێت ئازایانەو لێزانانە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ناتوانێت بەسەریاندا زاڵببێت.

بۆیە لەوانەیە بە دیاریانەوە دابنیشێت و چاوەڕێ بکات یەکێك بۆی چارەسەر بکات، یان پشتگوێیان دەخات، یان تەسلیمیان دەبێت! بەڵام بۆی دەبنە خەم و پەژارە..

دوژمنانی ئیسلامیش ئا ئەمەیان دەوێت، کە کەسێکی وایانناسی، ئەوەندەی تر گیروگرفتی هاوشێوەی دێننە ڕێ، تا تێکیدەشکێنن.

بە تێکشکاندن و ورە ڕووخاندنی هەزارانی وا، توانیویانە ئاوا بێنە وڵاتانی ئێمەوەو، نەخشەو پیلانی کوفرو دوژمنداریێتیان، بکەنە بەرنامەی خوێندن و یاساو دەستورو ملیۆنەهای لەسەر پەروەردەبکەن!! چونکە ملیۆنەها کورتبینییان دەستکەوتووە، کە ڕێی بۆ خۆشکردوون.

ئەوەندەش ڕەشبین و نائومێدبوون ڕاناپەڕن، تا دوژمن دەربکەن، بۆیە وەکو پەندە پێشینانەکەی عەرەب دەڵێ: (خَلا لَكِ الْجَوُّ فَبِيضِي وَاصْفِرِي).

واتە دنیات بۆ تەختبووە، بڕۆ هەر هێلکەدانێ و سەمابکە.[١]

---

(١) ئەمە پەندی پێشینانی عەرەبە بەڵام لەئەسڵدا نیودێڕەشیعری (تەرەفەی کوڕی عەبدە) کە شاعیرێکی جاهیلی بوو.. کاتێك منداڵبوو لەگەڵ مامییدا چووبوونە ڕاو.

←

٣- کەمبوونەوەو نەمانی لایەنگرو پشتیوان و هاوکار: ئەو کەسەی کورتبینە، خۆبەسەرەو کەمتر ڕاوێژ دەکات،زۆرو زوو دەکەوێتە هەڵەوە.

بۆیە کەسانیتر، پێشئەوەی باش بیناسن، یارمەتیدەدەن و دوایی لە بەزەییانـدا هاوکاریی دەکەن و، دواتر بە ناچاریی هەندێك رەفتـاری لەگـەڵـدا دەکـەن،ئینجا تەحەمولی ناکەن و لێی دوور دەکەونەوە.

ئاوا کەسانێکی دڵسۆزو جیددیی بەدەورەوە نامێنێت، هەر ئەوەندەش ئاسـانە تا ناوی نازڕێت؟

کە نـاوی بـەوە دەرچـوو، کـە کورتبینـەو سـاویلکانە کاردەکـات، ئیـتر زۆر زەحمەتە هاورێی بەقەدەر پەنجەی دەستەکانی لێکۆببێتەوە.. ئەمـەش دەیباتـەوە بۆ ئاڵۆزیی دەروون و ورە ڕوخان و گۆشەگیریی.. جگە لە گلـەیـی و گازانـدەو خوتەخوتی. کە هەر نابڕێتەوە!.

٤- مەحرومبوون لەمەددەی خوایی و یارمەتیدانی: خوای گەورە یارمەتیدەری کەسانێکە، کە بۆ ئەو ساغبوونەتەوەو بۆ دینەکەی لێبـڕاون و، کاریـان بـە پێـی قورئان و سوونەتە.

ئەما ئەم کورتبینە، ئەگەر بـۆ خـواش سـاغبووبێتەوەو نییەتیشـی پاکبێت،

---

مامی پێیووتبوو: بڕۆ تەڵەکە باش بنێرەوەو دانەکەی لەسەر رۆکە، ئەویش بەهەڵە دایـنابوو، بینیبویـان هیچی پێوەنابێت، پێـی وتبـوو: بـڕۆ هـەڵیبگرەرەوە دوای هەڵگرتنـەوە پۆلـە باڵندەهاتبوونـە جێگاکـەو، دانەکانیان هەڵگرتبۆوە!

ئیتر مامی ئەم دێرە شیعرانەی بۆ وتبوون:

يَـــــا لَــــكِ مِـــنْ حُـــمَّـــرَةٍ بمَعْمـــرَ ... خَـــلا لَـــكِ الْجَـــوُّ فَبيضِيـــ وَاصْـــفِرِي
وَنَقِّـــرِي مَـــا شِـــئْتِ أنْ تَنْقُّـــرِيً ... قَـــد ذَهَـــبَ الصَـــيّادُ عَنـــكِ فَابشِرِـــي
قـــد رُفِـــعَ الفَـــخّ فـــماذا تَحْـــذَرِي؟ ... لا بُـــدّ يَومـــــاً أن تُصـادي فَاصبِرِي

الميدانی: مجمع الامثال (٣٩/١ ز ١٢٦٨) .

کوردیش دەڵێ: کەپشیلە ڕۆیی، مشك تیلی لی لییەتی.

کارکردنی هەڵەیە، دیدو هەڵوێست و بزاوتی، بەپێی ڕاو بۆچوونی خۆیەتی، نەك بە پێی قورئان و سوننەت.

بۆیە حەتمەن دەکەوێتە هەڵەو سەرپێچیی و گوناحەوە.. تا زیاتریش شکستی بەسەردا بێت، غەیبەتی موسوڵمانان زیاتر دەکات و، وادەزانێت ئەوان هۆکارن، چونکە بە پێی نەخشەکەی ئەم نەڕۆیشتوون![1]

ئەمەش دەیباتەوە بۆ قسەپێووتن و شکاندنیان،خوای گەورەش ئەمانەی لێ قبوولناکات.. ماوەیەك بواری تۆبەکردنی بۆ دەهێڵێتەوە، ئەگەر نەیکرد، دەیداتە دەست هەواو هەوەسی خۆی.. ئەوەش مەحرومبوونێتی لەمەدەدی خوایی.

ب-ئاسەواری کورتبینیی لەسەرکۆمەڵکاریی ئیسلامی:

١- ناوزڕان وسومعەشێوانیی: کۆمەڵکارییەك کە کەسانی کورتبین بیبەن بەڕێوە، حەتمەن ناتوانن و نازانن نەخشەی درێژخایەن دابڕێژن و پشوودرێژانە بڕۆن بۆ ڕاپەراندنی.

هەروەها چارەسەری کێشەیان بنبڕانە بۆ ناکرێت، چونکە چارەسەریی کاتیی (موسەککینات)ی بۆ بەکاردەهێنن.. قووڵ ڕۆناچنە هۆکاری پەیدابوونی کێشەوە.

هەر ئەنجامەکە دەبینن و کاردانەوەی هەنووکەیی و، دەستبەجێی بەرامبەر دەکەنەوە.. ئەم جۆرە دیدو هەڵوێستە لە ئاڕاستەوانی شیاوو ئەمیرو سەرکردایەتی لێهاتوو ناوەشێتەوە.

ئەم جۆرە چارەسەرە کاتییانە، ڕێگاکە دووردەخەنەوەو هەموو

---

(١) کەسی دیندارو تەقواکار هەرسەختیەکی بێتەرێ یەکسەر دەڵێ ئەوە بەهۆی لاوازی ئیمان و ڕەفتاری ناشەرعیی خۆمەوەیە. بەڵام ئەوی دینداریيەکەی نەخۆشە هەمیشە خۆی بە بێتاوان دەزانێت، ئەگەرچی بکەری تاوانەکەش هەرخۆیەتی وبەس! ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾ آل عمران: ١٦٥.

کۆمەڵکارییەکە، بە کێشەکانی ڕۆژانەوە خەریك دەکەن و ناپەرژێنە سەر پلاندانانی دووڕمەدا، کە ئەمیر، یان دەستەی شورای کۆمەڵکارییەکە دایانڕشتووە.. کۆمەڵکاریی ئاوا، زوو دەکەوێتە بەر ڕەخنەو باسی دوژمنان.

ئەوەندە لێیدەخوێنن، تا چەقبەستوی دەکەن، کەسی نوێی نایاتە ناوو دەیان و سەدانیشی دادەنیشن.. بەهانەو ڕەخنەی هەموان ئەوەندە دەبێت، کە کۆمەڵکارییەکە کۆڵەوارو توانای ڕێکردنی کاروانی سەردەمی نییەو، کێشەی بێچارەسەریی لەزیادبووندایەو حەتمەن هەڵدەوەشێتەوە!!.

٢-ڕێگرتن و گۆڕینی: کورتبینیی و بەهانەبەدەستەوەدان، کە گوایە کۆمەڵکارییەکە نەزۆکەو نەخشەو، بەرنامەی نییە،یان لەدیدو ڕێی لایداوە، یان مومارەسەکانی بەپێی پەیڕەوو پرۆگرام نییە، یان بەشداری بنەما هاوبەشە کاریگەرەکانی وڵات ناکات.. یان و یان..[١]

ئەمانە بیانوو دەداتە دەست دەسەڵاتداران کە هەڵیوەشێننەوەو (مۆڵەتی رەسمی) لێوەربگرنەوە، بەو سیفەتەی (حزب) نییەو دەشێت سەر لەنوێ! داوای مۆڵەتی رەسمی بکەنەوە، بەڵام وەکو کۆمەڵەیەکی، دینی، رۆشنبیریی، کلتوریی، کۆمەڵایەتیی دابمەزرێتەوە نەک وەکو کۆمەڵێکی سیاسی خاوەن دیدوڕێ!.

٣-گورزلێدان و خستنی: لەوانەیە کورتبینییەکە لە هەندێك کەسی سەرکردایەتییەوە، یان لەبەرپرسانی ناوچەیەکەوە بووبێت، بەڵام دوژمن، کە لە بەهانەیە لە کۆمەڵکارییە ئیسلامیەکە، هەستدەکات گەیشتونەتە بنبەست و زیادناکەن، یان باڵیان لێجیابۆتەوە، یان ئاژاوەیان تێکەوتووە، بەهانەی باڵەکە دەکاتە بەڵگەی یاسایی و، گورزی سەخت لە پەیکەری ئەسڵی زۆرینەکە دەدات، یان ئەمیرەکەیان دەگرێت، یان چالاکوانانی سەرێ.. بە هۆی

---

(١) یان تیرۆریستیە، یان هاوکاریی تیرۆریستان دەکات، یان پارەیان بۆ کۆدەکاتەوە.

هەرزەبیرێکەوە _لەم حاڵەتەدا_ کە لە کۆمەڵکارییەکەدەدرێت، بۆ دەیان ساڵ کارکردنی دێنێتەوە دواوەو، لەوانەیە یەکبوونەکەی لێک بترازێنێت و، پێگە جەماوەرییەکەی تووشی بێئومێدیی و ڕەشبینیی بکات، ئیتر کە دانیشتن، زۆر زەحمەت دەبێت هەستنەوەو ،بکەونەوە کۆمەڵکاریی.

**پێنجەم:چارەسەری کورتبینیی:**

١- ڕاهێنان هەر لە منداڵییەوە لەسەرهەستی بەرپرسێتیی: ئەمە پاڵنەرێکی زاتی ناخی مرۆڤ دەبێت و، وای لێدەکات کۆڵی بەرپرسیارێتی بە جورئەتەوە هەڵبگرێت، لە سەرکەوتن و شکستەکانی ڕێیدا، ئەزموونێکی زۆر فێردەبێت، جگە لەوەی بلیمەت دەبێت و دەبێتە خاوەن هیممەت و خۆڕاگرو بەئومێد، ئینجا دووربینیی و نەخشەسازیی و پشوودرێژیی دەبنە سیماو سیفاتی.

پێغەمبەرانی خوا (عَلَیهِم السَّلَام ) نموونەی ئەم سیفەتە رەسەنە باڵایانەن.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نموونەی بەرچاوی هەموانە، کە هەر لەسەرەتای منداڵیی و لاوییەوە، بەرپرسێتی کاری قورس و سەختی ژیانی کەوتەسەر، لەکاتێکدا لە سۆزی دایکی و هاندانی باوکی مەحروم بووبوو... بەڵام دیاربوو، کە بە هیممەت و پشوودرێژو بەئومێدبوو!..

جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەرنجی هەموان بۆ ئەوە رادەکێشێت، کە هەموو نێرراوانی خوا (عَلَیهِم السَّلَام )شوانییان کردووە..

ئاشکرایە شوانێتیی، فەرماندەییێتی و ئاراستەوانێتی ئاژەڵە، کە بەدڵنیاییەوە ئەزموونە بۆ پێشەوایەتی کۆمەڵگەی مرۆڤ.. دەفەرمووێ: (مَا بَعَثَ اللَّهُ نَبِيًّا إِلَّا رَعَى الْغَنَمَ. فَقَالَ أَصْحَابُهُ وَأَنْتَ؟ فَقَالَ: نَعَمْ كُنْتُ أَرْعَاهَا عَلَى قَرَارِيطَ لِأَهْلِ مَكَّةَ).(١)

---

(١) بوخاری (٢١٤٣).

واتە: خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی بۆ وەحی خـۆی هـەڵبژاردبێـت، پێشـتر شوانێتیی کردووە.

عەرزیانکرد: جەنابیشت؟!

فەرمووی: بەڵێ، منیش ماڵاتی ئەهلی مەککەم بەچەند قیراتێك (پارەی کەم) دەلەوەڕاند.

٢-دوورکەوتنەوە لـەکورتبینان و لادانیـان: مـادام کـورتبینیی نەخۆشـییەکی دینداریيەو، زیانی بۆ تاکوکۆی کۆمەڵکاریی هەیە، دوورکەوتنەوە لێیان چاکترە.

هەروەها لادانیان لە دەرکەوتن و بەرپرسی کۆمەڵکاریی بەسوودترە، لەهەمان کاتدا پێویستە کۆمەڵکارانی لای کورتبینەکە، بدرێنە دەست کەسانی دووربـین و پشوودرێژ.. ئەگـەر کورتبینەکـە (واجهـە)بـوو، یـان بـەرپرس بـوو، پێویسـتە کەسانی تری شـیاو لـە جێگاکـەی دابنرێتـەوەو، چـاودێریی کـەس و دەزگاکـان بکرێت، نەبادا کورتبینەکە کاریگەریی لەسەریان درووستکردبێت و، ئـەوانیش تووشبووبن!

بـەرپرسـانی کۆمـەڵکـاریی ئیسـلامی، دەبێـت زوو حـەزو پاڵنـەرو وزەو (مەوهیبە)ی کۆمەڵکارانیـان کەشـف بکـەن و، بـەپێی نەخشـەو بەرپرسـێتیی، پەروەردەیان بکەن و گیانی بەرپرسێتیان تێدابڕوێنن و، زوو زوو بیانخەنـە بـەر ئـەزموونی نـوێ، تـا شـارەزادەبن و سـیماو سـیفاتی کۆمـەڵکـاریی لێوەشـاوە وەردەگرن.

٣- تێگەیشتن و زانینی ڕۆڵی مرۆڤ لەسەرزەوی: بەتایبەتی موسـوڵمان، کـە خـاوەن پـەیـامی وەحییـەو ڕێبـازی خواویسـتی گرتۆتەبـەر، تـا بەمرۆڤایـەتی بگەیێنێت و لە فرەخوایی رزگاریانبکات و، رێی یەکخواناسیان پێبگەێنێت.

٤- تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئیسلام بە بنەما سەرەکییەکانی: هەروەها قاڵ و قووڵبوونەوە لە چۆنییەتی هاتن و بڵاوبوونەوەو، پێکهێنانی کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلامی..

تێگەیشتن لە ستراتیژیی و قۆناغەکانی کۆمەڵکاریی ئوممەتیی، ئەمە بە یارمەتی خوای گەورە، دەبێتە مایەی دووربینیی و هیممەتبەرزیی و پشوودرێژیی..

هەروەها حاڵیبوون لە زەرورەتی نەخشەدانان و پەروەردەکردنی ڕاپەڕێنەرانی شیاوو چاوەڕوانکردنی کاتی تەواو، تا کۆمەڵکارییەکە وەکو حاسڵاتی چاندنی پێدەگات و دێتەبەر.

٥-ناسینی دوژمنان و زانینی پیلانیان: ناسینی دوژمن لە دەستپێکی وتنی شایەتمان (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) موسوڵمانبووندایە، کە کوفرو ئیمان، شیرك و تەوحید، جاهیلییەت و ئیسلام بە موسوڵمانەکە دەناسێنێت و، داوای بڕیاری لێدەکات، کە لەبەرەی کوفرو شیرك و جاهیلییەت دابڕێت و، بێتە بەرەی ئیمان و تەوحیدو ئیسلام..

ئەمەش ئەوە دەخوازێت: کە بەرەی کوفر بناسێت و بزانێت ،کە دوژمنن، پێویستە کەس و مەڵبەندی بڕیاری کوفر بناسێت و، بزانێت بە پێی چ نەخشەو پلان و پیلانێك کاردەکەن و، دیدو ڕێ و بەرنامەو ڕێبازیان چییەو بزاوت و هەڵوێستیان چۆنە!..

شارەزابوون لەم بوارانە چاوکردنەوەو لێهاتویی دەخاتە بەردەم کەسەکەو، دەیخاتە سەر هەست و هۆشداریی و زیت وریا بوون، دەیخاتە سەر هەستی بەرپرسێتی پاراستنی ئیسلام و موسوڵمانان و، بەزاندنی کوفرو هەڵوەشاندنەوەو پووچەڵکردنەوەی نەخشەو پیلانیان.. ئا ئەمە دووربینییەکە ،کە دەبێت هەموو کۆمەڵکارێك خۆی بگەیەنێتێ.

٦-ژیان لەگەڵ سیرەو وسونەتدا: خوێندنی سیرەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و فەرموودەکانی لە ئاڕاستەکردنی یاوەران و پەروەردەکردنیاندا ئێجگار گرنگە، چونکە پڕە لە دیدو هەڵوێست و ئاڕاستەی دووربینیی و پشوودرێژیی و هەستی بەرپرسێتیی.

لە گەورەترین سیماو سیفەتی دووربینیی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوەبوو: کە بووبوو بەنێرراوی خوای گەورەو، دەچووە کەعبەی پیرۆزو خواپەرستیی خۆی دەکرد.

لە کاتێکدا زیاتر لە سێسەد بت لەو کەعبەیەدا هەبوو.. یاوەرانی زۆری لە خزمەتدابوون، دەیتوانی (مەفرەزە)یەکیان لێ پێکبهێنێت و، گیانبەخشانە بکەونە شکاندنی بتەکان و ئامادەبن لەو ڕێگایەشدا شەهیدبن.. بەڵام جەنابی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) واینەکرد..

سێزدەساڵی ڕەبەق لەمەککە ئارامیگرت، پاشان هیجرەتیکرد بۆ مەدینەو، دەوڵەت و کۆمەڵگەو لەشکرو هێزی پێکەوەنا، غەزاو سریەکانی ئەنجامدا،تا لە ساڵی( ٨)ی کۆچییدا، تەشریفی بە لەشکرێکی بێشومارەوە هێنایەوە بۆ مەککەو، هەر هەموو هێزی کوفری چاوشۆڕکردو، بتەکانی بەڕۆژی ڕووناك و لەبەرچاوی هەزاران موشریك تێکشکاند.. (ئەمە دوای بیست ویەك ساڵ بوو لە دەستپێکی وەحی!).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەرەتا لەدیدو تێڕوانینی عەقائیدیدا، بتەکانی لاداو ڕادا.. ئینجا کاریگەریی بتپەرستیی لە بزاوت وقیەم و هەست و هەڵوێستدا لاداو ڕادا..

ئەهلی ئیسلامی بەهێزکردو ئەهلی کوفری بەزاند.. دوای ئەمانە بتە پیرۆزەکانیانی سووککرد.. ئەگەر لەسەرەتادا بتەکانی بڕماندایەو بیشکاندنایە-

خواش دەزانێت- ئەهلی شیرك وجاهیلییەت سەر لـەنوێ درووسـتیاندەکردنەوەو لەوانەشـە،کە لـە زێـرو زیـو درووسـتیان بکردایاتـەوەو[1]چەنـدەهای تریشـیان دادەتاشی..

بۆیە لێیانگەڕاوکەوتە گۆڕانکاریی ناخی کەسەکان، تا دواتر کۆمەڵگەکە بگۆڕێت، هەر وەکو، کە خوای کارزان پێی فەرمووبوو: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١.

واتە: خوای گەورە واقیعی قەومێك ناگۆڕێت، تا خۆیان لە ناخدا نەگۆڕێن.

کاتێك ئەو خـەڵکـە خواویسـت دەبـن، دڵ و دەروونیـان لـە ژەنـگ و ژاری دنیاویستیی پاکدەکەنەوەو، ناهێڵن هیچ نەخۆشییەکی دینداریيان تووش ببێـت، کاتێـك لــە دیــدو هــەڵوێســت و بــزاوت و سرەوت و، رەفتــارو رەوشــتیاندا پارسەنگدەبن و، بە شەریعەتی خواوە پابەنددەبن.

کاتێك برایەتی دینیی دەبێتە تاکە پەیوەستی پـەیوەنـدییان و، لەبـەر خـاتری خــوای گــەورە یــەکترییان خۆشــدەوێت، کاتێــك وزەیــان یەکدەخــەن و کۆمەڵکارییەکی ئوممەتیی پێکدەهێنن، ئینجا تاکوکۆ لەبەر رۆشنایی قورئـان و سوونەتدا دەکەونە بزاوتی گۆڕانکاریی.

خــوای گــەورەش دەیانگــەێنێتــە دەســەڵات و تــەمکین.. هــەر وەکــو، کــە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی گەیاندێ ..

ئەوە بەڵێنی خوای گەورەیەو مەرجەکەشی باوەڕهێنانە بـەخوای تاکوپـاك و هاوبەش بۆدانەنانێتی:

---

(١) هەندێك سەلەفی لە یەمەن، چەند مەرقەدێکیان تەقاندەوە، گیران و حوکمی قورسی چەند ساڵەیان درابەسەرداو (علی عبدالله سالح)، کە سەرۆك کۆمار بوو، فەرمانیـدا هـەموو مەرقـەدەکان بـە قـاڵبی چیمەنتۆو لەوحی ئاسنین دروست بکەنەوەو پاسەوانیشی بۆ دانان!

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٥٥ ﴾ النور: ٥٥.

واته: خوای گەورە بەڵێنی بەو کەسانەتان داوە ،کە باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، کە دەیانگەیێنێتە دەسەڵات و بریکاریی خۆی (ئیستخلاف) لەسەر زەمین، هەر وەکو ،کە ئەوانەی پێش ئەمانی گەیاندیێ و دەسەڵاتی پێبەخشین، بەڵێنی خوای گەورە ،کە دینەکەیان بۆ دەگەیێنێتە لوتکەی سەروەریی، چونکە خۆشی بەو دینە ڕازییەو ڕازیشبووە، کە ببێتە ڕێبازو بەرنامەی ئەو موسوڵمانە ئیماندارانەو باقیمرۆڤایەتی، خوای گەورە بەڵێنی پێتان داوە (بەئیماندارە پیاوچاکەکانتان)، کە هەموو ترس و بیمێکتان بە ئەمان و هێمنی بۆ دەگۆڕێت، بەو مەرجەی من بپەرستن و هیچ جۆرە هاوبەشێکم بە هیچ برو ڕادەیەك و لە هیچ سیفەت و کردارێکدا بۆ بڕیارنەدەن، هەرکەسێکیش ـدوای ئەوەـ دیدو تێڕوانین و بەرنامەو ڕێبازی کوفر بگرێتەبەر، خۆی بەرپرسی کارو ئەنجامێتی، چونکە بەڕاست ئائەوانە لادەرو فاسق و مونحەریفن.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئاوا پێکهێنا،ئاوا دوای ئەوەی دینەکەی لە ناخی تاك و ڕیزی ئوممەت و، واقیعی کۆمەڵگەکەدا کردە بەڵگەنەویستی ژیان و حەقیقەتی وجود، دوای ئەوەی ئوممەتە عەقائیدییەکە، دینەکەی کردە دیدو ڕێی ژیان و هۆکاری گۆڕانکاریی واقیعەکەو، بزاوتی شیاوی پێوە ئەنجامدا..

ئاوا دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە دامەزرا،ئاوا ئەو ئوممەتە بوو بەخاوەن لەشکر، کە خودی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرماندهیێتی کردو بەرەو فەتحی مەککە هێنانیەوە!

ئاوا مەککەیان فەتحکردو بتەکانیان ڕماند.. خۆ ئەوەش دەزانین ،کە چۆن پێشتر پەیمانی حودەیبیەی لەگەڵ قورەیشدا _بەومەرجە قورسانەشەوە_ مۆرکرد، کەلەسەر بەرێزیان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دایاننا! کە زۆر لە یاوەران تەحەممولیان نەکردو، سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت) هاواری لێهەستا ،کە بۆچی تەنازولیان بۆ بکەین؟!

بەڵام پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە لە ژێر سەرپەرشتی وەحی خوادا دەبزواو، دووربینانە دەیڕوانییە داهاتوو، دەیزانی ،کە ئەم مەرجانە هەرچەندە توندو قورسن، بەڵام خێری زۆری موسوڵمانانی تێدایە..

واقیعەکەش ئەوەی سەلماند،دوای (پەیمانی حودەیبییە) ژمارەی ئەو کەسانەی هاتنە ئیسلامەوە، چەندین بەرابەربوو (مانگێك پێش ڕێکەوتنەکە، سێ هەزار چەکداربوون، کەچی لەفەتحی مەککەدا، کەدوای پەیمانی حودەیبییەبوو، دەهەزار کەسبوون!)، ئەمەش هەموو بەهۆی ئەو ئەمن و ئەمانەوە بوو، کە پەیمانی حودەیبییە بۆ موسوڵمانانی ڕێکخست، کە بەناو تیرەو هۆزەکاندا بڵاوببنەوەو، بانگهێشتیان بکەن بۆ موسوڵمانبوون..

داعیەکان بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوەو، موشریکەکان لە نزیکەوە تاك و کۆو کۆمەڵگەو دەسەڵاتی موسوڵمانانیان بە ڕێبەرێتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بینی و، بەڵگەشەرعییەکان کاریتێکردن و زانییان ئەم دینە وەحی خوایەو حەقە، ئیتر تاک تاك و کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتنەدینی خواوە.

سەیر ئەوەبوو: کەیەکێك لە مەرجەکانی پەیمانەکە ـــ کە قورەیش سوربوو لەسەریی ئەوەبوو: کە (هەر کەسێك بۆ موسوڵمانبوون بێتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبێت بیگێڕنەوە بۆ ناو موشریکەکان)، کەچی دوایی، کە (ئەبوبەصیر)و هاوڕێکانی (خوا لێیان ڕازی بێت)، مەفرەزەی سەربەخۆیان لە کەنار (دەریای سوور) درووستکردو هەڵمەتیان بردە سەر کاروانی بازرگانیی و، بەرژەوەندیی قورەیش و ئەمانیان لێبڕین.

قورەیش خۆی ناچاربوو وەفدێك بنێرێتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، کە (ئەبوبەصیر)و مەفرەزەکەی بگرنەخۆ، با بێن بۆ مەدینەو مەیانگێڕنەوە بۆ قورەیش!! چونکە (ئەبوبەصیر)و مەفرەزەکەی موسوڵمانبووبوون، بەڵام بەپێی پەیمانەکەی حودەیبیە، بۆیان نەبوو بچنە مەدینە، بۆیە خۆیان کەوتنە (پارتیزانی) دژی قورەیش..

بەڕادەیەکیش بوو، کە ڕێی بازرگانیی قورەیش و ڕێی خواردنیان گرت، کە هەندێك تیرەو هۆزی گەمارۆدراو، ناچاربوون لاکەتۆپیوی وڵاخ و گەڵای دار بخۆن! هەموو رەفتارێکی پەیمانی حودەیبیە، وەکو هەر رەفتارێکی تری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و سییرەو دیدو هەڵوێستی یاوەران، نیشانەی دووربینی و ئومێدبوون بوو، بەوەی داهاتوو بۆ ئیسلامە.[١]

٧-بەستنی پەیوەندیی توندوتۆڵ بە خوای گەورەوە: بە وازهێنان لە گوناح و تاوان، گەورەو گچکەی و، بەردەوامبوون لەسەر زیکرەکانی ئێواران و بەیانیان و ،چوست و چالاکتر بوون لە بوارەکانی: بانگەوازو کۆمەڵکارییداو، بیرکردنەوە لە چۆنییەتی کەسبکردنی لایەنگران و ،نەخشەدانان و هەوڵدانی پشوودرێژانە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی دینەکە.. تا زیاتر دووربینیی و بەرپرسیی و مشورخۆریی کاری ئیسلامیت لەبەربێت.

٨- خۆیندن و لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی ئەزموونی کەسانیتر: مێژووی ژیانی ناوداران لە خاوەن فیکرو کاریگەرانی واقیعی مرۆڤایەتیی، دیراسەکردنی ئەو کتێبانەی سەرچاوەی ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندانەن.[٢]

---

(١) سەرنجدەرە ئەو دووربینییەی سەید قوتب (رحمەالله)، کە (١٩٦٦) ئیعدام کراوە، پێشتر کتێبی (المستقبل لهذا الدين) نووسیووە!! کە دەفەرموێ: (داهاتوو بۆ ئەم ئیسلامەیە).

(٢) وەکو تاريخ الإسلام/ الذهبی کە ٥٣ بەرگە، مێژووەکانی طەبەریی وئیبنوکەثیرو ئیبنوعەبدورەببە وکتێبەکانی ئیبنولجەوزیی وئیبنولقەیم رحمهم الله.

- جارێـك (ئیبنولجـەوزی) -رحـمه الـله- [1] لەسـەر مینبـەربوو، مـەوعیزه (ئامۆژگاریی)دەدا، کابرایەکی شیعەی رافیزیـی هەسـتاو، بـۆ ئەوەی ئیحراجـی بکات، پرسیارێکی لێکرد، وتی:زانـای گـەورەمان، ڕای خۆتمـان پـێ بفەرمـوو، دەربارەی (ئەبوبەکر)و (عەلی)، کە کامیان چاکتربوون، تا لێتـەوە وەربگـرین و بیگەیێنین.

ئیبنولجەوزیی (رحمه الله) زوو زانی ئەمە ڕافیزە ییەو، دەیەوێت وەڵامێکـی بداتەوە، ئەو رافیزانە تەرە بکات، کە هاتوونەتە کۆڕەکەی..

بۆیە یەکسەر وتی : (أَفْضَلُهُمَا مَنْ كَانَتْ ابْنَتَهُ تحتهُ).[2]

واتە: باشترینیان ئەو کەسەیانە، کە کچەکەی ژنی ئەوبوو!

ئەمە دوو مانـا دەگـەیێنێـت، کـە هـەر یـەکێکیان وەرگیرێـت، گـەورەیـی و پیاوچاکیی سەیدنا ئەبوبەکرو سەیدنا عەلی نیشان دەدات.

کۆڕەکەشی تێکنەداو، نە شیعەکان و نە سوونئەکانیش، هـەڵوێسـتی دژیـان وەرنەگرت و (دووڕووە رافیزەکەش بەئاکامی خۆی نەگەیشت).

ئەوە دووربینی (ئیبنولجەوزیی) رەحمەتی نیشاندەدات.

لەو ئەزموونانەی دووربینی دەنوێنن ئەم هەڵوێستەی شێخ حەسەن بەننایـە (رحمه الله) :

_( سەیدقوتب) پێش ئیسلامەتییەکەی، بابـەتێکی لەسـاڵانی سـییەکاندا لـە

---

(١) سـاڵی ٥٩٧ك کـۆچی دوایـی کـردووە، ئەوەنـدە زۆری نووسـیوەکە دابەشـدەبێت بەسـەر هـەموو تەمەنیدا بەقۆناغی منداڵیشیەوە رۆژی سێ پەڕەی بەردەکەوێت!

(٢) الذهبي/ سیر اعلام النبلاء (٣٨/٢١) واتە: ئەو کەسەیان چاکترینە کـە کچەکـەی ژنـی پێغەمبـەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ،کەسەیدنا ئەبوبەکرە باوکی خاتووعائیشە خوا لێـی رازێ بێـت. هـەروەها سەیدنا عەلییە خوا لێی رازی بێت،چونکە کچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کـە خـاتوو فاتیمەیە- خوا لێی رازێ بێت- ژنی سەیدنا عەلییە!.

ڕۆژنامەی (الأهـرام) دا نووسـیبوو ،کـە تێیـدا داوای: ڕووت وقـوتی ئافرەتـانی کردبوو.. ڕووت بێپۆشاك! هـەر وەکـو، کـە لـەدایکبوون، بـە ئیعتیبـار شـتێکی سروشتییە!..

نوسەرێکی ئیخوانیش، بابەتێکی دژیی لەبەرپەرچی بابەتەکـەی (سـەیـد)دا نووسی و، هێنایە لای شێخ (حەسەن بەننا)، تا بیبینێت.

ئەگەر پێی چاکبوو بڵاوی بکەنەوە، نوسەرەکە ناوی (مەحمود )بوو.

(ئیمام بەننا) خوێندیەوە، بەڵام وەکو غەیری عادەتی خـۆی، سـەری دانەوانـدو بێـدەنگبوو، پاشـان ڕوویکـردە (مـەحمود)و وتـی: بابەتەکـە بـەهێزە، شـێوازی دارشتنی ڕەوانبێژانەیە، بەڵگەکانی بەهێزن، شایانی بڵاوکردنـەوەیـە، پێشـتریش ڕێگام داویت بابەتیترت بڵاوبکەیتەوەو، لە هەندێك ڕۆژنامـەی ڕۆژانەدا شـتت نووسـیووە، بەڵام ئـەمجارە شـتێکم هاتۆتـە زەینـەوە، کـە حەزدەکـەم بیخەمـە پێشچاوت.. وتی:

یەکـەم: گومـانی تێـدانییە، بابەتەکـەی یەکـەم ئیسـارە دەکـات و، هەسـتی موسوڵمانان بریندارەدەکات.

دووەم: نووسـەری ئـەو بابەتـە گەنجـەو، کەوتۆتـە ژێرکاریگـەریی ئـەو بارودۆخەوە، کە تێیدا دەژی، کە تۆش و منیش دەزانین چۆنە!

ئەوە ئەو کەشوبارو دۆخەیە،کە هەڵوێستی وای پێگرتۆتەبەر.

سێیەم: مەبەستی ئەو گەنجە،کە مەقالەکەی نووسیووە ،هەر ئەوەنـدە نیـیە، کە گوزارشت لە دیدو ڕای خۆی بکات، بەڵکـو هەوڵێکـە بـۆ سەرنجڕاکێشـانی خەڵکی بۆلای خۆی، بە پێـی ئـەو ڕێسـایەی داب ونـەریتی خۆیـان، کـە دەڵـێ: (الغاية تبرر الوسيلة: واتە گەیشـتنە مەبەسـت، هـەموو شـێوازەکارێك بەشـیاو دەزانێت).

چوارەم: خوێنەرانی ڕۆژنامەی (الأهرام)، ژمارەیەکی کەمی خوێندەواری ئـەم وڵاتەن، واتە: (میسر).

هەموو خوێنەرانی (ئەهرام) ئەو بابەتەیان نەخوێندۆتـەوە، چونکـە زۆرینـەی خوێنەرانی (ئەهرام) هەواڵەکانی دەخوێننەوە.

زۆر لەو کەسانەش، کە مەقالەکەیان خوێندۆتەوە، سەرپێی سەیریانکردووەو ناوەڕۆکی ڕاو بۆچوونەکەی تێنەگەیشتوون، چونکە عادەتەن بابەتی سـەرەکیتر دەخوێننەوە تێیداو، بابەتەکانیتری هەروا چاوی پێدادەخشێنن.

پێنجـەم: ئەگـەر ئـەم بابەتـەی تـۆ لەبەرپـەرچی بابەتەکـەی (ئـەهرام)دا بڵاوبکەینەوە ئەنجامەکەی ئاوا دەبێت:

أ- بڵاوکردنەوەی ڕەددەکە خەڵکانێکی تر دەخرۆشێنێت، کـە بابەتەکـەیـان نەخوێندۆتەوە، هەروەها ئەمانەی سەرپێییانە چاوێکیان پێداخشاندووە.

ئەمانـە هـەموو دەچنـەوە سـەر بابەتەکـەو، وردەکارانـە بـە سـەرنجەوە دەیخوێننەوە، ئەمەش وا دەکات نـاوەڕۆکـی مەقالەکـە ببێتـە جـێ موناقەشـەی چەندەها کۆڕو کۆمەڵی خەڵکی.

هەنـدێکیش زیـاتر بایـەخی پێـدەدەن و دەبـنە لایـەنگیریی، کـەوابوو: ئێمـە بێئەوەی مەبەستمان بێت، بوین بە ئامێرێك بۆ هێنانەدیی مەبەسـتەکانی کـابرای خاوەن بابەت و، بووین بە هۆکاری هاندانی خەڵکی، بۆ خوێندنـەوەی بابەتەکـەو ناساندنی نووسەرەکەی.

ب- بێئەوەی مەبەستمان بێت بووین بە هۆی سەرنجڕاکێشـانی خـەڵکـی بـۆ جۆرێك بێئەخلاقیی، کـە دەشـێت ئەوانـەی نەفسـییەتیان نزمـە، بـڕۆن بـەدوای مەبەسـتەکەدا! بەڵام ئەگەر بەرپـەرچمان نەدایـەوەو، لێیگـەڕایـن بەبێـدەنگی بەسەرخەڵکە بێئاگاکەدا تێدەپەڕێت، بێئەوەی بایەخی پێبـدەن.. ئـاوا باسـەکەش بیردەچێتەوە.

ج- بەرپەرچدانـەوە جۆرێکـە لەبەربـەرەکانی، کـە بەرامبـەر دەخاتـە دۆخ و کەشی کەلـلـەڕەقیـی و خۆئامادەکردنـەوە، بـۆ بابـەتێکی تـری توندتر،چونکـە

کەللەڕەقییەکەی توندڕەویی دەکات و، هەرچەند بشزانێت ڕاو بۆچوونەکەی هەڵەبووە، بەڵام هەر سووردەبێت لەسەریی.

ئێمە بەم کارە، ڕێی پاشگەزبوونەوەو گەڕانەوەیان بۆ حەق لێگرت، چونکە ئیتر هەست بە (ئیحراج بوون)دەکات و،حەزیش بکات بێتەوە سەر حەق، نایاتەوە.

لەم حاڵەتەشدا ئێمە زیانمان لێدەکەوێت،زیانێك کە خۆلێلادانی لەدەست خۆماندابوو.

ئێمە چوزانین دەشێت ئەم گەنجە لەخەوی غەفڵەت خەبەری ببێتەوەو، بێتەوە سەر دیدو هەڵوێستی ڕاست، دەشێت ڕۆژێك بێت ئەم پیاوە بکەوێتە بانگهێشتی خەڵکی بۆ ئیسلام.

- پاشان وتی: کاکە محمود ! ڕات چییە لەسەرئەم بیرۆکانەی بەبیری منداهاتوون؟

-مەحمود دەڵێ: عەرزمکرد:زۆر پەسەندن و ڕامیان گۆڕیی..

ئیتر بابەتەکەی خۆمم هەر لەوێ دڕاند.

-بەڵام بڕوانە ئەوە لە ساڵانی سییەکانی(سەدەی ڕابوردوودا) بوو.. ساڵ هاتن و چوون و، سەید قوتب (رحمە اللە) بوو بە یەکێك لە مەشخەڵە بڵێسەدارەکانی بانگەوازو، شەهیدێکی ناوداری شەهیدان.

نهێنی ئەمە، یەکەم لەهیدایەت و ڕێنیشاندانی خوای گەورەو قەدەریدایە، پاشان ئەو دووربینییەی شێخ حەسەن بەننا (رحمە اللە) ئەو بۆچوون و خوێندنەوە ئیلهامە.

-جارێکی تر هەر شێخ حەسەن بەننا (رحمە الله) بینی دووبرا کەوتوونەتە موناقەشەیەکی توندو قوڵەوە، لەسەر بڕی تەڕکردنی سەر لە کاتی مەسحی سەرو دەستنوێژدا..

ئەوەندە راجویێ و ناکۆکبوون لێك هەڵسڵەمینەوەو دەستیاندایەیەك!

شێخ پێیوتن: وەرن ئەم سەرەی من لە بڕین بپارێزن، چونکە پیلانی سەختی بەرامبەر دارێژراوەو، دوژمنانی ئیسلام هەر دەیبڕن.. دوای ئەوە وەرنەوە سەر ئەو راجوێییە، کە بڕی داواکراو لەمەسحی سەردا چەندە؟!.[١]

٩- بیرکردنەوە لە ئەنجام و داهاتوی کورتبینیی و کورتبینان: چ لە کۆمەڵکاران و چالاکوانانی کاری ئیسلامی، چ لە خەڵکانی موسوڵمانی تر بەگشتی. سەرنجدان و بیرکردنەوە لەو حاڵەتەی ئەمانە گەیشتونێ، دەبێتە هۆکارێکی تری چارەسەری کورتبینیی و هاندانێك دەبێت بۆ بیرتیژیی و خۆڕاهێنان لێی.. إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

---

(١) هەر واشبوو (رحمەاللە) لە شوباتی(١٩٤٩ ) دا تیرۆریان کرد، فەرمانی تیرۆرەکەش مەلیك و سەرۆکی حکومەت دایان ڕشتبوو.

بژاری دەروون: نەخۆشی پێنجەم (٦)

# گۆشەگیریی تاکڕەویی

# (العزلة)

پێناسەی گۆشەگیریی (العزلة).

هۆکارەکانی گۆشەگیریی و تاکڕەویی.

ئاسەواری گۆشە گیریی و تاکڕەویی.

خۆ پاراستن و چارەسەری گۆشەگیریی و تاکڕەویی.

## گۆشەگیریی تاکڕەویی[1] (العزلة):

گۆشەگیریی، کە بەرامبەر (العزلة)ی عەرەبیە، دەبێ بزانین عەرەبیەکەی چ واتایەك دەبەخشێت؟

**یەکەم: واتای گۆشەگیریی (العزلة):**

أ- لە ڕوی زمانەوانییەوە: العزلة أو التفرد في اللغة: الابتعاد أَو التَنَحّي جانِباً: واتە: دوورکەوتنەوەو کەنارکەوتن. ئیبنومەنظور (رحمه الله) دەفەرمووێ: (عَزَلَ الشيءَ يَعْزِلُهُ عَزْلاً وعَزَّلَهُ فاعْتَزَلَ وانْعَزَلَ وتَعَزَّلَ: نَحَّاه جانِباً فَتَنَحَّى) .

واتە: خستیەلاوەو ئەویش لاکەوت، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّهُمْ عَنِ ٱلسَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ ٢١٢﴾ الشعراء: ٢١٢.

واتە: دوورن لەوەی ببیستن، چونکە ڕێیان لێگیراوەو بیستنیان لێ قەدەغەکراوە.[2]

ب- لە ڕوی زاراوەییەوە: بریتییە لەوەی، کە کەسێك ژیانی تەنهایی پێ چاکتر دەبێت وەك لە ژیانی هەرەوەزیی و کۆمەڵکاریی، بەوەی، کە ئیسلام لە خۆیدا دەچەسپێنێت، بێئەوەی هەقی هەبێت بەسەر کەسانی ترەوە، ئەگەرچی دەشیانبینیت وا گومڕادەبن و دەفەوتێن.

یان ئیسلام لە خۆیدا دەچەسپێنێت و هەوڵیش بۆ ئیسلام دەدات، بەڵام

---

(١) گۆشەگیریی لە کوردییدا ئەوەیە:کە کەسێك گۆشەیەکیماڵەکەی گرتووەو نایەوێت تێکەڵ بەوانیتر ببێت، کە لەوێن،یان دەچێتە شوێنێك، کە هاتۆچۆی کەسی بەسەرەوە نەبێت و کەسی لێ نەژی. وەکو لاپەڕی گوندێك، ئەشکەوتێك. بەڵام لێرەدا مەبەست لەگۆشەگیریی هەستی دەروونیە، کە تاکڕەو دەبزوێت و هەقی کەسی نیە با لە شاری قەرەباڵغیشدا بێت.

(٢) لسان العرب (١١/٤٤٠ مادة: عزل).

تاکڕەوانە کاردەکات. دوورە لە کۆمەڵکاریی و هاوکاریی و هاریکاریی خەڵکە کۆمەڵکارەکان، یان تاکڕەوەکانی تری وەك خۆی.

### دووەم: هۆکارەکانی گۆشەگیریی و تاکڕەوویی:

١- پابەندبوون بە هەندێك دەقەوە، جودا لەدەقەکانی تر: هەندێك فەرموودە هەن کە گۆشەگیریی هاندەدەن و مەدحیدەکەن، کە کەوتوونەتە بەرچاوی کەسێك، کە خۆی زۆر حەزی لە تێکەڵاویی و کۆمەڵکاریی نییە.

ئیتر دەیکاتە بەڵگەی گۆشەگیرکەوتن و تاکڕەویی خۆی، بێئەوەی بزانێت یان بیەوێت ،کە ئەو دەقانە دەبێت لەگەڵ هەموو دەقەکانی تری ئەو بوارەدا بسازێنرێن.

وەک: ئایەت و فەرموودەو سیرەو سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و مێژووی ژیانی یاوەران و تابعین، نەك بەجیا هەر خۆیان وەرگیرێن و بکرێنە (مەنهەج).

هەروەها دەبێت ئەو بارودۆخ و پاڵنەرانەی رەچاوبکرێن، کە دەقەکانی گۆشەگیرییان تێدا هاتووە..

لەو دەقانەی هانی گۆشەگیریی دەدەن:

- (يُوشِكُ أَنْ يَكُونَ خَيْرَ مَالِ الْمُسْلِمِ غَنَمٌ يَتْبَعُ بِهَا شَعَفَ الْجِبَالِ وَمَوَاقِعَ الْقَطْرِ يَفِرُّ بِدِينِهِ مِنَ الْفِتَنِ).[١]

واتە: زەمانە وای لێدێت، کە باشترین هەڵوێست، کە موسوڵمان بیگرێتەبەر، ئەوە دەبێت ،کە ڕانەمەڕێکی هەبێت و بە دوایاندا بڕواتە کەنار چیاو جێیەکی باراناوی (لەوەڕگا: پاوەن)، تا بەدینەکەیەوە هەڵێت و لە فیتنە[٢] ڕابکات.

---

(١) بوخاریی (٧٠٨٨).

( ٢) فیتنە هەموو ئەو هۆکارانەیە، کە کەسێك لە دین دەردەهێنێت، یان دینداریيەکەی لاوازدەکەن.

- کابرایەك لە پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسی: کێ باشترین کەسە؟

فەرموی (رَجُلٌ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِمَالِهِ وَنَفْسِهِ. قَالَ : ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: مُؤْمِنٌ فِي شِعْبٍ مِنْ الشِّعَابِ يَعْبُدُ اللَّهَ رَبَّهُ وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ).(١)

واتە: پیاوێکە،کە بەسامان و گیانی لە پێناوی خوادا جیهاددەکات .

عەرزیکرد: پاشان کێ؟

فەرمووی: موسڵمانێکە چۆتە دۆڵێك لە دۆڵەکان و، خوای پەروەردگاری خۆی دەپەرستێ و، خەڵکی لە خراپەکارییەکانی بە دوور دەگرێت.

- بە حوزەیفەی کوڕی یەمانیشی (خوالێی ڕازی بێت) فەرموو (فَاعْتَزِل تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْت وَأَنْت عَلَى ذَلِك).(٢)

واتە: لەو کاتەی کە فیتنە زۆر دەبێت و تەفرەقە دەکەوێتە ناو موسوڵمانان و پەرتەوازەدەبن، تۆ خۆت لە هەموو کۆمەڵەکان گۆشەگیربکە، ئەگەر بتوانی قەپاڵبکەیت بە ڕەگە درەختێکداو تەنها بژیت، تا ئەو کاتەی مردنت دەگاتێ، هەر بەو حاڵەتە بمێنەرەوە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (مِنْ خَيْرِ مَعَاشِ النَّاسِ لَهُمْ رَجُلٌ مُمْسِكٌ عِنَانَ فَرَسِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَطِيرُ عَلَى مَتْنِهِ،كُلَّمَا سَمِعَ هَيْعَةً أَوْ فَزْعَةً طَارَ عَلَيْهِ يَبْتَغِي الْقَتْلَ وَالْمَوْتَ مَظَانَّهُ، أَوْ رَجُلٌ فِي غُنَيْمَةٍ فِي رَأْسِ شَعَفَةٍ مِنْ هَذِهِ الشَّعَفِ أَوْ بَطْنِ وَادٍ مِنْ هَذِهِ الْأَوْدِيَةِ يُقِيمُ الصَّلَاةَ وَيُؤْتِي الزَّكَاةَ وَيَعْبُدُ رَبَّهُ حَتَّى يَأْتِيَهُ الْيَقِينُ لَيْسَ مِنَ

---

(١) موسلیم (١٨٨٨) دەقی هەموو فەرمودەکە: (أَنَّ رَجُلا أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ؟ فَقَالَ: رَجُلٌ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِمَالِهِ وَنَفْسِهِ. قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ : مُؤْمِنٌ فِي شِعْبٍ مِنْ الشِّعَابِ يَعْبُدُ اللَّهَ رَبَّهُ وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ) .

(٢) بوخاریی (٦٦٧٣)، موسلیم (١٨٤٧).

النَّاسِ إِلَّا فِي خَيْرٍ).[1]

واتە : لە باشترین ژیان بۆ خەڵکی، ژیانی پیاوێکە جڵەوی ئەسپەکەی بە دەستەوەیەو خۆی بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا ئامادەکردووەو باڵیپێ گرتووە (بە پەرۆشە بۆ جیهادکردن) هەر کە هاوارو یان قیژەیەك دەبیستێت باڵدەگرێتەوەو خۆی دەگەیەنێتێ.

مەبەستی شەهیدبوونێتی، یان مردنێتی لەو شوێنەدا، هەروەها ژیانی کەسێکە کە بە چەند بەرخێکەوە چۆتە دەشتێك لەو دەشتانە، یان دۆڵێك لەو دۆڵانە، نوێژی خۆی دەکات و زەکاتی خۆی دەدات و تا مەرگی دەگاتێ. ئاوا لەوێ خوای خۆی دەپەرستێ.. کەس لەو زیاتر لە خێرو چاکەدا نییە.

- لە بەرامبەر ئەم دەقانەشدا دەقی تری قورئان و فەرمووده هەن کە داوای کۆمەڵکاریی و پێکەوەبوون دەکەن و دژواریی و مەترسی تەفرەقەو لێکهەڵبڕان و تاکڕەودیی دەخەنە بەرچاوی موسوڵمانان لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ المائدة: ٢.

واتە: لەسەر چاکەو دینداریی سەر ڕاستانە (تەقواکاریی) یارمەتیدەری یەکتریی بدەن، لەسەر گوناح و دەستدرێژی یارمەتیدەری یەکتریی مەدەن.

- ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا﴾ آل عمران: ١٠٣.

واتە: هەمووتان دەستەجەمعی دەست بە دینەکەی خوای گەورەوە بگرن و تەفرەقەتان تێنەکەوێت و خۆ پەرتەوازە مەکەن.

- ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾﴾ الصف: ٤.

(١) بوخاریی (٣٢٢٠)، موسلیم (٢٣٠٨).

واتە: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت، کە لە پێناوی ئەوداو بۆ سەرخستنی دینەکەی کوشتاردەکەن و ڕیز وەستاون وەکو خشتی دیواری ڕێک یەکترییان گرتووە .

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ:

(...إِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ، وَعَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ الاثْنَيْنِ أَبْعَدُ، مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ فَلْيَلْزَمِ الْجَمَاعَةَ...).(١)

واتە: ئامان لە ناو خۆتاندا نەکەونە تەفرەقەسازیی. کۆمەڵکارانە بە قورئان و سووننەتەوە پابەندبن. شەیتان بەسەر تاکدا زیاتر زاڵدەبێت و کەمتر دەرەقەتی دوو کەس دێت. هەر کەس دەخوازێت ناوەڕاستی بەهەشتی مسۆگەر بێت، با بەکۆمەڵی موسوڵمانانەوە پابەندبێت.

- هەروەها دەفەرمووێ: (يَدُ اللَّهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ).(٢)

واتە: دەستی خوای گەورە وەل کۆمەڵی موسوڵماناندایە.

- هەروەها (وأَنَا آمُرُكُم بِخَمْسٍ أَللهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ: بِاْلجَمَاعَةِ وَالسَّمْعِ وَ الطَّاعَةِ وَ الْهِجْرَةِ وَ اْلجِهَادِ فِي سَبِيْلِ الله، فَإِنَّهُ مَنْ خَرَجَ مِنَ اْلجَمَاعَةِ قِيْدَ شِبْرٍ فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ اْلإِسْلاَمِ مِنْ عُنُقِه إِلَى اَنْ يَرْجِعَ، قَالُوْا يَا رَسُولَ اللهِ وَ اِنْ صَامَ وَصَلَّى؟ قَالَ وَاِنْ صَامَ وَصَلَّى وَزَعَمَ أَنَّهُ مُسْلِمٌ..).(٣)

---

(١) ترمذی (٢١٦٥)، ئەحمەد (١٨/١) شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (صحيح ابن ماجە/٢٣٦٣) و لە(سلسلة الاحاديث الصححيه/٤٣١)دا فەرموویەتی (سەحیح)ە. دەقی هەموو فەرمودەکە ئەمەیە: (أُوصيكُمْ بِأَصْحَابِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ يَفْشُو الْكَذِبُ حَتَّى يَحْلِفَ الرَّجُلُ وَلاَ يُسْتَحْلَفُ، وَيَشْهَدُ الشَّاهِدُ وَلاَ يُسْتَشْهَدُ، أَلاَ لاَ يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلاَّ كَانَ ثَالِثَهُمَا الشَّيْطَانُ، عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ، وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ الاثْنَيْنِ أَبْعَدُ، مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ فَلْيَلْزَمِ الْجَمَاعَةَ، مَنْ سَرَّتْهُ حَسَنَتُهُ وَسَاءَتْهُ سَيِّئَتُهُ فَذَلِكُمُ الْمُؤْمِنُ).

(٢) ترمذی (٢١٦٧)، ئیبنوماجە (٣٩٥٠)، حاکم (١١٥/١)، ئیبنوئەبی عاصم: السنة (٨٥) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/ ١٨٤٨)دا دەفەرموێ سەحیحە.

(٣) ترمذی (٢٨٦٣)و فەرموویەتی: (هذا حديث حسن صحيح غريب). حاکم (١٥٣٤) و فەرموویەتی: ←

واتە: منیش فەرمانتان بە پێنج ڕەفتار پێدەکەم، کە خوای گەورە فەرمانی پێداون: کۆمەڵکاریی و گوێڕایەڵیی و ملکەچیی و هیجرەتکردن و جیهادکردن لە پێناوی خوادا.. هەر کەسێك بری بستێك لە کۆمەڵی موسوڵمانان دووربکەوێتەوە ئەوە ئینتیمای موسڵمانێتی لە ئەسۆی خۆی داماڵیووە، قبوڵ نابێتەوە تا نەگەڕێتەوە. عەرزیانکرد ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەگەرچی نوێژیش بکات و ڕۆژووش بگرێت؟!

فەرمووی: ئەگەرچی نوێژیش بکات ڕۆژووش بگرێت و لافی موسوڵمانێتیش لێدات!.

بە دڵنیاییەوە هەر کەسێك دەقەکانی یەکەم بە تەنها وەربگرێت _کە هانی گۆشەگیریی و دوورەپەرێزیی دەدەن_ تووشی نەخۆشی گۆشەگیریی و تاکڕەویی دەبێت.. چونکە ئەو دەقانەو ئەم دەقانەی پۆلی دووەمیش دەبێت پێکەوە بخوێندرێن و، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی ئیسلام لە هاتنییدا بچەسپێنرێن.[1]

٢- ئیقتیداکردن بە گۆشەگیریی هەندێك یاوەرو پێشەوا بێزانینی پاڵنەری گۆشەگیریی ئەوان: دەشێت کەسێك کە خۆی بە هەر هۆکارێکی شەخسی، یان خانەوادەیی، یان دەرەکیی، حەزی لە تێکەڵاویی زۆر نەبێت و بێزاربووبێت لە ڕاجوێیی ناکۆکی موسوڵمانان، کە لە خوێندنەوە یان بە بیستن زانیوێتی، کە یاوەری بەڕێزی وەکو (ئەبوذەڕی غیففاری)، یان (ئیبنوعومەر) -خوا لێیان ڕازی بێت - هەروەها یاوەرانیتر گۆشەگیربوون، ئەمیش دەیکاتە بەهانە و خۆی گۆشەگیردەکات!.

---

بە پێی مەرجەکانی بوخاری و مەسلیمەو سەحیحە، ئەحمەد (٢٠٢/٤)، شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح الجامع الصغیر/١٧٢٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

(١) بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەبینین وڵاتان رەگەزنامە (جنسیە)ی خۆیان دەدەنە گەنجی وڵاتانیتر تا رایانکێشنە کۆمەڵگەو دەوڵەتی خۆیانەوە. پەیانی نێودەوڵەتیان لە نێواندایە. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر لە هەر وڵاتێکی موسوڵماندا دووهەزار داعی گۆشەگیر هەبێت! کێ زیانی لێدەکەوێت؟

دەشێت پاڵنەری ئەسڵی ئەم هەڵوێستەی بێئومێدیی بووبێت لە یەکخستنی موسوڵمانان و لە قاڵبدانیان، کۆکردنەوەی موسوڵمانانی وڵاتێك لەسەر یەك دیدو بژاوت و هەڵوێست مەحاڵە، چونکە سروشتی مرۆڤەکان جیاوازن و تێگەیشتنیان لە دینەکە جیاوازەو، رادەو ئاستی دیندارییان جیاوازەو ئەولەویەتی بانگەوازو کۆمەڵکارییان جیاوازەو بارودۆخی ناوچەکانیشیان جیاوازە..

ئەم کەسە کە دەبینێت موسوڵمانانی بۆ یەکناخرێت، رەشبین دەبێت و گۆشەگیریی هەڵدەبژێرێت، دەڵێ: خۆم لە (فیتنە) دەپارێزم و بەڵگەشم هەیە کەکارێکی شیاو دەکەم.

ئەم گۆشەگیرە بەرێزە کارێکی شیاو ناکات و نازانێت ئەمە نەخۆشییەکی دیندارییەو لە ناخیەوە تووشیبووە، چونکە ئەوە رەچاوناکات، کە ئەو یاوەرە عەزیزانەی گۆشەگیر ژیان، لە کاتێکدابوو یاوەرانی ترو سەرانی خواناس لە دوو بەرەی دژ بە یەکتریدابوون و، بۆ کوشتنی یەکتریی وەستابوون (وەکو جەنگی جەمەل و صیففین)،ئیجتهادیان کردو وتیان: دەستمان بە خوێنی یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سورناکەین، کە خوای گەورە لێیان رازیبووە.. ناشزانین کام لایان لەسەرحەقن، هەڵوێستەکەمان لێ روون نییە، بۆیە گۆشەگیربوون.

- ئیمامی مالیکیش (رحمه الله) لە کۆتایی ژیانییدا (١٦٤ك کۆچی دوایی کردووە) خۆی گۆشەگیرکردو فەرمووی: شەڕوشۆڕی ناو موسوڵمانان و شەڕەپاڵی دەسەڵات زۆربووە، منیش نامەوێت رووبەڕوی دەسەڵاتدارانی موسوڵمانان بوەستمەوە و خەڵکێك لەگەڵمدا بن و بکوژرێن.

ئەو کەسەی لەم سەردەمەدا دەخوازێت: گۆشەگیر بژی دیندارییەکەی نەخۆشەو گۆشەگیریی ئەو یاوەرانەشی بۆ نابێتە بەڵگە[1].

---

(١) سەردەمی نەمانی خیلافەت و حاکمێتی شەرع، زەمانی حوکمی کوفری عەلەمانیەت و ←

٣- وا گومانکردن، کە کۆمەڵکاریی ئیلغاکردنەوەی تاکە: ئەوکەسانەی (لە دیدێکی حزبیانەی سەردەمەوە) وا تێگەیشتوون یان وا گومان دەبەن ،کە کۆمەڵکاریی کەسایەتی و چالاکیی و ئیجتهادی تاکەکان ئیلغادەکاتەوەو کاریگەریی سلبی لەسەر کەسایەتیان درووستدەکات.

ئەوانە بە ڕاستی لەوە بێئاگان کە مەنهەجی ئیسلام پارسەنگانە تاکو کۆ ئاڕاستەدەکات. بە شێوەیەك کە تاك هەموو سیفەتەکانی کەسایەتی خۆی گەشە پێدەدات و، لە هەمان کاتی گەشەپێدانەکەیدا ،گەشە بە کۆمەڵکارییەکەش دەدات. (وەکو بازنەو تەوەری ناو سەعات کە خۆشیان دەبزوێن و کۆمەڵەکەشیان دەخەنە گەڕ و بەکاری هەموان کات دەبەنە پێش و خزمەتەکە دەکەن).[١]

درووستبوونی ئەم هەست و ڕایە لای کەسێك، حەتمەن گۆشەگیریی دەکات و لە کۆمەڵکاریی دووریدەخاتەوە. چونکە لەوە سڵدەکاتەوە کە کۆمەڵکاریی کەسایەتیەکەی (ئیلغا)دەکەنەوە.. ئاوا تاکڕەوانە کاردەکات، یان گۆشەگیردەکەوێت.

لە هەردوو حاڵەتدا دەرەقەتی واقیعەکە نایات و بۆی ناگۆڕرێت، سەرەنجام دەبێتەوە بە مەلەوانی ماندوی بەر لافاوەکە! ناچار خۆی تەسلیمدەکات و دەبێتە (ئیممەعە) کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: (لَا تَكُونُوا إِمَّعَةً، تَقُولُونَ: إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَحْسَنَّا).[٢]

---

ریشەکێشکردنی موسوڵمانان و پێشێلکردنی مافیان و بێڕێزکردنی بەها پیرۆزەکانیان. بۆشی نابێتە بەڵگە چونکە ئەو زەمانە نە کوفرو کافر حاکم بوون و نەداوەریی دەبرایە لای یاسای کوفر و هێشتا زەمانی یاوەران و قوتابیەکانیان بوو.

(١) یان وەکو کاری شانۆو تیپی مۆسیقا و تیمی تۆپێن هەریەکەیان ووزەی خۆی لە پێشخستنی خۆیدا دەخاتە گەڕ، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵکارییەکەی پێش دەخات. هەمووشیان پێکەوە هەماهەنگ و گونجاوانە بە پێی تەعلیمات کار دەکەن.. کەمانچە ژەنێك لە ناو تیپەکەیدا ناشێت بە شێوازێکی جیاواز لە نۆتەی داواکراو دەست و پەنجە و ژێیەکان بجوڵێنێت.

(٢) دەقی هەموو ریوایەتەکە ئاوایە: (لَا تَكُونُوا إِمَّعَةً، تَقُولُونَ: إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَحْسَنَّا، وَإِنْ ظَلَمُوا ←

واتە: واتان لێ نەیات هەرشوێن قەرەباڵغی بکەون! ئەگەر خەڵك چاكبوو ئێوەش چاكبن، ئەگەر خەڵكی خراپبوون ئێوەش خراپبن.

ئەم کەسە شارەزای مەنهەجی ئیسلام نەبووەو ماوێتی لەوە تێبگات، کە چۆن ئیسلام تاك تاكی یاوەرانیشی پەروەردەدەكردو،بە ئاراستەی دەق و ڕووداوەكانیش كۆمەڵكاریی ئوممەتیانەی گەشە پێدەدا، چونكە ئیسلام نایەوێت شوێنكەوتووەكانی دوورەپەرێز پەروەردەبن،بەڵكو دەیەوێت كۆمەڵكارانە بژین و گەشەبكەن،هەر یەكەشیان بە تەنها موحاسەبە دەكرێت..

هەر كەس تەحەممولی هەڵەو گوناحی خۆی دەكات، چونكە گوناح و هەڵە لە سەرپێچیكردنەوە هاتووە لە فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) .

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ٣٨﴾ المدثر: ٣٨.

واتە: هەموو كەسێك گیرۆدەی ئەو كاروبارانەیە، كە خۆی ئەنجامی داوون

هەروەها: ﴿كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ ٢١﴾ الطور: ٢١

- هەروەها ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ﴾ فاطر: ١٨.

واتە: كەس گوناحی كەسی تر ناگرێتە ئەستۆی خۆی.

- ﴿لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا﴾ البقرة: ٤٨.

واتە: هیچ كەسێك لە قیامەتدا بە هانای كەسێكی ترەوە نایات.

- ئەركی موسوڵمانەو فەرزە لەسەری ئامۆژگاریی موسوڵمانانی تر بكات، چونكە دین ئامۆژگاریكردنە، وەكو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ).[1]

---

ظَلَمْنَا، وَلَكِنْ وَطِّنُوا أَنْفُسَكُمْ، إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَنْ تُحْسِنُوا، وَإِنْ أَسَاءُوا فَلَا تَظْلِمُوا) ترمذی (٢٠٠٧)، شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (ضعیف سنن الترمذی) دابە زەعیفی داناوە، بەڵام وەكو قەولی ئیبنومەسعوود خوا لێی رازی بێت بە سەحیحی داناوە.

(١) موسلیم (٥٥)، ئەبوداوود (٤٩٤٤)، نەسائی لە (لكبری/٧٧٧٣ )، ئەحمەد (١٧٠٦٤).

- هەروەها دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ، وَالْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ، يَكُفُّ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ، وَيَحُوطُهُ مِنْ وَرَائِهِ).(١)

واتە: موسوڵمان ئاوێنەی موسوڵمانە، موسوڵمان برای موسوڵمانە، ناهێڵێت زیانی پێبگات و لە پشتیەوە بۆی دەبێت بە پەرژین و دەیپارێزێت.

لە ریوایەتێکی تریدا دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ، إِذَا رَأَى فِيهِ عَيْبًا أَصْلَحَهُ).(٢)

واتە: موسوڵمان ئاوێنەی برا کەیەتی، ئەگەر نوقسانییەکی تێدابینی بۆی چاک دەکاتەوە.

- یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە خزمەتیدا پەروەردەبوون و هەر یەکەشیان کەسایەتی خۆی ما.

موسوڵمانان بە درێژای مێژوویان لەگەڵ یەکترییدا ژیان و کەسمان نەبینی کەسایەتیەکەی فەوتا بێت. یەکێکمان نەبیست لە کۆمەڵکارییدا وا توابێتەوە ناوی نەمابێت..(٣) بە پێچەوانەوە ،کەسایەتیە بەهێزەکان دەبینن راوێژکارن، فەرماندەرن بە چاکەو بەر هەڵستکارن لە خراپە. کەسایەتی کەسیان نە لە ئوممەت و نە لە کۆمەڵگەو نە لە دەوڵەتدا نەتواوەتەوە..

ئەوەتا سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت) خەلیفەیە لەسەر مینبەر دەفەرمووێ: ئەگەر هەڵەیەکم کرد ڕاستم بکەنەوە، سەلمانی فارسی (خوالێی ڕازی بێت) لە ناو موسوڵمانانەوە هەڵدەستێت (کاتیش کاتی نوێژی جومعەیەو

---

(١) بوخاریی لە (الأدب المفرد/ ٢٣٩) ئەبوداوود (٤٩١٨) شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الجامع الصغير/ ٦٦٥٦) و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة٦٣٢/٢)دا بە حەسەنی داناوە.

(٢) بوخاریی لە (الأدب المفرد/ ٢٣٩)، ئەبوداوود (٤٩١٨) شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٩٢٦) دا دەڵێ: حەسەنە.

(٣) ئەوە لە حیزبی کۆمۆنیست و سۆشیالیستیدایە کە کەس جگە لە سەرکردایەتی نابێت ناوی ببێت! چالاکی هەر بە ناوی حزبەوە دەکرێت.

جێگاکەش مزگەوتەو پڕە)و دەفەرمووێ: (وَاللهِ لَوْ رَأَيْنَا فِيكَ اعْوِجَاجًا لَقَوَّمْنَاهُ بِسُيُوفِنَا).(١)

واتە: سوێند بە خوا ئەگەر هەڵەیەکت لێ ببینین، بە شمشێر ڕاستت دەکەینەوە!

ئەم بانگەوازە خواییە کەسایەتی مرۆڤ لە ناخەوە دادەڕێژێت و دەپارێزێت،بە پێچەوانەی ئەو گومان و هەڵەحاڵیبوونەوە. ئیسلام نایەوێت شوێنکەوتووەکانی وەکو مەڕ گۆشبکرێن و کوێرانە شوێنبکەون، ئەگەرچی بۆ سەربڕینیشیان ببەن، هەر ڕازی بن و مل لێنێن!

ئیسلام دەیەوێت: موسوڵمان لە ناخییدا ئازاو ئازاد بێت، هەست بە کیانی خۆی بکات، زیت و وریا بێت و، ئاگای لە هەموو واقیعی دەورووبەری خۆی بێت و، ژیرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.

- ئەم گومانە، کە گوایە: گۆشەگیریی جائیزە، حەتمەن سەردەکێشێت بۆ دوورەپەرێزیی و گۆشەگیریی.. کە نەخۆشیەکە و تووشی هەر کەس و کۆمەڵێك بێت ،سستیی دەکات و دەیخات.. هەرچەند زیرەك و بە توانا و لێوەشاوە بێت، ئەگەر کۆمەڵکارانە چالاك نەبێت، دەرەقەتی ئەو واقیعە قورسە نایات.

٤- تێنەگەیشتنی ڕاست و درووست لە کۆمەڵکاریی و ئەرکەکانی: کۆمەڵکاریی ئیسلامی هەموو ژیانی موسوڵمانی چالاك دەگرێ.

کەسێك کە بە تەواویی لە ئەرکەکانی کۆمەڵکاریی شارەزا نەبووە،

(١) ئیمامی ذەهەبی ئەم ریوایەتەی لە (سیر أعلام النبلاء ٣٧٣/٢) دا هێناوەتەوەو بە زنجیرەی سەنەدەکەیدا چۆتەوەو سەلماندوێتی: کە پسانی تێدایە، بۆیە بە زەعیفی داناوە. بەڵام ئیمامی بوخاری لە ( التاريخ الكبير ٩٨/٢) دا دەفەرموێ: إسناده جيد. شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٤٧/١) دا دەفەرموێ: زەعیفە.

کۆمەڵکاریی بەشتێکی زیادەی خۆبەخش و مایەی ڕۆشنبیرکردن دەزانێت![1]

نازانێت کۆمەڵکاریی ئیسلامی هەر هەموو ڕۆژەکانی تەمەنی کۆمەڵکاران دەگرێتەوە. تەمەنی کۆمەڵکار تەواودەبێت و، هێشتا ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی تەواونەبوون. هەر وەکو کە دەشێت تەمەنی نەوەیەکی کۆمەڵکاران تەواوببێت و، هێشتا کۆمەڵکارییەکە لە قۆناغەکانی سەرەتایدا بێت و مابێتی بۆ قوناغی (تەمکین)..

ئەوە جگە لەوەی ئەرکەکانی پاڵفتەی دەروون (تەزکیەی نەفس) کارێکی سات بە ساتی هەر هەموو ژیانن.. لەسەرەمەرگیشدا کۆتایی نایەن!

بۆ نموونە: نییەتپاکیی و دژایەتیکردنی ڕیابازیی،خۆ ئەمە ئەرکێکی هەفتە نییە، لەم هەفتەیەدا ئەنجام بدرێت و، ئیتر کۆمەڵکار نەیاتەوە سەریی!! (لە سەرەتای کۆمەڵکاریتەوە، تا دەبیتە خەلیفەو لە خیلافەتدا دەمریت، ئەرکی سەرشانتە بە نییەتی خواویستی بژیت و بمریت).. ئەرکەکانی تری کۆمەڵکارییش هەروان.[2]

زۆر لەم ئەرکە شەرعییانەی کۆمەڵکاریی لەسەر دڵ و هەست قورسن، چونکە پێچەوانەی حەزو ئارەزووەکانن. بۆیە دەبێت موسوڵمانی کۆمەڵکاری وریا هۆشی لەم خاڵە بێت، کە نەکا ئەوە شەیتان و هەوەس بن، ئەم گۆشەگیرییەی لاشیرین بکەن، تا لە تەکلیفە شەرعییەکان و ئەرکە کۆمەڵکارییەکانی خۆی بدزێتەوە..

---

(١) وادەزانێت کۆمەڵکاریی کۆبوونەوەی هەفتانەی حزبیە!!.

(٢) کرێکار دەڵی:

لە قۆناغی خەباتکردن
ساتێ نیە
موسوڵمان پێی بڵێ سرەوتن
مەگەر مردن.

دەشێت ئەمەی بۆبووبێتە پاڵنەری گۆشەگیریی، نەك هەبوونی بەڵگەی گۆشەگیریی یاوەران!! دەشێت کۆمەڵکارەکە لە سەرەتادا وا نەبووبێت.

چوست و چالاك و بە هیممەت بووبێت و ئەرکەکانی خۆی خێراو چاك و ئاسان جێبەجێکردبێت، بەڵام کە ئەمەی ڕۆژانەو هەفتانە دووپاتکردۆتەوەو، دڵنیاشە کاتی دیاریکراویان نییەو، هەر دەبێت بەردەوام بێت، ئەمە وایلێکردووە حەزی بە گۆشەگیریی بێت.. لەوانەشە پاش گۆشەگیرییەکە، ماوەیەك هەروا چالاك بمێنێتەوە، بەڵام تەنها و تاکڕەوانە .. تا لەمیش ماندوو دەبێت و کەنار دەگرێت.

٥- بیانوی ئەوەی، کە گوایە: تێکەڵکاریی خەڵکی ناهێڵێت بۆ خواپەرستیی لێبڕێت: ئەمەش حیلەو حەواڵەیەکی شەیتان و نەفسە، کە وا لە ناخیدا دەخولقێنێت ،کە تۆ بۆچی بە خەڵکیەوە ئەوەندە خەریکیت؟

باشتر وایە، بۆ نوێژو ڕۆژوو زیکرو قورئان خوێندن لێببڕێیت، نەك بۆ کاری کۆمەڵکاریی و بانگەواز..

تۆ دابنیشیت و سەرنج بدەیتە ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤەو، یادی خوا بکەیت، باشتر نییە لە ئامۆژگاریکردنی کەسانی لاسارو بێگوێ؟!

ئەمە فریوی شەیتانە.

ئەم تێنەگەیشتنە لە خواپەرستیی و بوارەکانی پێچەوانەی ڕەفتاری یاوەرانە، چونکە کۆمەڵکارییش خواپەرستییە.. بانگەوازو ڕێ نیشاندانی خەڵکیش خواپەرستییە..

خۆ جیهاد لە پێشترە وەك لە حەجی سووننەت و ڕۆژوی سووننەت و خزمەتکردنی حاجیانی ماڵی خوا.. پاشان بۆچی ناشێت هەر ئەو سەرنجدانە لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ، لەگەڵ کۆمەڵێك موسوڵمانی تردا بێت، کە پێکەوە

هەر یەکە دیاردەیەکی گەردوونیی، یان نیشانە و ئایەتیکی خـوای گـەورە بـاس بکاتەوە بۆ هەموان و زیکری خوای لەسەر بکەن؟!

ئێ ئەم کۆمەڵکارییە چاکتر نییە لە تاکڕەوییەکە؟!.

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیە (رحمه الله) دەربارەی خواپەرستیی (عیبـادەت) و بوارەکانی دەڵێ: ((عیبادەت) ناوێکی گشتگیرە ، هـەموو ئەوانـە دەگرێتـەوەو کـەخوای گـەورەو پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) پێیـان خۆشـە بــەگوفتارو کــردار، ئاشــکراو پــەنهان.. نــوێژو زەکــات و ڕۆژوو حــەجکردن خواپەرستیین.

پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون و یادی خـواو قورئـان خوێنـدن خواپەرسـتیین، ڕاستگۆیی و پاراستنی ڕاسپاردە (ئەمانـەت)و ڕەفتـاری جـوان لەگـەڵ دایـك و باوك و،هاتووچۆی خزمان خواپەرستیین.

بەڵێن بردنەسـەر خواپەرسـتییە، بانگهێشـتکردنی خـەڵکی بـۆ کـاری خێـرو فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپەو جیهاد کـردن دژی کـافران و دوو ڕوان، هەموی خواپەرستیین، چاکەکردن لەگەڵ دراوسێ و هـەتیوو هـەژارو ڕێبـوارو خزمەتکارو، بەزەیی هاتنەوە بە کەسانی لاواز و نـەرمونیان ڕەفتـارکردن لەگـەڵ ئاژەڵ و گیانلەبەراندا خواپەرستین.

هەروەها خۆشویستنی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ،لە خوا ترسان و گەڕانەوە لای خواو پەرسـتنی و خواویسـتیی و سەرڕاسـتی دینداراییی و، سەبرگرتن لەبەر قەزاو قـەدەری خـوای گـەورە و رازیبـون پێـی و ،پشتبەستن بە خوای گەورە و بە ئومێـدبوونی رەحمـەت و بـەزەیی و، تـرس لـە سزاو ئەشکەنجەی و هاوشێوەکانی تـر هـەمویان هەرخواپەرسـتیین).[1] هـەموو

(١) مجموع الفتاوى (١٤٩/١٠).

ئەمانەی شێخولئیسلام هێنانییەوە، لە قورئان و سوونନەتدا بەڵگەیان هەیە.

- تێکەڵبوونی خەڵك و پێکەوە ژیان و کۆمەڵکاریی، ڕێ لە موسوڵمان نـاگرن کاتی تایبەت بۆ خۆی تەرخانبکات، تا کارێکی شەرعی تێـدا ئەنجامبـدات، یـان نوێژی زیادەی تێدا بکات، یـان زانسـتیەك فێرببێـت، یـان توێژینـەوەی بابـەتێك بکات، قورئان بخوێنێت، لەبەرییکات، لێبکۆڵێتەوە یان دابنیشێت و زیکری خوا بکــات، یــان پێداچوونەوەیــەك بــە ڕەفتــارو هەڵوێســتیدا بکــات، خــۆی موحاسەبەبکات.. ئاماژە بەمە ئا ئەمەیە، کە سەیدنا عومەر (خوالێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (خُذُوا حَظَّكُمْ مِنَ الْعُزْلَةِ).(١)

واتە: پشکی خۆتان لە گۆشەگیریی وەرگرن.

- ڕۆشن نەبوونی واتاکـانی خواپەرسـتیی لـە زەیـن و هۆشـی موسـوڵماندا، گیردانی ماناکانی (عیبادەت) لە دروشمەکانی پەرستندا: (نوێژو زەکات و ڕۆژو حـەج، یـان زیکـرو دوعـاو قورئـان خوێنـدن و... هتـد) وا گومـان بـردن، کـە کۆمەڵکاریی ڕێی ئەم خواپەرستیانەی لێدەگرن، ئەمە هەڵەتێگەیشتنەو حەتمەن دەیگەێنێتە تاکڕەویی و ئینجا گۆشەگیریی.

٦- بەهانەهێنانەوە بەوەی خراپـەکاریی زۆربـووە!: لەگـەڵ خـۆگێلکردنی لـە ڕۆڵی موسوڵمان لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی ئەم خراپەکارییە.

حساب بۆ ئەوە ناکات، کە موسوڵمانان -گومانی تێـدا نیـیە- لـە دینـداریی و کۆمـەڵکاریی و بانگـەواز و جیهـاددا کەمتەرخـەمبوون، بـۆیە وا جاهیلییـەت تەشەنەی کردووەو کوفر باڵادەستبووە.

چارەســەری ئەمــەش گۆشــەگیریی نیــیە، بــەڵکو کۆمــەڵکاریی گشــتگیرو جیددیی و چوست و چالاکییە.

(١) سيرة عمر لابن الجوزي:ل/ ٢٠٥.

ڕۆڵی موسوڵمان:بەرەنگاریکردنەوەی کوفرو شیرك و جاهیلییەتە، بەو شێوازو هۆکارانەی بۆی دەڕەخسێن و، بەو چۆنییەتییەی بۆی دەلوێن.

گرنگ ئەوەیە: لە ڕەنج و خەباتی لادان و رادانیاندا بێت و کۆڵنەدات و پشوودرێژانە ڕووبەڕویان ببێتەوە.. ئەوە چارەسەرە، نەك گۆشەگیریی و دوورەپەرێزیی و ورەبەردان.

هەر موسوڵمانێك لەم هاوکێشەیە بێئاگابێت و، ئەم ڕۆڵەی لە گۆڕانکاریی و بەربەرەکانیدا وەلبکات، حەتمەن بەرەو گۆشەگیریی هەڵدێت و کۆڵدەدات..

ئەگەر زۆرینەی موسوڵمانانیش وابکەن، بە تەئکید جاهیلیەت دەبێتە دیدو هەست و ئینتیماو قیەم و، کوفریش دەبێتە دەسەڵاتداریی تەواو..
ئەمەش کورەی فیتنەو گێژاوی کارەساتەو، هاوکێشەی (تەدافوع) لێرەدا پێچەوانەدەبێتەوە، لە جیاتی ئەوەی ئەهلی ئیسلام، ئەهلی کوفر لابدەن و ڕابدەن،ئەوان ئەهلی ئیسلام لادەدەن و لە دوزاقیان دەنێن و، (فیتنە) لە هەموو لایەکەوە سەر هەڵدەدات و وڵات دادەگرێ.

وەکو، کە خوای کارزان و شارەزا دەفەرمووێ: ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ﴾ البقرة: ٢٥١.

واتە: ئەگەر خوای گەورە هەندێك خەڵکی (کە کافرن) بە هەندێکی تر (کە موسوڵمانن) لانەدایەو ڕانەدایە ،فەسادو خراپەکاریی سەر زەمینی دەگرتەوە.
- هەروەها ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗا﴾ الحج: ٤٠.

واتە: ئەگەر خوای گەورە خەڵکانێکی (کافرو ستەمکار)ی بە خەڵکانێکی تری (ئەهلی دادپەروەریی) لانەدان و ڕانەدایا، هەموو شوێنە بە بەهاکانی خواپەرستیی، کە سوجدەیان بۆ خوا لێدەبرێت خاپوردەکران: دێری خەڵوەتگای

قەشەو و بیەعی جولەکەو کڵێسای مەسیحی و مزگەوتی موسوڵمانان، کە زیاتر زیکری خوای گەورەیان تێدا دەکرێت و ناوی ئەوی زیاتر تێدادەبرێت.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ:

(مَثَلُ الْقَائِم عَلَى حُدُودِ اللَّه وَالْوَاقِـع فِيهَـا كَمَثَـلِ قَـوْم اسْـتَهَمُوا عَـلَى سَـفِينَة فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلَاهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا فَكَانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِن الْمَاءِ مَروا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ فَقَالُوا: لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا وَلَمْ نُـؤْذِ مَـنْ فَوْقَنَـا فَـإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جَمِيعًا).[١]

واتە: نموونەی ئەو کەسەی سنووریی شەرعی خوا دەپارێزێت و، ئەوی ئـەو سـنوورەی بەزانـدووە، وەکـو کۆمەڵـە کەسـێکن لـە کەشـتیەکدا، قورعـەیان ڕاکێشاوە، کە کام کۆمەڵیان لەقاتی خوارەوەی کەشتیەکە بێت و ئەوانی تریـان لە قاتی سەرەوە بێت، هەر دەستەیان شوێنی خۆی بەرکەوتووە.

ئەوانەی لە قاتی خـوارەوەن بـۆ ئـاو هـەڵهێنجان لـە دەریاکـە دەبـوایە بچنـە سەرەوە، کە ئەمەیـان بەلاوە قورسبوو، وتیـان: بـا کونێـك بکەینـە کەشـتیەکە ڕاستەوخۆ ئاوەکەمان بۆ هەڵقوڵێت، ئەمـە چـاکترە وەك لـەوەی هـەموو جارێـك برایانی قاتی سەرەوەمان نارەحەت (ئیزعاج)بکەین و بەسەریاندا بێین و بچین!

ئەگەر ئەوانەی سـەرێ (کـە سـنوور پـارێزانی شـەرعن) لێیـان بگـەڕێن وا ڕەفتاربکەن، کە پێیان چاکە (واتە کونکردنە کەشـتیەکە) بـە تەئکیـد خۆشـیان دەخنکێن و ئەمانیش دەخنکێنن، چونکـە کەشـتیەکەیان پـڕ ئـاو دەبێـت و نقـوم دەبێت، ئەگەر دەستیشیانبگرن و نەهێڵن وابکەن، ئەوە هەم ئەوانیش لـە خنکـان قوتاردەکەن و هەم خۆشیان.

٧- تین و فشاری دوژمـن: دەشـێت هۆکـارێکی سـەرەکی گۆشـەگیریی ئـەم

(١) بوخاریی (٣/١٨٢، ٢٣٧).

کەسـە، ئـەو دیمەنـە دڵتەزێنانـەی مێـژووی بانگـەوازی خواویسـتیی بـن، کـە خۆیندوونی، کە سەیردەکات جۆرەها دیمەنی کارەسات و ناسۆر هاتۆتە سەر ڕێی موسوڵمانان و، بە درێژایـی مێـژوو، هـەر لـەژێـر تـین و فشـاری جاهیلییـەت و گورزی کوفردابوون،جۆرەها سزاو ئەشکەنجەدراون.

ئەو وایدەزانی دینداریی بێئەرکەو ڕەوتێکی ئاسان و موسالیمانەیە، مادام ئەم شەڕ بـە کـەس نافرۆشـێت، حەتمـەن کەسـیش هـەقی ئـەمی نابێـت و بۆخـۆی دینداریی خۆی دەبات بەڕێوە! بەڵام کە چاویکراوەتـەوەو مێـژووی پێغەمبـەران (علیهم السلام) و شوێنکەوتووەکانیانی خوێندۆتەوە، بۆی دەرکەوتووە: کـە ئـەم ڕێگای خواویستییە پڕە لە کەندو کۆسپ و ناسۆر و ژان!

جگە لەمەش، دەبینێت، دینداران لە هەموو شوێنێك لە ژێـر تـین و فشـاردان ،دەترسێت ئەمیش بەر ئەو حەملانە بکەوێت و راپێچی بکەن!

بۆیە گۆشەگیردەکەوێت و هەقی کەسی نابێت، لـەوە غافڵـدەبێت، کـە ئـەوە ڕێگای پێغەمبەرانە (علیهم السلام) کە مەعصووم (بێگوناح و هەڵە)بوون، بەڵام سروشـتی بانگـەوازی خواویسـتیی، کـە حـەق و ڕەوایـە، هـەر وایـە، دەبێـت ڕووبـەڕووی کوفروشـیرك و جاهیلییـەت ببێتـەوە، ئەگـەرچی بـەهێزو خـاوەن دەسەڵات دیارە..

ئەوانـەش، کـە توشـی ژان و ناسـۆری ڕێبـوون ئیمانـدارە بـەهێزکانبوون، پێشەنگی خواویستیی و جوامێرانی هەڵگری پەیامی خواناسیبوون.. لەگەڵ ئـەم (میحنەت)ـە شیاندا، هەر ڕوویان لە خوابوو، کە خوایە لە کەموکورتیمان ببورە.. بەڵام نەشل وکول بوون نەماندوو، نەبەزین و نەگۆشەگیرکەوتن.

پشوودرێژانە خۆیان گرت و بەردەوامبوون، تا خوای کاربەجێ سەریخستن و پاداشتی لە دنیا و قیامەتدا بـۆ مسـۆگەرکردن.. بـە دڵ و ڕۆح، بـە هـزرو هـۆش .سەرنجدەرە ئەم ئایەتانە .

﴿وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَـٰتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِىٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤٨﴾﴾ آل عمران: ١٤٦ – ١٤٨.

واتە: هەر وەکو ئەوەی کە زۆر لە پێغەمبەران، خواویستانێکی زۆریان لە خزمەتدابوون، کە جەنگان و زۆریان لە ڕێی خوای گەورەدا شەهیدبوون، بەڵام هەر لەسەر ڕێی خۆیان مانەوە، بێئەوەی هەست بە کەمیی و لاوازیی بکەن، یان زەلیلببن و لەجیهادکردن کۆڵبدەن..

خوای گەورەش خۆڕاگرو ئارامگرانی خۆش دەوێت.. لەگەڵ ئەو حاڵەت و بارودۆخە سەختەش، کە تێیدابوون، هەر دەیانووت: خوایە! لە گوناحمان خۆش بەو لە کەمتەرخەمیمان ببورە..

خوایە! لەسەر دینەکەت جێگرمانبکەو بەسەر کافراندا زاڵمان بکە (خوایە لە قسورمان ببورەو بمانکە بە ئەداتی قەدەری خۆت و سەرمانبخە.. ئامین) ئیتر خوای گەورە پاداشتی دنیایی دانەوە (ئەمان و سەرکەوتن و غەنیمەت و باڵادەستی و هیتر..) لەگەڵ پاداشتی جوانی قیامەت: ڕەزامەندی خوای گەورە و نازونیعمەتەکانی بەهەشت..خوابمانخاتە ریزیانەوە..

- بەڵێ، دەشێت و زۆر بەربڵاوە لە کات و شوێنی نووشوستی موسوڵمانان و، هەبوونی تین و فشاری دوژمنانیان کۆمەڵکارانی پێنەگەیشتوو _کە هێشتا دیندارییان ماوێتی خۆبگرێت_ بترسن و بتۆقن! و سەری دنیایان لێبێتەوەیەك، لە تاواندا سەری خۆیان هەڵگرن و بەگۆشەگیریی سەرتەپکەن! وابزانن ئەوە چارەسەرە!

نازانن ئەمە نەخۆشی دینداریی و بەزین و جێبەجێکردنی پلان و پیلانی شەیتان و شەیتانیزمەکانە، کە خەڵکی دەترسێنن، تا گۆشەگیربکەون و هەقی کەسیان

نەبێت!! تا گیانی بەرەنگاریی و هەست و غیرەتی بەرەنگاریی و جیهادیان تێدابپوکێتەوە.. ئەوە شەیتانە وا ورە دەڕوخێنێت ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ٣٦﴾ الزمر: ٣٦.

واتە: چما خوای گەورە (بۆ پشتگیریی و سەرخستنی موسوڵمان و تێکشکاندن و بەزینی کافران)بەس نییە؟ ئەوانە جەنابت بە کێ دەترسێنن؟ بەوانەی ناگەنە ئاستی خوای کردگارو بە توانا و خاوەن دەسەڵات.. خوای گەورە ئەگەر ویستی کەسێك گومڕا بکات بە هیچ کلۆجێك ڕێنیشاندەرێکی دەست ناکەوێت ڕێنماییبکات.

هەر کەسێك بە حەقیقەتی (ئیمان و یەقین)ـە وە بۆ خوا لێنەبڕێت و، شارەزای ئەم ڕێگای خواویستییە نەبێت _بەو شێوەیەی، کە قورئان نیشانیدەداتەوە_ حەتمەن دڵی لە جاهیلییەت دادەخۆرپێ و لە بەرامبەر هێزیان دەترسێت و دەلەرزێت!

ئیتر دەکەوێتە کەنارو گۆشەگیریی هەڵدەبژێرت.. ئەگەر هەر واش بمێنێتەوە، حەتمەن بەو نەخۆشیە دینداریێتییەیەوە دەشمرێت!

٨- هاوڕێبوونی کەسانی گۆشەگیر و تاکڕەو: ئەم حاڵەتەش گۆشەگیریی درووستدەکات.. ئەو کەسەی لەگەڵ گۆشەگیرێکی ورە ڕوخاودا بێت، خۆ فەرماندەی جیهاد دەرناچێت.. حەتمەن گۆشەگیرو تاکڕەو وەرەڕوخاو دەردەچێت، چونکە ئەوەندەی بیانوو و بەهانە بە گوێدا دەچێت، نەفسییەتی خۆشی قبووڵێتی و تین و فشارو مەکرو فاکوفیکی شەیتانیشی لەسەرە، حەتمەن دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسانی گۆشەگیرەوە.[١]

(١) کورد دەڵێ: ((هەرکەس لەگەڵ شێردا بێت شێر دەردەچێت، هەرکەسیش لەگەڵ ڕێوییدا بێت، ڕێوی دەردەچت)).. موسوڵمانی وا هەیە بەبەڵگەی (دەست بەکڵاوی خۆتدا بگرە، تا با نەیبات)! سەدان بەڵگەی قورئان و سووننەت ڕەتدەکاتەوە و، هەر پێشی وایە: زۆر موسوڵمان و ئاقڵ و لێزانە!!
←

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلْ).[١]

واتە: پیاو لەسەر داب ونەریت و ڕەوشت و ڕەفتاری هاوڕێکەیەتی، جا با هەریەکەتان بڕوانێت، کە کێ دەکاتە هاوڕێی.

٩- هەبوونی چەندین دەستەو کۆمەڵی کۆمەڵکاریی ئیسلامی: زۆربوونی پارت و کۆمەڵی ئیسلامی و دیدی جیاوازی کۆمەڵکاریی دەشێت زۆر کەس بخاتە سەرلێتێکچوونەوەو، نەزانێت کارکردنی لەگەڵ کامیاندا شەرعیترە، یان چاکترە، یان لە کامیان دووربکەوێتەوە باشترە؟

ناشتوانێت لەیەك کاتدا لایەنگریی دوانیان بێت.. لە دیدو هەڵویستی جیاوازیشیاندا ڕادەمێنێت و، نازانێت خۆی یەکلابکاتەوە.. سەرەنجام دەگاتە بڕیاری گۆشەگیریی و تاکڕەویی و تەنهاکەوتن، چونکە ئەمەیانی پێئاسانترە وەك لە لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی دیدو ڕێ و بۆچوون و، ڕێبازو ئامانج و بەرنامە و بژاوت و هەڵوێستی هەریەکەیان، کە لەسەری فەرزە ئەمە بکات و خۆی یەکلا بکاتەوە..

خۆ دەشێت زۆر کۆمەڵکاریان، هەر ئیسلامیبن و چاکبن، بەڵام کامیان لە دیدو ڕێی سەلەفەوە نزیکترە، با ئەویان بگرێتە بەر.. بەڵام لەوانەیە ئەوەی بۆ نەلوێت و نەزانێت کامیان ڕاستترو سەر ڕاسترە؟

کە سەیری هەر یەکەیان دەکات ،کۆمەڵێك لایەنی چاکیان دەبینێت، دڵنیا

---

هەر کەسێك لەگەڵ دەرکەوتوان و کەسانی زمانپاراوی گۆشەگیرو بەهانهزانی تاکڕەوییدا هەڵسوکەوتبکات، حەتمەن دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان و وەکو ئەوانی لێ دێت، چونکە پێی وادەبێت، کە ئەوانە شەرعزان و دڵسۆزی دینەکەن.

بۆیە دەڵێ: (قابیلە هەڵوێستی هەڵەبگرنە بەر؟!)

(١) (ئەبو داوود٤٨٣٣) و (ترمذی ٢٣٧٨) و ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/٣٥٤٥ )دا دەفەرموێ: (حدیث حسن).

دەبێت، کە هەمویان هەر ئیسلامین وخێرو چاکەی موسوڵمانانیان دەوێت و کار بۆ دینەکە دەکەن، بەڵام لە ڕادەو بڕی چاکەکاریی و دیدو هەڵوێستیاندا جیاوازن.. جاری وا هەیە ،جیاوازییان کەمەو لە هەندێك خاڵیشدا زۆر لێك دوورن، یان پێچەوانەی یەکترن!!

گومانی باش بە زۆریان دەبات، بەڵام چونکە کارکردنی کۆمەڵکاری بە فەڕز نازانێت، کەم تەرخەمدەبێت لە دیراسەکردنیاندا، دەنا دەبوو هەمویانی دیراسە بکردایە و کامیانی بە لاوە شەرعیتردەبوو، دەچووەلایان.

لە حاڵەتی وادا دەشێت موسوڵمان ئاوا دیراسەی ئەو کۆمەڵکارییە ئیسلامیانە بکات، تا نەکەوێتە گۆشەگیرییەوە،[١] با ئەو کۆمەڵە هەڵبژێرێت، کە لە دیدو ڕێیدا، لە ڕێبازو بەرنامەیدا، لە بزاوت و هەڵوێستیدا ئەمانەی تێدابێت:

أ- ئامانجی لە دنیادا چەسپاندنی مەنهەجەکەی خوا بێت لەسەر زەوی و بیسەلمێنێت: کە سەروەریی یاساو حوکم، تەنها بۆ شەریعەتەکەی خوا دەبێت و بەس، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ الأنعام: ٥٧.

واتە: دەسەڵاتی ئیدارەی دەوڵەت (یاسادانان و حوکم کردن و داوەریی)، هەر بۆ خوایە و بەس ،کە سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتەکەیەتی، هەروەک دەفەرمووێ: ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ المائدة: ٤٩.

واتە: بەو پەیامەی، کە خوای گەورە ناردوییەتییە خوارەوە حوکمی نێوانیان بکە،هەروەها ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەش بە وەحی دەکات.

ب- لە هەموو نییەت و رەفتار (گوفتار و کردار) و بڕیارێکی تاک وکۆیدا،

---

(١) نوسەری رەحمەتی ئیخوان بوو، بێگومان هەر ئیخوانیشی پێپەسەندتر بووە، بۆیە لێرەدا زۆرترین سیفەت کە باسی کردوون: سیفەتی کۆمەڵی ئیخوانە، بۆیە نابینیت تەرکیزیی خستبێتە سەر بۆ نموونە: تەوحیدو جیهاد.

مەبەست ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و بەس، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾﴾ الأنعام: ١٦٢ – ١٦٣.

واتە: بفەرموو من نوێژ و پەرستنەکانی ژیان و مردنم، بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە، کە هیچ جۆرە هاوبەشێکی لە هیچ سیفەتێکدا بە هیچ بڕو ڕادەو چۆنییەتیەك نییە. بە مەش فەرمانم پێدراوە و منیش یەکەمین موسوڵمانم.

ج- دۆستایەتی هیچ کەس و لایەنێك نەکات، کە وەلائی بۆ خوای گەورە نەبێت، کە باوەڕی بە پێغەمبەرێتی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەبێت، ئاوا دەبێتە دۆستی هەموو موسوڵمانێکی وەکو خۆی و لایەنگرو پشتیوانی هەمویان، چونکە وەلاء (خۆشەویستی و دۆستایەتی و لایەنگریی و سەرخستن) بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و بۆ موسوڵمانان دەبێت و، بەراء (شوین نەکەوتن و وەلکردن و تەبەرا لێکردن و دوژمنایەتی)یشی بەرامبەر دوژمنانی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانان دەبێت، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾ المائدة: ٥٥ – ٥٦.

واتە دۆست و لایەنگرو سەرپەرشتیارتان، خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەو کەسانەن، کە باوەڕیان هێناوە، کە نوێژدەکەن و زەکات دەدەن و بۆ خوا دەچەمێنەوە.

هەر کەسێك لایەنگریی و دۆستایەتی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەو کەسانە بکات، کە باوەڕیان هێناوە، کە هەمویان کۆمەڵی خوای گەورە پێك دەهێنن ، کۆمەڵی خوای گەورەش سەرکەوتوو و زاڵە.

د- بە شێوەیەکی ڕاست و پارسەنگانە دینەکەی وەرگرتبێت: تێگەیشتن و دینداریکردن پێی و گەیاندنی بێشلگیریی و بەزین و بێ توندڕەویی و هەڵەشەیی، بێ کەم وکورتیی و بێ زێدەڕۆیی، پاشان کارکردن و نواندنی ئەمە لە هەموو لایەنێکی ژیانی و، بە هەموو ڕەفتارێکی لە سیواك بەکارهێنانییەوە، تا دەگاتە جیهادکردنی، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةً﴾ البقرة: ٢٠٨.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! هەموو لایەنێکی ئیسلام وەربگرن و (بە سەلماندن و چەسپاندن) بیگرنەخۆ.

ە- هەر لەسەرەتاوە بکەوێتە پەروەردەکردنی موسوڵمانی پاك و سەرڕاست و دیندار، لەوانەی بەڕاستی بۆ خوا ساغبوونەتەوەو بۆ دینەکەی لێبڕاون، تا کەسایەتی ئیسلامی وا بێنێتەکایەوەهو کە هەموو سیفەتێکی چاکەی تێدا بێت و دوورەپەرێز بێت لە هەموو سیفەتێکی خراپە، تا شایستەی ئەوە دەبێت، کە مەددەدی خوای گەورەی بۆ بێت و شایانی سەرکەوتنی بێت.
گۆڕانکاریی کۆمەڵگەش بەم گۆڕانکارییەی تاکەکان دەستپێدەکات، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١.

واتە: خوای گەورە کۆمەڵگەیەك هەر لە خۆیەوە ناگۆڕێت تاخۆیان خۆیان نە گۆڕی بێت.

و- هەوڵبدات نموونەی ئەم کەسایەتییە ئیسلامییەپارسەنگە، شارستانیانە زیاتربکات، لە کۆمەڵگەکەی خۆیەوە بۆ دەرەوەی.

واتە: بە کەسبکردنی کەسانی تری پارسەنگ، تا نموونەی کەسایەتی ئیسلامی ئاوا دەکەوێتە بەر چاوی هەموو جیهان و، لە هەموو شوێنێك وجودی دەبێت.

ئەوەش یەعنی: بە جیهانیبوونی بانگەوازەکەی و گەیاندنی دینی خوای گەورە بە هەموو مرۆڤایەتیی، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ الأنبياء: ١٠٧.

واتە: بۆ ئەوەمان کردویت بە پێغەمبەر، تا ببیت بە رەحمەت بۆ هەموو جیهانیان.. ئەمەش رەحمەتی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤایەتیی.

ز- سوربوون لەسەر یەکخستنی دیدی موسوڵمانەکان و تێڕوانین و بەرنامەو ڕێبازی فیکریی و بزاوت و، هەڵوێستی عەقائیدیی و سیاسیان، تا دەبنە خاوەن یەك ئاڕاستەو یەك هەست و هەڵوێست، کە پابەندبوونە بە دینی خواوە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ﴾ آل عمران: ١٠٣.

واتە: هەر هەمووتان دەست بە دینەکەی خواوە بگرن و، بە شێوەیەکی دەستەجەمعی پێوەی پابەند بین و، تەفرەقەتان تێنەکەوێت.

ح- هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن لەگەڵ واقیعدا: ئەمەش دوای زانینی مەنهەجی ئیسلام و، شارەزابوونی وردەکارییانەی لە واقیعەکەو، زانینی مەڵبەندەکانی هێزو خاڵە کاریگەرییەکانی دێت..

ئەمانە دوای دیراسەکردن و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گشتگیرانە دەبێت. تا دیدو ڕێ بە شێوەیەکی واقیعانە بخرێتە بەرچاو.

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنَّا عَٰمِلُونَ ١٢١﴾ هود: ١٢١.

واتە: بەو کەسانە بفەرموو : کە باوەڕیان نەهێناوە ئێوە لە شوێنی خۆتانەوەو بە دیدو تێڕوانینی خۆتان کاربکەن و ئێمەش وا لە کاردایین[1]..

---

(١) هەروەها بۆ ناسین و پۆلێن کردنی ڕیزی خۆشمان دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ عَلِمۡتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعۡتَدَوۡاْ
←

ط- ڕەچـاوکردنی ئەولەویـەتی کـار:[1] بـۆ ئـەوەی هـەموو وزەو تواناکـان لەسەرەتاوە بۆ سەلماندنی بنەما سەرەکییەکان بخاتەگەڕ.

بۆ نموونە: ئەوەی فەڕزە بخرێتە پێش سـوونتەکان.. تەئکیـد لـە نـوێژکردن بکرێتەوە ،پێش هاوکارییکردن لە دروستکردنی مزگەوتێکـدا، یـان برایـەتیی و یـەکڕیزیی کۆمەڵکارییەکـە ڕەچـاو بکرێـت، پێشـئەوەی کەسـێکی شـیاو لـە شوێنێکەوە لابدرێت بۆ شوێنێکی تر، هەروەها رەفتارو بڕیارێـك ،کـە ڕایـان لـە سەری کۆیە، وەك لە شتێك، کە ڕایان تێیدا جیاوازە.

پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) پیرۆزیـی و مـەزنی بتـەکانی قورەیشی لە دڵەکاندا لاداو ڕادا، پـێش ئـەوەی بتێـك بڕوخێنێـت و سـووکایەتی پێبکات، کە لە کەعبەدا ئەو کاتە زیاتر لە سێسەد بتی تێدابوو دەپەرستران

ی- توندوتۆڵگرتنی ئەو بنەما (ئوصوڵ)یانەی ئیسلام ،کە ئوممـەت لەسـەری ڕێکن: ناشێت شلگیریی و نەرمیی لە پاراستنی ئەمانەدا بنوێنرێت، دەشێت عوزر بۆ پێشەوا بەڕێزەکان بهێنرێتەوە بۆ راجوێیەکانیان دەربـارەی لقەباسـەکان، کـە بۆچی راجوێبوون؟.. ئاوا دین و ئوممەت و بزاوتەکە دەپارێزرێت.

ك- پێویستە بەرنامەیەکی ڕۆشن و پەیڕەوو پڕۆگرامێکی ئاشکرا و ڕاشکاوی هـەبێت: ئامـانج و ڕێبـازی قۆنـاغ و مـاف و ئـــەرکی دەسـەڵاتی ڕێکخسـتنی تاکەکان و دەزگاکانی دیار بن.

ئاڕاســـتەی پەروەردەکارییەکـــەی وا بێـــت، کـــە قۆنـــاغ بـــە قۆنـــاغ شوێنکەوتووەکانی بەرەو ئاستەکانی باڵای شـیاوێتی ببـات.. بەرنامەیـەك بێـت وەڵامی کات و شوێنی نەوەکانی پێبێت.

---

مِنكُمْ فِي ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ البقرة: ٦٥.

واتە: ئەوانەی نـاو ڕیـزی خۆتانتـان ناسـی، کـە لـە رۆژی شـەممەدا چوونـە راوەماسـیی، کـە لێیـان قەدەغەکرابوو، بڕیاربوو کەس نەیکات، هەموو بەڵێنیان دابوو، زانایانی ئیسلام لەوەوە پیاو ناسی -علم الرجال- یان دامەزراند.

(١) ئەولەویەت: واتە کام کارە پێشترە و زەرووری ترە ،پێشبخرێت.

وردەكارانە راڤەی دەق و پێناسەی واقیعەكەی بۆ كۆمەڵكارانی كردبێت، تا وەڵامی هەموو پرسیارێكی دیدو تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێستیانی هەبێت.

ل- دەبێت خۆگرێتی و ئارامگریی خۆی سەلماندبێت و، سینەفراوانەو پشوودرێژانە قۆناغەكانی پڕ كەندو كۆسپ و ڕێی بڕی بێت و، خۆی لەبەر ژان و ناسۆرو تین و فشاری دوژمندا گرتبێت.

سەلماندبێتی: كە ناسۆرو ژان لە ڕێ دەری ناكات و لە ئامانجەكانی ناخات.. ئاوا شیاوێتی پێشڕەویی و ئاڕاستەوانێتیی خۆی دەسەلمێنێت ئاوا نیشانیداوە، كە شیاوی پێشەوایەتیی و سەركردایەتییە.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبۡلُوَاْ أَخۡبَارَكُمۡ ٣١﴾ محمد: ٣١.

واتە: حەتمەن تاقیتاندەكەینەوە، خۆشی و ناخۆشیتان دێنینەڕێ، تا بزانین و نیشانیدەین، كە كێتان موجاهیدەو بۆ خوا لە جیهاددابووەو ،كێ خۆڕاگرو بەئارام بووە. سۆراغی هەواڵتان دەكەین بزاوت و هەڵوێستتان تاقیدەكەینەوە.

م- دەبێت ماوەیەكی ڕێی بەڕێكردبێت و شارەزای كۆمەڵكارییبووبێت و ئەزموونێكی زۆرو چاكی لا كۆبووبێتەوە. ئەوە خزمەتی كارو كۆمەڵكارانده‌كات، رەنج و كات و سامانی زۆرتریان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەزموون فێریكردووە، چۆن مەنهەج داڕێژێت، چۆن ببزوێت، چۆن هەڵوێست بگرێتەبەرو، چۆن بەرەنگاری دوژمنان دەبێتەوە.

ن- مەرجە كۆمەڵێكی هەڵەشە نەبێت؟ سەركردەو كۆمەڵكارانی بە لەسەرخۆیی و چاوكراوەیی و پشوودرێژیی و جوامێریی و ئازایەتی پەروەردە كردبێت، تا ئارامگرانە لەسەر ئامانج و ڕێ سوور بن.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسۡتَعۡجِل لَّهُمۡۚ﴾ الأحقاف: ٣٥.

خۆڕاگرو بەئارام و پشوو درێژبە، هەر وەكە، كە پێغەمبەرانی خاوەن عەزم و

ئیرادەی بەهێز خۆڕاگرو بەئارامبوون، پەلە لە هاتنی سزای گشتی خوایی مەکە بۆیان.

س- دەبێت ئاڕاستەوانانێکی تێگەیشتوو و تەقواکارو وریاو شارەزای واقیع، دڵسوزو شیاو سەرکردایەتی کۆمەڵکارییەکە بکەن، کە ئەوەندە بۆخواسـوڵحابن پشکی حەزو نەفس و دنیایان پێوە نەما بێت.

هەروەها لێزانی کار بن، تا کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دانێن و، هەر وزەو توانایەك دەزگای خۆی هەبێت، تا بەگەڕیان بخەن.

ع- دەبێ هەموو کۆمەڵکارانی لەسەر خێرو چاکە ئاڕاستە بکات و وەکو یەك تەماشایان بکات و هەلیان بۆ بڕەخسـێنێت. مەرجـە ڕاو بۆچـوونی هـەمویان لـە چوارچێوەی پێڕەو پڕۆگرام و تەعلیماتی سەرکردایەتییدا کۆبکاتەوەو ئاڕاستەیان بکات.

ف- تەعلیمات و ئاڕاستە و ئامۆژگارییەکانی بە ئاداب و مەرجی ئیسـلامیانە بێت، تا بتوانێت کۆمەڵکارانیش لەسـەر گوێڕایـەڵیی و ڕاپەڕانـدن، هانبـدات و ملکەچی فەرمانەکانی سەرکردایەتییان بکات.

ص- دەبێ کەسانی زیت و وریاو چاوکراوە لە شوێنە هەستیارەکاندا دابنێـت، تا هۆشیان لەوە بێـت، کـە دوژمـن لـە بەرامبـەردان و لـە دەرفـەتێك دەگەڕێـن کۆمەڵکارییەکە تێکبدەن، یان هەلیان بۆ بڕەخسێت دزە بکەنە ناویەوەو، جاسوس و (خەت مایل) بخزێننە ناو ڕیزو دەزگاکانەوە..

دانانی کەسی شیاو ڕێ لەم پیلانە دەگرێت( إنْ شَاءَ اللَّهُ) .. خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَدَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ تَغۡفُلُونَ عَنۡ أَسۡلِحَتِكُمۡ وَأَمۡتِعَتِكُمۡ فَيَمِيلُونَ عَلَيۡكُم مَّيۡلَةٗ وَٰحِدَةٗ﴾ النساء: ١٠٢.

واتە: ئەوانەی کوفریان هەڵبژاردووە و دوژمندارێتیتان دەکەن، چـاوە ڕ وانـن ئێوە لە چەك و تفاق و شوێن و حاڵتان بێئاگا بن، تا پـێکەوە لە یەک کاتـدا یـەك حەملەی ڕیشەکێشکاریی بکەنە سەرتان.

خ- پێویستە هەموو کۆمەڵکاران بەو مەنهەجەوە پابەندبکات، کە لە قورئان و سوونننەتەوە وەریگرتوون، تا ڕێ لە بیدعەچێتیی و داهێنانی نامەشروع بگرێت (و نەهێڵێت لە (عەقیدە) یان (عیبادەت)، یان (شەریعەت) هەروەها لە (مەنهەج) یان (ئوممەت/ کۆمەڵکاریی)، یان (بزاوت)دا بیدعە داهێنن و ببنە مایەی ڕاجوێی و ناکۆکیی و تەفرەقە..

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ الكهف: ١١٠

﴿فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ الكهف: ١١٠.

واتە: هەر کەسێك دەیەوێت ڕووسورانە بە دیداری پەروەردگاری شـادببێت، با کردەوەی چاك (شەرعی) ئەنجامبدات و ،کەس لە خواپەرستییەکەیدا نەکاتـە هاوبەشی خوای تاك و پاك.

١٠- بێئاگابوون لە ئاسـەوارو چارەنووسـی گۆشـەگیریی لەسـەر تـاکوکۆی کۆمەڵکاریی ئیسلامی: ئەوە دیدو رایەکی زۆر زۆر هەڵەیە، کـە کۆمـەڵکارێك یان چالاکوانێکی ئیسلامی، یان داعـی و چاوکراوەیـەك وا بزانێـت، کـە ئەگـەر کەنار بکەوێت، زیان لە کۆمەڵکاریی ئیسلامی ناکەوێت، چونکە هـەزارانی تـر هەن!!

یان بفەرموو: جا با ئەم کۆمەڵکارییە منی تێدا نەبم، چ دەقەومێت؟

با من کاری ئیسلامی بە تەنها بکەم، چی ڕوو دەدات؟[1] .

(١) زۆر خراپەو زۆر شتی خراپی لێدەکەوێتەوە.. ئەگەر لە شارێکدا سەد کەسی دەرکـەوتوو وا بڵـێن کاری ئیسلامی ناچێتەپێش، چونکە هەزاران گەنج چاو لەوان دەکەن و نابنـە کۆمـەڵکار.. بـە فـەرزو ئەرکیشی نازانن چ جای ئەوەی پێیانوابێت گۆشەگیریی و تاکڕەویی نەخۆشییەکی دینداریییە؟!

**سێیەم : ئاسەواری گۆشە گیریی و تاکڕەویی:**

أ- لەسەر تاکی کۆمەڵکاران:

١- خۆنەناسین و نەزانینی جۆری کەسایەتی خۆی: ئەمە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە،کەسێك تێکەڵ بە خەڵکی نەبووبێت و، لە خۆشیی و ناخۆشیی و گرانیی و هەرزانیی و تووڕەیی و هێمنییدا، ڕەفتاری لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا نەکردبێت، نازانێت خۆی چ جۆرە کەسێکە..

دەشێت هەر لە ناخی خۆیدا لە خۆی رازی بێت و وا بزانێت نموونەییە، بەڵام کە تێکەڵ بە کۆمەڵکارییەك دەبێت و، ماوەی چەند ساڵێك تێیدا دەژی، ئەسڵی کانزا (مەعدەن)ـەکەی دەردەکەوێت..

دەزانێت چەندی خەلەل تێدایە، هەر چەندە زیرەك بێت و خۆی هەڵسەنگێنێت، وەکو ئەوە نییە، کە دوای سەدان ڕەفتاری کۆمەڵکاریی خۆی هەڵدەسەنگێنێت.

- بۆ نموونە: نازانێت، تا چ رادەیەك خۆویست و ئەنانییە، یان حەزی بەیارمەتیدانی خەڵکیەو لە خۆی دەگرێتەوە بۆ ئەوان، تا تێکەڵ بە خەڵکی دەبێت.

خەڵکی موحتاج دێنە لای و داوای شتی لێ دەکەن، لەو شتانەی خۆی کەمی هەیە، حەتمەن هەڵوێستێك لە وەڵامیاندا دەگرێتە بەر، دەیانداتێ یان نا، کە داینێ! کامیانەو چەند؟

چەندی داونەتێ و بۆچی؟

لێرەوە زیاتر خۆی دەناسێت، کە دەبینێت ئەوان موسوڵمان و موحتاجتربوون، ئەمیش زیادەی هەبوو کەچی نەیدانێ!

یان دەبینێت دڵنەرم و دڵسۆزبوو خێری پێبەخشین. یان باشترینی پێبەخشین.

لێرەدا دەردەکەوێت: کە سەخیە، بە دووەم حاڵەتیاندا دەردەکەوێت: کە لەسەخی لە پێشترە، شتێکی داونەتێ، کە خۆشی موحتاجبووە پێی!

- تا تێکەڵ بە کۆمەڵێك نەبێت و ماوەیەك رەفتاریان لە گەڵدا نەکات، سیفەتی ئارامیی و سینەفراوانیی، یان تووڕەیی و دڵڕەقی خۆیی بۆ دەرناکەوێت، کە تێکەڵ بە کۆمەڵێك کەس دەبێت، کە ئاستی پەروەردەبوونیان جیاوازە، دەبینێت هەندێکیان زۆر گەلۆرانە و دوژمندارانە رەفتار دەکەن بەرامبەریی! لێرەدا کەسایەتی خۆیی بۆ دەردەکەوێت! ئایا ئەمیش لە کاردانەوەیاندا رەفتاری گەلۆرانەو شەڕخوازیی نواندووە، یان بەئارام و سینەفراوان و لێبوردەبوو؟

ئەوان قسەیان بەم وت، هەڕەشەیان لێکرد، دەستیان لێبەرزکردەوە، لێیاندا. ئایا ئەمیش جنێوی پێدانەوە؟

یان پەلاماریدانەوە؟

ئایا توندوتیژ وەستایەوە بە ڕوویاندا، یان بەرپرس و سینەفراوانە؟

لێرەوە زیاتر کەسایەتیی خۆیی لەو دوو سیفەتەدا بۆ دەردەکەوێت.. خۆی دەناسێت و دەزانێت لە چ ئاستێکی پەروەردەبووندایە و، پێویستە چۆن باشتر رەفتار بکات.

- هەروەها مرۆڤ، تا تێکەڵ بە خەڵکی نەبێت، نازانێت ئایا بە جورئەتە؟

قسەی حەق دەکات؟

یان ترسنۆکە؟

هەقی نییە بەسەر حەقەوە!

پێشیل دەبێت، یان دەچەسپێت!

کە تێکەڵ دەبێت و چەندین دیدو هەڵوێستی هەق و ناهەق دەبینێت خۆی بۆ

دەردەکەوێت: کە لایەنگریی لە حەقدەکات، چۆن ئەو هەڵوێستەی گرتەبەرو بۆچی؟

کە بێدەنگبوو لە دەستدرێژیی و پێشێلکاریی ماف، بۆچی خۆی بێدەنگ کرد؟

بەخۆی دەڵێت :ئافەرین، یان گلەیی لە خۆیدەکات کە بۆچی ترسا؟.

- ئایا نەیوێرا بڵێ: ئەرێ حەق ئەوە نییە کە تۆ دەیڵێیت؟

بۆچی نەیوێرا؟

ئایا وا رووبداتەوە هەر هەمان هەڵوێست دەنوێنێتەوە؟

ئاوا خۆی لە چەندین هەڵوێست و دژە هەڵوێستدا دەبینێت و کەسایەتی خۆی بۆ دەردەکەوێت.

- هەروەها ڕاستگۆیی و درۆزنیی دەستپاکیی و خیانەت، شێوازی کارو رێك و پێکیی و گەڕە لاوژێ. ئەو کەسەی کۆمەڵکارانە دەژی و تێکەڵ بە جۆرە تەبیعەت و ئاستی پەروەردەیی و کێشەی دەروونیی خەڵکی دەبێت، زیاتر ئەم سیفەتانەی خۆی بۆ دەردەکەوێت، کە ڕاسپاردەی لا دادەنێن و رەفتاری پێوەدەکات، وەکو ئەوەی هی خۆی بێت، یان دەیفەوتێنێت؟!

یاخوی دەیپارێزێت و بە سەلامەتی دەیگەێنێتە جێی خۆی؟

لە کۆمەڵکارییدا بۆی دەردەکەوێت: کە چەند حەزی لێیە کاروباری خۆی و خەڵکی رێك و پێك بروات؟

یان بە گەرە لاوژێ و فەوزا؟!

لە کۆمەڵکارییدا ڕاستگۆیی، یان درۆو خۆهەڵکێشانی دەردەکەوێت، کە قسە بۆ خەڵکدەکات، ئایا ڕاستگۆیە، یان ریابازانە خۆی ڕاستگۆ نیشان دەدات؟

درۆزنە و خۆ هەڵدەکێشێت، یان دەیەوێت ڕایانکێشێتە هەڵوێستێکەوە؟!

ئایا دەستپاکە.. خەڵکی لە دەست و دەم و چاوی ئەمینن؟..

لە ناموسیان لە سامانیان، لە خوێنیان؟

یان جورئەتی خیانەتکردنی هەیە لێیان؟.

- ئایا خاوەن بەڵێنە؟

پەیمان دەباتەسەر، قسەی یەکە؟

سەرڕاستە؟

یان بێبەڵێن و پەیمانشکێن و قسەی لە جێی خۆیدا نییەو سەرخوارو ئیهماله؟.

هەروەها هەموو سیفەتەکانی تری: دەروونیی بن یان رەفتارو رەوشتیی.

کەسێك کە گۆشەگیرو دوور لە خەڵکی دەژی کەسایەتی خۆی ناناسێت، ئەمە یەکێکە لە زیانەکانی گۆشەگیریی.. چونکە لەوانەیە نەخشەیەك بۆ داهاتوی خۆی دابنێت، کە سەبردەگرێت، تا تەوایدەکات، بەڵام لە بواری کردەوەییدا بۆی ڕووندەبێتەوە: کە ئەوەندە پشوودرێژنییە.

بۆیە وازلەکارەکەی دەهێنێت و دەچێتەسەر کارێکیتر..

پاش ماوەیەك حەوسەڵەی تەواوکردنی ئەویشی نامێنێت و وازی لێدەهێنێت.. تا ئەوە لە خۆیدا کەشفدەکات کە کەسێکی بێ سەبرو پشووکورتە.

یان کارێکی دەستداوەتێ لە دیدو تێروانینی خۆیەوە، زۆر بە چاکی زانیووەو زۆر ئیشی تری بۆ وازلێهێناوە، بەڵام دوایی بۆی دەردەکەوێت: کە کارەکەی خێر نییەو خراپەیە..

ئەوانەی وازی لێهێناون چاکەن!! بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا ١٠٣ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا ١٠٤﴾ الكهف: ١٠٣ – ١٠٤.

واتە: بفەرموو : هەواڵتان بدەمێ، کە کێ زۆرترین زیانی لە کردەوەکانیدا لێکەوتووە؟! ئەوە ئەو کەسانەن، کە لە دنیادا رەنج بەخەساربوون، هەر وایان دەزانی کاری چاکە دەکەن، واش نەبوو!

هەر لەبەر زەرورەتی ناسینی خۆیە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ).[١]

واتە: موسوڵمان ئاوێنەی موسوڵمانە.. تاوەکو وێنەی سیمای جوان و ناشیرینی خۆیی لێوە ببینێت.

- سەیدنا عومەر( خوالێ ی رازی بێت) دەیفەرموو: (رَحِمَ اللهُ امْرَءًا أهدَىٰ إليَّ عِيُوبي).[٢]

واتە: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی،کە نوقسانییەکانم بە دیاری بۆ دەهێنێتەوە، یان عەیب و عاری خۆمم نیشان دەداتەوە.

لەمانەوە ڕووندەبێتەوە: کە باشترین بوار بۆ ناسینی کەسایەتیی، کۆمەڵکارییە، لەوێدا دەزانێت چی نوقسانە، هەوڵدەدات پڕیبکاتەوە.

چی کەمە؟

هەوڵدەدات زیادیکات..

ئەمما لە گۆشەگیرییدا بە دڵنیاییەوە هەر وا دەمێنێتەوە، نازانێت کەسایەتی خۆی چەندەو بۆ کوێ شیاوە؟

٢- خۆمەحروم کردن لە ئامۆژگاریی دڵسوزو یارمەتیدەر: دەشێت کەسێك خاڵە لاوازییەکانی خۆی بزانێت، بەڵام ویست و ئیرادەی بەهێزی نییە

---

(١) بوخاریی لە (الأدب المفرد/ ٢٣٩)، ئەبوداوود (٤٩١٨) شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٩٢٦) دا دەفەرموێ: حەسەنە.

(٢) ابن قدامة المقدسي: مختصر منهاج القاصدين/ الفصل الثالث/ علامات مرض القلب (ل١٧١).

تاچارەسەری بکات، بۆیە پێویستی بە هاوکاری کەسانی تـرە، باشـترین شـوێنی چارەسەری ئەمەش: کۆمـەڵکاریی ئیسـلامییە، کـە ئەرکـەکانی دیـاریکردووەو دڵسۆزانیشـــی کـــردووە بـــە بەرپرســـی جێبـــەجێکردنیان، بەڵام ئەگـــەر گۆشەگیرکەوت، یان تاکڕەوانە کەوتەکارکردن، بە دڵنیاییەوە ئەو خاڵە لاوازانەی هەر دەمێنن.

لەوانەیە لاوازترو زۆرتریش بین. کە دەشێت بـەرەو گونـاحی ببـەن، چونکـە هەر لاوازییەك لە کەسایەتییدا دەروازەیەکی هەواو هەوەسە، کە بەرەو گوناحی دەبات..

لە وانەیە ئەم خاڵە هۆکاری ئەو فەرموودانە بن، کـە زەرورەتـی برایـەتیی و ئاوێنەیی باسدەکەن. وەکو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ، وَالْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ، يَكُفُّ عَلَيْـهِ ضَـيْعَتَهُ، وَيَحُوطُـهُ مِـنْ وَرَائِهِ).[(١)]

واتە: موسوڵمان ئـاوێنەی موسـوڵمانە، موسـوڵمان بـرای موسـوڵمانە، ناهێڵێـت زیانی پێبگات و، بۆی دەبێتە پەرژین و لە پشتیەوە دەیپارێزێت.

لە ریوایەتێکی تریدا دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُـؤْمِنِ، إِذَا رَأَى فِيـهِ عَيْبًـا أَصْلَحَهُ).[(٢)]

واتە: موسوڵمان ئاوێنەی براکەیـەتی، ئەگـەر نوقسـانییەکی تێـدابینی، بـۆی چاک دەکاتەوە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (مَن أَرَادَ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا رَزَقَهُ اللَّهُ خَليلاً صَالِحًا إِنْ نَسِيَ ذَكَّرَهُ وَإِنْ ذَكَرَ أَعَانَهُ).[(٣)]

---

(١) بوخاریی لە (الأدب المفرد/ ٢٣٩) ئەبوداوود (٤٩١٨) شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صـحیح الجـامع الصغير/ ٦٦٥٦) و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة٦٣٢/٢)دا بە حەسەنی داناوە.

(٢) بوخاریی لە (الأدب المفرد/ ٢٣٩)شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الصـحيحة/٩٢٦) دا دەفەرموێ: حەسەنە.

(٣) ئەبوداوود (٢٥٤٧)، نەسائی (٤١٥٧)، ئەحمەد (٢٣٨٥٨)، بەیهیقی (١٨٧٢٥). هەموو ریوایەتەکە ←

واتــە: هــەر کەسـێك خــوای گــەورە خێـری بــۆ بوێـت، هـاوڕێی چـاکی بـە نسیبدەکات، کە ئەگەر شـتێکی بیرچۆوە بیـری دەخاتـەوە، ئەگـەر شتێکیشـی بیرخستەوە لە جێبەجێکردنییدا یارمەتیدەدات.

٣- پەکخستنی هەندێك تواناو وزەی: ئـەو کەسـەی تووشـی گۆشـەگیریی و تاکڕەویی دەبێت حەتمەن کۆمەڵێك لە تواناو وزەی خۆی پەکدەخات، چونکە لـە هیچ بوارێکدانایانخاتە گەڕ.

لە لایەکی تریشەوە بەردەوام دەکەوێتە وەسوەسەی شەیتان و غایلەی دڵـەوە و، تووشی دوو کەسایەتیی (انفصام الشخصية) دەبێت..

چونکە توانای پارسەنگ ڕاگرتنی خۆی نامێنێت. ئاشکرایە، کە مرۆڤ وەکـو ئاژەڵ نییە هەر جەستەو غەریزە بێت، بەڵکو ڕۆح و ژیریی و جەستەو غەریزەیە.

هەر یەك لەمانە لە (کیان)ی مرۆڤدا وەکو داوە دەزوو هەزاران هەزارن[1]، کە دەبێ هەمویان ڕێك و پێك کاریان پێبکرێت و، هیچیان لەوانی تر زیاترنەبن، یان تێکەڵ بەوانیترنەبن..

بۆیە ئەگەر کەسێك ئارەزووەکانی جەستەی لەسـەر حسـابی هـزرو ژیریـی زیـاترکرد، ئاسـوودەنابێت. یـان لێکدانـەوەکانی هـزرو ژیریـی لەسـەر حسـابی خۆشەویسـتی و سـۆزو پەیوەندییـەکانی زیـاترکرد ئاسـوودەنابێت، چونکـە دەوروبەر نایانەوێت وەکو ئامێرێك بێت هەر (عەقڵ)ی لـە کاردابێـت. هـەروەها پارسەنگراگرتنی غەریزەکانی، کە نابێت لەسەر حسابی لایەنەکانی تری بن.

---

ئاوایە: (عن عائشة صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قالت : قَالَ رسولُ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـه وَسَـلَّمَ : (إِذَا أَرَادَ اللـهُ بالأَمير خَيْراً، جَعَلَ لَهُ وَزيرَ صدق، إنْ نَسيَ ذَكَّرَهُ، وَإنْ ذَكرَ أعَانَهُ، وَإِذَا أرادَ به غَيْرَ ذَلـكَ جَعَـلَ لَـهُ وَزيـرَ سُوء، إنْ نَسيَ لَمْ يُذَكِّرْهُ، وَإنْ ذَكَرَ لَمْ يُعنْهُ) ئەبوداوودو بە لەفزی: (مَنْ وَلِيَ مَنْكُمْ عَمَلاً فَأَرَادَ اللَّهُ به خَيْرًا جَعَلَ لَهُ وَزِيرًا صَالِحًا إِنْ نَسِيَ ذَكَّرَهُ وَإِنْ ذَكَـرَ أَعَانَـهُ) شـێخی ئەلبـانی رحمەاللـه لە (سلسـلة الأحَاديـث الصحيحة ٨٠٢/١)دا دەفەرموێ: صەحیحە.

(١) وەکو تەلی ترانستۆری رادیۆو سیمی ناو کۆمپیوتەر و خەتی ڕەنگاو ڕەنگی تەلەفۆنی سێنتراڵ.

لە کاریگەریی ئەوەیە دەبینیت مرۆڤ وا لە نێوان دووجەمسەردا، کە دەبێت لە ناوەڕاستیاندا پارسەنگانە خۆڕاگرێت.

بۆ نموونە: لە نێوانی ترس و هیوادا، یان خۆشەویستی و بوغزاندندا، یان واقیعبینیی و خەیاڵاوێتیدا، یان رەفتارە ماددییەکان و وزە واتاییەکان، یان باوەڕهێنان بەوەی بەرجەستەیەو باوەڕهێنان بەوانەی نادیارن، یان حەزبە پابەندیی و حەز لە بەرەڵابوون (سەربەستی بێسنور)، یان حەزی کۆمەڵکاریی و حەزی کاری تاکڕەویی، یان دیدو هەڵوێستی ئیجابی (بە پێناسەی خۆی بێت، یان بە پێناسە غەیری خۆی) و دیدو هەڵوێستی سلبی.. وە هەروەها.

هەر یەکێك لەم دیدو هەست و غەریزەو رەفتارانە _وەك دەیانبینی_ سەربەخۆن و پێکەوەشن، تەریب و بەرامبەریەکیشن (لە رێڕەویاندا نەك لە ئاڕاستەدا).. هەریەکەشیان لە کێبڕکێ و ململانێی ئەوی بەرامبەریدایە.

بەڵام بزاوتی پارسەنگانەی هەمویان، بەرپرسێتی ویست و ئیرادەی خاوەنەکانیانە. ئەو دەبێت نەهێڵێت لایەنێك لایەنەکەی بەرامبەری ڕادات و نەیهێڵێت.. نابێت مرۆڤ ئەوەندە ئازا بێت، هەر خۆبەسەر خۆفڕێداتە دژوارییەوە، گوایە: ترسی لە هیچ نەماوە! هەر وەکو، کە نابێت ئەوەندە ترسنۆك بێت لە هەموو شتێك سڵ بکاتەوەو لە ترساندا کپ و خپ ببێت!

پارسەنگڕاگرتنی ئەمانە پارسەنگڕاگرتنی کەسایەتییەکەی مرۆڤە، هەر کەسێکیش توانی ئاوا خۆی پارسەنگڕابگرێت، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت هەوڵی پارسەنگڕاگرتنی خەڵکیش بدات[1]..

کۆمەڵکاریی تاکەبوارێکی درووست و بنیاتسازە ،کە هەموو وزەیەکی کیانی موسوڵمان ڕاست و ڕەوا ڕێکدەخات و بە شێوەیەکی یەکسان و پارسەنگ هەموو غەریزەکانی ئاڕاستەدەکات.

---

(١) واتە: هەرکەسێك توانی (صالح)بێت، دەشتوانێت (مصلح) بێت. وەکو ئاوی دەستنوێژ (پاك)و (پاك کەرەوە) دەبێت.

لە یەککاتدا دەبینی هزرو ژیریی بە عەقیدەکـە جێگیردەکـات (و لـە گومانـە فەلسەفیەکان رزگاریدەکات) بە گەشەی رۆح و تـەقواکاریی، بـە رێکخسـتنی ئینفیعالاتی، بە دیـاریکردنی سـنوری حەڵاڵ و حەڕام بـۆی، بـە ئـادابی رەفتـارو رەوشت، بە خۆشەویستی خواو ترس لە سزای، هـەر هـەموو بـزاوت و سرەوت و گوفتارو کردارو هەستی ناخ و رەفتاری دەرێی پارسەنگانە رادەگرێت..

ئەمە کەسایەتی ئیسلامییە ،کە خوای گەورە دەیەوێت بێتە پێشێ، تا پەیامی خوایی هەڵگرێت و بیگەیێنێتەوە بە خەڵکی ..

ئەمەیە ئەو کەسایەتییەی ڕاست و ڕێکەو دیدی ڕوونەو رەفتاری پەسـەندەو وەسوەسەی شەیتان و هەواوهەوەس و دنیاویستی بە ملاولایدا نادەن.

کـە موسـوڵمانێك لـەم کەشـە ئیمانیـیە پەروەردکارانـەی کۆمـەڵکاریی ئیسـلامیی دووردەکەوێتـەوەو ئاڕاسـتەی دەسـتەجەمعی سـەرکردایەتییەکی واقیعی بۆ نایەت و، گۆشەگیرو تاکڕەو دەکەوێت، بە سەد تەئکید زۆر لە تواناو وزەکانی پەکدەکەون و خەلەل لە کەسایەتییدا درووستدەبێت.

جگە لەوەی بوارێکی زۆر بۆ شەیتان و حـەزی مونحـەریف دەکاتـەوە.. کـە دەبنە مایەی پێکداکێشرانی هێزەکـانی هـزرو ژیریـی و دڵ و دەروون و حـەزو غەریزەو، ڕەفتارو ڕەوشت و تەقواو هەواوهەوەس.

بۆ لادانی موسوڵمان لەم ئەنجامە دژوارە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (..مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ فَلْيَلْزَمِ الْجَماعَةَ، فَإِنَّ الشَّـيْطَانَ مَـعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ الاثْنَيْنِ أَبْعَدُ).[1]

واتــە: هــەر کەسـێکتان ناوەڕاسـتی بەهەشـتی دەوێـت، بـا خـۆی بـە کۆمەڵکارییەوە پەیوەست بکات، چونکە شەیتان لەگەڵ یەك کەسـدایەو ئاسـان

(١) ترمذی (٢١٦٥)، ئەحمەد (١٨/١). ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح ابـن مـاجە/ ٢٣٦٣)دا دەفەرمـوێ: سەحیحە.

دەرەقەتی دێت، لە دووکەس دوورترە و کەمتر پێیان دەوێرێت.

٤- کەمشارەزایی و کەمیی ئەزموون، کە شیاوی ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتیان دەکات: ئەو کەسەی گۆشەگیردەکەوێت، بە تەئکید ئەزموونی ژیانی کەمدەبێت.

ئەو لە کوێ و کەسێك لە کوێ، کە ڕۆژانە تووشی چەندین کێشە دەبێت و، شارەزای چۆنییەتی و هۆکارو چارەسەری کێشە دەبێت؟

کۆمەڵکاری ئیسلامیی، کە لە سەرەتاوە دڵنیابووە لەوەی، کە بانگەوازی خوایی کەند و کۆسپی زۆری وا لە ڕێدا، ڕێگاکەی پڕ لە دڕکودالە، دژواریی زۆری دێتە سەر، بەڵام هەر دەبێت ببڕدرێت، چونکە فەرمانی خوای تاك و پاکەو، زەرورەتێکی ژیانە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، لە گومڕایی و دەستدرێژیی و ستەم.

جا ئەم کۆمەڵکارە چالاکە ڕۆژانە ڕووەو ڕووی کەسایەتی جیاوازو، هەڵوێستی جیاوازو کۆسپی جیاواز دەبێتەوە..ساڵ نابات، کە ئەزمونێکی زۆری لا کۆ دەبێتەوەو، شارەزایی لە چۆنییەتی کۆمەڵکارییدا پەیدادەکات و، دەزانێت چۆن خۆ لە کەندو کۆسپەکان لادات و ،کێشەکانی ڕێ چارەسەربکات.

تێکەڵاوبوونی خەڵکی و کارکردن لە گەڵیانداو، لە ناویاندا باشترین بواری فێربوون و شارەزابوونی ئەزموونە.. کاتێك کەسێك گۆشەگیردەکەوێت، یان تاکڕەوانە کاردەکات، بێگومان ئەم شارەزاییەی لاکۆنابێتەوە و خۆی لەو هەموو ئەزموونە مەحروم دەکات و، تا ماوە هەر دیدکورت و گۆشەنیگای تەنگ دەبێت و سەتحی دەژی و، لە چارەسەری کێشە سادەکانیشدا ،ماتومەلول دەبێت و ڕێگا چارەیەك نادۆزێتەوە! چ جای کێشە قورسەکانی ململانێ و خەبات و جیهاد.

ئەمە هەندێك لەو خاڵە پەروەردەییانەیە، کە لەو فەرموودەی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فێر دەبین ،کە دەفەرمووێ:

(إنَّمَا مَثَلُ الجَلِيسِ الصَّالِحِ والجَلِيسِ السَّوءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ، فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً، وَنَافِخُ الكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً).(١)

واتە: نموونەی هاودەنگ(هاوڕێ)ی چاك و هاودەنگی خراپ، وەكو هەڵگری عەترو هەڵسوڕێنەری موشەدەمە (هەمبانەبا)یە.(٢)

خاوەن عەترەكە دەتداتێ، یان لێیدەكڕیت، یان بۆنی خۆشیی بەسەرتدادێت. ئەمما موشەدەمەكە پۆشاكەكانت دەسووتێنێت (كە پڕیشكی ئاگر، یان پشكۆ هەڵدەدات)، یان بۆنی ناخۆشت بەسەردا دەهێنێت.

٥- بێ هیوابوون و ڕەشبینیی، كە دەشێت تووشی سستیی و لێچوونەوەی بكات: موسوڵمان تا دیندارتر بێت و، تا چوست و چالاكتر كاربكات، شەیتان زیاتر تینی بۆ دەهێنێت.

لەم سەردەمەشدا -كە دینداریی قورسە- شەیتانەكانی مرۆڤ و جنۆكە، هەوڵ دەدەن: ئەم موسوڵمانە دیندارە چالاكە ساردبكەنەوە، بەوەی گومانی لادرووستدەكەن، ڕاڕای دەكەن، دەڵێن : ئیسلام چۆن جارێكیتر دێتەوە سەر حوكم، كە دەبینێت دوژمنانی ئیسلام لە جاران زیات، جیهانی ئیسلامیان خستۆتە ژێردەست و هێزی سەربازیی و ئەمنیی و تەكنۆلۆژیاو ئابوورییان بە دەستەوەیەو، پلان و پیلانی وردەكارانەیان دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان لە كاردایەو، لە بەرامبەریشدا موسوڵمانان نەزانی دین و دنیان و پەرتەوازەن و لاوازن و هیتر..

---

(١) بوخاریی (٥٥٣٤)، موسلیم (٢٦٢٨).

(٢) موشەدەمە: مەشكەیەكە (پێستی ئاژەل بە ساغی) دارێك بە دوو دەست و بەدوو قاچەكەیەوە پەیوەست دەكرێت و بە شێوەی تاكولۆ زەغتی لێدەكرێ تا لە ملەكەیەوە هەوا (فوو) بكاتە ئاگری كورەی ئاسنگەرەوە بۆ ئەوەی خەڵوزی كوورەكەی بۆ بگەشێنێتەوە تا ئامێرە ئاسنینەكانی تێدا سووربكاتەوە.

ئەو موسوڵمانەی گۆشەگیرو تەنهایە، یـان تـاکڕەوە، ئـەم گومانانـە زۆر زوو کاریتێدەکەن و ورەی دەڕوخێـنن، بەڵام ئەوانـەی کۆمـەڵکارن کـەمتر، چونکـە دەبینن چۆن کۆمەڵکارییە ئیسلامییەکان لە سفرەوە دەستیان پێکـردەوەو، ئێسـتا یەکەمین هێزی کاریگەری ناو کۆمەڵگەی موسوڵمانانن.

کۆمەڵکارەکان لە واقیعدا دەبینن ،کە کەسایەتییە کۆمەڵکارەکان پـەروەردە کـراون، شـارەزاو پشـوودرێژن، لێـزان و بـە بەرنامـەن، وزەو توانـاو پسـپۆڕیی هـەزاران کەسـیان لـەخۆگرتووەو ڕێکیـان خسـتوون و، کۆمـەڵکاران بـە پێـی نەخشەو پلانی خۆیان دەبزوون، سەدان هۆکارو شێوازو چۆنییەتی ئیشـکردنیان داهێناوەو، لە واقیعی ژیاندا زۆر بەهێزو بە جورئەتـەوە بـەرەنگاری پیلانـەکانی دوژمن دەبنەوەو سەریش دەکەون.

ڕاستە زۆریان لێدەگیرێت، لێـدەکوژرێت، لێئـاوارە دەبێـت، مـەحروم دەبـن، بەڵام خـۆگرن و ئاسـەواری کارکردنیـان لـە کۆمەڵگـەدا دیـارە. (کۆمـەڵکارە ئیسلامییەکان ژمارەیەکی سەختی ململانێی فیکریی و سیاسین).

ئەو کەسەی گۆشەگیر دەکەوێت، هەست بەم هەموو هێزە واقیعییە ناکات، بەڵام ڕۆژانەش دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی پرسیارەکانی ناخیەوە[1] هتد..

ئەم کەسە سەرەنجام هیوابڕاودەبێت! پێی وا دەبێت: کە گۆڕینی کۆمەڵگەکە مەحاڵە!

٦- کەمبوونەوەی پاداشتی خوایی: ئەمە یەکێکە لە گەورەترین زیان، کـە لـە گۆشەگیر دەکەوێت،چونکە ئەو کەسانەی لە کۆمەڵکارییـدان، بـواری زۆرتـرو شێوازو چۆنییەتی زۆریان لە بەردەستدایە، بۆ دەستخستنی پاداشتی خوایی.

هەلی زۆرتریان بۆ دەرەخسێت بۆی،کەلە لایەکەوە وجێبـەجێکردنی فـەرزی

---

(١) دەربارەی راست تێگەیشتن لە دینەکە، لە ئامانجی دیـن و حـاکمێتی شـەرع، لـە ئاڕاسـتەکردنی کۆمەڵگەو دەوڵەت، لە دادپەروەرانە بەشکردنی سامان و دەسەڵات.

کارکردنی دەستەجەمعی ئوممەتیانەو، لە لایەکی ترەوە ،کۆبوونەوەی بەردەوام و دانیشتنی فێربوون و یادخستنەوەی بەرپرسێتیی دنیاو قیامەت و، سوودوەرگرتن و سوودبەخشین و گەیاندنی بانگەوازی خوایی،بە شێوەیەکی رێکوپێك بە خەڵکی پۆلێنکراوو، دیدەنیی و زیارەتی برایانەی یەکتریی و سەردانی نەخۆش و بەشداری پێکردنی یەکتریی، لە خۆشیی و شادیی و لە نارەحەتی و کێشەو یارمەتیدانی یەکتریی و، بە خەمەوە هاتن و لە سەرکردنەوەو داڵدەدان و رێنیشاندان و ئامۆژگاریی و، گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش و یەکتر بەهێزکردن و.. دەیان رەفتاری تری هاریکاریی یەکترکردن ،کە لە گۆشەگیرییدا دەستناکەون.. بشبن زۆر کەمدەبن..

کەوابوو: گۆشەگیر، جگە لەوەی تێگەیشتنی لە ئیسلام و ئوممەت و بزاڤی گۆڕانکاریی سەتحی و سادەیە، بوارەکانی زۆرینەی پاداشتی خواییشی لە خۆی گرتۆتەوەو، خۆی لە زۆرخێر مەحرومکردووە.

٧- دەستنەخستنی توانای سەلماندن و چەسپاندنی دینی خوا، نەئێستاو نەلەداهاتوودا: چونکە ئەوە فەرزێکی ئەوەندە قورس و سەختە، بە یەك کۆمەڵ و دوو کۆمەڵیش نایاتەدیی.

چ جای بەسەدان گۆشەگیری تەنها.. لەولاوەش ئەهلی کوفرو شیرك و جاهیلییەت کۆمەڵکارانەو پێکەوە و، بەردەوام خەریکن دیدو رێ و قیەمی خۆیان بڵاودەکەنەوەو ،تاکەبوارێکی تەسك و تروسکیش بۆ دینی خوا ناهێڵنەوە..

موسوڵمانی گۆشەگیر، چۆن دەتوانێت رێ لەم گەلەکۆمەکییە نێودەوڵەتییەی ئەهلی کوفر بگرێت و، سەروەرێتیی شەرع دابینبکات؟!

ئەوە لە خەیاڵپڵاو دوورترە!!

ئەهلی کوفر، چۆن دەیانتوانی سەرکردایەتی دەوڵەت و ئاراستەوانی

کۆمەڵگەی موسوڵمانان بگرنەدەست، ئەگەر ئەهلی ئیمان وەکو ئوممەتی خاوەن پەیام رەفتاریان بکردایەو، وەکو ئەهلی بانگەوازو گۆڕانکاریی و جیهاد لە مەیداندابوونایە؟

کاتێك موسوڵمانان بێکۆمەڵکاریی و، بێمەنهەج و بێسەرکردایەتیی دەکەونە کەنارو، هەزاران هەزاریان قەناعەت بە گۆشەگیریی دەکات، کە ئەوە چاکترە!

حەتمەن دەسەڵات لە دەست موسوڵماناندا نامێنێت و، ئەهلی کوفر ساحەکە پڕ دەکەنەوەو بەرنامەو نەخشەی خۆیان بەسەر خەڵکییدا دەچەسپێنن و، گۆشەگیرەکانیش ناتوانن فەرمانیان ڕانەپەڕێنن!

ئەمە زیانی دەستەجەمعی دنیاییە، کە ژێردەستەیی و زەلیلیی و دوژمنایەتیکردنی بەها پیرۆزەکانی ئیسلامی لێدەکەوێتەوە ،(فەساد) بە هەموو ماناکانییەوە بەسەر زەمیندا بڵاودەبێتەوە.. (واقیعی ئەم سەردەمەش شاهیدی حاڵە).. خوای گەورە دەفەرمووێ:

- ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ﴾ البقرة: ٢٥١.

واتە: ئەگەر خوای گەورە هەندێك خەڵکی (کە کافرن) بە هەندێکی تر (کە موسوڵمانن) لانەدایەو ڕانەدایە، فەسادو خراپەکاریی سەر زەمینی دەگرتەوە.

- هەروەها ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا﴾ الحج: ٤٠.

واتە: ئەگەر خوای گەورە خەڵکانێکی (کافرو ستەمکار)ی بە خەڵکانێکی تری (ئەهلی دادپەروەریی) لانەدایاو ڕانەدایا، هەمووشوێنە بە بەهاکانی خواپەرستیی، کە سوجدەیان بۆ خوا لێدەبرێت خاپوردەکران: خەڵوەتگای قەشەو بییەعی جولەکەو کڵێسای مەسیحی و مزگەوتی موسوڵمانان ،کە زیاتر زیکری خوای گەورەیان تێدا دەکرێت و، ناوی ئەوی زیاتر تێدادەبرێت.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ:

(مَثَلُ الْقَائم عَلَى حُدُود اللَّه وَالْوَاقع فيهَا كَمَثَل قَوْم اسْتَهَمُوا عَلَى سَفينَة فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلاَهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا فَكَانَ الَّذينَ في أَسْفَلهَا إذَا اسْتَقَوْا من الْمَاء مَروا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ فَقَالُوا: لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا في نَصيبنَا خَرْقًا وَلَمْ نُؤْذ مَنْ فَوْقَنَا فَإنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَميعًا وَإنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْديهمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جَميعًا).[١]

واتە: نموونەی ئەو کەسەی سنووری شەرعی خوا دەپارێزێت و ئەوی ئەو سنوورەی بەزاندووە، وەکو کۆمەڵە کەسێکن لە کەشتییەکدابن. قورعەیان ڕاکێشاوە ،کە کام کۆمەڵیان لە نهۆمی خوارەوەی کەشتییەکە بێت و کامیان لە نهۆمی سەرەوە بێت.

هەر دەستەیان شوێنی خۆی بەرکەوتووە، ئەوانەی لە نهۆمی خوارەوەن بۆ ئاو هەڵهێنان لە دەریاکە، دەبێ بچنە سەرەوە، دواتر وتیان: با کونێك بکەینە کەشتییەکە ڕاستەوخۆ ئاوەکەمان بۆ بێت، ئەمە چاکترە وەك لەوەی هەموو جارێك برایانی نهۆمی سەرەوەمان نارەحەت (ئیزعاج)بکەین و بەسەریاندا بێین و بچین!

ئەگەر ئەوانەی سەرێ (کە سنوور پارێزانی شەرعن) لێیان بگەڕێن ڕەفتاری وا بکەن، کە پێیان چاکە (واتە کونکردنی کەشتییەکە) بە تەئکید خۆشیان دەخنکێن و ئەمانیش دەخنکێنن، چونکە کەشتییەکەیان پڕئاودەبێت و نقوم دەبێت.

ئەگەر دەستیشیان بگرن و نەهێڵن وا بکەن، ئەوە هەم ئەوانیش لە خنکان قوتاردەکەن و هەم خۆشیان.

٨- خۆخستنەبەر غەزەبی خوای گەورە: گۆشەگیر لەجێبەجێکردنی فەرمانی

(١) بوخاریی (٢٤٩٣)، ترمذی (٢١٧٣).

خوای گەورە هەڵاتووە، کە فەرمانی بە پابەندبوونی دەستەجەمعی دینەکەیەوە گرتووە: ﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ﴾ آل عمران: ١٠٣.

واتە: دەستەجەمعی بە دینەکەی خواوە پابەندبن و، تەفرەقەتان تێنەکەوێت..

کابرای گۆشەگیر، دەبوو بە دەنگ ئەم فەرمانە خواییەوە بهاتایەو، لەگەڵ براکانی تریدا بکەوتایەتە کۆمەڵکارییەکی مەنهەجی، بەڵام ئەو ڕای خۆی بەچاکتر زانیووە، وەك لە ئاڕاستەی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت بە تایبەتی کۆڕای یاوەران، کە هەموو فەرموویانە :دابڕان لە ئوممەت جاهیلییەتەو دابڕان لە (مەنهەج)کافربوونە..

ئەوە مایەی غەزەبی خوای گەورەیە.. ئەوی خوای گەورەش غەزەبی لێدەگرێت، داماوو فەوتاوەو بە هیچ هەڵناسێتەوە: ﴿وَمَن يَحۡلِلۡ عَلَيۡهِ غَضَبِي فَقَدۡ هَوَىٰ ٨١﴾ طه: ٨١.

واتە: هەر کەسێک بەر غەزەبی من بکەوێت، ئەوە دادەڕمێتە خوارێ و دەفەوتێت..

هەر ئەم هۆشدارییی و هەڕەشەیەشە، کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیبینین وەکو:

- (مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ فَمَاتَ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً).(١)

واتە: هەر کەسێك لە ملکەچیی و بەیعەتی پێشەوای شەرعی موسوڵمانان (خەلیفە)دەربچێت و ئوممەتی موسوڵمانان واز لێبهێنێت و بمرێت، ئەوە مردنەکەی مردنێکی جاهیلیە.

- (مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْرًا فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإِسْلاَمِ مِنْ عُنُقِهِ).(١)

(١) موسلیم (١٨٤٨)، نەسائی (٤١١٤)، ئەحمەد (٧٨٨٤).

واتە: هەر کەسێك ئوممەتی موسوڵمان و دیدو ڕێبازی وەلکات و، بستێک جیا بێتەوە، ئەوە ئینتیمای ئیسلامی لە ئەستۆی خۆی داماڵیووە.

مەبەست لەم دەرچوونە لە دیدو ڕێبازی ئوممەتی موسوڵمانانە، کە بنەما شەرعیەکانی دینەکەیانە، کە هەموو لە سەری ڕێکەوتوون..

هەروەها لە ملکەچێتیی و گوێڕایەڵیی ئەمیری گشتی ئوممەتەکەیە، کە بە مەرجەکانی خەلیفایەتیی بۆتە پێشەوای ئوممەت و خیلافەتی ئیسلامی پێدراوە، چونکە ئەم کەسەی خۆی لەو بەرپرسێتییە ڕاپسکاندووە، خۆی دەخاتە گێژاوی (فیتنە) وەو، سەرەنجامیش بەر غەزەبی خوای گەورە دەکەوێت.

هەر وەکو ئێسترێك ،کە هەوسار (ڕەشمە)ی کراوەتە سەر، یان لغاوی کراوەتەدەم و جڵەوی گیراوەبەدەستەوەو ئاڕاستەدەکرێت.

ئەگەر خۆی ڕاپسکاندو هیچی لەمانە پێوە نەما، بەرەڵڵا دەبێت و گورگان خواردوو دەبێت! یان لە کات و شوێنێکدا، دێ بەلاداو دەمرێت.

ب- ئاسەواریی گۆشەگیریی و تاکڕەویی لەسەرکۆمەڵکاریی:

١- ئاسان لێدان و مەترسی پووکانەوەو لە ناوچوونی کۆمەڵکارییەکە: یان لانی کەم سستکردن و کەنارخستن و دواخستن و ماندووکردنی. یان زیادکردنی قورسایی کۆڵی و سەختکردنی ڕێکردن و درێژکردنەوەی ماوەی پارسەنگبوونەوەو دەرکەوتنەوەی و دواخستنی، یان ڕێگرتن لە سەرکەوتنی.. ئەمانەش شتیکی سروشتی چاوەڕوانکراو دەبن..

کۆمەڵکارییەکی دەهەزار کەسی، هەزارانی لێ گۆشەگیرببێت، یان تاکڕەوانە بکەونەکار، بێگومان کۆمەڵکارییەکە هەڵدەوەشێنن، یان کەلێنی

(١) ئەبوداوود (٤١٣٤)، ئەحمەد (٢١٠٢٩) حاکم (٣٦٧)، بەیهیقی (١٥٢٨٠). شیخی ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح سنن أبي داود ٩٠٢/٣) و لە (صحیح الجامع الصغیر ٦٢٦٨/)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

زۆری تێدا درووستدەکەن کە ئاراستەوانان ناتوانن زوو پڕیبکەنەوە.

ئەمە جگە لەوەی، کە ئەوانەی دەمێننەوە لە شیکارکردنی هۆی گۆشەگیریی ئەوانەو، هەڵوێست لێیان و پلاندانانی نوێ و هەڵوێست وەرگرتنی نوێ، لە هێزەکان راجوێدەبن و دەکەونە ناکۆکی.

ئەوەش سەردەکێشێت بۆ باڵباڵێن و شەڕەپاڵ، دوژمنانیش بە سیاسەتە کۆنەکەی خۆیان: پەرتکەو ببە (فرق تسد) ئەوەندەی تر تەفرەقە لە کۆمەڵکارییەکەدا درووستدەکەن.

لەبەر دژواریی ئەم ئەنجامەیە، لەبەر مەترسیی ئەم لاوازبوون و دۆڕاندنەیە، ئەو هەموو دەقەی قورئان و فەرمووده هۆشداریی دەدەنە موسوڵمانان، کە ئاگاتان لە یەکڕیزیی کۆمەڵکاریی و چالاکیی ئوممەتیانەتان بێت. نەکەونە ناکۆکی و ململانێ و تەفرەقە، چونکە لاوازدەبن و دەفەوتێن. وەک دەفەرمووێ:

- ﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ﴾ آل عمران: ١٠٣.

واتە: دەستەجەمعی بە دینەکەی خواوە پابەند بن و، تەفرەقەتان تێنەکەوێت..

- ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ﴾ الأنفال: ٤٦.

واتە: گوێڕایەڵی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەن و لە ناو خۆتاندا مەکەونە کێشمەکێش و ناکۆکیی، دەنا شکست دێنن و هێزو پێزتان لە دەست دەچێت.

- ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ﴾ المائدة: ٢.

واتە: لەسەر چاکەکاریی و تەقوا (دینداریی سەرراستانە) هاوکاری یەکتریی بکەن، لەسەر گوناح و دەستدرێژیی، هاوکاری یەکتریی مەکەن.

٢- مەحڕومبوون لە مەددەدی خوایی و یارمەتیدانی: کاری ئیسلامیی،

هەرچەند تۆکمەو یەکڕیزو بەهێزبێت، هەرچەند تواناو دەسەڵاتی زۆر بێت، هەر پێویستی بە لوتفی خوای گەورەو رەحمەت و یارمەتیدانی ئەو ڕێدەکات..

خوای گەورەش بەڵێنیداوە: کە یارمەتیدان و سەرکەوتن دەبەخشێت، بەڵام بە کۆمەڵکارانی سەرڕاست و دینداریی پاك، کە بۆخواساغبوونەتەوە و بۆ بانگەوازەکەی لێبڕاون.. هەر کۆمەڵێك ئاواپێك بێن، هەر لە سەرەتاوە مەدەدی خواییان مسۆگەردەبێت و، دەستی خوای گەورەیان پێوەدەبێت، هەر وەکو، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: (يَدُ اللَّهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ).[1]

واتە دەستی خوای گەورە وەل کۆمەڵکاراندایە.

کەوابوو: هەر وەکو ئەمە هۆشداریی و ئاگاداریی و حەزەردانە کە غەیری کۆمەڵکاریی پەرتەوازەبوون و تەفرەقەیەو مایەی مەحرومبوونە لە مەدەدو یارمەتی خوای گەورە، پێچەوانەکەشی، کە کۆمەڵکاریی و یەکڕیزیی و تۆکمەییە، مایەی هاتنی مەدەدو یارمەتی خوای گەورەو سەرکەوتنێتی..

بەڕاستی ئەوەش مژدەیەکی خۆش و بەڵێنێکی حەقە، حەقە کۆمەڵکاران وا بکەن شایانی بن.. چونکە کۆمەڵکارانی چاك و سەرڕاست لەو ڕێیەشدا بمرن، هەر ڕوو سوری لای خوای گەورە، خاوەن پاداشت دەبن.

وەك دەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ۝٤ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ۝٥ وَيُدْخِلُهُمُ ٱلْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ۝٦﴾ محمد: ٤ - ٦.

واتە: ئەو کەسانەی لە پێناوی خوای گەورەدا کوژراون، خوای گەورە کارو کردەوەکانیان بزر ناکات، هیدایەتیاندەدات و بێ خەمیاندەکات، پاداشتیان دەداتەوەو دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە، کە بۆی وەسفکردوون.

---

(١) ترمذی (٢١٦٧)، ئیبنوماجە (٣٩٥٠)، حاکم (١١٥/١)، ئیبنوئەبی عاصم: السنة (٨٥) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع/ ١٨٤٨)دا دەفەرموێ سەحیحە.

- ئەمما ئەو کەسانەی گۆشەگیربوون، یان تاکڕەوو خۆبەسەر کاریانکردووە، سەرەنجامی دیدو هەست و هەڵوێستی ئەوان، نوشوستی بەسەر موسوڵماناندا هاتووە، خوای گەورە هەموان بە ئازارو ئەشکەنجەی خۆی دەگەیێنێت، پاشان پیاوچاکە چالاکە کۆمەڵکارەکان پاداشتدەداتەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (إِذَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِقَوْمٍ عَذَابًا، أَصَابَ الْعَذَابُ مَنْ كَانَ فِيهِمْ، ثُمَّ بُعِثُوا عَلَى أَعْمَالِهِمْ).[(١)]

واتە: کاتێك خوای گەورە ئەشکەنجەی خۆی دەنێرێتە سەر کۆمەڵە خەڵکێك، ئەشکەنجەکە هەر هەمویان دەگرێتەوە، بەڵام دوایی خوای گەورە، هەر یەکەیان لەسەر ئەو کاروکردەوانە زیندویاندەکاتەوە ،کە لەسەریبوون.

(١) بوخاریی (٦٦٩١)، موسلیم (٢٨٧٩).

**چوارەم: خۆ پاراستن و چارەسەری گۆشەگیریی و تاکڕەویی:**

١- تێگەیشتنی ڕاست و درووستی ئـەو دەقانـەی، داوای دووره پـەرێزیی و گۆشەگیریی دەکەن و، ئەو دەقانەی داوای کۆمەڵکاریی و تێکەڵبوونی خـەڵکی دەکەن..

هەر کەسێك خواویست و دینداریی سەرڕاست بێت ،هەر دوو پۆلە دەقـەکان دیراسە بکات و لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشـتنی یـاوەران و تـابعین و پێشـەوایاندا لێکیان بداتەوە، (إِنْ شَاءَ اللَّهُ )دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئاسوودەیدەکات.

بۆی دەردەکەوێت: کە گۆشـەگیریی نەخۆشـییەکی دینداریـیـەو ناپەسـەندەو کۆمـەڵکاریی و تێکـەڵبوونی خـەڵکی ئەسـڵەو، بەڵگـە شـەرعیەکان جـەختی لێدەکەنەوە.. ئاوا قەناعەت بە کۆمەڵکارییدەکات و بە یارمـەتی خـوای گـەورە وزەو توانای لەوێدا دەخاتەگەڕ..

بۆی دەردەکەوێت :کە گۆشەگیریی و دوورەپـەرێزیی کاتێـك (جـائیزە)، کـە (فیتنـە) لـە هـەموو لایەکـەوە سـەری هەڵـدابێت و، موسـوڵمان نـە توانـای کۆمـەڵکاریی مابێـت، نـە توانـای هیجرەتکـردن و بـە جێهێشـتنی کۆمەڵگـەو ناوچەکە.

٢- تێگەیشـتنی ڕاسـت و درووسـت لـە دیـدو هەڵوێسـتی ئـەو یـاوەرو پێشەوایانەی گۆشەگیرییان پێچاکبووە، وەك: کۆمەڵکاریی بەرەیەکی موسوڵمان دژ بەبەرەیەکی تری موسوڵمان بێت..

زانینی ئەو بارودۆخەی لەو کات و شوێنەدا بە دەوری ئەوانـەوەبوو، لەگـەڵ بـەراووردکردنی بـارودۆخی گشـتی ئێسـتای موسـوڵمانان، دەبێتـە هانـدەری کۆمەڵکاریی و چالاکیی، نەك گۆشەگیریی و تاکڕەویی.

بە تایبەتی، کە دەردەکەوێت: گۆشەگیریی ئەو بەڕێزانە ،نە زیانی بە ئیسلام گەیاندووە ،نە بە موسوڵمانان، چونکە ئەو زەمانە دەوڵەتی ئیسلامیی پایەداربووە، سەروەریی دەسەڵات هی شەرع بوو، سنوورەکان پڕموجاهیدبوون، دنیای موسوڵمانان ئەمانبوو.. بەڵام گۆشەگیریی و تاکڕەویی لەم زەمانەدا ،سەدان لایەنی زیانی لێدەکەوێتەوە..

زیانە لە خودی ئیسلام و زیانە لە ملیۆنەها موسوڵمان،چونکە نە دەوڵەتی ئیسلامیمان ماوەو، نە شەرع سەروەری دەسەڵاتی مەرکەزیی بە دەستە.

ئەوە هەموی وا بە دەست دوژمنانی ئیسلامەکەوەیە، کە کۆمەڵکاریی ئیسلامی دەوەستێنن و، دژی بانگەوازی خواییین و پێشەوایانی موسوڵمانان زیندان دەکەن و دەکوژن و هەزاران هەزار داعی و چالاکوانی ئیسلامی ڕاو دەنێن و، ئوممەتە موسوڵمانەکەش لە نان و ئەمان مەحڕوم دەکەن و، خەڵکەکەش بە چەواشەکاریی لە ئیسلام دووردەخەنەوە.

موسوڵمانانی سەردەم لە هەموو کاتەکانی ڕابوردوو زیاتر پێویستیان بەکۆمەڵکاریی و یەکڕیزیی و یەکدیدو یەکهەڵوێستییە.

پێویستیان بە وزەو توانای هەر هەموو موسوڵمانانە، تا بۆ بانگەوازی خوایی بخرێتە گەڕ، تا دەسەڵات و سەروەریی بۆ دینەکەی خوا بگەڕێتەوە (إِنْ شَاءَ اللَّهُ).

٣- شارەزابوون لە مەنهەجی ئیسلام لە پەروەردەکردنی تاك و ،ئاڕاستەکردنی ئوممەتیانەی کۆمەڵکاریی: چونکە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە ئیسلام تاکەکان لەسەر خواویستی و صاڵحبوون و پارسەنگی پەروەرودەدەکات،بەڵام لەسەر کۆمەڵکاریش هانیاندەدات، چونکە ئەرکە قورسەکانی بانگەوازوگۆڕانکاریی و حاکمێتیی و سەروەرێتیی شەرع ،فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە و جیهادکردن بە تەنها ناکرێن.

بـەڵکو بــە کۆمــەڵکاریی ئوممــەتیی و کــاری دەســتەجەمعی دەکــرێن، شـارەزابوونی ئەمـە( إِنْ شَـاءَ اللَّـهُ) زامنـە بـۆ چوونـە ڕیـزی کۆمـەڵکاریی و هیممەتبەرزیی گۆڕانکاریی.

٤ -ڕاست و درووست تێگەیشتن لە واتای خواپەرستیی: کە لەبەر ڕۆشنایی بنـەما ئیسـلامیەکاندا دەبێـت، کـە لـە دیـدو پێناسـەو بـزاوت و هەڵوێسـتی (عەمەلی)ی سەلەفەوە وەرگیراون.

فێربوونی ئەو زاراوەو واتایانە بـە تێگەیشـتنی یـاوەران و تـابیعین و، ئـەو پێشەوایانەی (وەکو ئیمامی ئیبنوتەیمیە (رحمە اللە) ، کە لەسەر مەنهەجی ئەوان (ڕۆیشتوون) کە پێناسـەی (عیبادەت)یـان کـردووە، موسـوڵمان دەگەێنێتـە ئـەو قەناعەتەی، کە گۆشەگیریی - بە هەر هەنجەتێك بێت- بێبەڵگەیەو تێکەڵبوون و کۆمەڵکاریی، خواپەرستین و موسوڵمان پێویستە مومارەسەیان بکات..

گومــان لەوەشــدا نیــیە،کــە هــەموو کەســێك، دەبێــت هەنــدێك کــات بــۆ خواپەرستییە تایبەتییەکان (وەکو: ڕوکنەکان و قورئان خوێندن و زیکرو ..هیتر) تەرخان بکات.

هەروەها کات بـۆ سـەرنجدان لـە گـەردوون و ژیـان و مـرۆڤ.. کـە هـەموو لایەنێکیان هاندەری خواناسیی و خواپەرستیی دەبن (إِنْ شَاءَ اللَّهُ).

٥- خۆڕاهێنان لەسەر جوامێریی و جیددێتی: تا ڕێگا لـە نـەفس و شـەیتان و دنیاویستیی و حەزی مونحەریف بگرێت و، نـەهێڵێت ئەوانـە ڕایکێشـنە ژیـانی تەمبەڵیی و شلگیریی دینداریی، بە بەهانەی گۆشەگیریی و تاکڕەویی و خۆلادان لە (فیتنە)! یان بۆ خۆدزینەوە لە ئەرکـەکانی کۆمـەڵکاریی و کـۆڵی بانگـەوازو گۆڕانکاریی.

٦- زانینی ئەرك و ڕۆڵی موسوڵمان ،کاتێك خراپەکاریی تەشەنەیکردووە: پەی بردنی موسـوڵمانی سەرڕاسـت، بـەو هـەموو کـوفرو بێـدینییەی لـە وڵاتەکەیـدا

تەشـەنەی کـردووەو، غیـرەت جـوڵانی و پەرۆشـی دیـن و دینداریيەکـەی وای لێدەکات،کە هەستی بەرپرسـێتی دنیـاو قیامـەتی تێدا بهـەژێنێت و، بکەوێتـە هاوکاری براکانی تری لە کۆمەڵکارییەکی ڕاست و درووستدا، بۆ گۆڕینی ئـەو واقیعە ناشەرعییەی کوفر درووستیکردووە.

ئـەم هەسـت و غیرەتـە، حەتمـەن وا لـە کەسـی دینـداردەکات، کـە گۆشـەگیرنەبێت و بکەوێتـە چـالاکی ئیسـلامیی کۆمەڵکارانـە، چونکـە لـەوە دڵنیادەبێـت، کـە بـە تـەنهاو بە گۆشـەگیریی و دوورەپـەرێزیی ئـەو واقیعـە ناگۆڕێت..

ئەو کاتە دەڵێ: ئەگەر بۆشمان نەگۆڕرێت، خـۆ دەتـوانین کـوفرو شـیرك لـە سـنوورێکدا بوەسـتێنن و دینـدارێتیی گەشـەپێبـدەین.. ئـەوەش هەسـتێکی جوامێرانەی داواکراوە.

٧- هانابردنەبەر خـوای گـەورە بـۆ یارمەتیـدان: چونکـە هـەر خـوای گـەورە فریادڕەسـە، هـەر کاتێـك ئیمانـداران هەسـتیانە بـە لاوازی خۆیـان کردبێـت و، ڕاستگۆیانە ڕوویان لە خوای گەورە کردبێت ،هاتووە بە هانایانـەوە. (بڕوانـە! لـە قورئاندا خوای گەورە چۆن بە هانای پێغەمبەرە نازدارەکانییەوە (علیهم السلام) هـاتووە ،کـە ئـەوان دوعایـان دەکـرد، خـوای گـەورە یەکسـەر دوعاکـەی گیـرا دەکردن).

- ﴿وَنُوحًا إِذۡ نَادَىٰ مِن قَبۡلُ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَنَجَّيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلۡكَرۡبِ ٱلۡعَظِيمِ ٧٦﴾ الأنبياء: ٧٦.

واتە: نوح (علیه السلام) کە پێشتر هانای هێناو پاڕایەوە، یەکسـەر وەڵامـمان دایەوەو دوعاکەیمان گیراکرد، خۆی و کەسوکارەکەیمان لە کارەساتە سـەختەکە قوتارکرد.

- سیدنا ئەییوب( عَلَيهِ السَّلَام) : ﴿وَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ فِي رَحۡمَتِنَآۖ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٨٦﴾ الأنبياء: ٨٦.

واتە: خستمانەنە ناو ڕەحمەتی خۆمانەوە، ئەوانە بە تەئکیید لە پیاوچاکانبوون.

- سەیدنا یونس (علیه‌السلام): ﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾ الأنبياء: ٨٨.

واتە: دوعاکەیمان گیرا کردو لە خەمو خەفەتەکە قوتارمان کرد، ئێمە ئیمانداران ئاوا ڕزگاردەکەین.

- سەیدنا زەکەریا (عَلَيهِ السَّلَام): ﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ٩٠﴾ الأنبياء: ٩٠.

واتە: دوعاکەیمان گیراکردو (یەحیا)مان پێبەخشی و هاوسەرەکەیمان بۆ چاککرد، ئەمانە خێرخوازبوون، هەر چاکەیەکیان بهاتایەتە ڕێ، یەکسەر دەکەوتنە ئەنجامدانی، ئەمانە لە خۆشەویستیی و ترس و سڵکارییانەوە، هەمیشە ڕوولەخوابوون و بەردەوام دەست بە دوعابوون، ملکەچمانبوون.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ١٨٦﴾ البقرة: ١٨٦.

واتە: ئەگەر عەبدەخواناسەکانم پرسیاریان دەربارەی من لێکردیت، بفەرموو: کە من نزیکم و بەهانای ئەو کەسەوە دێم، کە هاوارم دەکاتێ، مادام لەمن دەپاڕێتەوەو هاوار بۆ من دەهێنێت، دوعاکەی گیرادەکەم، دەی سا با هەر لە من داوای یارمەتی بکەن و، باوەڕو یەقینیان بە من هەبێت، کە بەدەنگیانەوە دێم، با ئاوا باوەڕ بە من بهێنن و ئاوا بکەونە سەر ڕێی ڕاست، تا ڕێنیشاندەرێتی من وەربگرن.

٨- دوورکەوتنەوە لەو کەسانەی، بە گۆشەگیریی موبتەلابوون: کە قەناعەتیان وایە: لەم سەردەمەدا ئەوە هەڵوێستی شیاوو شەرعیانەیە! لە هەمان

کاتیشـدا پێویسـتە دیراسـەی کۆمەڵکارییـەکان بکـات و، بەڵگـەی شـەرعێتی کاریـان بخوێنێـت و، لەگـەڵ کۆمەڵکارانـدا هەڵسـوکەوت بکـات، تـا بزانێـت شــەرعێتی کۆمــەڵکاریی و ناشــەرعێتی گۆشــەگیریی، چەنـد لێـك دوورن و سوودی کۆمەڵکاریی چەند زۆرترە.

٩ -شارەزابوون لە دیدو بەرنامەو ئامـانجی کۆمـەڵکارەکانی ناوچەکـەی: تـا بزانێت ،کـە چـۆن ئـەو هـەزاران کەسـە کۆمـەڵکارانە، چـۆن دیـدو بۆچـوون و قەناعەتیان لەسەر کۆمەڵکاریی دامەزراوەو، لایەنە ئیجابیەکانی کـاری ئـەوان ببینێت، تا بە پشتیوانی خوای گەورە، متمانەی بە بەڵگەی کۆمـەڵکاریی دەبێـت و، واز لە گۆشەگیریی دەهێنێت، کۆمەڵکارییەکان، هەرچەند زۆریش بـن، هـەر وان لە چوارچێوەی حەق و جائیزێتییدا.[١]

١٠- دیراسەکردنی قۆناغ بە قۆناغی سییرە: تا بزانیـت، کـە چـۆن پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی بە بانگەوازو پێکەوەنانی ئوممەتەکە کردو، بـە عەقیدەکـە گۆشـیکردن.. کـە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ (مەنهـەج)و (ئوممـەت) و (بزاوت)ی هێنا، تا لە ماوەیەکی کەمدا (دوای سێزدە ساڵ) دەوڵەتی دامەزراند!!

کەسێك موسوڵمانی سەرڕاست بێت و، ئیقتیدای بەو پێغەمبەرە پێشەوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەبێت، چۆن قەناعەت بەوەدەکات، کە گـۆشەگیرانە بژیی و خوای گەورە بپەرستێت؟!

خۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێش ئەوەی وەحی بۆ بێت وایدەکرد،کە وەحی بۆ هات فەرمووی: زەمانی حەوانەوەو خەو نەما! موسوڵمان دەبێت لە هەموو رەفتارو کردارێکیدا، ئیقتیدا بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

---

(١) ئیمامی مەودودی (رحمەالله) دوای ئەوەی بەرنامەی کۆمەڵکاریی (جماعت اسلامی) خۆیانی بڵاو کردەوە، نووسی: ((کە ئەمە دیدو رێبازی ئێمەیە، ئێمەش یـەکێکین لـەو کۆمەڵکارییانـەی هـەوڵ بـۆ گێڕانەوەی حوکمی خوا دەدەین، ئەگەر بە بەرنامەمان رازییت، لەگەڵماندا بـکەوەڕێ، ئەگـەرنا، بچۆرە لای کۆمەڵێکی ترو، تەنها مەکەوە)).

وَسَلَّمَ) بکات، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێداوە، دەفەرموویٚ: ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ٢١﴾ الأحزاب: ٢١.

واتە: لە پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، نموونەی جوانی پێشەوایەتیی و ئیقتیداکردن زۆرە بۆ کەسێك، باوەڕی بە خوای گەورەو بەڕۆژی دوایی هەبێت و، یادی خوای گەورە زۆر بکات.

١١- ئاگابوون لە نەخشەی دوژمنانی ئیسلام: کە چۆن کۆمەڵکارانە دوژمندارێتی ئیسلام و ئوممەتەکەی دەکەن! چ بە شێوەی حیزب و کۆمەڵی سیاسیی و چەکدار، چ وەکو دەوڵەت و کۆمەڵە دەوڵەتیی هاوپەیمانیی سیاسیی و ئەمنی سەربازیی و ئابوریی!

ئەوە (پەیمانی وارشۆ)ی وڵاتانی سۆشیالیست، ئەوە پەیمانی ئەتڵەسی دەوڵەتانی سەرمایەداریی (ناتۆ)، ئەوە پەرلەمانی ئەوروپاو یەکێتی ئەوروپاو بازاڕی هاوبەشی ئەوروپایی و یەکێتی ئەمنی! ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو جمهوریاتەکانی سۆفییەت.(١)

دەبینیت دوژمنانی ئیسلام ،کە کیان و دەسەڵاتی خۆیانیان، لەسەر زوڵم و دەستدرێژیی و ڕووتانەوەی گەلان دامەزراندووە، یەکگرتوون، هاوکاری یەکترین، کۆمەڵکاریی نێودەوڵەتین.

لەگەڵ ئەو هەموو بۆچوون و سیستمە جیاوازانەشیاندا ڕێکن و، بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان یەکن..

هەقە ئێمەی موسوڵمان لەسەر ئەو هەقەی بە وەحی پێمان گەیشتووە

(١) کاتی نووسینی کتێبەکە، پێش(١٩٨٩)و زەمانی پێش( گۆرباچۆڤ) و داڕمانی یەکێتی سۆڤیەتە..

یەکبگرین و، یەکتریی سەربخەین (بە تایبەتی ئێمەی ئەهلی سوونەت و جەماعەت) ،کە ڕاجوێیمان نەگەیشتۆتە ناکۆکیی..

هەقە ئێمەش بە هەمان پلان و شێوازو چۆنییەتی بەرامبەر هێزی کوفر ببینەوە، تا ڕێ لە فەسادیان بگرین و، موسوڵمانان ناچاری وازهێنان لە دینەکەیان نەکرێن..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾﴾ الأنفال: ٧٣.

واتە: ئەو کەسانەی دیدو ڕێی کوفریان هەڵبژاردووە، لایەنگرو سەرپەرشتیارو خەمخۆری یەکترن، ئەگەر ئێوەش وانەبن حەتمەن تین و فشار دەکەوێتە سەر موسوڵمانان، بەو هیوایەی لە دینەکەیان پاشگەز بکرێنەوە! ئەوکاتەش خراپەکاریی زۆر تەشەنەدەکات.

١٢- سەرنجدان و دیدی مەلەکوتی: خوێندن و سەرنجدانی ئایات و نیشانەو بەڵگەکانی خوایەتی خوای گەورە، لە گەردوون و ژیان و مرۆڤدا.. لە ژیان و مردندا، لە کۆمەڵکاریی موفرەداتەکانی (وجود)دا، لە سێڵەوە بۆ کۆمەڵە ئەستێرەکانی ئاسمان و بزاوتی کۆمەڵکاریی ڕێك و پێکیان، بۆ ژیانی ئاژەڵ و خشۆك و مێروو..

بڕوانە مەملەکەتی هەنگ (مێش هەنگوین) و هاریکاریی و یارمەتیدان و کۆمەڵکارییان، لە بونیاتنانی مەملەکەتیان، لە ئیدارەو کاربەشکردنیان، لە بەرپرس و رەعیەتیان، لە ماف و ئەرك و دەسەڵات دیاریکردنیان، لە سزای سەرپێچ و تاوانکاریان (سبحان الله)..

بڕوانە شارەمێرووله (مێرووستان) و ماف و ئەرك و دەسەڵات دیاریکردنیان، خزمەت و ڕەوشتی پارسەنگیان.[١]

---

(١) ــ مێرووله کە درێژترین تەمەنی ناگاتە (١٥٠) رۆژ بزانە لەو ماوە کەمەدا چۆن ئەندازیارانە شار دروستدەکات کە لافاوی بەسەرداێت و دەکەوێتە ژێر بەفر کەچی نامرن و دێنەوە دەرێ!

شاعیرێك سەری لەم دووگیانلەبەرە بچووك و ناسكە سوڕ مابوو، كە چۆن كۆمەڵكارانە كار دەكەن! بۆیە وتی:

**النَّملُ تَبني قُراهَا في تمَاسُكِها والنَّحلُ تَجنِي رَحيقَ الشَّهْدِ أعْوانَاً**[١]

ئەمە ڕەفتاری زیندەوەرانێکە، کە وەکو مرۆڤ، خوای گەورە ژیریی و هزری پێ نەبەخشیوون و، ئاوا کۆمەڵکارانە ڕەنج دەدەن!

ئیدی ئێمەی مرۆڤ، ئێمەی موسوڵمان بۆچی کۆمەڵکارانە نەبزوێین، کە هەموو شتێکی دینەکە کۆمەڵکارانەیە (بە تەنهاش نوێژ بکەیت هەر بە شیوازی کۆمەڵ دەڵێیت: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ ..

ئێمەی مرۆڤ، کە خوای گەورە، هزرو ژیریی و سەربەستیی و ویست و ئیرادەی پێداوین، کردوینی بە سەروەری گەردوون.

ئەو کەسەی لە گۆشەگیرییدا ئاوا سەرنج بدات، حەتمەن گۆشەگیرییەکەی واز لێدەهێنێت و، لەگەڵ هاوڕێ و برا دیندارەکانیدا دەکەوێتە ڕەنجی کۆمەڵکاریی.. ئەمەشی ڕاست و درووست و ڕەوایە.

١٣- هەڵوێستەکردن لە بەرامبەر ئەنجام و ئاسەوارە خراپەکانی گۆشەگیرییدا: کە پێشتر باسمان لێوە کرد، ئومێدە کە کەسی ژیرو بە هەست، کەسی خواناس و دیندار کە بینی یەکێک گۆشەگیربووە، دەبێ هەوڵی لەگەڵدا بدات، تا بیهێنێتەوە ناو موسوڵمانان و لە کۆمەڵکارییەکی شەرعییدا، بیخاتەوەگەڕ.

(خوای گەورە ڕێنماییمان بکات و، بە لوتفی خۆی ڕێی ڕاستمان نیشان بدات و، ڕامانگرێت لەسەریی.. ئامین).

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

---

(١) واتە: مێرووله کۆمەڵکارانە گوندی خۆیان مەحکەم دروست دەکەن و، هەنگیش بە کۆمەڵ دەڕۆن شیلەی گوڵ دەمژن و بە هاوکاریکردنی یەکتریی، دەیکەنە شانەی هەنگوین.

بژاری دەروون: نەخۆشی حەوتەم (٧)

# زێدە ڕۆیی

# (الاسراف)

پێناسەی زێدەڕۆیی.

هۆکارو پاڵنەرەکانی زێدەڕۆیی.

ئاسەواری زێدەڕۆیی.

ڕێگای چارەسەری زێدەڕۆیی.

## زێدە ڕۆیی (الاسراف)

**یەکەم : واتای زێدەڕۆیی(الاسراف):[١]**

أ- لە ڕوی زمانەوانییەوە:

١- دەستبڵاویی و بە فیڕۆدان و لە سنووردەرچوونی پارە خەرجکردنە.[٢]

٢- هەرچی شتێك لە غەیری خواپەرستیدا سەرفبکرێت، ئیسڕافە.

ب- لە ڕوی زاراوەییەوە:

دەرچوونە لە سنوری مام ناوەندیی، جا لەخواردندا بێت، یان لە خواردنەوەدا، لە پۆشاکدا بێت، یان لە خانووبەرە، یان لە تێرکردنی چێژەکانی جەستەو حەزەکانیدا بێت.

**دووەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی زێدەڕۆیی:**

١- پەروەردەی سەرەتایی ماڵ: واتە سەرەتای دەستپێکی چاوکردنەوەی لە ژیانداو، رەفتار فێربوونەکەی _کە دەشێت لە ماڵێکی دەوڵەمەندو زێدەڕۆدا گەورە بووبێت_ بۆیە شتێکی ئاسایی و سروشتییە، کە تووشی زێدەڕۆیی ببێت.

---

(١) لە کوردییدا زێدە: زیادەیەو ڕۆیی: ڕۆیشتنە. واتە زیاد لە پێویست، زیاد لە سنووری ئاسایی ڕۆیشتن.

لە زاراوەیشدا مەبەست لە پارەو سامان سەرفکردنە بە هەوانتە، یان بێجێ.. وەکو یەکێك پێویستی بە پاڵتۆیەکە، دوودانە هەر لەو جۆرە دەکڕێت.

(٢) القاموس المحیط (١٥٦/٣) المعجم الوسیط (٤٢٧/١) الصحاح في اللغة والعلوم (ل٤٧٤) ووشەی سرف.

کابرای شاعیریش دەڵێ:[(١)]

وَيَنْشَأُ نَاشِئُ الْفِتْيَانِ مِنَّا      عَلَى مَا كَانَ عَوَّدَهُ أَبُوهُ

لەبەر کاریگەریی پەروەردەی دایك و باوکە لەسەر ئەولاد، کە ئیسلام بایەخی بە هەڵبژاردنی هاوسەری دیندارو پارسەنگی ژیانی هاوسەرێتیی داوە و، داوای لێکردوون بە شەرعەوە پابەندبن.

وەکو کە خوای گەورە دەفەرمووێ:- ﴿وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ﴾ النور: ٣٢.

واتە: ئافرەتە بێ مێردەکان (کچ بێت، یان بێوەژن)ی خۆتان مارە بکەن، با هاوسەرگیریتان لە نێوان ئافرەت و پیاوەچاکەکانی خۆتاندا بێت.

- ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَـٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا۟ ۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ أُو۟لَـٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلْجَنَّةِ وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦ﴾ البقرة: ٢٢١.

واتە: ئافرەتە موشریکەکان مەخوازن، مەگەر باوەڕبهێنن و موسوڵمان ببن، ئەوجا مارەیان بکەن، چونکە کەنیزەکێکی موسوڵمان چاکترە لە ئافرەتێکی موشریك، با بەلاشتانەوە پەسەندتر بێت، ئافرەتی موسوڵمانیش مەدەنە پیاوی موشریك، تا ئەو کاتەی باوەڕدەهێنن و موسوڵمان دەبن، چونکە کۆیلەیەکی موسوڵمان لە کابرایەکی موشریك چاکترە، با کابرای موشریکیشتان لاپەسەندتر بێت، موشریکەکان خەڵکی بەرەو ئاگری دۆزەخ بانگێشت دەکەن و ،خوای گەورەش خەڵکی بۆ بەهەشت و لێخۆشبوونی خۆی بانگێهشت دەکات.

---

(١) أبو العلاء المعرِّي (ديوان أبي العلاء المعري ٤٥٨/١). واتە: گەنجەکانی ئێمە هەر لەسەر ئەوە پەروەردەدەبن ..... کە باوکیان ڕایانهێناون لە سەریی.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: (تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَجَمَالِهَا، وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ).[١]

واتە: ئافرەت لەبەر چوار سیفەتی مارە دەكرێت: لەبەر ماڵ و سامانی، لەبەر خانەوادەو خزمی بنەماڵەكەی، لەبەر جوانییەكەی، یان لەبەر دینداریيەكەی، دیندارێك دەستخۆتبخە، دەستت دەكەوێتە خێرەوە.[٢]

<u>٢- دەوڵەمەندبوونی دوای هەژاریی</u>: زۆر كەس ،كە دوای هەژاریی و دەستكورتی ماڵ و سامانی دێتەدەست، زێدەڕۆدەبێت، چونكە هەستدەكات پێشتر مەحرومبووە و حەزەكانی تێرنەكردوون، جاران لە تەنگانەدا بوو، ئێستا لە فەریحییدایە..

ئەم جۆرە كەسە بەلایانەوە قورسە خۆڕابگرن و لە سنووری مامناوەندی دەرنەچن، بۆیە دەكەونە زێدەڕۆیی.. ئەمە لە دیندارانی سەرڕاستدا زۆر نییە.. چونكە دینداری سەرڕاست، كە لە سەرەتایەوە هەژارو دەستكورتبوو، ڕازیبوو بە پشكی خوایی و نسیبی خۆی و لەسەر سوپاسگوزاریی و تەقوا راهات، كە حاڵیشی بەرەو چاكتر بگۆڕێت و دەوڵەمەندببێت، پارسەنگی خۆی لە دەستنادات، چێژ لە هەبوونییەكەی وەردەگرێت ،بەڵام زێدەڕۆیی ناكات.

ئاخر لەبەر ئەمەیە، كە ئیسلام هۆشداریی داوەتە موسوڵمانان، كە دنیاویستیی لاسەنگتان نەكات و، ئەوەندە پێیەوە مەشغووڵ بن لە سنووری ڕەفتاریی پارسەنگی دەربچن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: (فَأَبْشِرُوا وَأَمِّلُوا مَا يَسُرُّكُمْ، فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ وَلَكِنْ أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمْ الدُّنْيَا

---

[١] بوخاری (٩/٧) موسلم(٥١/١٠).

[٢] كورد دەڵێ: نانی كەوتۆتە ڕۆنەوە. واتا بێ ماندووبوون بابۆڵە چەورەی دەستكەوتووە!

كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا وَتُلْهِيَكُمْ كَمَا أَلْهَتْهُمْ).[١]

واتە: مژدەتان لێبێت و ئومێدتان هەبێت، کە ئەوەی پێتان خۆشە دەستتان دەکەوێت.

بە خوا قەسەم من لەوە ناترسم هەژارییتان بەسەردا بێت، لەوە دەترسم: ڕزق و ڕۆزی دنیاتان بکەوێتە بەردەست، هەر وەکە، کە کەوتە بەردەست ئەوانەی پێش ئێوە، ئیتر بکەونە کێبڕکێ و شەڕەپاڵ لەسەریی، هەر وەکو ئەوان، کە کەوتنە کێبڕکێ و شەڕەپاڵ لەسەریی، ئیتر ئێوەش بفەوتێنێت، هەر وەکە، کە ئەوانی فەوتاند..

- هەروەها دەفەرمووێ: (إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللَّهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْمَلُونَ؟ فَاتَّقُوا الدُّنْيَا، وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ،كَانَتْ فِي النِّسَاءِ).[٢]

واتە: دنیا گەشاوەو جوان و ڕازاوەیە، شیرین و پێگەیشتووە، خوای گەورەش

---

[١] بوخاری (١١٢/٨) موسلم (٢٢٧٣/٤ ز ٢٩٦١). تەواوی فەرمودەکە: (حَدَّثَنِي عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ أَنَّ الْمِسْوَرَ بْنَ مَخْرَمَةَ أَخْبَرَهُ أَنَّ عَمْرَو بْنَ عَوْفٍ وَهُوَ حَلِيفٌ لِبَنِي عَامِرِ بْنِ لُؤَيٍّ كَانَ شَهِدَ بَدْرًا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَخْبَرَهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - بَعَثَ أَبَا عُبَيْدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ إِلَى الْبَحْرَيْنِ يَأْتِي بِجِزْيَتِهَا، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هُوَ صَالَحَ أَهْلَ الْبَحْرَيْنِ وَأَمَّرَ عَلَيْهِمْ الْعَلَاءَ بْنَ الْحَضْرَمِيِّ، فَقَدِمَ أَبُو عُبَيْدَةَ بِمَالٍ مِنْ الْبَحْرَيْنِ فَسَمِعَتْ الْأَنْصَارُ بِقُدُومِهِ فَوَافَتْهُ صَلَاةَ الصُّبْحِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَلَمَّا انْصَرَفَ تَعَرَّضُوا لَهُ فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حِينَ رَآهُمْ وَقَالَ: أَظُنُّكُمْ سَمِعْتُمْ بِقُدُومِ أَبِي عُبَيْدَةَ وَأَنَّهُ جَاءَ بِشَيْءٍ، قَالُوا: أَجَلْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَأَبْشِرُوا وَأَمِّلُوا مَا يَسُرُّكُمْ، فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ وَلَكِنْ أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمْ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا وَتُلْهِيَكُمْ كَمَا أَلْهَتْهُمْ)

[٢] موسلم (٢٠٩٨/٤ ز ٢٧٤٢).

ئێوەی بە بریکاری خۆی تێدا کردۆتە سەرپەرشتیار، تا بڕوانێت چی لێدەکەن و چۆن ڕەفتاری پێوە دەکەن، جا ئێوەش لە دنیاویستیتانداو لە هۆگربوونتان بەئافرەتەوە (حەزی موڵکایەتیی و جنس) لە خوای خۆتان بترسن.. بشزانن، کە یەکەم هۆکارێك، کە بوو بە مایەی کزیی دین و لاوازیی دینداریی لە ناو بەنوئیسرائیلییەکاندا، ئافرەت بوو.

<u>٣- هاوڕێیەتیکردنی زێدەڕۆیان</u>: شتێکی ئاساییە، کە کەسێك زێدەڕۆ نەبوبێت، بەڵام لەگەڵ کەسانی زێدەڕۆدا هەڵسوکەوتبکات، خوی ئەوان دەگرێت و زێدەڕۆ دەردەچێت، بە تایبەتی، ئەگەر خۆی کەسێکی کەسایەتی لاوازو هاوڕێکانی کاریگەربن و، ماوەیەکی زۆر پێکەوە بژین (بە تایبەتی لە پۆشاك و جوانی و نیشانەی هەبوونییدا، کە دووریش نییە لە ڕیابازیی و هەڕاڵیی و مەغرووربوون و شانازییکردن وخۆ پێوەبادان، خوا لاماندات).

لەبەر ئەمەیە، کە ئیسلام ئەوەندە جەخت لە هاوڕێی چاك دەکاتەوە، چونکە هاوڕێی چاك وەکو عەترفرۆشە، ئەگەر عەتریشت نەداتێ و تۆش لێی نەکڕیت، بۆنی خۆشی هەر دەتگرێتەوە.

<u>٤- بێئاگابوون لە زەخیرەو زادی ڕێ</u>: کابرا کە لە بەربەستەکانی ڕێی خواویستیی و کۆسپەکانی ڕێگای بانگەوازو نەخۆشییەکانی دینداریی بێئاگایەو، نازانێت ڕێی کۆمەڵکاریی و بانگەوازی ئیماندارانە پڕ ژان و ناسۆرو فرمێسك و خوێنە.

هەروا دەزانێت (دڵت پاکبێت) بەسە!.. وا دەزانێت هەر نوێژو ڕۆژووەکەی بکات بەسە، با لە حەزی دنیاشدا نقومبێت! ئەمە وای لێدەکات حەزی لە زێدەڕۆیی و ئاڵ و والایی و حەوانەوەی بەر سێبەر بێت، بێئاگا لەوەی ڕێی خواویستی ڕێی پێغەمبەران و پیاوچاکانی بە هیممەتە.. بزاوت و هەڵوێستی کەڵە پیاوانی مێژووە.

وەرگرتنی دیدو هەڵوێستی ئەوان ،کەسی شیاوی دەوێت، کەسی جوامێرو

هیممەتبەرزو پشوودرێژی دەوێت،کەسی بۆخواسوڵحاو و بۆدین لێبڕاوی دەوێت.. کەسی جەربەزەو دووربین و بە ئارامی دەوێت،نەك گەدەبەلی زێدەڕۆ، کە ناتوانێت حەزی خۆی لە خواردنێك، لە نێوان سەدان جۆر خواردندا بگرێتەوە!!

قورئانی پیرۆز زوو زوو بیرخستنەوە دەخاتە پێشچاوی موسوڵمانان، کە حەتمەن بە جۆرەها شت تاقیدەکرێنەوە.. بە گرانیی و نەبوونیی، بە ترس و بیم و ژان و ناسۆر: ﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ٢١٤﴾ البقرة: ٢١٤.

واتە: چما وا دەزانن هەروا داخڵی بەهەشت دەکرێن، بێئەوەی هیچتان لەوانە بەسەر بێت، کە بەسەر ئیماندارانی پێش ئێوەدا دەهات؟.. کە ئەوەندە ئارام و خۆگربوون بەرامبەر نەداریی و گرانیی، بەرامبەر ترس و بیم و نەمان و فەوتان، تووشی بوومەلەرزەی دەروونیی بوون (لە دڵەڕاوکێ و تۆقین و نەمانی ئەمان، لە لەدوزاقنانی دوژمنان) ،کە بە ڕادەیەك بوو نێرراوەکەی خوای گەورەو ئەو ئیماندارانەش، کە لە خزمەتیدابوون هاواریان لێ هەستابوو ،کە کەی سەرکەوتنی خواییمان دەگاتێ؟ !

کەی قوتاردەبین؟!

بەڵام خۆ سەرکەوتنی خوایی نزیکە.

- هەروەها دەفەرمووێ: ﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ وَيَعۡلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٤٢﴾ آل عمران: ١٤٢.

واتە: چما هەر وا دەزانن، هەروا دەخرێنە بەهەشتەوە، بێئەوەی خوای پەروەردگار _بە تاقیکردنەوەتان_ ئەو کەسانەتان جیابکاتەوە، کە جیهادیانکردو

خۆڕاگرانە پەیامی خواییان هەڵگرت، نا نەخێر حەتمەن تاقیدەکرێنەوە و، بە پێی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیش پۆلێن دەکرین.

**٥- ژن و منداڵ**: دەشێت ئەم دوانە، یان یەکێکیان هۆکاری زێدەڕۆیی کابرا بێت، کە پێیانەوە (موبتەلا) بووە، با ئەم یخۆشی حەزی لە زێدەڕۆیی نەبێت، ژنەکەی ڕایدەکێشێتە ناویەوە.

ئەولادەکانی ناهێڵن خۆی بە پۆشاکێکی سادەوە بێت و بڕوات.. ئەوان تینی بۆ دێنن بۆ میوانداریی زیدەڕۆیانە، بۆ سەردانی پڕ دیاریی و تەکلیف، بۆ ئاهەنگ و بۆنەی خۆنواندن و خۆبادان!!

کابراش هەر تا ماوەیەك بەرەنگاریی دەکات، سەرەنجام تەسلیمیان دەبێت و دەکەوێتەدەستیان.. هەر بەوەندەشەوە ناوەستن و ناوەستێت، بەڵکو بە رەفتاریان دەکەونە بەرگریی کردنیشی.

لە بەر ئەم بەزین و تەسلیمبوونەیە بە زێدەڕۆیی و شانازیی و خۆبادان، کە ئیسلام بایەخی زۆری بە هەڵبژادنی هاوسەرو دینداریتییەکەی داوە..

بەرپرسێتیی ژنەشی خستۆتە ئەستۆی مێرد (چونکە ژن تەوەری ماڵەکەیە، ئەگەر ئەو بۆخواسوڵحاوبوو، پارسەنگانە ماڵەکەڕادەگرێت، ئەگەر زۆر وێڵی دوای ئاڵ و والایی ژیانیش بوو، حەتمەن بەرەو زێدەڕۆیی و لاسەنگی ڕادەکێشێت) لەبەر ئەمەیە، کە ئیسلام داوا لە موسوڵمانان دەکات، زۆر بایەخ بەپەروەردەی ژن و منداڵەکانیان بدەن و، خۆیان و ئەوانیش لە سزای دۆزەخ بپارێزن.

هەروەکو، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦﴾ التحريم: ٦.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتـان هێنـاوە! خۆتـان و کەسـوکارتان لـە ئـاگر بپارێزن، ئاگرێك ،کە سووتەمەنییەکەی،هەر مرۆڤ و تاوێرەبـەردە و، فریشـتەی مۆن و توندوتیژ سەرپەرشتیی دەکەن، کە بەهیچ شێوەیەك پێچەوانەی فەرمانی خوای گەورە رەفتارناکـەن و، هـەموو ئەوانـەش جێبەجێدەکـەن، کە فـەرمانیان پێدەدرێت ڕاپەڕێنن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (أَلاَ كُلُّكُمْ راعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّته، فَالإِمَامُ الَّذي عَلَى النَّاس رَاعٍ وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّته، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْته وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى أَهْلِ بَيْتِ زَوْجِهَا وَوَلَدِهِ وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ...).[1]

واتـە: ئـەرێ بـزانن ،کـە هـەر هەمووتـان سەرپەرشـتیار (شـوان)ن، هـەر هەمووشتان بەرپرسی ئەو کەسانەن،کە لەبەردەسـتاندان، ئـەو پێشـەوایەی، کە کاربەدەسـتی خەڵکییـە، بەرپرسـە لـەو کەسـانەی وان لەبەردەسـتیدا، پیـاو سەرپەرشتیارە بەسەر ئەوانەدا، کە لە ماڵەکەیدا دەژین، بۆیـە بەرپرسـە لێیـان. ژن سەرپەرشتیارە بەسەر ئەندامانی ماڵە مێردەکەیەوەو بەسەر منداڵەکانییەوە.. ئەویش بەرپرسە لێیان.

<u>٦- بێئاگا بوون لە سروشتی دنیاو چۆنییەتی رەفتارکردن تێیدا</u>: سروشتی دنیا وایە: کە ڕۆژانێك ڕووی لێتەو ڕۆژانێك پشتی لێتە، ڕۆژانێك لە خۆشیی و هەبوونیی و لەشساغیی و گەنجیی و کاتی زۆردایت و، ڕۆژانێکیش دێت، کە

---

[1] بوخاری (٧٧/٩) موسلیم (١٤٥٩/٣ ز ١٨٢٩). تەواوی فەرموودەکە: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: (أَلاَ كُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالإِمَامُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى أَهْلِ بَيْتِ زَوْجِهَا وَوَلَدِهِ وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَعَبْدُ الرَّجُلِ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلاَ فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ).

لە ناخۆشیی و نەداریی و دەردەداریی و پیریی و کاتکەمیدا دەبیت.. ئیتر ئەوە سروشتی ژیانە..

خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾ آل عمران: ١٤٠.

واتە: ئیتر ئەوە ڕۆژەو لە ناو خەڵکییدا دەستاودەستی پێدەکەین، کە هەندێك ڕۆژ بۆ هەندێك شادییەو، هەندێك ڕۆژیتر مایەی خەمبارییەتی.

پێویستە لەسەر موسوڵمان _کە دنیا ڕووی تێکرد_ بوغرانەبێت، هۆشی لە ڕۆژانی ڕەش نەبڕێت، کە دەوڵەمەندبوو، بزانێت قابیلی ئەوەشە هەژاربکەوێت، کە لەش ساغ و پتەوبوو، دەبێت پیریی و کۆڵەواریشی لەبەرچاوبێت، کە کاتی زۆری هەبوو، دەبێت حساب بۆ ڕۆژانێك بکات، کە کاتی بەدەستەوە نامێنێت.

کەوابوو: دەبێ ئیحتیات بکات و پلانی ڕۆژانی داهاتوو دابڕێژێت و، بەشی ڕۆژانی داهاتوی لە هەموو شتێکدا دابنێت (بەڵام نەك ئەوەندە حسابی بۆ بکات وەکو یەکێك وابزانێت هەر دەمێنێت و نامرێت)، بێئاگابوون لەم سروشتەی دنیا حەتمەن تووشی زیدەڕۆیی دەکات.

<u>٧- کەمتەرخەمیی لە خۆگرتنەوەدا</u>: ئاشکرایە، کە نەفسی مرۆڤ و حەزو ئارەزووەکانی قابیلی کۆنترۆڵکردن و سنوربۆدانانن، هەر وەکو ،کە قابیلی بەرەڵلاکردن و یاخیکردنن..

هەر وەکو وتراویشە: ((نەفس وەکو منداڵی شیرەخۆرەیە، تا لێینەبڕیتەوە، هەر دەیەوێت))..

هەر کەسێك نەفسی خۆی توندوتۆڵ ڕاگرت، سەرفرازە، هەرکەسێکیش جڵەوی بۆ شلکردو لێی گەڕا، بێگومان نقومی چێژو ئارەزوو دەبێت ، ئەوەش بەتەئکید سەری لە زێدەڕۆییەوە دەردەچێت.

ئەمە یەکێکە لە حیکمەتی جەختکردنەوەی قورئان، لە زەرورەتی جیهادکردن دژی نەفس و هەواوهەوەس و حەزە مونحەریفەکانی مرۆڤ، سەرکەوتوو ئەو

کەسەیە: کە دەروونی خۆی پاڵفتەکردووەو نەفسی خۆی لە ژەنگوژاری هەواو هەوەس پاککردۆتەوە: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ الشمس: ٩ – ١٠ - هەروەها ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ۝٦٩﴾ العنكبوت: ٦٩.

واتە: ئەو کەسانەی لەبەر خاتری ئێمە و، لە ڕێی ئێمەدا جیهادیانکردووە ،حەتمەن ڕێنماییاندەکەین، تا بکەونە سەر ڕێبازی ئێمە، خوای گەورە بە تەئکید وەل ئەو کەسانەدایە، کە پیاوچاك و چاکساز و خێرومەندن.

- هەر لەم ڕوانگەی خۆگۆڕین و دەروون و حەز کۆنترۆڵکردنەوەیە، کە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١.

**٨- بێئاگابوون و گوێنەدان بەهاتنی قیامەت و ناسۆرەکانی:** کابرای موسوڵمان باوەڕی بە قیامەت هەیەو دڵنیایە لە هاتنی، هەندێك باسی بارو دۆخ و حاڵـەت و ئەشکەنجەو ئازاری ئەهلی دۆزەخیشی بیستووە، بەڵام بە هەست و هۆشی تەقوا کارانەوە نایانڕوانێتێ.

بەردەوام نایانهێنێتە بیری خۆی! گومانی تێدانییە، کە ئایەتی قورئان و فەرموودەی، پاك زۆریان باسی حاڵەتەکانی بەهەشت و دۆزەخ کردووە، کە موسوڵمان دڵی بۆ نازو نیعمەتی بەهەشت دەشنێت.

دڵی لە ژان و کارەساتەکانی قیامەت و دۆزەخیش ڕادەچڵەکێ.. حاڵەتە سەخت و بێئامانەکانی حەشرو دۆزەخ، ئەوەندە سامناك و ترسناکن! وشە نییە وەسفیان وەکو خۆی بکات.

وەسف نییە وێنایان بکێشێت.. ئەوەی خوای تاك وپاك لە قورئاندا باسیکردوون بۆ ڕاچەنین و داچڵەکینمانە، تا هۆشمان بچێتە سەریان، تا ئەم هۆش لێبوونە کاریگەریی لەسەر پارسەنگی دینداریمان درووستبکات.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (لَوْ تَعْلَمُـونَ مَـا أَعْلَـمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً، وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا).(١)

واتە: ئەوەی ،کە من دەیزانم، ئەگەر ئێوە بتانزانیایە، کـەم پێدەکـەنین و زۆر دەگریان!

٩- فەرامۆشکردنی بارودۆخی مرۆڤایەتیی و حاڵی موسوڵمانان بە تایبەتی:

دەشێت ئەمەش هۆکاری سەرەکیی بێت بۆ زێدەڕۆیی هەندێك کەس، کەسێك بیر لەم هەموو کارەسات و ناسۆرانەی مرۆڤایەتی سەردەم نەکاتەوە و، هۆشی بۆ حاڵەتی پڕ میحنەتی موسوڵمانانی جیهان نەچێت و، ئەم هەموو مەرگەساتانەی ڕۆژانە ڕوودەدەن ،کاریگەریی لە سەر درووستنەکەن، چۆن زێدەڕۆوگەدەبەل و دەبەنگ دەرناچێت!..

کەسێك ساتێك بیر لەم هەموو زەلیلیی و ژێر دەستەییە نەکاتەوە، کە لە سەراسەری جیهاندا بەسەر ئوممەتەکەیدا هاتووە، ئەم هەموو مەرگەسات و شەڕوشۆڕو ڕاوەدوونان و وێرانکارییە، ئەم هەموو ڕزق بڕین و برسیکردن و کاولکارییەی دوژمنانی دوورونزیك بەسەر موسوڵمانیدادەهێنن(کەسێك تەنانەت لە ڕۆژووگرتنی ڕەمەزانەکەشدا، ئەم هەموو برسیی و ترساوو بێدەرامەت و بێدەرەتانانەی موسوڵمان نەبینێت، ئەم هەموو خوێنە، کە جۆگەلەی بەستووە..)، کەسێك ئەوەندە ڕۆحی پووکابێتەوەو، حەز سەرشێت و هەست مردوو بێت، لە هەمان کاتیشدا پارەدارو لە ئەماندا بێت، چۆن زێدەڕۆ دەرناچێت؟!

بێگومان لە زیدەڕۆیی و ئەنانێتیدا نقومدەبێت و، دنیاویست هەر خۆیەتی، ئا ئەم نموونەی (مرۆڤ)ـە بە سەروەری مرۆڤایەتیی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

(١) بوخاري (١٢٧/٨).

بەراوردبکە! کە خوای میهرەبان دەیبینی، ئەوەندە لەخەمی خەڵکیدایە، ئەوەندە خۆشی لە ناسۆریانە، ئەوەندە رەنجیان وەلدادەدات و، هەر ئاخیان بۆ هەڵدەکێشێت، پێی دەفەرمووێ: ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ﴾ فاطر: ٨.

واتە: خۆت بەخەم و پەژارەیانەوە مەفەوتێنە.

- ﴿فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا ﴿٦﴾﴾ الكهف: ٦. واتە: جەنابت خەریکە خۆت بە خەم و خەفەت بفەوتێنیت، کە ئەوەندە بیر لە دیدو هەڵوێستیان دەکەیتەوە کە بۆچی باوەڕ بەم قورئانە ناهینن؟!!.

- ﴿لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾﴾ الشعراء: ٣.

واتە: جەنابت ئەوەندەیان خەم لێدەخۆیت، کە بۆچی موسوڵمان نابن، کە خەریکە خۆت بفەوتێنیت!

تەسەوربکە ، قەبارەی ئـەو خەفەتلێخواردنـەی جەنـابی (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەبێت چەند بووبێت، کە یەقینی هەیە ئـەوە وەحـی خواییـەو بـۆی دێـت، فەرمایشتی خوای کردگاری ئاسمانەکان و زەوییەو دێتەخوارەوە، تا ئـەو خەڵکـە بێئاگاو گومڕایە ڕێی ڕاستی ژیان بدۆزنەوە، کەچی نـەك هـەر گـوێی لێنـاگرن، ناشهێڵن بۆ خەڵکی باس بکات و دەڵێن: تۆ شێت بویـت، تـۆ جادووگـەریت، تـۆ جنۆکە دەستی لێوەشاندویت، تۆ کەسێك لـە(شـام) نـاوی (رەحمان)ــە ئەمانـەت فێردەکات!!

بیر لە حەجمی ئەم خەم وخەفەتە بکەرەوە، کە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیـەی، کە خوای گەورە بەرهەڵستی لێبکات و پێی بفەرمووێ: وا مەکە.. خۆ تـۆ خەریکـە بەیەکجاریی خۆت دەفەوتێنێت بە خەمخواردن!.

<u>١٠- ئەو بێئاگاییەی لە زێدەڕۆییەکەوە درووستبووە</u>: ئەمە خۆی هۆکاریشە و ئەنجامیشە، سەیرە کە کەسێك ئەوەندە زێدەڕۆیی لێ دەبێتە سیفەت و ڕەفتارو،

بەردەوام هۆشی لێیەتی و مومارەسەی دەکات، ئیتر لەوە بێئاگادەبێت، کە ئاسەواری زێدەڕۆیی زۆر خراپ و دژوارە! بەڵام ئەو هۆشی لێی نییە..

دژوارێتیی ئەم خاڵە لەوەدایە: کە وەکو ئاشکرایە، هەر کەسێك، کە دەزانێت فلان رەفتار زیانی هەیە، خۆی لێدەگرێتەوەو نایکات، نەشیکات نایکاتە کارێکی بەردەوامی، بەڵام ئەگەر زێدەڕۆیی بوو بە سیفەتیی، ئیتر بێئاگادەبێت لەوەی، کە ئەوەندەی خواردووە، ئەوەندە خەوتووە، سەرەنجامی ئەمەش پارە بەفیڕۆدەدات و، ڕیابازیی و سستیی و تەمبەڵیی و ئیهمالیی و دەیان نەخۆشیتری دینداریی ڕووی تێکردووە! هەر کەسێك لە ئاسەواری زێدەڕۆیی غافڵ ببێت زیاتر تێیدا نقوم دەبێت.

ئەمەیە حیکمەتی ئەو پێناسەو ئەحکامانەی شەرع، کە بۆ هەموو شتێکی دیاریکردووە، ماهییەت و سنووری ئاسایی و سروشتی.. کە لەوە کەمتر نوقسانییەو، لەو زیاتریش زێدەڕۆیی و زیانلێکەوتنە.

## سێیەم: ئاسەواری زێدەڕۆیی:

### أ- لەسەر کۆمەڵکاران:

<u>١- نەخۆشکەوتن:</u> جەستەی مرۆڤیش دەبێت بە پێی یاساو ڕێسایەکی گەردوونی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، بۆ نموونە: خواردن و خواردنەوەی، دەبێت بە پێی یاساکانی پێداویستیی و تێربوون بێت، لەو کەمتر نوقسانییەو زیانبەخشە.

لە دوای تێربوونیش خواردن و خواردنەوە زیانبەخشە، هەروەها خەوو بێداریی، سەرمابوون و گەرمابوون، دەرچوون لە سنووری ئەم یاسایانە ،کەسەکە نەخۆش دەکات.

موسوڵمانیش، کە نەخۆشکەوت، ئەرکەکانی سەرشانی پێ جێبەجێناکرێت،

ئاوا دەبینێت کەمتەرخەم دەبێت (بۆیە لە مەرجی لەش سووکی بـۆ شـەو نـوێژدا خواناسان فەرموویانە: کە نابێت ئێوارە زۆری خواردبێت).

**٢- دڵڕەقیی**: ئەمە دووەمین ئاسەواری خراپی زێدەڕۆییە، دڵ هەر وەکو جەستە بە خۆراکی خۆی نەرم دەبێت و گەشەو نەشونمادەکات.

بەبرسێتیی و گەندەخۆراکیش ڕەق دەبێت و دەپوکێتەوە.. هەروەکو، کە بەنەبوونی خۆراکیش، هەردووکیان دڵ و جەستە سیس دەبن و یەکیان بە پێی ڕێسای گەردوون و ژیانەو، خاتروخۆتری بۆ کەس تێدانییە ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا﴾ فاطر: ٤٣.

واتە : گۆڕانگاریی لە ڕێسای خواییدا نابینیت ڕووبدات، چونکە نەگۆڕن، کاتێك دڵێکیش سیس دەبێت و هەستوهۆش دەمرێت و، ویژدان کەڕوو هەڵدەهێنێت، ئیتر خاوەنەکەی بزاوت و هەڵوێستی دینداریيانەی نامێنێت، هەندێك لە فەرزەکان سەتحیانەدەکات، هەر هەڵیاندەپرووزێت بەس!

ئەگەر زوو بەهۆش‌هاتەوەو، چارەسەری دڵ و دەروون و هزرو ژیرو هەست و هۆش و ویژدان و ڕۆحی خۆی نەکرد داماودەکەوێت، چونکە دڵی وەکو بەرد ڕەق دەبێت: ﴿ثُمَّ قَسَتۡ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَٱلۡحِجَارَةِ أَوۡ أَشَدُّ قَسۡوَةٗ﴾ البقرة: ٧٤.

واتە: پاشان دڵتان وەکو بەرد ڕەق بوو،بگرە ڕەقتریشی لێهات! دڵی کەسێکیش بگاتە ئەم ئاستە، ئیتر بەر غەزەبی خوا دەکەوێت ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾ الزمر: ٢٢.

واتە: وەیل (دوڵێکی دۆزەخ، یان جۆرێك سزایە) بۆ ئەو کەسانەی دڵیان لە بەرامبەر یادی خوادا ڕەق بووەو، هزریان چەقیبەستووەو هەستوهۆشیان مەییوە!

ئا ئەم حاڵەتەش، کە نەخۆشکەوتنی دڵ و دەروون و هزرو ژیریی و هەستـــوهۆش و ویژدان و ڕۆحە، خۆ هەر بەسەر کافردا نایات (وەکو هەندێك لە

موسوڵمانان وا دەزانن ئەوە هەر باسی کافرانە!) بەسەر موسوڵمانیشدا دێت..

ئەگەرچی نوێژەکانیشی دەکات و ڕۆژووش دەگرێت وخواپەرستیەکانی ئەنجامدەدات، بەڵام خواپەرستییەکانی، جگە لە ماندووبوونی، هیچیتری پێنابڕێت..

نابینیت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە باسی شەونوێژی هەندێك کەسی داماوی وادا (خوا نەمانخاتەڕیزیانەوە) دەفەرمووێ: (وَرُبَّ قَائِمٍ حَظُّهُ مِنْ قِيَامِهِ السَّهَرُ..).[1]

واتە : ئای چەند کەس هەن، کە لەوانەیە لە شەونویژەکەیاندا، جگە لە شەونخوونی هیچیتریان پێنەبڕێت!

**٣- سستبوونی بیرکردنەوە**: ئەوی بەگەدەبەلی زۆری خواردووەو پڕبووە، ئەوی جۆرەها پۆشاکی ڕازاوەی زیادە ی کڕیووەو دایناوە.. ئەوی لە زێدەڕۆییدا ماندووبووە! هزروهۆشی لە پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤدا، لە سیفەتی: (خالق) و (مەخلووق)دا ناخاتەگەڕ، هەست و هۆشیشی لای هەژاران و لانەوازان نییە، بیر لە مردن و گۆڕو حەشرو قیامەتیش ناکاتەوە، ئیێ ئیتر چی لەسەر بیرکردنەوەو تێفکرین هانیدەدات؟!

ئەمە کە هەر بە دانیشتنانەوە خەوی لێدەکەوێت، هیممەتی لە کوێوە بۆ بێت، کە خواخوایەتی کەس پێینەڵێت هەستە کارێك بکە! ئاخر بۆیە باب و باپیرانی عەرەب وتویانە: (إِذا امتَلأَتْ البِطْنَةُ نامَتْ الفِطْنَة) .

واتە: ئەگەر گەدە پڕبوو، زرنگ و زیرەکیش خەوی لێدەکەوێت..

کە ئالیەتی بیر کردەنەوە پەکی کەوت و تێفکرین مەیی، دڵ و دەروون و

---

[1] أحمد ٣٧٣/٢(٨٨٤٣) و النسائي (٣٢٣٦) و ابن خزيمة(١٩٩٧) الهيثمي مجمع الزوائد/ كتاب الصيام (٢٠٢/٣) ده شفه رموي : رواه الطبراني في الكبير ورجاله موثقون. الألباني: صحيح الجامع (٣٤٨٨)

هـزرو هـۆش کاریـان نامێنێـت، ئـاوا موسـوڵمان خـۆی لـە فێربـوون و زانـین و شیکاریی داناییان مەحروم دەکـات و، یـەکێك لـە گـەورەترین سـیماو سـیفەتی مرۆڤایەتیی لە دەستدەدات، کە بیرکردنەوە و تێفکرینە.

٤- بەهێزبوونی پاڵنەریی شەڕخوازیی لە ناخییدا: زێـدەڕۆیی لـە خـواردن و خواردنەوە و پۆشاك و سوکناو خەوو حەسانەوە، دەبێتە پاڵنەرێکی شـەڕخوازیی لە ناخی کەسـەکەدا، یـان پاڵنەرەکـەی هەیـە و هێـزی زێـدەڕۆیی دەیخاتەگـەڕ! چونکە زێدەڕۆیی وەرگرتنی وزەی ئیزافییە.

ئەم وزە زۆرەش، کە کۆدەبێتەوە، پێویستی بە سەرفکردنەوە هەیـە، ئـەمیش کە خێرەومەندنییە، یان نەماوەو هەستوهۆشی بۆ حاڵی موسـوڵمانان ناخرۆشـێت، حەتمەن بیر لەشتیتر دەکاتەوە، کە لەگەڵ لایەنی دەروونـی خۆیـدا دەگونجێـت، ئەو کاتەش، کەس زەمانەتی ئەوەی ناکات لە گوناحکـاریی و خراپـەدا سـەرفی نەکاتەوە، شتێکی دووریش نییە لێی، کە بکەوێتە گوناح و تاوانەوە.

دەشێت یەکێك لە حیکمەتی ڕۆژووگرتنی گـەنجان، لەبـەر ژن نـەهێنانیان ئەمە بێت، تا تێروپڕنەبن لە خواردن و خواردنەوەو حەوانەوەو، هۆشیان هـەر بـۆ (جنس) نەڕوات..

بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) بەگەنجەکان دەفەرمـووێ: (يَـا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَـرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ).[١]

واتە: هۆ گەلی لاوان هـەر کەسـێکتان لـە توانایـدا هـەبوو ،بـا ژن بهێنێـت، چونکە ژنهێنـان ڕێیـەکی باشـترە بـۆ چاوپاراسـتن و داوێـن پـاکڕاگرتن، ئـەوی ناشتوانێت ژنبهێنێت، با بەڕۆژووبێت، چونکە ڕۆژوو بۆ ئەو قەڵغانە.

(١) بوخاری (٣/٧) موسلیم (١٠١٨/٢ و ١٠١٩).

<u>٥- بەزین و تێکشکان لە کاتی کێشەو ناڕەحەتییدا</u>: ئەمە ئەنجامێکی سروشتی ئەو زێدەڕۆیی و نەرمەلیقییەیە.

زێدەڕۆ _دوور لە تین و فشار و ناڕەحەتی و کێشە_ ژیانی بردۆتەسەر.. کەسێك هەر لەخۆشیدابوبێت و ماوەیەك نەکەوتبێتە ژێر سەختی ژیان و تین و فشاری دوژمنان و، پاڵپەستۆی نەبوونیی و، جارێك لەبەر خاتری خوای گەورەو لە پێناوی سەروەریی دینەکەیدا زیندان نەبووبێت و، جارێك خۆی نەشاردبێتەوەو گەمارۆ نەدرابێت و، سەرڕاستانەش خواناسییەکەی نەکردبێت، چۆن بەرگەی کێشە دەگرێت و دەتوانێت بەرەنگاریی ناڕەحەتی ببێتەوە؟!

یان کە بۆخوا ساغ نەبووبێتەوەو بۆ بانگەواز و کۆمەڵکاریی ئیسلامی لێنەبڕابێت، چۆن چاوەڕێدەکات ،خوای گەورە بیگرێتەخۆ، ئارامگریی پێببەخشێت و لایەنگریی بێت، تا سەریبخات؟!

بڕوانە خوای گەورە ،کە زانی[1] یاوەران خوا لێیان ڕازی بێت سەرڕاستانە بەیعەتیان داوەتە پێغەمبەری خوا( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕاستگۆن و هەوڵیستیان پشتگیرییکردنی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە زانی ڕاستەو بۆ خواساغ بوونەتەوەو بۆ سەرخستنی دینەکەی لێبڕاون، ئەو هەموو نیعمەتە نایابانەی پێبەخشی:

أ- لێیان ڕازیبوو .

ب- ئاسوودەیی و هێمنیی خستەدڵیانەوەو بێخەمیکردن و، فەتحی مەککەی ئاسان و زوو کرد بە نسیبیان و سەرکەوتوانە _بێئەوەی خوێن لە کەس بڕژێت_ پایتەختی کوفر ڕماو بوو بە پایتەختی تەوحید.

ج- دەستکەوت (غەنیمەت) ێکی زۆری پێبەخشین.

---

(١) بێگومان پێش بەیعەتدانەکەشیان دەیزانی. ئەم زانیە زیادە نییەو، نابێتە زانینی پاش وەختە بۆ خوای گەورە، لە کاتێکدا خوای گەورە شارەزای ناخیان بووە.

هەموو ئەمانەی لەم ئایەتانەدا باسکردووە: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٩﴾﴾ الفتح: ١٨ – ١٩.

واتە: بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لەو موسوڵمانانە ڕازیبوو، کە لەژێر درەختەکەدا بەیعەتیاندایتێ، کە خوای گەورە زانی لە ناخیاندا ڕاستگۆن، هێمنیی و ئارامیی داباراندەسەریان و پاداشتی بە فەتحی مەککە دانەوە، کە سووک و ئاسان بکەوێتە دەستیان، هەروەها دەسکەوتانێکی زۆری خستەبەردەستیان تا هەر یەکەیان پشکی خۆی لێ دەسکەوێت.. خوای گەورە بەدەسەڵات و دانایە.

٦- بایەخنەدان بە کەس: زۆرینەی زێدەڕۆیان ئەنانین، بایەخیان هەر بە خۆیانە، بۆیە کەم بایەخ بە کەسانیتر دەدەن، سەرپەرشتی کەسانیتر ناکەن، چونکە هەروا دەزانن ئەوەندەیان هەیە (موحتاج)ی کەس نین.

لەم دیدو هەستەوە، هەر خۆیان لە خەڵکی بەدوور دەگرن، مەگەر ئەو کاتەی شانازییان بەسەردا دەکەن! یان خۆیان لەبەرچاویان دەنوێنن، چونکە خۆیان تێرن ئاگایان لەبرسی نییە.

چونکە خۆیان پۆشتەن و ئاگایان لە ڕووت و ڕەجاڵەکان نییە.. زێدەڕۆ ناتوانێت وەکو خواناسان و ئەهلی تەقوا بێت، کە لەبەر خەڵکی هۆشیان لە خۆیان نییە!! دەڵێن: کە سەیدنا ی(وسف عَلَيهِ السَّلَام) بوو بە بەرپرسی ئازووقە و گەنجینەی دانەوێڵەی وڵات، ژەمێك تێرنەبوو، عەرزیانکرد بۆچی؟!

فەرمووی: دەترسم تێرببم و حاڵی برسییەکانم بیربچێتەوە.

ئێ کەسێك لە نازو نیعمەتدایەو زێدەڕۆیانە چێژیان لێ دەبینێت، چۆن خەمی خەڵکی لەبەردەبێت و بۆچی لەبەریبێت؟!.

**<u>٧- خۆخستنه بەر موحاسەبەی تایبەتی خوای گەورە</u>:** زێدەڕۆ لەم خاڵە زۆر بێئاگادەبێت، لە کاتێکدا خوای گەورە بەسوێندخواردنەوە جەخت لەم لێپرسینەوەو موحاسەبەکردنە دەکات، کە دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨﴾ التكاثر: ٨.

واتە: پاشان بە تەئکید لەو ڕۆژەی قیامەتدا لە سەر چۆنیەتیی ڕەفتارکردنتان بە نیعمەتەکان پرسیارتان لێدەکرێت.. لەوە بێئاگایە کە هەر ڕاوەستاندنەکە لە حزوری خوای تاکوپاکدا ئەشکەنجەو ئازارە .. چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ (مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ).[١]

واتە: هەر کەسێك لە ڕۆژی قیامەتدا حسابی لەگەڵدابکرێت ئازاردەدرێت.

**<u>٨ -کەوتنە کاسبی حەڕامەوە</u>:** زێدەڕۆ، تا زیاتر مەسروف بکات حەزی لە زیاترە، تا هەیبێت زیاتریدەوێت! ئەمەش ئەگەری ئەوە درووستدەکات، کە دەشێت لە ماوەیەکدا تووشی نوشوستی ببێت و، پارەکەی (مووچە بێت یان کاسبی) بەشی نەکات یان پێویستی بەشتێکیتری چاکتربێت، یا زیادەش بێت، دەیەوێت بیکڕێت (وەکو: سەیارە و کۆشك و تەلارو دوکان و.. هیتر) لەم حاڵەتانەیدا _بە تایبەتی کاتی تەنگژەی دارایی_ دەیەوێت حاڵەتی خۆشی و هەبوونییەکەی هەر بەردەوام بێت و ئێستا نییەتی بۆیە خوا لاماندا بەرەو حەڕام دەچێت، لە کاسبیکردنیدا بێت یان لە وەزیفەدا بێت! ڕێگای حەڕام زۆرو واڵاو ئاسانە، ئیتر دەشێت ناچارانە! ڕێگایەکی حەڕامی پارەپەیداکردن بگرێتەبەر!

لە کاتێکدا دەزانێت، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (كُلُّ جَسَدٍ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ فَالنَّارُ أَوْلَى بِهِ).[٢]

---

[١] بوخاري (٣٧/١) مسلم (٩٤). دەقی هەموو فەرمودەکە: عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (مَنْ حُوسِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ . فَقُلْتُ أَلَيْسَ قَدْ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ﴾فَقَالَ " لَيْسَ ذَاكِ الْحِسَابُ إِنَّمَا ذَاكِ الْعَرْضُ، مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ).

(٢) ئەوەی نوسەر هێناوێتەیەوە بەهێز نییە بەڵام ... (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ، النَّارُ أَوْلَى بِهِ) ←

واتە: هەر بەشێکی لەش بەماڵی سوحت[1] گەشەی کردبێت شایانی داخکردنە بە ئاگری دۆزەخ.

٩- بوون بە برای شەیتان: برای شەیتان!! ئەمە بۆ زانینی ئەو حەقیقەتە رەهایەیە کە ئەو کەسە زێدەڕۆیانە کە لە سنووری ئاسایی و سروشتی پێداویستی و ئیحتیاتکردن دەرچوون، خوشك و برای شەیتانن! خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ كَانُوٓاْ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ ۖ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا ﴿٢٧﴾ ﴾ الإسراء: ٢٧.

واتە: بە تەئکیید زێدەڕۆیان برای شەیتانەکانن، شەیتانیش دەرهەق بە خوای پەروەردگاریی کوفرانەبژێرە.

بوون بە برای شەیتان یەعنی بوون بەشوێنکەوتوو و گوێڕایەڵ و ئەندامی حزبەکەی!! بەڕاستی دیدو ڕەفتارێکی دژوارە کە خاوەنەکەی دەگەێنیتە ئەوەی ببێتە برای شەیتان[2].

١٠- مەحرومبوون لە خۆشەویستی خوای گەورە: چونکە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشناوێت، کە زێدەڕۆن وەکو،کە دەفەرمووێ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٤١﴾ ﴾ الأنعام: ١٤١.

---

ئیمامی ئەحمەد (١٤٠٣٢). ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٢٦٠٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە. لە کاریگەریی فەرموودەی ئاواوەیە کە دەبینی سەیدنا ئەبوبەکر کە زانی پاروویەکی حەرامی خواردووە، پەنجی کرد بە قورگییداو خۆی رشاندەوە هێنایەوە. خاتووعایشە خوا لیی رازی بێت دەگێڕێتەوە: ( كَانَ لأَبِي بَكْرٍ غُلاَمٌ يُخْرِجُ لَهُ الْخَرَاجَ وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ يَأْكُلُ مِنْ خَرَاجِهِ , فَجَاءَ يَوْمًا بِشَيْءٍ فَأَكَلَ مِنْهُ أَبُو بَكْرٍ ، فَقَالَ : لَهُ الْغُلاَمُ أَتَدْرِي مَا هَذَا ؟ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ : وَمَا هُوَ ؟ قَالَ : كُنْتُ تَكَهَّنْتُ لإِنْسَانٍ فِي الْجَاهِلِيَّةِ وَمَا أُحْسِنُ الْكِهَانَةَ إِلاَّ أَنِّي خَدَعْتُهُ , فَلَقِيَنِي فَأَعْطَانِي بِذَلِكَ فَهَذَا الَّذِي أَكَلْتَ مِنْهُ , فَأَدْخَلَ أَبُو بَكْرٍ يَدَهُ فَقَاءَ كُلَّ شَيْءٍ فِي بَطْنِهِ) بوخاری (٣٥٧٩). لە شوێنیتردا ماناکراوە.

(١) سُحْت: ئەوەیە کە لێی دڵنیایە کە حەرامەو هەر دەیخوات.

(٢) وەکو ئەوەیە کابرا کۆشکێک دروستبکات، کە تەواوبوو بە سەریدا بڕوخێت! چونکە شەیتان و شەیتانیزم لە دنیاو قیامەتدا هەر زەرەرمەندن:﴿ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَٰنِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ المجادلة: ١٩ واتە: ئەرێ بە تەئکیید حزبەکەی شەیتانن کە زەرەرمەندن.

واتە: خوای گەورە زێدەڕۆیانی خۆشناوێت.

هەموو دینداریی و ڕەنج و کارێکی موسوڵمان بۆ ئەوەیە کە شایانی ئەوە بێت کە خوای گەورە خۆشیبووێت، بەڵام زێدەڕۆ سەرپشکانەو بە ڕەفتاری خۆی لەم پلەو ئاستەی شەرەف خۆی مەحروومـدەکات! ئـێ چ زیانێـك لەمـە گـەورەترە؟! پاشان ئەم زیانەی لێ دەکەوێت لە بەرامبەر چییـدا؟ لـە بەرامبـەر زیدەڕۆییـدا! نەک لەبەرامبەر پڕکردنەوەی پێداویستییەکی زەرورەتییدا..

ب- ئاسەواری زێدەڕۆیی لەسەر خودی کۆمەڵکاریی:

بەکورتی: زاڵبوونی دوژمنانە بەسەر هەر کۆمەڵکارییـەکی ئیسـلامییدا کـە زێـدەڕۆیی دیـاردەی ژیـانی ئەنـدامانی بێـت، کۆمـەڵکاریی وا فشـەڵە، خـاوە، ترساوە، بەری گـورزی بـەردەوامی دوژمـن ناگرێـت، لەگـەڵ یەکـەمین زەبـرو زەنگێـگ کـە تووشـی دێـت _ئەگـەر بە یـەکجاریی هەڵنەوەشـێتەوەو لـە نـاو نەچێت_ زۆر زۆر لاوازو باڵ باڵ دەکەوێت.

ئەگەر لە دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆی لانەدات، ئەوەندە لە ئامانجی دووردەکەوێتەوە ،کە ڕەنگە دەیان ساڵ بێتـەوە دواوە! (چونکـە ئـەو (خڕۆکـەی سپی)یانەی گیانی بەرەنگاریی و خۆگریی و پشوو درێژییان بۆ بەرهـەم دەهێنـا، کە ئیمانە لە دڵ و دەروونـدا لاواز بوون)..

ئیمان ئەو هێزە پتەوەیە، کە موسوڵمانانی تـاکوکۆ هەیانـەو دوژمـن بەهۆیـەوە ناتوانێت زەفەریان پێببات.. دوژمنان دەتوانن هەزاران کۆمەڵکار بکوژن و دەیان چـالاکی کۆمـەڵکاریی بوەسـتێنن، بەڵام نـاتوانن (ئـیمان) و (ئیسـلام) لـەدڵ و دەروون و هزرو ژیریی و هەست و ویژدانی موسوڵمان دەربهێنن...

دەتوانن بە زێـدەڕۆیی و پـارەو فریـوودان و ژیـانی بەرسـێبەر هـەزاران لـە

ڕێدەرکەن و هەزاران داعی چاك سستکەن و هەزاران کۆمەڵکاری چوست سستبکەن.[١]

**چوارەم : ڕێگای چارەسەری زێدەڕۆیی:**

**١- بیرکردنەوە لە چارەنووس و لە ئەنجامی زێدەڕۆیی:** دەشێت هەڵوێستەیەك، بیرکردنەوەی ساتێك لە داهاتوی زێدەڕۆیی، بەخۆداچوونەوەیەک، دیدو هەڵوێست و مومارەسەی زێدەڕۆکان بگۆڕێت و> هزرو ژیرییان وا ئاڕاستەیان بکات کە زوو واز لە زێدەڕۆیی بهێنن و پارسەنگبنەوە.

**٢- جڵەوگرتنی نەفس و توندڕاگرتنی:** بەگرتنەوەی لە هەندێك حەزو ئارەزوو، لە هەندێك داواکاریی زیادەو بێجێ و ناچارکردنی لەسەر هەندێك هەڵوێست: یەکجۆرخواردن، کەمخواردن، نەکڕین، بەخشینی ئەوەی لای جوان و چاکەو دڵی پێوەیەتی.. هەروەها ناچارکردنی لەسەر خواپەرستی زیادە.. سوونتەکان، ڕۆژوی زیادەو عومرەو شەونوێژو قورئانخوێندن و زیکرو تەسبیحات.. خۆناچارکردن لەسەر چوونەدەرس و کۆڕی دینیی و گوێگرتن لە وتارو دەرسی قیامەتخوازیی..

هەروەها بەخشین، خێروخێراتکردن، دیاری کڕین.. کتێب چاپکردن و بەخشینەوەی.. هەروەها بەپێ ڕۆیشتن و کۆڵ هەڵگرتن.. بەدواداچوونی حاڵی موسوڵمانان و هاتوچۆی کەمدەرامەت و هەژاران.. وە هەروەها.

**٣- خوێندنی سییرەو سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):** کە پڕە لە ئامۆژگاریی لە ئاڕاستەوانی پەروەردەی پارسەنگ، لە هۆشداریی و حەزەر لە زێدەڕۆیی و خۆشویستنی دنیا.

---

[١] ئەوە واقیعی بەرچاوە لە باشووری کوردستانی _دوای ئیحتیلالی ئەمریکایی_ بۆتە دیاردەیەکی زەق و ئاشکراو دزێو.

سییره و سوننەت، کە داوا لە موسوڵمان دەکەن دنیای لـە دڵدانـەبێت، کـۆڵی دنیای سووکبێت و مـاڵی ڕۆژی دوایـی ئاوەدانکاتـەوە.. بـا زبـر بـژی، چـاو لـە هەژاران بکات، چاوی لە مردن و گۆڕو قیامەت بێت و هۆشی لێیان نەبڕێت..

لە خواردن و خواردنەوەدا ئادابی ئیسلامی ڕەچاوبکـات، بـە ڕادەی پێویسـت بخوات.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ يَأْكُلُ فِي مِعًى وَاحِدٍ وَالْكَافِرُ يَأْكُلُ فِي سَبْعَةِ أَمْعَاءٍ).[1]

واتـە: موسـوڵمان کە دەخـوات یـەك ریخۆڵـەی پڕدەکـات، بەڵام کـافر، کە دەخوات حەوت ریخۆڵە پڕدەکات!

- هەروەها فەرمووی: (الْمُؤْمِنُ يَشْرَبُ فِي مِعي وَاحِدٍ وَالْكَافِرُ يَشْرَبُ فِي سَبْعَةِ أَمْعَاءٍ).[2] ئەوەش خواردنەوە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وعَـاءً شَرًّا مِـنْ بَطْنِـه ، بِحَسْـبِ ابْـنِ آدَمَ أُكُلاتٍ يُقِمْنِ صُلْبَهُ ، فَإِنْ كَـانَ لاْ مَحَالَـةَ فَثُلُـثٌ لِطَعَامِـهِ ، وَثُلُـثٌ لِشَرَابِهِ ، وَثُلُـثٌ لِنَفَسِهِ).[3]

واتە: هیچ کەسێك هیچ دەفر (قاپ، تورەکە، کیسە) پڕ لە شت نەکردووە، کە زیانی زۆربێت وەکو گەدەی... خۆ مرۆڤ ئەوەندەی بەسە بیخوات، کە قامـەتی پێ ڕاست و ڕێك بێت (بۆ تەندرووستی بەسبێت)، ئەگەر هەر زیاتری دەوێت، با سێیەکی گەدەی بۆ خواردن بێت، سـێیەکی تـری بـۆ خواردنـەوەی و، سـێیەکی سێیەمی بە بەتاڵی بهێڵێتەوە ،تا هەناسەی ئاساییانە بۆ بدرێت.

- خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) باسی دەسکورتی خۆیان و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـۆ (عـوروەی کـوڕی زوبێـر)، کـە خوشـکەزایەتی

---

[1] بوخاری (٩٢/٧) موسلیم(١٦٣١/٣).
[2] بوخاری (٩٣/٧) موسلیم(١٦٣٢/٣).
[3] ترمذي (٥٩/٤ ز ٢٣٨٠).

(خوالێیان رازی بێت) گێڕایەوەو فەرمووی: (إِنْ كُنَّا لَنَنْظُرُ إِلَى الْهِلَالِ ثُمَّ الْهِلَالِ ثَلَاثَةَ أَهِلَّةٍ فِي شَهْرَيْنِ وَمَا أُوقِدَتْ فِي أَبْيَاتِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَارٌ. فَقُلْتُ يَا خَالَةُ مَا كَانَ يُعِيشُكُمْ قَالَتْ: الْأَسْوَدَانِ التَّمْرُ وَالْمَاءُ إِلَّا أَنَّهُ قَدْ كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جِيرَانٌ مِنْ الْأَنْصَارِ كَانَتْ لَهُمْ مَنَائِحُ وَكَانُوا يَمْنَحُونَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ أَلْبَانِهِمْ فَيَسْقِينَا).[١]

واتە: جار هەبوو موراقەبەی هەیڤ (هیلال)مان دەکرد ،سێ جار نوێ دەبۆوە (٤٥ ڕۆژ) لە دوو مانگدا ئاگرێك بۆ چێشتلێنان لەماڵەکانی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەکردایەوە!

عوروە پرسی: ئەدی بەچی دەژیان؟ !

فەرمووی: بە ئاوو خورما.. بەڵام پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دراوسێیەکی ئەنساریی هەبوو، کە مەڕو ماڵاتیان هەبوو، ئەوان لە شیری ماڵاتەکانیان بۆ پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەهێناو جەنابیشی دەیدایە ئێمە دەمانخواردەوە.

- هەر خاتووعائیشە (خوا لێی رازیٚ بێت) لە باسی پێخەفی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (كَانَ فِرَاشُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ أَدَمٍ وَحَشْوُهُ مِنْ لِيفٍ).[٢]

واتە: ڕاخەرەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێستە بوو، سەرینەکەشی بە پووش ئاخنرابوو.

- هەروەها دەفەرمووێ: (مَا شَبِعَ آلُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم مُنْذُ قَدِمَ الْمَدِينَةَ مِنْ طَعَامِ بُرٍّ ثَلَاثَ لَيَالٍ تِبَاعًا حَتَّى قُبِضَ).[٣]

---

[١] بوخاری (١٢١/٨) موسلیم (٢٢٨٣/٤ز ٢٩٧٢).
[٢] بوخاری (١٢١/٨).
[٣] بوخاری (١٢١/٨) موسلیم (٢٢٨١/٤ز/٢٩٧٠).

واتە: ماڵ و منداڵی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قەت نەبووە سێ جاریان خۆراکی گەنم لە سێ ئێوارەدا لە سەریەك خواردبێت، هەر لەو کاتەوە کە تەشریفی هێنایە مەدینە، تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد! (دەساڵ دەکات).

- جار هەبوو ناچار دەبوو دوعای (رزق) بکات، چونکە هیچیان نەبووە، دووعاشی (عَلَيهِ الصَّلاةُ وَ السَّلَام) گیرادەبوو، دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ ارْزُقْ آلَ مُحَمَّدٍ قُوتًا).[1]

واتە: خوایە! خۆراکێك بکە بە نسیبی ماڵ و منداڵەکەی محـمد!!

کاتێك موسوڵمانی دیندارو هەست زیندوو و پابەندی شەرع و، شوێنکەوتوی سوننەتی ئەم پێغەمبەرەی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، سەرنجی ئەم ژیانەی دەدات، کە ئەوە لە قۆناغی مەدینەدایەو موسوڵمانان تێربوون و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو عەرەبستاندا دەڕۆیشت، ئەوە ماڵەکانی پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە لە ماوەدای (دە)ساڵدا، لە هیچ کام لە (ماڵ)ـەکانیدا، سێ ئێوارە خۆراکی گەنمیان نەبوویێت: (نانی گەنم، دانولە، ساوەر، گەنمە کوتاو، لەپەی ساوەر، شۆربای ساوەر، برِوێش.. هیتر)!!

موسوڵمانی خواناس، کە بیر لەمە دەکاتەوەو هەفتەیەك وا دەژی، چۆن زێدەڕۆ دەردەچێت؟

زێدەڕۆیەکیش، ئا ئەمەی لە دیدو زەین و هۆشدا بێت، چی وەڵامی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەداتەوە؟!

چی بە خۆی دەڵێت؟!

دەڵێ: منیش شوێنکەوتوی پێغەمبەران و سددیقان و شەهیدان و پیاوچاکانم، توخوا بمخەنە ڕیزیانەوە!

---

[1] بوخاری (١٢٢/٨) موسلیم (٢٢٨١/٤ ز ١٠٥٥/).

خوای گەورە دەفەرمووێ: ئەو کەسەی ملکەچیی و گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکات، خوای گەورە دەیخاتە کاروانی خواویستی ئەو ساڵحانەوە.. وەکو، کە دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمًا ﴿٧٠﴾﴾ النساء: ٦٩ – ٧٠.

واتە: هەر کەسێک گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکات، ئائەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن، کە خوای گەورە نازو نیعمەتی خۆیی پێیان بەخشیووە، لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، بەڕاستی هاوڕێیەتی ئەوانە مەنزیلەیەکی بەرزەو مایەی خۆشییە،ئەمە فەزڵی خوای گەورە خۆیەتی، خوای گەورەش خۆی زاناو شارەزایە[1].

<u>٤- خوێندن و شارەزابوون لە مێژووی ژیانی سەلەف</u>: ژیانی یاوەران ،کە چەسپاندنی قورئان و سوونەتەکەیە، ژیانی (تابعین)، کە چەسپاندنی ئاڕاستەی یاوەرانە، ژیانی موجاهیدان و زانایان و شەرعناسان و خواناسان ئەم پێشەوا نایاب و نازدارانە، هەمویان لە ژیانیاندا لایەنەکانی ژیانی پێغەمبەری خوایان ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ))بە قەدەر توانای خۆیان دەچەسپاند..

ژیانی ئەوانە پارسەنگ و باڵاو نموونەییە، لە هەبوون و نەبوونییاندا، لە دیدو تێروانینیان بۆ ژیان و مردن بۆ دنیاو قیامەت، ئەم پێشەوا دەگمەنانە ژیانیان پردی قیامەت بوو.

---

(١) توخوا لە خۆت بپرسە کە بە چ رەفتارێکی چاک و پەسەندت دەتەوێت خوای گەورە بتخاتە ریزی ئەم بەڕیزانەوە؟!

- سەیدنا (عومەری کوڕی خەططاب)، کەڵەپیاوە دەگمەنەکەی ئیسلام (خـوا لێی رازی بێت) چـووە مـاڵی (عبـدالله)ی کـوڕی- خـوا لێـی رازی بێـت- بینـی گۆشتی لە بەردەمدایەو دەیەوێت بیخوات.

پێی فەرموو: ئەمە چییە؟

عبدالله فەرمووی: گۆشتە.. حەزم لێی بوو.

سەیدنا عومەر فەرمووی: چما هەر شتێك حەزت لێی بوو، دەبێت بیخۆیـت؟! ئەوەندە بەسە بۆ زێدەڕۆیی، کە کەسێك حەزی لە هەر شتێك بوو بیخوات!![1]

- کـە سـەیدنا (ئەبوبـەکر) - خـوا لێـی رازی بێـت- کەوتـە سـەرەمەرگەوە ،(سەلمانی فارسی) - خوا لێی رازی بێت - هاتە سەردانی.

سەلمان فەرمووی: ئەی جێنیشینەکەی پێغەمبەری خوا ! ئامۆژگارییەکم بکە!

سەیدنا ئەبوبەکر پێی فەرمـوو: خـوای گـەورە دنیاتـان بـەڕوودا دەکاتـەوە، کەس لەوەندە زیاتر هەڵنەگرێت، کە پێی دەپەڕێتەوە.[2]

- سەیدنا (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص) - خـوا لێـی رازی بێـت- (کـە خـاڵی پێغەمبـەری خوایـە (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) و یەکێکـە لـە (دە) یـاوەرە مـژدە پێدراوەکەی بەهەشت) لە (کوفـە) والـی بـوو ، نامەیـەکی بـۆ خەلیفـە سـەیدنا عومەر (خوا لێی رازی بێت) نووسی: کە مۆڵەتم بدە خانویەك بۆ خـۆم و مـاڵ و منداڵەکانم دروستبکەم!

سـەیدنا عومـەر بـۆی نووسـی: (شـتێك دروسـتکە لـە گـــەرمی خـۆر بتپارێزێت و باران نەیڕوخێنێت، چونکە دنیا پردی پەڕینەوەیە).[3]

---

[1] الکاندهلوي: حیاة الصحابة (٢٨٤/٢).
[2] هەمان سەرچاوە.
[3] الکاندهلوی في حیاة الصحابة (٢٨٦/٢).

دەیان و سەدان دیدو هەڵوێستی پەروەردەیی وا لە مێژووی موسوڵمانان‌دا تۆمارە، کە هەریەکەیان بە ئیزنی خوا، یارمەتیدەردەبێت لە وازهێنانمان لە زێدەڕۆیی..

ئەمما کۆمەڵکاری دیندار، بێگومان بە پاڵنەری ئیماندارێتی خۆیەوە لە دوی ئەم دیدو هەڵوێستانە دەگەڕێت، چونکە دەیەوێت وەکو ئەوان لەسەر دیدو تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێستی ڕەفتارو ڕەوشتی سەلەف پەروەردەببێت ..

ئەگەر لەوانە بوو ،کە تووشی زێدەڕۆیی بوون، زوو وازی لێدەهێنێت و، دەکەوێتەسەر ژیانێکی سادەو ساکار.. (إِنْ شَاءَ اللَّه).

<u>٥- خۆدابڕین لە زێدەڕۆیان</u>: دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیان و کۆڕو رەفتارو نەریتیان، یەکەمین هەنگاوی عەمەلی: خۆ قوتارکردنە لە زێدەڕۆیی.

هەنگاوی دووەمیشی: هاوڕێبوون و هاتوچۆکردنی ئەو خواناسە سەرڕاستانەیە، کە کیسەیان بۆ دنیا هەڵنەگرتووەو زۆر بە خەمیەوە نین، ئەو دیندارانەی ڕوویان بە ڕاستی لە قیامەتەو کوڵی دنیاییان سووکەو، ژیانیان سادەیەو دنیاویست نین.

ئەو قیامەتخوازانەی شەقیان لە دنیا هەڵداوەو، تەنها بە قەدەر پێویستی ژیان لێیهەڵدەگرن، ئەوانەی بۆ دینەکە لێبڕاون و خەمی ئیستیزعافی موسوڵمانانیانە، ئەوانەی جوامێرانە لە ڕەنج و جوهدی جیهاددان بۆ هێنانەوەی حاکمێتی ئیسلام و سەروەریی شەرع، بۆ نان و ئەمانی خەڵکی، بۆ ئاشتی و هێمنییەك کە گیان ماڵ و ئابڕوو مافی خەڵکی تێدا دەپارێزرێت..

ئەم پیاوانەی خوا، کە بێباکانە لە ڕوی دوژمندا وەستاون و، هەموو تین و فشاری جاهیلیەت کۆڵیان پێنادات، ئەمانەی، کە لەبەرخاتری خوای تاك وپاك، هەموو کەندو کۆسپێکی ڕێی بانگەوازو کۆمەڵکارییەکەیان بە سووك و ئاسان دەزانن و، ئازایانە لە ڕێی خوادا لایاندەدەن..

هەر کەسێکی زێدەڕۆ بکەوێتە کۆڕو ڕیزی ئەم جۆرە خواناسانەوە (إِنْ شَاءَ اللَّه) زوو پاك دەبێتەوەو ڕوو لە قیامەت دەکات و بۆ سەرووەریی شەرع پێدەبڕێت، چونکە حەزدەکات قەرەباڵغی دنیاویستان جێبهێڵێت، ڕوو لە کاروانی جیهاد بکات، کۆڕی دەعوەت و ئاهەنگی شادیی زێدەڕۆیی وەلکات و، خۆ بگەێنێتە کۆڕی ئامۆژگاریی و، بژاری دەروون و ڕێنیشاندانی حەقیقی.

<u>٦- بایەخدان بە ماڵ و منداڵی</u>: بە هاوسەرو ئەولادەکانی و مەشغولبوون بە پەروەردەکردنیانەوە.. ئەگەر باوك کەشی بەختیاریی و شادیی لە ماڵەکەیدا درووستبکات و، بە خۆشەویستیی، چاودێریی و ئاودێرییان بکات، هاوسەرەکەشی بە هەمان شێوە لەنگەری کەشتیەکەی پارسەنگانە لەگەڵدا بگرێت، منداڵەکان لە کەشی تەندرووستدا گەورەدەبن.

هەرچەند هەژارو نەداربن یان دەوڵەمەندو هەبووبن، خۆشەویستیی دەیانگرێتەخۆو لە ناویەکترییدا هاوسۆزو دڵسۆزدەبن.. ئەم مەشغولبوونە یارمەتیدەردەبێت لە وازهێنان لە زێدەڕۆیی و ڕەفتاری ناپەسەندیتر..

باوکی دیندارو هەستی مێردی قیامەتخوازو خواناس، دەتوانێت ئاسان قەناعەت بە خێزان و منداڵی بکات، کە ژیانی دنیا کێڵگەی قیامەتمانە، هەرچی لێرە لێی مەحروم ببین، لێبوردنی خوای گەورە بەسە بۆ قەرەبووکردنەوە ی.. هەر وەکو ،کە خۆشیی ئیمان و ئیسلام و کۆمەڵکارییەکەمان گەورەترین سەرمایەمانە و، مایەی خۆڕاگریی و پشوودرێژیمانە (والحمدالله).

ژیانیش هەر چۆنێك بێت، هەر کۆتایی دێت و هەموو خەڵکیش دەگەڕێتەوە لای خوای بەدەسەڵات و زاناو، لە هەموان دەپرسرێتەوە، بەڵام ئافەرین بۆ ئەو کەسانەی،کە لە دنیادا بە کاری قیامەتیانەوە خۆیان ماندووکرد..

ئافەرین بۆ ئەو کەسانەی، حەوانەوەی هەتا هەتایی کەناری خوایان پێ پەسەندتربوو.. هەوڵی جیددیشیان بۆدا.

٧- بیرکردنەوە لە حاڵی مرۆڤایەتی بە گشتیی و حاڵی موسوڵمانان بە تایبەتی:

هەر کەسێك ئەو هەموو ژان و ناسۆرەی لەبەرچاوبێت، کە بەسەر مرۆڤایەتییدا دێت، بەتایبەتی بەسەر موسوڵماناندا، لە هەژاریی و نەداریی و نەمانی ئەمان و کوشتن و زیندان و هەڵاتن و دەرپەڕاندن، ماڵ سوتاندن و زەوی و زاربردن و، سووکایەتیکردن بە بەها پیرۆزەکان و مزگەوت و قورئان سوتاندن.. زەوتکردنی هەموو مافێکی ژیانیان، هەر کەسێك ئاوڕ لەم هەموو کارەساتانە بداتەوەو، ڕۆژی هەواڵێکیشیان ببیستێت، زێدەڕۆییناکات.

بەو مەرجەی دیندارییەکەی ڕاست بێت، نەك ئەعرابیانەو سەتحی و هەست مردوو!

پێموایە: ئەمە نەك هەر دەبێتە پاڵنەری وازهێنان لە زێدەڕۆیی، بەڵکو هۆکارێکیش دەبێت بۆ کۆمەڵکاریی و جوهدو جیهادی دەستەجەمعیی، بۆ قوتارکردنی موستەزعەفان و هێنانەوەی حوکمی خوای گەورەو ،بەختەوەرکردنەوەی موسوڵمانان بە دادو سایەی شەریعەتەکەی و، هەڵکردنەوەی ئاڵای تەوحید لە جیهاندا.

٨- بیرکردنەوە لە مردن: لە گیانکێشان و دنیابەجێهێشتن، لە گۆڕو گۆڕەوشار و موحاسەبەو ژیانی بەرزەخ، لە کارەساتەکانی قیامەت و هاوارو فریادی بێهودە، لە چاوەڕوانی حەشر وحیساب و دڵەڕاوکێ و ترس و بیم، لە سزاو ئەشکەنجەی دۆزەخ.. دەشێت ئەمەش هاوکار بێت لە کۆتاییهێنان بە زێدەڕۆیی و تووشنەبوون پێی.

٩- هۆش خستنەسەر سروشتی ڕێگای ئیسلام: کە ڕێی پێغەمبەران و سددیقان و شەهیدان و پیاوچاکانە، کە خواویستانە ئەم ڕێییەیان بڕیی و ئەم پەیامەیان گەیاندە ئەم کات و شوێنە، ئیدامەدانی ڕێگاکەو بەردەوامبوونی خواویستییەکە ڕەنجی دەوێت، هەواڵدانی دەستەجەمعی دەوێت، بۆ لادانی کەندو کۆسپەکانی سەرڕێ..

هاوکاریی و برایەتیی یەکتریی دەوێت، تا تـین و تـەوژم و تـەکان و فشـاری دوژمنان لەسەر ئیسلام و موسوڵمانان بوەستێنرێت، ئەم ڕێگایە پڕکەندو کۆسـپە، پــڕ ژان و ناســۆرە، ئەوانــەی دەتــوانن ڕێ ببــڕن، ئیمانــدارە هۆشــیارە جــوامێرە پشــوودرێژەکانن، کــە خۆیــان لەســەر نارەحــەتیی و ناخۆشــیی ڕاهێنــاوە، نــەك ئەوانەی زێـدەڕۆو گەدەبـەل وحـەوانەوەی بەرسـێبەرن ئـەمان، کە لـە غـەیری زەلیلیی و چاوشۆریی و تەنازولکردن هیچیتر هەڵنابژێرن.

خــوای گــەورەش لەگــەڵ ئیمانــدارە جوامێرەکانــە، نــەك لەگــەڵ چاوشــۆڕو غیرەتپواوەکان.

بژاری دەروون: نەخۆشی هەشتەم (٨)

# شـلـگـيـريـى

# ضعف أو تلاشي الالتزام

پێناسەی شلگیری.

نیشانە و ڕواڵەتەکانی شلگیریی.

هۆکارەکانی شلگیریی.

ئاسەوارەکانی شلگیریی.

چارەسەری شلگیریی.

## شلگیریی ضعف أو تلاشی الالتزام[1]

**یەکەم: واتای دینداریی عەوامانە:**

<u>١- لە ڕووی زمانەوانییەوە:</u>

أ- الالتزام: پابەندییە: واتە: وەرگرتن و خۆپێوەبەستنەوەو گرتن و پێوەنووسانی شتێك بە شتێکی ترەوە.

دەووترێت: إلْتَزَمَ الشَّئَ: اسْتَمْسَكَ بِهِ أواعْتَنَقَهُ أو الْتَصَقَ بِهِ.. لە: (لسان العرب) داهاتووە: الالتِزامُ: الاعتِنَاقُ..[2] کە لە فەرموودەدا بە مانای گرتن هاتووە وەکو، کە لە پێش دەستپێکی غەزای (بەدر)دا، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەوتبووە پاڕانەوە: (أَنَّهُ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فَمَازَالَ يَهْتِفُ بِرَبِّهِ يَوْمَ بَدْرٍ مَادًّا يَدَيْهِ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ حَتَّى سَقَطَ رِدَاؤُهُ عَنْ مَنْكِبَيْهِ فَأَتَاهُ أَبُو بَكْرٍ فَأَخَذَ رِدَاءَهُ فَأَلْقَاهُ عَلَى مَنْكِبَيْهِ ثُمَّ الْتَزَمَهُ مِنْ وَرَائِهِ. وَقَالَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ كَفَاكَ مُنَاشَدَتُكَ رَبَّكَ فَإِنَّهُ سَيُنْجِزُ لَكَ مَا وَعَدَكَ).[3]

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ڕۆژی( بەدر)دا ،هەر هاواری خوای گەورەی دەکرد، هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان درێژ کردبوو، ڕوو لە قیبلە، تا عەباکەی لەسەر هەردوو شانی کەوت..

---

[1] لەوانەیە خوێنەر وابزانێت ئەمە هەر سستی و لێچوونەوە (الفتور)ە، بەڵام وا نیە، سستی و لێچوونەوە ڕەنجی کەمی تێدا دەدرێت، لەگەل ووردەکاریی دینداریی و ڕێکخستنیدا. بەڵام ئەمیان ڕەنجدانەکە لەوانەیە زۆریش بێت، لەگەڵ کەمی ووردەکاریی و ڕێکخستنی دیندارێتییەکەدا.. ئەمیان لامسەرلایی و سەرپێیە، هەرچۆنی وویست وادەکات.

(٢) لسان العرب (٥٤٢/١٢).

(٣) موسلیم (١٧٦٣).

سـەیدنا ئـەبو بـەکر (خـوا لێـی ڕازی بێـت) هاتـە خزمـەتی و عەباکـەی هەڵگرتەوەو خستیەوە سەرشانی و، لە پشـتەوە پێغەمبـەری خـوای( صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گرت و فەرمووی: هاوارکردنت لە خوای پەروەردگـارت بەس بێـت، ئەو بە دڵنیاییەوە ئەو بەڵێنەی پێیداویت، دەیهێنێتەدیی.

- (عبداللەی کوڕی موغەففەل) - خوا لێی ڕازی بێت- دەفەرمـووێ: (أَصَـبْتُ جرَابًا مِنْ شَحْمٍ يَوْمَ خَيْبَرَ قَالَ فَالْتَزَمْتُهُ فَقُلْتُ لَا أُعْطِي الْيَـوْمَ أَحَـدًا مِـنْ هَـذَا شَـيْئًا، قَالَ: فَالْتَفَتُّ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )مُتَبَسِّمًا).(١)

واتە: لەغەزای (خەیبەر)دا دیزەیەك ڕۆنم دەستکەوت، گرتم و بردم بۆ خۆم.

وتم : هیچی لێ نادەم بە کەس!

دەفەرمووێ: کە ئاوڕمدایەوە، پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بینی زەردەخەنەیەکی کرد.

ب- لەسەرخۆفەرزکردن: وەکو دەووترێت : إلْتَزَمَ الشَّيئَ: أوجَبَهُ عَلَـى نَفْسِـهِ.. الْتَزَمَ فلان لِلدَّولَةِ: واتە: کابرا خۆی پابەند کرد بەوەی، کـە بڕێـك پـارە بـدات بـە دەوڵەت لە بەرامبەر بەکارهێنانی زەوییەکدا.. فهو مُلْتَزِمٌ..(٢).

کەوابوو: لـە ڕوی زمانـەوانییەوە (ضَـعْفٌ أو تَـلاشي الالْتـزام) بریتیـە لـە: کەمتەرخەمی و ئیهمالکردنی باوەڕ پێکردن و پێوە پابەند بوون.

<u>٢- لە ڕووی زاراوەییەوە</u>: کەمتەرخەمیی و پابەندنـەبوون و شـلگیرییە بـەو پەیمان و بەڵێنەی موسوڵمان داوییێتی، لەوانەدا کە لەسەرخۆی فەرزیکردوون، کە باوەڕیان پێبهێنێـت و پێیانـەوە پابەنـدبێت و، بـەکردەوەی چاکـە بیـان نوێنێـت، ئەمەش بریتیە لە:

(١) موسلیم (١٧٧٢)، ئەبوداوود ( ٧٠٢)، نەسائی ٢٣٦).
(٢) مجمع اللغة العربية/ دمشق: المعجم الوسط (٨٢٣/٢).

- ڕازیبوونی بەوەی، کە خوای گەورە پەروەردگارێتی.

- ڕازیبوونی بەوەی، کە ئیسلام دین و ڕێبازو بەرنامەی ژیانێتی.

- ڕازیبوونی بەوەی، کە (محـمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێغەمبەرێتی.

- ڕازیبوونی بەوەی لە کـاروانی خواویسـتاندا، کۆمەڵکارانـە کاربکـات بـۆ چەسـپاندنی دینـی خـوا لەسـەر زەویـی و، مسـۆگەرکردنی سـەروەرێتی بـۆ شەریعەتی خوا.

**دووەم: نیشانە و ڕواڵەتەکانی شلگیریی:**

١- ڕێکوپێك نەبوونی قسەکردن و نەهێنانەدیی بەڵێن.

٢- دەرکردنی بڕیارو (فەتوا)ی بێسـەروبەر، بێبەڵگـە، هـەر بـۆ سەرخسـتنی مەبەستی خۆی، یان لایەنگرانی.

٣- ڕەچاونـەکردنی ئـادابی ئیسـلامی لـە ئاخـاوتن و موناقەشـەکردن و سنوربەزاندن لە ناکۆکییدا.

٤- خۆشباوەڕیی بەرامبەر واتەوات و پڕوپاگەندەی دوژمنان و ناحەزان.

٥- گوێڕایەڵینـەکردن، مەگـەر لـە دیـدو هەڵوێسـتێکدا بێـت، کـە لـە گـەڵ هەواوهەوەسی خۆیدا یەکدەگرێتەوە.

٦- بایەخنـەدانی بـە مـاڵ و منداڵـەکانی، تابیانگەێنێتـە ئاسـتی داواکراویـی دینداریی.

٧- ڕەچاونەکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی و ڕەفتاری پارسەنگ.

٨- ئامادەنەبوونی قوربانیدان، نە بەسەرو نە بە ماڵ، نە بە هیچ شتێکی.

٩ -ڕێ نەخستنی بزاوت و سرەوتی بە پێی شەرع.

١٠ -ئیهمالکردنی خۆپەروەردەکردن، بە تایبەتی پاڵفتـەی دەروون و ڕەوشـتی پارسەنگ.

١١ -پەلـەکردن لـە سـەرکەوتن و داواکردنـی، بێئـەوەی هێشـتا قۆنـاغێکی ئامادەسازیی بڕیبێت.

١٢- ئیجتیهادکردن و ڕای دین دەربڕین لە دیدو هەڵوێستێکدا، کە بواری ئەو نین، ڕاوبۆچوونی تێدا بدات، چجای ئیجتهادکردن.

١٣- خۆنەگرتن بەرامبەر چێژەکانی دنیا، یان کەندو کۆسپی ڕێ و زووبەزین بەرامبەریان.

١٤- بەهەدەردانی مافی برایەتیی.

١٥-تەداخولکردن لە شتێکدا کە هی ئەو نییە.

وەهەروەها.

**سێیەم: هۆکارەکانی شلگیریی:**

<u>١- پەی نەبردن بە مانای پابەندبوون و ئەرکەکانی</u>: هەرکەسێك زانیاری تەواویی بەرامبەر شتێك نەبوو، بەتەواویی درکی پێ ناکات، بۆیە لایەنگریی ناکات.. تا پەیپێبردنی بە حەقیقەتی شتێك کەمتربێت، کەمتر بەلایدا دەچێت و دەشێت دژیشی بوەستێتەوە.

پەی بردن بە حەقیقەتی ئیسلامیش هەر وایە، بۆیە خوای گەورە دەربارەی دژە هەڵوێستی کافرەکان لە دینەکەی دەفەرمووێ: ﴿بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥ﴾ يونس: ٣٩.

واتە: بێئەوەی پەی پێ ببەن، یان شیکارو لێکدانەوەیان پێبگات، بەدرۆیانخستەوە، (یان لەبەر ئەوەی زانستیان پێی نەبوو، لێی تێنەگەیشتن و ئەوەندەش بە ئارامنەبوون تا بۆیان راڤەدەکرێت!).

کـەوابوو: تێنەگەیشـتن و حاڵینـەبوون، یـان گوێلێبـوون و خوێندنـەوە

بێتێگەیشتن و پەی پێبردن بە ماهییەتی دینەکەو ،هۆی فـەرزبوونی ئەرکـەکانی و زانینـــی حیکمـــەتی ئاڕاســـتەکانی، بـــە دڵنیاییـــەوە کەســـەکە دەگەێنێتـــە کەمتەرخـەمیی و، گوێنـەدان و سـورنەبوون لەسـەر چـوونەڕیزی دینـدارانی سەرڕاستەوە.. چجای بەشداربوونی کۆمەڵکاریی بانگەوازو جیهاد بۆ هێنانەدیی سەروەریی شەرع.

ئەمە یەکێکە لەو حیکمەتانەی لە ئایەتە سەرەتاییەکانی وەحییدا دەبینرێت، کە بۆچی بە خوێندنەوەو زانین و تێگەیشتن دەستیپێکرد: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ٥﴾ العلق: ١ – ٥.

واتە: بە ناوی پەروەردگارتەوە بخوێنە کە ئەم (وجود)ەی خەلقکردووە، کە مرۆڤی لە پارچەگۆشتێکی ئاوێزان (هەڵواسراو وەکو زەروو) خەلقکردوە. بە ناوی خوای پەروەردگاری بەرێزتەوە بخوێنەرەوە، کە پێنووسی فێرکرد. ئەوەی فێری مرۆڤ کرد کە نەیدەزانی.

<u>٢- دەوروبەری شلگیر</u>: بێگومان کەسێك لە ناو کۆمەڵە خـەڵکێکی شـلگیرو دینکزدا هەڵسوکەوت بکات، چ خێزان و کەسـوکاری بـن، چ هـاوڕێ و دۆسـت، حەتمەن دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەریی ئەوانـەوەو، ئـەمیش دینەکـەی شـلگیرانە دەگرێت، ئەگەر لە ناو کۆمەڵێکی ئیمانلاوازی بێنوێژو ڕۆژوودا بێت، بە تەئکید ئەمیش وا دەردەچێت.

خۆ چاوەڕێناکرێت کانیاوێك لە گڕگان (بورکان)ێکـەوە هـەڵقوڵێت.. کەسـێك کە لەم بارودۆخ و دەوروبەرەدا بژی، پیاوچاکێکی لەبـەرچاونابێت تـا ئیقتیـدای پێبکات.. ئەگەر پیاوچاکیش ببینێت بە هەڵەی دەزانێت! چونکە پێوەری چـاکیی لای ئەم و دەوروبەرەکەی وەلانانی دینەکەیە! ئەنجامی ئەم کەسە هەر شلگیریی و دوورکەوتنەوە دەبێت لە دین و دینداران.

لەم ڕوانگەوەیە، کە ئیسلام جەختی لە هەبوونی دەوروبەری خواویستی کردۆتەوە، لە خێزانی دیندار، لە دۆست و هاوڕێی خواناس و کەشی پەروەردەکار، کە دەبێتە باوەشی سۆزو ئاڕاستەوانی دڵسۆز..

ئەمەیە هۆی سەرەکی ئەو ئایەتە هەڕەشەئامێزە، لە ژنەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە ئاڕاستەی تەقواکاریی زیاتریان دەکات، چونکە نموونەی ئافرەتانی موسوڵمانن و پێشەوان، بە پێچەوانەشەوە دەرکەوتنی هەڵەو گوناح لێیان، سزاکانیان دووبەرامبەر دەکات.

وەك دەفەرمووێ: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ٣٠ ۞ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ٣١﴾ الأحزاب: ٣٠ – ٣١.

واتە: ئەی ژنانی هاوسەری پێغەمبەری خوا ! هەر یەکێك لە ئێوە بکەوێتە گوناحێکی گەورەو ئاشکراوە (هەرچەندە خوای گەورە پاراستوونی لەو گوناحانە) سزاکەی دووبەرابەریی سزای ئافرەتانێکی تر دەبێت، کە هەمان گوناح ئەنجام بدەن، چونکە ئەمان لە ئاستێکی باڵاتری تێگەیشتن و دینداریی و ڕەوشتبەرزیی و بەرپرسێتیدان.

ئەو سزادانەشتان بۆ خوای گەورە ئاسانە. ئەمە دادپەروەرانەیە، لە بەرامبەریشدا، هەر کەسێکیان گوێڕایەڵ و ملکەچی خواو پێغەمبەری خوا بێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و کاروکردەوەکانی چاکبن، پاداشتی دووبەرابەر دەبێتەوە..

ئەمەش دادپەروەرییە،کە سزاکە دووبەرابەر بێت و پاداشتەکەش دووبەرابەربێت، بەڵام لە دوای پاداشتەکەیانەوە پێیان دەفەرمووێ: ﴿۞ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ٣١﴾ الأحزاب: ٣١.

واتە: زیاتر لەو پاداشتە دووبەرابەرە پشكێكی زۆری بۆ دیاریدەكەین، كە ئامادە دەبێت، یەكسەر دەیگاتێ و وەریدەگرێت.

ئەم حاڵەتە تایبەتییەی سزاو پاداشی هاوسەرەكانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبەر ئەوەیە،كە ئەوانیش تایبەتن و وەك هیچ یەكێك لە ئافرەتانی ترنین ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّۚ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ٣٢﴾ الأحزاب: ٣٢.

ئەی ژنانی پێغەمبەرەكەی خوا! ئێوە _ ئێوە ئەگەر تەقواكارییتان ڕەچاوبكەن _ وەكو هیچ یەكێک لە ئافرەتانی تر نابن، حسابی ئێوە تایبەتە، كاتێک دەدوێن دەنگتان ناسک مەكەنەوە، چونكە ئەو كەسەی دڵنەخۆشە تەماع بە دڵییدا دێت، بەردەوام قسەی چاک و جوان بكەن، چونكە ئەمان لە كەشێكی خواویستیدا دەژین، كە بەردەوام وەحی خوایی دەبینن.

بەردەوام پێغەمبەری پێشەوای تەقوا كارانە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبینن، ئەمان لە ماڵ و حاڵێكی خواناسیی و دینداریی و داوێن پاكیی و ڕەوشتبەرزیی نموونەییدا دەژین، هەموو كەش و بارودۆخ و كەسانی دەوروبەریان هانیان دەدەن، دیندارترو چاكتربن.

ئەمان نموونەی بەرچاوی ئافرەتان و پیاوانی كۆمەڵگەی موسوڵمانانن، نەك هەر لە سەردەمی خۆیان و لە ژیانی خۆیان و بۆ نەوەی خۆیان، بەڵكو، تا ڕۆژی قیامەت نموونەن!

بۆیە ئەركیان قورستترە، هەڵەیان زەقترەو سزایان سەختترە، لە بەرامبەریشدا تەقواكارییان كاریگەرترە، بۆیە پاداشتیشیان دووبەرابەرو زێدەترە، هەڵەو گوناحی ئەمان دژوارە، چونكە هەر كەسێك چاویان لێبكات و ئەو هەڵەو گوناحانە بكاتەوە، گوناحی ئیزافی بۆ ئەمان دەنووسرێت.

پاداشتیش هەر وایە، هەر کەسێك چاو لەمان بکات و تەقواو خواپەرستیی و خێرخوازیی و چاکەکاریی زیاتربکات، پاداشتی ئیزافی ئەمان بۆ ئەوانیش دەنووسرێت و، بەمەش دەبنە خاوەن گەنجینەی خێری قیامەتیان..

پێغەمبەری خوا ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ))دەربارەی سزاو پاداشتی دەرکەوتوان و نموونەی پێشەوایان دەفەرمووێ: (مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى، كَانَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا، وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلاَلَةٍ؛ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا).[١]

واتە: هەر کەسێك خەڵکی بۆ بانگەوازیی خوایی و هیدایەت و دینداریی بانگهێشتبکات _ جگە لە پاداشتی کارەکەی خۆی _ وەکو پاداشتی ئەوان هیچ کەم بێتەوە.

هەرکەسێکیش خەڵکی بۆ گومڕایی و بێدینیی و لەخواياخیبوون بانگهێشت بکات _ جگە لەسزای کارەکەی خۆی _ گوناحی ئەو کەسانەشی دێتە ئەستۆ، کە بەدەم بانگەوازەکەیەوە دەچن و شوێنیدەکەون، بێئەوەی لە گوناح و سزای ئەوان هیچ کەمببێتەوە.

بانگهێشتکردنی خەڵکی هەر بەگوفتارنییە، بەڵکو بە کرداری جوان و پەسەندیشە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ﴾ النحل: ١٢٥.

واتە: بە دانایی و ئامۆژگاریی چاك و جوان، خەڵکی بۆ ڕێبازی پەروەردگارت بانگهێشت بکە.

سەیدنا (عومەر) ڕۆژێك سەیدنا (تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله)ی بینی (خـوا

(١) موسلیم (٢٦٧٤)، ئەبو داوود ( ٤٦٠٩) ترمذی ( ٢٦٧٤)، ئەحمەد (٣٩٧/٢)..

لێیان ڕازی بێت) (کە یەکێکە لە مژدە پێدراوانی بەهەشت (العشرة المبشرة)، کە لە ئیحرامدا بوو (لە حەج) و، پۆشاکێکی ڕەنگکراوی پۆشیبوو.

سەیدنا عومەر پێی فەرموو: (إِنَّكُمْ أَيُّهَا الرَّهْطُ أَئِمَّةٌ يَقْتَدِي بِكُمُ النَّاسُ، فَلَوْ أَنَّ رَجُلًا جَاهِلًا رَأَى هَذَا الثَّوْبَ، لَقَالَ: إِنَّ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ قَدْ كَانَ يَلْبَسُ الثِّيَابَ الْمُصَبَّغَةَ فِي الْإِحْرَامِ، فَلَا تَلْبَسُوا أَيُّهَا الرَّهْطُ شَيْئًا مِنْ هَذِهِ الثِّيَابِ الْمُصَبَّغَةِ).[١]

واتە: ئەرێ ئێوەی ڕەهت (لە دەکەس کەمتر) پێشەوان و خەڵکی ئیقتیداتان پێدەکات و چاوتان لێدەکەن، وەکو ئێوە ڕەفتاردەکەن، ئێستا ئەگەر کەسێکی نەزان ئەم پۆشاکە ڕەنگینەت لەبەردا ببینێت، دەڵێ: (تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله) بۆ ئیحرامپۆشین جلوبەرگی ڕەنگکراوی پۆشیووە، ئەرێ هۆ نموونە دەگمەنەکان! ئەم پۆشاکە ڕەنگکراوانە مەپۆشن.[٢]

٣- لاوازیی ئیمان: ئەمە هۆکاری هەموو نەخۆشییەکانی دینداریيە.. لاوازیی باوەڕو کەمبوونەوەی تەقواو کەمیی پابەندبوون بە شەرعەوە، هۆیەکی سەرەکی شلگیریی و پووکانەوەی دینداریيە، چونکە باوەڕ لە دڵ و دەروونداە ،سەرچاوەی هەموو وزەیەکی ئیرادەو جەستەیە، کە نوێ دەبنەوە.

باوەڕ چاودێرە، پاسەوانە، ئاگای لە دینداریێتییەکە دەبێت، هەر کەم وکورتیی و کەمتەرخەمییەك لە ئیرادەو جەستەدا دەربکەوێت، باوەڕ هۆشداریی دەدات، کە (خەلەل) درووستبووە چارەسەریکە.. هەر وەکو کە هاندەرێکی بەردەوامە لەسەر پابەندبوون و باڵاچوونی تەقواکاریی.

یاوەرێك لە پێغەمبەری خوای ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ))پرسی: کە جەنابت

(١) ئیمامی مالیك: الموطأ (ل٢٢٣ژ ٧١٦/) ئیمامی احمد (٢٠١/١١) بەیهیقی(٦٠/٥).
(٢) ئیحرام _کە پۆشاکی تایبەت بەحەج و عومرەکردنە_ نابێت ڕەنگکرابێت و ناشێت بۆنخۆش کرابێت، لەو زەمانەدا عەرەبەکان بە (زەعفەران) پۆشاکیان ڕەنگدەکردو بەگەڵای (ئاس) بۆنخۆشیان دەکرد. سەیدنا تەڵحە بە (مەغرە) ڕەنگی کردبوو، کە جۆرە گڵێکە و جائیزە، بەڵام لە ترسی ئەوەی خەڵکی لێیان تێکدەچێت، وای بە تەڵحە فەرموو.

ڕۆژوی شەووڕۆژ دەگریت، فەرمووی: (وَأَيُّكُمْ مِثْلِي؟ إِنِّي أَبِيتُ يُطْعِمُنِي رَبِّي وَيَسْقِينِي).[١]

واتە: جا کێتان وەکو منە؟ من شەودەکەمەوە، خوای پەروەردگارم ،خۆراك و خواردنەوەم پێدەبەخشێت.

فەرموودەوانان و جمهوری شەرعناسان ،لە مەبەستی ئەم وەڵامەدا دەفەرموون:

(کە دەفەرمووێ: پەروەردگارم خۆراك و خوادنەوەم پێدەبەخشێت، مانایەکی واتاییە، واتە: ئەوەی سەرەنجامی خواردنە و خوارنەوەیە، لام درووستدەبێت،لە : وزەو توانا، خوای گەورە پێم دەبەخشێت و، هێزو توانام وەکو هێزو توانای کەسێکی لێدێت، کە خواردوییێتی و خواردوێتییەوە، ئیتر پێویستیم بە خۆراك و خواردنەوە نابێت، بۆیە دەتوانم لە ئێوە زیاتر خواپەرستییەکان بکەم، ماندوو نابم و هەست بە شل و کولی ناکەم تێیاندا!).[٢]

(ئیمامی ئیبنوحەجەر) - ڕەحمەتی خوای لێبێت - دەفەرمووێ: لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت: کە هێندە دەکەومە سەر زیکرو یادی خوای گەورەو سەرنجدان و لێکۆڵینەوە، لە نیشانەکانی مەزنیی و گەورەیی و دەسەڵاتیی، کە ئیتر دەگەمە ئەوەی، بە خواناسیی تێربم و بە خۆشەویستی ئەو تێراوبم و، بەپاڕانەوە لێی وزەم زیاتربێت، کە ئیتر ئەوەندە پێویستم بە خۆراك و خواردنەوە نەبێت.[٣]

( ئیبنولقەیم) - ڕەحمەتی خوای لێبێت - دەفەرمووێ: (مەبەست لێی ئەوەیە:

(١) بوخاری (٣٩/٣و٤٨/٣) موسلیم(٧٧٤/٢ز ٥٥/) ئەبوداوود (٣٠٦/٢ ز ٢٣٦٠/) ترمذی (١٤٨/٣ ز ٧٧٨١/) الدارمي (٧/٢) مالك (ل٢٠٣) احمد (٢١/٢).

(٢) ئیبنوحەجەر: فتح الباري (٢٠٧/٤-٢٠٨).

(٣) فتح الباري (٢٠٨/٤).

کە خوای گەورە ناسینی خۆیی بۆ دەکاتە خۆراك، ئەو نورو خۆشەویستییەی لەگەڵ پاڕانەوەیدا دەیهاوێتە دڵی پاکییەوەو ،ئەو هەستی نزیکییە لە خوای گەورە _کە چاو ڕۆشن و دڵخۆشیدەکات و شەیدای دیداریی دەکات و هەرچی هەست و سۆزێکیتر ،کە لە خواناسییدا بۆی درووست دەبێت_ بۆی دەبێتە وزەی جەستەو خۆراکی دڵ و، نیعمەتی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و چێژەکانی گیانی (ڕۆح و دڵ و هزرو جەستەو هەست)ی.

ئەمانەش بەسوودتر دەبن ،وەك لە خۆراك و خواردنەوە، بۆیە جەستەی بەردەوام پێویستی بە خۆراك و خواردنەوە نامێنێت و، کەمتردەخوات.. وەکو شاعیر وەسفی حاڵەتەکەی کردووە:

لَها أحَادِيثُ مِنْ ذِكْرَاكَ تَشْغَلُهَا عَنِ الشَّرَابِ وَ تُلْهِيهَا عَنِ الزَّادِ
لَها بِوَجْهِكَ نورٌ تَسْتَضِىءُ بِهِ وَمِنْ حَدِيثِك في أعْقابِهَا حَادِي
إذا شَكَتْ مِن كَلالِ السَّيْرِ أوْعَدَهَا رَوْحُ القُدومِ فَتَحْيا عِنْدَ ميعَاد.[١]

(ئیبنولقە ییم) هەر لەو شیکارەیدا دەفەرمووێ: (هەر کەسێك ئەزموونێکی کەمی لەم حاڵەدا هەبێت، دەزانێت، کە خۆراکی دڵ و گیان بری خۆراکی جەستە دەگرێت و لەش پێویستی بە زۆر خۆراکی نامێنێت).[٢]

- شلگیرەکە ئیمانی لاوازدەبێت، لەگەڵ هەموو گوناحکردنێکی تریدا (ئیمان)ی لێ دووردەکەوێتەوە، تا وای لێدێت، هەر سووکە ئیمانێکی دبمێنێت، ئیمانی تەواویی نامێنێت، وەکو پێغەمبەری خوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

(١) واتە: ڕۆحی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە یادی تۆدا _ئەی خوای گەورە_ وتوویژو موناجاتی تایبەتی خۆیی هەیە، کە هۆشی خواردنەوە هەستی خۆراکی لێ دەبڕێت، ئەو ڕووەی لە تۆی کردووە نوورێکی پێبەخشیووە، کە بۆی دەبێتە نەغمەی ڕێبڕینی کاروان، کە هەر کاتێك هەستی بە مەلەلگرتن کرد، گیانی دیدار و شەیدابوونی دەیخاتەوە ڕێ.

(٢) ئیبنولقەییم: (زاد المعاد في هدي خير العباد ١٥٤/١ژ١٥٥) کەئیبنوحەجەریش (ماناکەی) لێوە وەرگرتووە).

دەفەرمووێ: (لا يَزْني الزَّاني حِينَ يَزْني وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَسْرِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ).[١]

واتە: زیناکار ئەو کاتەی، کە زیناکە دەکات، موسوڵمان نییە، دز ئەو کاتەی کە دزییەکە دەکات، موسوڵمان نییە، ئەو کەسەی شەڕاب دەخواتەوە، ئەو کاتەی دەیخواتەوە، موسوڵمان نییە..

واتە: کاتێك بکەری ئەم تاوانانە ئەمانە دەکەن، موسوڵمانی تەواو نین بۆیە دەیکەن.[٢]

لەمەوە ڕووندەبێتەوە کە هەر کاتێك موسوڵمان لە نۆژەنکردنەوەو نوێکردنەوەو شەحنکردنەوەی (ئیمان)ی وەستا، بەدڵنیاییەوە وزەی باوەڕی کەمدەبێتەوە، تا بەرەو خامۆشی دەڕوات. دیارە سەرەنجامی ئەمەش شلگیریی و پووکانەوەی دینداریتیەکەیەتی.

ئەوەیە حیکمەتێکی ئەو جەختکردنەوەیەی ئیسلام، لەسەر نوێکردنەوەی (ئیمان) و چاودێریی و ئاودێریکردنی.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەمووێ: (إِنَّ الْإِيمَانَ لَيَخْلَقُ فِي جَوْفِ أَحَدِكُمْ كَمَا يَخْلَقُ الثَّوْبُ فَاسْأَلُوا اللَّهَ تَعَالَى أَنْ يُجَدِّدَ الْإِيمَانَ فِي قُلُوبِكُمْ).[٣]

واتە: باوەڕ لە ناخی هەر یەکێکتاندا کۆن دەبێت، هەر وەکو، کە پۆشاك و جلوبەرگتان کۆن دەبێت، جا لەبەر ئەوە داوا لە خوای گەورە بکەن، باوەڕ لە دڵتاندا نوێ بکاتەوە.

---

(١) بوخاری(٦٧٧٢)، موسلیم (١٨٣٢).

(٢) فتح الباري (٦٠/١٢).

(٣) نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیوە: ( أورده الهيثمي: مجمع الزوائد (٥٢/١) رواه الطبراني في الكبير). راستە. لە: (مجمع الزوائد ژمارە/١٥٨)ەو لای حاکم لە: (المستدرک ١٤٩/١ ژمارە/٥)ەو شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٥٨٤ )و لە: (صحيح الجامع الصغير/١٥٩٠ )دا بە سەحیحی داناوە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (جَدِّدُوا إِيمَانَكُمْ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ نُجَدِّدُ إِيمَانَنَا؟ قَالَ: أَكْثِرُوا مِنْ قَوْلِ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ).[1]

واتە: باوەڕتان نوێ بکەنەوە .

عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خوا! چۆن باوەڕمان نوێ بکەینەوە؟

فەرمووی : (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) زۆر بڵێنەوە.

٤- دنیاویستیی و هەڵپەکردن بۆی: گومانی تێدا نییە پەیوەستبوونی دڵ و هەست و هۆش بە دنیاوە، هەڵپەکردنی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی چێژەکان و موڵکایەتی و جنس و تێربوون و هتد دەخوازێت.

ئەمەش هۆکاری سەرەکی کزبوونی دینداریبە، بە تایبەتی لای کەسێك، کە دڵی زۆر بەخۆشەویستیی و دیداری خوای گەورەوە پەیوەست نەبوویێت..

ئەو کەسەی، کە زۆر بە ماڵ و منداڵیەوە پەیوەستەو هۆشی لێیانە، ئەو کەسەی لە ڕەنجی نەپساودایە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی، ئەو کەسەی هەیەتی و، هەر هەوڵی خاوەنێتیی زیاترێتی، ئەوی شەیداو شپرزی ناودەرکردن و پلەو پایەیەتی، ئەوی عەوداڵی دنیاویستییە -لەگەڵ نەبوونی زانستی شەرعیی و تەقواو قیامەتخوازییدا- حەتمەن ناپەرژێنە سەر دین و دینداریی تەواو و شلگیرو کەمتەرخەمدەبێت تێیاندا -ناشکرێت کەسێك لە هەمان کات و بەهەمان رادەو بڕ دنیاویست و قیامەتخوازبێت، چونکە تاقە دڵێکی هەیە و ناشێت تەرخانیبکات بۆ هەردووکیان، خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦ﴾ الأحزاب: ٤.

---

(١) نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیوە: (هەیثەمی لە (مجمع الزوائد /كتاب الايمان /باب تجديد الايمان (٥٢/١) لە ئەبو هوریرەوە (خوالێی رازی بێت) راستە. لەو شوێنەی (مجمع الزوائد)ە، ئەحمەد (٨٤٩٣) ، حاکم (٢٨٥/٤). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة/٨٩٦)دا بە زەعیفی داناوە.

واتە: خوای گەورە دوو (دڵ)ی لە سینەی پیاوێکدا درووست نەکردووە.

کەوابوو: کەسێك کەدنیاویستەو هەموو هۆشێکی خستۆتە سەر چێژەکانی دنیاو، لەڕەنجی بەردەوامدایە بۆیان، کاتی فێربوونی دین و دیندارییکردنی نییە!

وەختی نابێت دابنیشێت و بیر لە تواناو زانست و سیفەتی خوای گەورە بکاتەوەو، هۆشێکی بێتەوەسەر گۆڕو قیامەت، کەسی وا حەتمەن شلگیرە و، دین کزو ئیهان لاوازە و، سەرەنجامیشی - خوا لاماندا- لاڕێبوون و سستیی و لێچوونەوەیە.

ئەمە حیکمەتێکی ئەو هەموو هۆشدارییەیە، کە ئیسلام دەیداتە شوێنکەوتووەکانی، کە نەکەن دنیاویستی وا سەرقاڵتان بکات، هۆشتان لە قیامەت ببڕێت، نەکا ئەوەندە بە دنیاو چێژەکانییەوە پەیوەستببن، دینداریتان ئیهال بکەن..

وەك دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ وَٱخْشَوْاْ يَوْمًا لَّا يَجْزِى وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ٣٣﴾ لقمان: ٣٣.

واتە: هۆ خەڵکینە! لە خوای پەروەردگارتان بترسن و سەرڕاستانە بیپەرستن و ،ترسی ئەو ڕۆژەتان لە دڵدا بێت، کە باوك ناپەرژێتە سەر ئەولادی و، ئەولاد بە هانای باوکیەوە ناچێت و، کەسیان لە هیچ شتێکدا دادی یەکتریی نادەن..

بشزانن، کە بەڵێنی خوای گەورە حەقەو دێتەدیی.. قیامەت دادێت، بە دنیا هەڵمەخەڵەتێن و مەغرورمەبن و، وانەزانن شەیتان ڕێنمایی ڕێی ڕاستتان دەکات، ئاگاتان لە خۆتان بێت چەواشەتاننەکات.

- هەروەها دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ٥﴾ فاطر: ٥.

واتە: هۆ خەڵکینە! بەڵێنی خوای گەورە هەقەو بەجێیە، ژیانی دنیا هەڕاڵ (مەغرور)تان نەکات، شەیتانیش چەواشەتان نەکات و وا بزانن خوای گەورە لێتان ناپرسێتەوە!

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (فَوَاللَّه مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ وَلَكِنْ أَخَشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ).[١]

واتە: بە خوا قەسەم ، لەوە ناترسم هەژاریی و نەداریی کاریگەریی لەسەر دینداریێتیتان هەبێت، بەڵام خەمی ئەوەمە، کە ڕزق و رۆزیی دنیاتان بۆ والابێت، هەروەکو کە بۆ قەومەکانی پێش ئێوە والابوو، کەوتە بەردەستیان، جا لە دنیا ویستییدا کەوتنە کێبڕکێی یەکتریی،دەترسم ئێوەش ئاوا تێیدا بکەونە کێبڕکێی یەکتریی، جا هەر وەکو ئەوانی بە فەتارەتدا، ئێوەش بە فەتارەتبدات (واتە کێبڕکێکردنەکە دەتانفەوتێنێت).

- هەروەها بۆ پارسەنگ کردنی دیدو تێڕوانینی موسوڵمان دەفەرمووێ: (انْظُروا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ منْكُمْ، وَلَا تَنْظُروا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَروا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ).[٢]

واتە: تەماشای ئاستی هەبوونی خوار خۆتان (هەژارتر لە خۆتان) بکەن، تەماشای سەرووتر لە خۆتان مەکەن، ئەمە واتان لێدەکات ئەو نیعمەتانەی خوای گەورە پێیبەخشیوون، بە کەم و بێنرخ نەزانن.

- هەروەها (إِذَا نَظَرَ أَحَدُكُمْ إِلَى مَنْ فُضِّلَ عَلَيْهِ فِي المَالِ وَالخَلْقِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنْهُ مِمَّن فُضِّلَ عَلَيْهِ).[٣]

---

(١) بوخاری (٣١٥٨)، موسلیم (٢٩٦١).

(٢) بوخاری (٦١٢٥)، موسلیم (٢٩٦٣).

(٣) هەردوو سەرچاوەی پێشوو، بە ژمارەکەیانەوە.

واتە: ئەگەر کەسێکتان دەیڕوانییە فەزڵی خوای گەورەو، ئەو نیعمەتانەی سامان و لەش ساغییەی پێی بەخشیووە، با لە هەمان کاتدا بڕوانێتە ئەو کەسانەی کە ئەوانەیان کەمترە، یان هەرنیانە، تا بزانێت کە خوای گەورە نیعمەتی زۆری پێبەخشیووەو هەقوایە سوپاس و ستایشیان لەسەر بکات.

- هەروەها دەفەرمووێ: (إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللَّهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْمَلُونَ؟ فَاتَّقُوا الدُّنْيَا، وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ، كَانَتْ فِي النِّسَاءِ).[1]

واتە: دنیا گەشاوەو جوان و ڕازاوەیە شیرین و پێگەیشتووە، خوای گەورەش ئێوەی بە بریکاری خۆی تێدا کردۆتە سەرپەرشتیار، تا بڕوانێت چی لێدەکەن و چۆن رەفتاری پێوە دەکەن، جا ئێوەش لە دنیاویستیتانداو لە هۆگربوونتان بە ئافرەتەوە (حەزی موڵکایەتیی و جنس) لە خوای خۆتان بترسن..

بشزانن، کە یەکەم هۆکارێك، کە بوو بە مایەی کزیی دین و لاوازیی دینداریی لە ناو بەنوئیسرائیلییەکاندا، ئافرەت بوو.

- هەروەها دەفەرمووێ (تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ وَعَبْدُ الدِّرْهَمِ وَعَبْدُ الْخَمِيصَةِ إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ وَإِنْ لَمْ يُعْطَ سَخِطَ تَعِسَ وَانْتَكَسَ وَإِذَا شِيكَ فَلَا انْتَقَشَ).[2]

واتە: ڕەنجەڕۆبێت عەبدی دینارو کۆیلەی درهەم و عەبدی چاوچنۆکیی، کە دەیدەنێ ڕازی دەبێت، کە نەیدەنێ توڕەدەبێت و ڕقهەڵدەگرێت.

یاخوا ڕەنجەڕۆو داماوبێت.

٥- <u>ناڕەحەتیی و کۆسپەکانی سەر ڕێ</u>: دەشێت ئەو کێشە ناوەکیانەی ناو کۆمەڵکاریی، یان کۆسپەکانی سەرڕێی کومەڵکاریی و بانگەواز، بنە

(١) موسلیم ( ٢٧٤٢) ترمذی (٢١٩١)، ئیبنوماجە (٤٠٠٠)، ئەحمەد (١٠٦٥١).
(٢) بوخاری (٤٥٦٢).

گەورەترین هۆی شلگیریی، بە تایبەتی بۆ کەسانێك، کە زوو ورەیان دەڕوخێت، تەحەمولی کێشەی ناوخۆو تین و فشاری ئەهلی جاهیلییەت ناکەن و دەڕوخێن..

هەردوو جۆرە کێشەکە زۆر کاریگەرە، دەشێت ڕوخێنەربن، کاریگەرییان ـزۆرو کەمـ هەیەو دەبێت، مەگەر لەسەر کەسانێك ،کە خوای گەورە پێیگەیاندوون و ویست و ئیرادەی بەهێزو ئارامیی و، پشوودرێژیی چاکی پێبەخشیون.

ئەگەر کۆسپەکانی ڕێ لە ناکاودا پەیدابین(وەکو حەملەی زیندانکردن و ڕاوەدوونان) و نەخشەو پلانی پێشتر دانەنرابوو بۆیان، یان چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوە و خۆلێلادانیان، پێشتر بە کۆمەڵکاران نەوترابوو، قەوماو هیچ ئاڕاستەیەکیش نەما، کۆمەڵکارەکان سەریان لێدەشێویت، چونکە نەخۆیان بۆ ئامادە کردبوو، نە تەسەوریان دەکرد بێ ئاڕاستە بمێنن!

لەم حاڵەتانەدا کەسە شلگیرەکە پاشەکشەدەکات و، گۆشەگیردەکەوێت و دەڕوخێت!

بۆ ڕێگرتن لەم ئەنجامە کارەساتیەیە، کە ئیسلام بەردەوام بە ڕووداوەکان شوێنکەوتەکانی پەروەردەدەکات، نموونەی بانگەوازی پێغەمبەرانیان (عَلَيهِمُ السَّلَام) دەخاتەبەرچاو، کە چۆن تووشی جۆرەها کەندو کۆسپ و تین و فشاری جاهیلییەت دەهاتن و، کێشەی ناوخۆیی لاوازو دەروون بەزیووەکانیشیان دەهاتەڕێ، بەڵام بە خواناسیی و پشوودرێژیی و خۆڕاگریی چارەسەریان دەکردو، داهاتووش بۆ ئەوانی بەڕێز دەبوو..

ئاڕاستەی خوای گەورە بۆ ئەم ئوممەتەش وایە.. کە زۆر کەستان نارەحەتیتان دێتە ڕێ، کەندو کۆسپ و کارەساتتان دێتە ڕێ، بەڵام دەبێت ئارامگربن، خۆ بگرن، چونکە هەموی تاقیکردنەوەی ئیمان و ویست و

خواناسیتانە، وەك دەفەرمووێ: ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٥ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ١٥٧﴾ البقرة: ١٥٥ – ١٥٧.

واتە: بە تەئکید تاقیتان دەکەینەوە، جا بە ترس و برسێتی بێت، یان بە کەمیی و نوقسانی سەروەت و سامان و کەسوکارو حاسڵات و بەرهەمی رەنجتان.. بەڵام مژدەبدە بەو کەسانەی خۆگرو پشوودرێژانە تاقیکردنەوەکانیان دەبڕن و، هەر بەڵایەکیان بەسەر بێت خۆگرانە دەڵێن: قەدەری خوای گەورەیەو پێیڕازین.. ئێمە هی خواین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە.. مژدە بدە بەم جۆرە کەسانە، کە خوای گەورە رەحمەتی خۆییان پێدەبەخشێت و دەیانخاتە بەهەشتی بەرینی خۆیەوە.

- هەروەها دەفەرمووێ: ﴿إِن تَمۡسَسۡكُمۡ حَسَنَةٞ تَسُؤۡهُمۡ وَإِن تُصِبۡكُمۡ سَيِّئَةٞ يَفۡرَحُواْ بِهَاۖ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ١٢٠﴾ آل عمران: ١٢٠.

واتە: کاتێك چاکییەکتان دێتەڕێ کافرو دووڕووەکان پێیان ناخۆشدەبێت، چونکە حەزیاندەکرد هەر لەناسۆردابن، کە ناڕەحەتیەکیشتان دێتەڕێ خۆشحاڵدەبن، بەڵام ئەگەر ئێوە لەسەر دینداریی و خۆگریی خۆتان بمێنن، پلان و پیلانی ئەوان کارتان تێناکات. خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێکیانە.

- هەروەها ﴿۞ لَتُبۡلَوُنَّ فِيٓ أَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ وَلَتَسۡمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ أَذٗى كَثِيرٗاۚ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٨٦﴾ آل عمران: ١٨٦.

واتە: بە تەئکید لە سەروەت و سامان و گیان و ژیانی خۆتان و کەسوکارتاندا تاقی دەکرێنەوە، کێشەتان تێیاندا دێتەرێ، هەروەها قسەو قسەلۆك و جنێوتان پێدەدرێت، لە خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان و لە موشریکەکانەوە شەڕی واتەواتتان بەرامبەر بەرپادەکرێت و، ئازاری دەروونیتان ـ هەر وەکو ئازاری جەستەیی ـ دێتەرێ، بەڵام ئەگەر پشوودێژو تەقواکاربن، بە ئارام و دینداریی سەرڕاست بن داهاتوو دەبەنەوە، چونکە ئارامیی و پشوودرێژیی لەگەڵ تەقواو دیندارییدا، سیفەتی خواویستانی بە هیممەتە، کە سەرکەوتوو دەبن.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾﴾ آل عمران: ١٩٥.

واتە: ئەو کەسانەی هیجرەتیان کردو لە ماڵ و منداڵ و شاری خۆیان دەرپەڕێنران و، لە ڕێی مندا تووشی ئازارو ناسۆر بوون و چوونەجەنگەوەو کوژران، لە هەر هەموو گوناحەکانیان خۆشدەبم و دەیانخەمە ناو بەهەشتانێکەوە، کە ڕوبارو جۆباریان بە ژێردا دەڕوات.. ئەوە پاداشتەو خوای گەورە بۆ ئەوانی دیاری کردووە، خوای گەورە پاداشتی چاك و نایابی لایە.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرمـووێ: (إِنَّ اللَّـهَ لَيُجَـرِّبُ أَحَدَكُمْ بِالْبَلَاءِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِهِ كَمَا يُجَرِّبُ أَحَدُكُمْ ذَهَبَهُ بِالنَّارِ. فَمِنْهُمْ مَنْ يَخْرُجُ كَالذَّهَبِ الْإِبْرِيزِ، فَذَلِكَ الَّذِي نَجَّاهُ اللَّهُ مِنَ السَّيِّئَاتِ. وَمِنْهُمْ مَنْ يَخْرُجُ كَالـذَّهَبِ دُونَ ذَلِـكَ، فَذَلِكَ الَّذِي يَشُكُّ بَعْضَ الشَّكِّ. وَمِنْهُمْ مَنْ يَخْرُجُ كَالذَّهَبِ الْأَسْوَدِ، فَذَلِكَ الَّـذِي قَـدِ افْتُتِنَ).[١]

(١) نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (حاکم: المستدرك (٣١٤/٤) و دەفەرموێ (هذا حديث صحيح ←

واتــە: خــوای پــەروەردگار -کــە شــارەزای هەمووشــتانە- بــە جۆرەهــا بەڵاو ناڕەحەتی تاقیتان دەکاتەوە، هەروەکو کە یەکێکتان زێڕەکـەی لـە ئـاگردا تـاقی دەکاتەوە (کە چەند پاکەو خاشاکی چەند پێوەیە)، جا هەتانە وەکو زێڕی خـالیس و پاك تێیدا دەردەچێت، ئەوانەتان ئەو کەسانەن، کە خوای گەورە لە خراپەکاریی دووره پەرێز ڕایگرتــوون، هەشــتانە وەکــو زێــڕی ڕەش داگــەڕاو دێتــە دەرێ، ئــا ئەوانــەتان ئــەو کەســانەن، کــە لــە تاقێکردنەوەکــەدا دەرنــەچوون، چونکــە لــە دینداریياندا پاك و سەرڕاست نەبوون (فتنه: تاقیکردنەوەیە، هەروەها هەرشتێکە کە دینداریی لاواز بکات).

- هەروەها دەفەرمووێ: (إِنَّكُمْ سَتَلْقَوْنَ بَعْدِي أُثْرَةً فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَـوْنِي عَـلَى الْحَوْضِ).[(١)]

واته: لە دوای من تووشی ناڕەحەتی و کێشە دێن، ئارامگربن، خۆڕابگرن، تا لەسەر حەوزی کەوسەر دەمگەنێ و یەکتریی دەبینینەوە.

- هەروەها (مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ مِنْ نَصَبٍ وَلا وَصَبٍ وَلا هَمٍّ وَلا حُزْنٍ وَلا أَذًى وَلا غَمٍّ حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا إِلا كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ).[(٢)]

واتــە: موســوڵمان هــەر مانــدووبوون و نەخۆشــییەکی بێتــەڕێ، یــان خــەم و پەژارەیەکی تووشبێت، یان تووشی ژان و ناسۆرێك ببێت، تەنانەت دڕکێکی بە بەدەندا بچێت، هەموو ئەمانە دەبنە مایەی ئەوەی، کە خوای گــەورە گوناحــەکانی بسڕێتەوە.

---

الاسناد ولم يخرجاه وأقره على ذلک الذهبي في التلخيص والسيوطي في الدر المنثور (٣٤٣/١). راسـته. لەوێـش هەیەو لای بەیهیقـی (٩٢٦٦)، طەبەرانـی لە: الكبيـر (٧٣٦٠). شـێخی ئەلبـانی رحمەالـله لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة ٧٦٩/١٠)دا دەفەرموێ: زۆر زەعیفە.

(١) بوخاری (٤٥٣٩)، موسلیم (١٠٥٩).

(٢) بوخاری (٥٦٤١)، موسلیم (٢٥٥٤).

**٦- كۆڵی قورسی بەرپرسێتیی و دووروودرێژیی رێگای:** هەموو كەسێك تواناو وزەو سیفەتەكانیتری سنووردارە، تا رادەیەك دەزانێ، تا رادەیەك دەتوانێت، تا رادەیەك خۆدەگرێت، لەوەودوا ناتوانێت، ماندوودەبێت، دەكەوێت، دەپسێت.

كەسێك كۆڵێكی قورسی بەرپرسێتیی لەسەرشانەو بەسەر كەندو كۆسپەكانی رێدا دەڕوات، بەرەو ئامانجێكی دووروو رێگایەكی كاكی بەكاكیی، بێگومان دەگاتە قۆناغێك، كە ئیتر دەوەستێت، لادەدات، یان لانی كەم گوڕوتینی پێنامێنێت..

زۆرن ئەوانەی دەكەون، یەكێك لە حیكمەتەكانی ئیسلام ئەوەیە ،كە ناهێڵێت شوێنكەوتوانی تاك بژین و تاك كاربكەن، بەڵكو داوای لێكردوون ،كە ژیانیان كۆمەڵكاریی ئوممەتیانەبێت، بە هەمویان بەرپرسێتی بانگەوازو حاكمێتیی شەرع هەڵگرن، ئاوا كەمیان ماندوودەبن.

كەمیش هەیە خواویست بێت و لاڕێ بكەوێت، با رێگاكەشی دوورو پڕكەندو كۆسپیش بێت.. چونكە لە لایەكەوە خۆی گەشبینانەو بە ئومێدی پاداشتی خوایی لێبڕاوانە دینداریتییەكەی گرتووەو، هەستی بەرپرسێتیی تێدا گەورەیە.

لە لایەكی ترەوە وزەو توانای خۆی لەگەڵ وزەو توانای براكانی یەكخستووەو، هەموو كۆمەڵكارانە دەستیان لە دەستی یەكتریدایە، هاوسۆز و دڵسۆزانە برایەتی دینیان كردۆتە تاكە پەیوەندییان و، لە ناو خۆشیاندا بە بەزەین.

وەكو خوای گەورە دەفەرمووێ:

- ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ﴾ الحجرات: ١٠.

واتە: موسوڵمانان هەموو برای یەكترین.

- ﴿رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡ﴾ الفتح: ٢٩.

واتە: موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا بە بەزەیین بەرامبەر بە یەکتریی.

- ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ المائدة: ٥٤.

واتە: موسوڵمانان لە ئاستی یەکترییدا، خۆبەکەمزانن..

- سەیدنا (موسا عَلَيهِ السَّلَام )،کە پیاوی شیاوی بانگەوازی خوایی بوو، خوای گەورە هەڵیبژاردبوو، بەڵام داوای لە خوای گەورە کرد، کە براکەشی (هارون عَلَيهِ السَّلَام) بکات بە هاوڕێ و هاوشانی، تا بەشداربێت لە هەڵگرتنی بەرپرسێتییەکەدا ﴿وَٱجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾﴾ طه: ٢٩ – ٣٠.

واتە: خوایە ! هاوخەمێکم لە کەسوکاری خۆم بکە بە وەزیرم، با هارونی برام بێت..

- لەبەر قورسی کۆڵی بانگەوازو کۆمەڵکاریی ئوممەتیی و، ئامانجی سەروەرێتیی شەرع و دارشتنی کۆمەڵگەی موسوڵمانە، کە خوای گەورە داوای لە موسوڵمانان کردووە لەسەر هەموو کارێکی خێرو چاکە یارمەتیدەریی یەکتریی بن، دەفەرمووێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾ المائدة: ٢.

واتە: لەسەر کاری چاکەو تەقواکاریی، یارمەتی یەکتریی بدەن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بعْضُهُ بَعْضاً).[١]

واتە: موسوڵمان بۆ موسوڵمان (و پەیوەندییان پێکەوە) وەکو خشتی دیوارێکن، هەر یەکەیان بەوانی ترەوەیەو، یەکتریان گرتووە.

- هەروەها دەفەرمووێ: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ

---

(١) بوخاری (٥٥٩٤)، موسلیم (٢٥٨٥).

الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى).[١]

واتە: نموونەی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا، لە یەکتر خۆشویستن و بەزەیی و سۆزیی وەکو یەك جەستەن، کە ئەندامێکی تووشی ئازار دەبێت، هەموو بەدەنی کەسەکە، (تا) دایدەگرێت وشەونخونی دەکێشێت.

٧- دایـك و بـاوك: دایـك و بـاوك هـەروەکو، کـە سـەرچاوەی پـەروەردەو ئاڕاستەوانین بـۆ منداڵـەکانیان، دەشـێت بشـبنە هۆکـاری شـلگیریی دینـداریی ئەولادەکانیان، یان یەکێکیان، چونکە دەشێت سۆزو عاتیفە هێنـدە بـە سـەریان، یان بەسەر یەکێکیاندا زاڵ ببێت نەهێڵێت کوڕەکەی، یان کچەکەی زۆر پابەندی شەرع و دیندار بێت!

بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە پابەند بوون بـە شـەرع و دینـداریی جیـددیی بۆتە تۆمەت و موسوڵمانی سەرڕاستی پێ تاوانبـار دەکرێـت لەسـەریی دەگاتـە دادگاو زیندان یان خۆشاردنەوە و هەڵاتن و هیجرەت بەرەو (مەجهول)!

ئەو دایك و باوکانە، خۆیان ئیمانیـان لاوازە، خۆیـان قـەدەر لـە لایـان جێگیـر نەبووە، خۆیان ئەوەیان فەرامۆش کردووە، کە هەموو شتێك لە توانا و زانست و ویستی خوای بە دەسەڵاتەوە دێت و بەس..

هەرچی ئەو نەیکات نابێت و، هەرچی ئەو بڕیـاری لەسـەردا رەتکردنـەوە و وەستاندن و گۆڕینی نییە و، هەر دەبێت ببێت.

هەرچی بەسەرماندا بێت، هەر ئەوە دەبێت، کە لای خوای تاك و پاك نووسراوە: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا﴾ التوبة: ٥١.

واتە: بڵێ: هیچ شتێکمان جگە لەوەی خوای گەورە لەسەری نووسیوین،

(١) بوخاری (٥٦٦٥)، موسلیم (٢٥٨٦).

تووش نابێت.. هەروەها ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا﴾ آل عمران: ١٤٥.

واتە: ناشێت و نامومکینە کەسێك بە بێ ئیزنی خوای گەورە و، لەکاتی غەیری بڕیاردراوی خۆیدا بمرێت .. ئاکامی مەرگی هەموو کەس نوسراوەو دیارییە.

- ﴿وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ ﴿٣٤﴾﴾ لقمان: ٣٤.

واتە: هیچ کەسێك نازانێت لە کوێ دەمرێت، هەر خوای زاناو شارەزا دەزانێت.

- ئەجەل، کە هات گێڕانەوەی نییە: ﴿وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا﴾ المنافقون: ١١.

واتە: هەر کەسێك ئاکامی مەرگ (کۆتایی ژیان)ی هات، دەبێ بمرێت و بە هیچ کلۆجێك دواخستنی نییە، خوای گەورە زانایەو شارەزاو ئاگاداری ئەو کاروکردەوانەتانە کە دەیکەن.

- ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ ۖ لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾﴾ نوح: ٤.

واتە: کاتێك کەسێك ئاکامی مەرگی دێت _کە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە_ ئیتر یەکسەر جێبەجێدەبێت و دواناخرێت، ئەمە حەقیقەتی بێسنوورە، ئەگەر پەی پێبەن و بیزانن.

- ﴿قُل لَّوْ كُنتُمْ فِى بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ﴾ آل عمران: ١٥٤.

واتە: بفەرموو: ئەگەر لە کونجی ماڵەکانی خۆشتاندا خۆتان مەڵاسدابێت _کە ئەجەلتان هات_ خۆتان دەچنە ئەو شوێنەی لێی دەمرن.

- ﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ﴾ النساء: ٧٨.

واتە: لەهەر کوێیەك بن، مەرگتان دەگاتێ، ئەگەر چی لەقەڵا و قوللە ی مەحکەمیشدا بن.

- ئەو دایك و باوکانەی تین و فشار بۆ ئەولادەکانیان دەهێنن و، ناهێڵن بە تەواویی دینداری خواویست بن، گوایە: خەمی ئەوەیانە تووشی کارەسات دەبن و دەکوژرێن، بەسەرهاتی کۆرپەیی سەیدنا (موسا)یان (عَلَيهِ السَّلَام) لەبەرچاونییە، کە دایکی خستییە سندووقێکەوەو، سندووقەکەشی دایە دەم دەریای نیل! کۆرپەلەیەکی ساوا، نە توانای هەبوو نە دەسەڵات، نە زمانی دەزانی و نە مەلەوانی! بەڵام دابویە دەست خوای کارزان و بەئاگا، خوای سەرپەرشتیارو خاوەن، نەك هەر نەفەوتا، بەڵکو فەوتانی ئەو فیرعەونە تاغوتە دەسەڵاتدارە لەسەر دەستی جەنابی بوو(عَلَيهِ السَّلَام)..

خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێ: ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِى ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِى وَلَا تَحْزَنِىٓ ۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧﴾ فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ۗ إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾﴾ القصص: ٧ – ٨.

واتە: ئیلهامان خستە دڵی دایکی( موسا)وە، کە شیربدە بە کۆرپەکەت و، هەرکە لەوە ترسایت بێن بیبەن و بیکوژن، فڕێیبدەرە دەریاوە! مەترسەو خەمیشت نەبێت، ئێمە حەتمەن دەیگێڕینەوە لای خۆت و، دەشیکەینە نێرراوی خوایی و، یەکێك دەبێت لە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيهِمُ السَّلَام)..

بەڵام دواتر دەست و پێوەندەکانی فیرعەون هەڵیانگرتەوە.. تا بۆیان ببێتە دوژمن و سەرچاوەی خەم و خەفەت!!.

هەروەها سەیدنا (یوسف عَلَيهِ السَّلَام) بە منداڵیی و نەزانیی و بێدەسەڵاتیی خستیانە ناوبیرو بەجێیانهێشت! بەڵام خوای گەورەو سەرپەرشتیار _نەك هەر

قوتاری کرد _ کردیشییە دەسەڵاتداری باڵای میسر! براکانیشی _کە ئەو غەدرەیان بە منداڵی لێکرد _ هاتنەوە بەردەستی و ناچاری عوزرهێنانەوە بوون بۆی! هەر جەنابی (عَلَيهِ السَّلَام) پێی فەرموون: کە من (یوسف)م و ئەوەش (بنیامین)ی برامە:

﴿قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٩٠﴾ يوسف: ٩٠.

واتە: بەڵێ، من (یوسف)م و ئەوەش براکەمە، کە خوای گەورە فەزڵ و ڕێزی خۆی بەسەرماندا پەخشکرد، هەر کەسێك تەقواکاربێت، دینداری سەرڕاست بێت، بە ئارام و پشوودرێژ بێت، خوای گەورە سەرپەرشتیدەکات و لە خۆیدەگرێت.. خوای گەورە پاداشتی چاکەکاران بزرناکات.

<u>٨- وەڵامدانەوەی وەسوەسەکانی شەیتان</u>: دەشێت کەسە شلگیرەکە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی وەسوەسەی شەیتان و، گومانی لادرووست بووبێت، هەموو باوەڕمان هەیەو دەزانین، کە شەیتان دوژمنی مرۆڤەو شەڕی بێئامانی بەرامبەر موسوڵمانە، هەر دەرفەتێکی ململانێیی بۆ ڕێکەوێت بۆ لاوازکردنی دینداریی موسوڵمان درێغی ناکات و، تیری ژەهراویی خۆی دەهاوێتە دڵ و دەروون و هەست و هۆشی و، ویست و ئیرادەیەوە، بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدایە موسوڵمان لاڕێکات، ناشەرعیی لا جوانبکات و ڕێی حەرامی بۆ بەرفراوانترکات..

هەر موسوڵمانیك بە دەم ئەم وەسوەسانەوە چوو، بێگومان دەکەوێتە گومانی دینداریێتیی و حەزی مونحەریفەوە (الشبهات والشهوات)، ئەوەش بەرەو شلگیریی و ساردبوونەوە و لاڕێکردنی دەبات.

لەبەر ئەم ئەنجامە دژوارەیە ،کە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەمیشە هۆشدارییان داوەتە مرۆڤ بە گشتیی و موسوڵمان بە

تایبەتی، کە ئاگاداری خۆتـان بـن و نەکەونـە ژێـر کاریگـەریی وەسوەسـەکانی شەیتان، گوێبیستی مەبن، فریوی مەخۆن، دوای ئاڕاستەکانی مەکەون.

- خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡ﴾ الأعراف: ٢٧.

واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم! شەیتان تەفرەتان نەدات و دین و دینداریتان لاوازنەکات و، سەرەنجام لە فەرمانی خوای گەورە دەرتانبهێنێت، وەکو کە دایک و باوکتانی لە بەهەشت بەدەرکرنداو، گەیاندنییە ئەو حاڵەتەی سزابدرێن و پۆشاکیان پێوە نەمێنێت، کە دەیویست عەورەتیان دەربکەوێت، ئاخر خۆ شەیتان و دەستودایرەکەی ئێوە دەبینن، لە کاتێکدا کە ئێوە ئەوان نابینن..

- هەروەها ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةً وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٢٠٨﴾ البقرة: ٢٠٨.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! هەموو ئیسلامەکە قبوڵ بکەن و پێوەی پابەندبن، بە دوای هەنگاوەکانی شەیتاندا مەڕۆن، چونکە شەیتان دوژمنێکی سەرسەختی ڕاشکاوو ئاشکراتانە.

- هەروەها ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦﴾ الناس: ١ – ٦.

واتە: بڵێ: پەنا دەگرم بە خوای گەورە، کە پەروەردگاری خەڵکییە، کە خاوەن و گەورە سەرپەرشتیاریانە، پەنا دەبەمە بەر ئەو، کە دەسەڵاتداری بێ سنوورەو بەسەر خەڵکییدا زاڵەو و خاوەن هێزو توانای ڕەهایە، پەنا بەو دەگرم ،کە خوای

پەرستراوی بەهەقی خەڵکییەو هیچ شتێك ـبە هیچ بڕو ڕادەو جۆرێك ـ هیچ سیفەتێکی وەکو ئەوی نییە.. پەنا بەم خوای دەسەڵاتدار و سەرپەرشتیارە دەگرم لە فاك و فیکی شەیتان، کە وەسوەسە لە ناو خەڵکییدا درووست دەکات، پەنا دەگرم بەو خوا بەدەسەڵاتە گەورەو مەزنە، لە هەر جنۆکەو مرۆڤێك لە گومان و ڕاڕایی و دوودڵییم لە دڵ و دەروون و ئیرادەدا بۆ درووستدەکات.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: (إِنَّ الشَّيْطَانَ قَعَدَ لابْنِ آدَمَ بِأَطْرُقِهِ، فَقَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الإِسْلَامِ؛ فَقَالَ: تُسْلِمُ وَتَذَرُ دِينَكَ وَدِينَ آبَائِكَ وَآبَاءِ أَبِيكَ؟ فَعَصَاهُ فَأَسْلَمَ، ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْهِجْرَةِ، فَقَالَ: تُهَاجِرُ وَتَدَعُ أَرْضَكَ وَسَمَاءَكَ؟ وَإِنَّمَا مَثَلُ الْمُهَاجِرِ كَمَثَلِ الْفَرَسِ فِي الطِّوَلِ، فَعَصَاهُ فَهَاجَرَ، ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْجِهَادِ، فَقَالَ: تُجَاهِدُ فَهُوَ جَهْدُ النَّفْسِ وَالْمَالِ، فَتُقَاتِلُ فَتُقْتَلُ، فَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ، وَيُقْسَمُ الْمَالُ، فَعَصَاهُ فَجَاهَدَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، وَمَنْ قُتِلَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، وَإِنْ غَرِقَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، أَوْ وَقَصَتْهُ دَابَّتُهُ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ).[١]

واتە: شەیتان چووە سەرچەندەها ڕێی مرۆڤ، تا ڕێی ڕاستی لێ بگۆڕێت، لە ڕێی موسوڵمان بوونەوە بۆی چوو، پێی وت: بۆچی موسوڵمان دەبیت، دینی خۆت و دینی باب و باپیرانی باوکت وەل دەکەیت؟

---

(١) بوخاری لە: (التاريخ الكبير ١٨٧/٢/٢ـــ١٨٨)، نەسائی (٥٨/٢) احمد(٤٨٣/٣) ئیبنوحیببان (١٦٠١/٣٨٥)، بەیهیقی لە: (شعب الإيمان ٢١/٤ ژ٤٢٤٦). ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٢٩٧٩)دا دەفەرمو: سەحیحە.

بەڵام ئەو گوێی پێنەداو موسوڵمان بوو.. ئینجا ویستی ڕێی هیجرەتکردنی لێ بگرێت، پێی وت: بۆ کوێ دەچیت و بۆچی؟ بۆچی و بۆ کێ خاك و ئاو و ئاسمانی خۆت جێ دەهێڵیت.

نموونەی ئەو کەسانەی هیجرەتیان کردووە وەکو ئێسترن لە ڕاکێشانی باری قورسی ڕێگای دووردا، بەڵام ئەم گوێی پێنەداو هیجرەتەکەی کرد.. ئینجا لە ڕێی جیهادەوە ویستی لا ڕێی بکات پێی وت: جیهادی چی دەکەیت؟ گیان و ماڵی خۆت دەکەیتە قوربانی کێ؟ دەڕۆیتە جەنگەوەو دەکوژرێیت، یەکێکی تر ژنەکەت مارە دەکاتەوەو ماڵ و سامانت دابەشدەکەن!

بەڵام ئەم گوێی پێنەداو چووە جیهاد.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوای ئەوە فەرمووی: هەر کەسێك ئەوە بکات: (ئیمان و هیجرەت و جیهاد) و لە قسەی شەیتان سارد نەبێتەوە، هەقە لەسەر خوای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە، هەرکەسێك ئاوا بڕوات و بکوژرێت هەقی لەسەر خوای گەورەیە بیخاتە بەهەشتەوە، هەر کەسێك لەو ڕێیەدا لە دەریاش دا بخنکێت، هەر هەقە خوای گەورە بیخاتە بە هەشتەوە، تەنانەت ئەگەر سوارییەکەشی: (گوێ درێژ، ئێستر، ئەسپ، حوشتر) لەقەی لێداو کوشتی (یان لە ڕووداوی سەیارەدا تیاچوو) هەر هەقی خۆیەتی خوای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە.

<u>٩- ئیهمالکردنی لە لایەن کەسانی دەوروبەریەوە</u>: کاتێك کەسێك تووشی شلگیریی و ورەبەردان و سستیی دەبێت، پێویستە دیندارە سەرڕاستەکانی دەوروبەریی زوو بێن بەلایەوەو هەوڵی لەگەڵدا بدەن، نەك ئیهمالیبکەن و لێینەپرسنەوە، چونکە وەلکردنی ئەوەندەیتر تووشی شلگیریی دەکات، تا بەرەو

سستییی و لێچوونەوە دەچێت، چونکە ویست و توانای بەسەر خۆیدا ناشکێت.

ئەگەر دەوروبەرە دڵسوزەکەی بەخەمیەوەبوون و ،زوو هاتنەلای و ئامۆژگاریی و هاوڕێیەتیان کردەوە، هیممەتی بەرزدەبێتەوە و گوڕو تینی بۆ درووست دەبێتەوە.

ئەمە حیکمەتێکی هاندانی ئیسلامە، لەسەر کۆمەڵکاریی و دیدارو ئاگا لێکبوون.

- ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )جارێکیان لە یاوەرانی پرسی: (مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ صَائِمًا؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَا، قَالَ: فَمَنْ تَبِعَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ جَنَازَةً؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَا، قَالَ: فَمَنْ أَطْعَمَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مِسْكِينًا؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَا، قَالَ: فَمَنْ عَادَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مَرِيضًا؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مَا اجْتَمَعْنَ فِي امْرِئٍ، إِلا دَخَلَ الْجَنَّةَ).(١)

واتە: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ ڕۆژوی گرتووە؟ سەیدنا ئەبو بەکر (خوا لێ ڕازی بێت) فەرمووی: من.

فەرمووی: ئەدی کێتان ئەمڕۆ لەگەڵ جەنازەیەکدا ڕۆیشتووە (بۆ سەرگۆڕستان)؟

سەیدنا ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: من.

فەرمووی: ئەدی کێتان ئەمڕۆ خۆراکی بە هەژارێك داوە؟

---

(١) موسلیم (١٠٢٨)، نەسائی (٧٧٩٦)، ئیبنوخوزەیمە (١٩٩٨)، بەیهیقی (٧٢٣٥).

سەیدنا ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: من.

فەرمووی ئەدی کێتان ئەمڕۆ سەردانی نەخۆشێکی کردووە؟

سەیدنا ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: من. پێغەمبەر خوا ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ))فەرموی: هەر کەسێك ئەمانەی ئەنجامدابێت، حەتمەن دەچێتە بەهەشتەوە.

١٠- بێئاگابوون یان لە یادکردنی چارەنووسی شلگیریی: دەشێت ئەمە خۆی هۆکاری شلگیریی بێت، چونکە دیندار نابێت لە خۆی بێئاگابێت، نابێت وابزانێت ئەوەی کردوێتی بەسە! دەبێت بەردەوام هۆشی لە دینداریتییەکەی بێت، غافڵبوونی لێی، خۆی لە خۆیدا کەمتەرخەمیی و نوقسانییە، چونکە بەرەو بایەخ نەدان دەچێت بە هەندێك لە خواپەرستیی، یان ڕەفتارو ڕەوشت، یان بەرپرسێتیی بانگەوازو کۆمەڵکارییەکەیەی، دەشێت ئەم حاڵەتەی بەردەوام بێت تا دەگاتە ئەنجامی خراپ و چارەنووسی دژوار، ئەو کاتە پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام لەوانەیە پەشیمانبوونەوەکەی لەو کات و شوێن و حاڵەدا، هیچ دادێکی نەدات.. ئەوە لە ژیانی دنیاییدا، لە قیامەتیشدا بە دڵنیاییەوە پەنجەی حەسرەت دەگەزێت، کە هیچ دادێکی نادات.

**چوارەم: ئاسەوارەکانی شلگیریی:**

أ- لەسەر تاکی کۆمەڵکار:

<u>١- ڕێگرتن لە خوا پەرستیی حەق و درووست</u>: دەبینیت شلگیر سەرڕاستانە بە دینی خوای گەورەوە پابەندنەماوە، خواپەرستییەکانی سەتحی و سادە ئەنجامدەدات (لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە!!) نوێژو ڕۆژوی بە کۆمەڵ نەماوە، هاتوچۆی مزگەوت و هاوڕێ دیندارە چاکەکانی کەمبۆتەوە..

جا کە ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا، دەبێتە دیاردەو بە تایبەتی لە ناو گەنجەکانیاندا تەشەنەدەکات، دینەکەش بەرەو لاوازیی دەچێت، لە کاتێکدا لەو لا ئەمانەوە بێدینەکان شەوو ڕۆژ خەریکی ڕماندنی دین و دینداریتیەکەی ئەمانن!!

زەقترین نموونەی ئەم حاڵەتە: موسوڵمانانی بندەستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووە.. هەمویان لە هەموو وڵاتەکانیاندا، کە ئاوا لە دینداریاندا شلگیرو تاکو تەرا کەوتن.

لەو لاشەوە کۆمۆنیستەکان شەو ڕۆژ لە لادان و ڕادانی دین و دینداریدا بوون، سەرەنجام ئەوان سەرکەوتن و موسوڵمانان دۆڕاندیان. نە نوێژو نە ڕۆژو و نە حەج ماو نە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و نە ڕەفتار و ڕەوشت و قیەمی ئیسلامی، چونکە نە خواپەرستیی ما، نە پابەندیی بە ئەحکامەکانی شەرعەوە، ئیتر نە مارەیی و نە تەڵاق و نە نەفەقەو نە سەرپەرشتی منداڵ، هیچی بە پێی شەرع نەما..

ئینجا جومعەو جەماعەت نەماو ،مزگەوتەکان کرانە خانی ئاژەڵ و گەوڕی کەرو و ئێستر، قورئان نەما! تەنانەت یەك لاپەڕەشی بە ئاشکرا نەما!! گومانی تێدا نییە کە ئەم فەوتان و نەمانە لە وەلکردنی پابەندیی و شلگیریی دینیی و گوێنەدان بوو بە بەرپرسێتی دنیاو قیامەت.

<u>٢- لە دەستدانی متمانەی خەڵکی</u>: ئەمە بەڵگە نەویستە، چونکە خەڵکی دیندار و بێدین، متمانە بە کەسی دیندارو سەرڕاست و لە خواترس دەکەن، چونکە پێیان وایە لە خۆیان چاکترن، بە دەستپاکیان دەزانن، خەڵکی لە ڕەفتارو رەوشتی دیندار دەڕوانێت، نەك لەقسە و ئاخاوتنی..

بۆیە وتراوە: (پیاوێك کە بە کردارێکی کاریگەریی لەسەر هەزار پیاو هەیە، چاکترە لە قسەی هەزار پیاو دەربارەی پیاوێك)! لەم ڕوانگەوەیە خەڵکی، کە دەبینن شلگیر لە دینداریێتی کردەوەییدا هاتۆتەدواوەو، قسەی لوس و زۆر بلێی زیادکردووە!

متمانەیان کەمتر دەبێتەوە پێی، ئەمەش خۆدۆڕاندنە.. دۆڕاندنی کەسایەتی لە دنیاداو دۆڕاندنی تەقواکاریی و ئیماندارییی لە قیامەتدا.. زۆرمان دی و بیستمان و دەربارەی زۆریش خوێندمانەوە، کە خەڵکانێك پابەندبوونی توندوتۆڵی دینداریيان بە (زێدەڕۆیی) دادەناو وایاندەزانی، ئەوە توندڕەویی (تطرف)ـە، تا وردە وردە خۆیان هاتنەوە دواوە و ساردبوونەوە، خۆیان جێمتمانە نەمان و زەرەرمەندی دنیاو قیامەت بوون.. زۆر بەرژەوەندی دنیایان لە دەستداو گەنجینەی قیامەتیشیان خاڵیی جێهێشت.

<u>٣- ناڕەحەتیی و پشێویی دەروونیی</u>: چونکە شلگیر دەزانێت کە لە خوا یاخیە، فەرمانەکانی ڕاست و درووست جێبەجێناکات، خەمی بەرژەوەندی و چێژەکانی خۆی زیاتر لەبەرە، وەك لە دینەکەی خوای گەورە! لە ناخیدا هەست بە ژانی ویژدانیی دەکات، سەرزەنشتی خۆی دەکات، دەکەوێتە ژێر تین و فشاری خۆی، زیاتر لە گلەیی و رەخنەو قسەی خەڵکی.. قورئانی پیرۆز ئاماژە بەم حاڵەتەی موسوڵمان دەدات و هانیدەدات خۆی ڕاستکاتەوە. وەکو کە دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾ التغابن: ١١.

واتە: هەر کەسێك باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت و سەرڕاستانە خوا بناسێت،

خوای گەورە ڕێنمایی دڵی دەکات و ئۆقرەی پێدەگرێت و بەرەو سرەوت و هێمنی دەبات.

- ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ الرعد: ٢٨.

واتە: ئەوانەی کە باوەڕیانهێناوە بە یادو زیکری خوای گەورە ئاسوودەو دڵ هێمنن، ئەرێ، هەر بە یادی خوای گەورە دڵەکان ئاسوودەو هێمن دەبن.

- ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ٨٢﴾ الأنعام: ٨٢.

واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیانهێناو دواتر شیرکیان تێکەڵ بە دین و ئیمانەکەیان نەکرد، ئەوانە ئاسوودەیی و ئەمانیان پێدەدرێت. ئەوانەهیدایەتدراون.

- ﴿وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا﴾ طه: ١٢٤.

واتە: ئەو کەسەی پشتی کردۆتە دینی من و یادی منی فەرامۆشکردووە، حەتمەن ژیانێکی تەنگ و ناخۆشی بە نسیبدەبێت.

<u>٤- مەحرومبوون لە پاداشت و شایانی سزابوون!</u>: شلگیر کە لە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی شەرع کەمتەرخەمبووەو دینداری سەرڕاست نەماوە، بێگومان خۆی لە پاداشتی چاکە مەحڕومکردووە، کە دەیتوانی چاکەکانی بەردەوامکات تا پاداشتیشی بەردەوامبێت، لەم حاڵەتەیدا قازانجی نەکردووەو گوناحیش لەسەرمایەکەی دەخوات!

گوناح کۆڵی قورسترەکات و شایانی سزای خوای گەورەی دەکات.. ئەمە لە سێ لاوە زیانلێکەوتنە. قازانج نەکردن، سەرمایەفەوتان، و گوناح هاتنەکۆڵ! ئەمە هەر گوناحی خۆیەتی، ئەدی ئەگەر لەوانە بووبێت کە خەڵکیتر چاویان لێکردووەو بە ئەمیرو پێشەواو ئامۆژگاریان زانییوە؟

ئەدی ئەگەر بیدعەچی بوو؟

یان خاوەن خەت و کوتلەی دابڕکردنی کۆمەڵکاریی بوو؟

حەتمەن گوناحی خەڵکیتریشی دێتەکۆڵ، کە لەگەڵیدا هاو هەواوهەوەس بوون! خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ لِيَحْمِلُوٓا۟ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ النحل: ٢٥.

واتە: بۆ ئەوەیە، تا تەحەممولی بەرپرسێتی خۆیان و شوێنەکەوتوانیان بکەن، تا هەر هەموو گوناحەکانی خۆیان لە کۆڵدەن، گوناحانی ئەو کەسانەش، کە زانستیان نەبوو نەیانزانی حەق لە بەری کێیە، ئەمان بوونە هۆی گومڕاکردنیان، ئەوان گومانباشانە شوێن ئەمان کەوتن، بەڵام ئەمان گومڕایان کردن. بەڕاستی کۆڵێکی بەدو ناپەسەندەیان بە کۆڵی خۆیاندادوە.

ب- کاریگەریی شلگیریی لەسەر خودی کۆمەڵکارییەکە:

١- <u>بوارکردنەوە بۆ دزە کردنی جاسووس و پیاوخراپ : شلگیریی دەبێتە مایەی ئەوەی کە خەتمایل و</u> چالاکوانانی دوژمن بخزێنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵکاریی موسوڵمانانەوەو ڕێی لێدانی ئاسان بکەن و بتوانن لە ناوەوە هەڵیتەکێنن ، یان بگەنە نهێنی موسوڵمانان، بەوەش ئاسان دەتوانن پلانی دژ داڕێژن. ئاشکرایە کە سەرەنجامی زۆر خراپە، چونکەکاریگەری سلبی لەسەر کۆمەڵکاریی و بزاوتەکە درووستدەکات.

دەبێتە بواری کراوەی خەت خەتێن و ناکۆکیی و دووبەرەکیی نێوان خاوەن راجیاوازەکان، یان زیادبوونی بەدگومانیی و بێهیوایی.. شلگیریی بە هەر رادوە برێک بێت کە زۆربوو کاریگەری لەسەر سستبوونی کۆمەڵکاریی و زۆر بوونی کۆسپ و خۆخۆریی درووست دەکات.. کۆمەڵەکەش ـهەرجەند زۆر رەنجیش دەدات_ بەڵام زۆر درەنگ دەگاتە ئامانجەکانی، ئەویش ئەگەر لێکنەترازێت و هەڵنەوەشێت.

**٢- کەمبوونەوەی لایەنگرو لەداستدانیان یان کەسبنەکردنی خەڵکی نوێ:** چونکە متمانە نامێنێت. ئەگەر کەسە شلگیرەکان زیاتر دەرکەوتبوون، خەڵکی نوێ _ئەگەر بە مەنهەج و ئەمیرەکەش سەرسام بووبن_ ئامادە نابن لەگەڵ ئەو کەسە دەرکەوتووە بێمتمانانەدا کاربکەن. بێگومان ئەمەش زیانێکەو شلگیر لە کۆمەڵکارییەکەی دەدا.

**٣ -هەل ڕەخسان بۆ سومعەشێواندنی کۆمەڵکارییەکە:** چونکە دەیان (بەڵگە) و (هەنجەت) دەکەوێتە دەست ناحەزان و دوژمنان. ئەو کەسە شلگیرانەو هەڵەکانیان دەبنە بیانوی لاوازکردنی کۆمەڵکارییەکەو لەبەرچاوی خەڵکی دەخەن. لە هەر کوێیەك ووترا کۆمەڵکارییەکی باشە، دەوترێت: نا، وانییە.. نابینیت فڵان و فڵان _کە پیاوماقوڵی ئەو کۆمەڵکارییەن_ چەند دینکزو ئیمان لاواز و شلگیرن؟! بێگومان ئەمانە هەموی دەبنە ڕێخۆشکەر بۆ کەمکردنەوەی لایەنگرو پشتیوان، هەروەها دانیشتنی ئەنامانی دڵسۆزو چالاک کە سارد دەبنەوە..

**٤- مەحرومبوون لە مەددەدی خوایی:** لە هاوکاریی و یارمەتیدان و سەرخستنی.. ئەمەش زیانێکی ئێجگار گەورەیە.. کەسێك لە خواویستی و نییەتپاکیی و خوا پەرستیی و دینداریێتیدا کەمتەرخەمبێت، چۆن دەبێتە مایەی سەرخستنی دین و ئوممەت و بانگەوازەکەی؟!

ئەگەر شلگیریی لە کۆمەڵکارییەکی ئیسلامییدا زۆر بوو، بوو بە دیاردە، چۆن چاوەڕوانی سەرکەوتن لە خوای گەورە دەکرێت؟!

سەرکەوتن بۆ کۆمەڵێك دێت، کە ڕاستگۆبن و بە ڕاستی بیانەوێت دینی خوا سەرخەن، کە هەموو هەوڵێکیان بۆ دابێت و هەموو تواناو وزەیەکیان بۆ حاکمێتی شەرع خستبێتە گەڕ، نەك بۆ کەسانێکی شلگیری قسەزل کە زیاتر خۆیان بە دینەکەدا هەڵواسیووە وەك لەسەرخستنی دین و ئوممەتەکە.. خوای

گەورەش ئەوەی کردۆتە مەرجی سەرکەوتنەکەی کە فەرموویەتی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧ ﴾ محمد: ٧.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر خوای گەورە سەربخەن و سەروەریێتی شەرع دابین بکەن (واتە جوهدو جیهادی لە پێناودا بکەن) خوای گەورەش پشتتان دەگرێت و لەسەر دینەکە مەحکەمتان دەکات.

**پێنجەم: چارەسەری شلگیریی:**

١- دڵنیابوونی عەقائیدیی و قەناعەتکردنی ویژدان و سرەوتی هەست و هۆش لە فەرزێتی دینداریی: زەرورەتی پابەندبوون.. ئەمە دەبێت لە هزرو ژیرییدا بووبێتە بەڵگە نەویست، دەبێت _ بێگومان و راڕایی_ لە دڵ و دەروندا چەسپابێت و ویژدانی وا پێ خرۆشابێت، کە هەستی بەرپرسێتی دنیاو قیامەتی لەسەر دامەزرا بێت..

ئا ئەم حاڵەتە ئیمانیی و رەوشتییە، دەبێت ببێتە سیما و سیفەتی نەگۆڕی موسوڵمان، دەبێ ئەم پابەندبوون و جیددێتییەی بووبێتە مایەی ئاسوودەیی دەروون و گەشەی رۆح.. مایەی شادمانیی و ڕازیبوون، مایەی دابینبوون و جێگیربوون، دەبێ ناخی موسوڵمان بەم باوەڕدارێیتە سرەوتوو بێت، کە گەیشتە ئەم حاڵەتە(یەقین)ـە ئیتر نە نەخۆشیەکانی دینداری _کە لە ناخدان_ کاریگەریی سلبیان لەسەری دەبێت، نە هێزی دەرەکی (تاغووت)ان..

هەموو موسوڵمانێك بە ئەزموونی دینداریی خۆی ئەم توندو تۆڵییە ئیمانییەو ئەو شلگیرییە هەستپێدەکات و دەکەوێتە هەردووکیانەوە.. بۆیە ئەگەر خۆی ئیرادەی دینداریێتی هەبێت، ئەگەر تووشی شلگیریش ببێت، زوو دەگەڕێتەوە سەر پابەندیی و دینداریی.

٢- جەختکردن لە پابەندیی دەرکەوتوان: ئەو کەسانەی داعی و مەلاو چالاکوانی کاری ئیسلامی ناسراون، دەبێت زیاتر چاودێریی بکرێن و نەهێڵرێت تووشی شلگیریی ببن و بەردەوام خواویستی و پابەندبوونیان بە شەرع و ڕێساو بەرنامەی کۆمەڵکارییەکەیان بخرێتەوە یاد.. چونکە کەسانیتر چاویان لێدەکەن و ئیقتیدایان پێدەکەن.

٣- سوربوون لەسەر نۆژەنکردنەوەی ئیمان و نوێکردنەوەی دینداریی: تا هەمیشە ورە بەرزو ئیرادە بەهێز بێت، تا توانای داهێنانی هەبێت، ئەمەش بە تەرکیزکردنی دەبێت لەسەر نیازپاکیی و بۆخواسوڵحان، لەسەر لێبڕان بۆ بانگەوازو کۆمەڵکاریی ئیسلامی.. لانی کەم دەبێت سوربێت لەسەر دانەبەزینی ئیمانی، لەسەر کز نەبوونی ورەو وزە و غیرەتی کە بۆ ئەم دینە دەجوڵێت. ئەوە سەرمایەیەو دەبێت بیپارێزێت.

٤- قاڵ وقووڵبوونەوە لە حەقیقەتی دنیاو قیامەت و چاك تێگەیشتن لێیان: زانینی پەیوەندی نێوانیان، قەناعەتکردن و دڵنیابوون لەوەی، کە ژیانی دنیا کێڵگەی قیامەتە..

دەبێت هەموو هیواو ئومێدو ئامانجێکی موسوڵمان، ڕووسوریی و سەرفرازیی لای خوای گەورە بێت، بەڵام ژیانی دنیاشی فەرامۆش نەکات..

ئەمە پارسەنگڕاگرتنی دنیاو قیامەتە (نەك ئەوەی وا بزانرێت نیواونیو دەبن، یان هەموو ڕەنجێك بۆ دنیاو قیامەتت فەرامۆش نەکەیت!!)، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَا﴾ القصص: ٧٧.

واتە: لەو نیعمەت و وزەو کاتەی خوای پەروەردگار پێی بەخشیویت، بۆ ڕۆژی دوایتی خەرج بکەو، پشکی دنیاشت بیرنەچێتەوە.

٥- دڵنیابوون لەوەی، کە ڕێگای خواویستیی پڕە لە دڕك وداڵی گوناح: ڕێگای

خواناسـیی و دینـداریی و ئیسـلامەتیی، کامـەرانیی و ئاسـوودەی دنیـایەو، سەرەنجامیشـی سـەرفرازیی ڕووسـوریی قیـامەتە، چونکـە گەیشـتنە بەلێخۆشبوونی خوای گەورە، بەختەوەربوونە بە دیداریی، بە سوکنایی کەناریی، سەرکەوتنێکی بێ وێنەیە.. بەڵام ڕێگای ئەم ئامانجە دوورو سـەختە، ئاسـانە بـۆ ئەو کەسەی بۆ خوای گەورە ساغ بۆتەوە.

ڕێگاکە پڕە لە دڕك وداڵ و کەندو کۆسپ، کە دەبێت ڕێبواری ئەم ڕێیە، خۆی بۆ ئامادەبکات و بەسەر هەر هەموویاندا زاڵ ببێت.. سەرچاوەی هەموو کێشەکان دوانن: یەکیان لـە نـاخی مـرۆڤ خۆیدایـە _کـە هـەواو هـەوەس (الهوی)یـە_ و پێچەوانەی تەقوایە.

ئەوی تریان: هێزی دەرەکی (طاغوت)ـە، کە خۆی لە مەنزیلـەی خـوای تـاك وپاکدا داناوە.. زاڵبوون بەسەر ویسـت و هێـزو پیلانـی ئەمانـەدا سـەرفرازیی و بەهەشتی پاداشتە:

- ﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٤١﴾﴾ النازعات: ٤٠ – ٤١.

واتە: ئەمما ئەو کەسەی لە دەسەڵات و مەزنێتی خوای پەروەردگاریی دەترسێت و، نەفسی خۆی لە هەواو هەوەس دەگرێتەوە، ئەوە نیشتەجێی بەهەشتە.

- ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾﴾ البقرة: ٢٥٦.

واتە: هەر کەسێك باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت و، کوفرانە بە طاغوت بکات و، نەبێتە لایەنگرو پشتیوان و شوێنکەوتەی، بەڵکو بە لادەر و کوفری بزانێت، ئەو کەسە بە تەئکید دەستی بە دینی خواوە گرتووە و سەرفرازە.

- بۆ خۆ ئامادەکردنیش بۆ ئەم ڕێگا دووروسەختە(کە نزیك و ئاسانە بۆ

خواپێداوان) دەفەرمووێ: ﴿ وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلۡخَٰشِعِينَ ٤٥ ﴾ البقرة: ٤٥.

- واتــە: پــەنا ببەنــە بــەر ئــارامگریی و نــوێژ (کــە شــەحنتان دەکەنــەوە) نــوێژ زۆر گەورەیــە، ســەختە، بەڵام لــە دڵ و ویســت و توانــای خواناســە ملکەچەکاندا ئاسانە.

<u>٦- خۆهاندان لە سەر ئەوەی پێیدەکرێت</u>: تا نەفسی خۆی ڕابهێنێت بەرەو پێشتر بڕوات و نەیاتەوە دواوە.. تا بەهێزتر ببێت، نەك بێزار ببێت، تا حەزو شەیدابوونی زیاتربێت، نەك بێتاقەتیی و مەلەلگرتنی.. بەم شێوەیە دەچێتەپێش.

ئەگەر نەشبێتە پێشەنگی کاروان، لەناوەندی کاروانەکەدا ڕێدەکات.. خوای گەورەش داوای ئەنجامدانی کاروباری بە قەدەر تواناکان کردووە.

وەك دەفەرمووێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا﴾ البقرة: ٢٨٦- ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا﴾ الطلاق: ٧.

واتە: هەرچی فەرزێك، کە خوای گەورە بەسەرکەسێکی داداوە، هەر لە بازنەی وزەو توانای کەسەکە خۆیدایە، نەك زیاتر.

<u>٧- هۆشداریی لە وەسوەســەی شــەیتان: و ئاگــاڵێبوونی</u>: نــەبادا بــە دەمیــەوە بڕوات و بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، هەروەها زانینی چارەسەری وەسوەسە، تــا ئەگەر تووشبوو، بتوانێت زوو خۆی چارەسەربکات.

<u>٨- خوێندن و ســەرنجدانی ڕەفتــاری ســەلەف و هەڵکــەوتوانی ئوممــەت</u>: تــا بزانێــت ئــەوان لــەچ ئاســتێکی بــاڵای نموونەییــدا بــوون، چەنــد سەرڕاســتانە دینداریيان کردووەو بە شەرعەوە پابەندبوون، مێژووی ئیسلامی پڕە لــە نمــوونە لەوانە:

- (حوزەیفەی کوڕی یەمان)- خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە: (لَقَدْ رَأَيْتُنَا مَعَ

رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لَيْلَةَ الْأَحْزَابِ، وَأَخَذَتْنَا رِيحٌ شَدِيدَةٌ وَقُرٌّ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَلَا رَجُلٌ يَأْتِينِي بِخَبَرِ الْقَوْمِ جَعَلَهُ اللهُ مَعِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟» فَسَكَتْنَا فَلَمْ يُجِبْهُ مِنَّا أَحَدٌ، ثُمَّ قَالَ: «أَلَا رَجُلٌ يَأْتِينا بِخَبَرِ الْقَوْمِ جَعَلَهُ اللهُ مَعِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟» فَسَكَتْنَا فَلَمْ يُجِبْهُ مِنَّا أَحَدٌ، ثُمَّ قَالَ: «أَلَا رَجُلٌ يَأْتِينا بِخَبَرِ الْقَوْمِ جَعَلَهُ اللهُ مَعِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟»، فَسَكَتْنَا فَلَمْ يُجِبْهُ مِنَّا أَحَدٌ، فَقَالَ: «قُمْ يَا حُذَيْفَةُ، فَأْتِنَا بِخَبَرِ الْقَوْمِ»، فَلَمْ أَجِدْ بُدًّا إِذْ دَعَانِي بِاسْمِي أَنْ أَقُومَ، قَالَ: «اذْهَبْ فَأْتِنِي بِخَبَرِ الْقَوْمِ، وَلَا تَذْعَرْهُمْ عَلَيَّ»، فَلَمَّا وَلَّيْتُ مِنْ عِنْدِهِ جَعَلْتُ كَأَنَّمَا أَمْشِي فِي حَمَّامٍ حَتَّى أَتَيْتُهُمْ، فَرَأَيْتُ أَبَا سُفْيَانَ يَصْلِي ظَهْرَهُ بِالنَّارِ، فَوَضَعْتُ سَهْمًا فِي كَبِدِ الْقَوْسِ فَأَرَدْتُ أَنْ أَرْمِيَهُ، فَذَكَرْتُ قَوْلَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَلَا تَذْعَرْهُمْ عَلَيَّ»، وَلَوْ رَمَيْتُهُ لَأَصَبْتُهُ فَرَجَعْتُ وَأَنَا أَمْشِي فِي مِثْلِ الْحَمَّامِ، فَلَمَّا أَتَيْتُهُ فَأَخْبَرْتُهُ بِخَبَرِ الْقَوْمِ، وَفَرَغْتُ قُرِرْتُ، فَأَلْبَسَنِي رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )مِنْ فَضْلِ عَبَاءَةٍ كَانَتْ عَلَيْهِ يُصَلِّي فِيهَا، فَلَمْ أَزَلْ نَائِمًا حَتَّى أَصْبَحْتُ، فَلَمَّا أَصْبَحْتُ قَالَ: قُمْ يَا نَوْمَانُ).(١)

واتە: شەوی غەزای ئەحزاب (غەزای خەندەق) دیتت لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوین (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، شەوێکی زۆر ساردبوو، ڕەشەبایەکی توندی هەبوو، پێغەمبەری خوا ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ))فەرمووی: ئەرێ یەکێکتان بچێت هەواڵی قورەیشمان بۆ بهێنێت (کە لە بەرەی جەنگی بەرامبەردا بوون) هەر کەسێك بچێت، خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەیکاتە هاوڕێی من!

هەموومان بێدەنگ بوین، کەسمان وەڵامان نەدایەوە! پاش کەمێك فەرموویەوە: ئەرێ یەکێکتان بچێت هەواڵی بەرامبەرانمان بۆ بهێنێت، هەر

(١) موسلیم (١٧٨٨)، فتح الباري (٣٨٧٧)، ئەحمەد (٢٢٨٢٣).

کەسێك بچێت خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا دەیکاتە هاوڕێی من..

هەموومان بێدەنگ بوین، کەسمان وەڵامان نەدایەوە.

پاشان (بۆ جاری سێیەم) فەرموویەوە: ئەریٚ یەکێکتان بچێت هەواڵی بەرامبەرانمان بۆ بهێنێت، هەر کەسێك بچێت خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەیکاتە هاوڕێی من.

هەموومان بێدەنگبوین، کەسمان وەڵامان نەدایەوە.

پاشان فەرمووی: حوزەیفە! هەستە.. بڕۆ هەواڵی بەرامبەرانمان بۆ بهێنە.

هیچ چارێکم نەما، چونکە بە ناوی خۆم بانگیکردم، کە هەستم و بچم.

فەرمووی: بڕۆو هەواڵی بەرامبەرانم بۆ بهێنە، بەڵام مەیان وروژێنە لێم.

کە لە خزمەتی دەرچووم و ڕۆیشتم، دەتووت بە ئاوی گەرمدا دەڕۆم، هەروا بووم، تا گەیشتمە ناو بەرامبەرمان، دیتم ئەبوسوفیان پشتی کردۆتە ئاگرێك و خۆی گەرمدەکاتەوە، تیرێکم خستە کەوانەکەمەوە ویستم تێیبگرم، بەڵام فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیر کەوتەوە، کە فەرمووی: (مەیان وروژێنە لێم)، ئەگەر تیرەکەم تێبگرتایە دەمپێکا.. ئیتر گەڕامەوە، هەر وادەتووت بە ناو ئاوی گەرمدادەڕۆم.

کە هاتمەوە خزمەتی، هەواڵی جێ و ڕێی بەرامبەرانم پێگەیاند، کە تەواوبووم، هەستم بە سەرماکە کردەوە ئیتر پێغەمبەری خوا ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ))لکی زیادەی عەباکەی خۆیی لەبەر کردم، کە نوێژی لەسەردەکرد، خەوم لێکەوت، تا بەیانی خەبەرم نەبۆوە.. بەیانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: هەستە خەوخۆش.

- ئوممجەمیلی کچی خەتتاب (خوشکی سەیدنا عومەر)- خوا لێیان ڕازی بێت- کە لە سەرەتای دەستپێکی بانگەوازی ئیسلامدا موسوڵمانبووبوو،

نموونەیەکی تـری پابەنـدیی و هۆشـیاریی و پاراسـتنی نهێنـی کۆمەڵکارییـە... خاتوو عائیشه (خوا لێی ڕازی بێت) ئەم بەسەرهاتەی ئەو دەگێڕێتەوە:

یـاوەرانی پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) (لـە سـەرەتای بانگەوازەکەیدا)، کە گەیشتنە (سی و هەشت) پیاو، ئەبوبەکر( خـوا لێـی ڕازی بێت) زۆر داوای لە پێغەمبەری خوا ((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ))کـرد، کـــە خـۆ دەربخەن و هەموو ئاشکرا بین.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يَا أَبَا بَكْرٍ إِنَّا قَلِيلٌ) واتە: ئاخر ئەبوبەکر ئێمە هێشتا کەمین!

بەڵام (ئەبوبـەکر) هـەر لەسـەر داوای خۆدەرخسـتنەکە بـە ردەوام بـوو، تـا پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ڕازیبـوو.. هـەموو چوونـە کەعبـەو بەهەموو لایەکیدا بڵاوبوونەوە، هەر پیاوەش ڕوویکردە کەسانی تیرەو هۆزەکەی خۆی (تا قسەیان بۆ بکەن).

ئەبو بەکریش هەستایە سەر پێ و وتاری ئیسلامی داو، خـەڵکی بـە ئاشـکرا بۆ دینی خواو پێغەمبەرەکەی ((صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ )) بانگهێشـتکرد، بەڵام موشریکـەکان خرۆشـان و هـەر هـەموویان دابارینـە سـەر( ئەبوبـەکر)و سـەر یاوەرەکانیتر، لە هەموو لایەکی مزگەوتەکەوە هەڵمەتیان بۆ براو لێیاندرا!

(ئەبوبەکر) کەوتە ژێردەست و پێی لێدەرە موشریکەکان، زۆرزۆریـان لێـدا، (عوتبەی کوڕی ڕەبیعە)ش خۆی گەیانـدێ و، بـە جووتێـك پـێڵاوی ئەسـتوری خۆی، کەوتە پێکێشانی دەم و چاوی( ئەبوبەکر)، هەموو دەم و چاوی وا پڕ بـوو لە خوێن،کە دەمی لە لووتی جیا نەدەکرایەوەو بێهۆشکەوت!

( بەنوتـەمیم) بـە هەڵـەداوان خۆیـان گەیانـدێ، موشریکـەکان هەسـتان لـەسەریی و لێی دوورکەوتنـەوە، پیـاوانی (بەنوتـەمیم) هـەموویان لـە کەعبـە پەیمانیاندا، کە بـەخوا قەسـەم، ئەگـەر (ئەبوبـەکر) بمرێـت، حەتمـەن (عوتبـەی کوڕی ڕەبیعە) دەکوژنەوە.

ئیتر بە چواردەستە (ئەبوبەکر)یان بردەوە ماڵەوە، ئینجا هاتنەوە لای ئەبوقوحافە (باوکی سەیدنا ئەبوبەکر) و پیاوانی (بەنوتەمیم) سەیدنا (ئەبوبەکر)یان دەدواند، بەڵام ئەو هۆشی لە خۆی نەمابوو، نەیدەتوانی وەڵامیان بداتەوە.. تا ئێوارە هەروا بێهۆشبوو، کە بە هۆشهاتەوە، یەکسەر پرسی (مَا فَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟

واتە : پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چی لێ بەسەرهات؟ !

کە زانیان هۆشیهاتۆتەوە، بە دایکیان وت: وەرە بەلایەوە، بزانە خواردنێك، خواردنەوەیەکی بدەرێ.

دایکیشی (کە ناوی ئوممولخەیر بوو) هەر هەوڵی لەگەڵدا، بەڵام ئەو هەر ئەوەی دەپرسی: (مَا فَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟!

ئیتر دایکی وتی: بەخوا هەواڵی برادەرەکەت نازانین.

ئینجا سەیدنا ئەبوبەکر پێی فەرموو: بڕۆ بۆلای (ئومموجەمیل)- خوشکی سەیدنا عومەر- و لەو بپرسە، کە چی لێ بەسەرهاتووە!

دایکیشی خێرا هاتە لای (ئومموجەمیل) و پێی وت: ئەبوبەکر هەر هەواڵی (محمد کوڕی عبدالله) - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەپرسێت.

(ئومموجەمیل) فەرمووی: من نە (ئەبوبەکر) دەناسم و نە (محمد) و هەواڵیشم لێیان نییە.. ئەگەر حەزدەکەیت لەگەڵتدا دێم بۆ لای کوڕەکەت، بزانم لە چی دەپرسێت!

(ئوممولخەیر)یش وتی: چاکە با بڕۆین، هەردووکیان هاتنەوە لای سەیدنا ئەبوبەکر، بینیان حاڵی زۆر خراپە و ناتوانێت بجوڵێت.. کە (ئومموجەمیل) ئاوا بینی لێی نزیك بۆوەو هاواری کردو گریا، فەرمووی: بە خوا قەسەم ئەوانەی وایان لە تۆ کردووە ئەهلی کوفرو فسق و لاڕێن، هیوادارم خوای گەورە تۆڵەی تۆیان لێبکاتەوە.

بەڵام سەیدنا ئەبوبەکر هەر ئەوەی لەویش پرسی: (مَا فَعَلَ رَسُولُ اللَّـهِ صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟

(ئوممو‌جەمیل) ئاماژەی بۆ دایکی سەیدنا ئەبوبەکر کردو فەرمووی: ئەوە دایکتەو قسەکەم دەبیستێت.

سەیدنا ئەبوبەکر فەرمووی: بڵێ، قەیدی نییە، هیچ نابێت..

ئیتر ئوممو‌جەمیل فەرمووی: بێخەمبهو پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) ساغ وسەلیمە.

فەرمووی: ئەدی لە کوێیە؟

ئوممو‌جەمیل فەرمووی: وا لە ماڵی( ئیبنولئەرقەم)ە..

ئەبوبەکر فەرمووی: بە خوا قەسەم، خۆراك و خواردنەوەیەك نایاتە سەر زمانم و هیچ ناخۆم، تا نەچم و نەیبینیم.

لێیگەڕان، تا خەڵکی لە جموجوڵ کەوتن. ئیتر هەردووکیان (دایکی و ئوممو‌جەمیل) چوونە ژێر باڵی و بردیانە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە گەیشتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ). پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باوەشی پێداکردو ماچیکرد!

ئیتر یاوەرانیتریش ماچیانکرد.. پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بەزەیی زۆر بە سەیدنا ئەبوبەکردا هاتەوەو دڵی پێی سووتا!..

ئەبوبەکر فەرمووی: بە دایك و باوکەوە بە قوربانت بم، ئەی پێغەمبەری خوا، من هیچم نییە، کەمێك ئازارم لە دەم و چاومدا هەیە، چونکە ئەو (فاسقە) زۆری پێکێشا.. ئەوە دایکمە، ئەی پێغەمبەری خوا ! جەنابیشت موبارەکیت داوای لێبکە با موسوڵمان ببێت و دوعاشی بۆ بکە، تا خوای گەورە لە دۆزەخ بیپارێزێت.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگهێشتیکرد بۆ موسوڵمانێتیی و دوعای بۆ کرد، ئەویش موسوڵمان بوو.(١)

- (ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت)، کە خزمەتکاری پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (أَتَى عَلَيَّ رَسُولُ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ )وَأَنَا أَلْعَبُ مَعَ الْغِلْمَانِ، قَالَ: فَسَلَّمَ عَلَيْنَا فَبَعَثَنِي إِلَى حَاجَةٍ فَأَبْطَأْتُ عَلَى أُمِّي، فَلَمَّا جِئْتُ قَالَتْ: مَا حَبَسَكَ؟ قُلْتُ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لِحَاجَةٍ. قَالَتْ: مَا حَاجَتُهُ؟ قُلْتُ: إِنَّهَا سِرٌّ. قَالَتْ: لا تُحَدِّثَنَّ بِسِرِّ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )أَحَدًا).(٢)

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )تەشریفی هێنا، منیش لەو کاتەدا لەگەڵ منداڵاندا یاریم دەکرد (گچکە بوو) سەلامی لێکردین، پاشان منی بۆ پێویستییەکی خۆی نارد، کە درەنگم پێچوو، دایکم خەمی دواکەوتنمی بوو (کە بۆچی زوو نەگەڕاوەتەوە ماڵێ)، کە هاتمەوە لای دایکم ولێمی پرسی: بۆچی دواکەوتیت؟!

وتم : پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە کارێکی خۆی ناردم .

دایکم پرسی: کارەکەی چی بوو؟!

وتم: ئەوە نهێنییە!..

وتی: بە هیچ شێوەیەك نهێنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لای کەس نەدرکێنیت.

لەم ڕووداوە پڕ پەندو ئامۆژگاریانە لە مێژووی سەلەفدا زۆرەو، خوێندن و سەرنجدانیان زەرورەتێکی کۆمەڵکارییە.

(١) ئیبنوکەثیر: البداية والنهاية (٣/٣٠-٣١) ، ئیبنوکەثیر: السيرة النبوية (١/٤٣٩-٤٤١).
(٢) بوخاری (٥٩٣١) موسلیم (٢٤٨٢).

٩- سوربوون لەسەر پابەندیی کۆمەڵکاریی: و دەستبەرنەدان لێی، تەنانەت بۆ هەفتەیەکیش، چونکە کۆمەڵ و کۆمەڵکاریی ئیسلامیی، قەڵاو قوڵلەی سەختی پاراستن و بەرگرین _ دوای لوتفی خوای گەورە _ هۆکاری سەرەکی بەهێزبوونی پەیوەندیی و چالاکی موسوڵمانانەیە، بواری ئامۆژگاریی و پەندوەرگرتنە، شوێنی پەروەردەبوون و ئاراستەکردنە، شوێنی ناسینی حەق و باتڵ و سەبرگرتنە لەسەر هەردووکیان.

هەر یەکەیان بە گوێرەی داخوازییەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵکاریی، بازنەی هاریکاریی و یارمەتیدانی یەکترییە، بوارو هۆکاری نوێکردنەوەی ئیمان و نۆژەنکردنەوەی دینداریيە، زەمینە ی گەشەو نەشونمای خواناسیی و تەقوایە، مەیدانی کێبرکێی حەڵاڵ و خێراکردنە لە کاروباری خێرو چاکسازیی..

بە ڕاستی ئەو کەسانەی سەرڕاستانە بە کۆمەڵکاریی ئیسلامیەوە پابەنددەبن، قازانج دەکەن و زیانیان لێناکەوێت، تێدەگەن و پێدەگەن، زیاتر لە هەر بازنەو بوارو مەیدانێکی تر (کۆمەڵکاریی حەق لە بازنەی خێزانیش کاریگەرترە).

١٠- پەنابردنە بەر خوای گەورە و هانابۆبردنی تەواو: ئێمە بە بێیارمەتی خوای گەورە نە دەرەقەتی شەیتان دێین، نە دەرەقەتی هەواو هەوەسی خۆمان و نەدەشتوانین دنیاویستیمان کەمبکەینەوە..

بۆیە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەدا پێویستمان بە مەددەدو کۆمەکی خۆی هەیە، لە دوورکەوتنەوە و خۆلادانیشمان لەگوناح و حەرام و خراپەکاریی، هەر پێویستمان بە یارمەتی و پشتیوانی خوای گەورە هەیە (ئەمە حەقیقەتێکی عەقائیدیی گەردوونییە..

مەگەر نابینیت بۆ سەبرگرتنیشو بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: ﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧﴾ النحل: ١٢٧.

واتە: ئارام بگرە، بەڵام ئارامگرتنەکەشت، هەر بە خوای گەورەیەو لە لوتفی ئەوەوەیە.

١١- موحاسەبەکردنی نەفسی خۆت: و پێداچوونەوە (موراجەعە)ی نیـیەت و گوفتارو کردارو بڕیارو دیدو هەڵوێستت، تا خاڵەکانی هێزو لاوازیی دینداریێتیی خۆت بزانیت، تا بزانیـت کـارو کـردەوەی چاکـت زیـاتر کـردووە، یـان خـراپ و بەدەکان، تا تۆبە لە خراپەکانت بکەیت و خـۆت لەسـەر چاکـەکانت راهێنیـت و ڕەنجی زیاتریان تێدا بدەیت..

کە زانیـت گوناحـت زۆرە، هەوڵبـدە کـەفارەتیان بـدەیت،ئەویش بـە ڕۆژوی سوونەت و خێرو خێراتکردنت و زیاترکردنی ڕەفتاری چاکە.. هەروەها بە نوێژی سوونەت، بە شەونوێژ، بە زۆر خوێندنی قورئانی پیرۆز.

١٢- چاکڕەفتارکردن لەگەڵ دایك وباوك: و بەئەدەببوون بەرامبەریان، نواندنی نـەرمونیانی بەرامبـەریان، لەگـەڵ بیرخسـتنەوە و فێرکردنیـان، چەسـپاندن و قـایمکردنی دیـدو تێڕوانینـی عەقائیـدییان، کـە هـەموو بـزاوت و سروەتێکـی گەردوون و ژیان و مردنی هەموو گیانلەبەران ،بـە دەسـت خـوای تـاك و پاکـەو بـەس.. هـیچ شـتێك بـە بـێ قـەدەری خـوایی نابێـت، هـیچ شـتێك، کـە پێشـتر نەنووسرابێت ڕوونادات، هەر شتێکیش لە چـارەنووس نوسرابێـت، هـەر دەبێـت بێتەجێ، قەدەری خوای بەدەسەڵات ڕەتکردنەوەو گۆڕین و لێلادانی نییە..

هەرچی خوا نەیکات نابێت، کەس بە بێئەجەلی خۆی نامرێت، هـەر کەسـێك ڕۆژی تەواوبوو، مردنی تەئکیدەو لەو کات و شوێن و حاڵەتەدا دەبێتو کە بـۆی نووسراوە.. دایك و بـاوکی موسـوڵمان ئەمانـە دەزانـن، باوەڕیـان پێیـەتی، بەڵام بیرخستنەوەی هەموان پێویستەو کاریگەرە.

١٣- بیرخسـتنەوەی بـەردەوام لـە سـوودەکانی پابەنـدیی و کۆمـەڵکاریی: هەروەها سزاو چارەنووسی شـلگیریی سسـتبوون و لێچوونـەوە.. بیرخسـتنەوەی هەردوو حاڵەتەکەو چارەنووسییان گرنگ و کاریگەرە.. چونکە زۆر کەس هەیە

حەزی پاداشتی بۆ دەبێتە پاڵنەری ناخ و هەندێ کەسی تر ترسی سزا..

بۆیە هەردووکیان زەروریین بخرێنە بەرچاوی کۆمەڵکاران.. بە تایبەتی ئەوانەی سیماو سیفاتی شلگیریان لێدەردەکەوێت، چونکە لەوانەیە باسێکی پاداشت، یان جۆرێکی بێتە مایەی توندوتۆڵکردنەوەی شلگیر، هەروەکوو کە لەوانەیە باسێکی سزاو چارەنووسی خراپە شلگیریی ،یان جۆرێکی سزاکەی ببێتە مایەی توندو تۆڵکردنەوەی کۆمەڵکاریی شلگیران (إِنْ شَاءَ اللَّهُ).

<u>١٤-هاودەنگبوون لەگەڵ قورئاندا</u>: هاوڕێیەتی قورئان زۆر گرنگ و کاریگەرە، قورئان بەهاری دڵانە، ژیان لەگەڵ قورئاندا ژیانی حەقیقییە، قورئان پێناسەی ژیان و گەردوون و مرۆڤت دەداتێ، وەکو کە خۆیانن، بێ تەخمین و تەقدیراتکردن، قورئان بۆت ڕووندەکاتەوە: کە دین و دینداریی، چین و چۆنن و چۆن ئیمان گەشەو نەشونمادەکات و، نەخۆشییەکانی دینداریی چین و چۆن چارەسەردەکرێن.

هەر قورئانیش چارەسەری شلگیرییەکەت دەکات و دەتخاتەوە سەر گوڕوتینی دینداریی.. خوای گەورە لە مەدحی ئەم قورئانەیەدا،کە دەفەرمووێ: (﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ﴾ الإسراء: ٩.

واتە: ئەم قورئانە ڕێنمایی مرۆڤ و مرۆڤایەتیی، بەرەو ژیانێکی ڕەسەنترو ڕاست و پارسەنگتر دەکات.

<u>١٥- ڕاست بەکارهێنانی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە</u>: کە پێی بەخشیویت لە کات و تەندرووستیی و وزەو توانا و خاوەنێتی ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامان، زانست و زانین، فێربوون و فێرکاریی.. پێشئەوەی کات و شوێنیان بەسەربچێت و لە دەستدا نەمێنن.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: (بَادِروا بِالْأَعْمَالِ سَبْعًا،

هَلْ تَنْتَظِرُونَ إِلَّا فَقْرًا مُنْسِيًا، أَوْ غِنًى مُطْغِيًا، أَوْ مَرَضًا مُفْسِدًا، أَوْ هَرَمًا مُفَنِّدًا، أَوْ مَوْتًا مُجْهِزًا، أَوْ الدَّجَّالَ، فَشَرُّ غَائِبٍ يُنْتَظَرُ، أَوْ السَّاعَةَ، فَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ).[1]

واتە: بە کردەوەی چاك و ڕەفتاری شیاو مامەڵە لەگەڵ حەوتدا بکەن، چما چاوەڕوانی هەژارییەك دەکەن، کە دینتان بیردەباتەوە؟ یان دەوڵەمەندییەك، کە سەرقاڵدەکات و سنووردەبەزێنێت، یان نەخۆشیەکی پەکخەر، یان پیرییەکی پەککەوتەیی (و خەڵەفاویی)، یان مردنێکی ناکاو، یان جاڵ (دەججال: ساختەچی) ،کە خراپەکارییەکەو چاوەڕواندەکرێت بێت، یان ڕۆژی دوایی.. ڕۆژی دوایی سەختترو تاڵ و تفتترە.

<u>١٦- ژیان لە ژێر سایەی سیرەو سوننەتدا:</u> سیرەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وێناکردنی کردەوەیی هەر هەموو دینەکەیە، چوارچێوەی ئەو خواویستییەیە کە موسوڵمان دەبێت تێیدا بژی، کە دەبێت هەموو لایەنەکانی دیدو ژینی لەسەر دابمەزرێنێت، ڕەفتارو ڕەوشتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە هەموو سیفەتەکانییدا نموونەیین، چونکە لوتکەی تەواوێتیین، کە کەسیتر پێشترو پاشتر نەیگەیشتونێ، مەگەر نابینیت لە چ دژوارییەکی پیلانی قوڕەیشی دوژمنییدا بووە لە مەککە، بەڵام هیجرەتی نەکرد ،تا سەیدنا (عەلی) لە پێخەفی خۆیدا نواندو، خۆی تەشریفی بردو فەرمووی: سەیدنا عەلی ئەو ڕاسپاردانە بە خاوەنەکانیان بگەیێنێتەوە، کە خەڵکی لە خزمەتیدا بە ئەمانەت دایاننابوو.

چ گەورەییەکە، کە لە هەموو ژیانی پیرۆزییدا ،جارێك بەڵێنی نەداو

---

(١) ترمذی (٢٣٠٨) و دەشفەرموێ (حسن غريب)، ئەحمەد (٨١٠٤)، حاکم (٣٢١/٤)، طەبەرانی لە: (الأوسط٤٠٧٦). ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة/١٦٦٦)دا دەفەرموێ: زەعیفە..

نەیبردبێتەسەر، نە لەگەڵ دۆستان و نە لەگەڵ دوژمنانییدا.. هەرگیزاو هەرگیز درۆیەکی لێنەبیسترا، نە لەگەڵ دۆستان و نە لەگەڵ دوژمنانیدا، پێش وەحییش هەر نموونە بوو.

هەموو بە ڕاستگۆو ئەمینیان ناساندبوو، سییرەی پاکی هەمووی نموونەیە، کە ناشێت لێرەدا نموونەی زۆریان لێبهێنینەوە.. بەڵام کۆتایی ئەم باسە بەم بەسەرهاتە دەهێنین.

- (حوزیفەی کوڕی یەمان) - خوا لێی ڕازی بێت- (کە نازناوی ڕازگری پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێدرابوو واتە: (**أمين سر**)، دەگێڕێتەوە: (مَا مَنَعَنِي أَنْ أَشْهَدَ بَدْرًا إِلَّا أَنِّي خَرَجْتُ أَنَا وَأَبِي حُسَيْلٌ،(١) قَالَ : فَأَخَذَنَا كُفَّارُ قُرَيْشٍ، قَالُوا : إِنَّكُمْ تُرِيدُونَ مُحَمَّدًا، فَقُلْنَا: مَا نُرِيدُهُ مَا نُرِيدُ إِلَّا الْمَدِينَةَ، فَأَخَذُوا مِنَّا عَهْدَ اللَّهِ وَمِيثَاقَهُ، لَنَنْصَرِفَنَّ إِلَى الْمَدِينَةِ وَلَا نُقَاتِلُ مَعَهُ، فَأَتَيْنَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَخْبَرْنَاهُ الْخَبَرَ فَقَالَ: انْصَرِفَا نَفِي لَهُمْ بِعَهْدِهِمْ وَنَسْتَعِينُ اللَّهَ عَلَيْهِمْ).(٢)

واتە: ئەوەی ڕێی لێگرتم ،کە نەمتوانی بەشداری غەزای (بەدر) ببم ئەوە بوو: کە کاتێك من و (حوسەیل)ی باوکم دەهاتینە خزمەتی، کافرەکانی قوڕەیش ڕێیان لێگرتین و وتیان: ئێوە دەتانەوێت بچنە ڕیزی محمدەوە؟ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ).

وتمان: نا و ناچینە لای ئەو، هەر مەبەستمانە بچینەشاری مەدینە. ئیتر پەیمانی

(١) حوزەیفە (خوا لێی رازی بێت) باوکی ناوی (حوسەیل)ـە کە بە (حەسل)یش بانگدەکرا (یەمان) نازناوی حوزەیفەبوو بەڵام نازناوەکەی لە باوکی زیاتر بە ناوبانگبوو، بۆیە دەووترێت :حوزەیفەی کوڕی یەمان (یەمان)یش لەئەسڵدا (الیمانی)یە، بەڵام (یائی نەسەب)ـە کە لای فەرموودەوانان لادراوە.. وەکو ئیمامی نەوەوی (رحمەالله) باسی کردووەلە (صحيح موسليم بشرح النووی ١٤٤/١٢).
(٢) موسلیم (١٤١٤/٣ ژ٩٨).

خـوای گـەورەیان لێـوەرگرتین (عەهـدو سـوێند)، کـە ئەگەر چـووینە مەدینـە، بەشداری بەرەی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دژی ئەمان نەکەین.

دوایـی هاتینـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ )و هەواڵەکەمان پێدا .

فەرمووی: بڕۆن، ئێمە بە پەیمانەکەیانەوە پابەنددەبین، داواش لە خوای گەورە دەکەین، یارمەتیمان بدات تابەسەریاندا زاڵبین.

بژاری دەروون: نەخۆشی هەشتەم (٩)

# خۆپەسەندیی بەخۆسەرسامبوون !

# (الإعجاب بالنفس)

یەکەم: واتای خۆپەسەندیی:

دووەم : هۆکارەکانی خۆپەسەندیی:

سێیەم: ئاسەوارەکانی خۆپەسەندیی:

چوارەم: نیشانەکانی خۆپەسەندیی:

## خۆپەسەندیی بەخۆسەرسامبوون!
## (الإعجاب بالنفس)

### یەکەم: واتای خۆپەسەندیی:

١- لەڕووی زمانەوانییەوە:

أ- بەختیاریی وخۆشحاڵیی وبەچاکدانان: کە دەووترێت: أعْجَبَهُ الامرُ: واتە مەسەلەکەی پێ چاکبوو، پێی دڵخوشبووو سەرسامبوو پێی!

دەووترێت: أعْجَبَهُ الامرُ، هەروەها أعْجَبَ بالأمر.

خوای گەورە بەم مانایە دەفەرموویێت: ﴿وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ﴾ البقرة: ٢٢١.

واتە: کەنیزەک (ژنەکۆیلە)یەک چاکترە لە ئافرەتێکی موشریک، با جوانیی دووەمیشیانتان پێ پەسەندتربێت و پێی سەرسامبوون.

-هەروەها ﴿قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ﴾ المائدة: ١٠٠.

واتە: بفەرموو: پیس و پاک یەکسان نین، با پیسەکەشتان بەلاوە پەسەندتربێت (پیس بە مانای حەڕامەو پاکیش حەڵاڵ).

-هەروەها ﴿كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا﴾ الحديد: ٢٠.

واتە: هەروەکو بارانە، کە ڕووەک دەڕوێنێت و جوتیاران پێی دڵخۆش/ سەرسامدەبن و پێیان پەسەنددەبێت!

ب- بەلاوە مەزنیی وخۆدەرخستن پێی: وەکو دەووترێ: (أعْجَبَهُ الامرُ: أي: زَهَا بِهِ،

وعَظمَ عِنْدَهً، وَكَبرَ لَدَيِه.. وَرَجُلٌ مُعْجِبٌ أي: مَزْهُوٌ أو مُعَظّمٌ أو مُكَبرٌ لِمَا يَكُونُ مِنْهُ حَسَنَاً أو قَبِيحَاً)[1].

واتە: کارەکەی پێ گەورەو مەزن بوو، حەزیکرد پێیەوە دەربکەوێت.. پیاوێکە بەخۆی سەرسامە، خۆی پێ پەسەندە، پێ گەورەو مەزنە!

بەم مانایە یە، کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ إِذۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡ كَثۡرَتُكُمۡ فَلَمۡ تُغۡنِ عَنكُمۡ شَيۡـٔٗا﴾ التوبة: ٢٥ .

واتە: ڕۆژی غەزای (حونەین)، کە بە زۆریی موجاهیدانی خۆتان سەرسامبووبوون! بەڵام هیچ دادینەدان و نەبووە مایەی هیچ سەرکەوتنێک بۆتان!

٢-لەڕووی زاراوەیـــیەوە: بـــریتییە لەو خۆشـــحاڵیی و لەخۆڕازیبـــوونەی کەسێک تووشی دەبێت، لە ئەنجامی ئەو ڕەفتـار (گوفتـاروکردار)انەی لێـیەوە دەرکەوتوون، بێئەوەی سنوری خۆی بەزاندبێت و مافی کەسی پێشێلکردبێت.

جا لە چاکەدا ئەو ڕەفتارەی کردبێت، یان لە خراپەدا، ئەگەر سنووری بەزاندو مـــافی کەســـێکی تـــری پێشـــێلکرد، ئەوە هەڕاڵبـــوون (غـــرور)ە، یـــان زۆربەخۆسەرسامبوون و خۆپەسەندییەکی زێدەڕۆیە..

ئەگەر لەگەڵ سنووربەزاندن و ماف پێشێلکردنی خەڵکییدا بەسووک سەیری ئەوانـــی کـــردو، بە لایەو گرنـــگ و کـــاریگەرنەبوون ، ئەمە لـــووتبەرزیی (تەکەببور)ە، کە لوتکەیەکی زۆر باڵای خۆپەسەندیی و بەخۆسەرسامبوونە!

[1] ابن منظور: لسان العرب ٨٥١/١ مادة عجب.

**دووەم : هۆکارەکانی خۆپەسەندیی:**

١-پەروەردەبوونی سەرەتایی: دەشێت خۆپەسەند لە خێزانێکدا گەورەبووبێت، کە دایــک وبــاوکی، یــان یەکێکیــان خۆپەســەندبووبێت و، حەزی لە مەدح و وەسفکردنی خۆی بووبێت و، بەردەوام خـۆی بە چـاک نیشـاندابێت و بە حەق و ناحەق، هەر خۆی دەرخستبێت و گوێینەدابێت بە ئامۆژگاریی دڵسوزان.

هەر وای حسابکردبێت، کە ئەوانە دەیانەوێت بچووکی بکەنەوە، تـا گەورەو گرنگ و کاریگەر دەرنەکەوێت و شوێن و پلەوپایەی ئامۆژگاران نەگرێتەوە!

دەشێت سەدان رەفتاری وای نواندبێت، کە غەیری خۆپەسەندیی هیچیتری لێ نەفامراوەتەوە، ئەمیش لەو حاڵەدا گەورەبووەو ڕێساو داب و دیدی دایکوباوکی پێ پەسەندبووەو لە لای بوونەتە ڕاستی بێگومان و نەریتی نەگۆڕ.

ئیــتر ئەمــیش خۆپەســەندییەکەی لا بــۆتە، بەشــێک لە کەسـایەتییەکەی.. زۆرینەی خۆپەسەندان لێرەوە تووشی ئەم لاسەنگییەبوون.

ڕەنگە یەکێک لە حیکمەتی ئیسلام لە ئاڕاستەکردنی دایک وباوکاندا ئەمە بووبێت، کە دەبــێ دایــک وبــاوک زۆر پابەنــدیی دینەکەبن و، سەرڕاسـتانە لە خۆیانــدا بیچەســێپنن و بینــوێننەوە، چــونکە ئەوان نمــوونەی پێشــەوایەتی منداڵەکانیانن.. ئەوەی ئەم نموونەێتییەیان بۆ دەسـازێنێت و بـۆ دەپارێزێـت ئەو مەنهەجە خواییەی پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنە.

٢- مەدح و پێداهەڵدانی بەرەوڕوو بێڕەچاوکردنی ئادابی ئیسلامی: زۆر کەس هەن، کە بەرەوڕوی خۆیــان مەدح دەکــرێن لە ســنوور دەدەچــن.. زوو تووشــی خۆپەســەندیی دێــن و، وا بەخۆسەرسـام دەبــن دەڵێــی کەسـیتر وەکـو ئەوانــی نەکردووەو نەبووە!

ئەم کەسە لەوە بێئاگایە، کە ئەو مەدحکردنە ڕووبەڕووە،ی هەلێکی ڕەخساوە بۆ شەیتان، کە یەکسەر دەیقۆزێتەوەو دەکەوێتە دنەدانی هەست و هۆش و دەروونی ساویلکەی.

شەیتان دەچێتە کەللەی و پێیدەڵێت: ئەها، ئەو سیفەت و سیماو توانایەی لە تۆدا هەیە، لە کەسانی هاوشانتدا نەبوون.. دەبینیت تۆ چەند شایان و شیاو شایستەتری؟!

ئیتر ئەم دنەدانە بەردەوام ختووکەی نەفسی دەدات، تا تووشی خۆپەسەندییەکە دەبێت، خوا لاماندا.

دەشێت ئەمە یەکێک بێت لەو حیکیمەتانەی لە ئادابی ئیسلامییدا هەیە لەم بارەوە، کە مەدحکردنی خەڵکی لە بەرەوڕووی خۆیاندا چاک نییە.. ئەگەر زەرورییش بوو، دەبێت ڕەچاوی ئادابی ئیسلامی لەم بارەوە تێدا بکات، لەوانە:

ا- ناشێت مەدحکردنەکە لەسنووری شەرع دەربچێت و زێدەڕۆیی تێدابکرێت.

ب- دەبێ لە چوارچێوەی حەق دابێت و مەدحی ناهەقانە نەبێت.. وا پیاهەڵبدات، کە شایانی نییە.. بەوە مەدحی بکات، کە تێیدانییە.

ج- مەدحی کەسانێک بێت، کە مەترسی هەڕاڵبوون و خۆپەسەندنییان لێ دەکرێت، نەبادا لاسەنگ بین..

ئەگەر ئەم مەرجانە ڕەچاوکران، مەدحکردنەکەی پەسەنددەبێت، چونکە هاندانی دەبێت لەسەر خێرو چاکەکاریی، بۆ بەردەوامبوونی ئەوو چاولێکردنی خەڵکیتر لەو، دەشێت مەدحکردنی کەسێکی پارسەنگ بەو مەرجانە، بەرژەوەندییەکی کۆمەڵکاریی خێرخوازانەی تیدابێت، وەکو: ناساندنی پێشەوایانی شیاوو هاندانی خەڵکانیتر، لەسەر ئیقتیداپێکردنی و نیشاندانی نموونەی کێبرکێ، بەرامبەر نموونەی کەسایەتی کوفرو شیرک وجاهیلییەت..

(موجاهید) لە (ئەبومەعمەر)ەوە دەگێڕێتەوە :کە فەرمووی : (قَامَ رَجُلٌ يُثْنِي عَلَى أَمِيرٍ مِنْ الْأُمَرَاءِ فَجَعَلَ الْمِقْدَادُ يَحْثِي عَلَيْهِ التُّرَابَ وَقَالَ أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ نَحْثِيَ فِي وُجُوهِ الْمَدَّاحِينَ التُّرَابَ)[١].

واتە: کابرایەک لە کۆڕی ئەمیرێکدا هەستایە سەرپێ و کەوتە مەدحکردنی، (میقدادی کوڕی ئەسوەد) (یاوەرە خوا لێی رازیبێت) چنگێک خۆڵی بەدەموچاویدا کردو" فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمانیپێداوین: کە خۆڵ بکەین بەدەموچاوی مەدحکاراندا.

-(عبدالرحمانی کوڕی ئەبوبەکرە ) -خوا لێیان رازی بێت- لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە: (مَدَحَ رَجُلٌ رَجُلًا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ فَقَالَ وَيْحَكَ قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ مِرَارًا. إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ مَادِحًا صَاحِبَهُ لَا مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ أَحْسِبُ فُلَانًا وَاللَّهُ حَسِيبُهُ وَلَا أُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا أَحْسِبُهُ إِنْ كَانَ يَعْلَمُ ذَاكَ كَذَا وَكَذَا)[٢] .

واتە: کابرایەک لەکۆڕی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ئەرێ داماو گەردنی هاوڕێکەت بڕی (کابرات سەربڕیی)، چەند جارێکی ئەمە دووپاتکردەوە، پاشان فەرموی: ئەگەر کەسێکتان وای دی، کە هەر دەبێت مەدحی هاوڕێکەی بکات، با بڵێ: وا دەزانم فڵان کەس وایە، خواش دەیناسێت و من کەس بەسەر کەسناسیی خوای گەورەدا ناناسێنم، وا گومان دەبەم ،کە وا چاکە، یان ئاوایەو ئاوایە، ئەگەر ئەو سیفەتانەی تێدا دیبوو.

٣- هاوڕێیەتیکردنی خۆپەسەندان: دەشێت کەسێک لە هاوڕێیانی خۆپەسەندییەوە، تووشی ئەم نەخۆشیە بووبێت، مرۆڤیش ئاسان و زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هاوڕێکانیەوە، بەتایبەتی ئەو هاوڕێیانەی

---

[١] موسلیم (٣٠٠٢)، ئەبوداوود (٤٨٠٤). ترمذی (٢٣٩٣)، ئیبنوماجە (٣٧٤٢).
[٢] بوخاری (٥٧١٤)، موسلیم (٣٠٠٠).

کەسایەتیان بەهێزەو، چاوکراوەو خاوەن ئەزموونی ژیانن و، ئەمیش لە ئاستێکی کەمتردایەو زوو بەو جۆرە هاوڕێیانەی سەرسامدەبێت و، دەیەوێت کەسایەتیی خۆی وەکو ئەوان لێبکات.

حەزدەکات ئەوانە چۆنن ئەمیش وابێت، مادام ئەوان خۆپەسەندییان لا ئاسایی و سروشتییە، کەوابوو، لەمیش دەوەشێتەوە وا بێت!

ئا ئەمە یەکێکە لەحیکیمەتی هەڵبژاردنی هاوڕێی چاک لە ئیسلامدا، چونکە هاوڕێی خواویست هەمیشە هۆشی لە دینداریێتی خۆی و دڵسۆزی هاوڕێکانییەتی، هەر وەکو کە خۆی لە نەخۆشییەکانی دینداریی دەپارێزێت، ئامۆژگاری ئەوانیش دەکات، تا خۆیانی لێ بپارێزن.. لە باری نەخۆشیەکانیتردا زیاتر لەم خاڵەدواوین، بەتایبەتی لە (سستیی ولێچوونەوە)دا.

٤- چێژوەرگرتن لە نیعمەتەکان و فەرامۆشکردنی خوای بەخشەریان: موسوڵمانی خواناس و سەرڕاست هەمیشە هۆشی لای ئەوەیە :کە هەرچی نازو نیعمەتێکی هەیەتی، لە خوای تاکوپاکەوەیەو خاوەنی هەموو نیعمەتەکان خوای میهرەبان و بەخشندەن، کە نابێت مرۆڤی مەخلووق ئەوەندە سپڵەو بێ وەفابێت، ئەو هەموو چێژەی ژیانی هەبێت و، سوپاسگوزاریی بەخشەرەکەی نەبێت..

ئەمە خۆی هۆکارێکی سەرەکی خۆپەسەندییە، چونکە لە نەزانیی و نەفامێتییدا، یادی خوای گەورە ناکات، لە کاتێکدا ساتەکانی ژیانی و لەگەڵ هەر هەناسەیەکیدا، سەدان نیعمەتی بەسەردا دەڕژێت..

نیعمەتی ژیان وئیمان ، نیعمەتی هێزو تەندرووستیی، نیعمەتی زانین و هۆشیاریی ، نیعمەتی ڕێزو ناوداریی، نیعمەتی خێزان و ماڵ و کەسوکار، نیعمەتی دەسەڵات و سامان.. هەزاران هەزار نیعمەت، کە لە هەژمار نایەن!

ئەو کەسەی بەردەوام ئەو نیعمەتانە ناگێڕێتەوە بۆ خوای گەورەو، لە یادی خوا بێئاگادەبێت بەرامبەریان، زوو وا دەزانێت ئەنجامی زانست و تواناو رەنج و زیرەکی خۆیەتی..

ئا ئەم هەستە بەرەو خۆپەسەندیی قارونانەی دەبات، کە دەیووت: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾ القصص: ٧٨.

واتە: ئەم سەروەت و سامانەم، بە زانست و ڕەنج و هەوڵی خۆم پەیداکردووە..

ئەم هەستەش لە ناخدا، کە چەکەرەیکرد، گەشەدەکات و، ئیتر وای لێدێت دەستی خوای پەروەرگار نابینێت،کە هەڵسوڕێنەری کاروبارو دۆخێتی، سەرەنجام دەکەوێتە هەمان چارەنوسی قارونەوە: ﴿فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ﴾ القصص: ٨١.

واتە: خۆی و ماڵ و سامان و خانووبەرەیان بەزەویدا ڕۆبرد.

ئەم خۆپەسەندییە باتڵەیە، کە بەرەو هەڕاڵیی و لوتبەرزیی و هەواوفیزێتی دەبات.

ئەمە یەکێکە لەو خاڵە پەروەردەییانەی،کە ئیسلام سەرنجی شوێنکەوتووەکانی خۆی بۆ ڕادەکێشێت، کە هەمیشە هۆشیان لەوە بێت، کە هەر نیعمەتێکی هەمانە، خوای گەورە پێیداوین و مایەی تاقیکردنەوەمانن.

دەبێت بیرخەرەوەی سوپاسگوزاریی خوای خاوەنمان بن.. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِ﴾ النحل: ٥٣.

واتە: هەر نیعمەتێک، کە هەتانە، لە خوای گەورەوەیە.

﴿وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٧٨﴾ النحل: ٧٨.

واتە: خوای گەورە لە سکی دایکتانەوە دەریهێناون، بێئەوەی هیچ شتێک بزانن (هیچ شتێک! تەنانەت مەمک مژین و شیرخواردنەکەش).. خوای گەورە

ئامێری بیستن و دیتن و هزرو هۆشی پێبەخشیوون تا سوپاس و ستایشیبکەن.

﴿أَلَمْ تَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾ لقمان: ٢٠.

واتە: مەگەر نابینن، چۆن خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، چۆن بۆ ئێوەی دەستەبەرکردووەو نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا ڕشتوون: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم﴾ فاطر: ٣.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! هۆشتان لەیادی خوای گەورە بێت، کە چێژ لە نیعمەتەکانی وەردەگرن، لەوە دڵنیابن، کە کردگارێکیترتان ،جگە لە خوای گەورە نییە، تا ڕزق و ڕۆزیتان بدات.

لەم ڕوانگە ئیمانداریيەوەیە، کە موسوڵمان– بەیانیان و ئێواران – لە زیکری خوادا، ئەم دوعایە دەکات: (اللهُمَّ مَا أَصْبَحَ بي مِنْ نِعْمَةٍ أَوْ بِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِكَ، فَمِنْكَ وَحْدَكَ لَا شَرِيكَ لَكَ، فَلَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُّكْرُ)[1] .

واتە: خوایە، هەر نیعمەتێکی ڕاستەوخۆ خۆم دەستمکەوتووە، یان لە ڕێی یەکێک لە مەخلوقەکانی خۆتەوە دەستمکەوتووە، هەر لە تۆوەیە.. تۆ، کە هیچ هاوبەشێکت لە هیچ سیفەتێکدا نییە.. خوایە سوپاس و ستایش هەر بۆ تۆیە.

٥-دەرکەوتن و ئەمیرێتیی، پێش پێگەیشتن و پەروەردەبوون: ئەمەش هۆیەکی کاریگەرە لە تووشبوونی خۆپەسەندیدا، چونکە لەوانەیە شل و شێواویی کۆمەڵکارییەکەی، یان گوێنەدانی بەرپرسی ناوچەکەی بە ڕێساکانی

---

[1] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (أخرجه أبوداود في السنن ٣١٨/٤ رقم ٥٠٧٣) وأخرجه الإمام أحمد في المسند). ڕاستە. ئەبوداوود (٥٠٧٣)، نەسائی لە: الكبرى (٩٧٥٠)، بوخاری لە: (التاريخ الكبير/ ٤٤٣/٨)، بەیهیقی لە: (شعب الإيمان ٤٣٦٨). شێخی ئەلبانی( رحمەالله) لە توێژینەوەی فەرموودەکانی کتێبی (الكلم الطيب/ل٧٣ ژمارە ٢٦)ی ئیمامی ئیبنوتەیمییەدا (رحمەالله )دەفەرمووێ: زەعیفە.

ڕێکخستن، یان هاتنەپێشی باروودۆخی نوێ، کە لایەنگران زۆر دەبن و ئاسان (ئیستیعاب) ناکرێن، کۆمەڵکارییەکە لە ناچارییدا هەندێک لە ئەندامانی دەکاتە (واجیهە)و دەردەکەون، یان بەرزیاندەکاتەوە ،کە هێشتا بە تەواویی پەروەردەنەبوون.

ئەم دەرکەوتن و سەرکەوتنە پێشوەختە، دەبێتە هەلی ڕەخساوی شەیتان، کە دێتە بنکلێشەیان و خێراخێرا دنەیاندەدات: کە خۆ هەر لە خۆڕا نەکراویت بەبەرپرسی باڵا؟

حەتمەن دڵنیابوون، کە شیاوی ئاستەکەو شایستەی پلەکەو لایەقی دەرکەوتنیت، چونکە تۆش وەکو بەرپرسانیتر، خاوەن تواناو وزەو داهێنانی خۆتیت..

ئیتر خۆیان لێدەگۆڕێت و وا دەزانن حەقیقەتیش وایە، کە بە خەیاڵیاندا دێت، بەڵام لە ڕاستییدا، هێشتا کرچ و کاڵن و ماویانە پێبگەن.. بەڵام هەر تووشی خۆپەسەندییەکە دەبن، مەگەر هەر خوا لایانبدات.. دەبێ هەموو لایەک: تاک و کۆی کۆمەڵکارییەکە، هۆشیان لەم خاڵە مەترسیدارەبێت.

دەشێت یەکێک لە حیکمەتی پێگەیاندنی (کادیر) لە ئیسلامدا ئەمە بێت.. بۆیە لە قورئان و سوونەت سیرەی خەلیفەکانی راشیدییندا (خوا لێیان رازی بێت) بایەخدان بە خوێندن و شارەزابوونی دینەکە، پێش ئەمیرێتیی و پێشەوایەتیی هاتووە:

- خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾ التوبة: ١٢٢.

واتە: دەبێت لە هەر کۆمەڵە کەسێک (تیرەو هۆز، حزب و ناوچە) چەند کەسێکیان بۆ شارەزابوون لە دینەکە لێببڕێن، تا فێربن و لێی تێبگەن، بۆئەوەی کە پێگەیشتن ،وەکو: (داعی و مژدەدەرو هۆشدەر) بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵەکەی

خۆیان و ڕێیان نیشاندەن، تا حەق و باتڵ لێک جودابکەنەوەو، بەحەزەربن نەکەونە ناشەرعییەوە.

-هەروەها دەفەرمووێت: ﴿يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗاۗ﴾ البقرة: ٢٦٩.

واتە: خوای گەورە دانایی و پەیپێبرن دەبەخشێت بە هەر کەسێک ،کە خۆی بیەوێت، هەر کەسێکیش ئەم دانایی و پەیبردن (و هێزو توانای شیکاریی واقیعەکە)ی پێبەخشرابێت، ئەوە خێرێکی زۆری بەسەردا رژێنراوە.

-پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) (مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِـهِ خَـيْرًا يُفَقِّهْـهُ فِي الدِّينِ).[1]

واتە: هەر کەسێک خـوای گەورە بیەوێـت خێـرو چـاکەی بهێنێـتەڕێ، لە دینەکە شارەزای دەکات.

- سەیدنا عومەریش (خـوا لێـی رازی بێـت) دەفەرمووێـت: (تَفقَّهُـوا قَبْـلَ أن تُسَوَّدُوا).[2]

- واتە: زانست فێربن و شارەزای دینەکە ببن، پێش ئەوەی ببـنە بەرپـرس و ئاڕاستەوان، یان پێشەواو پێشڕەو.

- تا ئەو نەخۆشییانەی دینداریی و دیدوڕێی جاهیلیەت و، هێزی تاغوت و دنیاویستیی، تووشی هەڵدێران و لاڕێییتان نەکات.

---

[1] بوخاری (٧١)، موسلیم (١٠٣٧).

[2] نووسەری رەحمەتی نوسیویێتی:(بوخاری لە صەحیحەکەیدا/ كتاب العلم/ باب: الإغتبـاط في العلـم والحكمة ٢٨/١ تعليقا من حديث عمر بن الخطاب رضي الله عنه موقوفا عليه، وعقب عليه الحافظ ابـن حجر في فتح الباري ١٦٦/١ بقوله: أما أثر عمر فأخرجه ابن أبي شيبة وغيره من طريق محمـد بن سـيرين عن الأحنف بن قيس قال: قال عمر بن الخطاب... فذكره. وإسناده صحيح) راستە. بوخاری (٧٣). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (مختصر البخاری/ژمارە٥٥*دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٦- نەزانـــین، یـــان بێئاگـــابوون لە نەفســـی خـــۆی: هەر کەســـێک درک بە حەقیقەتی نەفسی خۆی نەکـات و پەی بە پـێچ و پەنـاو حـیلەو چەواشـەکاریی نەفســی نەبــات، یــان لێــی بێئاگابێــت، یــان گــوێینەداتێ، زۆرزوو تووشــی خۆپەسەندیی دەبێت..

ئەو کە بیر لەوە ناکاتەوە لە چی پەیدابووەو چۆن؟!!

لە دڵۆپەئاوێکی بۆگەن، کە دووجـار بە شـوێن میـزدا هـاتووە ، لەوەی پـــڕ کەلێن و کون و نوقسانییە، لەوەی نەزان و نەفام و کورتبینە، لەوەی، کە سبەی لاردەبێتەوەو دەمرێت، هەرچەند بەتواناو زەبەللاح بێت، میکرۆبێک (ڤایرۆسێک دەیدات بە زەویداو هەناسەی لەبەر دەبڕێت..

ئینجا بێهەست و مەست و بێکەس دەخرێتە گۆڕێکی تـاریکەوەو، دەبێـتەوە بە خۆڵ.. ناڵێت ئاخر ئەگەر بمرمم و، هەر ئەو ڕۆژە نەمنێژن، هەر خـوا دەزانێـت چۆن بۆگەن دەکەم!

کەســێک بیــر لە هــیچ لەمــانەی خــۆی نەکــاتەوە، دەشــێت زوو تووشــی خۆپەسەندیی ببێـت. یـان وا بزانێـت زۆر بەهێـزو زانـاو جـوان و دەوڵەمەنـــدو گرنگ و کاریگەرە!

شــەیتانیش زیــاتر فــوو بە لوتیــدا دەکــات و، تووشــی دەعــیەو هەواوفیزیــی دەکات.. ئـاوا بە خـۆی سەرسـام دەبێـت.. ئـاوا خـۆی پـێ گەورەتـر دەبێـت لەو کەسەی،کە ئامۆژگاریی دەکات!

ئەمە یەکـێکە لەو نهێنیـانەی ئاڕاسـتەی قورئـان، کە هەمیشـە مـاهییەتی نەفسی دەخاتەوە پێشچاو، بەردەوام ڕۆشنایی دەخاتەسـەر کەلـێن و درزەکـانی، کە شەیتان لێیانەوە دزەدەکاتە نـاوەوەو نەفـس هەڵـدەکوڵێت.. ئینجـا دەکەوێـتە ئاڕاستەی کوفرو شیرکی خۆی و ،لاوازکردنی دینداریی و زۆرکردنـی ئەم جـۆرە نەخۆشییە کوشندانەی نەفس.

خوای گەورە بەردەوام ماهییەتی مرۆڤ دەخاتەوە پێشچاوی، تا خۆ پەسەندو هەڕاڵ و لاساردەرنەچێت: دەفەرموویێت: ﴿ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٖ ۝٧ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ۝٨﴾ السجدة: ٧ — ٨.

واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە ،کە هەموو شتێکی بە چاکترین شێواز خەلقکردووە، مرۆڤیشی هەر لەسەرەتاوە لە قوڕ خەلقکرد، پاشان وەچەو زوڕییەتی مرۆڤ لە ئاوێکی سووک و بێنرخەوە زیادکرد.

-هەروەها ﴿أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ۝٢٠﴾ المرسلات: ٢٠.

چما لە ئاوێکی سووک و بێنرخ بەدیمان نەهێناون؟!

-هەروەها دەفەرموویێت: ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ۝١٧ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ۝١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ۝١٩ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ۝٢٠ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ ۝٢١﴾ عبس: ١٧ — ٢١.

واتە: هەی بە فەتارەت چێت ئەم مرۆڤە، چەند کافرو سپڵەیە! ئێ باشە خوای گەورە لە چی خەلقیکردووە؟! لە تنۆکەئاوێک خەلقیکردووەو هەموو شتێک، کە پەیوەستی بەوەوە بێت مەزندەی کردووە، پاشان ڕێی لەدایکبوون و هاتنەدنیای پێگرتۆتەبەرو بۆشی ئاسانکردووە، پاشان دەیمرێنێت و بە گۆڕێکی دەسپێرێت!

٧-بەناوبانگیی بنەماڵە: ئەمەشیان هۆکارێکی کاریگەرە، چونکە دەشێت خۆپەسەندەکە لە خێزان و تیرەو هۆزێکی بەناوبانگ بێت، باب وبابیرو خزمانی ناوداربن، ئەوە وا لەمیش دەکات،کە بە چاوی سەرسامیی و ڕازیبوونەوە لە خۆی بڕوانێت و تووشی خۆپەسەندیی ببێت!

وا دەزانێت ئەمیش هەر وەکو کەسوکارەکەی دەبێت ناودار دەرچێت! ئەوەش وایلێدەکات، بەحەق و باتڵەوە هەوڵ بۆ ئەوە بدات.. لەوە بێئاگادەبێت، کە ئەسڵ و فەسڵ ونەسەبی باب وباپیران هیچ کاریگەرییەکیان لە پێوەری دینداریيدا نییە، چاکێتیی مرۆڤ موسوڵمان بە ئەندازەی خواناسیی وخواویستیی و

دینـدارێتیی خـۆیەوە بەنـدە، بە خواپەرسـتیی و بەئەدەبێتیـی و رەوشـتبەرزیی خۆیەوە پەیوەستە.

لەوانەیە یەکێک لە حیکمەتەکانی ئاڕاستەی قورئان لە پەروەردەکردندا ئەوەبێت: کە تەرکیزدەکاتە سەر ڕەنج و کاروکردوەی موسوڵمان خۆی، دوور لە نەسەب و ڕەچەڵەکیی.

لاوەکیش پێی دەفەرمووێ :کە رەچەڵەک لە قیامەتدا هیچ دادێک نادات ، بۆیە دەبنیت بە {لا النافیة للجنس} دەفەرموویت: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ١٠١﴾ المؤمنون: ١٠١.

واتە: کە فووکرا بە کەڕەنادا (نەفخی سور) ئیتر بەهیچ کلۆجێک، هیچ جۆرە نەسەبێک: خزمایەتیی و پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نامێنێت و، لەبەر بەخۆوە مەشغول بوونیان، کەسیان لە کەسوکاری ناپرسێت و، ئەوانیش پرسیار لەم ناکەن و هەواڵی یەکتر ناپرسن.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ١٢٣ وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ نَقِيرٗا ١٢٤﴾ النساء: ١٢٣ – ١٢٤.

واتە: خۆ بە هیواخوازیی خۆتان و هیواخوازیی ئەهلی کیتاب نابێت، هەر کەسێک خراپەیەک بکات لەسەریی سزادەدرێت ، ئەو کاتە خۆ غەیری خوای گەورە، هیچ یەکێک نابێت بە بەرگرییوان و پشتیوان، هەر کەسێکیش کارێکی چاکە بکات: نێرینە بێت یان مێینە _ مادام موسوڵمانە _ ئەوانە بەهەشتیین و بەقەدەر ئەو دەزوولەیەی بە ناوکی خورماوەیە ناهەقییان لێناکرێت.

-پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم)، کە ئەم ئایەتەی بۆ هاتەخوارەوە﴿وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ٢١٤﴾ الشعراء: ٢١٤.

واتە: خزمانی نزیکی خۆت بانگهێشتی ئیسلام بکەو هۆشدارییان بدەرێ ،کە

چارەنوسیان سەخت دەبێت، ئەگەر موسوڵمان نەبن.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕووی پاکی کردە تیرەو هۆزەکەی و فەرمووی: (يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ اشْتَرَوا أَنْفُسَكُمْ، لاَ أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ لاَ أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، يَا عَبَّاسُ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ لاَ أُغْنِي عَنْكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، وَيَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللَّهِ لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، وَيَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَلِينِي مَا شِئْتِ مِنْ مَالِي لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا )[(١)]

واتە: هۆ هۆزی قورەیش، خۆتان لەخوای گەورە بکڕنەوە (بەڕەنجی دینداریی خۆتان، لێخۆشبوونی خوای گەورە بەدەستبهێنن) من لەلای خوای گەورە، هیچ دادێکتان نادەم، هۆ بەرەبابی عەبدولموطەلیب! من هیچ دادێکتان لای خوای گەورە نادەم.

هۆ عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب! من هیچ دادێکت لای خوای گەورە نادەم.

هۆ سەفییەی پوری پێغەمبەری خوا ! من هیچ دادێکت لای خوای گەورە نادەم.

هۆ فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا ! هەر پرسیارێکت هەیە حەزدەکەیت لێمبپرسیت، بپرسە، چونکە هیچ دادێکت لای خوای گەورە نادەم.

٨- زیدەڕۆیی لەڕێزگرتندا: کاتێک کەسایەتییەکی ئیسلامی، کۆمەڵکارێکی ناودار، بەرپرسێك، پێشڕەوێک، جێ ڕێزو جێمتمانەی موسڵمانان دەبێت و دەستی بۆ بەسینەوە دەگرن و، حەزدەکەن خزمەتی بگەن، کە ڕێزی زۆر لێدەگرن و دێنە خزمەتیی و زێدەڕۆیانە (بچووکیی) بۆ دەردەبڕن و، بەقوربان و بەساقەی دەبن _کە بە لای شەرعەوە پەسەندنییە- یان لە حزورییدا ڕادەوەستن و دانانیشن، یان دەستی ماچ دەکەن و بۆی دەنوشتێنەوە!

یان لەسەرئەژنۆ لەحزوریدا دادەنیشن و، کە ڕۆیشت لە دوایەوە دەڕۆن!

---

(١) بوخاری (٢٧٥٣)، موسلیم (٢٠٦).

هەموو ئەمانە _کە شەرع زۆریان ڕەتدەکاتەوە_ کەسەکە بەرەو خۆپەسەندیی دەبەن!

مەگەر خوای گەورە بەلوتفی خۆی پاراستبێتی و، ئاستێکی باشی پەروەردەی خواویستی بووبێت، چونکە هەموو ئەم دیدو ڕەفتارانەی خەڵکی دەروروبەر بەرامبەریی وا لە ناخی دەچەسپێنن: کە لەبەرئەوەیە ئەم، پیاوی چاکە، زانایە، داعیە، بەرپرسە، پێشەوایە، خاوەن تواناووزەو پلەوپایەیەکی تایبەتەو، شایانی ئەو ڕێزو زێدەقەدرەیە!

ئەم ڕەفتارانەو ئەو غایلەو ختورە هەستەی دڵ و دەروون و فاکوفیکی شەیتان، هەموو وا دەکەن (نەفس)ی کابرا بۆ خۆپەسەندیی هەڵنێن.. لەبەرئەمەیە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو: (مَنْ أَحَبَّ أَنْ يَمْثُلَ لَهُ الرِّجَالُ قِيَامًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ).[1]

واتە: هەر کەسێک حەزیکرد پیاوان لەحزووریدا بەپێوە لەخزمەتیدا بن، با شوێنی خۆی لەئاگری دۆزەخدا سازبکات .. واتە: جێگەی دۆزەخ دەبێت.

-پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێک، کە تەشریفی بردە ناو یاوەرانەوە، دارعاسایەکی بەدەستەوە بوو، یاوەران هەموو هەستان و بەرەوپیریی هاتن، جەنابیشی فێریکردن، کە لەبەری هەڵنەستن. فەرمووی: (لَا تَقُومُوا كَمَا تَقُومُ الْأَعَاجِمُ يُعَظِّمُ بَعْضُهَا بَعْضًا).[2]

---

[1] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (أخرجه ابوداود في السنن: كتاب الأدب: باب في قيام الرجل للرجل ٣٥٨/٤ برقم٥٢٢٩ من حديث معاوية مرفوعا به). ڕاستە. ئەبوداوود (٥٢٢٩)، ئەحمەد (١٦٨٣٠)، ترمذی (٢٧٥٥)بە لەفزی: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَتَمَثَّلَ لَهُ الرِّجَالُ قِيَامًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ) شێخی ئەلبانی (رحمەالله) لە (مشكاة المصابيح/ ٤٦٩٩)دا بە سەحیحی داناوە.

[2] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (أخرجه ابوداود في السنن: كتاب الأدب: باب في قيام الرجل للرجل ٣٥٨/٤ برقم٥٢٣٠ من حديث أبي أمامة مرفوعا به). ڕاستە. ئەبوداوود (٥٢٣٠)، ئەحمەد (٢١٦٧٧)، ئیبنوماجە (٣٨٣٦) بەڵام بە لەفزی (اليهود) لە جیاتی: (الأعاجم). ئەلبانی ڕحمەاللە لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة/٣٤٦)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

واتە: لەبەر یەکتری وا هەڵمەستن، کە فارسەکان لەبەر یەکتریی هەڵدەستن، هەندێکیان هەندێکی تریان بەمەزن دادەنێن[1].

٩-زێدەڕۆیی لە گـوێڕایەڵیی وملکەچییـدا: ئەمە زۆرجـار لە کۆمەڵکارییـدا ڕوودەدات و دەبێتە مایەی خۆپەسەندیی بەرپرسـان و پلەداران، بەتـایبەتی، کە دەبیـنن ئەنـدامانی خوارخۆیـان ڕێـزو خۆشەویسـتییەکی زۆرو گـوێڕایەڵیی و ملکەچییەکی لە ڕادەبەدەریان بۆ دەردەبڕن!

ئەمە دژوارە.. هەڵەیەکی مل شکێنە، لەگەڵ مەنهەجی خواییدا ناگونجێت..

بەڵـێ، ڕێـزو خۆشەویسـتیی و گـوێڕایەڵیی، زەرووەتـی کۆمەڵکـاریی سەرکەوتووە، بەڵام نابێت کۆمەڵکار ئەوە فەرامۆشبکات ،کە ئەسڵ ئەوەیە: ئەو ملکەچێتیی بۆ فەرمانەکەی دەربڕیوو، ناشێت ملکەچیـیەکە بەحەق و باتـڵ بـۆ بەرپرسەکەی دەرببڕێت..

ڕاستە کۆمەڵکار دەبێت سەربازێکی سەرڕاست و دڵسۆزو گوێڕایەڵ بێـت، بەڵام ناشـێت فەرمـانی بەرپرسـەکەی لە ناحەقیشـدا ،هەر وەربگرێـت و جێبەجێیبکات..

---

[1] عەللامە موبارەکفووریی رحمەالله لە (تحفة الأحوذي) کە شەرحی (سنن الترمذی)یە دەربـارەی ئەم جۆرە هەستانە دەفەرموێ: هەستان لەبەر خەڵکی چوار جۆرە:

١_ حەڕام: ئەوەیە ،کە کەسەکە حەز دەکات لەبەری هەستن، چونکە خۆی بەگەورەتر لەوان دەزانێـت.

٢_ مەکروهـ: ئەمە بـۆ کەسـێکە، کە سڵ لەوە بکـرێتەوە، کە دڵـی بـۆی بشـنێت و حەزبکـات لەبەر هەستن، نابێت هاوکاریی حەزی ئەم کەسە بن.

٣ـ جائیز: ئەمە بۆ ڕێزلێنـانی کەسێکە ،کە دڵنیـان لەوەی هەسـتان و هەڵنەسـتانە،کە هیچـی لە دڵـدا دروستناکات.

٤_ پەسەند: بۆ ئەو کەسەیە ،کە لەسەفەر هاتۆتەوەو دەچنە پێشوازییکردنی..

ئیمامـی غەززالـیش دەفەرمـووێ: بـۆ دەربڕینـی بە گەورەو مەزن دانـانی بێـت، حەرامە، ئەگەر بـۆ دەربڕینی ڕێزلێگرتنی بێت شیاوە. ئیمامی ئیبنوحەجەریش لاینگیریی ئەم پۆلێنکردنەی ئیمامی غەززالی کردووە.

ئەوە ملکەچیی کوێرانەی جاهیلییە.. ئەم ملکەچییە کوێرانەیە، دەبێتە مایەی خۆپەسەندیی بەرپرسەکانی کۆمەڵکاریی.. چونکە وادەزانن ئەم ڕێزو گوێڕایەڵیی و ملکەچێتییەی بۆیان دەردەبڕێت، لەبەر کەسایەتییەکانی خۆیانە..

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە :کە گوێڕایەڵیی وملکەچیی لە کاری خێردایە، ئەگەرچی کۆمەڵکارەکە پێشی خۆشنەبێت، چونکە گوێڕایەڵیی (سمع وطاعه) دەبێ لەخۆشیی و ناخۆشییدابێت..

ئەوەش پارسەنگ ڕاگرتنی دیدو هەڵوێست دەخوازێت، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: (السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ مَا لَمْ يُؤْمَرْ بِمَعْصِيَةٍ فَإِذَا أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلاَ سَمْعَ وَلاَ طَاعَةَ ).[١] واتە: گوێڕایەڵیی و ملکەچیی ئەمیر لەسەر موسوڵمان فەرزە، لەو دیدو هەڵوێستانەدا، کە پێیخۆشن و لەوانەشدا، کە پێیناخۆشن، مەگەر فەرمانی گوناحکردنێکی پێبدەن، ئەو کاتە ئیتر گوێڕایەڵیی و ملکەچێتیی ناکات.

١٠- بێئاگابوون لە ئاسەوارو چارەنووسی خۆپەسەندیی: دەشێت ئەمیش هۆکارێکی سەرەکی بێت، یان لەگەڵ هۆکارەسەرەکیەکاندا بێت، چونکە کاتێک کەسێک سزاو چارەنووسی هەڵوێستێکی هەڵە نازانێت، یان بێئاگا دەبێت لێی، یان هۆشی لێی نامێنێت و فەرمۆشیدەکات، جورئەتی گوناحکردنەکەی زیاتر لا درووستدەبێت ، بە هەڵەی دەزانێت، بەڵام گوێ بە سزاو چارەنووسی نادات..

ئا ئەم بێئاگاییە دەشێت هۆی خۆپەسەندیی هەندێک لە کۆمەڵکاران بێت.. دەشێت کۆمەڵکارێک، بەرپرسێک، ئەمیرێک زۆر لا نەکات بە لای ئەم هۆکارەی خۆپەسەندییەوە، چونکە وا دەزانێت نەچۆتە ڕیزی خۆپەسەندان و هێشتا لە تەنکاوییدایە! بۆیە زۆر گوێییناداتێ!

---

[١] بوخاری (٦٧٢٥)، موسلیم (١٨٣٩).

هەر وەکو، کە کەسێک تووشی نەخۆشییەکی گران ببێت و، ئاسەوارەکەی وەکو هەڵامەت و گەروو وشکبوون لێدەرکەوێت، بەڵام چونکە نەزانە، سادە دەڕوانێتە نیشانەی نەخۆشییەکەی، بەڵام کە پزیشکێک باسی دژواریی نەخۆشییەکەی بۆ دەکات، ئینجا دەکەوێتە پشێویی و لەخەمی چارەسەردا دەبێت..

ئەم نەخۆشیانەی دینداریش وان.. بۆیە دژوارن.. دەشێت نەخۆشبین و هەست بە خۆمان نەکەین، دەشێت نەخۆشیەکەمان لێ سەختبووبێت و، هەر وا بزانین هێشتا سووکە! (ئێمە هەموومان پێویستیمان بە هەڵوێستەکردنی بەردەوامە لە بەرامبەر هەر یەکێک لەم نەخۆشیانەی دینداریيدا، کە لە حەفتا نەخۆشی زیاترن!).

چارەسەری هەر هەمووشیان، بۆ خواساغبوونەوەو لێبڕانە بۆ بانگەوازو بزاڤ و جیهاد.. لە پابەندیی سەرڕاستیماندایە بەدینەکەمانەوە.. چونکە تا ئێمە سەرڕاستانە بە دینەکەوە پابەندبین، خوای میهرەبان و چاودێریش دەمانگرێتەخۆی.

**سێیەم: ئاسەوارەکانی خۆپەسەندیی:**

**ا-لەسەر تاکەکانی کۆمەڵکارییەکە:**

١-بوون بەداوی هەڕاڵیی و لووتبەرزییەوە: ئەمە یەکەمین ئاسەواری خراپە، کە تووشی خۆپەسەند دەبێت، چونکە خۆپەسەند لە دەوری خۆی دەگەڕێت، ئینجا هەڕاڵ (مەغرور) دەبێت، بە تایبەتی، کە باس و مەدحی خۆی دەبیستێتەوە، کە بە گرنگ و کاریگەر وەسفیدەکەن ، ئەمە وای لێدەکات خۆی بیربچێتەوە!

بە پەروەردەو ئاڕاستەی خەڵکییەوە خەریکدەبێت، بەڵام ئاوڕێک لە خۆی ناداتەوەو جارێک موحاسەبەی خۆی ناکات، کە بۆچی خۆم ئیهمالکردووە!

هەر ئەم هەڕاڵییەشێتی، کە سەر دەکێشیت بۆ لوتبەرزیی و هەواوفیزیی، کە

وای لێدێت هەر چەند ئامۆژگاریی بکرێت، نەیگرێتە گوێ و بە پێچەوانەشەوە ئەوەندە خۆی پێپەسەند بێت، کە وا بزانێت ئەو ئامۆژگاریانە ناشێت ئەوی پێ ئاراستەبکەن ، چونکە ئەم لەو قۆناغە تێپەڕیووە!!

ئەمەش وای لێدەکات خۆبەگەورەتر لەوانە بزانێت ئامۆژگاریی دەکەن، ئێ لووتبەرزیی (تەکەببور)یش ئائەمەیە، کە دواتر لە شوێنی خۆیدا بۆت دەردەکەوێت: کە چەند کوشندەیەو چۆن خەرمانی تەمەن بەبادا دەدات! .. خوالاماندا لێی.

٢- مەحرومبوون لە مەدەدی خوایی و یارمەتیدانی: چونکە خۆپەسەند وای لێدێت لە سەرکەوتنی خۆی و، پاراستنی ناوو دەرکەوتنییدا هەر ئیعتیماد دەکاتە سەر توانای خۆی و، ئەوانەی خۆپەسەندیی تێداگەشە پێدەدەن..

ئەوەش خوای گەورەی لە بیردەباتەوە.. کەم ڕوودەکاتەوە خوای کردگارو پەروەردگارو چاودێرو سەرپەرشت و بەخشەری نیعمەتە ئاشکراو شاراوەکانی!!

چارەنووسی کەسی وا، بەدڵنیاییەوە تاک کەوتن و پەڕیدەبوونە.. مەحرومبوونە لە ڕەحمەت و بەزەیی و مەدەدی خوایی.. لە لایەنگیریی و پشتیوانییکردنی خوایی..

ڕێسای خواویستیش ئەوەیە: کە خوای گەورە یارمەتیدەری کەسانێک نابێت، کە نیەت پیسن و کار بۆ خوای تاکوپاک ناکەن و دینەکەی (ئیستیغلال) دەکەن..

خوای گەورە پشتیوانی لە کەسێک ناکات، کە بەدەم بانگەوازی شەیتانەوە ڕۆیشتووە.. چونکە خوای تاک وپاک بە لوتفی خۆی ئەوەی لەسەرخۆی داناوە، کە ئیماندارانی سەرڕاست و چاک سەردەخات ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾﴾ غافر: ٥١.

واتە: بە تەئکيید ئێمە نێرراوانی خۆمان و ئەو کەسانە سەردەخەین، کە

باوەڕیان هێناوە، هەم لە ژیانی دنیاداو هەم لە ڕۆژی قیامەتدا.. ئەوە بەڵێنی خوای زاناو داناو بەتوانایەو، حەتمەن بەڵێنەکەشی دێنێتەدیی.

هەروەها لە باسی مەددەدی خواویستاندا دەفەرموویێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا﴾ العنكبوت: ٦٩.

واتە: ئەو کەسانەی لە ڕێی ئێمەدا جیهاد دەکەن، ئێمە هیدایەتیاندەدەین، ڕێی خۆمانیان نیشاندەدەین، هەر وەکو، کە لە فەرموودەی قودسییدا دەفەرموویێت: (مَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ).[1]

واتە: عەبدی خۆم بەردەوام بە کردنی سوننەتەکان لێم نزیکدەبێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی خۆشمبوێت، کە خۆشمویست، ئامێری بیستنی ئاڕاستەدەکەم، تا بە من (لەبەرخاتری من) ببیستێت، دیتنی ئاڕاستەدەکەم، تا بەمن ببینێت، دەستی ئاڕاستەدەکەم، تا بە من بیوەشێنێت، پێی ئاڕاستەدەکەم، تا بە ویستی من و لەبەرخاتری من پێهەڵهێنێتەوە..

ئەگەر داوای شتێکم لێبکات بەتەئکید پێیدەبەخشم، ئەگەر پەنا بۆ من بهێنێت، بەتەئکید پەنای دەدەم و ئەمانی دەدەمێ.

٣-ورەبەردانی لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ناڕەحەتییدا: ئەو کەسانەی زۆر لە خۆپەسەندییدا ڕۆچوون، هەر لە دەستپێکی تەنگـژەو ناڕەحەتیانەوە ورە بەردەدەن و دەڕوخێن، چونکە پێشتر پاڵفتەی دەروونی خۆیان باش نەکردووەو، دڵیان بەخۆشەویستی دیداریی خوای گەورە گوشاد نەبووەو، هزریان

[1] بوخاری (٦٥٠٢)، موسلیم (١٦٦٩).

بەشوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دانەمەزراوەو، ویژدانیان بە ئەرکی بانگەوازو جوامێریی کۆمەڵکاریی و جیهاد گۆشنەکردووە!

ئەوانە نەیانزانیوە بۆچی دەژین؟!

ڕاستە کابرا موسوڵمانبووەو ڕواڵەتی ئیسلامەتی پێوەبووە، بەڵام ئیسلام شتێکی جەوهەریی ژیانی نەبووە، لەبەر تەوافکردنی بەدەوری زاتی خۆیدا نەپەرژاوەتە سەر قایم داکوتایی (ئیمان)و پەلوپۆهاویشتنی دینداریی..

ئەم خۆپەسەندە لە ئیسراحەت و خۆشیی و جادەی پاندا، خوای بە تەواویی نەناسیووە، تا لە تەنگژەو نارەحەتییدا ڕاست و ڕەوا بیناسێت و، ڕووی تێبکات و ئەویش داڵدەی بدات..

ئەو بەڕاستیی و سەرڕاستانە وەل خوای گەورەدا نەبووە، تا خوای گەورەش لەو کاتی داماوییەیدا وەلییدابێت و بەهانایەوەبێت.. خـوای گەورە وەل پیاوچاک و خێرەومەندو چاکسازاندایە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨ ﴾ النحل: ١٢٨.

واتە: هەروەها: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾ العنكبوت: ٦٩-كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری (ئیبنوعەبباس)ی کرد (خوا لێیان رازی) بێت، پێیفەرموو: (احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظْ اللَّهَ تَجِدْهُ أَمَامَكَ تَعَرَّفْ إِلَيْهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ).[1]

واتە: تۆ خوای گەورە بپارێزە {بەپەرستن سەرڕاستانەو پابەندبوون بەشەرعەکەیەوە} دەبینیت هەمیشە وا لەپێشت، تۆ لەکاتی خۆشیدا خوا بناسە، ئەو لەکاتی ناخۆشیدا دەتناسێت و بەهاناتەوە دێت.

---

[1] نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیووە: (الحديث أخرجه الإمام أحمد في المسند). راستە. ئەحمەد (٢٨٠٢)، ترمذی (٢٥١٦)، ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع الصغير/٧٩٥٧)دا بە سەحیحی داناوە.

٤-دوورکەوتنەوە لە خەڵکانی چاک و حەزنەکردن لە دیداریان: خۆپەسەند، کە خۆی دوورەپەرێزدەگرێت لە ئامۆژگارو ئاڕاستەوانانی خواویستیی، کە حەز بە کۆڕو دیداریان ناکات، کە لەبەر بەخۆسەرسامبوونی و لەدەوری خۆگەڕانی، کەم ڕووی لە خوای تاک وپاکە!

سەرەنجامی ئەمە، خەڵکیش حەز لە چارەی ناکەن، چونکە خوای گەورە خۆشەویستی عەبدی چاک و خواویست، دەخاتە دڵی خەڵکییەوە.

ئەوی ئیمانداری چاکە، خوای گەورە وا دەکات، هەموو کەسێک خۆشیبوێت،وەک دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ٩٦﴾ مريم: ٩٦.

خۆپەسەندیش، کە خوای گەورە وەلیکردووەو داوێتیە دەست نەفسی خۆی، ئەم خۆشەویستییەی لەدەستداوە.. خەڵکی، نەک هەر خۆشیان ناوێت، دەشیبوغزێنن! حەز ناکەن هاتوچۆی بکەن، حەزیان لە کۆڕی نیە، حەز بە دیداریی ناکەن و لە ڕەفتاری بێزارن.

پێغەمبەری پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: (إِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ عَبْدًا دَعَا جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلامُ ، فَقَالَ : إِنِي أُحِبُّ فُلانًا فَأَحِبَّهُ ، قَالَ : فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ ، ثُمَّ يُنَادِي فِي أَهْلِ السَّمَاءِ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُحِبُّ فُلانًا فَأَحِبُّوهُ ، قَالَ : فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ، ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِي الأَرْضِ ، وَإِذَا أَبْغَضَ عَبْدًا دَعَا جِبْرِيلَ فَقَالَ : إِنِي أُبْغِضُ فُلانًا ، فَأَبْغِضْهُ ، فَيُبْغِضُهُ جِبْرِيلُ ، ثُمَّ يُنَادِي فِي أَهْلِ السَّمَاءِ ، إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُبْغِضُ فُلانًا فَأَبْغِضُوهُ فَيُبْغِضُوهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ثُمَّ تُوضَعُ لَهُ الْبَغْضَاءُ فِي أَهْلِ الأَرْضِ).[1]

---

[1] بوخاری (٢٩٨٩)، موسليم (٤٧٧٩).

واته : کاتێک خوای گەورە عەبدێکی خۆشدەوێت، جیبریل (جوبرائیل علیه السلام) بانگدەکات و پێی دەفەرمووێت: من فلاّن کەسم خۆشدەوێت، تۆیش خۆشتبوێت، دەفەرمووێت: ئینجا (جیبریل)یش خۆشیدەوێت، پاشان لە ئاسمانەکاندا جاڕدەدرێ: کە خوای گەورە فلاّنی خۆشدەوێت، ئێوەش خۆشتانبوێت، ئیتر هەموو دانیشتوانی ئاسمان خۆشیاندەوێت، پاشان خۆشەویستییەکەی (قبولّبوونی لای خوای) بە زەمیندا بلاّودەبێتەوە ..

کاتێک خوای گەورە عەبدێک دەبوغزێنێت، جیبریل بانگدەکات و پێیدەفەرمووێت: کە من فلاّن کەسم دەبوغزێنم، تۆش بیبوغزێنە، دەفەرمووێت: ئیتر (جبیریل)یش دەیبوغزێنێت، پاشان بە ئاسمانەکاندا جاڕدەدرێ، کە خوای گەورە فلاّنکەس دەبوغزێنێت و چارەی ناوێت، ئێوەیش بیبوغزێنن و چارەیتان نەوێت، ئیتر ئەوانیش دەیبوغزێنن، پاشان بوغزاندنەکەی بە دانیشتوانی سەرزەمیندا بلاّودەبێتەوە.

**٥-کەوتنەبەر تۆڵەو سزای خوای گەورە:** خۆپەسەند درەنگ یان زوو هەر دەکەوێتە بەر سزای خوای گەورە.. خوای گەورە ناهێڵێت بەسەریەوە بچێت و، حەتمەن تۆڵەی خۆی لێدەستێنێت، چونکە خۆپەسەند ڕۆژانە بە ڕەفتاری ناپەسەندی خۆی، خوای گەورە لە خۆی دەرەنجێنێت، داماویش ئەو کەسەیە، کە خوای مهیرەبانی لێ دەڕەنجێت، چونکە هەر دەکەوێتە بەر زەبری خوایی.. درەنگ، یان زوو تۆڵەی لێدەستێنێت.

چارەنووسی ئەمیش، هەر وەکو چارەنووسی ئەو هەزاران خۆپەسەندو ملهوڕانە دەبێت، کە لە خوا یاخیی دەبوون و نەیاندەویست لەسەر سوونەت و سییرەی پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام )پەروەردەبین..

سزاو زەبری خوای گەورە چەندەها جۆرە.. دەشێت پشێویی و ئاڵۆزیی دەروونیی بێت، دەشێت خەمۆکیی و بەرچاوتاریکیی بێت، دەشێت

دووچاربوونی نەخۆشیی و کەندوکۆسپ بێت، تا بگەڕێتەوە. هەر وەکو، کە دەشێت سەر بەفەتارە تچوونی بێت.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) باسی کەسێک دەگێڕێتەوە، کە چۆن سەرەنجامی خۆپەسەندیی و هەڕاڵیی خوای گەورە بە ناخی زەوییدا بردیەخوارەوە، دەفەرموویێت: (بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي فِي حُلَّةٍ تُعْجِبُهُ نَفْسُهُ مُرَجِّلٌ جُمَّتَهُ إِذْ خَسَفَ الله بِهِ، فَهُوَ يَتَجَلْجَلُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ).[1]

واتە: کابرایەکی خۆپەسەند بە پۆشاکێکی ئاڵوالاوە ،کە زۆر پێی سەرسامبوو دەڕۆیشت!.. قژی شانەکردبوو، تا ناوشانی بەریدابۆوە، ئا لەو کاتەدا خوای گەورە بەناخی زەویدا ڕۆی برد، کە هەتا ڕۆژی قیامەت، هەر دەنگی ڕۆچوونەکەی دێت.

ب-ئاسەواری خۆپەسەندیی لەسەرخودی کۆمەڵکارییەکە:

١-ئاسان دزەکردنی دوژمن بۆ ناو ڕیزەکانی: ئەمەش ڕێ خۆشدەکات بۆ بندڕکردن و هەڵتەکاندنی هەموو کۆمەڵکارییەکە، یان لانی کەم دەستێوەردان و ڕێگۆڕین و لادان لە ئامانج..

ڕاستکردنەوەی ئەوش، ڕەنجی چەندین بەرابەری پێشووتری دەوێت، کاتی زۆرتری دەوێت، ئەمە جگە لە ورەبەردانی هەندێک و ساردبوونەوەی هەندێکیترو ڕەخنەو گلەیی و گازاندەی هەندێکیتر..

خۆپەسەند لەم حاڵەتانەدا خۆی دەکشێنێتەوەو نایەوێت -ئەگەر بتوانێت ناهێڵێت- بەرپرسێتی بکەوێتەسەر! هەموو کۆمەڵکارییەکی جیددیی دەبێت زوو خۆپەسەندان هەڵاوێرێت و، نەهێڵێت سەرکەونە ئاستی بەرپرسێتی، چونکە

---

[1] بوخاری (٥٤٧٦)، موسلیم (٢٠٨٨).

ئەوانە وێڵی دوای خۆیانن، عاشقی کەسایەتی خۆیانن، ئەوەندەی خەمی خۆیانە نیوئەوەندە خەمی کۆمەڵکارییەکەیان نییە.

لەگەڵ یەکەمین گورز، کە بەر پەیکەری کۆمەڵکارییەکە دەکەوێت، ئەمانە دەترازێن و هەڵدێن.. ئەوانەش، کە پێیانەوە پەیوەستبوون، یان دەرکەوتوون، سەرلێشێواودەمێنن، چونکە خۆپەسەندیی ئەمیریان کۆمەڵێک ڕەخنە لەدوای خۆی جێدەهێڵێت، کە گوایە زۆری ئامۆژگارییکردین و، ئێمە بەگوێمان نەکرد، بۆیە ئەو ئەنجامەمان هاتەڕێ!!

٢-تەرەبوونی ئەندامان و کەسب نەکردنی لایەنگرانی نوێ: چونکە ئەوانەی نزیکی کۆمەڵکارییەکەن و ئەو خۆپەسەندە زۆر دەبینن، وا دەزانن هەموو پەیکەری ڕێکخستنەکە کەڵەکەبەردەو لە خڕەبەردی خۆپەسەند درووستبووە، خەڵکی دیندارو سەرڕاستیش حەزی لە خۆپەسەندو قسەزل و خۆهەڵکێش نییە، حەزی لە کەسانی خواویست و لێزان و جوامێرو بەهمیمەتە.

دڵنیاشە خۆپەسەند کەلێنەو، خواویستی جوامێریش بناغەو بەردی گۆشەیە. هەر کۆمەڵکارییەک خۆپەسەندان بوونە (واجیهە)ی، چ جای ئاڕاستەوان و سەرکردایەتی، زۆر زەحمەتە، نەک هەر ناچێتەپێش، بەڵکو لە ئاستی خۆشیدا ناوەستێت و دێتەوە دواوە.

**چوارەم: نیشانەکانی خۆپەسەندیی:**

١-خۆبەباشزانین: زەقترین نیشانەی خۆپەسەند ئەوەیە: کە لە هەموو سیفەت و رەفتارێکدا، خۆی بەباشتر دەزانێت، بەردەوام مەدحی خۆی دەکات و گرنگیی و وەسفی خۆی دەکات..

موسوڵمانی دیندار دوورە لەمە، چونکە دڵنیایە، کە ئەو نازانێت کێ باشە، ئەوە هەر خوای زاناو دانا دەزانێت، کە دەفەرمووێت: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ٣٢﴾ النجم: ٣٢.

واتە: تەزکییەی خۆتان مەکەن، کە گوایە زۆر چاکن، هەر خوای گەورە خۆی دەزانێت، کێ دینادری سەرڕاست و تەقواکارە.

٢-گوێنەدان بە ئامۆژگارییکردنی: ئەمەش نیشانەیەکیتری خۆپەسەندییە، کە گەیشتۆتە هەڕاڵیی و لووتبەرزیی، هەر چەند خۆپەسەند ئامۆژگاریی بکرێت، هەر دەڵێ (دەزانم) و گوێ بەقسەی کەس نادات، لە کاتێکدا ئامۆژگارییکردن و وەرگرتن سیفەتێکی ئاوێنەیی موسوڵمانە، هیچ موسوڵمانێک بێ ئامۆژگارییکردن پێناگات،کۆمەڵکارانێک ئامۆژگاریی یەکتریی وەرنەگرن، زۆر زوو پەرتەوازەدەبن.

٣-خۆشحاڵبوون بە بیستنی کەموکورتی کەسانیتر، بە تایبەتی هاوشانانی خۆی: کە لە کێبڕکێدایە لەگەڵیاندا!

( فوزەیلی کوڕ عیاض) - رەحمەتی خوای لێ بێت - کە یەکێکە لە پێشەوایانی تابعین دەفەرمووێ: (نیشانەی کەسی دووڕوو ئەوەیە: بە باسکردنی کەموکورتی یەکێک لە هاوشانەکانی خۆی،خۆشحاڵدەبێت!).

پێنجەم: ڕێگاکانی چارەسەری خۆپەسەندیی:

١-بیرکــردنەوەی لە حەقیقەتــی نەفــس: شــارەزابوون لە نەفســی مــرۆڤ و داخــوازیی و هەڵــپەو جموجــوڵی پێچاوپێچەکــانی دەروون[1]، شــارەزابوون لە حەزو مەیــل و ئــارەزوی دڵ ودەروون، زەروریــیە، پاشــان ســەرنجدان و هــۆش لێبوونی، پارسەنگڕاگرتنی بە کێشی شــەرع زەرورەتێکــی هەمــوو قۆناغەکــانی پەروەردەبوون و بەرەوخواچوونە..

ئەو دڵ و دەروونە، ئەم هزروهۆشــە، ئەم ویــژدان و هەســتە، ئەم کیــانەی مرۆڤ، ئەگەر لایەنی خواناسییەکەی تێدانەبێت، چی لە گڵ و خۆڵ زیاترە؟

هیچ.. چ نرخێکی هەیە؟

کوێی لە کرم و قالۆنچە زیاترە؟!

ئەم بەدەنە بێ ئەم خواویستە چیــیە، کە بە لادادێــت و دەمرێــت، کەس دوای دڵنیــابوون لە مردنــی نایەوێــت ببینێــت ، چ جــای ئەوەی بیشــوات؟.. (مەگەر نابینیت مردووشۆر چەند کەمن؟) .

ئا ئەم جەستەمردووەی بێــزت نایــات لەبەر بــۆگەن بەلایــدا بچیــت، لە کــاتی لەدایکبوونیەوە، تا مردنی، هەر لە ڕەنجی ئەوەدایە پیسیی وپیسایی و بــۆگەن و چڵــک و چەپەڵ لە خــۆی دووربخــاتەوە! ئــاخر بە کــوێی خــۆت سەرســامبویت، خۆپەسەندی داماو؟!

ناسینی نەفس و شارەزابوون لە حەقیقەتی مرۆڤ و ژیان و هۆشلێبوونیان ـ بە یارمەتی خوای گەورە ـ دەبێتە بیرخەرەوەیەکی باش، کە ڕێ لە خۆپەسەندیی دەگرێت، بە تایبەتی کە هەستە ئیماندارێتییەکەی لەگەڵدابێت، کە دەفەرمووێ:

[1] سەید قوتب (رحمەاللە) دەفەرموێت: (إن في النفوس خلجات لایعرفها إلا خالقها).
واتە دڵ و دەروون ،پێچاوپێچی وای تێدایە ،کە هەر خوای کردگاری دەزانێت چۆنە!).

﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ﴾ النحل: ٥٣.

لەهەمان کاتیشدا بەئیزنی خوای گەورە، دەبێتە چارەسەری خۆ پەسەندیی بۆ هەر کەسێکی دیندار کەتووشی بووبێت.

یەکێک لە زانایانی سەلەف خۆپەسەندێکی بینی، وا لە ناو خەڵکییدا وەسف و مەدحی خۆی دەکات، کە تەواوبوو، ڕوویکردە ئەم زاناخواناسەو پرسی: جەنابت دەزانی من کێم؟

فەرمووی: بەڵێ، تۆ دڵۆپەئاوێکی بۆگەن بوویت ، دواتر دەبیتە کەلاکێکی بۆگەن، لەو نێوانەشدا کۆڵێ پیسایی هەڵدەگریت!

٢-زانین و بیرکردنەوە لە حەقیقیەتی ژیانی دنیاو ڕۆژی دوایی: کاتێک دیندار هۆشی لەوە دەبێت، کە دنیاکەی کێڵگەی قیامەتێتی، هەرچی لێرە دەچێنێت، لەوێ هەر ئەو دەدوورێتەوە، کە بیر لەوە دەکاتەوە، کە تەمەنی دنیای هەرچەند دوورو درێژبێت، هەر دەمرێت و، هەر زیندووش دەکرێتەوەو موحاسەبەدەکرێت، کە قەناعەتی تەواوی بەوە دەبێت، کە ژیانی قیامەت نەبڕاوەیەو بەردەوام لە هۆشیدا دەبێت و هەوڵی بۆ دەدات.

حەتمەن ئەم هەست و هۆشە زیندووەی ، بۆ دەبێتە پەرژینی پاراستنی لە خۆپەسەندیی و لە بەخۆسەرسامبوون! حەتمەن هەوڵدەدات خۆی چارەسەربکات، ئەگەر تووشیببوو، چونکە دڵنیایە، ئەگەر زوو چارەسەری نەکات، خراپتردەبێت و هەلی چارەسەریشی کەمتردەبێتەوەو، مردنیش بە دەست کەس نییەو کەسیش ناتوانێت دوایبخات.

٣-بیرکردنەوەو هۆشبوون لە نیعمەتەکانی خوای تاک وپاک: کە ئەم تێیدا نقومبووە، کە ئەوەندە زۆرن لە توانای نەوەیەکی مرۆڤایەتییدانین بیانژمێرن، چونکە هەموویان نازانن چین و چۆن و چەندن و بۆچی وان؟!

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا﴾ إبراهيم: ٣٤.

واتە: ئەگەر نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرن، بۆتان لە هەژمارە نایەت.

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ﴾ لقمان: ٢٠.

واتە: خوای گەورە نیعمەتی دیارو ئاشکراو، نیعمەتی شاراوەو پەنهانی بەسەردا باراندوون.

کاتێک کەسی خواویستی پاک، هۆشی لەم هەموو نیعمەتە دەبێت و دەزانێت، کە لە فەزڵی خوای گەورەوەیەو، ئەم هیچی لە توانادانییە، نەخەلق بکات و نەبیپارێزێت، نە پەیداکات و نە ئاواتەکانی تێدا بهێنێتەدیی، حەتمەن هەست بە لاوازیی و کەمیی و گچکەیی خۆی دەکات و، ئەوەندە بە دەوری خۆیدا تەواف ناکات و، هەر خۆی پێپەسەندبێت، بەتەئکید لە ناخی خۆیدا هەستدەکات، پێویستیی بە خوای زاناو دانایەو دەبێت ڕوو لەو بکات..

ئەویش ڕوو لە کەسێک دەکات، کە سەرڕاستانە ڕووی ،تەنها لەو کردبێت و بەس.. ئەمەش بەپشتیوانی خوای گەورە وای لێدەکات، خۆبەدووربگرێت لە خۆپەسەندیی، ئەگەر تووشیشی بوو، هەوڵی جیدی دەدات بۆ چارەسەرکردنی خۆی.

٤-بیرکردنەوەو هۆشبوون لەمردن: کەسێک هۆشی لای مردن نەمابێت، حەتمەن هەر خەریکی شەڕەپاڵی دنیای دەبێت، کە کەوتە گۆنگەڵی ئەم شەڕە پاڵەشەوە، حەتمەن هەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت وخۆی پێ پەسەندتردەبێت..

کەسێک، کە ساتەوەختێک بە خۆی ناڵێت : ئەرێ مردن هەیە، دێتە ڕێی تۆش، تۆش گۆڕێکی تارو تەنگت دەبێت، جەستەی تۆش کرم و مار دەیخوات، تۆش دەکەویتە بەر ئەشکەنجەی گۆڕو ناڕەحەتییەکانی بەرزەخ..

کەسێک، کە لە ڕۆژێکدا جارێک ئاواخۆی بەهۆش بهێنێتەوە، ئومێدە، کە تووشی خۆپەسەندیی نەبێت، ئەگەر تووشیش بووبوو بۆی ،دەبێتە چارەسەر( ان

شاءالله)، بەڵام ئەمەش لە کەسێکدا دەبێت، کە دڵی زیندوو مابێت و ڕاچەنێت، دەنا کەسێک، کە لە دنیاویستییدا نقومبووەو هۆشی هەر لای خۆیەتی، لا ناکات بەلای ئەم بیرکردنەوەیەوە.

٥-خوێندنی قورئانی پیرۆزو تەفسیرەکەی و سەرنجدان لێی: هۆشخستنەسەر ئاڕاستەکانی قورئان و، تێفکرین لە چارەنووسی خواناسان و خوانەناسان، بێ هەواوفیزو خۆپەسەندان، شوێنکەوتەی پێغەمبەران( علیهم السلام) و شوێنکەوتەی شەیتان..

هەروەها خوێندنی سیرەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)و، کۆبوونەوەی ئەو هەموو سیفەتە تەواوێتییە لەجەنابیدا، لەگەڵ ئەو بێ هەواوفیزییەیدا.. هەروەها یاوەرانی پەروەردەکراوی بەردەستیی.. دیراسەکردنی ئەم سەرچاوانەی پەروەردەو ئاڕاستە _ بەپشتیوانی خوای گەورە _ دەبنەمایەی بەهێزکردنی چوارخاڵەکەی پێشوو، لای موسوڵمان و بۆی دەبنە بەربەستی ڕێی خۆپەسەندیی و دەرمانی چارەسەرکردن لێی.

٦-ئامادەبوونی کۆڕی زانست وخواناسیی: بەتایبەتی کۆڕی ئەو کەسانەی خواویستن و، هۆشیان لە قیامەت نابڕێت، ئەوانەی ئامۆژگاری دڵسوزو بیرخەرەوەی سەرڕاستن، کۆڕی زانست و خواپەرستیی، کۆڕی پاڵفتەی دەروون و ڕەوشتبەرزیی، کۆڕی ئاڕاستەی پارسەنگییان کراوەو چڕوپڕە..

ئەم کۆڕ و ئەم زاناخواویستانە، یارمەتیدەری سەرەکی ڕێی خۆپاراستنن لە نەخۆشیەکانی دینداریی.. مەیدانی بژاری دەروونن، بۆ کەسێک خۆشی بیەوێت خۆپاڵفتەبکات.. بۆ کەسێک، کە خۆبەدووربگرێت لە خۆپەسەندیی، یان بۆ چارەسەری خۆپەسەندیی بگەڕێت.. (بێگومان گوێگرتن لەو دەرسانەی تۆمارکراون و پەخشن کاریگەرییان دەبێت( ان شاءالله)، چونکە لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا، مرۆڤ دەستی ناگاتە زانایانی خواویست و کۆڕەکانیان).

٧-سەرنجدانە حاڵی نەخۆش و کەمئەندامان: بیرکردنەوەی ساتێک لە بزاوت و سرەوتیان و، بەراوردکردنی بە بزاوت و سرەوتی خۆت.. ئەسڵەن قابیلی بەراووردنین..

سەیری لەشی ساغی خۆت بکەو، سەیری کەسێکی نەخۆشکە، سەیری پیرێک، کەسێک کەچاوێکی نیە، کەسێکیتر، کە کەمدەبیستێت.. هتد، بیر لەو کەسە بکەرەوە، کە لەبەر دەستتدایەو دەمرێت، کە تەرمەکەی دەشۆیت، کە کفنی دەکەیت، کەدەیبەیتە گۆڕستان.. جارجارە بچۆرە سەر گۆڕستان و حاڵی دانیشتوانەکەی بە حاڵی دانیشتوانی سەرەوە بەراووردبکە.

ئەمانیش وەکو ئێمە بوون، دەهاتن و دەچوون، هەلی ژیانیان لەبەردەستدابوو، کێڵگەی قیامەتیان لەبەردەستدابوو، ئێستا هیچیان لەبەر دەستدا نەماوە، هەیانەو نیانە ئەوەیە، کە لە ژیاندا ئەنجامیانداوە! ئەمانە کاریگەرییان لەسەر دیدو هەڵوێستی موسوڵمان دەبێت ، یارمەتی پارسەنگکردنی دەدەن، لە خۆپەسەندیی و دنیاویستیی دەیگرنەوە، لە زۆر نەخۆشی دینداریی دەیپارێزن، لە دڵەڕاوکێ و پشێویی دەروونیش دەیپارێزن.

٨-بیرخستنەوەی دایکان و باوکان لە خۆبەدوورگرتن لە خۆپەسەندیی: ئەوە ئەرکی ئیسلامی هەر یەکێکمانە، فەرزە لەسەرمان ئامۆژگاریی یەکتریی بکەین، تاخۆمان لەخۆپەسەندیی بەدووربگرین، بەڵام لێرەدا بیرخستنەوەی دایکان و باوکانم، کردووە بە خاڵێکی سەربەخۆی چارەسەری خۆپەسەندیی، چونکە ئەگەر ئەوان خۆیان لێپاراست، منداڵەکانیان زۆر بەلایدا ناچن.

ئەگەر دایک وباوک بوون بە نموونەی شیاوی پێشەوایەتی، منداڵەکانیان ئیقتیدایان پێدەکەن و ئەوانیش هەوڵدەدەن وا دەربچن، ئەگەر پێشتر خۆپەسەندبووبن و منداڵەکان زانیبێتیان، دەبێت پێیان بڵێن و ، بە کردەوەش بۆیان بسەلمێنن، کە ئەوە هەڵەبووەو ئێستا وا نەماون، چونکە خۆپەسەندیی لەگەڵ خواویستیدا یەکناگرنەوە.

٩-دوورکەوتـــنەوەو بیرخســـتنەوەی خۆپەســـەندان: کەســـێک تووشـــی خۆپەســـەندیی بووبێــت، بە دڵنیــاییەوە دەبێــت لەبــارودۆخی خۆپەســـەندیی و نکۆڕوندیــداری خۆپەســەندان خۆدابڕێــت ونتوخنیاننەکەوێــت. بەرامــبەر ئەوە پێویستە بچێتە کەشی خواناسیی و کۆرو دیــداریی خواویســتانەوە، تــا ببینێــت چۆن کەسانێک کە لەم چاکترو زیرەکترو بەتواناترو دەرکەوتووترن و هیچ سیماو سیفەتێکی خۆپەسەندییان پێوە دیار نییە.

ئەمە حەتمەن وای لێدەکات، کە بە خۆی بڵێت: ئەدی بۆچی من خۆپەسەندم؟ ئەوەش وای لێدەکات هەوڵی چارەسـەری خـۆی بـدات.. ئەرکـی کۆمەڵکـاریش ئەوەیە: خۆپەسەندان چارەسەربکات، ئەگەر هەر نەکرا ،نەهێڵێت دەربکەون، یان کەنارگیریان بکات، ئەگەر هەرنا، لە کۆمەڵکارییەکە دووریانبخاتەوە.

١٠-ڕەچاوکردنی ئادابی ئیسلامی لە وەسـفکردن و مەدحکردنـدا: هەروەهـا لە دەربڕینی ڕێزو تەقدیرو گوێڕایەڵیی و ملکەچیی فەرماندا، لەگەڵ تەمبێکـردن و سەرزەنشتکردنی ئەو کەسانەی، بەم ئادابانەوە پابەندنابن.

ئەمە سازاندانی کەشـی پـاکی دینـدارییەکە، کە بـواری خۆپەسـەندیی زۆر تێدانابێت، جگە لەوەی کەشی چارەسەری خۆپەسەندییە (والحمدلله).

١١-نەخستنەپێشـــی پێنەگەیشـــتوان: ئەوە لە ســـوودی تـــاک وکـــۆی کۆمەڵکارییەکەی، قەیـدی چیـیە، بـا کەسێک لە خسـتنەپێش و دەرکەوتـن و سەرکەوتنی ئاستی ڕێکخستن، ماوەیەکیتر دوابخرێت، مادام لە دواخستنەکەیدا مەنهەجی پەروەردەکردنی تەواودەکات و، پایەنـدتر دەبێـت و زیـاتر لە شـەیتان یــاخیی دەبێــت و خۆدەگرێــت.. ئەگەر خۆپەسەندییشـی تێـدا مــابوو، ئومێـدی چارەسەرکردنی زیاتر دەبێت.

١٢-هەڵبژاردنـــی دەرس لە ســـییرەی ســـەلەف: ئەمە زۆر گـــرنگە، چـــونکە موسوڵمان بەخۆی دەڵێت: باشە ئەوان بۆچی توانیـان وا دینـداریی بـکەن و، مـن نەتوانم؟!

خۆ ئەوانیش وەکو من مرۆڤ بوون، خۆ فریشتەنەبوون!

بەڵام ئەوان عەقیدەیان دامەزراوترو خواپەرستیان ڕاستترو، ڕەوشتیان بەرزترو دڵ و دەروونیان پاکتربوو.. ئەوان بەهیمەتتربوون، ئەوان ئەم نەخۆشیانەیان دەناسی، یەکسەر خۆیان لێ بەدووردەگرت، دەچوونە کۆڕی خواناسانیتریان..

ئەم دەرسانە بە ئیزنی خوا، یارمەتیدەردەبن لە دوورخستنەوەی خۆپەسەندیی لە کۆمەڵکاران و، لە چارەسەرکردنی تووشبواندا.

١٣-خۆهاندان لەسەربێ هەواوفیزیی: بەوەی خۆناچارکات هەڵوێستی وا بگرێتەبەر، کە نەفسی خۆی تێدا بشکێنێت و بیهێنێتەوە ریزی خەڵکی، خەڵکی عەوام و سادە، وەکو ئەوەی بکەوێتە خزمەتکردنی قوتابیەکانی، خواردنێک سازبکات و بیهێنێتە سەر سفرەی ئەو برایانەی کۆمەڵکارییەکەی ،کە لە خوار خۆیەوەن، یان خۆی بچێتە بازاڕی سەوزە فرۆشان و شت بکرێت بۆ ماڵەوە، یان بۆ هاوڕێیانی، خۆی شتەکانی خۆی هەڵبگرێت، نەک بۆی هەڵبگرن، سەدان بزاوت و هەڵوێستیتری هاوشێوە هەیە، کە لەکات و شوێنی خۆیاندا دەنوسرێن.

-(طاریقی کوڕی شیهاب) - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە: (لَـمَّا قَدِمَ عُمَرُ الشَّامَ عَرَضَتْ لَهُ مَخَاضَةٌ ، فَنَزَلَ عُمَرُ عَنْ بَعِيرِهِ وَنَزَعَ خُفَّيْهِ، أَوْ قَالَ: مُوقَيْهِ، ثُمَّ أَخَذَ بِخِطَامِ رَاحِلَتِهِ وَخَاضَ الْمَخَاضَةَ، فَقَالَ لَهُ أَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ: لَقَدْ فَعَلْتَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فِعْلًا عَظِيمًا عِنْدَ أَهْلِ الأَرْضِ، نَزَعْتَ خُفَّيْكَ، وَقَدَّمْتَ رَاحِلَتَكَ، وَخُضْتَ الْمَخَاضَةَ، قَالَ: فَصَكَّ عُمَرُ بِيَدِهِ فِي صَدْرِ أَبِي عُبَيْدَةَ، فَقَالَ: أَوَّهْ ، لَوْ غَيْرُكَ يَقُولُهَا يَا أَبَا عُبَيْدَةَ، أَنْتُمْ كُنْتُمْ أَقَلَّ النَّاسِ، وَأَذَلَّ النَّاسِ، فَأَعَزَّكُمُ اللَّهُ بِالإِسْلامِ، فَمَهْمَا تَطْلُبُوا الْعِزَّةَ بِغَيْرِهِ يُذِلَّكُمُ اللَّهُ تَعَالَى)[1]

[1] بەیهیقی لە: (شعب الإیمان/ ٨١٩٦)، ئیبنوئەبی شەیبە لە: (المصنف/ ٣٣٨٤٧)، حاکم لە: (المستدرک/٤٤١٨)و دەفەرموێ: بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمە، ئیمامی ذەهەبیش ←

واتە: کاتێک سەیدنا (عومەر) - خوا لێی رازی بێت- تەشریفی برد بۆ (شام)، لە ڕێ گەیشتنە ڕووبارێک، لە سواری حوشترەکەی دابەزی و خوففەکانی داکەندو ،خۆی هەڵکردو چووە ئاوەکەوەو حوشرەکەشی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا (عادەتەن لەو حاڵەتەدا خەڵک سورای گوێدرێژێکیش دەبێت، تا بپەڕێتەوە پێ و خۆی تەڕنەکات).

سەیدنا (ئەبوعوبەیدە عامر کوڕی جەڕڕاح) - خوا لێی رازی بێت _کە فەرماندەی لەشکری شام بوو_ پێیی فەرموو : ئەمڕۆ کارێکی زۆر مەزنت نیشاندا، کە خەڵکی سەرزەوی دەگمەنە شتێکی وایان دیبێت!

خوففەکانت داکەندو حوشترکەتت بەدوای خۆتدا ڕاکێشایە ئاوەکەوەو خۆت پیادە پەڕیتەوە..

سەیدنا عومەر مشتێکی بە سنگی سەیدنا ئەبوعوبەیدەدا کێشاو فەرمووی: ئای ئەبوعوبەیدە، دەبا یەکێکیتر وای بووتبا! (هەڕەشەیە واتە: دەتزانی چیم لێدەکرد).

ئێوە کەمترین کەس بوون، زەلیلترین کەس و سووک و ڕسواترین کەس بوون، خوای گەورە بە ئیسلام کردنی بەسەروەرو خاوەن دەسەڵات، سەروەریی لەهەر ڕێگەیەکی ترو لەغەیری ئیسلامدا بخوازن، خوای گەورە زەلیلتان دەکات.

-لەریوایەتێکیتردا هاتووە: کە گەیشتە شام، خەڵکی هاتبوونە پێشوازی، جەنابیشی بە سواری حوشترێکەوە بوو، عەرزیانکرد: واچاکترە سواری ئەسپێکی نایاب ببیت، چونکە گەورەو پیاوماقوڵانی خەڵکی، هەموو هاتوونەتە پێشوازییەکە.

---

وایفەرمووەو ئەلبانی رحمەاللە فەرموویەتی: وایە کە فەرموویانە. ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح الترغیب والترهیب/٢٨٩٤ )دا دەفەرموێ: سەحیحە.

سەیدنا عومەر -خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: بڕۆن، لاچن لەبەرچاوم، نەتانبینمەوە، هەموو شتێک لەوێوە – ئاماژەی بۆ ئاسمانکرد – بڕیاری لەسەردراوە، ڕێی حوشترەکەم بەربدەن، با بروات[1].

١٤-هاوکارییکردنی خۆپەسەند لە چارەسەرکردنیدا: ئەمەش پێویستە، هەر وەکو کەسێکی نەخۆش، یارمەتیدانی ئەوانیتر بۆی زەرورەتە، پێویستە دەوروبەرو دڵسوزان بێنەلای و ئامۆژگاریی بکەن و، لەسەر چارەسەرکردنی خۆپەسەندیی ڕای بهێنن.

١٥-موحاسەبەکردنی نەفس سات بە سات: ئەمە هۆشلێبوونە، ئاگاداربوون و پاسەوانێتیە، چاودێریی و سەرپەرشتیکردنە، کە دەبێت بەردەوام لە خەمی چارەسەری خۆپەسەندییەکەیدا بێت، لێی غافڵ نەبێت، بە تایبەتی لە سەرەتای تووشبووندا، کە هێشتا نەخۆشییەکەی لێ سەخت نەبووەو چارەسەری ئاسانترە.

١٦-بیرکردنەوە لە چارەنووسی خۆپەسەندیی: ئەوە بهێنێتە پێشچاوی خۆی، کە ئەگەر هەر وا خۆپەسەند ژیاو مرد، چ چارەنووسێکی ڕەشی دەبێت، چەند داماوو ڕەنجەڕۆدەبێت، چ زیانێکی لێدەکەوێت، هۆشبوون لە چارەنووس و سزای خۆپەسەندیی _ والله اعلم _ چارەسەرێکی کارێگەرە بۆ تووشنەبوون و بۆ چارەسەریشی.

١٧-هانابۆخوابردن: داوای یارمەتیکردن لە خوای گەورەو، چوونەکەناری ئەو ، پاڕانەوەو لاڵانەوەو داواکردنی مەدەد لە خوای گەورە.. تا دەستی بگرێت و لەو نەخۆشییەی دینداریێتییەکەی پاکیبکاتەوەو هیدایەتی بدات، تا ڕێی خواویستانی پاک وچاک بگرێتەبەر..

هەر چەند لە خوای گەورە بپاڕێینەوە کەمە، چونکە پاڕانەوە خواپەرستییەو

[1] ئیبنوقودامە: مختصر منهاج القاصدين (ل ٢٦٠_٢٦١).

فەرزە، پاڕانەوەمان پێویستە ،چونکە موحتاجین.. بەسەر نەفسی خۆشماندا بێ مەدەدی خوای گەورە زاڵ نابین.

نابینیت چۆن خوای کارزان، بە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی (صلی الله علیه وسلم)دەفەرمووێ: ﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾ النحل: ١٢٧.

واتە: خۆڕابگرەو بەئارامبە، سەبرت ببێت، بەڵام خۆڕاگریی و بەئارامیی و سەبرگرتنەکەشت، هەر بەخوای گەورەیەو لەوەوەیە.

١٨-دڵنیابوون لە بەرپرسێتی خۆت لە خۆت: بەرپرسێتیی قیامەتت لەسەر خۆتە، ناشێت وابزانیت مادام کوڕی پیاوچاکێکیت بەسە! مادام داعیەکی ناوداریت بەسە! مادام لە کۆمەڵکاریدایت بەسە! مادام موجاهیدیت بەسە!

نا، نەخێر ، خۆت بەرپرسی نییەتی پاکی خواویستیی و ڕەفتار (گوفتاروکردار) وبڕیار و بزاوت و هەڵوێستی خۆتیت، کە دەبێت شەرعیی بن.. ئەم خاڵە، ئەگەر بەڕاستی لە ناخدا چەسپی – ان شاء الله – دەبێتە پەرژین و دیندار لە خۆپەسەندیی دەپارێزێت.

# ناوەرۆك

**ڕیابازیی (الرياء أو السمعة): ........................................ ١١**

یەکەم: واتای ڕیابازیی : .................................................. ١١

دووەم: هۆی ڕیابازیی و حەزی وه سف و سەنا: ...................................... ١٥

سێیەم: سیما و نیشانەی ڕیابازیی: ............................................ ٢٦

چوارەم: ئاسەواری ڕیابازیی: ................................................ ٢٨

پێنجەم: چارەسەری ڕیابازیی ................................................ ٥٠

**گیانی کوێخایەتیی یان (میرخوازیی) ........................................ ٥٧**

یەکەم: واتای (التَّطَلُّعُ الى الصَّدَارةِ وطَلَبُ الرِّيادَة) گیانی کوێخایەتیی: .............. ٥٧

دووەم: گیانی کوێخایەتیی لەتەرازوی ئیسلامدا: ........................................ ٥٨

سێیەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی گیانی کوێخایەتیی: ........................................ ٦٣

چوارەم: ئاسەواری گیانی کوێخایەتیی ............................................ ٧٢

پێنجەم: چارەسەریی گیانی کوێخایەتیی ومیرخوازێتی: ................................ ٨٠

**سستیی و لێچوونەوە (الفتور) ................................................ ٩١**

یەکەم: واتای سستیی و لێچوونەوە ................................................ ٩١

دووەم: هۆیەکانی سستبوون: ...................................................... ٩٢

سێیەم: کاریگەریی سلبی و دژواری سستیی و لێچوونەوە: ................................ ١١٩

چوارەم: کاریگەریی سلبی سستیی و لێچوونەوە لەسەر کۆمەڵکاریی ئیسلامی: .......... ١٢٢

پێنجەم: چارەسەری سستیی و لێچوونەوە: ............................................ ١٢٤

**بەدگومانیی (سوء الظن): ........................................ ١٤٥**

یەکەم : واتای بەدگومانیی ........................................ ١٤٥

دووەم: دیاردەو نیشانەکانی بەدگومانیی و حوکمی ئیسلام بەرامبەریان: ................... ١٥١

سێیەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی بەدگومانیی ........................................ ١٦٣

چوارەم: ئاسەواری بەدگومانیی........................................ ١٨٣

پێنجەم:چارەسەری بەدگومانیی........................................ ١٩٧

**کورتبینیی (قصر النظر) ........................................ ٢٠٧**

یەکەم: واتای کورتبینیی (قصر النظر):........................................ ٢٠٧

دووەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی کورتبینیی: ........................................ ٢٠٩

سێیەم: نیشانەکانی کورتبینیی:........................................ ٢١٧

چوارەم:ئاسەوارەکانی کورتبینیی: ........................................ ٢٢٠

پێنجەم:چارەسەری کورتبینیی: ........................................ ٢٢٩

**گۆشەگیریی تاکڕەویی (العزلة): ........................................ ٢٤٥**

یەکەم: واتای گۆشەگیریی (العزلة): ........................................ ٢٤٥

دووەم: هۆکارەکانی گۆشەگیریی و تاکڕەویی: ........................................ ٢٤٦

سێیەم : ئاسەواری گۆشە گیریی و تاکڕەویی: ........................................ ٢٧٤

چوارەم: خۆ پاراستن و چارەسەری گۆشەگیریی و تاکڕەویی: ........................ ٢٩٤

**زێدە ڕۆیی (الاسراف) ........................................ ٣٠٥**

یەکەم : واتای زێدەڕۆیی(الاسراف): ........................................ ٣٠٥

دووەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی زێدەڕۆیی: ........................................ ٣٠٥

سێیەم: ئاسەواری زێدەڕۆیی: ........................................ ٣١٧

چوارەم : ڕێگای چارەسەری زێدەڕۆیی: ................................ ٣٢٦

**شلگیریی ضعف أو تلاشي الالتزام ............................. ٣٣٩**

یەکەم: واتای دیندایی عەوامانە: ........................................ ٣٣٩

دووەم: نیشانە و رواڵەتەکانی شلگیریی: ................................ ٣٤١

سێیەم: هۆکارەکانی شلگیریی: ........................................ ٣٤٢

چوارەم: ئاسەوارەکانی شلگیریی: ........................................ ٣٧٠

پێنجەم: چارەسەری شلگیریی: ........................................ ٣٧٥

**خۆپەسەندی بەخۆسەرسامبوون (الإعجاب بالنفس) ...................... ٣٩٣**

یەکەم: واتای خۆپەسەندیی: ........................................ ٣٩٣

دووەم : هۆکارەکانی خۆپەسەندیی: ................................ ٣٩٥

سێیەم: ئاسەوارەکانی خۆپەسەندیی: ................................ ٤١٠

چوارەم: نیشانەکانی خۆپەسەندیی: ................................ ٤١٨

ناوەرۆك............................................................ ٤٢٩